**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠

**١٩٩٣ ـ بەرگی دەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

له بڵاوكراوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵەكان ١٩٩٣- بەرگی دەیەم

چاپی یەكەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێرست :


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٥ ـــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٦ ـــــ ل٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٧ ـــــ ل٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/٢٣ ـــــ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/٣٠ ـــــ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١ ـــــ ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٥ ـــــ ل١٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٧ ـــــ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٢ ـــــ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٣ ـــــ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٤ ـــــ ل٢٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٥ ـــــ ل٢٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠ ـــــ ل٢٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢١ ـــــ ل٢٩٣



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/١١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/١١/١٩٩٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٥/١١/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە «١٤»ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پاڵاوتنی بەڕێز بطرس سخریا بۆ ئەندامیەتی لە لیژنەی پەروەردە لەجیاتی بەڕێز ئەکرەم عاشور، لەلایەن لیستی مۆرەوە.***

***٢- پاڵاوتنی بەڕێز ئەکرەم عاشور بۆ ئەندامیەتی لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوەو گەشە پێدان، لەلایەن لیستی مۆرەوە.***

***٣- بەرچاو خستن وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای (تعریفەی گومرگی).***

***٤- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، هەموولایەک بەخێربێن بۆ دانیشتنی ئەم هەفتەیەمان، هیوادارم ئەو چەند ڕۆژەی کە هەریەک لەئێوە لە جێگاو ڕێگای خۆی بووە، سوود بەخش بوو بێت و بەشتی باشەوە گەڕابنەوە بۆ پەرلەمان.

بەرنامەی ئەمڕۆمان ئەم خاڵانەیە:

خاڵی یەکەم: لەلایەن برایانی لیستی مۆرەوە پێشنیار کراوە کە کاک بطرس لەجیاتی بەڕێز ئەکرەم عاشوور ببێتە ئەندامی لیژنەی پەروەردە، دووەم کاک ئەکەرەم عاشور بۆ لیژنەی ئاوەدان کردنەوە وگەشە پێدان، پاڵێوراوە. خاڵی سێ یەمیش کاک بطرس دیسان پاڵێوراوە بۆ لیژنەی دارایی وئابووری، و تەعریفەی گومرگیمان هەیە بۆ جێبە جێ کردنی گومرگ، ئەمانە خاڵەکانی بەرنامەی ئەمڕۆمانن، تازە بابەتیش ئەگەر شتێکی کت و پڕ هەبێت، با فراکسیۆنەکان پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو شتەی کەمن باسی دەکەم کت و پڕ نییە، جانازانم باسی بکەم یان نا ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسی بکە بابزانین چۆن دەبێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو مەسەلانەی کە ئێمە ئەمانەوێت باسی بکەین بەڕاستی ئەوەندە تازە بابەتمان لەکاتی خۆیا باس کردووە ئێستا هەموویان بوون بەکۆنە بابەت، وەکو هەمووجارێک من ئەڵێم بەشی زۆری ئەو مەسەلانە بەستراونەتەوە بەحکومەتەوە، جا ئەگەر نوێنەرانی حکومەتی کوردستان لێرە نەبن باس کردنی ئەو شتانە ئەوەندە سوودی نییە، هەڵی دەگرین بۆ کۆبوونەوەیەک کەوا وەزیرەکان لێرە ئامادە بن بۆ ئەوەی هەر یەکە بەبێ ئەو پرسیارانەی کە کراوە قسەیان لەگەڵا بکرێ، ئەوەی کە ئێستا وەکو تازە بابەت ئەم ویست باسی بکەم پێشنیارێکە لەبابەت کارو باری ناو پەرلەمان خۆیەوە، ئینجا حەز دەکەم کەوا کاک ئەیاد حاجی نامق ئەو مەسەلەیە پێشکەش بکات بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانی بۆ تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە بابەتەکەی من کتوپڕە، زاخۆ نزیکەی هەفتەیەک یان زیاترە کێشەی ئاویان هەیە، ئەو ماتۆڕانەی کە ئاوی زاخۆیان دابین دەکرد هەموو سوتاون ولەکار کەوتوون وهەفتەیەکە بێ ئاون، حەز دەکەم ئەگەر باش گوێ لەدکتۆر رزگار ومەلامحمود دێرشەوی بگرن بۆ ئەوەی ئەو باسەتان بۆیکەن، بەڵکو هەوڵ دەدرێت چ لەرێگای حکومەتەوە یان لەرێگای (NGO) وە بتوانرێ کارێکیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر کاک ئەیاد ئەم خاڵەمان بۆ روون بکاتەوە چی یە ؟ پێش ئەوەی کە بیخەینە بەرنامەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تازە بابەتەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز ئاماژەی بۆکرد خۆی پێشنیارەکە بەو شێوەیە، دانیشتنێکی تایبەت بەبارودۆخی ناو پەرلەمان، پێداویستیەکانی کاری لیژنەکان و پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت، ئالیەتی ئەو پێوەندی یە، تەگەرە و شتە ایجابی یەکان، واتا بارودۆخی تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتیی، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو پێشنیارە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی باس بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین چۆن خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، ئەو کاتە ئەگەر پێویست بوو ئەوە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دەکەین، حەز دەکەی ئەمڕۆ پاش ئەم دانیشتنە، یاخود سبەی ئەگەر جەنابت راسپاردراوی یان کاک د.کەمال خۆی، بەیەکەوە دانیشین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوبارەیەوە، ئێمە ئەو خاڵانەی کەوا بەپێویستی ئەزانین ئەیخەینە سەر کاغەز بۆ ئەو کۆبوونەوە تایبەتیەی کە ئێوە باستان کرد تا لەوێ باس بکرێت، جا لەوانەیە زیاد وکەم بخرێتە سەر ئەو بەرنامەیە، ئەوکاتە ئەیخەینە بەردەمی کۆبوونەوەیەکی داخراوی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرباشە، ئەوکاتە باشتر ئەبێت لێی بکۆڵینەوە، مانای وایە ئەم خاڵە دوا دەخەین، مەسەلەی کێشەی ئاوی زاخۆ ئێستا باس بکەین، حەز دەکەی کورتەیەک با کاک د.قاسم باسی بکات بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر بیخەینە (بەرنامەی) ئەمڕۆوە یاخود داوا بکەین کار بە دەستانی حکومەتیش ئەوەی کەپەیوەندیدارە بە بابەتەکەوە ئامادە بێت، یا با کاک د.قاسم وێنەیەکمان بخاتە بەرچاو، ئەگەر زەحمەت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی ئێوە دەکەم، چونکە ئێوە گرنگیتان بە بابەتەکەدا، خەڵکی زاخۆ وبەتایبەتی خەڵکی دەڤەرا دهۆکی وەکو جەنابتان ئاگادارن هەر لە ٨/٥ تاکو ئێستا کارەبایان نییە ولەتاریکی دا دەژین، لەوکاتەوە ناوچەی زاخۆ کە ژمارەی دانیشتوانی (١٠١) هەزار کەسن، ئاویشی نەما، چونکە ماتۆڕەکانیان لەکار کەوتوون، لەبەر ئەوە نزیکەی (١٠) رۆژە بێ ئاون و ئاویش لەروباری خابور دەخۆنەوە و بەکاری دێنن، ئاوەکەش پاک نییە، لەبەر ئەوە زۆر نەخۆشی بڵاوبۆتەوە ونەخۆشخانەی زاخۆ گەواهی ئەمە دەدا، بۆیە ئێمەش پێشنیار دەکەین ئەم بابەتە ئیمرۆ بێتە باس کردن وهەوڵ بدەین هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دا بکەین، بەڵکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا دوو شت هەنە، ئەگەر ئێستاکە وەکۆ گوتم گفتوگۆیان لەسەر بکەین، جەنابی وەزیری دارایی وئابووریش لێرەیە بەشکی پەیوەندی بە ویشەوە هەیە وبەشەکەی تریشی پەیوەندی بە شارەوانییەکانەوە هەیە، ئاو و کارەبا ئاشکرایە پەیوەندی بەچییەوە هەیە، وەزیری پیشەسازیش هەر لێرەیە، خراپ نییە ئەویش ئاگاداری هەندێ لەمەسەلەکان بێ. بەڵام ئەگەر ئەم تازە بابەتە

دوا بخەین بۆ سبەی و، پەیوەندی بکەین بە وەزیری شارەوانیەکان و بە وەزیری پیشەسازیشەوە ئەوە باشتر با ئەوانیش ئامادە بن هەر یەکە لەبواری خوی دا. بەلام با ئیستا بچینە سەر خالی یەکەم کە ئیلغا کردنی ئەندامەیەتی کاک ئەکرم عاشورە لە لیژنەی پەروەردە بۆ دامەزراندنی، یاخود چوون بۆ لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، پیشەکی ئەبیت بیخەینە دەنگ دانەوە کە لەلیژنەی پەروەردە نەمێنێ، بۆ ئەوەی بچێتە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە وە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە کاک ئەکرەم عاشور لە لیژنەی پەروەردە نەمێنێ؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە... «بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا».

کێ لەگەڵ ئەوەیە کاک ئەکرەم عاشور لە لیژنەی (ئاوەدان کردنەوە) دابندرێت؟ سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە... «بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا».

کێ لەگەڵ ئەوەیە کاک بطرس ببێت بە ئەندامی لیژنەی پەروەردە؟ سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە... «بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا».

کێ لەگەڵ ئەوەیە کاک بطرس ببێت بە ئەندامی لیژنەی دارایی وئابووری؟ دەست بەرز کرایەوە سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە؟.. سوپاستان دەکەین ... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

پیرۆز بایی لەهەردوو برادەران دەکەین وداوای سەرکەوتینان بۆ ئەکەین، دێینەوە سەر باسی تەعریفەی گومرگی یاسای جێ بەجێ کردنی گومرگ یان باجی گومرگی، جا ئەگەر ئەو دوو برادەری لیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووری یەکێکیان کەرەم کەن، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر ئەو دانیشتنە نهێنی بێت رەنگە باشتربێت، چونکە هەندێ پرسیارو سۆراغ لەسەر (مبالغ وکمیات) وشتی لەم بابەتەو وناوی هەندێ شت دێتە پێشەوە کە باش نییە بلاو بکرێتەوە، جا ئەوە بڕیار بۆ ئێوەی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆزگە ئەوە پێش راگەیاندنی دانیشتنەکە ئەو پێشنیارەتان بکردایە بۆ ئەوەی بمانخستایەروو، دووەمیش وابزانم ئەو (تعریفەی گومرگی)یە رادەگەیەندرێت.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە گفتوگۆ کردنەکەیەتی، ئەگینا وەک یاسا گفتوگۆ کردنی یاساکە ئەوە شتێکی ئاشکرایە وبلاوئەبێتەوە، بەلام کەدێتە سەر مادەکان ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەو شتانە بکرێت، هەندێک مەسەلە دێتە پێشەوە پێویستی بەوە هەیە کەباس کردنەکە تایبەتی بێت، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

ئەمڕۆش پێی ڕاناگەین خشتەکە تەواوکەین دانیشتنێکی تر تەواوی دەکەین، جا ئەگەر ئامادەن با لیژنەی یاسا کەرەم بکات.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحـــمــد نەقـشـبـەندیی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم شعب

رقم القرار:

تاريخ القرار:

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٣/١٢/١٩٩٣اصدار مايلي:

قانون رقم (٢١) لسنة/١٩٩٣

«قانون التعريفة الگمرگية لاقليم كوردستان العراق»

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

١- الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

٢- الوزارة: وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.

٣- الوزير: وزير المالية والاقتصاد للاقليم.

٤- التعريفة الگمرگية: المبالغ المسجلة بالجداول المتضمنة بمسميات البضائع ومعدلات الرسوم الگمرگية الخاضعة لها والقواعد والملاحظات الواردة منه للبضائع التي تدخل او تخرج من الاقليم.

٥- نوع البضاعة: البضائع المسمات في الجداول التعرفة الگمرگية المرتبطة بهذا القانون.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (١)؟ ئەگەر نییە،کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (١) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ مادە (١) وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحـــمــد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

المادة الثانية: نستوفى الرسوم الصادر والوارد الگمرگية حسب المقادير المنصوص عليها في الجداول الملحقة بهذا القانون، سوپاس.

**بەڕێــز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن:**

چ تێبینی هەیە، لەسەر مادە (٢)؟ دیارە بەڕێزان مەلاتاهیر وکاک بەختیار تێبینیان هەیە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی دووەمدا وشەی (الملحقە) هاتووەو لە مادەی یەکەم بڕگەی پێنجەمیش وشەی (المرتبطە) هاتووە، جا پێم وایە یەک بخرێن باشترە وبکرێ بە (الملحقە)، چونکە ئەم وشەی دوایی ڕەوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (٢) (ملحق)یە، (مرتبطە) نییە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەن پێنجەم (نوع البضائع المسمسات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەواو بوو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم (ملحقة) ڕەوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا دەنگمان لەسەر مادە (١)دا ئەمە مادەی (٢)ە، مادەیەک کەوتە دەنگ دانەوە ئینجا ئەگەر چ تێبینییەک هەبوو لەلانی دارشتنەوە، ئەوە گرفتێکی گەورە نییە.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی گرفتەکە لەخوێندنەوەی دووەم دا دروست بوو، لەڕاستی دا ئەم خشتەیە (ملحقە) بەم یاسایەوە، نەک (مرتبطە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەک گوتمان با لیژنەی یاسا دایبرێژنەوە، گرفت نییە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەک تێبینیم هەیە ئەویش ئەگەر بێتو ئێستا دەنگ لەسەر ئەم مادەیە بدەین دوایی لەخشتەکان ناتوانین دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگ لەسەر ماددەکە دەدەین خشتەکە کە خۆشی دێ، شیاوی گفتوگۆ ودەنگ لەسەر دان دەبێت.

ماده «٢» کێ لەگەڵ ئەوەیە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەک خۆی مایەوە.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــەد نەقــشــبــەندیی:**

المادة الثالثة:

تبقى نافذة المفعول القيود والموانع المفروضة على بعض المستوردات او الصادرات بمقتضى قرارات المجلس الوطني لاقليم كوردستان او الصادرة عن مجلس وزراء الاقليم، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادە (٣)؟ تەنها کاک د.قاسم تێبینی هەیە، دیارە بەڕێز وەزیری داراییش تێبینی هەیە، با کاک د.قاسم تێبینییەکەی خۆی بڵێ، پاشان جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

هەر چەند لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی باسمان کرد، بەڵام لێرە من زۆر بەبەرژەوەندی دەبینم (تبقى نافذة المفعول القيود والموانع) دەبێ جارێکی تر پێدا چوونەوەیەک بکرێ، چونکە زۆر شت لەبەرژەوەندا نەماوە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێــز حـــســـــەن عـــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

ئەوەی بەڕێز د.رزگار دەڵێت کە ( تبقى نافذة المفعول القيود والموانع) پێدا چوونەوەیەکی بکەین ئەوجا دای بنێین، واتا ئێمە ئێستا ئەگەر لێرەش دای بنێین هەر دەتوانین پێیدا بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

زیاتر لەوەی کەبەڕێز سەید حەسەن فەرمووی ئەگەر (ذکر) نەکرێن، ئەمە وەک بڵێین ئەو (قیود وموانع)انە نەماون یان نەمێنن، چونکە ماددەیەکی لەدوای یەکەی تێیدایە دەڵێ (یلغى ما یتعارض مع احکام هذا القانون) مانای وایە ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی وئەنجوومەنی وەزیران داویانن هەمووی هەڵدەوشێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێــز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

لەڕاستی یا منیش ئەمویست ئەمە بڵێم کە د.رزگار گوتی، چونکە ئێمە هەندێک تێڕوانینمان پەیدا کردووە پاش تاقی کردنەوەی ئەو (٥ ـ ٦) مانگی پێشووە، هەندێک لەو بڕیارانەی کە ئەنجوومەنی بەڕێز داویەتی ئێستا کاتی چاو پیاخشانەوەیکی هاتووە، مەرج نییە کامەلا ئەبرێت، کامەلا نابرێت، کامە جێگیر ئەبێت، ئەوە من باسی ئەوە ناکەم، بەڵام پێویستی بەچاو پێدا

خشانەوەیەک هەیە، جا لەبەر ئەوە ئەم دەقە یاساییە کەتۆ بە یاسا دیاریت کردووە ئەو بەرهەڵستیانەی کە پێشتر دانراون هەروەکو خۆیان ئەمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین یاساناسەکان چی دەڵێن؟ کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی دیسان دووبارە دەبێتەوە، بابەتەکە (تحصيل حاصله)، چونکە قانونە کە لای ئێمە دەرهێندراوە هەر کاتێک ئێمە دەتوانین چاوی پێدا بخشێنینەوە بەڕێزی دەتوانێ دەربارەی ئەو بریارانەی کەدەرچووە لەپەرلەمان پاشی یاسای (تعریفەی گومرگی) ئەوەی بەماقوولی نازانی یان ناگونجێن لەگەڵ باردۆخی دا ئەوە وەکو پرۆژەیەک دەتوانێ پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات وبدرێتە پەرلەمان ولێی بکۆڵدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لەمادە (٤) ی پرۆژەی وەزارەت کە پێشکەشی کردووە هەمان مادە هاتووە، ئەوەی کەبەڕێز وەزیری دارایی ئێستا باسی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە (٣) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ دەست بەرزکرایەوە، کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە، بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الرابعة:

للوزارة اتخاذ الاجراءات اللازمة من قبيل الحماية او المقابلة بالمثل عند تعرض مصالح الاقليم للخطر من جراء حوادث جارية في بلد من البلدان الاجنبية:

أ- لغرض استيفاء رسوم او ضرائب باهظة على بضائع الاقليم او منع او تقييد بعض الواردات او الصادرات.

ب- لغرض نزول قيمة عملة ذلك البلد بصورة تؤدي الى الاخلال بالمنافسة التجارية الاعتيادية لدرجة تعرض تجارة الاقليم للخطر، فيجوز اصدار انظمة لاخضاع البضائع التي منشؤها أحدى البلدان المذكورة لزيادة ضعف الرسم المنصوص عليه في الجداول الملحقة بهذا القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی یەک هەیە لەسەر مادە (٤)؟ با ناوی برادەران بنووسین: ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێت

لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن (٥) کەسن، کاک ئەکرەم، کاک عەبدولخالق، کاک بەختیار، کاک محەمەد سەعید یەعقوبی، کاک جمیل یش، لە لیژنەی ئابووری فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا ئەگەر دەسەلات بدەنە وەزارەت بەرژەوەندی هەرێم دەکەوێتە خەتەر، ئەمە کارێکی نیشتمانیی گەورەیە، بۆیە لیژنەی ئابووری لەکۆبوونەوەی خۆیدا، هەر وەکو ئێمە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و بۆ لیژنەی یاسامان بەرزکردەوە کە دەبێ ئەم بڕگەیە زیاد بکرێ کە ئەمەیە (بعد استحصال موافقة المجلس الوطني بذلك)، سوپاس.

**بەڕێزعەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت منەوە نازانم یان روون کردنەوەی دەوێ یان هەموارکردن، ئەڵێ: (للوزارة اتخاذ الاجراءات اللازمة من قبيل الحماية او المقابلة بالمثل عند تعرض المصالح الاقتصادية) واتا بێ ئەوەی وشەی (اقتصادی) تێدا بێت، کە ئەوە بەرژەوەندی (امن)یش دەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە ئەبێت بنووسین (عند تعرض المصالح الاقتصادية في الاقليم للخطر من جراء حوادث جارية في بلد من البلدان المجاورة)واتا ئەمە مەسەلەیەکە لایەنی ئابووی صرف دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند تێبینییەکم لەسەر ئەم مادەیە هەیە کە ئەڵێ (للوزارة اتخاذ الاجراءات اللازمة من قبيل الحماية او المقابلة بالمثل) یان رەسم وباج وەرگرتن، ئەم دەسەلاتە بەرای من هەر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بێت، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن دووسێ تێبینیم لەسەر ئەو مادەیە هەیە بەراستی ئەگەر سەرنج لە تێبینیەکەم بدەن کەدەڵێ (للوزارة اتخاذ الاجراءات اللازمة من قبل الحماية) ئاماژە بۆ دوو شت دەکا کە بۆی هەیە روو بدەن یەکەم (استيفاء رسوم وضرائب باهضه) لەجێی دی لەولاتانی دی، لێرەدا نابێت بگۆترێ (لغرض استيفاء الرسم )ئەو (غرض)ە ئەبێت هەر لابچێ، لەسەرێکەوە دەڵێ (في بلد من البلدان الاجنبية) زیادەیەکی لەبۆ بکرێت بگۆترێت و(منها) واتا ئەو ئیجرائاتانە روون بکاتەوە، کە لە ولاتەکانی تر دەکرێت (١) (استيفاء رسوم) ببێ (بغرض) دوو، دیسان (بغرض نزول )نابێت ڕاستەوخۆ بلێ (نزول قيمة عملة ذلك البلد) لێرە خالێکی سەرەکی هەیە دەربارەی ئەوە، ئەگەر بێتوو لێرە بەیاسا ئەو رەسمە گومرگیە سەپێندرا، پێویستە بەبڕیارێکی پەرلەمان ئەو رەسمانە زیاد بکرێن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

تەنیا دەست نیشان کردنی دیاردەیەکی ئابوورییە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر بەرژەوەندی هەرێم کەوتە مەترسیەوە لەوانەیە عەملیش نەبێت، چونکە بەرژەوەندی هەرێم لەرووی ئابوورییەوە تەنها (عمولە) دابەزاندن نییە، جا لەبەر ئەوە شتەکە ئەگەر گشتگیر بێ باشترە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی بابەتی بەرژەوەندی هەموو شت دەگرێتەوە، چونکە دووشت لەخوارەوە دیاری کراوە (أ ـ ب) مانای وایە بە(مطلق) نەهاتووە، لەدووحاڵەت دا وەزارەتی دارایی ئەو مافەی هەیە پێڕەوێک دەربچوێنێ بۆ ئەو جۆرە شتانە، یەکێکیان مەعلووم ئەو دەقەیە کە روونە، ئەوەی دووەمینیش زۆر ئاشکرایە مانای ئەوە نییە حتما ئابوورییە، چونکە دوو برگە زیکر کراوە تەنیا لەو دوو بارەدا دەتواندرێ بکرێن وهەردووکیشی ئابوورییە، یەکیان رەسمەکان، ئەوی تریان بابەتی بەهای عوملەیە و، بەنسبەت ئەو برادەرانەی کە فەرموویان (فیجوز اصدار انظمة) خۆی بۆ جەنابتان ئاشکرایە کە ووتمان (یجوز اصدار انظمة) مانای وایە لە ئەنجوومەنی وەزیران پێڕەوێک دەردەچێ مانای ئەوە نییە کە وەزارەتی دارایی خۆی ئەوە دەکات، چونکە وەزارەتی دارایی رێنمایی دەردەکات پێڕەو دەرناکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئێستاکە بۆ مەسەلەی دارشتن، ئەو برادەرانەی کە شتێکیان بەنووسین هەیە با بیدەن بە لیژنەی یاسا، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە، ئەم مادەکە ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوە چار نەکرا ئایا (جەوازی) یە یاخود (وجوبی) یە ئەمن حەز دەکەم ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە بزانین کێ لەگەڵ (جەوازی) یە وکێش لەگەڵ (وجوبی) یە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر پێڕەو دەرنەچێ ئەو مافە نامێنێ، بەهەموارکردن کە دەڵێین (یجوز) مانای وایە دەبێ هەمواركردنی یاسایە بەپێڕەو بێ، چونکە ناکرێ یاسا بەپێڕەو هەموار بکرێت، مەگەر دەقێک لەیاساکەدا هەبێت جا ئەو یاسایە هاتووە، یاسای تەعریفەی گومرگی ئێستا (جەوازی) یەکمان داوەتە ئەو دووحاڵەتە بەپێڕەو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پێشنیارێک هەیە لێرە لەسەر مەسەلەی (فیجوز اصدار انظمة)، لێرەدا مەرج نییە لیستێکی شتومەک پێویست بکات، جا ئەوە وەکو جەنابی سکرتێر دەڵێ پێویست ناکات پێڕەوێکی بۆ

دەربهێنین، بەڵکو ئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانێت بڕیارێک بدات بەپێی ئەو مادەیەی کە دیاریکراوە، واتا بەبڕیارێک گرفتەکە چار دەبێت.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێستا ئێمە ئەنجوومەنی نیشتمانی، دەستەڵات دەدەینە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوانیش پێڕەوێک دەربهێنن بۆ پیادەکردنی ئەو یاسایە، یانی بڕیارێکی ئەنجوومەن جێ بەجێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو ئێستا کاک سەید حەسەن گوتی، ئێرە لایەنی ( تەشریع )ویاسایە لەبەر ئەوە من دووبارەی دەکەمەوە رای لیژنەی یاسایی بخەینە دەنگدان وئەو رستەیە زیاد بکرێت (بعد استحصاله مْوافقة المجلس الوطني بذلك). سوپاس

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو دەقەی باوێنە سەری هەر ئەسڵەن مادەکەی پێناوێ، چونکە خۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەموو کاتێ دەستەڵاتی هەیە، لەبەر ئەوە پێویست بەمادەکە ناکات، ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەموو دەمێ دەسەڵاتی هەمووارکردنی هەیە وخۆی یاسا دەرس بکات، بۆ پرۆژەیەک با (١٠) ئەندام کۆبێتەوە بڕیار بدات، لەبەر ئەوە پێویست هەر بەمادەکە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕێزمان هەیە بۆ لیژنەی ئابووری، رای لیژنەی ئابووریش وایە، ئەوەی کاکەرەش گوتی وابزانم ئەنجوومەنی نیشتمانی دەتوانێ هەر کاتێک بەپێی ئەم پێڕەوە لەڕێگای حکومەتەوە، یان لەڕێگای (١٠) ئەندامەوە داوای هەر هەموارکردنێک بکەن ئەتوانن، هەر گۆڕینێک بخەنە سەر یاسا ئەوە دەبێت، لێرەش مادەکە دیاری کراوە بۆ دوو حاڵەتی (استثنائی)، جا ئەگەر لیژنەی ئابووری لەسەر رای خۆیەتی، با ئەو بڕگەیە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا من دەمەوێ وەکو ئەندامی لیژنەی یاسایی وسەرۆکی لیژنەی یاسا روونی بکەمەوە، کەئەوە گرفتی لای برادەران دروست کردووە، بابەتی (جەوازە)کەیە، ئەوەش بەیاسا دەکرێ، کەلەقانونەکەدا هاتووە، (جەواز) ئەوەیە کە (جائیزە) بەیاسا نەکرێ بەپێڕەوێک بکرێ وەکو کاکەرەش وکاک سەید حەسەن راڤەیان کرد، دەمەوێ ئەوە بۆ برادەران روون بێ، (جەوازە)کە بۆ ئەوە نییە، وەزیری دارایی جائیزە بیکات یان جائیزە نەیکات، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

مەبەستی لیژنەی ئابوورییە ڕێگەیەکی دروست بۆ ڕەسمەکان بدۆزرێتەوە وهەمـوو جارێ گۆڕانی تێدا نەکرێ، ئەگەر تەماشای وەزارەتی دارایی بکەین، لەگەڵ ڕێژم بۆیان، دەبینین لەماوەیەکی کەم دا چەند جار پارەی ڕەسمەکانی گۆڕیوە، سوپاس.

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

برادەرانی لیژنەی یاسا رایان لەسەر ئەو بابەتەدا، دەمێنێتەوە سەر ڕایەکەی کاک سەعید ئەگەر چ تێبینییەک نییە ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە .

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەر ئەوەندە لەجیاتی (یجوز) بکرێتە (یجب)، سوپاس.

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لێرەدا ناوەڕۆکەکەی ڕوونە هەندێ کێشەی تر هەیە، لەبەر ئەوە مرۆڤ ناتوانێ بێ پەناوپێچ باسی بکات، چونکە ڕووی نەداوە، بەڵام یەک گرفتی گچکە هەیە کە دەشێت زمانەوانی بێت، ئەویش ئەوەیە (فیجوز اصدار انظمة) لەوانەیە برادەران ڕوونی بکەنەوە زیادیش بکرێ.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

(یجوز)ەکە بۆ برادەران بە وشەیەکی تر تەعبیر دەکەین هەمان واتا دەدات، بۆشیان دەردەکەوێ دەڵێین (فیتم اصدار انظمة) مانای ئەوەیە (جەوازی) نییە، (یتم) لەجیاتی (یجوز) بێت، سوپاس.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی (فیـجوز) پر بەپێستی خۆیەتی، ئێمە بۆ خۆمان لەهەندێ ووشە لابدەین؟ لێرە خۆی کە پارە نرخی بڵند دەبێ وبڵند نابێ وبێتە خوارێ (جەوازی) تێدایە بڵند ببێ، کە هەر نەیکات من ناتوانم بەرامبەر بەدەوڵەتێک بەرەنگاری بکەم، هەندێ شت هەیە لێی خۆش دەبم، (فیجب) کە بۆم دانا دەبێ مجرد ئەو ئیشە کرا دەبێ بیکات، سوپاس.

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو پێشنیارەی (فیتم اصدار انظمة) ئەوی تر (فیجوز اصدار انظمة) وابـزانم (فیتم اصدار انظمة) ئەو گرفتە ناهێڵێ وماوە دەدات بە دەسەڵاتەکانی ئێمەش ئاگاداری ڕەوشەکە بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجـیـد:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەگەر ئێمە تەماشای (صدری) مادەکە بکەین (یجوز اصدار انظمة) خۆی ئەوە (جەوازە) بۆ ئەوە

هاتووه ئەگەر حاڵەتی بەدەر (استثنائی) هەبێ، ئەگەر ئەو دوو بارە (قائیم) بوو ئەوجا دەکرێ پێڕەویش دەربهێندرێ، ئەوە لێرە یاسایەکە پابەندی دەکات بەپێڕەوێک کە لەئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێ، بۆیە هەروەک کاک سەیدحەسەن باسی کرد ئێمە لەوانەیە نەتوانین پێڕەوێک دەربهێنین، بتوانین بەرپەرچی ئەو ئیجرائەی بەرامبەر بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من گرفتم لەسەر مادەکە نییە، چونکە لەبنەڕەتەوە بەرگریم لەمادەکە کردووە، بەڵام وەک روون کردنەوەیەک بۆ کاک ئەیاد وشەی (فیتم) مانای ئەوەیە کە بەزۆرەملێیە وەزیری دارایی دەبێ هەر بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(خیر الامور اوسطها) ئێستا پێشنیارێک هەیە بۆ چارەسەری ئەم (یجوز)و (لایجوز)ە ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەم شێوەیە بێ، بۆ ئەوەی لەو گرفتانە هەمووی قورتار بین فەرموو کاک فەرسەت خۆت بیخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم گرفتە بەم شێوەیە چار دەکرێ (یکون اخضاع البضائع التي منشؤها من احدى البلدان المذکورة لزیادة رسومها الگمرگیة بنظام) واتا دوو وشەی پێشەوە لابچن دەبێتە (اخضاع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا تەفسیرەکە ئەوەیە ئەگەر لایەنی تایبەت بڕیاری لەسەر ئەم بابەتەدا دەبێ بەپێڕەوێک بیکات کە ئەو دووبڕگەی (ئەلف وباء) بگرێتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەممەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دیسان دەگەڕێمەوە بۆ هەمان شتی کە شیم کردەوە، ئەو (جەوازە) بۆ ئەوە نییە، (جەوازە)کە بۆ ئەوەیە کە لەبنەڕەتەوە رەوا نییە هیچ تەعریفەیەک دابندرێ بەیاسا نەبێ، ئێمە ئەو (جەوازە)مان داناوە تەنیا لەبەر حاڵەتی بەدەر (استثنائی) ئەمەیەک. خاڵی دووەم: بەڕێز وەزیری دارایی جەنابی لێرەیە ئەو پرۆژەیە وابزانم نوسخەیەکی دەقاودەقە لەپرۆژەی یاسای عێراقی ئەگەر لەحەق لام نەدابێ وابزانم وایە، ئەوەش بەلێزانی خەڵکێکی زۆر لێی کۆڵدراوەتەوە، ئەگەر ئێمە هەندێ جار وشەیەک لابدەین بە (اجتهاد) قەی ناکا، بەڵام وای لێ نەیێ مانا یاساییەکەی شتێکی تر بگرێتەوە توشی گرفتێک ببین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سبەی لە ناوچەی زاخۆ، لەدهۆک، لەسلێمانی ولەکەرکووک، ئەوشتانە دەڕوات و، فەرمانبەرێکی گومرگی ئێمە دووقاتیش وەردەگرێ، مادەیەکی قانونی هەیە کە دەڵێ (یجوز اصدار انظمة) ئێمە (یجوز)ەکە هەڵدەگرین، لەراستیدا تەفسیرەکەی جەنابت وەکو یاساناسێک تێی دەگەی، بەڵام وەرە فەرمانبەرێک لەوێ بەرپرسی گومرگێکە، ئەم مادەیە دەکەوێتە بەردەست ئەو، لەوانەیە (التباسێک)، پەیدا بکات، کاک دارۆ فەرموو.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەندوچونێکم هەیە لەگەڵ لیژنەی یاسایی دا، سوپاس.

(کاک دارۆ هەستا چوو بۆ لای لیژنەی یاسا بۆ وتووێژ کردن).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئێمە هەموار لەسەر هەموار نەکەین، گرنگ ئەوەیە ئەو ئاڵۆزییە نەمێنێ، وابزانم هەموومان تێی دەگەین چییە ناوەڕۆکەکەی، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی دارشتنێکی وای دارێژین کە چ ئاڵۆزی تێدا نەبێ، یاخود شی کردنەوەیەکی جیاوازی نەبێ. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوار هەبێ لەهەمواركردندا لەجێی (فیجوز) (فیتم) بخەنە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(فیتم اصدار الانظمة).

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ..... سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا ئەم بابەتە هی (یجوز) وهەموار کردنیەتی، چونکە رەخنەکە لەم ووشەیەیە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ دووشت روون بکەمەوە، یەکەمیان ئەگەر(یتم) بێ یان (یکون)بێ (یکون)یش (وجوبی) یە، (یتم)یش (وجوبی) یە بەراستی ئەو (جەوازە)ی لێرە هاتووە، (جەوازە)کە بۆ بارێکی بەدەرکراو (استثنائی)یە، ئەو کاتی ئەنجومەنی وەزیران پابەند دەبێ بە دەرچواندنی پێڕەوێک بۆ چارەسەر کردنی ئەو بارە بەدەرکراوەیە، ئێمە با دەستیان نەبەستینەوە بەوەی پابەندیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وەکو وتم لەبیری مەکە ئەمە تێبینی لیژنەی ئابوورییە، ئەویش لە ڕاپۆرتەکەی دا دەرسی کردووە ئەو تێبینییەی باس کردووەو. پاشان دیارە ئەومەترسییە هەیە، بۆیە ئێمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین مەترسی لەبەکاربردنی وشەی(یجوز)ەکە هەیە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی وەختەکەمان بەفیڕۆ نەدەین ئەو هەموارکردنەی کەهاتووە، بخرێتە دەنگ دانەوە بزانین کێ لەگەڵ هەموارکردنەکەیە، ئەگەر لەگەڵ هەموارکردنەکە نەبوو ئەوە مادەکە خۆی دەخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە تەماشای ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بکەین ئەوەی پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، خۆی پێشنیاری ئەوان ئەوەیە (بعد استحصال موافقة المجلس الوطني بذلك في نهاية الفقرة ب) واتا ئەوان داوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نیشتمانییان کردووە، بەڵام لێرە ئەوەی ئاشکرایە یاساکە دەستەڵاتی دەرهێنانی پێڕەوی داوە، پێڕەویش بەدابی یاسایی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبنەڕەتەوە خۆی تەحەمولی (وجوب) ناکات، واتا زۆر ئاشکرا وروونە مادە یەکە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ (جەواز) دانراوە بۆ حاڵەتێکی بەدەرکراوە، هەر لەسەرەتاوە مادەکەی خۆی دەست پێ دەکات (للوزارە) نەووتراوە (على الوزارة) هەردوو برگەکە وئەوەی دواییش هەمووی هەر لەبنەڕەتەوە بەجەوازی هاتووە (وجوب) هەڵناگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا وەکوگوتمان هەموارکردنێکمان هەیە، ئەگەر لەسەر بنەماکەی کاک حسێن بڕۆین ئەوا ئەو هەموارکردنە بەم شێوەیە دەبێ، ئەگەر برادەران لەسەر ڕای خۆیانن، دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی لەم حاڵە ڕزگارمان ببێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو ئێمە پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتیمان کرد داوا دەکەم ووشەی (فیتم) دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کێ لەگەڵ ئەوەیە (یتم) زیاد بکەین لەجیاتی (یجوز)؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ نین، مادام وایە (یجوز) دەمێنێتەوە.

دێینەوە سەر مادەکە خۆی، مادە (٤) کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٤) وەک خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة الخامسة:

«اية زيادة أو تخفيض اوالغاء يتم في الرسوم الگمرگية وفق احكام المادة الرابعة من هذا القانون يجوز الغاءها وتعديلها بنظام».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ فەرموو کاک بەختیار.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی ئەو مادەیە بکەین هاودژیەکی زۆر ئاشکرای تێدایە لەگەڵ مادەکەی پێشوودا کە دەنگمان لەسەر دا، ئەگەر بێتو ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە ئەو دووحاڵەتە یان بەکارهێنا ئێمەش بەرامبەریەوە هەڵدەستین رسومی گومرگی زیاد دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک بەڕێز بەختیار حەیدەر دیاری کرد وشەی (الغاء) هاتووە وشەی (الغاء وتخفیض) لەبەرئەوە لیژنەی ئابووری ودارایی داخوازی کردووە ئەو رستەیە زیاد ببێ (مقترناً بموافقة المجلس الوطني الكوردستاني)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی (٤) بۆ گومرگە بە پێرەو دیاری دەکرێت، مادەی (٥) داشکاندن وهەڵوەشانەوەیە (تخفیض والغاء)ە کەدەقی تەعریفە گومرگییەکە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر دووبارە بڵێین ئێستا ئەمە رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانییە ئەم ئیشە بکات، دووبارە رەزامەندی تر وەرگیرێتەوە، پێم وایە پێویست ناکات هەر هەموو یاساکە هەبێ، چونکە هەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی دەتوانێ پرۆژەی وەزارەت، پرۆژەی یاسا پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفت لەمادەکەدا نییە خۆی صدری برگە (ب) مادەی پێشوو، مادە (٤) تەنیا مانای وایە بابەتی

رادده زیادەکانی دیار کردووه لەبەر ئەوەی کە تەکالیف وشتی وا زۆر نەبێ، خۆمانای وانیە اجرائەکانی تر بەپێرەو ناکرێ، خۆ دەشێ دابشکێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شی کردنەوەیەی برادەران روونە، ئەمە تەنها مادده (٤) دەگرێتەوە ئەمە یەک، دووەمیان ئەگەر هاتوو نووسرا زیادە، ئەو ئیجرائاتانەی کە دەوڵەتانی (مەنشەء) ئەیکەن ئەبێ پێڕەوێکی ئیجرائی هەبێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی رۆشن نییە والتباسێکی زۆری تێدایە، چونکە ئەم مادەیە دووخاڵی تێدایە دەڵێ (اية زيادة او تخفيض او الغاء يتم في رسوم الگمرگية وفق احكام المادة الرابعة من هذا القانون، يجوز الغاءها او تعديلها بنظام) واتا هەڵوەشانەوە وهەموارکردنەکە هی ئەو زیادەشە کە دەسەپێندرێ و لەکۆتایی مادەکە دەڵێ (يجوز الغائها و تعديلها بنظام) مانای وایە ئەوەی یەکەم حاڵەتێکی تازەیە وجیایە لەو حاڵەتەی کە لەمادە (٤) دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٥) بۆ روونکردنەوەیە لەسەر مادەی (٤) مادەی چواریش دەڵێ (للوزارة اتخاذ الاجرائات اللازمة من قبيل حماية او المقابلة بالمثل) یانی ئەگەر هاتوو گومرگی زیاد کرد ئێمەش زیادی دەکەین ودیاریتان کردووە کەدەبێ ئەمە بەپێرەو زیاد بکرێ، باشە کە کەمی کردەوە ئێمە چی بکەین؟ ئەبێ دەستی خۆمان کەلەبچە بکەین بڵێین ئێمە کەمی ناکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی ئەگەر زیاد کرا زیادی دەکەین، ئەگەر بەپێرەوێک کەم کرایەوە ئێمەش کەمی دەکەینەوە، ئەگەر هەڵیان گرت ئەوە بەپێرەوێک هەڵیان دەگرین.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەمەیە بابەتەکە، لەبەر ئەوە هیچ گرفتێکی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لەبەڕێز وەزیری دارایی هەیە، ئەگەر بێتوو لێرە رەسم لەسەر کالاکاندا داندار، ئێستا خشتەمان هەیە باسی دەکەین وئیقراری دەکەین، کالاکان کە لەدەولەتێکی ترەوە دێنە کوردستان و رەسمی لەسەرە، ئەوان هەستان زیادیان کرد ئێمەش زیادی دەکەین، ئەوە حەقمان داوە، باشە ئەوان هەڵستان رەسمەکانی گومرگیان هەڵوەشاندنەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە، باشە لێرە وەزارەت

مانای وایە بەپێی ئەو شتە یەک سەر بەپێڕەو دەتوانێ هەموو ڕەسمە گومرگییەکە هەڵوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــێخ نـوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەو حاڵەتەی کە بەڕێز کاک بەختیار باسی دەکات، ئەمە حاڵەتێکی بەدەر (استثنائیە)، حاڵەتی وا دیسان پێی دەوترێ (مقابل ام تعامل بالمثل)، چونکە ئەگەر بێتوو وڵاتێکی دراوسێ بە وڵاتێکی دوورتر مادەیەکی لەڕەسمی گومرگی عەفوو کرد بەرامبەرەکەی بەچی ئەیکات؟ یانی کاڵایەک کە لەکوردستانەوە ئەچێ بۆیان مقابل بەوەیە ئەویش کاڵایەک ئەنێرێ بۆ کوردستان ئەبێ تۆش عەفوی کەی، مادە خاوەکانی خۆمان بنێرینە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەرامبەر بەوە شت بێتە وڵاتەکەمان نەک هەر بەپارە بڕۆین شت ببەین وشت بێنین پێویستی بە پێک هاتن هەیە، هی وا هەیە داوا دەکات ئەڵێ بەرامبەر بەوە ئەو شتەی من بۆت دەنێرم تۆ گومرگی لێ مەستێنە ئەو شتەی تۆ دەینێری من گومرگی لێ ناسێنم ئەمە لەئەنجامدا ئاکامەکەی ئەمەیە هەردوولا قازانج دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس کاک دارۆ، بۆکاک بەختیار دەگەڕێتەوە بۆ خودی مادەکە. ئەوەی کەجەنابت فەرمووت ئەو مادەیە ناگرێتەوە، مادە (٥) کێ لەگەڵ ئەمەیە مادە (٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرز کرایەوە. بە زۆربەی دەنگ مادە (٥) وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

المادة السادسة: «اذا نشئت ظروف رأت فيها حكومة الاقليم انه من اللازم مراعاة لمصالح الاقليم الاقتصادية تحديد أو تنظيم استيراد بضاعة مامن البضائع سواء كان ذلك فيما يخص مجموع كمية او مجموع قيمة مايراد استيراد منها من جميع المصادر أو من اية مصدر كان فيجوز اصدار انظمة لتعيين الحد الادنى بكميات أو قيم ممايكن استيراده اما بصورة عامة او خاصة من البلد او من البلدان المذكورة في تلك الانظمة. سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

مادە (٦)، کێ ئەیەوێ قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات؟

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

تێبینی یەکم هەبوو، لێرە ووشەیەک زیادە (أو تنظيم إستيراد بضاعة ما من البضائع) وابزانم (من البضائع) زیادە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوە بۆ دارشتنی پاشان ڕەچاوی بکەن، ئایا تێبینی تر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٦) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة السابعة: «تخضع الدوائر والمؤسسات الحكومية والجهات الخيرية والاحزاب والجمعيات للرسوم الگمركية الواردة في هذا القانون»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی (ب)م نەخوێندەوە، برگە نییە تێبینییە: «رأي الوزارة لاخضاع الجهات الخيرية»، ئەم رایەی وەزارەت بوو لەبەر ئەوە بابەتەکە جێ هێڵدراوە لەبۆ برادەرانی پەرلەمان بزانین رایان چی یە، چونکە وەزارەت جەخت لەسەر ئەوە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە دەستەی سەرۆکایەتی خۆی گلەیی لە لیژنەی یاسا کرد، کەدەڵێ رای وەزارەتە لایەنە خێرخوازەکانی تێدا بێ، ئەبێ بۆچی رای لیژنەی دارایی وئابووری پەسەند ناکەن؟ ئەمە رای وەزارەتە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەربارەی لایەنە خێرخوازەکان ئێستا کوردستان لە حاڵەتی (اغاثه) دایە، کوردستان پێویستی بە خێراتە لەبەر هەندێ ئێمە دەڵێین کە لایەنە خێرخوازەکان لاببردێ، بخرێتە سەر مادەکە (تخضع الدوائر والمؤسسات الحكومية والاحزاب والمنظمات والجمعيات عدا المساعدات الممنوحة التي توزع عن طريق وكلاء المواد الغذائية للوزارة المالية والاقتصاد)، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک پێشکەش دەکەم ئەویش بەدەرکردن (استثناء)ی لایەنە زانستییەکانە، وەکو سێ زانکۆکانی کوردستان، لەوانەیە پێویستیان بەشمەکی ئەزمونگە بێ، لەبەر هەندێ پێشنیار دەکەم لایەنە زانستییەکان ئەو شتەی پێویستیان پێ یەتی ئیستیرادی بکەن، بەدەر بکرێن لەرەسمە گومرگییەکان، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی ئەو پێشنیارەی خۆیان کە لایەنە خێرخوازەکانی تێدابێ روونی بکاتەوە، چونکە لایەنە خێرخوازەکان بڕیاریان داوە شت نەنێرن ئەگەر بای ملیۆن دینار بێ، کە هاتی تۆ رەسمی گومرگیت لەسەر دانا ئەو لەم ملیۆنەی دەردەکات یانی ئەگەر (١٠٠) هەزارت لێ وەرگرت ئەوە یانی (٩٠٠)هەزارت بۆ دەنێرێ، چونکە بودجەیەکی دیاری کراوی هەیە، با جەنابی وەزیری دارایی بۆمان روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەوەی راستی بێ لەوانەیە ئەو مادەیەو ئەو پێشنیارەی ئێمە پێویستی بەهەندێ روونکردنەوەی زیاتر بکات هەتا لەدەقە یاساییەکەدا، چونکە ئێمە مەبەستمان لەوە نییە لایەنە خێرخوازەکان بڵێین رێکخراوەکانی (ngo)ی بیانی خواردن دێن بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکی پێویست دابەشی بکەن، ئێمە گومرگیان لێ بسێنین، نەخێر تائێستا نەسێنراوە باوەڕ ناکەم لەپاشەڕۆژیشدا بسەندرێت، بەڵام بۆ ئەو لایەنانەیە کە لە وڵاتی خۆمان دان لەوانەیە ئێستا بتوانین ئەو لایەنە خێرخوازانە فت (حذف) بکەین، مەبەستیش لەمەسەلەی عەفو کردن لەخواردەمەنی وهێنانی خواردن ئەوە نییە، بەڵام هەندێک لەو کۆمەڵانە کەوتنە هێنانی ئەو کەل وپەلانەی کە گومرگێکی زۆری لەسەرە بۆیە ئێمە ناچار دەبووین هەموو جارێ کە کێشەیەکیان تووش دەبوو کێ بەرعەفوو دەکەوێ کێ بەر عەفوو ناکەوێ؟ بۆیە ئەم دەقەمان پێشنیار کردووە کەنە فەرمانگەکانی حکومەت، نەحزبەکان، نەئەو جۆرە کۆمەڵانە لەو شتانەی کە ملکەچن بۆ گومرگ وپەیوەندی بە مەسەلەی مرۆییەوە نییە، بۆ نموونە هێنانی ئۆتۆمبیلێک پاش دوو رۆژ ئەفرۆشرێتەوە لەبازاڕدا، ئەوە پەیوەندی بەمەسەلەی خێرخوازییەوە نییە، بۆیە ئێمە ئەو دەقەمان پێشنیار کردووە کەبتوانین لەگەڵ هەموو کەس وەکو یەک مامەڵە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بەراستی من هەر مادەکە لەبنەڕەتەوە بەزیاد ئەزانم، چونکە ئەمە وەکو ئەوە وایە کەبڵێین (تخضع الشرکات والمطاعم والفنادق للرسوم الوارده فی هذا القانون) هەموو حزبێک کە دادەمەزرێندرێ (١٠٠٠) دیناری لێ وەردەگیرێ، هەموو لایەنێک، هەموو فەرمانگەیەکی حکومەتی کە دادەمەزرێ، واتا کەفلان ئیش دەکات ئەوەندەی لێ وەردەگیرێ کە لە خشتەدا تۆ داتنابوو، ئیتر چ پێویست دەکات بڵێین (تخضع)؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

دوای کێشەیەکی زۆر گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەئەبێ ئەو دەقە یاسایی یە هەبێ، هەموو رۆژێ لەحزبەکانەوە بۆمان دێت فلان شوێن فلان شت هاتوە وهی ئێمەیە، لە وەزارەتەکانەوە دێن ئەڵێن ئەو شتە هاتووە بۆ ئێمەیە هەمووتەعقیب دەکەین زۆری وا نییە، بەداخەوە، عەفوم کەن کە ئەو قسانە دەکەم، بەڵام هەندێکی وانییە لەبەر ئەوە ناچارین دەقێکی یاسایی بێ وگشتگیر بێ بۆ ئەوەی هەموو کەس بگرێتەوە وبتوانێ ئەم رێگەیە بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی خۆی گوتی دەستەواژەی لایەنە خێرخوازەکان بکێشنەوە وفتی

بکەن، رای لیژنەی دارایی و ئابووری هەر وایە بەڵێ دەبێ ئەم مادەیە هەبێ، چونکە بەر لەئێستا زۆر کۆمەڵە وحزب هەوڵ دەدەن عەفو بن لەبەڵگەنامەی رەسمی، لەبەر هەندێ لیژنەی دارایی و ئابووری راپۆرتێکی دەرکرد وهەموو پێکەوە ئیمزایان کردو پێشکەشی سەرۆکایەتیمان کرد کەهیچ حزبێک هیچ کەسێک هیچ کۆمەڵەیەک لەرەسمی گومرگ عەفو نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (الجمعيات الخيرية) ئەگەر لاببەین شتی خراپ نییە، کەبەراستی کۆمەڵە خێرخوازەکان شتی لەسەر بسەپێندرێ خراپە، ئەگەر بەتەنیا کۆمەڵەکانمان ووت مانای وایە ئەوانە ملکەچی یاسای کۆمەڵەکانن ئەو رێکخراوانەی کەلەدەرەوەی کوردستان دێن نایانگرێتەوە، ئەوە لە سەر بنەمای (مقابلە بالمثل) لەسەر بنەمای رێکخراوە خێرخوازەکان، ئەوە بەو ناوەی سەر بەئێمە نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا رای هەردوولا ئەوەیە کە لایەنە خێرخوازەکان نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەمادە (٧)( الجهات الخيرية) فت (حذف) بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەو دوو وشەیە فت دەکرێ. مادام وایە مادەکە ئاوای لێ دێت: (تخضع الدوائر والمؤسسات الحكومية والاحزاب والجمعيات للرسوم الگمرگية الواردة في هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەم دەقەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەم دەقە پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة /٨: (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٨) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة/٩: (لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (٩) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة/ ١٠: (على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (١٠) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

المادة/١١: (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە (١١) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزکرایەوە.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

ئەمێنێتەوە خشتەکەکە ماوەیەک دەحەسێینەوە، سەعات (١٢) وچارەگ دەست دەکەین بەگفتوگۆ کردنی خشتەکە.

**(دوای پشوو)**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خشتەیەکمان لایە دەربارەی ئەو باجانەی کە پێویستە وەربگیرێن یاخود بڕیاریان لەسەر بدرێ، لیژنەی ئابووری بفەرموون ولیژنەی یاسا بفەرموون بۆ ئێرە، خشتەکە وەکو دەبینین تۆزێ زۆرە ئێمە ناتوانین بەراستی مادده بەمادە بیخوێنینەوە وبیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەر لەوەی بێینە سەر باسی خشتەکان هەندێ تێبینی وراسپاردەی گشتی هەنە لە لیژنەی دارایی وئابووری بەرزی بکەنەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی وئەو راسپاردانە بخوێننەوە وفیکرەیەکی گشتی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی خراپ نییە، با لیژنەی ئابووری تێبینی خۆی بخوێنێتەوە ئەندامانی پەرلەمانیش ئەو تێبینیانە لای خۆیان بنووسن، با لیژنەی ئابووری ئەو راپۆرتەی خۆی بخوێنێتەوە و برادەرانیش تێبینی خۆیان جێگیر بکەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێ تێبینی گشتی هەیە ئەیخوێنمەوە وەک بەش بەش لەیەک شریت لەخشتەدا، ولەهەموو خشتەکاندا دەبینین ڕێژەی سەدی دانراوە ورەسمی دیاری کراویش دانراوە، ئەمە دەبێتە گرفتێک لەبازاردا، بەئارەزووی خۆی ڕێژەی سەدی وەردەگرێ، یا دیاری کراوی وەردەگرێ، پێویستە رادەیەکی بۆ دابنێین، بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بۆ هەر مادەیەکی، ئەگەر ئێمە سەیری خشتەکە بکەین دەبینین رەسم ڕێژەی سەدیشی بۆ دانراوە وبڕی دیاری کراویشی بۆ دانراوە، بۆ نموونە: بۆ مەڕ ووتراوە ڕێژەی سەدی لە ١٠٪ وەربگیرێ لەتەنیشت ئەو نووسراوە (١٠٠) دینار وەربگرن ئەوەش دەبێتە گرفت، بۆ نموونە بۆ ئێمە باشترە بەژمارە (عدد) بلێ (جوتی ١٠٠ دینار) وەربگیرێ یانی دیاری بکرێ، چونکە ڕێژەی سەدیش ئەبوایە دابنێین ئەبوایە دیاری کراویش دابنێین، ئەوە ئەبێتە گرفتێکی گەورە،

بەئارەزووی خۆی ئەکات، لە دوا ڕۆژ دا، خشتەکانی پێشوو ئەوەی لەوەزارەتەوە هاتووە هەمووی وانەبوو یانی ڕێژەی سەدی زۆر کەم بوو، ئێستا ئەوەی لە وەزارەت بۆمان هاتووە ئیبراهیم خەلیل بابەتێکی تەواوی داناوە هەرشتێ کە لەوێ بێت، وەکو ئەوانی تر نییە ڕەسمێکی جیاوازی بۆ داناوەو (لايجوز ان يكون هناك فرق بين الگمارگ الحدودية بين ابراهيم الخليل وغيرها ومن الضروري ان يكون لجميع النقاط الحدودية رسوم گمرگية متشابهه، أي واحدة)، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەندێ شوێن بۆ وەلاغی بەرزە داوای ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەن، ئەو ڕەزامەندی یە لاببرێ بۆ ناو کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخشتەکەدا دوو جۆر ڕەسم دانراوە، ڕاستەکەیان ڕێژەی سەدییە، ئەوی تریشیان مەبلەغی دیاری کراوە، ئێمە بۆیە ئەوەمان والێ کردووە، ئەو ڕەوشە تایبەتییەی ئێستای کوردستان لەهەمووشوێنێکەوە کە کەل وپەل دێتە ناو ولاتەوە خاڵی گومرگی ڕەسمی نییە، هەندێکی بەشێوەی هێنانی قاچاغ ونیمچە قاچاغە، کە ئەگاتە ئەو دیو سنوور لەهەر شوێنێکدا تۆ گرتت ئەبێ باجی گومرگی لێ بسێنی، لەبەر ئەوە ئەوەی کە دەشێ بۆ ئیبراهیم خەلیل بۆ سنوورێکی تر ناشێ، ئیبراهیم خەلیل هەر کەسێ بازرگانی دەکات لەو ڕێگەوە هەم مۆڵەتی (استيراد وتصدير)ی هەیە هەم مەنەفیستی هەیە کەلەو شوێنەوە، لەسەرچاوەوە چەندی هێناوە بۆیە لە ئیبراهیم خەلیل ئەتوانێ بەڕێژەی سەدی وەربگرێ لەشوێنەکانی ترا ئەو مەسەلەیە زۆر زەحمەتە، چونکە تقديرەکە ئەو کاتە ناکرێ ئەبێ، ئیبراهیم خەلیل ڕێکترین خاڵی گومرگیی وولاتی ئێمەیە، لەیەک سەرچاوەوە دێت و بەمەنەفیست دێت وهەمووی لەژێر کۆنترۆڵ دایە، ئەوە ناتوانێ لەگەڵ خاڵێکی تری سنووردا بەهەمان شێوە ڕەفتاری لەگەڵ دا بکەین، لۆریەکە لەوێ دێتە بەردەم خەملێنەرەکە، بەڵام ئەم ئەبێ بە شوێن کەسێک دا بگەڕێ کە کەرو بارەکەی لەکوێ دەردەکەوێ دوای بکەوێ پێی بڵێی کاکە وەرە گومرگ بدە، مەفرەزەکە ئەیگرێ ئەڵێ هاتۆبە ناو هەرێم گومرگت نەداوە، ئەبێ گومرگەکەت بدەی، ئەوە ناکرێ وەکو یەکتری ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین، ئەگەر بمانەوێ ئێمە یەک باجمان هەبێ لەسەرەتا سەری کوردستاندا لەوێوە، لەئیبراهیم خەلیلەوە تاوەکو خانەقین ئیمرۆ ئەو شتە بە ئێمە پیادە ناکرێ، بۆیە جیاوازی یەکی تایبەتیمان داناوە مافێکی تایبەتی بەئیبراهیم خەلیل دراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ڕێژەی سەدی وبڕی دیاری کراو جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی کەپێویستە استثنای

تێدا هەبێ، چونکە زرووفی ئێمە بەدەرە (استثنائیە) ئەو قانونە لەبۆ یەک دوو رۆژ نییە بۆ هەمیشە دایدەنێین ودەبێ پیادەی بکەین بەرێگایەکی وا نەک خەملێنەر بەئارەزووی خۆی بێ کەرێژەی سەدی دابنێین یا بڕی دیاریکراوی لێ بسێنێ، راستە ئیبراهیم خەلیل رێک خراوە وەزارەت بەرە بەرە هەموو خاڵەکانی سنوور رێک بخات وباجی گومرگی ورەسم بەدروستی وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو خاڵ هەنە دەمەوێ باسیان بکەم، ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی گوتی بۆ جیاوازی نێوان خاڵەکانی گومرگ بەرای خۆم شتێکی سەلمێنەر نییە، چونکە ئێمە کە قانون دادەنێین، راستە ئێمە لەگەڵ واقعەکەین وبێگومانیش ئەوە ماندووە لەگەڵ واقعە کە ئێمەش هەستی پێ دەکەین، ئێمە پێویستە یەکەم جار خاڵەکانی گومرگی دیاری کراو مافی هەبێ رەسمی گومرگیش دەبێ رەسمێکی دیاری کراوی هەبێ، بۆ هەموو جێگایەک وەک یەک بێت، چونکە هەروا بووە لەهەموو دەوڵەتەکان هەروابووە، ئەگەر ئێمە خۆمان بەحکومەتێکی هەرێمایەتی دابنێین لەهەموو جێگایەک هەروا بووە ئەوەی جەنابی وەزیر ووتی ئەگەر هاتوو لەخاڵێکی غەیری خاڵی گومرگی مادەیەک گیرا یاسای گومرگی عێراقی بەنسبەت ئێمەوە بەردەوامە، لەو حاڵەتەدا لەوانەیە باجی دووجای لێ وەردەگیرێ وتووشی سزاش دەبێ، لەراستی دا ئەوە شتێکە بەگوێرەی یاسا ناڕوا، چونکە ئێمە قانون بۆ رۆژێک و دوو رۆژ دانانێین، دووەم لەبەر ئەوەی شتەکان لەبەردەسمان دانینە، ژمارەی تەواو نییە، بەهیچ جۆرێک ماوەی ئەوە نەدەین ئۆتۆمبیل یا هیچ جۆرە ئالیاتێک بچێت بۆ دەرەوەی سنوور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەبەرئەوەی هەندێ شت لێرە باس دەکرێ لەم خشتەیە، وا بە بەرژەوەند ئەزانرێت کە ئەم دانیشتنە، ئەگەر برادەرانی راگەیاندن مۆڵەتمان پێ بدەن، دانیشتنێکی داخراو بێ. ئەمەش پێویستی بەدەنگدانێک هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم دانیشتنە داخراو بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا کەداخراو بێت.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە ئێستا هی ئەوەیە زیاتر بێ پێچ وپەنا قسە بکەین، ئێمە کەباسی چوونە دەرەوەی ئۆتۆمبیل یا مەکینەکانمان کردووە، باسی ئەوەمان نەکردووە ئەوەی کە لەکوردستان دایە، باسی ئەوەمان کردووە ئەوەی دێتە کوردستان، ئایا لەپێویستی خۆمان زیاترە یا نەء؟ ورێگەکان کامانەن؟ ئاماژە بۆ ئەوە کرا کەلە ئیبراهیم خەلیل چەند شۆفلی لێ هاتووە ،منیش هێمایەکە دەگۆڕم بۆ سەر سنورەکانی نێوان ئێمە و رژێم بیزانن شەوان شۆفل ــ مکائن، دێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەرواتە دەرەوەش بەشێوەیەک لەشێوەکان، ئەگەر بە هێزی چەک بێ ئەگەر بەرازی کردن

و پارەدان و شیرینی دان بێ، بەهەر شێوەیەک بێ ڕۆیشتووەتە دەرەوە، ژمارەکان گەلێک زۆرن من نموونەتان پێ دەڵێم لەشوێنێک هەیە پێی دەڵێن خانە (پیران شەهر) لەئێران زانیاریمان بۆ هاتووە بەسێ مانگی پێشوو (١١) کرێن هاتۆتە ناو (خانە)وە لەکوردستانی عێراقەوە بەمەرجێک هەر ئەوە نزیک (١١) ملیۆن دینار گومرگی هەبووە، ئەگەر ئێمە گومرگمان بکردایە، خۆی ئێمە نە (کرێن) دروست دەکەین نە ئیستیرادی دەکەین ونە لەئیبراهیم خەلیلیشەوە هاتووە، وئەو کرێنانە هەمووی لەناو ڕژێمەوە هاتوون ئەمە سیاسەتێکی گومرگییە، شت بەقاچاغ دێتە ناو کوردستان وبە قاچاغ ئەڕواتە دەرەوەو، بەڵام لەسنوورەکەی خۆماندا جۆرێک لەئاشکرایی تێ کەوتووە کە ئێمە وەکو دەسەڵاتێ سەپاندومانە بەسەریان دا، باج ئەسێنین ئەگینا بە هەموو کوردستان بەشی ئەوەندە گومرگە نایەتە ناو وڵاتەوە حکومەتە کە پێی بژێ، ئیدارەی پی بکات، چەند هەزارتەنێک برنج و ڕۆن وشەکر پێویستەکانی ئەم وڵاتەی ئێمەیە، باقییەکەی شتەکانی تر زۆری دێ بۆ ئەوەیە ئاودیو دەبێ دەرواتە شوێنەکانی تر، نموونەی جگەرەتان بۆ دێنمەوە، جگەرە بەژمارەیەک دێتە کوردستان کە بەشی (٥ ـ ٦) وڵاتە، هەر دێتە کوردستان بەشێکی ئەرواتە تورکیا، بەشێکی ئەروا بۆ ئێران، بەشێکی ئەچێ بۆ عێراق، بەشێکی لەکوردستان سەرف ئەبێ، ڕاستە کە ئێمە بچین بڵێین جگەرە نابێ بێت بۆ کوردستان لەبەر ئەوەی بۆ تەندروستی خراپە، هەر جگەرە کێشێ ئەو وەختە لەسەرچاوەیەکی تر پەیدای دەکات، ئێمە گەورەترین زەرەرمان لێ دەکەوێ لەوەی کە جگەرە بەربەست بکەین بچێتە ناو ڕژێم، یا بۆ ناو ئێران وئەو شوێنانەی تر، بابەتەکانی تر زۆرن ئەگەر یەک یەک باسیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی گوتی ئەمە سیاسەتی گومرگی یە، کە قەڵاب وشۆڤەڵ وئەوانە بچنە ئێران، یان بۆ ناو ڕژێمی بەغدا، دەڵێم کە ڕژێم وئێران چ چاکەی بەرامبەریان بە ئێمە نەکردووە تاوەکو شۆڤەڵ و قەڵاب بچنە ئەوێ، لەبەر ئەوە سیاسەتی گومرگی پێویستە زۆر ئاشکراولە بەرژەوەندی کوردستان دا بێت، سوپاس.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پرسیار لەمن بکەن من لەگەڵ ئەوە نیم هەتا پووشێک لەکوردستان دەربچێت، بەڵام من داواکارم لەبەڕێزان کە ئەبێ ئێمە لەوەزعێکی واقیعی دا بژین، واقیعەکەمان چی یە؟ واقیعی حکومەتەکەمان چۆنە؟ ئایا سنوورەکان کۆنترۆڵ کراون؟ من لەگەڵ ئەوە دام کەهیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێک نەچێتە دەرەوەی کوردستان یان هیچ ئامێرێک نەچێ، بەڵام لەو قەناعەتەدام ئەو وەختەی کەوا ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری دەرکرد، یەکێ هەیە، ناوی (خولە بناوە سوتەیە) ڕاجحە وشۆڤەڵ و کاروانێک ئۆتۆمبێلی هەموو ڕۆژێ دەبردە ئەو دیو، بۆ ئێران، لەئێرانیش

ئەیدزیەوە جارێکی تر ئەیهێنایەوە، سەری سێ یەم جاریش ئەی کردەوە بە ئێراندا، ئینجا ئەوە با ئێمە ڕێز بگرین لەو برادەرانەی کە لەواقیعەکەدا ئەژین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەراستی دوو بابەتی جیاوازن، ئێمە بڕیارێکی پەرلەمانمان هەیە، پێویستە ئەم بڕیارە هەڵوەشێنینەوە، یان دەبێ مۆڵەت بدەین کە ئامێرو شت بچێتە ئەو دیو ئەمەش نابێ، چونکە نابێ پەرلەمان شەرعیەت بدا بەقاچاغ، بەراستی دووشتی لەیەکتر جیاوازن، بۆیە لەپەرلەمان بڕیارێکمان هەیە ئەوشتانەمان قەدەغە کرد، ئێستاش نابێ بڕیارێک بدەین کە هەڵی وەشێنینەوە، یا گومرگ وەربگرن، یا ئەوەتا ئێمە لەسەر بڕیاری خۆمان سوور ئەبین، ئەگەر دام ودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ هەندێ ئیجرائات بکات، ئەوە بوارێکی تری هەیە، مناقەشەیەکی تر ئەیگرێتەوە، کە بەرای من پەیوەندی بەم موناقەشەیەی ئێستاوە، ئێمە بڕیارێکی ئاشکرامان هەیە ئەوشتانەی کە دیاری کراون لەو بڕیارەدا نابێ ئاو دیو بکرێن، ئەگەر ئاودیو دەکرێ، ئەوە دوو ئەگەر هەیە: قانونی بۆدانراوە کە ئەوانە وەکو قاچاغ بگیرێن ودەستیان بەسەردا بگیرێ، ئەگەر دەزگا ڕەسمیەکان ناتوانن ئەوە بکەن، بەرای من ئەوەبابەتێکی ترە، مرۆڤ دەتوانێ گفتوگۆی لەسەر بکات کە چ بکرێ، حەزم دەکرد ئەمە بکرێتە خاڵێک ونەکەوینە گفتوگۆیەکی ( بێزەنتی) ولەسەر ئەم بابەتە کە لێی دەرباز نەبین، بکرۆزێینەوە بڵێن حکومەتی کوردستان تەنها ئەو داهاتانەی هەیە ئەگەر ئێمە نەیکەین ئەوان هەر ئەیکەن، ئەگەر وابێت بۆ حوکمڕانی بکەین؟

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر یەک خاڵم هەیە، بەراستی چەندمان گومرگ دەست دەکەوێ دوو ئەوەندەمان دەڕوا، یانی ئەوە بەرزەفتی (ضبط) بکەین، گرنگی بدەینە سنوورەکان، بۆ نموونە هەزار ئاسایش وفەرمانبەرانی گومرگمان هەنە لەناو شارەکان دا پارەیەکی زۆر وزەبەند وەردەگرن وبا لەسەر سنوورەکان دابنرێن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو لیستانە، ئەوە بڕیارانەی پەرلەمان کە هەندێ شتی قەدەغە کردووە، هەتا لەناو تۆمارەکەشدا هەبێ هیچ کاریگەریەکی وایێ نییە، لەمادە سێ دا کە دەنگمان لەسەر دا (تبقى نافذة المفعول، القيود والموانع المفروضة على بعض المستوردات والصادرات) تادوایی، هەروەها ئەگەر سەرنجی لێ بدەین لەناو لیستەکەدا زۆربەی ئەومادانەی دەچنە دەرەوە لەبەرامبەری نووسراوە قەدەغەیە، هەر چەندە لەناو تۆمارەکە دایە، چونکە ئێمە بۆمان ناکرێ هەرجارێ ئەو شتەی کەقەدەغەی لەسەر هەڵستا بێتەوە ناو پەرلەمان بۆ ئیجرائات وەرگرتن، بەڵکو ئەوە شتێکی زۆر عەمەلیە، چونکە لێرە بەدەقی مادەیەک پێوەند کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر مادەکان و مادە، مادە وەکو وتمان بابەت بە بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەین وبزانین چی دەکرێ و چی ناکرێ؟ ئەوە باشترە بۆ ئەوەی مەبدەئەکە روون بێ، لیژنەی ئابووری سێ، چوار خاڵی سەرەکی هەبوو جەنابی وەزیری دارایی وئابووری رەئی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو تێبینیانە، برادەرانیش لەم لاو لەو لا هەندێ تێبینیان هەبوو ئێستا بکەوینە گفتوگۆ بۆ ئەوەی شتەکە روون بێت کە ئەڵێی (١٠٠) یا ١٠٠٪ یا بەژمارە هاتووە بۆ ئەوەی برادەران بزانن بۆچی ئەمەکراوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە وبزانن رای لیژنەی ئابووریش چییە بەرامبەر ئەو بابەتە و، لەسەر ئەو بنەمایە گفتوگۆ بکەین.

**بەڕێز:حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەم: ئاژەڵی زیندوو بۆ پەروەردە و بازرگانی یا چاک کردنی رەگەز:

| بابەتەکان | پێوەری باج بۆ دانەیەک | بۆ ناو هەرێم | بۆ دەرەوەی هەرێم |
|---|---|---|---|
| ١- وڵاغی بەرزە ئەسپ ومابن و، هێسترو، کەر | ١٠ | رێژەکەی فەرامۆش کراوە | هەم فەرامۆش کراوە |

خانەی پێنجەم تایبەتە بە ئیبراهیم خەلیل

تێبینییەکان

ئەبێ رەزامەندی کشت وکاڵ دەربارەی پێوەر کردنی وەرگیرێ پێوەری باج بۆناو هەرێم — بۆدەرەوەی هەرێم

| دانەیەک | رێژە نرخ، | رێژە، نرخ | تایبەت بەئیبراهیم خەلیل، | بەرهەم بۆدەرەوە، | تێبینی یەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- وڵاغی بەرزە وهەسپ، ماین، هێستر، کەر، | دانە | . | فەرامۆش | . — | ئەبێ رەزامەندی کشتوکاڵی هەبێت. |
| ٢- مەڕ، بزن، شەک، تەگە، کاور، گیسک | جۆت | ١٠٪ | ١٠٠ | بریار | |
| ٣- پەلەوەر (مریشک، قەل، قاز، مراوی، ئیتر | دانە | ٥٪ | ٢ | بڕیار | |
| ٤- ماسی زیندوو بۆ پرۆژەی بەخێو کردن | — | | فەرامۆش | بڕیار | |
| ٥- گا، مانگا، چێڵ، گولک (گوێرەکە) | دانە | ١٠٪ | ٢٠٠ | | |
| ٦- گامێش | دانە | ١٠٪ | ٥٠٠ | | |
| ٧- بەراز | — | — | — | — | |
| ٨- شانەهەنگ | دانە | | ٢٥ | ٥٠ | |

٩- هەندێ بابەتی کێوی تر                    دانە          ٢٥

١٠- گۆشت لەرێژەی خواردەمەنی باس دەکرێت

پێنجەم : گـا ، مـانگا ،چێڵ، گـولک گـوێرەکـە) بەدانە ئەبێ لە ١٠٪ دەبێت نرخەکـەش (٢٠٠) دەبێت، شەشەم گامێش حەوتەم بەراز یان هی تر، گامێشەکە (٥٠٠) ی بۆ دانراوە، بەراز، یان هێستر لەبابەتی بەران، شانە هەنگ وهەندێ بابەتی کێوی تر، گۆشت لەرێزی خواردەمەنی باسی دەکرێت، ئەوانەش بەدانە حسابیان بۆ کراوە نرخەکەش (٢٥)ە تێبینی یەکیش هەیە بۆ گۆشت کە لەریزی خواردەمەنی باس دەکرێت ئەلێ ئاژەلەکە ئەگەر بێچووی لەگەڵ بێت پێش گۆشتەکەیە ئەوا لە (٥٠٪)ی دەخرێتە سەر باج ئەوە بەشی یەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەشی یەکەم، لەم بەشە چ تێبینییەک هەیە؟ تکایە برادەران ئەوانەی دەیانەوێ قسـە بکەن با ناوەکـانیـان بنووسین، داوا دەکـەین دوو تێبینی رەچاو بکەن «یەک» بەکـورتی وبەچڕی بدوێن وئاگاداری کات بن، دووەمیش دووبارە نەبێت، ئەوەی کە لەلیژنەی ئابووری هات پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە چونکە ئەوان دەرسیان کردووە تەنها ئاگاتان لەکاتەکە بێ، تێبینییەکی تریش هەیە لە قسە کردن دا لەمەودوا دەبێت ئاگامان لێ بێت، چونکە پرۆتۆکۆلەکە پاک نووس دەکرێت کە بەراستی کارەساتێکە خوا یارمەتیان بدات چۆن تەمییز دەکرێ وچۆن پاک نووس دەکرێ؟

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

دەبێ ئێمە لەکوردستاندا هانی ئاژەڵداری بدەین، پێویستە وشەی (نسبە) لەسەرەوە لاببرێ، واتە رەسمی گومرگ بەڕێژەی سەدی نەبێ، واباشترە کە بڕێکی براوە (مقطوع) بێ بۆ هەر سەرێک، یان جووتێک ئاژەڵ دوای ئەوەی لایەنی کشتوکاڵی هەبێ، بەرای من ئەو رەزامەندییە پێویست ناکات، چونکە کوردستان هەمووی پێویستی بەئەسپ ومایین نابێت، گرفتێکی تر بۆ خەڵک دروست دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـاجی نامق مـەجید:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێم وایە ئەگەر ئەو لیستە بەو جۆرە بڕوات بەراستی لەوانەیە چەند دانیشتنێکی تریشمان بوێت، من پێم وایە وەکو رەئیەک لیژنەی تایبەت ئەگەر لەسەر هەر بەشێک تێبینی هەبێت، بەڕێزان هەر ئەندامێکی پەرلەمان تێبینی لە سەر هەر بەشێک هەبێت ئەوان بابە دیاری بخەن ودەنگدانەکەش بەش بەش بێت، ئەو پێشنیازەش دەکەم، چونکە لەوانەیە بە مانگێک تەواو نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا وامان کردووە، بەش بەش گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لیژنەی ئابووری کە دەرسیان کردووە با تێبینییەکانی خۆیان بڵێن، ئەگەر برادەرێک پاش ئەوەی دەیخوێنێتەوە تێبینییەکی زیادەی هەبێت

ئەوا دەیخاتە روو، بەش بەش دەبێ بخوێندرێتەوە، دووەمیش چونکە ئەم خشتەیە هەموو ئەندامان نیانە، لەراستیدا لاپەرەکانی زۆریشن توانامان نەبوو لێرە هەمووتان بۆ روونووس بکەینەوە، لەبەر ئەوە چارەی ترمان نییە ودراوە بەهەردووکتلەکان ولیژنەی یاسا وئەوانە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پێویستمان نەزانی ئەم (١٠) کتێبە دابەشی بکەین بەسەر (١٠٥) ئەندام دا ئەمەمان بەباش زانی با بەم شێوەیە بڕوا، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دەربارەی ئەو تێبینیانە، ڕێژە بمێنێتەوە باشترە من لەگەڵ ئەوە نیم ڕێژە لابچێت، بۆ ئاسان کردنی ئیش وکاری خەملێنەرەکان دووەم دەربارەی ئەوەی بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێ مۆڵەت بدات ئەوە هەر چ پەیوەندی بەمەسەلەی بازرگانییەوە نییە ئەوە پەیوەندی بەمەسەلەی دروستی ئاژەڵیشەوە هەیە، هەندێک جار ئاژەڵ نەخۆشی تیادا بڵاو دەبێتەوە لە وڵاتێکی دراوسێ دا، وەزارەتی کشتوکاڵ زانیاری هەیە قەدەغەی دەکات، ئەڵێ نابێ ئێستر بێتە کوردستانەوە، لەبەر ئەوە نەخۆشی هەیە، بۆیە ئێمە ئەو مەرجە جەزائییەمان تێ خستووە کە ئەبێ ئەوان رەزامەندی بکەن، دەربارەی ئەوەی کە ئاژەڵێک بەچکەی لەگەڵدا بوو لە ٥٠٪ دەخرێتە سەر باج مەبەس لەوە نییە کە ٥٠٪ ی نرخی دا یکانەکەیە ئەگەر (١٠٠) دینار لەجوتێک مەڕ سەندرا یەک مەڕ دەکاتە (٥٠) دینار بەرخێکی لەگەڵ بوو (٢٥) دینار زیادی دەخرێتە سەر، ئا بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینییەکی تر هەبوو کاک دارۆ ئەڵێ نابێ بنووسرێ (نرخ) دەبێ بنووسرێ (باج)، ئەگەر تێبینی تر هەیە بزانن چۆنە؟

**بەڕێـز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

خۆی لەئەسڵدا نووسراوە پێوەری باج بۆ هەردانەیەک واتا مەسەلەکە (باج)ە بەڵام باج دوو جۆری هەیە، هەیە بەنرخ، بەقیمەت دانراوە بەمەبلغ دانراوە هەیە بەرێژە دانراوە، ئەوە بۆیە ئەو جیاوازی یە بووە، واتا بۆ ئەوەی (رێژە ومبلغ) لێک جیا بکرێنەوە، یەکیان بەرێژە ناونراوە، یەکیان بەناوی نرخی باج، یەکێک بە(سعر)، یەکێک بە(نسبەت)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

یەک تێبینی تر ماوە ئەڵێ لەم خانەیەدا ئەوەی تایبەت بە (ئیبراهیم خەلیل)ە نەمێنێت.

**بەڕێـز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تکایە ئەم مەسەلەیە لەپێشەوە چار بکرێت، چونکە هەموو لاپەرەیەک هەڵدەیتەوە هەردوو مەسەلەی تیایە حەقلی ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ (رێژە)، ئەوجا ئەوە یەک لای بکەنەوە، چونکە ئەوە

ئاكـامی تاقی کـردنەوەیە، ئەنجـامی ئیش کـردنی مـاوەیەکی دوورو درێژە هەرهی خـۆمـان نا هی ئەوانەی پێش ئێمە، هی ئەوانەی چەندین ساڵە لەگومرگەکان ئیش دەکەن، خەڵکی وامان هەیە (٢٥ تا ٣٠) ساڵ تاقی کردنەوەی هەیە لەگومرگ دا ئەوانە بۆچوونەکەیان وابووە کە ئەمە شتێکی باشە، لەخۆمانەوە نەمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئا، بەڵام ئێستاکە ئێمە باسی ئەم بەشە دەکەین وئەمەش هیچی لەسەر ئیبراهیم خەلیل نییە.

**بەڕێز دارۆ شـێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

قەیدی ناکا، چونکە ئەوە خشتەیکە لە هەموو لاپەڕەکانا دووبارە دەبێتەوە، نابێ لەیەکەم لات برد ئۆتۆماتیکی لەوانی کەدا لاچێ، چونکە ناونیشانی ئەوانی دیکە نەنووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

تێ دەگەم، بەڵام لەم بەشە هیچ هێمایەکی تێدا نییە، ئەمە تایبەتە بە (ئیبراهیم خەلیل).

**بەڕێز دارۆ شـێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەگـەر جەنابت سـەرنج بدەی ئەمـە یەکـەم لاپەڕەی خشـتـەکـانە، لە یەکـەم لاپەڕە درێژەدانـەکـەی نووسراوە بابەتەکان چین بۆ ناوهەرێم وبۆ دەرەوەی هەرێم، تایبەتە بە ئیبـراهیم خەلیل، لەلاپەڕەی دووەمەوە ئیتر ئەو حەقلانەی سەرەوە نە نووسراوەتەوە، چونکە یەکەم جار نووسراوە ئیتر قنیـاتی پێکراوە، ئەگەر لەیەکەم لاپەرە لای بەرین ئیتـر ئەوانی تر بێ ناونیشـان دەمێننەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بە بۆچوونی من بابەتی ڕێژە لەوانەیە زۆر کێشـەمـان بۆ پەیدا بکات وزۆر جیـاوازیمان بۆ پەیدا بکات لەقرساندندا، چونکە ئەوکاتە بابەتی ڕێژە دەکەوێتە دەست تەنیـا خەمڵێنەری گـومرگ وهەمووشمان مەترسیمان ئەوەیە، زۆربەی برادەران لێرە دەیان جار زیاتر ئەو بابەتەیان باس کردووە کەوا دەستگایەکانی گومرگ لەرادەی ڕووداوەکاندا نین و وەکو پێویست یش نین، ئەوجا بۆیە کە هەر لەسەرەتاوە وەزارەتی دارایی دەبێ مەبلەغەکە دیاری بکات، بۆ نموونە جوتێ مەڕ ئەگەر دەرچوو بۆ دەرەوەی سنوور بڵێ ئەوەندە گومرگیەتی، هێستریک هات بڵێ ئەوەندە گومرگیەتی، بۆ ئەوەی بواری اجتهـادی فەرمانبەری گومرگ نەبێت دەستی تێوەر بدات، چونکە لەوانەیە ڕانە مەڕێکی بەکن دا دەڕوات جۆتی مەڕ دەقرسێنێ بە (٢٠٠٠) هەزار دینار لەوانەیە کابرایەکی تر بەتەنیشـتی دا دەڕوات ئەم بە (١٠٠٠) دینار دەیقرسێنێ. پێوەری ئەوە چی یە، دەربارەی قرساندنی فەرمانبەری گومرگ؟ بەبۆچوونی من فەرمانبەری گومرگیش بەو شێوەیە نییە وابزانین

که جێگای مەترسی نین وبۆی هەیە بەسەدان هەزار دینار زەرەرمان لێ بدەن بۆ هەندێ دەسکەوتی تایبەتی خۆیان، بەڵام ئەگەر دیاری کراو بێت بۆی نییە بتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی لەپەرلەمان دەرچوو کەدە ەڵێت الیات وئاژەڵ قەدەغەیە بچێتە دەرەوەی وولات ئەوە، ئەگەر ئێستا بێت وگفتوگۆ لەسەر باج بکەن لەم خشتەیەدا کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ مادەی (٩) کە دەڵێ (لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون) تکایە ئەوە یەکەم دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت ورەزامەندی بکەین بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ منیش ئەم رایەم هەیە، وەکو گوتمان ئێمە بڕیارمان هەیە، یان ئەبێت بڕیارەکەمان هەڵوەشێنینەوەو مۆڵەت بدەین بەم شتانەو، بەگومرگ رابگەیەنین کە بڕیارێکمان هەیە و ئەم بابەتانە گفتوگۆ نەکرێت، چونکە ئەوەی خۆمان هەڵ دەوەشێنێتەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئەڵێت با ئەمە گفتوگۆ نەکرێت، چونکە ئێمە بڕیارێکمان هەیە ئەمە تەنیا بۆ ناوەوەی هەرێمە، ئێوە قەدەغەتان نەکردووە بۆ ناوەوەی هەرێم، حەقلی دەرەوەی هەرێم هیچی تێدا نییە، چونکە نووسراوە بە بڕیار قەدەغە کراوە ئەوە هەمووی دەرس کراوە، دووەمیش کەبرێتی یە لەمەسەلەی رێژەو خەملاندن جارێکی تر ئەگەرێمەوە بۆ هەمان قسە، دیارە ئەگەر باش ئاگامان لەیەکتری بێت، هەندێ حاڵەت هەیە ئێمە قازانجمانە کە بەرێژە وەری ئەگرین بۆ نموونە دەربارەی مەڕ کە دێتە ناو کوردستانەوە، مەڕەکە ئێمە دیاریمان کردووە جوتی بە (١٠٠) دینار باشە لەپڕ نرخی مەڕ بەرز ئەبێتەوە کە تەنانەت بۆ بازرگانی بێت بۆ سەر برینی ناوەخۆش بێت هەر حەیوانێک (٥) هەزار بکات، (٣٥٠٠) دینار بکات (٤٠٠٠) دینار بکات، بۆ تۆ هەر (٥٠)ی لێ وەردەگری (١٠٠٠) یش بکات هەر (٥٠) ی لێ وەرگری ئەوە غەدرە، ئێمە غەدر لە بودجەی هەرێم ئەکەین، بۆیە ئەوحاڵەتە دانراوە کەهەردووکی وارد بێت یان لە ١٠٪ وەردەگرێ، یان مەبلەغێکی دیاری کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا با ئەو بابەتە بڕێنینەوە، لەراستیدا مەسەلەی رێژە دانان دەربارەی نرخ ورێژە زۆر باس کرا، وابزانم بابەتەکە روونە چ درێژە پێدانی تری ناوێ بۆ ئەوەی بیبڕێنینەوە، من ئەیخەمە دەنگ دانەوە، چونکە ئەمە دووبارە ئەبێتەوە، مرۆڤ کە بیری لێ ئەکاتەوە هەردوو بۆچوون مەنطقی تێدا هەیە، کەشتیش مەنطقی تێدا هەبوو لەهەندێ جێگاش منطق نییە، بۆ نموونە ئێستا ئێمە ئەتوانین

مەڕوبزن وگاوگامێش ئەوانە یەک، دوو، سێ، چەند لە لۆری یەک بکەین، هەندێ را دەڵێ کە ئەوانەی دێتە ژماردن وئاسانە بۆچی بەرێژە داینێین؟ لە ١٠٪ یان لە ٢٠٪ باجی لەسەر وەرگرین؟ با بەدانە بێت، جووتی (١٠)دینار، (٢٠) دینار، (١٠٠) دیناری لێ وەربگرین، ئەوەی کاک داراوێش فەرمووی راستە ئێمە ئەزانین بازاڕی ئێمە جێگیر نییە، کتوپڕ جوتێکی مەڕ لەهەزار دینارەوە ئەبێت بە (٢٠٠٠) دینار باشە جووتی هەر (١٠) دینارەکەی لێ وەربگرین، یا ئێمەش بەگوێرەی بازاڕی رۆژ زیاد وکەمی بکەین؟ ئەوە زەرەر دەکەین لەو بابەتە، یا پشت بەو لیستانە ببەستین کە پێمان ئەدەن، بڵێین نرخەکەی ئەوەندەیە، لە ١٠٪ مان لێ وەربگرە ئێمەش ئەزانین ئەو لیستانە چۆن دروست ئەکرێن، ئەگەر ماوە بدەن برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان مەسەلەی رێژە ونرخ ئێمە ئەیهێڵینەوە بۆ سبەی، ئەم شەو هەردوو فراکسیۆن بیرێکی باشی لێ بکەنەوە، ئەمرۆ بەینی خۆیان ئەندامانی پەرلەمانیش با بیرێکی باشی لێ بکەنەوە، لەسەر مەسەلەی رێژە و نرخ. دانیشتنی ئەمرۆمان کۆتایی هات، بەیانی سەعات (١٠) دائەنیشینەوە، جارێکی تر بەردەوام ئەبین لەسەر گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە وسوپاستان دەکەین بۆ ئەمرۆ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/١١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/١١/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠) سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/١١/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پاڵاوتنی بەڕێز عیدۆ بابە شێخ بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان لە جێگەی بەڕێز حسەن ئەحمەد کوێستانی.***

***٢- تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای گومرک (التعريفة الگمرگية).***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەکی یە، خاڵی یەکەمیان ئاڵوگۆڕێکە لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە، لەجیاتی کاک حەسەن ئەحمەد کوێستانی کاک عیدۆ بابە شێخ پاڵێوراوە بۆ ئەندامەتی پەرلەمان، نازانم ئامادەیە.. یا نەء؟ خاڵی دووەمیش بەردەوام بوونە لەسەر کاروباری خۆمان، کە لەسەر یاسای تەعریفەی گومرگییە، وابزانم هیچ لە تازەبابەت نییە، قەول بوو برادەران دەربارەی ئاوی زاخۆ شتێکمان بۆ بنووسن لەبەر ڕووناکی ئەوەوە ئاگاداری ئەنجوومەنی وزەیران بکەین. خاڵی یەکەم پێشنیازەکە ئەوەیە کە لە جێگای کاک حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کوێستانی کاک عیدوبابە شێخ. لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنەیە؟ تکایە دەستی بەرزکاتەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. دەست بەرز کرایەوە.. بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا پێویستە کاک عیدۆ بابە شێخ بەرامبەر بە پەرلەمان سوێند بخوا ئینجا باکەرەم بکات.

**بەڕێز عیدۆ بابەشێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزییەوە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لەیاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بەرژوەندییەکانی گەل بپارێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەخێر هاتیت و، پیرۆزباییەکی گەرم لەکاک عیدۆ بابە شێخ دەکەین، هیوادارین بوونی لەناو پەرلەماندا ببێتە مایەی پێشکەوتن و چالاکی زیاتر.

دێینەوە سەر خاڵی دووەمان، ئەگەر برادەران بفەرموون کاک حسێن و کاک جەمیل، ئەگەر روونکردنەوەیەک پێشکەش بکەن، برادەرانی راگەیاندن، وابزانم ئێوە ئیشتان تەواو بوو ئەم دانیشتنە بەردەوام بوونی دانیشتنی دوێنێیە، کە دانیشتنێکی داخراوە، جا لەبەر ئەمە برادەرانی راگەیاندن دەبێ مۆڵەتمان پێ بدەن.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو شاند (وفد)ەی کە رۆیشت بۆ برۆکسل حەق وابوو راپۆرتیان بنووسی بایە شتێک بکرێ کە ئاگادارین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها گفتوگۆی رەسم و ژمارەکانە، هەرچەندە ئەویش لە ئەنجام دا بڵاودەبێتەوە. چونکە لە نێوان یاسایەکەدایە، لەسەر داوای وەزیری دارایی پێشنیازێکی وای کرد کە ئەگەر بکرێت، چونکە لەوانەیە رابکێشرێن بۆ هەندێ بابەت ئەو بە بەرژەوەندی نەدەبینی کە بەو شێوەیە باس بکرێ، پاشان ئێمە خستمانە دەنگدان و رەزامەندی لەسەر کرا، ئەوەش تەنها خشتەکەیە، وتمان بەردەوام بین لەسەر ئەو شێوازەی کە دوێنێ لەسەری پێکهاتین با جێگیر بێت، با بزانین چ بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوای لێکۆڵینەوەی، ئێمە گەیشتینە ئەوە کە لەگەڵ هەر دووکیان داین، چونکە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە، کە ساختە و دزی وشت دەکرێ و ئەو دزیانە کە تا ئێستا کراون، بەیاسا نەکراون یاسا هەبێ هەر دەیکەن یاساش نەبێ هەر دەیکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەین چۆن لە وەزارەت هاتبوو رێژەکان بمێنن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوێنێ وابزانم لەسەر ئەو خاڵە، کە رێژە ونرخ هەبێ یان نەبێ، دواخرا تاکو ئەندامان بیر دەکەنەوەو رای خۆیان دیاری دەکەن، لەسەر ئەو خاڵەی کە ئێمە قانوونێکمان دەرکردووە کە ناردنە دەرەوەی مەکینەکانمان قەدەغە کردووە، ئایا ئەمەش هاودژی دەکات لەگەڵ ئەم یاسایە یا نە؟ وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا لە پەرلەماندا کە شەو بیرمان لێ کردۆتەوە ئەو خاڵەی کە دەڵێ رێژەو نرخ هەبێ با یەکیان هەبێ و یەکیان نەبێ بەلای منەوە هەر دووکیان هەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
باسمان نەکردووە جارێ، یانی ئێوە لەگەڵ ئەو رایەن کە هەر دوو بمێنن، نرخ و رێژە؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
کە هاتینە سەری ئینجا باسی دەکەم کەواتە هەردووکی پێویستە، چونکە بەپێی بەندی چوارەم و پێنجەم دەبێ نرخەکە هەر جێگیر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
دوێنێ لەسەر ئەوە زۆر دواین. مادام وایە لەمەودوا گفتوگۆ لەسەر ئەو خاڵە ناکەین، هەر دوولاو ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە یەکن کەوا هەر دوو بمێنن، خاڵێکی ترمان هەبوو لە خشتەکەدا کە باسی مەکینە و شتی تر دەکات، ئێمەش وەکو پەرلەمان بریارێکمان هەیە قەدەغەی دەرچوونی دانەوێڵە و مەکینە و شتمان کردووە، ئینجا لێرەدا جێی خۆیەتی کە بزانین چۆن ئەوە دەبڕێنینەوەو، بزانین لەسەر ئەو خاڵە راتان چییە؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
ئەو بریارەی ئێمە کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچووە ژمارە (٢١) دەڵێ (منع تصدير المكائن) ودێتە خوارێ بە هەموو شتەکان دا، ئەگەر ئێمە سەیری ئەو وشەیە بکەین، قەدەغەی ناردنەدەرەوە بکەین شتێکی کاتییە و هەمیشەیی نییە، ئەو قانوونە بۆ هەمیشەیە، دەبێ ئێمە نرخەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی ئەگەر مەکینە و هەر شتێک چووە دەرەوە، بەو پێیە پارەی گومرگ وەرگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
رێگا کردنەوە بۆ ئەوەی مەکینە و ئەو شتانە بچیتە دەرەوە دوولایەنی زۆر خراپی هەیە، یەکەمینیان لایەنێکی راگەیاندنە، زۆر جار گوناهبار ئەکراین بەوەی کە ئێمە بەتەنگ ئەم وڵاتەوە نایەین خۆمان بە خاوەنی نازانین و نامانەوێت ئاوەدان بکرێتەوە، بەمەوە زۆر جار لە هۆیەکانی راگەیاندن ودەزگاکانی راگەیاندنی دەرەوەدا تۆمەتباریان دەکردین، ئەگەر ئێمە بەرێگایەکی یاسایی رێگای پێ بدەین واتا خۆمان بەدرۆ ئەخەینەوە ئەمە خراپ ئەکەوێتەوە لەسەرمان، دووەمیان: ئەگەر ئەو رێگایە بکرێتەوە دڵنیام کە پایسکلیش نەمێنێت نەک هەموو جۆرە مەکینە و شتێک، گشتی ئەکرێت بەو دیودا، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
وابزانم دوێنێ بریاردرا کە هەر دوو فراکسیۆن کۆ دەبنەوە ویێک بێن، بەڵام وادیارە، د.کەمال

بواری نەبووە برادەران ببینێ و تێیان بگەیەنێ، من بەیانی بەناوی فراکسیۆنی زەردەوە لەسەر ئەو دوو سێ خاڵەی کە دوێنێ مابووە رێکەوتین بۆ بابەتی «نسبەت» هەردوولا کۆکین بەو شێوەیە بڕوات، دەمێنێتەوە، مەکینەکان وشتی تر، یەکەم بڕیارێکی پەرلەمانە ئەگەر بێت و ئێمە شتێکی وا بڵێین مانای وایە دەقی یاساییەکەی دوێنێ مادده(٣)ی کە ئێمە راستاندمان، رای دەگرین، چونکە سەرپێچییەکی یاساییە، لەوەشدا کاک د.کمال وای تێگەیاندم لە هەر دوو م.س ئەم بابەتە باس کراوە، لەبەر ئەوە ئێمە هێشتمانەوە تا لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی قسە بکەین بۆ ئەوەی بیخەینە شێوەیەک کە لەسەر ئەوە پێداگرین کە مەکینەکان نەبردرێنە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ باسی ئەوە ئەکرا، کە مەکینە و شۆفەڵ و قەڵلابە دەچنە ئەو دیو، بەرای من دوو شتی جیاوازن دەبێ ئەمانە لە کوردستان بن، ئەوە شتێکە پێویستە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەی بکەین، یانی ئەوەی لە هەولێر یا لە سلێمانی یا لە دهۆک بڕوات، چونکە ئەوە موڵکی خەڵکی کوردستانە، وناشبێت ئێمە بواری خەڵک بدەین بیان باتە دەرەوە بۆ فرۆشتن، ئەوەی دیکە کە دوێنێ من کەتێی گەیشتم لەبەڕێز وەزیری دارایی ئەوانە بوون کە لەناو رژێمەوە دێن وەکو ئۆتۆمبیل وهەموو کاڵایەکی تر، ئێستا خورما ومەڕ وشتی دیکە دێت حەقی ترانزێتی هەیە، ئەگەر وابێت حەقە هەموو شتێکی تر کە ترانزێتی داوا دەکەن بۆ ئەوەی بە کوردستان تێپەڕ بێت ئەمە قەدەغە بکەین، یانی ئێمە ئەتوانین کە بڵێین بەڵی خورما لە بەغداوە بێت و بڕوات بۆ ئێران. یاخود مەڕ لەوێ دێت وبچێت بۆ تورکیا، با بواری پێ بدەین ئەگەر هات و شۆفەڵێک بێت یا قەڵلابەیەک بوو قەدەغەی بکەین ئەوەش بەرای من ئەو شتانەی کە لەرژێمەوە دێن ئەوە حەقی ئێمەیە ترانزێتی لێ وەربگرین، بەو شێوەیە دەتوانین کۆنترۆڵیشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. محەمەد فوئاد مەعسوم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەشەی کە کاک ئەحمەد باسی کرد من دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام بەراستی ئەومەکینانەی کە دەیانبەنە دەرەوە، بەنسبەت ئێرە ئەوە هی فەرمانگەو وەزارەتەکان جێگیر بووە هەریەکە چەندی بۆ ماوەتەوە، بەشی زۆری شکاوە، بەشێکی کەمی ساغ ماوەتەوە، ئەوەی کە جێگیر کرا وابزانم ترسی ئەوە نەماوە ببردرێنە دەرەوە. ئەوەی تر هەمووی ئەوەیە کە لەعێراقەوە دەرفێندرێت یاخود بەرپرسەکانی سەر سنووری حکوومەتی عێراق ئەوانە دەدزن و دەیانهێنن کە بۆ زانیاری هەمووان دیارە هاوکاریەکی تەواو هەیە لە نێوان ناوچەکانی وێک کەوتن (تماس) قسە لەگەڵ یەک ناکەن، بەڵام پێکەوە هاوکاری دەکەن کەبیانهێننە ژوورو بیان بەنە سەر سنوور ئەو رێگایە زەحمەتە بگیرێ، بەڵام گومرگێکی باشی لەسەر دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەشی یەکەمی، کە چوونە دەرەوەی مەڕو بزن و ئەوانی تر بۆ بردنە دەرەوەی هەرێم لەنرخا ئەڵێت بڕیار هەیە واتا بۆ ئەو چوونە دەرەوە، ئەگەر بڕیارێک هەیە بۆ نەچوونە دەرەوەی قەڵابە و لۆری و مەکینە و ئەوانە، بڕیاری پەرلەمانەو ئەو پاساوانەی کە ئەهێنرێتەوە، بەرای من پاساوی بەجێنە بۆ ئەوەی کە داهات پەیا بێت بۆ هەرێم، لەم وەختە دژوارەدا پێویستە بڕیارێک دەرچێت لەسەرەتاوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی کە پەرلەمان داویەتی کە هیچ جۆرە مەکینەیەک نەچێتە دەرەوەی هەرێم هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک نەژادم، چونکە ماقوول نییە بڕیاری قەدەغە کردن بدەین و لێرە خشتەیەک دابنێین بۆ شتەکان، من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەو بڕیارانەی کە هەن هەڵبوەشێنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا نیم بوار بدەین ئۆتۆمبیل ومەکینەکان بچنە دەرەوە، ئێستا کە قەدەغە کراوە و دەڕوات وەکو بەڕێز کاک د.فوئاد فەرمووی ئەگەر بێت و ئێمە بوار بدەین بڕوات داخوا چ بوارێک دەکرێتەوە!؟ نا وەڵلا هەر دەبێتە پاشا گەردانی، باشە چ پێوەرێک هەیە؟ کێ ئەوە دیاری دەکات؟ کە ئەو ئۆتۆمبیلە لەناو رژێمەوە هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی گوشارو بڕیارێکی توند لەپەرلەمانەوە دەرچوو کەوا نەهێڵن هیچ مەکینەیەک ئاودیو بکرێت، ئێمە ئێستا چۆن بێین دوای پێنج شەش مانگ دەسەڵات بدەینە (عصاباتی مافیا) کە ئۆتۆمبیل ومەکینە هەتا لەناو رژێمیش بێن ئەو مەکینانە هی خەڵکن، خەڵک دەکوژن ئۆتۆمبیل و مەکینە دێنن بۆ ئێرە چی ئەوە زامن ئەکات، کە مەکینەی حکوومەتن و لێرە تۆمار کراون راستن؟ ئایا ناتوانن رەنگی شۆڤەڵەکە بگۆڕن؟ ناتوانن ژمارەی گرێدەر بگۆڕن؟ ناتوانن ژمارەیێکی تر دابنێن؟ من سەیرم پێ دێت کە ئێمە لە بڕیارێ خۆمان پاشگەز ببینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک بەختیارم چ زامینییەک لێرە هەیە ئەو ئۆتۆمبیلە ئی بەسرایە و رای ئەپێچی بۆ ئێرە؟ سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین (تەعریفەی گومرگیە)، ئێمە لەگەڵ کاک د.کەمال فوئاد

بڕیارماندا کە سۆراغێک لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی بکەین، بابەتی ترانزێت شتێکی مەبدەئییە بەلامانەوە، ئێمە گفتوگۆی تەعریفەی گومرگی دەکەین کە دوو شتی لێک جیاوازن، دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە د.فوئاد مەبەستی بوو، ئێمە لەبەر ئەوەی ناتوانین ئەو شتە بسەپێنین با بوار بدەین حکوومەتی هەرێممان شتێکی وای نییە دەری بخات کە ئەمە لەرژێمەوە هاتووە یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە مەکینە وئامێرەکان تەنیا لە ڕێگای حکوومەتەوە دێن، ئەوەی کاک د.فوئاد فەرمووی ئەوە ناتواندرێت لەمەودا بیکەین، لەکاتێکدا ئەو مەکینەو ئامێرانە لەدەستی خەڵکدا هەنە، دەتوانم بڵێم سەدجار بەقەدەر ئەو مەکینانە کە ئێستا لەدەستی حکومەتدا هەنە، دووەم مەسەلەی ترانزێت باسی دەکەین: ترانزێت لەسەر سنوورێکی ڕەسمی دەبێت، ئێمە سنوورەکانمان هەمووی هی قاچاغچیە، هەمووی عیبارەتە لەچەند دەستەیەک و هەر بۆ خۆیان هێمایان پێ داوە کە قسە لەگەڵ یەک ناکەن، بەلام هاوکاری لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بۆی هەیە هەیە شوفلێک لەپشتی بازگەکەوە بسۆڕێنێتەوە بێتەوە بڵێت هیچم نەهێناوە، ئەمە موڵکی میللەتە، ترانزێت مانای وایە سنورێکی ڕەسمیە وەک ئەوەی ئیبراهیم خەلیل و بۆی نییە هیچ شتێک بەوێدا دەربچێت، ئەوەی لە تورکیا دێت بۆی نییە شتێک بسوورێنینەوە، چونکە دەوڵەتێکە حمیایەی خۆی هەیە، بەلام ئێمە سنوورەکانی خۆمان کێ دەیانپارێزێ؟ هەموو شۆفەڵەکانمان دەسورێننەوە، هیچی ناگەڕێتەوە، هەمووی دەڕوات بەناوی ترانزێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم ڕۆژانەدا تراکتۆرێکیان دزی بوو هێنایان و بردیان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، لەجیاتی ئەوە ڕژێم (١٥) تراکتۆری خەڵکی دەست بەسەردا گرتووە بۆ خۆی ،وا دیارە دەڵێت هەتا ئەو تراکتۆرە نەگەڕێتەوە ئێمە ئەو پانزە تراکتۆرە نادەینەوە، بێگومان لەو ناوچەیە کشتوکاڵ وەستاوە لەبەر ئەو کردەوانە. باشە بۆ بوار بدەین ترانزێت، ئەگەر سوودی لێ وەرنەگرن بۆ زەرەری لێ بکەن؟ باشە بۆ ئەو مەکینانەی کە لە ڕژێمەوە دێن سوودی لێ نەکەین و دەستی بەسەردا نەگرین وتۆماری نەکەین بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یا ئەشغالەوە؟ باشە ئەگەر کوردستان پیویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەبێت بۆ ئەو مەکینانە ئاودیو بکرێت بۆ ئێران؟ سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی ڕێزم بۆ هەموو لایەک، هەروەها من لەگەڵ ڕای وەزیری داراییم بۆ زیاد کردنی داهاتی حکوومەت تاکو ئاوەدان بکرێتەوە، من پێشنیار دەکەم ئەو مەکینانە ئاودیو نەکرێن و مەکینەی تریش بکرێن تاکو سوودیان لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بەرای لیژنەکەمان نە مەکینە نە ئۆتۆمبیل نابێ ئاودیو بکرێن. بەڕێز سید حەسەن فەرمووی ئەمە ترانزێتە، ئەمە ترانزێتی ئێمە زۆر جیاوازە لەگەڵ رسومی گومرگی، بە لیست لەخاڵی سنووری داوا دەکرێت. کاک ئەحمەد بامرنی فەرمووی ئەگەر مەکینە وئۆتۆمبیل لەناو رژێمەوە دێن بیگرن زەرەرمان پێ دەگات، بەراستی بەلای مرۆڤەوە نموونەکان زۆر سەیرن، خورما لەکوێ و شۆڤڵ و ئۆتۆمبیل لە کوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

وەکو بەڕێز کاک نەژاد فەرمووی ئێمە بریارمان دا کە مەکینەکان نەچنە دەرەوە، من پێم وایە ئێستا وەختی ئەوە نییە ئەوە دوابخرێت، چونکە پێویست بەوە دەکرێت کە چاو بە بریارەکانی خۆماندا بگێــرینەوە، با پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت و دەرس بکرێت، ئەگەر بە بەرژەوەند زانرا چاو بە بریارەکەی خۆماندا دەگێرینەوە، دەنا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

وابزانم ئاڵۆزی لەمەسەلەکەدا هەیە دوو شت هەنە: ئاودیوکردن هەیە. ترانزێت هەیە، مەسەلەی ترانزێت بەباشی دەرس نەکراوە، باشتر وایە ئەوە پەیوەندی بە ترانزێتەوە هەیە، ئەگەر دابنرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی تر باشتر لێی بکۆڵینەوەو پرۆژەیەکی رێک وپێکتر پێشکەش بکەین، بەڵام مەسەلەی تەعریفە دەبێت بەشێوەیەک بێت لەگەڵ بریارەکانی ترمان دا بگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

مادام وایە...فەرموو کاک سەید.

**بەڕێز حـــــەســـــەن عـــــەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

بێگومان وەکو برای بەڕێزم کاک عەدنان گوتی (استیراد و تصدیر) شتێکە و (ترانزێت) شتێکی تر. ئێمە هەرگیز دزی وجەردەیی بەناوی (ترانزێت)ەوە پاساوی بۆ نییە، وەکو پارێزگارێک وەکو کاک سەعید فەرمووی، چۆن پاساو بۆ دزی و جەردەیی دەکەن؟ ترانزێت پاساو نییە بۆ دزی و جەردەیی بەڵکو بەشەرعی بێتە کوردستان و بە شەرعیش بچێتە دەرێ وەکو برای بەڕێزم کاک بەختیار گوتی، بەڵێ دەبێت ئێمە لە چارە بگەڕێین نەک پاساوی دزی و جەردەیی بکەین. ترانزێت کارێکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئێستا با بێ روونتر لەبابەتەکە بدوێین، ئێمە بریارێکمان هەیە کە قەدەغەی ئاودیوکردنی ئۆتۆمبیل

و مەكینەكان دەكات. ئەمە روونە لێرە ناوی كۆمەڵێک شت لەم خشتەیەدا هاتووە كە ئەبێت رەسمەكانیان بدرێت، واتا ئێمە گەر بەیاسا راستاندمان ئەو كاتە خاڵی گومرگ ناچارە دەست بەكار بێت، مەسەلەی ترانزێت منیش لەگەڵ ئەوەم كە گفتوگۆ بكرێت، ئەوەی لە بەغدا یا خوارەوە دێت ترانزێتە، لەوێ گومرگی بەرامبەر هەیە ئیزنی بدەن بێتە ئەم دیوەوە، ئۆتۆمبیل ومەكینە بەدزییەوە دێتە ناو هەرێم یا بە ئاشكرا دێت، قەدەغەیە شت لە كوردستانەوە ئاو دیو بكرێت. وەكو ئۆتۆمبیل ومەكینە، هەندێكی بە قانوون دەرباز بووە و بەڵگەش هەیە، ئەمە لە كاتێكدا بڕیارێكی پەرلەمان هەیە كە نابێت ئەو شتانە بچنە دەرەوە مادام گفتوگۆی ئەم خشتەیە ئەكەین دووشتمان لەپێشە هەر ماددەیەک كە بڕیاری پەرلەمان قەدەغەی كردووە ئەبێت ئێمە لەم خشتەیە لایبەین، لە پاشان وەزارەتی دارایی پرۆژەیەكی تری بۆ ئامادە دەكات ئەوە سەربە ئەوە، ناكرێت تصدیقی هیچ شتێک بكەین كە پێشتر بڕیاری پەرلەمانی لەسەر هەیە، ئەو ماددانەی كە قەدەغە كراوون بەبڕیاری پەرلەمان دەبێت لەم خشتەیەدا فت (شطب)ی بكەین.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێ لە برادەران باسی ئەوەیان كرد كە ئەم مەكینانە لە رژێم ئەدزرێ و بۆ دەرەوە دەنێردرێن، وابزانم ئەم بەتەنگەوە هاتنە لەسەر ئەوەیە كە بە نارەسمی لەرژێمی بەغدا ئەدزرێ و ئەندامانی بەڕێز ئەڵێن ئەمە ئی میللەتی عێراقە و ئەم رژێمە كە گەمارۆی لەسەر ئێمە دائەنێ و هەموو رۆژێ تەقینەوە لە جادەكان ئەنجام ئەدا ئەو حرصە ئەبێت بەشێوەیەكی رەسمی بێت ئەمە موڵكی میللەتی عێراقە. ئەوەی بەدەستی رژێمەوەیە وەكو موڵكی میللەتی عێراق نییە موڵكی رژێمێكی فاشیستیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا ئەكەم ئەو بابەتە گەورە نەكەین، برادەران كە شتێكیان گوتووە مەبەستیان ئەوە بوو كە هانی دزی و جەردەیی نەدەین، لام وابێ ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە دێن لێی نەنووسراوە كە ئەوە ئی كۆشكی كۆمارییە، ئەگەر رۆژنامەكانی بەغدا بخوێنیەوە دەبینێ خەڵكێكی بێ گوناح زەرەریان كردووە، خشتەیەكمان لەپێشە گفتوگۆ لەسەر ئەم خشتەیە بكەین، بڕیارێ پەرلەمانمان هەیە كە هەندێ شتی قەدەغە كردووە ئەو شتانەی كە قەدەغە كراوون بە بڕیاری پەرلەمان لە خشتەكەدا فت (شطب) بكرێن، ئەوكاتە با وەزارەتی دارایی خۆی پرۆژەیەک پێشكەش بكات لەسەر ئەوە بڕۆین وەكو مەبدەئێک بۆ ئەوەی ئەم دانیشتنانەمان تەواو بێت و، ئەمە هی حكومەتە، ترانزێتە، شتی ترە، جا ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بڕۆین بە رای من باشترە، رازین لەسەر ئەم بنەمایە كە ئێمە لەسەری بڕۆین؟ كێ لەگەڵە؟.. كێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێكڕای دەنگ لەسەر ئەو بنەمایە رازین، مادام وایە كاک دارۆ ئەگەر روونكردنەوەت هەیە؟.

**بەڕێـز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی باشـتـر بێ ئەوە بڕیار وایە یانی پێـویست ناکـات من بچـمـەوە ناو بابەتەکە، حـەز دەکـەم ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدەم. ئێمە دوێنێ کە گفتوگۆمان کرد ناکۆکیمان لەسەر ئەوە نەبوو، بڕیارێکی پەرلەمانە و ئەرکە لەسەرمان و لە قانوونە تازەکەدا جێگیر بووە، ئەمڕۆ و دوێنێ کە باسی ئەوە کرا من پێشنیاری ئەوەم کرد کـە لە کاتێکی تردا، پەرلەمان جارێکی تر بەو بڕیارەی خۆی دا بچێتەوە. هەرگیز من باسی ئەوەم نەکرد ئەمڕۆ پیا بچێتەوە، ئەو شتانەی کە بەستراون بە پاشکۆی قانوونەکەوە ئەوەی هاودژە لەگەڵ ئەو مادە یاساییە ئەبێ لاببرێ، بەڵام هەندێک تێبینی هەیە کە پێش لابردنی شتـەکـان ڕەها نییە لابردنەکە مەسەلە هەر چوونە دەرەوە نییـە، هاتنیشـە، دەمەوێ هەندێ هەموارکـردنی تازە پێشنیـار بکەم بـۆ ئێـوەی بەڕێز، سێ جۆر شت هەیە کە لەم تعریفەیەدا هاتووە، بۆ هاتنی ناو هەرێم تاریفـەیەکی گـومـرگی بۆ دانراوە و ئەمـە بەلای من کـە چاوی پێـدا بگێڕینەوە، پێش ئەوەی ببێ بە یاسا ئەویش کارگە بەرهەم هێنەرەکانن و لەگەڵ کەرستـەی کارەبا، ئەم جۆرانە پێشنیار دەکەم ئەگەر بەهەمان شت لە خشتـەکاندا باجی بۆ دانرابێ، باجەکە لابدەین و هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو هەرێم بێ باجی گومرگ بێ، تەنیا باجە گومرگیەکەی لێ بسێنرێ و ئێمە چ مەبدەئێکمـان نییە بۆ استیراد کردن، نە ئۆتۆمبیلی قەڵاوبەو ئەو شتە گەورانەی کـە پێویستیان بەهێنانی بکات بۆ کـوردستـان و نە کـەرستـەی کـارەبا، بۆ هاندانی ئیشـوکـار لە وڵاتی خۆمـاندا پێویست بەوە دەکات کە لە باجی گومری عەفو بکرێت، ئینجا ئەوە بەپێی بۆچوونی کۆن یانی پێش ئەم گۆڕینە، هەندێ گومرگی خراوەتە سەر، داواکارم کە ئەمەش لە خشتەکان دا لاببرێن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

پاشان ئەو تێبینییەی خۆت بدە ئەگەر وابێ با لەسەر ئەو بنەمایە بڕۆین، با کاک حسێن عارف کەرەم بکات هەر لەبەشی یەکەمەوە دەست پێ بکات. ئەوە تۆزێ گرفتی تۆمارکردنمان هەیە ئەگەر چارەگە سەعاتێک پشوو بدەین.

**دوای پشوودان**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەمـە دوو خاڵمـان چارەسەر کـرد، دەمێنێتـەوە سەر ڕای لیـژنەی ئابووری. بۆ گـومرگی ئیبراهیم خەلیل لەم نەخشەیەدا خانەیەک تەرخان کراوە، دوێنێ گفتوگۆی لەسەرکرا، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێـز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووری دەربارەی ئیبراهیم خەلیل لەژێر دەستی ئێمەیە (لا يجوز ان يكون هناك فرق بين الگمارگ الحدودية و نسبة مؤية للبعض وكمية محدودة للغير، ونفضل بالنسبة المؤية لجميع الگمارگ الحدودية في ابراهيم خليل وغيرها ....)، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وەکو دوێنێ وەزیری دارایی و ئابووری باسی کرد هەموو رەخنەیان لێ گرت، لەراستیدا گفتوگۆی ئەوە کرا، جا دوو را هەیە، یەکیان ئەوەیە کە ئەو گرفتە بمێنێتەوە، ئەوەی تریشیان ئەوەیە کە گومرگەکان لەسەرانسەری کوردستاندا یەک خرێن، ئەویش هەقە باس بکرێت، چونکە وابزانم لە هەموو لاپەڕەیەک ئەوە دێتەوە.

**بەڕێز دارۆ شـێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من دوێنێ دەسنیشانم کرد کە بۆ چییە؟ ئەمڕۆش دووبارەی ئەکەمەوە، چونکە وابزانم ئەبێتە دەنگدان، ئێمە ئەو جیاکردنەوەمان لەبەرژەوندی داهاتی هەرێمی کودرستان کردووە، چونکە ئیبراهیم خەلیل گرنگترین خاڵی گومرگییە کۆنترۆڵی تەواوی لەسەر دەکرێت لەوێ بە (مەنفێست) ئیش دەکرێت، (مەنەفیستیش) دەرئەچێت و یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی ترانزێت ، ئێمە ناتوانین هەمان باج بسەپێنین بەسەر هەموو بەشەکانی گومرگی دا، چونکە ئەگەر وابکەین ئێمە لەرووی داهاتەوە زەرەرمان دەبێت ئەو باجانەی کە لە شوێنەکانی تر وەری ئەگرین کەم و زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئیبراهیم خەلیل ئەمە یەکەم، دووەم حاڵەتەکانی تری گومرگ ئەگەر وەکو ئیبراهیم خەلیل مامڵەت بکەین داهاتمان دێتە خوارەوە لەخاڵە سنوورییەکانی تری گومرگی دا لەوانەیە بەکەرو بارببێت، لەوانەیە بەکۆڵی زەلامێک بێ ئەوە ناتوانێت موعامەلەی لۆریەکی لەگەڵدا بکەی کە ئەچێتە سەر میزان و ئەیپێوێ. خاڵی سێیەمیش ئەوەیە ئەو کەل وپەلانەی لە ئیبراهیم خەلیل دێنە ژوورەوە زۆر جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو کەل وپەلانەی لە خاڵە سنورییەکانی ترەوە دێن، تەنانەت لە جوریان، لە برەکانیان هەمووی جیاوازی هەیە، ئەوانەی کە لەم لاوە دێن(٩٥٪)ی تا(٩٩٪)کەل وپەلن لە ئێران دروست کراون، هەرچی ئەوەی(ابراهیم الخلیل)ە هەم تورکینە هەم ئی باقی تری دنیایە، ئەوە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین باسی ئۆتۆمبیل و، باسی دەرزی مەکینە هەمووی پێکەوە بکەین، بڵێی کە لە ئێران هاتوتە ژوورەوە بەهەمان شێوە لێی ئەسێنرێت. ئەوە کە لە ئێران دروست دەکرێت نرخ و بەهای خۆی هەیە، ئەوەی کە لەو لاوەش دێ بەهەمان شێوە، وەهەندێک لەو کەل وپەلانەی کە لە ئیبراهیم خەلیلەوە دێن کە گرنگن بە دۆلار نرخیان دیاری کراوە، ئێمە کاتێک کە دەڵێین بۆ نموونە جگەرە، یا خواردنەوە یا بابەتێکی تر لە ئیبراهیم خەلیلەوە دێتە ژوورەوە گومرگەکەی بەدۆلار ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەراستیدا دوو خاڵ هەیە، هەموو دنیا یەکەی تەعریفەی گومرگی هەیە، ماقوول نییە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر خاڵێک قانوونێکمان هەبێت یا خشتەیەکمان هەبێت وەک چۆن لە ئیبراهیم خەلیل ئەتوانرێت بەڕێژە یا بە نرخ بێ کە بڕیاردرا هەر دووکی بخەملێندرێت، لە گومرگەکانی تریش کە ماڵەکە ئەکەوێتە بەردەست و خەملێنەر دائەنیشن ئەتوانن هەمان شت

بکەن، ئەگەر پشت بە جیاوازی نرخ ببەستن وەکو جەنابت فەرمووت کە جیاوازی نرخ لە نێوان ئێران و تورکیادا هەیە بە هەمان نرخی شوێنی خۆیەتی (منشأ) ئەگەر برۆن هەر چۆنێک بێ لە ئێران ئەوە نرخی مەنشەئە بەلیست جێگیر کراوە ئەگەر هەبێت ئەوە لە تورکیاش ئەوهایە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەو بۆچوونەی وەزیری دارایی بێگومان بەتەنگەوە هاتنی لە ئێمە کەمتر نییە، حرصەکەی ئەوەیە کە داهات زیاد بکات. بەلام بەرای ئێمە لەبەردەم گرفتێکی یاساییدایین، چونکە وەکو جەنابت گوتت لە هەموو ولاتێکدا یەک تعریفەی گومرگی هەیە ناکرێت لە ولاتێکی خۆجێی، هەرێمایەتیدا ئێمە دوو تعریفەی گومرگی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بریارەکەی بەڕێز وەزیری دارایی بۆی هەیە مەنتیقی بێت، بەلام یاسایی نییە، لێرەدا بوارێک هەیە هەر وەکو جەنابت فەرمووت. دوو حالەتمان داناوە حالەتی رێژەیی و حالەتی پارەی دیاری کراو، لەو شوێنانەی تر ئەتوانن بە رێژەیی ئیش بکەن، بۆ نموونە بەهای ئەو شتە دەقرسێنێ بە(١٠٠) هەزار لە(١٠٪) نسبەتەکەی لێ وەردەگیرێت، چونکە قەت ناکرێت لە هەرێمێکی وا بچووکدا بکرێتە دوو سێ تعریفە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدوێنێوە گفتوگۆیەو هەمووش دوو وشەیە، ئەڵێی گومرگی لەسەر دانێن بروا، ئەمە لەوانەیە خۆشمان ئاودیو بکرێین ئەلێی نەڕوات، هەر ئەڕوات، هەقە ئەو برادەرە قانوونیانە حیلە شەرعیەکی بۆ بدۆزنەوە لەم سەر ئێشەیە رزگارمان بکەن، ئێستا وەزیری دارایی فەرمووی لە ماوەی چەند رۆژێکدا نزیکەی (١٢) کرێن چووە بەو دیودا، ئەمانە بەقاچاغ ئەڕۆن، گومرگیشی بخەنە سەر هەر گومرگ نادەن بە ئێمە، بۆ نموونە، ئەمرۆ کابرایەکم بینی ئەی وت وەرەقەی گومرگم دەوێت وتم بۆ چیتە؟ وتی بۆ دارایی وتم بۆچی؟ نازانم شتێک دەبەم هەتا دیانە، وتم بۆ (بانە) یا (دیانە)؟ کە چی وتی خۆ ئەوەش نەبێت خەلک هەیە بە «٥٠» هەزار بۆ منی ئاودیو بکات، دیارە، شتی تریان کردووە، وتم کاکە ئەوە بە من ناکرێت بۆ ئەو شتانە ناتوانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان قسەکانی بەڕێز وەزیر جێگای رێزو تەقدیری ئێمەن، بەلام هەر وەکو شێخ عەدنان وتی بەراستی وایە ماقول نییە لەولاتێکی بچوکی وەکو ئێمەدا دوو تعریفەی گومرگی هەبێت، واتا ئەگەر یەک خرێن زۆر چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز شێخ دارۆ شێخ نووری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وادیارە ئەخرێتە دەنگدانەوە، حەزدەکەم پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم ئەگەر ئەو حقلە هەڵبوەشێتەوە ئەبێ سەر لەنوێ دابنیشینەوە، خشتەی نوێ دروست بکەینەوە، دەبێت کاتێکی باشمان بدەنێ، چونکە ئەبێت کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بکرێت و گومرگەکان و خەڵکی لێزان بانگ بکرێن. بۆیە ئەبێت ئەم بابەتە دوا بخرێت، چونکە ئەو یەک خستنە ئەبێت دەرس بکرێت، چونکە پێشتر لێکۆڵینەوە بۆ ئەم شێوەیە کراوە بۆیە پێشکەشتان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا پێشنیارێک هەیە کە خانەی ئیبراهیم خەلیل یەک بخرێت، ئەمە مەسەلەی ئیبراهیم خەلیل وەکو پێشنیارێک هەیە کە ئەم خانەیە نەمێنێ، جا ئەمە بابەتێکی گرنگە بەراستی لەبەر ئەوەی بۆچوونەکە وایە کە سەرتاسەری کوردستان یەک تعریفەی گومرگی هەبێت وەکو لە هەموو جێگایەک هەیە، ئەوە وەزیری دارایی پێشنیارێکی بەرامبەری کرد ئەڵێت ئەگەر لەم خشتەیەدا ئەو خانەیەی لێ هەڵگرین ئەبێت دیسان جارێکی تر پێیدا بچینەوە، بەرای من ئەبێت ئەمە یەکلا بکرێتەوە، چونکە ناتوانین لەگفتوگۆکردندا بەردەوام بین، ئەم خشتەیە چونکە لە هەموو لاپەرەیەک دێتەوە ئەگەر ئەوە نەبڕێنینەوە وەکو دوو خاڵەکەی تر ناتوانین بەردەوام بین، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە وای بەباش دەزانین ئەمڕۆ بیرێکی لێ بکەینەوە، بەیانی وەکو ئەمڕۆ بەرایەکی یەکگرتووەوە، ئەگەر بێینەوە کە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دوو خاڵە بە شێوەیەک چار بکەین، ئەم خاڵەش مایەوە بەرای ئێمە خراپ نییە، چونکە بابەتێکی گرنگە، پەیوەندی بە داهاتی کوردستانەوە هەیە خراپ نییە ئەگەر ڕۆژێکیش دوا بکەوین لەگفتوگۆ کردنی، دواخستنی ئەم بابەتە لەوەیە باشتر بێت، بەیاری خوا بەیانی سەعات «١٠» بەرایەکی باشەوە دێینەوە.

دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو.. سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(١٦)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧/١١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٧/١١/١٩٩٣

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧/١١/١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەرنامەی کار:**

**١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای گومرگ.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی تەعریفەی گومرگی لەگەڵ تازە بابەت ئەگەر هەبێ. لەسەر پرۆژەی تەعریفەی گرمرگی مادەکانمان تەواو کرد تەنها خشتەکە کە تەنها دوو خاڵی مابوو لەم خشتەیەدا ئەو ڕەسمانەی ئەدرێت لەئیبراهیم خەلیل جودا کراوەتەوە لەگەڵ خاڵەکانی تر، دوێنێ باسی ئەوە کراو گەیشتنە ئەو ڕایەی کە یەکسانی هەبێت لەنێوان خاڵەکانی گومرگی ولەسەر بنەمایێکی تازە، بۆیە وا بڕیار درا دووبارە بگەڕێندرێتەوە بۆ پسپۆڕەکان بۆ ئەوەی دیسان کۆ ببنەوە و بگەنە ئەنجامێکی باش ولەم بارەوە وا باشترە کەوا دوای بخەین بۆ ئایندە بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێشتا باس لەوە نەکراوە کە ئایا ئێمە گەیشتووینە قەناعەت یا نەگەیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با ئەندامان ڕای خۆیان بدەن.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وابکرێ کەلە خاڵەکانی گومرگی لە پێنجوین وابراهیم خلیل وەکو یەک گومرگ وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵام وایان بە ئێمە ڕاگەیاند کەوا یەکخستنی گومرگەمان ڕای هەر دوو فراکسیۆنە.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەگەر مەسەلەکە وا باسی بکرێت کەوا گومرگ یەکگرتوو بێت ئێمەش ئەڵێین بایەکگرتوو بێت، بەڵام لەڕای وەزیری دارایی وا دەردەکەوێ کەوا شتی تری هەیە ولەم بارەوە من ناچمە ناو درێژە پێدانەوە، ئەوە لای ئەو خۆیەتی ئەو ڕوونی ئەکاتەوە کەوا بۆ چی لەهەندێ شوێن پێویستە جۆرێک بێت ولە هەندێ شوێنی تر جۆرێکی تر بێت؟ جا بۆیە ئەو کۆبوونەوە دواخرا بۆ ئەوەی وەزیری دارایی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەیەو ئابووری زانن دابنیشن لەم مەسەلەیە بگەنە ئەنجامێک وئەنجامەکەی بخەنە بەردەمی پەرلەمان لێرە لێی بکۆڵنەوە، ئەوکاتە یان هەموو بیروڕامان ئەچێتە سەر ئەوەی کە گومرگ یەکگرتوو بێت هەر لە پێنجوینەوە تاوەکو زاخۆ، یان پێویستە جیاواز بێت بەپێی ئەو هۆیانە کە ڕوون ئەکرێنەوە، دوێنێ ئەوەی کەوا باس کرا ووتمان هەر بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانەوە لەمەو پێش دراوە ئەوە ئێمە لەسەری دەڕۆین وپێویستە جێبەجێ بکرێ، مەسەلەیەک هاتە پێشەوە مەسەلەی ترانزیت بوو پێویستە بۆ ئەمەیش پرۆژەیەک پێشکەش بکرێ لە پاشان مەسەلەی ئەوەی گومرگی یەکگرتوو بێت یان یەکگرتوو نەبێت، بەراستی هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوە دایە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لەبەر ئەوەی وتمان لیژنەی وەزارەتی ئابووری لەگەڵ لیژنەی پسپۆران دابنیشین چاوێک بەو پرۆژەیەدا بخشێننەوە کە ئێستاکە لە پێشماندایە لەسەر ئەو بناغەیەش ئێمە گفتوگۆی ئەو خشتەیەمان دوا خست بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو خاڵە بکەین، کە چۆن تەعریفەی گومرگی یەک بخەین؟.

**بەڕێز دارۆ شـێـخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

کاک کەمال ئەوە جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە کە بەڕێزتان باسی ئەوەتان کرد ئەمانە ئەبێ یەک یەک لەناو پەرلەماندا باس بکرێن، من پێشنیازم کرد لیژنەیەک دابنیشێ بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک ڕەخنەی لەسەر نییە بیهێنێتەوە و ئەوەی ڕەخنەی لەسەر هەیە بهێنرێتە بەردەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردنی، بۆیە لەسەر ئەسلی فکرەکە من پێم وایە ئەو برایانە کەوا جۆرێک لەدوو دڵیان لەلا دروست بووە کە بۆ چی ئیبراهیم خەلیل جیا کراوەتەوە، ئەوە پێویستی بە گفتوگۆیەکی هێمن هەیە، پێکەوە دابنیشین نەک تەنیا لیژنەی ئابووری من پێم باشە ئەو کەسانەی تریش کە ئەو مەسەلەیان لا پەسەند نییە با بێن پێکەوە دابنیشین وبگەینە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەدرێژی ئەو خاڵەمان باس کرد، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بابەتەکە ولەسەر ئەم بناغەیەش ئەم

دانیشتنەمان دوا خست. ئەو خشتەیە لێی بکۆڵدرێتەوە، فکرەکە یەکخستنی خاڵەکانی گومرگ بوو لەسەر ئەو بنەڕەتە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من زۆر جار گوتومە کە ئێمە یاسا دائەنێین بۆ ڕۆژێک ودوو ڕۆژ نییە، ئەمڕۆ ڕێگەی ترانزێت لەابراهیم خلیل هەیە بۆی هەیە سبەی دووسبەی لەحاجی ئۆمەران ڕێگەی ترانزێت دەکرێتەوە، لە پێنجوینیش دەکرێتەوە، ئێمە جەخت ئەکەین ئەوەی کە دائەنرێ ئەبێ بۆ هەموو شوێنێک وەکو یەک بێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین ترانزێت لەو ڕێگایانەش دروست بێت. واتا کـە وامـان لێ کـرد، بەتەمـای ئەوە نین کـە ڕێگەی ترانزێت دروست بێت، دوایی ترانزێتـیش هەیە ڕۆن لەابراهیم خەلیلەوە دێت یەکسەر دەبیەن بۆ حاجی ئومەران ڕێگەی ترانزێتمان لەوێ هەیە، لەسلێمانی ڕۆن دەبەن بۆ ئەو دیو ڕێگەی ترانزێتیش لەوێ هەیە لەبەر ئەوە برای بەڕێزم کاک دارۆ پسپۆرەکـان حەقە بە چاکی ئەو وەزعـە دەرس بکەن وبڕیارێکی لەسـەر بدەن واتا یاسا بۆ ڕۆژێک ودوو ڕۆژ نابێ، دەبێ محاوەلەش بکەین هەموو ڕێگەکانی ئێمە ترانزێتیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاکە دارۆ، باشتر وایە لیژنە وپسپۆران دابنیشنەوە، وەکو گوتمان لەسەر بنەمای فکرەی یەکخستنی خاڵەکانی گومرگە، پاشان ئەو مادانە چۆن چارەسەر بکەن، چی دەکەن، ئەو کاتەش دەخرێتەوە بەردەم برادەران وئەوان چی پەسـەند دەکـەن ئەوە ئەبێ بەیاسا، بەڵام ئەگـەر هەر هەمـان بابەت جارێکی تر وەکو خۆی گفتوگۆی لەسەر بکەینەوە ناگەین بەئەنجام، بۆیە باشتر وایە ئەم خاڵە چارەسەر بکرێ، ئینجا بێین گفتوگۆی لەسەر بکەینەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەر لەوەی دەست لەدانیشتن هەڵگرن یان دوای بخەن، من لەدەستەی سەرۆکایەتی داوا دەکەم بەڵگەیەکی بەندی«٣٢»کە«تفرغ»ە پیادە بکرێ لەسـەر هەمـوو ئەندامانی پەرلەمـان، نەک یەک دووانیان، دەسەڵاتی ئێوەشە سالێکیش زیاترە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ جێبەجێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خاڵێکی تر هەیە، ئەگەر ئەو خشتەیە ڕۆژی شەممە تەواو بوو ئێمە دادەنیشین بۆ گفتوگۆ لەسەر کردنی وتەواو کردنی ئەم بابەتە، ئەوە دەمێنێتەوە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمە دانیشتن نییە وئیتر برادەران تاوەکو ڕۆژی شەممە نەگەڕێنەوە، نەخێر وا پێک هاتین کە لیژنەکانی ناو پەرلەمان لێرەبن، چونکە هەندێ ئیشمـان لەگەڵیان دا هەیە، لەوانەشە سەردانی لیژنەکان بکەین هەندێ بابەت دەبێ لیژنە بە لیژنە باسی بکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ماوەیەکە زۆر تازە بابەت کۆ دەبێتەوە هیچی باس ناکرێت وبەشی زۆری وەکو چەند جار باسمان کردووە بەرەو رووی وەزیرەکان ئەبێتەوە، ئنجا ئەمرۆ وامان بریاردا لەبەر کۆمەڵێک هۆی بەجێ کە کۆبوونەوەکەی ئەمرۆمان دوابخەین بۆ سەرەتای هەفتەی داهاتوو یانی کۆبوونەوە گشتییەکە، ئنجا نازانم چ رۆژێکتان داناوە کە کۆ ببینەوە؟ بەلام ئەو تازە بابەتانەش با فەرامۆش نەکرێن ئێستا سێ داخوازی تازە بابەتم لەبەر دەم دایە هیچ پێویست ناکات بیخەمە پێش دەمی ئەنجومەن، چونکە کۆبوونەوەکە ئێستا کۆتایی پێ دێت، بەلام لەمەوبەریش لەوانەیە لەلایەن هەر دوو کتلە دەیان تازە بابەت کۆبوونەتەوە کە هیچ باس نەکراون ولێیان نەکۆلدراوەتەوە وهیچ بریاری لەسەر نەدراوە. حەز دەکەم لەهەفتەی داهاتوودا چارەسەری ئەم مەسەلەیە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وەختی خۆی قسەیەکمان کرد بەشێوەی راپۆرتێک کە پەیوەندی بە باری ئابووری و ئاسایشی خەڵکەوە هەبوو، ناردمان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەشێکی کەم وکوری هەندێ وەزارەتی دەگرتەوە، لەوانە وەزارەتی کشتوکاڵ و، وابزانم پیشەسازی و وزە بوو، ئەوە لێرە رۆژێکمان بۆ دانا گفتوگۆمان لەسەر کرد وئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو، ئەو یادداشتەی ئێستا لای ئەنجوومەنی وەزیرانە هەتا ئێستا وەڵامی نەدراوەتەوە، ئێمە جەخت دەکەین، چونکە بەپێی پێرەو هەر شتێک ئاراستە بکرێ ئەبێ دوای(١٠)رۆژ بۆمان بێتەوە، وابزانم(١٠)رۆژەکەش تێپەڕ بوو، ئێمە تاکیدێکیان لێ دەکەینەوە بۆ هەفتەی ئایندە یەک دوو رۆژ دانێین ئێمەش لەگەڵ ئێوەین، مەسەلەی تازە بابەت وبابەتی تر ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، چ بەشێوازی پرسیار چ بە شێوازی راپۆرت، ئەو هەفتەیە قسەمان لەگەڵ دا دەکەن بۆ ئەوەی بەرنامەیەک دانێین بۆ هەفتەی ئایندە یان هەندێ(دانیشتنی ئاساییمان)پێش نیوەرۆ وهەندێ دانیشتنی پاش نیوەرۆ تەرخان دەکەین بۆ ئەو بابەتانە، سوپاستان دەکەین، هەردوو فراکسیۆن، زەحمەت نەبێ کاک کەمال وکاک فەرەنسۆ(٥)دەقیقەیەک بێنە خوارەوە، سوپاس.

بەمەش دێینە کۆتایی دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٣

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣/١١/١٩٩٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی (١٧)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- ئامادەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمڕۆ سێ شەممەیەو بەرنامەی ئەمڕۆمان یەک خاڵە، ئەویش ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیران وئەو وەزیرانەیە کە هەندێک پرسیارمان ئاراستە کردبوون، لەڕاستیدا ئەنجوومەنی وەزیران کە پێش ئێستا پرسیارەکانیان ئاراستە کراوە بە نووسراوەییش دیسان ئاگادار کراونەوە، کە ئەمڕۆ دانیشتنمان هەیە، وادەرئەکەوێت کە وەڵامیان نەبێ، وەزیرەکانیشمان ئامادە نەبوون، جا لە بەر ئەمە ئەگەر تازە بابەت نییە، ئەچینە سەر بابەتی تر.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕوون کردنەوەیەک هەیە لەلایەن کاک (عەبدولخالق)ەوە دەربارەی وەزعی ئاسایش وهێمنی ناو شارەکان، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە لە شاری هەولێردا ڕوویان داوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە دوو دانیشتن لە مەوپێش برای بەڕێزم کاک د. کەمال فوئاد داوای کرد کە دانیشتنێکی داخراو بکرێ. لە سەر هەندێ تازە بابەت کە تائێستا چەند جار عەرزی جەنابتان کراوە، کە تازە

بابەت خراوەتە بەرنامەوە وپێڕا نەگەیشتن کە قسەی لە سەر بکەن، جا نازانم ئەو دانیشتنەش کەی بکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو بابەتە وابزانم جاری دوایی واپێشنیار کرا کە راپۆرتێک لەبارەیەوە بنووسن پاش ئەوەی کە ئەوراپۆرتە دەبینین بڕیار ئەدەین کە چی رۆژێک دانیشتنێکی بۆ دابنێین، هەروەها کێ پێویستە ئامادە بێت؟ چونکە ئەوەی کە پەیوەندی بەوەزع وکاروباری خۆمانەوە هەیە پێویستە ئەو کاربەدەستانەی حکومەتیش لێرە ئامادە بن بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیەیان لەگەڵدا بکرێت، واپێکهاتن کە راپۆرتێک بنووسن ئەو کاتە گفتیشیاندا، بەلام هەتا ئێستا ئەو راپۆرتە نەگەیشتۆتە دەستی ئێمە، جا هەر کاتێ گەیشتە دەستی ئێمە ئەو کاتە باسی لێ دەکەین، خاڵی دووەم کە پەیوەندی بە کاروباری لیژنەکانەوە هەیە، لە دەستەی سەرۆکایەتی ئێمە یەک دوو دانیشتنمان لەگەڵ لیژنەکاندا کردووە وقەولە بەردەوام بین لەگەڵ لیژنەکانی ناو پەرلەماندا، دوێنێ کاک نەژاد لەگەڵ یەک دوو لیژنەی تر دانیشت، پێریش لەگەڵ لیژنەی یاساو، لیژنەی پەیوەندی گشتی، لیژنەی کەلتور دانیشتن، ئەمڕۆ، سبەیش هەوڵ ئەدەین کە لیژنەکانی تریش ببینین، جا بۆ ئەو بابەتەش بێگومان ئەگەر شتێک هەبێت ئەو کاتە رۆژێک دەست نیشان دەکەین، بەلام لەراستیدا شتێکی وامان تا ئێستا بڕیار نەداوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تازە بابەتەی کە برادەرانی فراکسیۆنی سەوز خستیانە روو، من پێم وایە ئەویش واباشترە کاک عەبدولخالق بە نووسین ئاراستەی حکومەتی بکات بۆ ئەوەی ئەو رۆژەی ئەو باسە دەکرێت وەزیری ناوخۆش ئامادە بێت هەندێ وەلامیان بداتەوە، ئێمە لێرەدا لە نێوان خۆماندا دانیشین باسی وەزعی نائاسایشی وئەوانە بکەین بێ ئەوەی کە وەزیر لێرە بێت. ئەوانەی بەرپرسن لێرە بن، ئەوانیش قسەی تێدا بکەن وهەندێ وەلام بدەنەوە، من پێم وایە گەر وانەبێت ناگەینە شتێک. واچاکترە چارەی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیازەکەی فراکسیۆنی ئێمە کە کاک عەبدولخالق روونی کردەوە، بۆ چوونەکەی کاک فرەنسۆ شتێکی باشە، با هەڵیگرین بۆ ئەو کاتەی کە جەنابی وەزیری ناوخۆ لێرە تەشریفیان ئامادە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتمان ئەمڕۆ رۆژی دیتنی حکومەت بوو وئەبوایە لێرە بوونایە، بەلام وانەهاتن.

**بەڕێز فــــــرەنســــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئایا بەڕێزتان دوێنێ ئاگاداری حکومەتتان کردووە کە ئیمڕۆ ئەبێ لێرە ئامادە بن؟ بەڵێ سێ شەممان ڕۆژی وانە، بەڵام پێویستە ئاگادار کرابن، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن، وەزیرەکانی پێویست ئامادە بن، نازانم ئاگادار کراون یان ئاگادار نەکراون؟ سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

خۆی دوو خاڵە، یەکەم ئەوەیە، کە پرسیارێ ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت، بەپێی پێڕەو دەبێ لەماوەی (١٠) ڕۆژدا وەڵامان بدەنەوە، ئەگەر بەرەسمی وەڵامان نەدەنەوە، ئەوا بەرەسمی دەبێ ڕۆژی سێ شەممان لێرە ئامادە بن، ئەمە خاڵێکە، خاڵی تریش بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئاگادارمان کردونەوە کە ئەو سێ شەممەیە کۆبوونەوەیەو، بۆ زیاتر تەئکید پێرێ بەنووسراوێکی ڕەسمی ژمارە «٤٦١» لە ١١/٢١ دا ئاگادار کراونەتەوە پرسیارە بەپەلەکانیش بۆیان ناردراون ئەو پرسیارانە بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٠/٢ و ١٠/١٧و ١١/١٥ .. هتد.. وەکو خشتەش ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی ئاگاداربن بەڵام بەداخەوە، ئەوە نەهاتن وپەیوەندیشیان بەسەرۆکایەتییەوە نەکردووە، کە بڵێین نایەن هەتا ئێمە چارەگێک، «٢٠» دەقیقە دانیشتنەکەمان ڕاگرین، بۆیە ناچارین بپرسین هۆی ئەم بێ دەنگی ودواکەوتنەیان چییە؟ وەکو وتمان ڕۆژی سێ شەممە ڕۆژی ئەوەیە کە تیمی تەلەفزیۆن ئامادە بێت بۆ ئەوەی دانیشتنەکە بیگوێزنەوە، چونکە ئەو پرسیارەی کە ئێوە دەیکەن پرسیاری ئەو خەڵکەیەو، ئەو خەڵکەیش هێشتا چاوەڕوانی وەڵام لە ئێمە ئەکەن، ئەگەر بەو شێوەیەش وەڵامی خەڵک بدەینەوە وادەزانم شتەکە کۆ ئەبێتەوە، کە کۆشبۆوە لە سەر پەرلەمانە ئەوشتە ڕوون بکاتەوە. ئێستاش دێمە سەر خاڵێکی تر ئەگەر کاک عەبدولخالق کورتەیەک لەو بابەتە باس بکات؟.

**بەڕێز عــەبدولخــالق مــحــمــەد ڕەشــیــد زەنگـەنە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر بوارم بدەن، من دوو قسەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز عــەبدولـکەریم کـاکـەحـەمـە عـەبدولـکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە وەکو پێشنیارەکە پاش ئەوەی ئەو بۆچوونەی کاک فرەنسۆی بەسەرا هات، وامانزانی جەنابی وەزیری ناوخۆ ئامادە ئەبێت، ئامادە نەبوو ئێمە هەڵمانگرت بۆ ڕۆژێک کە کاک عەبدولخالق بەڵگەنامە (موستەمسەک) ئامادە بکا وشتەکە بەشێوەیەکی وا بێ کە بتوانین بگەینە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

جا ئەوە گرفتێک نییە، مادام ئەو بابەتەمان دوا خست ئەگەر کاک عەبدولخالق شتێکی تری هەیە با بفەرموێ؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارەکە دوادەخەم، رام وایە ئەم بابەتە پەیوەندی بە راپۆرتێکی تایبەتی خۆمەوە نییە. من ئەوەندە دەزانم ئەم بابەتە ئەگەر باشە سەرۆکی وەزیران و وەزیری ناوخۆو، وەزیری دادیش ئامادە بێت باشە، بەڵام پێشی ئەوە ئەو مەسەلەیە بۆتە مەسەلەی میللەت، مەسەلەی ئەو ماوەیە بەتایبەتی ئەو دوو هەفتەی دوایی.

لە هەولێر رووداوی زۆر بووە، بۆتە قسەو قسەڵۆک لە ناو میللەت، هەر لە لێدانی مامۆستاوە هەتاکو دزیی هەتاکو رفاندن، ئنجا لەبەر ئەوە بەرەئی من ئەم بابەتە پەرلەمان تەنانەت بەبێ ئامادەبوونی ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێ باسێکی لێوە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ راپۆرتێک پێشکەش بکات، چونکە مەسەلە ئەوە نییە ئەمن راپۆرتێک بنووسم زۆر ئاسانە، بەڵام رام وایە لیژنەی ناوخۆ هەیەو، لیژنەی یاسامان هەیە، هەروەها کۆمەڵێک هەن بەتەنگ مافی مرۆڤەوەن، ئەمەش مەسەلەیەکی سەر بەگشت میللەتە، بەرای من لیژنەیەک دروست بکرێت بەداخەوە لیژنەی رابوردوومان ئەوەی پێک هات بۆ گفتوگۆی باری ئابووری وژیاری، راپۆرتەکە نازانم گەیشتە کوێ وهیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئەم بابەتەش مەسەلەیەکی تایبەتی نییە بەرای من، لەبەر ئەوەی کە بەراستی من ئەو دوو هەفتەیە هەست دەکەم لە هەولێر نەخشەیەکی (مافیا) هەیە زۆر زەرەریان داوە بەو دەسکەوتانەی میللەتەکەمان، هەروەها ئاژاوەیەکی گەورەیان لە ناو میللەتدا پەیدا کردووە، کار دانەوەیێکی سەلبیی خۆی هەیە، پێشنیار دەکەم ئەم بابەتە مادام سەرۆکی وەزیران نەهاتووە ئنجا ئەگەر لە تەلەفزیۆن نیشانی ئەدەن، نیشانی نادەن ئەوە گرنگ نییە، چونکە بۆ پرۆپاگەندە نایکەن بۆ ئەوەیە کە ئێمە بەرپرسین بەرامبەر بەو میللەتە کە پەرلەمان پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکات وپێشنیاری خۆی پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەختی خۆی گفتماندا بەو مامۆستایانەدا کە هاتنە پەرلەمان وچوونە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەو بابەتە باس بکرێت، لیژنەی پەروەردە لەوێ ئامادە بوون، قەول بوو لێرە باسی بکەین، جا ئەوە بەشێوەی پرسیارێک ئاراستەی کاربەدەستان ئەکرێت، یان وەکو بابەتێکی سەربەخۆ باس بکرێت؟. ئەوە هێشتاکە ماوە، بۆیە لیژنەی پەروەردە زیاتر پەیوەندیدارە، بەو بابەتەوە وئێمە گفتمان داوە بە مامۆستایان کە ئەو کێشەیەی ئەوان بۆی هاتن باسی بکەین و، پشتگیری لە داخوازیەکانیان بکەین، ئەویش ئەمرۆ وەکو هەر سێ شەممەیەک، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بان وەکو پرسیارێک، یان روونکردنەوەیەکمان لێ داوا دەکرد، بەڵام دیسانەوە ئەمێنێتەوە، وەکو گوتم با لیژنەی پەروەردە ئەم بابەتە دەست بدەنێ وئاگادارمان بکەنەوە بەزووترین کات تا ئەم هەفتەیە بێت یان سەرەتای هەفتەی ئایندە بێت بیکەینە خاڵێکی گفتوگۆ کردن، چونکە ئەو مامۆستایانە بەراستی چاوەڕێی وەڵاممان لێ ئەکەن. کاک عەبدولخالق راپۆرتی ئابوریت باس کرد،

وابزانم من لەسەرەتاوە گوتم ئەوە زیاتر لە مانگێکە لە ئەنجوومەنی وەزیران بەڵێنیان داوە وەڵامی بدەنەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوە ئەندامانی پەرلەمان کە چیتان ئەوێت؟ ئەتانەوێت ئەو راپۆرتە گفتوگۆ بکرێت؟ پێویستە بڕیاری لە سەر بدەن کە گفتوگۆ بکرێت ئەبێت ئێوە داوا بکەن، چونکە ئێمە داوامان بە ئەنجوومەنی وەزیران، گفتیان داوە کە وەڵام بدەنەوە وەکو وتیشم پەیرەویش ئەڵێت لە دەوروبەری «١٠» رۆژدا دەبێ وەڵام بدرێتەوە، یا هیچ نەبوایە ئەبوایە وەڵامی سەرۆکایەتی بدەنەوە کە بۆ دواکەوتووە؟ ئەگەریش پێیان خۆشە پێشنیاز بکەن رۆژێکی بۆ دیاری ئەکەین وگفتوگۆی لەسەر ئەکەین، ئەوە سەربە ئێوەیە بۆ ئەوەی تریش بۆ هەموارکردنی پێشنیارەکە دیسان وەکو کاک عەبدولکەریم وکاک فەرەنسۆ باسیان کرد بەلانی کەمەوە ئەبێت وەزیری ناوخۆ لێرە بێت، بۆ ئەوەی بابەتانەی ئاراستە بکرێت ئێمە ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار ئەکەین، ئەگەر بتوانن لەم هەفتەیە یان بۆ شەممەی ئایندە ئەگەر ئەوان ئامادەبن و وەزیری ناوخۆ بێتە ئێرە، ئەو کاتە ئەتوانین دانیشتنێک بۆ ئەم بابەتانە وبۆ چەند خاڵێکی تر، یان ئەو پرسیارانەی کەبۆ ئەم سێ شەممەیە بوو رێک بخەین، بەمەش دانیشتنی ئەمرۆمان تەواو ئەبێت.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو دانیشتنەی کە بەڕێز کاک د. کەمال باسی کرد ئەبێت دانیشتنێک هەبێت تەنها ئەندامانی پەرلەمانی تیا بێت وداخراو بێ، پەیوەندە بە ئەندامانی پەرلەمان، خۆیانەوە، هەندێک لەوانەی بەڕاستی موعاناتیان هەیە ئەندامانی پەرلەمان دیانەوێ باسی بکەن گرفتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوە پێویستە لە دانیشتنێکی تایبەتیدا باس بکرێت ئەو (حصانە) پەرلەمانییەی کەدراوە بەئەندامانی پەرلەمان، لە دانیشتنێکدا باسی بکەن، واتا چەندین تێبینی هەیە لەلایان کۆبۆتەوە حەز دەکەن ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنێکدا باسی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاکە بەرنامەمان تەواو بوو. بۆ ئەم بابەتە گەر لاریتان نەبێت پێنج شەممە ئەکەین بە دانیشتنێکی تایبەتی.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کاتی خۆی لە تازە بابەتی فراکسیۆنی سەوزدا پێشنیارێکم پێشکەش کرد، کە راپۆرتێک ئامادە بکرێت لە سەر وەزعی پەرلەمان لە ماوەی رابوردو دەوری لیژنەکان ودەوری ئەندامانی پەرلەمان وپەیوەندی نێوان دەسەڵاتی راپەڕاندن ودەسەڵاتی یاسادانانی تیا دەربخرێ، من ئەو راپۆرتەم ئێستاکە بەدەستەوەیە، ئەگەر مۆڵەتی ئەوە هەبێت پاش پێنج شەم بێ، ئایا شەممە دەبێت یان یەک شەممە؟ بۆ ئەوەی راپۆرتەکە ئامادە بکرێت وپێشکەشی بەڕێزتان بکرێت، لەوێدا زۆر بابەت هەنە لەوانەیە شتی تریشی بێتە سەر لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا لە ڕێگای هەر دوو فراکسیۆنەوە، ئەگەر شتێکی وا هەیە بۆ ڕۆژی پێنج شەممە، ئێمە ئەتوانین ئەمڕۆ بڕیارێکی لە سەر بدەین، ئەگەر بتانەوێ ئەم بابەتە ڕۆژی پێنج شەممە باس بکرێت، لاری نییە و یان ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران ڕۆژی پێنج شەم بێنە ئێرە بۆ تەواو کردنی ئەم بەرنامەیەی ئەمڕۆ دانیشتنێک ئەکەین، ئەگەر نا بۆ ڕۆژی شەممە بەڵکو ئێمە بتوانین ئەم بەرنامەیەی کە بەشی ئیمڕۆیە تەواوی بکەین وبەردەوام بین لەسەر بەرنامەی خۆمان، بەلاّم دەبێ لیژنەکان لێرە بن، چونکە ئێمە ئەڵێین بەردەوام ئەبین لە سەر ئیشوکاری خۆمان لەگەڵ لیژنەکانا، زۆر سوپاس کۆتایی بەدانیشتنەکەمان هات.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
سکرتێری ئەنجومەن

نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٣/١١/٣٠

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١١/٣٠

**كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١١/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆك بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژماره (١٨)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.**

**بەرنامەی كار:**

**١- وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەندامان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وەكو ئاگادارن سێ شەممەی ڕابوردوو نەمان توانی بەرنامەی دانیشتنەكەمان تەواو بكەین، لەبەر سەرقاڵی برایانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەو پرسیارانەی كە ئاراستەی وەزیره بەڕێزەكان كرابوون دوامان خستن، بۆ ئەم سێ شەممەیە. ئێستاش كۆمەڵێك لەبرایانی ئەنجوومەنی وەزیران لێرەنە ئەو پرسیارانەی كە ئاراستەیان كراوه هەوڵ دەدەین تا بكرێ یەكیان بخەین، خاڵی یەكەم پرسیارەكانە لە ئەنجوومەنی وەزیران، لەتازە بابەت ئەگەر شتێك هەیە لەهەر دوو كتلە با بفەرموون؟.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من(١٥)ڕۆژ پێش ئێستا كۆنە بابەتێكم هەبوو داوام كرد بوو كە برگەی شەشەمی بەندی(٣٢)لە پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ بكرێ، ئێستا ئەو داوایە دووپات دەكەمەوە، دەڵێم بەندی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی جێ بەجێ بكرێ یانی هەردووكیان یەكن لە یاساو لەپەیڕەو، بڕیار بوو وەڵام بدرێتەوە، ئەوە(١٥)ڕۆژە تا ئێستا وەڵامی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس كاك فەرەنسۆ ئێمە بۆ بابەتەكە باسمان كردو نووسراومان كردووه بۆ هەردوو فراكسیۆن كەناوی ئەو برایانەمان پێ بدەن كە ئەو بەندە دەیان گرێتەوە، چونكە هەر فراكسیۆنێك خۆی ئەزانێ ئەوانە كێن، ئەگینا خۆمان ناچارین ئەو كاتە ناوەكان دیاری بكەین. تا ئێستا وەڵامان بۆ

نەهاتۆتەوە، ئەگەر ئێستا ناوەکەمان پێ بدەن بۆ ئەوەی ئێمە کاری خۆمان بکەین وئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەین، جا ئەوە لەسەر هەردوو فراکسیۆن ماوەتەوە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـــۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە دوو کەسمان هەیە د.حەمەنەجم وکاک سەلیم مەلۆ، کاک سلیم موحازەرە گۆیە (محاضر) نازانم ئەویش دەگـرێتـەوە، بەڵام د.حـمـەنجم یەک لەوانەیە کـەدەبێ (تفـرغ)ی پێ بکرێ یان بۆ پەرلەمان، یان بۆ زانکۆ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئیشی ئێمە نییە.. کاک فرەنسۆ من لەسەر ئەوە موخاطبەی ئێوە دەکەم، ئێوە وەکو فراکسیۆن لەسەرتانە ئەندامی پەرلەمانی، سەر بەکتلەکانتان هەڵبژێرن، بەڵام ئەگەر وەک ئەندامی پەرلەمان مـانەوە دەبێ لەفـەرمـانەکـەیان کـارکـەناری بکەن، ئەگـەر وەک فـەرمـانبـەریش دەمـێننەوە دەبێ لەپەرلەمان کارکەناری بکەن ویەکێکی تر بێتە جێگەیان، بۆ موحازەرەش هەر کەسێک دەتوانێ دوای دەوام مـوحـازەرە بدا با بیـدات، بەڵام بۆ پلەو پایەو فـەرمـانبـەری نابێ، واتا یان دەبێ فەرمانبەر بێ یان دەبێ ئەندامی پەرلەمان بێ.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان هەیە کە ئەو برگەیە دەیگرێتەوە ،من حەز دەکەم بزانم لەو بارەیەوە خۆیان دەڵێن چی؟.. گوێمان لە بیروڕایان بێ، من حەز دەکەم رای فراکسیۆنی خۆمانی روون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە، بەپێی زانیاری ئێمە ژمارەی ئەو کەسانە لە(٣)تا(٤) ئەندامی پەرلەمان تێ ناپەڕێ ولەبەر ئەوەی زانکۆی سەلاحەدین ئەمڕۆ پێویستی بەکادری زانستی هەیە بۆ وانە ووتنەوە پێویستە چارەسەرێکی تایبەتیان بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر بتوانین سەرۆکی هەر دوو فراکسیۆن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن دابنیشین لەو بارەیەوە هەندێ بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین بزانین چ جۆرە چارەسەرێک بدۆزینەوە بۆیان، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

باسمان کرد وتمان وەکو مبدأ بۆ موحازەرەگۆ (محاضر) هیچ گرفت نییە، بەڵام گرفت خۆی لەپیادەکردنی مادەکە دایە، چونکە لە یاسای هەڵبژاردن وپێڕەوی ئەنجومەنیش، واتا لە هەردووکیاندا ئەندامی پەرلەمان ئەبێ (متفرغ) بێ، چونکە وەکو دەزانن لەو (١٠٥کەس)ە، زۆر هەبوون وەزیفەیان هەبوو و وازیان لەوەزیفەکانیان هێنا، بەڵام ئەو مامۆستایانە ئەتوانن وەکو (محاضر) محازەرەی خۆیان بڵێنەوە وەختی خۆی ئەو بەدەرکردنە (استثنائە) باس کراو هیچ لاری بوونێک لەسەری نەبوو. حەز دەکەن دوای ئەم دانیشتنە ئێمە وهەردوو فراکسیۆن گفتوگۆیەک لەسەر ئەوە بکەین بۆ ئەوەی بزانین گرفت لەکوێدایە چارەسەری بکەین، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە جێ

بەجێ بکەین. وابزانم تازە بابەت هەر ئەوەندە بوو.. دێمەوە سەر خودی بابەتەکە، یەکێک لەوپرسیارانە کاک شێروان حیدری پرسیاری کردووە کە لەسەر بابەتی کڕینی گەنمەو پەیوەندی بە لیژنەی بالآوە هەیە، وابزانم کەس لەبرادەرانی لیژنەی بالآی کڕینی گەنم لێرە نینە، ئەگەر وەزیری ئابووری ئەتوانێ لەم بارەیەوە وەلآممان بداتەوە ئەوا ئەو پرسیارە تۆمار دەکەین بۆ جەنابی..

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر وەکو ئاگادارین لەمەوبەر لیژنەیەک پێک هێنرا لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، لە بەڕێزان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ووەزیری دارایی ووەزیری کشتوکاڵ بۆ کڕینی گەنم ودانەوێڵە لە هەرێمی کوردستاندا ئەم لیژنەیە لەکڕینی گەنم لەزۆر پارێزگاکاندا سەرکەوتو نەبوو وبەپێی زانیاری ئێمە ئەو گەنمەی کە لەهەولێر وەرگیراوە لەحدودی(٢١٠٠)تەنە، ئەوەی لەسلێمانی وەرگیرابوو(٢٠٠٠)تەنە وئەوەی لە کرکوک وگەرمیان وەرگیرا تەنیا(٢٠٠)تەنە، لێرە پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا بۆ لیژنەی بالآی کڕینی گەنم سەرکەتوو نەبوو لەو پارێزگایانەدا؟ و بۆ لەپارێزگای دهۆک سەرکەتوو بوو؟ ئەمە بوو کورتەی ئەم پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەو پرسیارەی بەڕێز کاک شێروان دەربارەی کڕینەوەی گەنم لە کوردستان، ئەمە ولامەکەیەتی: منیش خۆم ئەندام بووم لەلیژنەی بالآو لەجیاتی براکانی تریش من ئەتوانم وەلآم بدەمەوە، بێگومان مەسەلەی کڕینەوەی گەنم سەرنەکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک وناشکرێ بووترێ، لیژنەکە سەرنەکەوت، یا سەرکەوت، ئەوە چونکە ئەو برادەرانەی سەرپەرشتی لیژنەکەیان دەکرد وکردووە نە لەڕووێ هونەری یەوە کردوویانە نەلە رووی مەسەلەکانی ترەوە تەنیا بۆ دارشتنی نیزامەکە وچۆنیەتی کڕین وچۆنیەتی وەرگرتن وهەروەها نرخ دانان ئەمە ئیشی لیژنەکە بووە، لەهەموو پارێزگایەکیش لیژنەیەکی مەرکەزی هەبووە پارێزگار سەرۆکی لیژنەکە بووە ولەچەندین خەڵکی لێزان وپسپۆر وئەوەی ئیشیان ئەوەیە وەکو بەڕێوەبەری سایلۆ، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵ وئەو خەڵکانەی تر کە بەپێی یاسا کاتی خۆی یا بەپێی ئەو نیزامەی کە پێشتر لەسەری ڕۆیشتوون دارێژراوە، پێشبینی بەرهەمی گەنم لە کوردستاندا ژمارەکەی یەکجار زۆر بوو بەپێی ئەو پێشبینیانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ دابووی یاخەڵکی لێزان، هەتا تەنانەت هەندێک لەو کەسانەی کە لەبواری کڕینەوەی گەنم ودانەوێڵەو ئەوانەی لەو ڕێکخراوانەی کە مەبەستیان بوو بزانن چەند گەنم لە کوردستان هەیە هەموو ئەوانە کەمترین ژمارە کە بە ئێمەیان وتووە وتوویانە لە(٣٠٠)هەزار تەن گەنم لەکورستان کەمتر ئەمساڵ بەرهەم نابێ.

بەلآم یەکێ لەهۆسەرەکیەکان کە کرداری کڕینەوەی گەنم ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا کە پێشبینی ئەکرا، مەسەلەی ئەو برە بەرهەمە بوو کەلە کوردستاندا پشبینی دەکرا، ئەو برە بەو

رادده‌یه، نیوه‌ی ئه‌وه‌ش نه‌هاته‌دی. هۆیه‌کانیش ئه‌مانه‌ی لای خواره‌وه بوون:
١-ئه‌و مێرووه‌ی كه‌پێ ده‌ڵێن (سن وكیسه‌ڵه) ئه‌وه به‌شێوه‌یه‌ک دای له‌به‌روبوومی ئه‌مساڵ كه زۆربه‌ی توانای به‌رهه‌می له‌كورستاندا كوشت وله‌زۆربه‌ی شوێن له‌نێوان سفره‌وه تا سه‌دی كاری كرده سه‌ر به‌رهه‌م ئه‌وه به پله‌یه‌كی زیاتر كاری كرده سه‌ر ناوچه‌ی هه‌ولێر وسلێمانی. له‌ناوچه‌ی دهۆک و ده‌وروپشتی یانی پارێزگاری دهۆک ئه‌م مێرووه كاریگه‌ری كه‌متر بوو.
٢- كاریگه‌ری دووه‌م، سلبی، كه‌وای كرد، بری به‌رهه‌م كه‌م ببێته‌وه، مه‌سه‌له‌ی به‌كار هێنانی په‌ین بوو، كوود به‌و شێوه‌یه كه پێویسته له‌بازاری كوردستاندا نه‌بوو وبه‌و نرخانه‌ش ده‌ست نه‌ده‌كه‌وت كه جوتیار بتوانی به‌كاری بێنێ بۆ مه‌سه‌له‌ی زیاد كردنی به‌رهه‌می دۆنمێک، ئه‌مه به ده‌ست لیژنه‌كه‌و به‌ده‌ست جوتیاره‌كان نییه كه به‌رهه‌می دێته خواره‌وه، پاشان به‌تایبه‌تی به‌نسبه‌ت هه‌ولێر باشترین وچاكترین زه‌وی بۆ ئه‌م به‌رهه‌م هێنانه‌ی گه‌نم ئه‌و زه‌ویانه‌یه‌كه كه‌وتوونه‌ته ژێر ده‌سه‌ڵاتی رژێمه‌وه ئه‌و هێڵه سنووریه‌ی كه كه‌وتووته نزیک ئه‌وان یان له‌زۆر شوێن ناچار كرابوون كه به‌رو بوومه‌كه‌یان ببه‌ن له‌ناو رژێم بیفرۆشن، سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

كاک دارۆ پرسیاره‌كه به‌ته‌واوی ئه‌وه‌یه: بۆ چی له‌و پارێزگایانه ئه‌و بڕیاره وه‌كو پێویست ئه‌نجام نه‌درا؟.

**به‌ڕێز دارۆ شێخ نوری/وه‌زیری دارایی:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

ئه‌گه‌ر جه‌نابت تێبینیت كردبێ من وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌م دایه‌وه، نازانم به‌چ شێوه‌یه‌كی تر باسی بكه‌م كه ئه‌مه وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌یه:
١-له پارێزگای دهۆک مێروی (سن) كه‌متر بوو، زه‌وی ئه‌وێ گونجاوتر بوو، به‌رهه‌م به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی كه له‌سلێمانی وهه‌ولێر. لێره سنوورێكی كراوه‌ی زیاترمان هه‌یه هه‌م له‌گه‌ڵ ئێران هه‌م له‌گه‌ڵ رژێم، خه‌ڵكێكی زۆر به‌رهه‌می خۆی ده‌برده ده‌ره‌وه به‌و شێوانه كه كونترۆڵ كردنی له‌و رێگه (شاخ وداخانه) زه‌حمه‌ت تربوو بۆ ئێمه، له‌به‌ر ئه‌وه به‌رهه‌م له‌و ناوه هه‌م به‌هۆی مێرو ونه‌بوونی په‌یینه‌وه هه‌م له‌به‌ر چوونه ده‌ره‌وه‌ی، كه‌متربوو، سوپاس.

**به‌ڕێز شێروان ناسح عه‌بدوڵلا حه‌یده‌ری:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

من پشتگیری كاک دارۆ وه‌زیری دارایی ده‌كه‌م، كه‌ڕاسته به‌رهه‌مه‌كه به‌و راده‌یه نه‌بوو، به‌ڵام چه‌ند هۆیه‌كی سه‌ره‌كی هه‌بووه له ناوچه‌ی هه‌ولێر یا له ناوچه‌ی سلێمانی و له ناوچه‌ی كه‌ركوک، كه ئه‌و هه‌ڵمه‌ته سه‌ركه‌وتوو نه‌بووه، یه‌ک له‌و هۆیانه نرخی گه‌نمه‌كه‌یه، ئێمه له به‌رامبه‌ر دوو نرخ داین، نرخێكی كه‌م كه له‌لایه‌ن ئه‌م لیژنه‌یه دانرا بوو نرخێكی دووقات كه له‌بازاردا ده‌فرۆشرێ. ئێمه

خۆمـان هاوار دەکەین لەگـەڵ بازاری ئازاد داین، باشە کە لەگەڵ بازاری ئازاد داین پێویستە لەو بازارِی ئازادە بکرِین بۆ دابین کردنی ئەم میللەتە ئەمە یەک، ئەو بەڵگەشم هەیە، نەبووە لەکۆێکدا سێ نرخ دابندرێ، جـاری یەکـەم داندرا(٢٨٠٠)دینار کـەس تەسلیـمی نەکـرد، جـاری دووەم کـردیانە(٣)هەزار دینار دیسـان تووشی هەمان گرفت بوون، جاری سێیـەم کـردیانە(١١٠)دۆلار دیسـان کەس تەسلیمی نەکردو هەر لەگەڵ نرخی بازاردا تەبا نەبوو. جوتیاریش بۆ خۆی ئەچێ بەم نرخـە دەیفرۆشی کـەلە قـازانجی خـۆیەتی، ئەمرِۆ جـوتیـار ئەبێ پاداشتی بدرێتێ، نەک ئەوەندە تەگەرەی بخرێتە پێش بۆ ئەوەی نەتوانی بەرهەمەکەشی بفرۆشی. بەڵام لایەنی دووەمیان ئەوە بوو ئەم لیژنەیە جۆی نەکرِی، ئێمە زۆر باش لەبیرمانە لە شەرِی عێراق وئێراندا ئەو ئاردەی کە دابەش دەکـرا لە(٦٠٪)ی جـۆ بـوو لە(٤٠٪)ی گـەنم بوو وئاساییی ئەو مـیللەتە ئیـدارەی پێ دەکـرد. ئەمـەش یەک لەهۆیەکانە کەسـەر نەکەوتوون، دەبوایە جۆش لەناو بەرنامەی خۆیان دابنێین، بەپێی زانیـاری من ئەو لیژنـەیە بەرنامەیەکی تایبەتی نەخشە کێشراوی نەبووە، بەڵکو ئەو بەرنامەی کە هەشی بووە کەموکورِی زۆری تێدا بووە، سێیەمین خاڵ ئەوەیە ئەو گەنمەی کە کراوە بەپێی زانیاری ئێـمـە بە(١١٠)دۆلار کـراوە لە جـوتیـاران ودراوەتەوە بە رێکخـراوەکـان بە(١٤٠)دۆلار لەلایەن حکومـەتەوە، ئایا هۆی چیـیـە حکومـەت پێناو بێت لە نێـوان جـوتیـارو ئەو رێکخـراوانەدا؟.. رێکخراوەکان بۆ خۆیان نەیان دەتوانی راستەوخۆ لەجوتیارانی بکرِنەوە بەبێ ئەو پێناوییە؟دواجار دابەش کردنی ئەم گەنمە بۆ هەتا ئێستا دوا کەوتووە؟، سوپاس.

**بەرِێز دارۆ شـێخ نوری/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بـەرِێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرِێزان پێشەکی حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە کە نرخ دانان لەیەک وەرزدا شیاوی گۆرِانە، نەک هەر لەکـوردستـانـدا ئەوە رووی داوە لەهەمـوو شـوێنێک وبەپێی برِی ئەو گەنمەی بۆت دێنن، ئەگەر زۆریان بۆ هێنای بەو نرخـەی کە لە بنەرِەتدا بۆت داناوە قـەبوولتـە رازیشی زۆر سـوپاسیـشیـان دەکـەی وهەندێک زیادیشی ئەکـەی بۆ هاندانی خـەڵـک بۆ هێنانی. ئەوە بۆ ئەو مـەسـەلەیە، مەسەلەی ئەوەی بازاری ئازاد، هەمیشـە لەنێوان ئەو نرخەی کـە حکومـەتێک دایدەنێ بۆ تەنێک گەنم بۆ کیلۆیەک گەنم جیاوازە لەوەی کە بازرگانی بازاری رەش یاری پێ دەکرێ لەلایەن خەڵکی دەوڵەمـەندو چاوچنۆک وئەو جـۆرە کـەسانەوە. پاشان بەرزبوونەوەی نرخ لە بازاری کـوردستـانـدا ئەنجامی لەسەر یەک زیادکردن بووە، نەک ئەنجامی ئەوەی کە بازار باشتر زانیویەتی تەنی گەنم حەقە بەچەند بفرۆشێ، وەک لەوەی حکومەت قرساندوویەتی، ئەو مەسەلەیە ئەگەرِێتەوە بۆ توانای حکومەت، ئایا ئەتوانێ گەنم بە چەند بکرِێ؟ بەڵێ راستە، لەو

کاتەدا کە ئێمە ووتومانە بە(٣)هەزار دینار لەبازاری رەشدا بە(٦)هەزار دینار بووە، ئایا ئەکرێ هەر تـەنێک گـەنم دوو قـات پارەی بۆ تەرخـان بکەی لەبەر خـاتری ئەوە؟، کـە توانا نەبێ چی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دارۆ پرسیارەکان ئەمڕۆ لەنێوان ئەندام و وەزیرەکانە، بۆ وەزیری دارایی، پرسیارێکی تر هەیە لەلایەن کاک جەمیل عبدی یەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی برا وەزیرەکان دەکەم پاش ئەوە من پرسیارێکم هەیە، پێش مانگی تەمووزی ۱۹۹۳بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری کابینەی پێشوو پاشان وەزیری نوێ بەخۆی فەرمووی هەڵاوسانی بەڕێوەبردن (التضخم الاداري) هەیە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر لەگومرگی ئیبراهیم خەلیل کاردەکەن کە ژمارا وان(۳٦٥)بوون لەگەڵ ئەوەشدا (۸۸) فەرمانبەر بەفەرمانی ژمارە(۵۰۲۱)لە ۱۹۹۳/۷/۲٤ دامەزران هەر لەگومرگی ابراهیم خليل وە(٦٥)فەرمانبەری دی لە ۱۹۹۳/۸/۱۲هەر لەابراهیم خلیل هاتنە دامەزراندن. پرسیارا من ژ بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ئەوەیە، ئایا نهێنی ئەو دامەزراندنە زیادانە چیيە لەئیبراهیم خەلیل؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل فەرموو کاک دارۆ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەو مەسەلەی کاک جەمیل ئێستا وروژاندی، پێم وا نییە لەیەکێک لە ئەو بەڕێزانەی کە ئەندامی پەرلەمانن شاراوە بێ، هەمووتان دەزانن چەند دەزگایەکی ئەو حکومەتە هەیە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سفرەوە دەست پێ کراوە، کە پێشتر نەبووە، واکراوە کە لەڕێگەی حزبەکانەوە کادیرەکانی بۆ دەست نیشان بکرێ بەو نیازەی کە بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێک وپێک بڕوا بەڕێوە، جا هەر زیادەو کەمییەک کەکراوە عادەتەن کەم نەکراوە، حەز دەکەم بۆ زانیاریتان بزانن ئەو زیادەی کە کراون لە ڕێگەی حزبەکانەوە بۆ ئەوە کراون کە ئەو هاوکێشەیە هەبێ لە مەسەلەی دامەزراندن وتەنیا هەر ئیبراهیم خەلیل نییە، حەز دەکەم بۆ زانیاری بەڕێزتان لەهەر شوێنێک ئەو خەلەکە هەبوو بێ کراوە، بۆ ئەوەی کە هاوسەنگییە کە بپارێزرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری فەرمووی ئەو فەرمانگانە تازەنەو بۆ پێشو نەبوون؟ ئیبراهیم خەلیل فەرمانگەیەکی کۆنە پێشوو هەبووە بەڕێز فەرمووی کە بۆ هاوسەنگییە، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو لیژنەی کە ڕۆیشتن، لەوێ سەیری ڕاددەی حزبەکانیان کرد کە بەو شێوەیە بوو: (۸٥)برادەرانی (پ.د.ک)(٦٥)برادەرانی (ی.ن.ک)، (۱۲۲)بێ لایەن بوون، ئەوانەی تر فەرمانبەری کۆن بوون

و له حزبەکانی تر بوون، گەر بۆ هاوسەنگی بێت کە(٦٥)برادەرانی یەکیەتی بوون(٨٥) پارتی بوون وەزارەت دەیتوانی کە(٢٠)فەرمانبەر بۆ یەکیەتی دابمەزرێنێ ئەو وەختە دەبوو بە(٨٥) بە(٨٥)، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وا نییە ئەم مەسەلەی ژمارەیە وفلان حزب ئەوەندە بوو بەو شێوەیە باس بکرێ. پێم باشە ئەگەر بەڕێز کاک جمیل بفەرموێ لەگەڵمان کە فرمانی اداریان نیشان بدەم، کە بۆچی ژمارەکە زیاد بوو؟ وەکو ئەوەی کاک جمیل فەرمووی بۆ وای لێ هاتووە؟ من پێشنیار دەکەم لیژنەی ئابووری یا کاک جەمیل خۆی یا کەسێک دەست نیشان بکەن ئێمە ئامادەین هەموو پێشینەی بابەتەکەیان پیشان بدەین ودوا شێوەکەی چۆن بووە، ئەوەیە تەنیا بابەتی ئیبراهیم خەلیل خۆی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی ترمان دەربارەی ئەوە، لەلایەن د.فاضل وەیە: جا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد فازڵ محەمەد عەزیز قەفتان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من بۆ بەڕێز وەزیری دارایی سەبارەت بە مەسەلەی پوولی داراییە، یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٣ لە(رەسم)ی پوول دا دەڵێ لە خاڵی(٧): (الطابع المالي الذي تصدره الوزارة بموجب هذا القانون). لەمادە(١٩)داهاتووە دەڵێ(يجوز اصدار انظمة لتسهيل تطبيق هذا القانون) بەپێی ئەم دوو برگەیە. دەبوایە وەزارەتی دارایی تا ئێستا بەدەرچوونی ئەم یاسایە پوولی دارایی دەربکردایە. پرسیارەکەمان ئەوەیە: تا ئێستا بۆ چی بە ئەنجام نەگەیشتووە؟ کە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ گەنجینەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ راستە چاپ کردنی پوول مەسەلەیەکی کۆنە وپێش کابینەی، دووەمیشە، کاتێک کە ئێمە دەستمان بەکار کرد لیژنەیەک دروست کرابوو بۆ ئەم مەبەستە ئەم لیژنەیە کلیشەی پوولێکی پێشنیار کردبوو، وهەندێکیشی لێ چاپ کرا بوو ئەوەی کە چاپ کرا بوون بەناوی نموونە بەناو خەڵکدا بڵاوکراونەتەوە. لەبەر ئەوە لەدوای ئەوەی ئەم ئەرکە بەمن سپێردرا لەگەڵ بەڕێز کاک د.ئیدریس وەزیری گواستنەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی پوولی مالی، ئێمە وامان بەباش زانی ئەو کلیشەیەی کە بڵاو بۆتەوە لەناو خەڵکدا کە نازانین ژمارەیان چەندە. کلیشەکە بگۆڕدرێ، سەر لەنوێ کلیشەیەکی نوێ بۆ پوولێک دروست بکەین و ئێستا کلیشەکە تەواو بووە، بەو هیوایەین لە ساڵی نوێدا پوولی مالی بکەوێتە کار، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد فازڵ عەزیز قەفتان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
سەبارەت بەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی ئەو پوولە بڵاو نەبۆتەوە بەناو کۆمەڵدا، ئەو پوولە مجرد لەکابینەی یەکەم پێ شێل کراوە، ئەوشتە لایەنی یاسایی خۆی نەگرتووە، تاوەکو ئێستا بگۆڕێ، پاریش کە کرا لەشێوەی نموونە بوو، بەڕێز سەرەک وەزیران کابینەی یەکەم بڕیاری دا لیژنەیەک پێک بێ منیش لەو لیژنەیەدا بووم چەندین کلێشەی پول دەرکەین کە لەگەڵ کەلتوری میللەتی کورد بگونجێ، تەنیا ئەو نموونەی کە من کردم کە باوەڕناکەم (تەداول) کرا بێ لەناو خەڵکی ئەمە تۆزێک کەمتەرخەمی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە تێدا کراوە، بۆی هەبوو تا ئێستا بەدەیان ملیۆن دینارمان دەستبکەوتایە، سوپاس.
**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
- بەڕێزان مەبەست لە دەرکردنی پوولەکە خۆتان ئەزانن کۆکردنەوەی ڕەسمەکەیەتی، ئەو باجەی کە پێی کۆ دەکرێتەوە، مەبەست لەوە نییە تەنیا وەرەقەکە هەبێ وبەکاغەز یا بەنووسین. ئێمە بۆ جێ بەجێ کردنی یاساکە کە پێی دەڵێن یاسای (رسم الطابع) ئێمە ئەوەمان لای خۆمان جێ بەجێ کردووە، چونکە بەپێی ئەو یاسایە ئێستا ئێمە ڕەسم وەردەگرین، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لەلایەن کاک د.قاسم ەوە پرسیارێک هەیە کە خۆی لێرە نییە، و دوای دەخەین بۆ سەردەمێکی تر. کاک عەدنان نەقشبەندیی پرسیارێکی هەیە کە خۆیشی لێرەیە.. فەرموو..

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
لە ڕاستیدا دووو پرسیارم هەبوو نازانم یەکێکیان لەبەر دەمتان دایە؟..
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئێستا کات بۆ وەزارەتی دارایی تەرخان کراوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی یەوە هەیە، ئەوانە پێش چاو دەخەین.
**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**
وادەزانم هەردوو پرسیارەکەی من پەیوەندیان بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یاجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
یەکێکیان پەیوەندی بە پیتاک کۆکردنەوە هەیە، ئەوەی بۆ وەزارەتی ناوخۆیە. پەیوەندی بە وەزیری

ئابووریشەوە هەیە، حەز دەکەین پرسیارەکە بکەی، ئەوەی پەیوەندی بە پیتاکەوە هەیە، ئەگەر پەیوەندی بە وەزیری ئابووریەوەیە، با ئەوەیش ئەوەندەی پەیوەندی بەوەوە هەیە وەلامی خۆی بداتەوەو وئەوەی پەیوەندی بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، با بەڕێز وەزیری ناوخۆ وەلامی بداتەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من کە وتم پەیوەندی بەسەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، چونکە بەرپرسییەتی وەزیرەکان وبەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وجێگرەکەی بەهاوکارییە، لایەنەکی پرسیارەکەم لەوانەیە پەیوەندی بەوەزیری داراییەوە هەبێ وەکو لایەنی راپەڕاندن، ئێمە وەکو دەزانین یاسای پیتاک (اکتتاب) لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە هەڵنەوەشاوەتەوە تاکو ئێستاش وەکو دەڵێن لەکاردایە (ساري المفعول)ە. بەلام بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبینین پارێزگارەکان یا قائمقامەکان یا لەبازگەکان وخاڵەکانی پشکنین هەر بابایەو وەصلێکی پێیە پارە کۆ دەکاتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێمە وەکو یاسایەکمان هەیە حوکمی خۆی هەیە کە لیژنەیەک پێک بهێندرێ وەصلی چاپکراو ومۆرکراو هەبێ لەبانقێکی ناسراو ئەو پارەیە دابنرێ. ئەوانە بۆ هیچی نەکراون؟ و پرسیارەکەی من ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئنجا ئەگەر پەیوەندی بە برادەرانی وەزارەتی داراییەوە هەیە، بلێ، باوەلام بدەنەوە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری دووەم ئەوە بوو من هەر خۆم لەناو هۆڵی ئەم پەرلەمانەدا لە کابینەی یەکەمدا داوای ئەوەمان کرد لە بەڕێز سەرۆکی وەزیران ئەو وەختە کە بەڕێز د.فوئاد بوو کە سەرژمێریێک بکرێ، کە شتێکی زۆر پێویستە بۆ زۆرشت وا دەزانم ئامارکردن لەم زەمانەدا زانستێکی گرنگە کە هەموو دەولەتەکانی پێشکەوتوو ودواکەتوو بایەخی پێ دەدەن وبەنسبەتی ئێمەش کە وەزعی ولاتەکەمان شێوێنراوە، باری ئابووری و دانیشتوان بەتەواو تێکچووە، داوامان کرد کە شتێکی وابکرێ وجەختمان لەسەر کرد، وتمان ئەگەر ئامارەکەش نەکرێ، من لەبیرمە لەوانەیە لەمەحزەرەکانیش تۆمار کراوە، گوتم ئامارو بەسەرکردنەوەیەکی دانیشتنوان بکرێ، من کولفەکەشم دانێ گوتم ئەوەندەی تێ دەچێ و پلانێکی تەواویشم لا هەیە و تاکو ئێستا لام ماوە. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا لەم بابەتەوە چ هەنگاوێک نراوە لەبارەی سەرژمێریکردن؟ سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەگەر مۆڵەتم بدەن ئەتوانم وەلامی هەردوو پرسیار بدەمەوە وبرای بەڕێزم کاک یونس لێرەیە ئەگەر شتێک هەبێ لەو لایەنە ئەو وەلام بداتەوە، دەربارەی مەسەلەی کۆ کردنەوەی پارەو

بەناوی پیتاک وئەوشتە بەراستی بۆ چوونەکەی کاک عدنان دەقاو دەق راستە. لادانێکی زۆر هەیە لەو یاسایە لە مەسەلەی کۆکردنەوەی پارەو ئەوەی ئێمەش تێبینیمان کردبوو کەزۆر بێ سەرو بەرە، بەپێی یاسا نەکراوە و وەزارەتی داراییش نە لەبری کۆکردنەوەی پارەکە ئاگادارە ونەلەچۆنیەتی خەرج کردنی، لەبەر ئەوە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو مەسەلەیەمان باس کرد وئەنجوومەن، سەر لەنوێ بریاری ئەوەی دایەوە کە ئەبێ ئەوە بەپێی یاسا بکرێ ووەزارەتەکان نابێ دەسکاری مەسەلەی کۆ کردنەوەی پارە بکەن وبەو شێوە نارێکە، لەبەر ئەوە ئێمە سەرلەنوێ ئێستا نووسراوێکمان ئاراستەی هەموو وەزارەتەکان کردۆتەوە، وەک شێوەیەک لەرێنمایی نوێ کە چۆن پارە کۆ دەکرێتەوە. ئەبێ لیژنە هەبێ وکە چۆن دەبێ رەزامەندی بۆ وەرگیرێ بەپێی وەصل بی، پاشان چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم پارەیەش ئەبێ پێشەکی ئاگاداری وەزارەتی دارایی بکرێ ودوایی لە حسابەکەی ئاگاداری وەزارەتی دارایی بکرێتەوە، ئەوە دەربارەی ئەو پرسیارە، دەربارەی مەسەلەی سەرژمێری خەڵکی کوردستان، ئەوە خۆتان دەزانن بریارێکی کۆنە وئێستا سەر لەنوێ بریارەکە کاتی جێ بەجێ کردنی نزیک بۆتەوە. لەبەر ئەوە، ئەنجوومەنی وەزیران ئێمەیان ئاگادار کردووە کە خۆمان ئامادە بکەین. لە رێگەی پارەو پێداویستەکانی، بۆ سەرژمێری گشتی، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنیا بەدواداچوونەکەم ئەوەیە ئومێد دەکەم لەهەردوو وەڵامەکەی بەرێز شێخ دارۆ کە سەرکەوتوو بن ووای لێ نەیەت جارێکی تر ئەو پرسیارەیان لێ بکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک ئەحمەد نەقشبەندیی پرسیارێکی هەبوو لە بارەی وەزارەتی ئەوقافەوە، بەرێز وەزیر خۆی لێرەیە فەرموو.

**بەرێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوە بوو ئاراستەی بەرێز وەزیری ئەوقافە و لە بارەی (عەمرەو حەج)ەوەیە، ساڵی پار هەموومان دەزانین کەموکورتیەکی زۆر هەبوو، هەوڵدانێکی زۆریش کرا بێ ئەنجام بوو، جاداوام ئەوەیە لەبەرێز وەزیری ئەوقاف هەر لەئێستاوە، ئەگەر نیاز وایە خەڵک بچن بۆ (عەمرەو حەج) با هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدرێ نەخشەیەکی رێکوپێک ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتیانەی پارەکە تووشمان هات جارێکی تر تووشی نەبینەوە، سوپاس.

**بەرێز مەلا محەمەد عەبدولقادر/وەزیری ئەوقاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی بەرێز جەنابتان هەر وەکو کاک ئەحمەد ئاماژەی پێ کرد ئێمە هەوڵمان دا بۆ حەج، بەڵام

بەداخەوە سەرنەکەتین لەبەر هەندێ هۆی بەڕێوەبردن وسیـسی، کاتەکەی درەنگ بو ـا رادەیەک بەسەلبیش بۆمان گەڕایەوە. ئێمە بەپێی یاسای وەزارەتی ئەوقاف نیشەکانی کـ ڕوباری (حەج وعەمرە) ئەنجام دەدەین، ئێمە لەو ڕۆژانە کە لەکۆبوونەوەی سێ قۆلی هەردوو حزب ووەزارەتی ئەوقاف وسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بابەتانە کرایەوە لەلایەن بەڕێزانەوە هانی ئێمەیاندا کە لەئێستاوە ئیشی بۆ بکەین. بەڕێزتان دەزانن ئێمە لە مەسەلەی پەیوەندی یەکانی دەرەوە نەکەسمان هەیەو نەپەیوەندیمان هەیە ونەئیشی ئێمەیە، ئەوە ئەم ئیشە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەرەوە هەیە، بەچەند دەوڵەتێکەوە هەیە نەک تەنیا یەک دەوڵەت، بەسعودیە، بەتورکیا، بەسوریا وئوردنەوە هەیە، ئەمانە کە کاروانی حاجییەکانیان پێدا تێ دەپەڕێ ئێمە دەبێ لە ئێستاوە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی هاواهەنگی بکەین، وەفد دابنێین بەیەکەوە هەوڵ بدەین لەگەڵ دەوڵەتەکانی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگەی حەج یا عەمرە خۆش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان منیش ئومێدەوارم لەیەزدان کەوا ئەوانەی کە دەچن سەرکەوتووبن ووەزارەتەکەشمان سەرکەوتوو بێت لەو مەسەلەی کە پێی سپێردراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەحمەد نەقشبەندیی پرسیارێکی بۆ وەزیری پیشەسازی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی کارەبا لەشارەکەماندا، بەراستی خەڵکی وجەماوەرێکی زۆر موعاناتێکی زۆریان هەیە دەربارەی بوون ونەبوونی کارەبا لەماوەی (٢٤) سەعاتدا. موعاناتی هەموو خێزانێک ئەوەیە دەبێ هەر خەریکی ئەوەبێ سویچی پلاکەکان بکوژێنێتەوە وبیکاتەوە لەکاتی هاتنی کارەبادا یا نەبوونی کارەبا. بەراستی خەڵکەکە وەکو ئاگامان لێیە بەتایبەتی بەشەو حاڵاتی دزی وحاڵاتی تەعەدداو ئەزیەت دانی خەڵک زۆرە کاتێ کارەبا دەکوژێتەوە لە(١٢)ی شەو تاوەکو بەیانی خەڵکەکە بێ کارەبایە، دزیەکی زۆر پەیدابووە، لەگەڕەکەکاندا وتەعەددا دەکرێتە سەر خەڵک، یانی بوونی کارەبا کارگەریەکی زۆری هەیە بۆ ئەو مەسەلانە. جا داوا لەبەڕێز وەزیری پیشەسازی دەکەین کەلەم بارەیەوە ئاگادارمان بکات بزانین هۆی سەرەکی چییە؟ بۆ نەبوونی کارەبا لەشارەکانداو دەربارەی شاری دهۆکیش بزانین بۆ چی ئەو هەموو گفتەی دراوە تا ئێستا هیچ نەکراوە لەبارەی دهۆکەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، بەراستی هەمیشە حەز دەکەم کە پرسیارمان

رووبەروو دەکرێ لەسەر بنەمای دەست نیشان کردنێکی تەواوبێ لەبارەی کێشەکەوە، دەست نیشان کردنەکە وتمان بۆ نموونە لەبارەی جیاوازی لەنێوان دابەش کردنی کارەبا یاخود نەبوونی کارەبا لەشوێنێکدا، پێش ئەوە شوێنەکەمان بۆ دەست نیشان بکەن ولەبەر ئەوەی کارەبا بە یەکسانی دابەش دەکرێ. لەبارەی هێزی کارەباوە بەراستی لەگەڵ دەست پێ کردنی سەرما ئێستا خەڵک دەستی داوەتە بەکار هێنانی (هیتەر) بەشێوەیەکی وا کەبە هیچ جۆرێک ناتوانین ئەو برە کارەباریەی کە پێویستە دابین بکەین، بۆ نموونە ئەم مانگە لە کۆتایی دا کارەبای پێویست بۆ هەولێر گەیشتە(٣٠٠)میگاوات بۆ سولەیمانیش(٢٠٠)میگاواتمان گەرەکە، یانی بەهەردووکیان(٥٠٠)میگاواتیان ئەوێ، لە ئەنجامی بەکارهێنانی هیتەرو دەستگا کارەباییەکان وئێمەش ناتوانین ئەوەندە بری کارەبا دابین بکەین، چونکە سەرچاوەی کارەبای هەولێر و سلێمانی تەنیا کارەبای دوکانە. (دوکان) بەرزترین راددەی(٢٤٠)میگاواتە، لەوکاتە بەپێی نسبەتی ئاو کە لەگۆلی دوکاندا هەیە، هەر چەندە ئێمە ئەو(٢٤٠)میگاواتە ناتوانین هەمیشە ئیشی پێ بکەین. چونکە ئێستا کاتی پەزیرایی (صیانەیە)، دوو وەحدەمان لەژێر پەزیرایی دایە وبەنۆرە، هەر جارێ یەکەیەک چاک ئەکەینەوە، مانای وایە ئێمە لەسلێمانی وهەولێر بەپێی پێویست ئێستا(٥٠٠)میگاواتمان ئەوێت، کەچی توانای بەدیهێنانی کارەبا کە(٢٤٠)میگاواتە، بەڵام بەرزترین راددە ئەتوانم بڵێم لە(١٨٠)میگاوات زیاتر ناتوانین بەرهەم بێنین، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دهۆکیش پرسیارمان هەبوو کە گووتمان ئەو گفتەی کە لەدەرەوە درابوو، کە کارەبای دهۆک دەگەڕێندرێتەوە بۆ دهۆک تا ئێستا هیچ نەکراوە و دەربارەی جەنابی وەزیر کە باسی موحەویلەی کرد، بەڵام ئەوەی من ئاگادارم گەڕەک بەگەڕەک دەکوژێتەوە نەک موحەویلە، واتا گەڕەکێک دەکوژێتەوە گەڕەکێکی تر پێ دەبێ. هیچ موحەویلەیەک لەو بارەوە کاریگەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی پرسیاری کارەبای دهۆکەوە ،هەفتەی پێشوو من خۆم چوومە زاخۆ ولەوێ لەگەڵ لێپرسراوی (MCC) نوێنەری تورکیا قسەمان کرد، ئێمە لە(٣)ی ئەم مانگەدا وەفدێکمان چووە تورکیا کە وەفدەکەمان وەفدێکی هونەری بوو ولەگەڵ لێپرسراوانی تورکیا بە ئامادە بوونی نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە یان و، وەزارەتی بازرگانی خۆیان، لەرووی ئابووری یەوە شارەزایانی کارەبا کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا گەیشتبوونە ئەوەی کە یادداشتێکیان ئیمزا کردووە لەنێوان خۆیاندا بەپێی ئەو یادداشتە بەیانیان لە سەعات (٧)ەوە تاکو(١١)ی شەو بتوانن(١٠)میگاوات بدەن ولە(١١)ی شەوەوە تا(٧)ی بەیانی بتوانن دەوری (٢٠)میگاواتمان

بدەنێ وبەپێی بڕیارەکەیان، کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا یانی پاش کۆبوونەوەکە بەچەند رۆژێک کارەبا کەبدرێ. لەرووی هونەریەوە چی پێویست بوو کردمان، ئێستا هێلەکانمان ئامادەنە بۆ وەرگرتنی کارەبا، بەلام ئەو پرسیارەی من کە لەوێ ئاراستەی نوێنەری تورکیام کرد، پێم ووت بەداخەوە کارەباکە دواکەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. دێینەوە سەر وەزارەتی ئابووری، یەک پرسیاری ترمان هەیە لەلایەن بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندییەوە، دوای ئەوەش وەزیری ئابووری ئازادە، کاکەرەش مۆڵەتمان بدە، فەرموو کاک دارۆ.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیاری تر گەیشتوونەتە دەستی من یەکیان لە١١/١٦نووسراوە ئەوی تر لە١١/٢٣ کە کاکەرەش ناردوونی. ئینجا من داواکارم ئەگەر یارمەتیم بدەن هەردوو پرسیار بکەوێتە کاتێکی ترەوە بۆ وەلام دانەوە یا بەنووسین یا بە زار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی داوا دەکا دوای بخا بۆ دانیشتنی ئاینده.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرنگ ئەوەیە کە وەلامەکەی بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکی دەست بەجێ وەکو بیستمان دوێنێ(٣٠) (مولدە) گەیشتۆتە زاخۆ. ئایا گومرگیان لێ وەربگرین یانی نا؟ نازانم کاک شێخ دارۆ هیچ زانیاری لەسەر ئەوە هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو مەسەلەیە زۆر تازەیە، بەلام من بەهۆی ئەو کۆبوونەوەیە نەچوومەتە شوێنی ئیشەکەی خۆم، لەبەر ئەوە من زانیاریم نییە، داوای لێبوردن ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی شێخ دارۆ پرسیار تەواو، دەتوانی بڕۆی ئازادیت. ئێستا وەزارەتی داد، کاک حسین عارف پرسیارێکی هەبوو با بفەرموێ.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولڕەحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کورد لەدێر زەمانەوە (ئیدیومی) شاری بێ حاکمی بەکار هێناوە، ئەڵێ (ئەم شارە بێ حاکمە)! یاخود خۆ ئەم شارەبێ حاکم نییە!!

ئێمە حاڵی حازر چەند شارێکمان هەیە بەبێ حاکمن، وەکو قەڵادزێ و، هەڵەبجە و، چەمچەماڵ و، کەلار، رەنگە زۆر شوێنی تریش هەبن، واتا ئەو شارانە کە هەموو یان مەرکەزی قەزان، پێویستیان بەحاکم هەیە، بەپێی زانیاری من لەمانگی حەوتەوە لیستەیەک ئامادە کراوە بەناوی چەند زاتێکەوە کەهەموویان یاسا ناسن ومەرجی دامەزراندنیان تێدایە، بەڵام دامەزراندنیان تا ئێستا گیری خواردووە ودواکەوتووە، پرسیارەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم هەموو پێویستییەدا بۆ دامەزراندنی ئەو چەند حاکمە، ئەو دامەزراندنە هۆی چییە کەدواکەوتووە تا ئێستا هەروا ماوەتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە وەکو بەڕێز حسێن عارف فەرمووی، ئێمە لەکاتی خۆیدا چەند زاتێکمان پاڵاوتووە وناوەکانمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی دادوەری ولە ئەنجومەنی دادوەریشەوە بەپێی مادە(٣٤)ولە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩٣ناوەکانیان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ومن خۆم چەند جارێک لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەکاندا ئەم بابەتەم باس کردووە، وەڵامەکەی ئەوە بووە کە ئێمە داوامان کردووە کە مەرسومی کۆماریان بۆ دەرچێت، وەڵامەکەی ئەوە بووە کە هێشتا بابەتی دانانی رابەر گرفتێکە هێشتا چارەسەر نەکراوە، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەن چونکە ناوەکانیشیان دەرچێت هەر دەبێت لەبەر دەم رابەردا سوێند بخۆن، ئەم باسە ئێستا ماوەتەوە لەم دواییەدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاردرا لەم هەفتەیە وهەفتەی داهاتوودا هەر رۆژی وەزارەتێک دابنرێت تا گیروگرفتی ئەم وەزارەتەی تیا باس بکرێت، من دام ناوە لەوەش باسی ئەکەم ولە کۆبوونەوەی هەردوو حزبیشدا کە لەپەرلەماندا دەرکرێت، باس ئەکرێن، بەوەی کە چارەسەرێکی بۆ دابنرێت، هەڵبەتە ئەوانەی کە نێردرا بوون چەند کەسێک بوون لەوانە سیانیان ناویان هاتۆتەوە، لەکاتی خۆیدا ،بەڵام لەبەر ئەوەی کە سوێندیان نەخواردووە ناتوانن بریاری دادوەری دەربکەن، ئێستا کاروباری ئیداری بەڕێوە ئەبەن، لەبەر ئەوە نووسراوەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووەو هەر وەکو کاک حسێن فەرمووی ئێمە لەو شوێنانەدا حاکممان نییە، بەڵام ئەوە دوو شێوەیە، هەندێکی فەرمانگەی هەیە، شوێنی هەیە، چاوەڕێین ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێت وپێشمان ووتوون کە دایان ئەنێین بۆ چەمچەماڵ بۆ کفری بۆ پشدەر، وهەندێکیان لەبەر گیروگرفتی بێ شوێنی کەشوێنیان نییە بۆ حاکم وەکو قەڵادزێ، چۆمان، هەڵەبجەی شەهید، ئەمانە شوێنیان نییە تا حاکم کاروباری

خۆی تێدا بەڕێوە ببات ولەسەردانەکەماندا بۆ سلێمانی لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی لەم بابەتەوە باسمان کر،د گفتی دا کە شوێن دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وا تێ دەگەم کاتی خۆی چۆن ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوە وتەمییز لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی سوێندیان خوارد، ئەگەر مەسەلەکە تەنها ئەوە بێت، ئەتوانن بەهەمان دەستوور ئەوانیش لەبەردەمی ئەنجوومەنی نیشتمانییدا ئەم سوێند ەبخۆن، چونکە بەڕاستی بەدامەزراندنی ئەو کۆمەڵە حاکمە زۆر پێویستە، ئەتواندرێت لەو کۆسپەیە تێپەڕ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وادەزانم لەرووی یاسایی یەوە دوو گرفتی تێدایە، یەکەمیان ئەوەیە بۆ دامەزراندنی حاکم ئەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان وەر بگیردرێت، دووەمیان مەسەلەی سوێند خواردنە، ئەوەی بەدەستمەوەیە کە ئامادەم کردووە لەکۆبوونەوەی ئاینده هەردووکی باس بکرێت، هەتا ئەوانەی کە کاری ئیداری ئەکەن ئەوانیش جارێکی تر لەڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بنێردرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ڕەزامەندی کردن، منیش لەگەڵ رای کاک حسێن دام کە ئەوە دەبێ ودەکرێ، عورفی رابوردووش وابووە، کە دەکرێت ئەنجوومەن وەزیری یاسەرۆکی دادگاکانی تەمییز راسپێرێ بۆ سوێند خواردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەکام عورفی رابووردوودا کاک قادر؟

**بەڕێز قادر عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتا دادگا هەبووە. خۆی وەزارەتی داد لەدوای پەرلەمانەوە داندراوە، خودی عورفێکی رابوردووی لای خۆمان نییە، بەڵام لەعێراقدا بووە لەناوچەکە هەبووە، کە ئەڵێن داب (عورف) مەبەستمان ئەوەیە کە خۆ ماڵییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دێینەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ، کاک ئیبراهیم پرسیارێکی هەبوو..

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە نزیکەی ساڵ ونیوێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا قەزایەک هەیە، پەیکەری ئیداری کامڵ نەبووە، وە ئەوەش تەواو دەبێت بە دامەزراندنی چەند بەڕێوەبەری ناوچە (ناحیە)یەک لەهەندێ ناحیە ئەگەر پێشتر عوزریان هەبوو کەوا خەرجی زۆرە، یان نەفقاتی

زۆرە چەند ناحیەک هەیە فەرمانگەی لێیە، فەرمانبەری خۆجێی لێ یە، پۆلیسی خۆجێی لێ یە وابزانم تەنها کەسی بەڕێوەبەری ناحیەی دەوێت کەوا لەوێ دامەزرێت، بەبوونی بەڕێوەبەری ناحیە لەوێ زیاتر شکۆمەندی یاسا دەچەسپێت، من وەکو نموونە لە دهۆک ناوی پێنج ناحیە دێنم(مانگیش، سەرسەنگ، زاوێتە، باتوفە، بەردەرەش) ئەمانە هەموویان بینای خزمەتگوزاری تەواویان لێیە وپێویستی بەهیچ چاکسازییەک نییەو نە بینای تازەیان دەوێت. هەروەها دەڵێن کەوا ماوەیە لە قائمقامیەت دووردەکەوێتەوە، دزی وشتی خراپە دەکرێت، وەکو لەچەند ناحیەیەک لەدهۆک شتی کارەبایان دزیوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت دامەزراندنی ناحیەکان تا ئێستا لەبەر باری ئابووری بووە، بەڵام ماوەیەکە لە ئەنجومەنی وەزیراندا لەسەر ئەو مەسەلەیە دواوین، بەو زووانە ئومێد دەکەم کە چارەسەری ئەوانە بکەین بەلانی کەمەوە ئەو شوێنانەی کاک ئیبراهیم باسی کردن کە بینایەیان هەیەو دانیشتوانی زۆر تێدایە، لەوانەیە پێویست بێ بەڕێوەبەری ناحیەی تیادا بێت ئومێدەوارین بەم زووانە جێ بەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند مانگێک بەر لەئێستا من پرسیارێکم بۆ برای بەڕێزم کاک یونس وەزیری ناوخۆ پێشکەش کرد سەبارەت بەگەڕانەوەی ئۆردوگاکانی هەولێر، دیارە لەدەرەوەی هەولێرو دەوروبەری ژمارەیەک ئۆردوگا هەنە، ئەم ئۆردوگایانە بەشی زۆری خەڵکە کە بواریان نییە بگەڕێنەوە شارو شاروچکەکانی خۆیان. خەڵکی شاری کەرکوک، خەڵکی ئەو شوێنانەن کە لەژێر دەستی ڕژێم دان خەڵکی لای مەخموورن، بۆ نموونە هەر لەبنەسلاوەدا لەدەروبەری(٤٠)هەزار کەس دەژین، لەدارەتو(٣٠)هەزار لەکەورگۆسک (٢٠)هەزار هەیە، واتا ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە ماونەتەوە لە ئۆردوگاکانن وبواری ئەوەیان نییە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. جا پرسیارەکەش ئەوە بوو، ئێمە تا ئێستا ئەو خەڵکەمان بۆ پشت گوێ خستووە؟ بۆ بەڕێوەبەریەکان ناگەڕێنینەوە، بەتایبەتی پۆلیس وئاسایش؟ نەبوونی ئەو دەزگایە گرفت وشتی زۆر گەورەی بۆ ئەو خەڵکە دروست کردووە. ئەوە ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو خەڵکانە بێ بەش بن لە کۆمەڵێک مافی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی برای بەڕێز کاک جەلال ڕاستە ئەبێت بەڕێوەبردنەکان تەواو بن، مەسەلەی

ئۆردوگاكان، ئێمە چەندەها جار باسمان كردووە لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش ولێرەشدا باس كراوە مەسەلەیەكی سیاسییەو وامان بەچاك دەزانی كە ئێمە ئۆردوگاكان تێك بدەین، ئێستا گوندەكان ئاوەدان بكەینەوە، هەبوونی مەخفەرێكی پۆلیس بەلای ئێمەوە كە چەند جار باسمان كردووە احتماله برینی ئەو خەڵكە تیمار نەكات، ناتوانێ وەكو پێویست دەوری خۆی ببینێ، هەر بەهیوای ئەوە بووین ئەو خەڵكە رۆژێك زووتر بگەڕێنەوە گوندەكان، كە ئەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانە تێك بدەین، لەراستیدا هۆیە سەرەكی یەكە ئەوە بووە تا ئێستا ونەك لەبەر هۆیەكی تر، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئێستا ئاماژەمان كرد كە ئەو خەڵكە بواری گەڕانەوەیان نییە، ئەوانەی خەڵكی كەركووكن یا مەخموور یان دوز، بەراستی ئەو خەڵكە ناتوانێت بگەڕێتەوە شوێنەكەی خۆی. من بۆ خۆم پێم وایە، برای بەڕێزم وەزیری ناوخۆ گوتی لەوانەیە ناوەندێكی پۆلیس چارەی گرفتەكەی ئێوە نەكات، من خۆم بەپێچەوانەوە لەو مەسەلە دەگەم هەر نەبێت ئەو موحەویلانە ئەپارێزێت، ئەو بەڕێوەبەرییە كۆنانەی كە لەوێنە دەیان پارێزێت تاوەكو بەشەكانی تریش بەڕێوەبەریان بۆ ئەگەڕێتەوە، ناوەندێكی پۆلیس یا یەكەیەكی ئاسایش پێم وایە لەزۆر گرفتیان دوور دەخەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی كاك جەلال فەرمووی بۆ ئەوانەی كەركوك، ئەو مەسەلەیەمان خستۆتەروو و بەگشتیش باس كراوە، بەڵام ئەگەر هاتە سەر ئەوە تەنها یەك ئوردوگا، یادوو ئۆردوگا پێویستی بەوە هەیە بەلای منەوە ئەتوانین ئەوە چارەسەر بكەین. بەڵام ئەمە بۆ چوونە گشتییەكە بووە بۆ ئۆردوگاكان، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من لێرەوە داوا لەبەڕێزتان دەكەم كە ئەمە گرنگی پێ بدەن، چونكە گرفتی(١٠٠)هەزار كەس، كەم نییە، ئەگەر لە چوارچێوەی گشتیشدا بێت دەبێت گرنگی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد ئەلیەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئاشكرایە ژمارەی پۆلیس لەشاری هەولێر لە(٦)هەزار كەس زیاترە، مانگانە لەحكومەت وەردەگرن كەچی بەشەو هیچ پاسەوانییەك لەناو شاردا نییە بۆ پاراستنی گیان ومالی دانیشتوان، ئەوە

خاڵی یەکەمە، خاڵی دووەم بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٩٣/٧/١٣دا دەرچووە کە دەڵێ: بازگەو خاڵەکانی پشکنین کەم بکرێتەوە، بەڵام بەکردەوە بەپێچەوانەوە بازگەکان لەزیاد بووندانە بەبێ ئەوەی بە بڕیاری ئەنجوومەن لابېرێن، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

• بۆ مەسەلەی ئاسایش سێ چوار پرسیار هەنە، ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون پێکەوە وەڵامیان بدەینەوە پرسیاری بەڕێز کاک محەمەد سەعید یەعقوبی. یەک لەوانەیە، پرسیارێکی تر لەلایەن کاک عبدالخالق، ملامحەمەد ئەمین چەمچەماڵی، وپرسیارێکی تریش لەلایەن خوشکە نهلە بوو، هەمووی بەلای منەوە پەیوەندیان بە ئاسایش وپۆلیسەوە هەیە، ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموون هەر هەمووی بەیەکەوە وەڵام بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاشکرایە، لەمێژە خانووەکانی پەرلەمان کە تەرخان کراون بۆ ئەندامانی پەرلەمان وئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران کێشەیەکی زۆری لەسەر دروست بووە، بەراستی چەند لیژنەیەکی بۆ دروست بوو و،پەرلەمان بڕیارێکی تەشریعی لە ١٩٩٣/١/٤ وە دەرچوواند تا ئێستا ئەو بڕیارە دەتوانم بڵێم هەر جێبەجێ نەکراوە، واتا ئەوە بۆ(١١)مانگ دەڕوات دیارە تا ئێستا هەروا ماوەتەوە وجێبەجێ نەکراوە و هۆیەکانی ئەوە نییە پەیوەندیدار بێت بە ئابلوقەی ئابووری دەوڵەتان یان ئابلوقەی ئابووری ناوخۆوە، ئەوە مەسەلەیەکی خودییە، پەیوەندیدارە بەتوانای خۆمان هەر چەندە تواناش سنووردار بێت، قانون هەیە چارەی ئەو مەسەلەیە دەکات. لێرەدا عەقدەکان هەمووی پووچەڵ کراون وتا ئێستا ئاگاداراکردنەوە بەشاڵاو بۆ ئەوانەی لەخانووەکان دان دەچێت و زۆر بەسنگێکی فراوان و بە چاوی نوقاوەوە ئیمزای لەسەر دەکەن وەزۆر بەگاڵتە پێکردنەوە ئاگادارییەکان وەردەگرن، ئەسلی یاسایێک هەیە چارەی ئەم مەسەلەیە دەکات کەچۆڵکردنی بەخورتییە (اخلاء جبری)، کە تۆزی تێدابوو پێویستە دەزگای ئاسایش جێبەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی خانووەکان ڕاستە وەکو بەڕێز کاک ایاد باسی کرد، چەندەها جاریش لێرەدا باس کراوەو وەڵامەکەش لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دراوەتەوە، ئێمەش ئەزانین وەکو پێویست کار بۆ چۆڵکردنی ئەم خانوانە نەکراوە، کۆمەڵێکی کەمیان چۆل کراون. بەڵام لەکۆتایی

هەفتەی رابوردوودا دوا نووسراو لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە ئێمە گەیشتووەو، ئێمەش ئاراستەی پارێزگاری هەولێرمان کرد، بەتەلەفۆنیش قسەم لەگەڵدا کردوون کە لیژنەیەکی بەرز ورێک وپێک دابنێن بۆ ئەنجام دانی ئەو کارەو جێبەجێ کردنی، هەر بۆیەش پێشنیاز دەکەم کە لیژنەی ناو پەرلەمان بتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن، گەیشتنە چ قۆناغێک لەو مەسەلەیەدا ئاگادارم بکەنەوە، من ئامادەم پشتیوانیان لێ بکەم بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر لام سەیرە پاش یانزە مانگ لیژنە دابندرێت، من داوا لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم کاتێکی دیاری کراو بداتە ئەندامانی پەرلەمان ئایا کەی ئەم خانوانە چۆڵ دەکرێن؟ مەسەلە پێشنیاز وپرسیارەکەی من نییە، بەڵکو یاسایکە توانای جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە هەیە، ئەگەر جێبەجێ دەکرێت بابزانین، ئەگەر جێ بەجێ ناکرێت دیسان با بابزانین وهەر وەکو پێشنیاری برادەرێکیش هەیە دەمەوێ بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان. من زۆر بەباشی دەزانم. پاش ئەم هەوڵ وتەقەللایە زۆرە هەموو خانوەکان چۆڵ بکرێن، بدرێتەوە هەمان فەرمانبەرە کۆنەکان وبڕیارێکی بەموڵک کردنیش بۆ نیشتەجێ ئەسڵییەکان دەربچێت، بۆ ئەوەی ئەو گرفتە لەیەخەمان ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە بڕیارەکە ماوەیەکی زۆرە دراوە، بەڵام هەروەکو خۆتان ئەزانن لەبەردەمی ئێوەدا لێرە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش روونی کردەوە، سەرچاوەی کاری ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوەیە ئەو خەڵکەی لەناو خانووەکانی پەرلەمانن بەراستی پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، ئێوەی بەڕێزیش ئاگادارن ئێمە چەندین جار لەو مەسەلەیە دواوین، کە لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارەکە جێبەجێ بکەین و هەروەها لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاگاداری ئەوانەی خۆیان بکەن، نەگاتە رادەی ئەوە کە ئێمە پۆلیس بنێرین وهەموویان دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسایەک دەردەچێت هەموو کە سێک دەگرێتەوە، هەموو کەس یەکسانن لەبەر دەم یاسادا، مەسەلە، مەسەلەی ئەوە نییە فەرمانبەری پەرلەمان یا فەرمانبەری ئەنجوومەنی وەزیران یا فەرمانبەرێک کەلێزانییەکی کەڵەکەبووی هەیە، مەسەلە ئەوەیە کە بۆمان بکرێت. نەخێر من بە

بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەڵێم بە ئێوە دەکرێت بە یارمەتی وەزارەتی دادیش کە لایەنی جێبەجێ کردن بێت یاخۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس وئاسایش. واتا ئەو مەسەلەیە ئەگەر بیانەوێت دەکرێت، من داوای کاتێکی دیارکراو دەکەم، بەراستی ئەوەندە ئیشێکی زەحمەت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خانوو قسەیەکیان هەیە با ڕێگایان بدەین قسە بکەن.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ماوەیەکی زۆرە ئێمە خەریکی چۆڵ کردنی ئەو خانوانەین. بەراستی چ بە ئاگادارکردنەوە لەلایەن پۆلیسەوە تا ئەو رادەیەی خۆشمان ئەندامانی پەرلەمان چووین پێمان ووتوون. بەلام لەو لایەنە هیچ نەبووە هەتا ئێستا لە کۆی (١٠٦)خانوو ئەتوانم بڵێم(٣٨)خانوو چۆل بووە کە ئەنجوومەنی وەزیران وپەرلەمان بەهەمویەوە نزیکەی(١٩)بە(١٩)بووە ئێستا ئەوە لیستەکەم لە بەردەسدایە، بەرای من ئەگەر بێت و هەوڵی چۆڵکردنی ئەو خانوانە بدرێ، هیچ بەدەرکردنێکی تێدا نەبێت، ئەگەر بەبێ هەلاوێردن بێت من لەو بڕوایە دام بە هەفتەیەک هەمووی چۆڵ ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە ئەو برایانەی کە لە لیژنەن سەعات(١٠)لە پارێزگا بن، خۆم ئەچم لەوێ لەگەڵیاندا کۆ ئەبمەوە وکاتە دیاری کراوەکەشیان ئەدەمێ، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێکم هەیە کە ئەمانەن:

١- ئایا هەموو هاوولاتیان شەوان کە دەخەون ئەو شارە تەسلیم بەکێ دەکرێ وکێ لێی بەرپرسیارە؟.

٢- بەنسبەت پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، چۆن رێکدەخرێ کەوەک شارێکی ڕێکوپێک دیار بێت؟ وئەو قەڵەباڵغیە ونارێکیەی کە لەشاری هەولێردا هەیە، ئایا چاک دەکرێت؟ ئایا وەزارەتی ناوخۆ چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەو ڕێکخستنەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باری ئاسایشی کوردستان خراپە، باری ئابووری وبژێوی خراپە، هەرچەندە باری ئابووری بەشێکی

زۆری لەتوانای ئێمەدا نییە، لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووری دەوڵەتان ورژێمی بەغدایە، بەڵام لایەنێکی زۆری باری ئاسایش کاری ئێمەیەو، من بە هەلی دەزانم چونکە بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە وهەروەها حەزیشم دەکرد بەڕێز سەرۆک وەزیرانیش لێرە بوایەو وەزیری دادیش نەڕۆیشتبایە، ئەم باسە شتێکی گرنگە. پەیوەندی بەدەستکەوتی گەلەکەمانەوە هەیە ئەویش ئازادی ودیموکراتی وڕێزگرتن لەمافی مرۆڤە لە کوردستاندا، هەڕەشە هەیە، بەتەلەفۆن یان قسە لەسەر کەسان و خێزان دەکرێ کە هەندێ لایەن ئەنجامی دەدەن. هەروەها دەستدرێژیەکی زۆریش هەیە لەو دوو هەفتەی رابوردوودا (٤-٥)مامۆستا لێ دران ورفێندران لەلایەن چەکدارانەوە وزۆر کاریگەیریەکی خراپیشی هەبوو لەناو مامۆستایان ولەناو قوتابیاندا، کە مامۆستاکانیان لێ دەدرێن وزۆر بەداخیشەوە ئەو لێدانە مۆرکێکی سیاسی وەرگرتبوو لەبەر ئەوەی کە چەند کەسێکیان پارتین یان یەکیەتین. هەروەها تیرۆرکردنیش لەزۆر لەشارەکانی کوردستاندا بەردەوامە بەشێکی سیاسییەو هەتا گەیشتە لێپرسراوانی دارایی، هەندێک سەرکردەکانی سیاسیش، خۆمان ئەزانین بێجگە لەوانەش هەندێ کەس لەکوردستان وون دەبن. لەبەر ئەوە گرتنی سەربەخۆش هەیە، ئینجا من ئەوە بەخەتەرێکی حەددی دەزانم لە کوردستان و ئەو خەتەرە بەرپرسیارییەتێکی گشتی هەیە من ناڵێم ئەوە بیخەمە ئەستۆی وەزیری ناوخۆ. تابوورێکی پێنجەمی عێراقیمان هەیە زۆر دەورێکی خراپی هەیە ئەو رەوشەی قۆزتۆتەوە، دەبێ کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوانەی کاک عەبدولخالق ئاماژەی بۆ کردن، بەرای من مجرد پرسیارێک نییە، پەیوەندی بەوەزعی گشتیەوە هەیە، ئەگەر ماوە بدەن هەر برادەرێک لەبرادەرانی ئێمە نەکەوینە چوارچێوەی ئەوشتە قانونیە کە تەنیا پرسیارێکە لەوەزیرێک وئەبرێتەوە. بەڵکو ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردووە بواری هەبێت شتێکی لەسەر بڵێت، لەراستیدا خاڵی زۆر جەوهەری وسیاسین دەتوانم بڵێم لە(١٠٠٪)ی وایە، لەبەر ئەوە بەرای من ئەگەر ئێوە بوار بدەن وسەرۆکایەتی چۆنی بەباش بزانێت ئالوگۆڕی بیروڕا بکرێت وقسەی لەسەر بکرێت شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق لەسەرەتاشەوە دیاریمان کرد پرسیار دیاری کراوە، ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، هەتا وتمان پرسیار بە پرسیار ئەبێت وتێکەڵی یەک وەرەقەش ناکرێت و تاکو بە ئاسانی بگات بەدەست وەزیری تایبەتمەند یان بەرپرسی تایبەتی، ئەوە بابەتێکی گشتییە، چەند لایەنێک دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا

وای بەباش دەزانین ئەم بابەتە لە دانیشتنێکی تردا باس بکرێ، لەوەیە ئەندامانی تری پەرلەمانیش هەمان بۆ چوونیان هەبێت، یاخود ئەندامانی تر هەڵویستیان هەیە بەرامبەر ئەو بابەتانە ئەو بابەتەی کاک عەبدولخالق خستییەروو لە نێوان بەرنامەی ئەمڕۆ دای نانێین، هەلبەتە هەلی ئەگرین بۆ دانیشتنێکی دیکە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لەم بابەتەوە شتی تریان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو شتانەی کاک عەبدولخالق خستیەروو ئەوە لەمێشکی هەموو ئەندامێکی پەرلەماندا هەیە، لەبەر ئەوەی دیاری کراو نییە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین وەکو شێخ عەدنان فەرمووی دانیشتنێکی تایبەتی بۆ بکرێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان هاوبەشی لەگفتوگۆ ورا دەربڕیندا بکەن لەوخالانە نەک پرسیارەکە بکاو وەزیر وەڵام بداتەوە وببڕێتەوە. لێکۆڵینەوەیکی باش بۆ ئەم دیاردە خراپانە بکرێت وچارەیان بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمەش وای بەباش دەزانین لە نزیکترین دانیشتنێکی کراوەدا باس بکرێت. ئەوە شتێک نییە بسرێتەوە، بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە بەو مەرجەی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبن ورۆژنامەوانیش ئامادە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە هەڵدەگرین بۆ دانیشتنێکی تایبەتی. بەڵام ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کراون، با بەڕێزی کەرم بکات وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من باسم کرد مامۆستا مەلامحەمەد ئەمین، کاک عبدالخالق. بەراستی پرسیارەکەیان لە١١/٢٨ هەردوو پێکەوە لەسەر ئەوە ئیمزایان کردووە ئەوەش هەر پەیوەندی بە پرسیارەکانی ترەوە هەیە ئەوەی ئاسایش وپۆلیس. ئەو پرسیارانە کە لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە هاتوون مەسەلەی ئاسایش وبابەتی پۆلیس وپاراستنی سەرو ماڵی ئەو خەڵکەیە. بەراستی وەزارەتی ناوخۆ بە ئەرکێکی سەرشانی خۆی ئەزانێت بۆی هەیە لەماوەی ئەو(٧)مانگەدا هەموو هەوڵ وتەقەللا وکۆششی خۆمان دابێ کە ئەمە وەکو خاڵێکی سەرەکی کە ئێمە بتوانین هەوڵی بۆ بدەین تا

ڕادەیەک بیچەسپێنین. ئەوەی لە توانای دەزگاکانی ئێمەدا بووە، وابزانم دریغیمان نەکردووە. ناشڵێین وەزعەکە زۆرباشە، ئەوەش لەوانەیە زۆر هۆو تەگەرەو وئەوانەی هەبێت کە ئێمە نایەینە سەر درێژەپێدانەکەی، بەڵام لەم مانگەی کە ئێستا تێی داینە هەروەکو بەڕێزان باسیان کرد ئەم دووسێ مانگە تۆزێک هێمنی وئاسایش شلەژا بوو، ئێمە ئەوە چەندین کۆنگرەی پۆلیس و پارێزگارەکان و ئاسایشمان کرد و بەتایبەتی لەم مانگەدا دەستمان بەجێ بەجێ کردنی کرد، ئێستا لەهەموو پارێزگاکاندا ڕێکخستنەوەی پۆلیسمان کردووە وپلانی تازەمان هەیە بۆ مەسەلەی پاراستنی هێمنی وئاسایش، وە ئەو هاواهەنگییەی نێوان وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو هێزی ئاسایش وهێزی پۆلیس هەیە ئێستا باشتر ڕێکمان خستووە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیواداریـن ئەو اجرائاتە تازانە لەکاری ڕۆژانەدا سوود بەخش بن وهاوینشتمانییان هەست بە ئاسودەیی بکەن لەژێر سێبەریدا، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دێمە سەر پرسیارەکەی دووەم، لەسەر ڕێکوپێکی شارەکان، وابزانم هیچی ناوێت. ناو جادەکانی هەولێر زۆر قەڵەباڵغ ونارێکن، واتا ئەو قۆمیسەرانەی هاتوچۆ کەلەناو شاردا دەسوڕێنەوە، ئیشیان چییە؟ خەڵکەکە ناو جادەکانیان گرتووە، ڕێگای ئۆتۆمبیلان نییە ،خۆتان ببینن جادەی سەرەکی ناوشار بەراستی تەگەرەیە بۆ ئۆتۆمبیلەکان ولە جادەی تەیراوە کۆنەفرۆشەکان لەناو جادە دانیشتوون کۆنە شت دەفرۆشن، واتا بەراستی ئەوە دیاردەیەکی ناشرینە لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد ڕۆژبەیانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرسیارە پەیوەندی بە وەزیری شارەوانییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند پرسیارێکی تر هەیە کە پەیوەندی بە شارەوانییەکان وپەروەردە وکشتوکاڵەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکان لێرە نەبوون دوامان خستن بۆ کۆبوونەوەی ئاینده، ئێمە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستە کرابوون بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی بڕیار بوو لەهەفتەی ڕابوردوو وەڵام

بدرێنەوە تەواو بوون، هیوادارایین وەلامەکان جێگای ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت. سوپاسی برایانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش ئەکەین کە تەشریفیان هێنا بۆ ئێرە و وەلامی پرسیارەکانیان دایەوە. بزانین لیژنەی ئابووری ئامادەن بەیانی پرۆژەی یاسای (تەعریفە) دەست پێ بکەینەوە؟..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی دارایی وئابووری هێشتا تەواوی نەکردووە، نزیکەی (٢٠) لاپەڕە هەیە ئامادەن بۆ ئەوەی کەگفتوگۆیان لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشێکی کەمی هاتووەو زۆری ماوە لەشەممە بەدواوە دێت، بەلام من پرسیارێکم هەیە ئەو هەموو ژمارەی بورغی بۆ ئۆتۆمبیل، (٥٠٠)مادەی هەیە بۆ بورغو نازانم چییە؟ بەرای من پەرلەمان لیژنەی دارایی راسپێرێ کە بیکات، چونکە ئەگەر بیخوێنێتەوە بە (٢٥)رۆژ، مانگێک لێ نابینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەمووی(٦٠)لاپەڕەیە پێم وایە بەیەک دوو دانیشتن تەواو ئەبێت، چونکە بەش، بەش ئەبێت دەنگی لەسەر بدرێت ئەمە یاساییە، بەیانی سەعات(١٠) گفتوگۆی خشتەی گومرگیمان هەیە.
دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات.. سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا** | **نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

چوارشەممە ریکەوتی ١/١٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

***١- دانانی بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی لەجێگەی بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی لە لیژنەی کشتوکاڵ و، دانانی کاک سیروان کاکەیی لەجێگەی کاک فەلەکەدین کاکەیی بۆ ئەندامەتی لیژنەی کەلتوور.***

***٢- تەواو کردنی گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای باجی گومرگ.***

***٣- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی ئەمڕۆمان دوو خاڵی سەرەکییە: خاڵی یەکەم ئاڵ وگۆڕێکە لە ناو لیژنەکاندا کە لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە بۆمان هاتووە، کە بریتییە لەدانانی کاک سەعید یەعقوبی لە جێگەی کاک عەفان عوسمان نەقشبەندی بۆ لیژنەی کشتوکاڵ و، کاک سیروان کاکەیی لە جیاتی کاک فەلەکەدین کاکەیی بۆ لیژنەی کەلتوور، خاڵی دووەمیش لە پرۆگرامی ئەمڕۆمان تەواو کردنی گفتوگۆی پرۆژەی یاسای باجی گومرگە، ئەو خشتەیەی کە بەشێکی تەواو بووە ولیژنەی ئابووری لە ژێر دەستیایەتی، ئێستاکەش تازە بابەت ئەگەر شتێک هەیە بیڵێین بۆ ئەوەی ئاخافتنی لەسەر بکەین.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەختی خۆی لەگەڵ فراکسیۆنی سەوز لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە دانیشتنێک تەرخان بکەین بۆ کۆنە بابەتەکان کە قسەیان لەسەر بکەین، نازانم جاکەی دانیشتنەکە تەرخان دەکەن؟

زۆر تازە بابەت هەبووە تا ئێستا کۆن بووە، وتائێستا دانیشتنەکەتان دەست نیشان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچی تر هەیە؟ بۆ ئەمە سبەی پێنج شەممە کۆبوونەوەمان هەیە، لەوێ دەستەی سەرۆکایەتی وهەر دوو فراکسیۆن ڕێک دەکەوین لەسەر ئەو ڕۆژە وئەو کۆنە بابەتانەش کە تائێستا وەڵامیان نەهاتۆتەوەو یان باس نەکراون، ئەوە وادەزانم هەموو پێنج شەممەیەک دانیشتنی ئاساییمان هەیە وسبەی سەعات «١٠» کۆدەبینەوە، کۆبوونەوەکەش لە نێوان سەرۆکایەتی وفراکسیۆنەکاندا دەبێت، جا بەیاری خوا ئەگەر ڕێک کەوێ سبەینێ سەعات «١٠» باسی ئەو بابەتە ئەکەین، ئێستاش ئەچینەوە سەرپرۆگرامی خۆمان. کاک سەعید یەعقوبی دەست نیشان کراوە لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە بۆ لیژنەی کشتوکاڵ لە جیاتی کاک عەفان عوسمان نەقشبەندی. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ دەست بەرز کرایەوە. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

بۆ لیژنەی کەلتوور کاک سیروان کاکەیی دیسان لەلایەن فراکسیۆنی پارتییەوە دەست نیشان کراوە لە جیاتی کاک فەلەکەدین کاکەیی، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟... دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

دێینە وەسەر باجی گومرگ، خاڵی دووەمی بۆ ئەوەی ئەو خشتەیەی کە هەمانە بیخوێنینەوە، یەکسەر دەست بکەن بە خشتەکە، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیژنەی ئابووری ودارای یەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز وەزیری دارای وئابووری دەکەم. هەنوکە خوشکە پەریخان هەندەک تێبینی هەبوو کە پێویست ناکات لەگەڵ یاسادا بێت، وەک تێبینی ئەنوسرێن وهەمووشیان زێدەنە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو ئامۆژگاریانەی کە لە بەر چاوتانیە من ئەیخوێنمەوە ئەبێ بەو خاڵانەی خوارەوە لە پێناسەی «تەعریفەی» گومرگدا بەووردی ڕەچاو بکرێن:

١- پێناسەکە بریتی یە لە جۆرەها شتومەک وئامێری ناو نەبراو کە لە ناو پێناسەی پێشوودا نەبوو وباجی گونجاویان بۆ نیشان کراوە لەسەر ئەو نرخەی کە باوە لە مەڵبەندی بازرگانی هەرێم، هیچ گۆڕانێکی وای تیا نەکراوە تەنیا ڕاست کردنەوەی هەڵەکانە بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ برگەی لێڵ وئاڵوز لەگەڵ یەکخستنی خشتەکانی باجی ئۆتۆمبێل لە ناو پێناسە کەدا.

٢- باجی ئۆتۆمبێلەکانی کە لە ڕێگەی (ئیبراهیم خلیل)ەوە دێنە هەرێم بە دۆلار دیاری کراوە

وباجی ئاو دیو کردنی بۆ دەرەوەی هەرێم بە دینار دیاری کراوە.

٣- خشتەی باجی ئۆتۆمبێلەکانی ژمارە عێراقی بە دینار دیاری کراوە.

تێبینی: ئەگەر ئۆتۆمبێل بەهەمان (مارکە) لە ڕێگەی (ئیبراهیم خەلیل)ەوە بۆ دەرەوەی هەرێم دووپات بۆوە لە هەر دوو خشتەی ئۆتۆمبێل ئەو باجە زیادە کەوەر دەگیرێت.

٤- باجی هەر بابەتێک ئەگەر پارەی بەرێژە زیاتر بوو ئەوە ڕێژەکە دەشکێنرێتەوە، وەئەنجامی دەرکەوتی پارەکە وەردەگرن لەگەڵ ئاگادار کردنی وەزارەت.

٥- بە هیچ جۆرێک نابێت پارەی باجی دیاری کراو بۆ هەر یەکە پێوەرێک کەمتر وەربگیرێت وئەگەر لۆری یەک هەبێت بەبەڵگە ئاگاداری وەزارەت دەکەن بۆ چارەسەری.

٦- پارەی باجی هەر بابەتێک لە پێناسە نەگونجاو بێت وببێتە هۆی تێچوونی دارایی گشتیی ئەوە دەم ودەست بەراپۆرت ئاگاداری وەزارەت دەکەن لەگەڵ بەیان کردنی ڕەئی خۆتاندا.

٧- دەربارەی زیدە وەرگرتنی باج پێویستە بن بڕ بکرێت، چونکە وادەگەیەنێ ئەگەر زیاد وەربگیرێت کەمیش وەردەگیرێت، کەچی زیادەکە بەپێی ڕێنمایی ئەدرێتەوە.

٨- پێناسەکە بۆ بڵاو کردنەوە نییە، تەنیا لە ژێر دەستی فەرمانبەری تایبەتمەند ئەبێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی ئێمە ئەوەیە خاڵی «٢» لەگەڵ خاڵی «٣» ولەگەڵ خاڵی «٨» ئەو سێ خاڵە زیادەنە، فت (حذف) بکرێن چاترە. چونکە ئەو ڕەسمانە بڵاودەکرێنەوە وەدەبێت هاوولاتی بزانن، نەکو ئەوە نهێنی بێت لە بەر هەندێ خاڵی ژمارە «٨» فت بکرێ، هەروەها ئەو خاڵە ڕوونکردنەوەیە کە ئاو دیوکردنا ترومپێل و مەکینە لە کودرستانێ قەدەغەیە ژ بەر هەندێ خاڵا «٢» و«٣» فت بکرێن ومە پێری کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسیارێ وەزارەتێ دارایی وئابووری هەبوو کە ئێمە هەردوو لاپێکهاتنێکمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی «٢» و«٣» لەگەڵ «٨» ئەوە پێشنیاری لیژنەی ئابوورییە، دارایی چ تێبینیتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز شێخ دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (٢و٣) ئێمە هیچ لارییەکمان نییە بۆ ئەوەی لابیرێت، بەڵام «٨» مەبەستەکە دیارە زۆر روون نییە کە ئەڵێ پێناسەکە بۆ بڵاوکردنەوە نییە مەبەست لەوەیە نەکرێت بەکتێبێک و وەک کتێبێک بفرۆشری وهەر کەسێک بیەوی بیکرێ وئەگینا ئەوە لە هەموو بنکەیەکی گومرگیا ئەبێت

هەبێت هەر بازرگانێک هەر فەرمانبەرێک ویستی ئەبێت بتوانێت سەیری بکات، بەڵام بڵاوکردنەوەکە مەبەست لە چاپدا نییەتی بە ژمارەی زۆر بۆ بڵاوکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەبەستی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ئەوەیە کە گوتی نەبێتە کتێب وبڵاونەکرێتەوە ئەو چاپەمەنییە ئی هەر وەزارەتێک بێ ئەوە مافی ئەو وەزارەتەیە کە کتێبەکە بڵاوبکاتەوە، لەبەر هەندێ من دەبینم یاسای ئەو شتە زیادەیە، بەراستی مافی هەر وەزارەتێکە چاپەمەنی خۆی بڵاوبکاتەوە یان نا، ناکرێ بەبێ مۆڵەتی وەزارەت کەس ئەو کارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خاڵی «٨» وابزانم چ زیانێک نییە، چونکە ئێمە لە(پەرلەمان) دا بڵاوی دەکەینەوە، «پەرلەمان» پەخشنامەیەکی رەسمییە هەموو دامودەزگایەک وهەموو هاووڵاتیەکیش، مافی هەیە بیخوێنێتەوە، بۆ مەسەلەی چاپەمەنی مافی وەزارەتە ئەگەر یەکێک چاپی کرد ئەتوانن شکاتی لێ بکەن دوایی چی لێ دەکەن لێی بکەن، بۆ خاڵی دوو وسێ و هەشت پێشنیارێک هەیە کە ئەو خاڵانە لەو ئامۆژگاریانە هەڵبگیرێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. دەست بەرز کراویەوە.. کێ لەگەڵی نییە؟ دەست بەرز کرایەوە.. بەزۆربەی دەنگ ئەو سێ خاڵە فت دەکرێن.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەم/ ئاژەڵی زیندو بۆ پەروەردەو بازرگانی وچاک کردنی رەگەز. بەڕێزان دەربارەی ئەو رێژەیەی کە لەبەر دەم جەنابتانایە، ئەو رێژەیە وەزارەت داوای کردووە کە هەبێت، بەڵام لەگەڵ لیژنەکە کە ئێمە قسەمان کرد ئەوان پێشنیاری ئەوە ئەکەن کە نەبێت. چونکە ئێمە کە گفتوگۆمان کرد جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان رێژەکەیاو لە نێوان ئەو ژمارانەی کە دانراون. ئێمە هەوڵماندا تۆزێ نزیکی کەینەوە لە یەکتری هەم رێژەکە وهەم لە ئەو ژمارانەی کە دانراون، وبۆ دەرەوەی هەرێم بەنیسبەت ئاژە لەوە، خۆی بڕیارێکی پەرلەمان هەیە کە قەدەغە بکرێت، بەڵام لە هەموو حالەتێکا هەر ئەڕوات، ئێستا وامان لێ کرد کە ئەوە بۆ دەرەوەی هەرێم هیچی تیا نەبێت، واتا تا بیخوێنینەوە: ١- وڵاخی بەرزە، ئەسپ، ماین، ئێستر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە مەسەلەی خشتەیە، وەکو ئەڵێین مەسەلەیەکی یاساییە ئەبێت بیخوێنیتەوە، ئەسپ، ماین، هێستر، کەر، بزن، سەگ هەموو شتی تێدایە گوێ مەدەیە ئەوە یاسایە، ئێمە یاسا بۆ میللەتێ دادەنێین خۆمان نابێت شەرم لەوە بکەین کە باسی کەرو هێستر وگاو گیسک بکەین، ئەوە مەسەلەیەکی ژیارییە، وگوی بەو شتانە مەدەن.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دانە، ڕێژەکەی، ڕێژەی خاڵی یەکەم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە چرکەیەک بوەستە، کاک کەمال لەوانەیە قسەیەکی هەبێت.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەیەکم هەیە ئەو باسی (کەرو، ئێسترو، حوشتر)ە لە قورئانی پیرۆزیشا کراوە «وخلقنا البغال والحمیر لترکبوها. افلا ینظرون الی الابل کیف خلقت» وزۆر شتی تر، بەڵام بەراستی من هەر بەو بۆنەیەوە حەزم کرد زۆر پیرۆز بایی لەو خوشک وبرایانە بکەم کە ئەم فەرهەنگە فولکۆریەیان ئامادە کردووە بەراستی ئەمە هەموو شتێکی تێدا باس کراوە لە تورو شێلم وتەرە پیازەوە هەتا قازو قەلەموون. بەڵام من تکایەکم هەیە تێمان بگەیەنن پێناسەی باجی گومرکی سەپاندراو مانای چی؟ من بەراستی هەتا وەکو ئێستا ماناکەی لەلام روون نییە. ئێمە کە مناڵ بووین مەتەڵێکیا ئەوت: کلاو سەنگی سەفەری.. هتد، لەوە ئەچێت من کە ئەوەم خوێندەوە ئەمەم بیر کەوتەوە ئنجا تا ئێستا ماناکەی تێنەگەیشتووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامیان کاک کەمال؟ کوا لە کوێدایە؟

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(پێناسەی باجی گومرگی سەپاندراو) بەتایبەتی (سەپانراو) لەم لیستەیەی کە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئا.. ئەوە با بڵێین بەرگەکەی.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد**

بەڵێ بەرگەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە کاک دارۆ ئەگەر روونی بکاتەوە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

ئەبێت کاک دارۆ بۆمان روون بکاتەوە مەبەستی لە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دارا ئەگەر زەحمەت نەبێت روونی بکەوە بۆ کاک د. کەمال.

**بەڕێز دارۆ شـێخ نوری/ وەزیری دارای وئابووری**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوەی راستی بێت، ئەو تێبینیەی کاک د. کەمال هەیبوو ئێمەش هەمانە لەسەر هەمان وەرگێڕانی (حەرفی) نەک تەنیا حەرفی هەر لە هەندێ دەستکاری کردنی وەرگێڕانی حەرفی، چونکە ئەوە تەنیا لە بەرگە کە یا بووە ئێمە ئاگامان لێ نەبووە، دواشت بەرگی خراوەتە سەرو نێردراوە بۆ پەرلەمان، ئەگینا بەراستی ئەوە جێگەی سەرنجە، چونکە پێناسەکەی باجی گومرکی مەبەستیان لە تەعریفەی رەسمی گومرگییە، تەعریفە لەوێدا (تەعریف) نییە لەوێ (تاریفا) وشەیەکی ئینگلیزی زۆر بەناوبانگە «تاریف» لەسەر هەموو رەسمێک پێی ئەڵێن «تاریف» جا ئەوە هی گومرگ بێت هی هەر شتێکی کە بێت چۆن ئەوان ئەو تاریفەیان کردووە بە(تەعریفەی گومرگی). تەعریفەکەی (عربی)یان کردووە بە پێناسە، لەبەر ئەوە هەڵەکە لەوێوە هاتووە ئەوە چاکی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەی سەپێزا وەکە مانای چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز شێخ دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارای وئابووری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

واتا «مفروض»، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

پەریخان، ئنجا لە سەرخۆ بەدەنگێکی ئاشکرا شەرمیش مەکە، چونکە وەکو گوتمان ئەو یاسایە وەکو کاک د. کەمال وتی سوپاسیان دەکەین لەراستیدا کۆمەڵێک شتی کۆن وشتی تازە، وائێستاکە لە بەر دەممان دایە، ئێمە وخەڵکی تریش لەدوا رۆژێکی نزیکدا پێی ئاشنا دەبین.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

١- وەڵاخی بەرزە، ئەسپ، ماین، هێستر، کەر، پێوەری باج بۆ دانەیەک رێژەکەی لێرەدا نییە، نرخی هاتنەوەی بۆ ناو هەرێم «٥٠» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ئەوە فت ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

دانە، رێژە، نییە و لێرە نرخ فەرامۆش کراوە لە جیاتی ئەوەی «٥٠» دینار دائەنێین.

**بەڕێز پەریخـان مـحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

«٥٠» دیناریان بۆ داناوە بەڵێ بۆ دەرەوەی هەرێم ئەوە نییە؟ مەڕ، بزن، شەک، کاوور، گیسک، ئەوە بەجووت بەرێک کەوتن لەگەڵ وەزارەتا رێژەکەی لە ٣٪ مان بۆ داناوە ونرخەکەشی «١٠٠» دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا هەر دووکی ڕێژەو نرخیش؟

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر ڕێژەکە لە ٣٪ یە نرخەکەی «١٠٠» دینارە هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێک کەوتووین کە نەمێنێ، بەڵام جەنابی وەزیر لەوێ نەبوو، لەبەر ئەوە ڕێک کەوتین کە ئەم لاپەڕەیە هەتا ژمارە «٧» نەمێنێ، ڕێژە بەرەزامەندی هەر دوولایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی لەگەڵ لیژنەی ئابووری رایان هەیە ئەوە بە سەریدا تێدەپەڕین.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارای وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشتر گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە کرد، کە ڕێژە هەبێت یا نەبێت؟ وبەزۆربەی دەنگی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیاردرا کە ڕێژە هەبێت وئەگەر پێویستی کرد نرخیش هەبێت بۆ حالەتێکی تایبەتی کە مەسەلەی بەرز بوونەوە ونزم بوونەوەی نرخی پارەیە، لەکاتێکا ئێمە نرخێکی دانراوی دیاری کراومان داناو نرخی پارە زۆر هاتە خوارەوە ئەو کاتە حکومەتی هەرێم زەرەر دەکات، لە بەر ئەوە ڕێژەکەش هەبێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێ. باشە کەوا بوو ئێمەش لە ٣٪ مان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ٣٪ یەکە دانراوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاخر لە ٣٪ کاک دارۆ ئێمە حیسابمان کردووە زۆر نزیکە لە ژمارەکە خۆی لە ١٠٠٪ کە، بەڵام لە ١٠٪ یەکە فەرقەکە زۆر زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە ئەوەمان خستە دەنگدانەوە هەر دوو کی پەسندکرا، منیش وادەزانم دوایی ئەگەڕێتەوە بۆ محضر، گرفتێکی گەورە نییە، چونکە ماوەمان هەیە.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**
٣- پەلەوەر، مـریشک، قـەل، قـاز، مـراوی، دانەی لە ٣٪ مـان داناوە نرخـەکـەی دوو دینـارە، بۆ دەرەوەی هەرێم نییە.
٤- جوجەڵە، مریشک، قەل، قاز، مراوی دانەی ئێمە هەموومان فەرامۆش کردووە بەرەزامەندی لەگەڵ وەزارەتا بۆ هاندانی هاتنی مریشک وئەوانە.
٥- ماسی زیندو و پرۆژەی بەخێو کردنی هەمووی فەرامۆش کراوە.
٦- گـا ، مـانگا ، گـۆلک، دانەی لە ٣٪ ی ڕێژەکـەی «١٠٠» دینار بۆ ناو هەرێم، بۆ دەرەوەی هەرێم فت کـراوە. ٧- گـامـێش دانەی لە ٣٪ ڕێژەکـەی «٢٠٠» دینار بۆ ناو هەرێم، بۆ دەرەوەی هەرێم فت کراوە. ٨- بەراز بابەتی کـێوی ومـاڵداری، ئەوە کـردوومـانە بە «١٠٠» دینار بەلام نسبەکە«٠٪» هیچ نییە، سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**
(٨)ە کە بیخوێنیتەوە (بەراز) بابەتی کێوی وماڵیکراو.
**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**
کێوی نییە کەوبیە، ماڵی، واتا ئەوانەی کە ماڵین، سوپاس.
**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**
ئەوە لەو حـالەتە لە ٣٪ ی ڕێژەکـە «١٠٠» دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم «٢٠٠» دینارمـان داناوە، سوپاس.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**
چییان داناوە؟«٢٠٠» دینار بۆ دەرەوەی هەرێم؟
**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**
بەڵێ، نرخ، ئەوە ئیـتـفـاقـە لەگـەڵ وەزارەتـا. ٩- کـودەرە، بێـچـووە بەراز بۆ پرۆژەی بەخـێـوکـردن بەهەمـــان شـێـوەی ئەو دوو حـــالەتە، ١٠- شـــانە هەنگی عـــەلەی خـــۆمـــانە دانەی لە ٢٪ ڕێژەکەی«١٠»دینار هاتنە ژوورەوەی بۆ ناو هەرێم باقی هەمووی فت کراوە، «٥٠» دینار مەبەست وایە ڕێژەکەمان لابردووە.
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**
ئەوەی شانە هەنگەکە، «١٠» لەسەر یەک نوسراوە شانە هەنگ عەلەی خۆمانە ئەگەر بەهەڵە نەم خوێندبێتەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەلەی خۆمانە، واتا ئەوەی کە لەولاتی خۆمان دێتە بەرهەم نەک ئەوەی لەدەرەوەی هەرێم دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دەرەوەی هەرێم نییە، عەلەی خۆمانە وانییە؟.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بۆ دەرەوەی هەرێم«٥٠» دینارە وەلە ١٠٪یە.

١١- شانە هەنگ لە ناو سندوق دانە لە ٢٪ ڕێژەکەی بۆ ناوەوەی هەرێم «٢٥» دینارە بۆ دەرەوە ڕێژەکەی لە ١٥٪ ئەکات، ونرخەکەشی (١٥٠) دینارە. ١٢- هەندێ بابەتی کەوی تر دانە لە ٣٪ «٢٥» دینار، بۆ دەرەوەی هەرێم لە ١٠٪یە.

جا تێبینیەک لەخوارەوە هەیە ئەگەر سەیری بکەن. جەنابتان ئاژەڵە کە لە ٢٥٪ باجی دەخرێتە سەر ئەگەر بێچووی لەگەڵدا بوو، بەڵام خاڵی دووەم بەپێکهاتن لەگەڵ وەزارەتا فتمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەشی یەک تەواو بوو، ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لەسەر بەشی یەک فەرموون؟

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو کەم وکووڕی تێدایە، یەکیان کە ڕوێشکی تیا نییە، ئەوی تر بەراستی کەریان بردۆتە ریزی ئێستر ومایین وئەوانە، وەبۆتە وولاخی بەرزە ئەوە وولاخی بەرزە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ناوەکان بنووسن. دیارە ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێت قسە بکەن. کاک حەسەن، کاک ئەحمەد، کاک شەوکەت، کاک شێخ یحیی، محسن خالید، مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لە ناوەکانا هات، ناوی بەران یان ناوی بەرازی تێدا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرازە.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ هاوردە (ئیستیرادە) یان بۆ دەرکردە (تەصدیرە)، بۆ کامیانە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ناو هەرێمە.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا بهێنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاهێنانی بەراز بۆ دەولەتێکی ئیسلامی وابزانم رەوانییە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شتی تریشی تێدا هەیە کەلە حەرامەکانن.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەوە، هەر لە محرماتی رووت نییە، وائەزانم ئەبێتە هۆی لاواز بوونی رەوشت وغیرەتی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمومان ئەزانین کە وەزعی ولاتی ئێمە وێران کراوە لە رووی ئاژەڵ دارییەوە بەتایبەتی ئەنفال زۆربەی زۆری ئاژەڵی کوردستانی بەتالان برد، بۆیە من پێشنیاز دەکەم باجی گومرگ لەسەر ئەو ئاژەڵانەی کە دێنە ناو کوردستان زۆر کەم بکرێتەوە یان هەڵگیرێت بۆ ماوەی ساڵێک، بۆ ئەوەی زیاتر بتواندرێت وولاتەکەمان ئاوەدان بکرێتەوە بەئاژەڵ داری. خاڵی دووەم ئەوانەی فت کراون بۆ دەرەوە ئەو مەسەلەیە روون نییە، واتا قەدەغە کراون یان ئەوەیە کە هەر کەسی بیبات ئازادە؟ حەقە لە دواییدا دەربارەی ئەو شتانەی کەوا روون نینە وەکو پێشنیارێک ئاماژەی بۆ بکات کەوا قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی دووەم وەبۆ هاتنی ئاژەڵ بۆ ناو هەرێم بەراستی منیش لەگەڵ رای کاک شەوکەت

دام کە کەمتر بکرێتەوە زۆر باشترە. دەربارەی دەرچوونیشی دوێنیش باسمان کرد لەگەڵ برادەرانی نوێنەری وەزارەتی ئابووری، بەراستی ئەمڕۆ جوڵانەوەیەکی بازرگانیی بەهێز دروست بووە کە ئاژەڵ دێت وئەڕوات. خەڵکێکی زۆری سەرقاڵ کردووە داهاتێکی باشی هەیە بۆ خەڵکەکە وبۆ حکومەتی هەرێمیش، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم بەراستی ئەو پێشنیارەی وەزارەتی ئابووری «٢٠٠» دینار بۆ هەر سەرێک فەرامۆش نەکرێ وبمێنێ، بۆ ئەوەی گومرگەکە بەهێز تریش بێ، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من بۆ برای بەڕێزم وەزیری داراییە، ئێمە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دا بڕیارێکمان هەیە هەندێ شت نەنێرینە دەرەوە، بەڵام بەلای منەوە مانای ئەوە نییە ئێمە تەعریفەی بۆ دانەنێین، چونکە ئەوە بڕیارێکی کاتییە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم من حەزم دەکرد کەوا ئەو خشتەیە وەکو هەیە بەلانی کەمەوە هەر ڕێژێک دوو خشتەی تیا بوایە، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ حاڵی بوایە کە واتامان لە کێیە، ئێستا ئێمە لەسەر «١و٨» دەنگدانێکمان کرد نەمان زانی مەسەلە چییە؟ لەڕاستیدا من نازانم بەندی «١و٢و٨» چی بوو دەنگمان لەسەری دا. نەبوونی خشتەکە لە ناو برایانا وابزانم وەکو کەم وکورتییەک وایە، دووەمیش ئەوەی کە بۆ (ئیستیرادو تەصدیر)ە، ئێمە ناڵێین مەسەلە ئەگەر بەراز بێنن بۆ خواردن، ئەوە بۆ هەندێ نەبوو، (چەک چەکیلە)ی تیا بوایە باشتر بوو، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە ئەندامان خشتەکەمان لا نییە، بەلای کەمی هەندێ ئەندامان لایان بوایە، نازانین درێژەی چییە کەدەست بڵنددەکات نازانین بۆچی دەستی بڵند دەکات. پاشان ئەو ئاژەڵەی کە دەچێتە دەرەوە کەم بکرێتەوە گەلێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خشتەکە بەش بەش هاتووە، بەشێکی گەیشتوتە لیژنەی ئابووری، ئەمڕۆش دانیشتنمان هەبوو و بەبەرژەوەندمان زانی کە لەم دانیشتنەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین کە ئێستاکە هەیەو، «٦» لاپەڕەیە ئێمە بۆ دانیشتنی ئایندە بێگومان لە دارایی داوا ئەکەین کەبۆمان چاپ بکات وبۆمانی بنێرێ. هەر وەزارەتێ ئەگەر قانونێ شتێکی هەبێت ئەبێ خۆی بەلانی کەمی «١٠٥» دانە بنێرێت بۆ پەرلەمان ئەوە تەقلیدە، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانەو ئێمە لێرە ناتوانین ئەوە بکەین، بەڵام ئەمڕۆ

بەو شێوەیە ئەی بەینە سەر. خاڵی «٢»، بڕیاری پەرلەمان مان هەیە کە هەندێ شت قەدەغەیە ئەوانیش روونیان کردۆتەوە کە رەسمی بۆ دانێن.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم خاڵی ئەوەیە کە من لەگەڵ ئەوەدام ناوی بەراز لابرێت، واتا ئا ئاوا بەزەقی نەیەت بۆی هەیە هێنانی بەراز لەگەڵ ئاژەڵی ترا باس بکرێت. دووەم ئەو بۆ چوونە راستە ئێمە چونکی ئاژەڵمان پێ لازمە بەراستی بێت بۆ کوردستان هانی ئەوە ئەدەین، حەق نییە رەسم وەربگرین لە سەر ئەو خەڵکانەی کە ئاژەڵ دێنن بۆ کوردستان. سێ یەم راستە ئێمە بڕیاریکمان هەیە کە ئاژەڵ ئێستا نەچیتە دەرەوە، لەو شتە کە باسمان کرد لەوەختی خۆیا داوامان لە بەڕێز وەزیری دارایی کرد کە لەگەڵ ئەوەی کە پابەند دەبێ بەو بڕیاری پەرلەمانە بۆ قەدەغە کردنی ئەوە، لە پاشا سیاسەی ترانزێت دەرس بکەن وشتێکیش پێشکەش پەرلەمان بکەن وئەوە رەنگە تەعریفە دابنێ بۆ چوونە دەرەوە، بتوانێت چارەی بکات لە سەر بەرژەوەندی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی، دەربارەی ئەو وەرگرتنی وشەی بەراز چی دەڵێن؟

**بەڕێز شێخ دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند پرسیارێک کرا لەلایەن بەڕێزانەوە، ئەگەر بەباشی بزانن من وەڵامیان ئەدەمەوە ولەوەشا باسێکی ئەو مەسەلەی بەرازیش ئەکەم. نیوە سوعبەت ونیوە ڕاست باسی ئەوەیان کرد بۆ ناوی کەروێشکی تیا نییە؟ ئەوە پێم وایە ئەو تەعریفەیە بەپلەی یەکەم شتە بنچینەییەکانی گرتووە، زۆر پەلەوەری تریش هەنە کە ناویان نەهاتووە لە بەر ئەوە لە خاڵی (١٢) ما نووسراوە هەندێ بابەتی کەوی تر، واتا ئەو شتانەی کە لەم قانونە ناوی نەهاتووە ئەوە هۆکەی روونە، لە بەر ئەوەیە ئێمە لە کوردستان برایانی مەسیحی لەگەڵمانا ئەژین کە ئەوانە بەپێی ئاینی خۆیان کەئاینێکی ئاسمانییە ئەو گۆشتە یان لێ قەدەغە نەکراوە وئێمەش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان رێمان لە هیچ کەمایەتێکی ئاییینی نەگرتووە کە بەپێی بۆ چوون وموقەدەساتی خۆیان کار نەکەن، ئەوان کە پێویستیان بەوە بوو ئەو جۆرە گۆشتە بهێنن بۆ ناو کوردستان ئەبێت لە تەعریفەکەی ئێمە شتێک هەبێت بۆ ئەوەی مەئمورەکە بزانێت چۆن موعامەلە لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا بکات کە هاتۆتە بەردەمی، خۆ ئەگەر لای بەرین ئەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژەی پێ بکرێت، چونکە مەسەلەکە ئەوە نییە وشەکە وشەیکی نەفرەت لێ کراو بێت، مەسەلەیەکە ئاینی ئیسلام قەدەغەی خواردنی کردووە ئێمە نایخوین، ئەگەر یەکێکی کە خواردی وئیستیرادی کرد وهێنای، ئایا ئێمە قەدەغەی نەکەین؟ یا ئەبێ ئەو جۆرە ئاژەڵە بۆ ئەو خەڵکانە بێتە کوردستانەوە ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێز چۆنی بەباش دەزانن بڕیار بدەن، سوپاس.

**بەڕێز مــەلا مــەحــمــود فندی دێرەشــەوی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بێگومـان پەرلەمان دەبینن، وەکو لێپرسراوی میللەتی کوردە لە هەموو ڕوویەکەوە نەک تەنیا لانی ئابووری، ڕاستـە حکومـەتێکی نوێیـە بێ بنەمـاو بونیـادە لەلانی، ئابووریـیـەوە مـردووە، بەڵام پێویستە ئەم میللەتەی لە «٩٨٪»ی موسوڵمانە هەموو لانێکی ژیانی گرنگی پێ بدرێت جێگەی داخ وبرینە ئابووری ئەو میللەتە وحکومەتەی کورد لەسەر داهاتی گومرگ ڕاوەستاوە.

٢- ئەو مـیللەتەی کە «٩٨٪»ی مـوسـوڵمانە، ئەو شتانەی حەرامن و دژی ڕەوشتی مرۆڤایەتین، بەراستی تەشریع نەکراون کەسیش پشتیوانی لێ نەکردووە مرۆیەک حەرامی بخوات ئەوە شتێکە، بەڵام وەکو پەرلەمـانی کوردی تەشـریعی قـانون لە سـەر حـەرام وحلال بکات ئەوە شـتـەکی ترە، تکای ئێـمە ئەوەیە تەنهـا بەقسـە رستـەی دیموکـراسی وئازادی نەگرن وراسـتی وجەوهەری ئازادی و دیموکراتی وون بکەن، من ئەوە زۆر بەگران دەبینم، وئێمە خەسارەتێکی گەورە دەکەین، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات، هەر گوندێکی مـوسڵمان وفەلە، دراوسێی یەکتر بن، فەلەکـان ئاگاداری هەستی میللەتی کورد ومـوسـوڵمـان دەکەن، ئەوان لەو ئامانەنەی کە بەرازی تیـادا دەخۆن، خواردنی نادەنە موسـوڵمـانان، ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتییـە، لەگەڵ یەک ژیای نە، بۆ ئێـمە تەشریعەک بکەین دژی ٩٨٪ی بیـروباوەڕی خەڵکی بین؟ جارەکی تر من ڕێزو سوپاسم هەیە، تکا دەکەم ئەم شتانە دیسـان لە هەموو ڕوویەکەوە تیرو خەنجەری ژەهراوی لە میللەتی کورد ئەدەن، سوپاس.

**بەڕێـز جـــــەمــــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڕێز وەزیری دارایی فـەرمـووی لە تەرجـومـە هەندێک هەڵە هەیە دەربارەی ژمـارە «١٠-١١- شـانەهەنگ، بەخۆی مـەبەسـتی کـوورە هەنگە چ عـەلەی خۆمـان بێ یان لە ناو صندوق بێ ئەوە کاتێک لە (پەرلەمان) چاپ دەبێ پێویستە چارەسەر بکرێ ئەو گۆڕانکارییەی تیادا بێ. دەربارەی بەراز ڕاستە تا ئێستا هێنانی بەراز بۆ کوردستان ڕووی نەداوە، لیژنەی دارایی پێشنیار دەکات کە وشەی بەراز لێرە فتبکرێ، کە دێ ینە سەر شمەکی خۆراکی گۆشت، گۆشتی بەرازیش دەگرێتەوە، کە گۆشتی بەرازیش بێنی لە ناو گۆشتـەکانی تر ئاساییـە، گرفـتی برادەرانی دیانیش چارەسەر دەبێ، من وا پێـشنیـار دەکـەم ئەو وشـەیە فت بکرێ، ڕەئیش ئی بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن وئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

پێـشنیـارێکی زۆر بەجـێـیـە، ئەگـەر پێویست بکات چۆن هاتووە لە خـاڵی«١٢»دا دەڵێ هەندێ

بابەتی کێوی تر بشنووسرێ هەندێ بابەتی ماڵی تر لە کێوی وماڵی دوو وشەی وا زیاد بکرێ هەموو شتەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەوەی مامۆستایان باسیان کرد برایانی تریش لێرە جەختیان لەسەر کرد ولە لیژنەی قانونی وەزارەتیش، ئەوە شتێکی بەجێیەو، هەندێ شت لەگەڵ ئێمەدا ناگونجێ دەبێ ئاگاداری وەزعەکە بکەین، بۆ برایانی دیان وخەڵکی تریش ئەوە مۆڵەتیان پێ دراوە ئەو شتە بکەن ئێوەش دەزانن یاساکانمان لە ژێر میکرۆسکوپدانە، با کارێکی وانەکەین کە سبەی خوانەخواستە گلەییمان لێ بکەن وبڵێن ئەوانە دژی مافی مرۆڤن. بەڵام ئەوە ئەمە ناگەینی کە ئێمە نەتوانین چارەی ئەو بابەتە بکەین، بەڵام ئایا برادەرانی دیان لارییان نییە، کاک فرەنسۆ لێرە نییە فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس المحترم.**

لدي فقط تعقيب واحد على كلام الاستاذ محمود دیرشەوی عن النسبة. انا اعتقد في الوقت الحالي نحن موجودين في كوردستان كبنديان «ماادري هكذا يسموننا» يعني كتعبير الاسلام، اعتقد نحن اكثر من النسبة التي يتحدث عنها الاستاذ، حاليا نحن كاشوريين استطيع القول انه ٧٠٪ الموجود في بغداد والموصل هم اصلهم من المنطقة هذه دائما نركز على هذه المسألة بأننا نتأمل اليوم الذي يرجعون فيه الى المنطقة فهذه النسبة قليلة جدا« ٢٪ » النسبة حاليا نحن قليلون جدا لكن اكثر من« ٢٪ » ومسألة البرلمان عندما يشرع القوانين، يشرع لكل الناس الموجودين هنا. الاسلام اذا حرم الخنزير فالمفروض ذلك الانسان يلتزم بهذه المسألة. لا استطيع ان احرم شخص من شئ هو حلال له، لان هذا يصبح نوع من الاضطهاد لكن ما هو محرم عليه، المفروض هو لا يتعامل مع هذه المسألة، يلتزم بهذا ايمانا، وما يتعامل بهذه المسألة لكن لايجوز التأكيد على منع هذه المسألة بالنسبة لناس تعتبر مسألة عادية لهم، شكرا.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن من بەراستی پێشنیارەکەم کرد کە ئەڵێین باس نەکرێت مانای ئەوە نییە بەراز قەدەغە بکرێت، ئێمە ئەڵێین باس نەکرێت ئەوجا باس نەکرێت مانای ئەوە نییە بڕیارێک دراوە کە ئەو پێشنیارە ئەوە بوو کە قەدەغە بکرێت وخەڵکی تر بگرێتەوە بەو شێوەیەی کە برادەر شمائیل باسی کرد، بەڵام زۆر شت هەیە پێویست نییە، ئەگەر بێینە سەر تەیروتەوار سویسکەشمان باس نەکردووە، فندە گولەشمان باس نەکردووە، مەرجیش نییە ئەوە باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شــــمــــائیل نـنـو بنیــــامین:**

**الســـــيد رئيس المجلس المحـــــترم.**

ماكو اي مانع بالنسبة لملاحظة الاستاذ نژاد ، وشكراً.

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن:**

دیارە بۆ برادەرانیش روون بووەو، ئەوانیش لاریـیـان نیـیـە بەو شـێـوەیە بێ کـە لیـژنەی ئابووری پێشنیاری کردووە ئەوە پاشان لە کاتی دارشتندا برادەرانی صیاغە ئەو برگەیە زیاد بکەن ولیژنەی ئابووری بیخاتە جێگەی پێویستی خۆی، مادام وایە برگەی هەشت ئەو وشەی لێ هەڵئەگرین، ...

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جــــەمــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

مادەی «٨و٩»هەڵدەگیرێن وفت دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن:**

سوپاستان دەکەین وابزانم بابەتەکە روونە. بابێینەوە سەر ئەو مادەیە خۆی. پاش ئەو تبینییانەی بەش یەکەم. کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بەندە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە خوێنرایەوە؟ دەست بەرز کرایەوە. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز مـــوحــسێن خـــالیـــد مـــســـتــــەفـــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

ناوەکە نامێنێ ئەزانین بنەمایەکی ئێمە هەیە ئەڵێن حیلە شەرعی، مەبەستەکەی مامۆستا مەلا مەحمود و ئێمە کە عەرزمان کردن تەنها یەک خاڵە وتکامان وایە یەک وشەیەو گوێمان بۆ بگرن هەر بابەتێک بیێتە بنەمایێک بۆ ئەوەی حەڵاڵکردنی حەرامێکی تیا بکرێت، ئێمە سبەینێ خەڵکانێک گازاندەمان لێ ئەکەن وەکو ئەو یاسایەی لە پێشەوە دەرکراو تا ئێستاش فلسێک یارمەتی ئابووری بۆ کوردستان نەهاتووە، ئێمەش عەقڵمان پێ ئەشکێت ئەزانین بەئیشارەت هاتووە ئایا ئەو برایانە بەدیانەتی خۆیان ئەتوانن رازی بن بەوەی هاتووە؟ کە هەتا بە ضمنییش بنووسرێت ئەم بەرازە بۆ خواردنی ئەوانە؟ ئەگەر رازین ئێمەش لاریمان نییە بێ پێچ وپەنا بارێک وپێک بنووسرێت بۆ ئەوانە، ئێمە شتێک بەنیسبەت ئاینی ئیسلامییەوە لامان حەڵاڵ بێت ئەوە هەر شانازی پێوە ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن:**

جەنابت ئەتەوێ حەڵاڵی بکەی؟!.

**بەڕێز مـــوحــسێن خـــالیـــد مـــســـتــــەفـــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆكی ئـەنجــــوومـــــەن.**

نەخێر، ئەمەوێ ئەو بابەتانەی کە هەنە بەدەلالەتی ضمنیش بێت یان بە صراحەت بێت، جیاوازی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، جا مامۆستا کە ئێمە ئەڵێین گۆشت وئەوی تر کە ئێستا وارێککەوتن کە ئەوەندە ڕەسمی لە سەر بێت، ئەگەر خوانە خواستە، کەسێک گۆشتی بەرازی هێنا. بۆ برادەرێک کە شەرع ڕێگای ئەدا بەئاینی خۆی بیخوات ئەو کاتە ئەتوانێت، ئێمە گرنگ ئەوەیە لە قانونەکەمانا شتێکی وا نەبێت کە ئەو شێوازەی لە سەر بێت وەکو ئێوە وبرادەرانی تریش باستان کرد ئەوە لە سەر ئێمەیەو ئەوە حەلاڵکردنی حەرام نییە لە شەرعی ئیسلام، چونکە ئەگەر لەقانونەکەی ئێمەدا نەڵێ فلان مادە بێتە ژوورەوە بەو ڕەسمە وادەزانم خۆی هەر هەویشە وپێویستیش ناکات ئیستیرادی کا، خۆ ئەوەندە ڕێگاش زۆرە بێنین هەر پێویست بەوە ناکات، دوای ئەوە کوردستانیش پڕی لە بەرازە بۆ خۆی ئەیکوژێ وئەیخوات ئەگەر وای لێ هات، گرنگ ئەوەیە شێوازەکە ڕوون بێ، سبەی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمان (موحریج) نەبن لە بەرامبەر کارێکی وەهادا، هەر چەندە باوەڕناکەم لە یاسادا (ئیحراج) لە هەندێک شت هەبێت، چونکە وەکو گوتم ئێمە ئەم یاسایە تەشریع ئەکەین بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، ئەبێت ئاگاداری هەندێک شتیش بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی وا کە کار لەزۆرینە نەکات، واتا ئەبێ ئاگاداری زۆرینەو کەمایەتی لەو وڵاتەدا بکەین. ناکرێ یاساکانمان بەو زەقیە بن کە سبەی خوانە خواستا قسەمان بێتە سەر، ئەوە وابزانم چارەێکی مام ناوەندییە هەمووی پێ ڕازی ئەبن وهیچ گرفتێک لەوە دا نییە، مامۆستا ئەگەر مرۆڤ بیەوێ ئەوە بکات هەر ئەی کات. وادەزانم ئێستا باشە بەیاری خوا کەس (موحریج) نابێت و بوارێکی وانادرێت کە ئەوەی جەنابت فەرمووت بەو شێوەیە بێت، ئەوە وەزارەتی دارایی خۆشیان لەو رایەدان، دێینەوە سەر بەشی «٢».

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢/ تایەو چووپ، تایەی ماکینەی قەبارە ٤٩×١٧ پێوەر جووت ڕێژەکەی ٥و٢٪ باجە بەد «٥٥٠» دینارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەشی دووە؟

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەشی «٢» بڕگەی یەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەحمەت نەبێ ئەگەر جارێکی تر بیخوێنیتەوە.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەبارە ٤٩×١٧ جووت ڕێژەکەی ٥و٢٪ باج ٥٥٠ دینار بۆ ناو هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥٪ باجەکەش ١١٠٠ دینار.

تایەی حەفارە ٣٩×٢٧ جووت «٦٠٠» دینار بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥٪ باجەکە ١٢٠٠ دینار.

٣- تایەی مەکینە قەبارەکەی ٣٥×٢٣٠٠ جووت ڕێژەکەی ٥و٢٪ باجەکە بۆ ناو هەرێم ٥٥٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەکەی ٥٪ باجەکەی ١١٠٠ دینارە.

٤- تایەی مەکینە دەرنەپول تایبەت ٣٢×١٧٠٠ جووت ٥و٢٪ باجەکەی بۆ ناوەوەی هەرێم ٥٠٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەکەی ٥٪ وە «١٠٠٠» دینار باجەکەیەتی.

٥- تایەی مەکینەی حەفارە وجۆری تر ٣٠×٢١٠٠ وە ٣٥ جووت ڕێژەی بۆ ناو هەرێم ٥و٢٪ باجەکەی ٥٠٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەکەی ٥٪ وەباجەکەی «١٠٠٠» دینارە.

٦- تایەی مەکینە سکرێ بێر جۆری تر ١٦×٣٠ وە ٢١٥ جووت بۆ ناوەوەی هەرێم ڕێژەکەی لە ٥و٢٪ وباجەکەی ٤٧٥ دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەکەی ٥٪ باجەکەی ٩٥٠ دینارە.

٧- تایەی مەکینە هەر بەهەمان شێوە قەبارەکەی ١٤×٢٠ وە ٢١٥ جووت ڕێژەکەی بۆ ناو هەرێم ٥و٢٪ باجەکەی «٤٥٠» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ٥٪ باجەکەی ٩٠٠ دینارە.

٨- تایەی شوفڵ قەبارە «٨٠» قەبارەکەی ٣٨×٢٥ جووت ڕێژەکەی بۆ ناو هەرێم ٥و٢٪ باجەکەی ٤٥٠ دینارە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ٢.٥٪ ڕێژەکەیەتی؟

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.. ئەوەمان گۆڕیوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێک کەوتن ئەوەمان گۆڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لەگەڵ وەزارەتا بەرێک کەوتن گۆڕیومانە، بۆ دەرەوەی هەرێم ٥٪ وەباجەکەشی «٩٠٠» دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باجەکەی لە ٥و٢٪ چەندە بۆ ناو هەرێم؟

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

٤٥٠ دینارە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

بۆ دەرەوە لە ٥ ٪ ، بەڵێ... فەرموو؟

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

باجەكەش ٩٠٠ دینارە.

٩ - تایەی شۆڤەڵ قەبارە «٨٠» ١٥×٣٤١ وە «١٤» جووت بۆ ناو هەرێم ڕێژەكەی لە ٥و٢ ٪ باجەكەی «٤٢٥» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەكەی لە ٥ ٪ نرخەكەی ٨٥٠ دینارە.

١٠- تایەی شۆڤەڵ قەبارە «٨٠» بەهەمان شێوە «٥و٢٠×٢٥» جووت بۆ ناوەوەی هەرێم ڕێژەكەی ٥و٢ باجەكەی ونرخەكەی ٤٢٥ دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم ٥ ٪ وباجەكەی ٨٥٠ دینارە.

١١- تایەی شۆڤەڵ قەبارە «٧٠» (٥و١٧×٢٥) جووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥و٢ ٪ ڕێژەكەی وباجەكەی «٤٢٥» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەكەی لە ٥ ٪ وەباجەكەی ٨٥٠ دینارە.

١٢- تایەی تراكتۆری كشتوكاڵی گەورە «١٨×٣٨» جووت ڕێژە بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥و٢ ٪ باجەكەی ٤٠٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ «٨٠٠ دینار» باجەكەیەتی.

١٣- تایەی تراكتۆری كتشوكاڵی ناوەندی ١٤×٣٤١ جووت بۆناوەوەی هەرێم لە ٥و٢ ٪ ڕێژەكەی وباجەكەی «٣٥٠» دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ ڕێژەكەی وباجەكەی ٧٠٠ دینارە.

١٤- تایەی مەكینەی گرێدەر ١٣٠٠ وە ١٤٠٠×٢٤ جووت ڕێژەكەی بۆ ناو هەرێم لە ٥و٢ ٪ وباجەكەی «٤٠٠» دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ وباجەكەی ٨٠٠ دینارە.

١٥- تایەی لۆری گەورە ١٢٠٠×١٤ جووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥و٢ ٪ ڕێژەكەی، باجەكەشی ٣٠٠ دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ ڕێژەكەی، باجەكەی «٦٠٠» دینارە.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

باجەكەی ٨٠٠ دینار ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

باجەكەی ٦٠٠ دینارە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

بەڵام ئەگەر زەحمەت نەبێت ڕێژەكەی ٥و٢ ٪ە؟

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن.**

بۆ ناوەوەی هەرێم ٥و٢ ٪ ە، بەڵام بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن:**

نرخەکەی چەندە؟ باجەکەی چەندە؟ ٥و٢ ٪ باجەکەی چەندە؟

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن.**

بۆ ناو هەرێم باجەکەی «٣٠٠» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ٦٠٠ دینارە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن:**

١٦- ڕێژەکەی «٥و٢» لە ٥ ٪؟

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن.**

١٦- تایەی لۆری بابەتی کـشــتـوکـاڵی «١٠٠٠×٢٤» جـووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥ر٢ ٪ باجەکەی «٢٣٠» دینارە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن:**

«٢٣٠» دینار؟ تکایە تۆزێ لەسەرخۆ ژمارەکان بخوێننەوە.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــــەن.**

بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ باجەکەی «٤٦٠» دینارە.

١٧- تایەی لۆری ریم سەلاحەدین ٩٠٠×٢٠ جووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥و٢ باجەکەی ٢١٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ باجەکەی ٤٢٠دینارە.

١٨ تایەی لۆری ریم سەلاحەدین ٨٢٥×٢٠ جووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥ر٢ ٪ باجەکەی ٢٠٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ باجەکەی ٤٠٠ دینارە.

١٩ تایەی مەکینەی ریم سەلاحەدین ٧٥٠×٢٠ جووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥ر٢ ٪ باجەکەی ١٨٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ٣٦٠ دینارە بەڕێژەی لە ٥ ٪ ە.

٢٠- تایەی لۆری ریم پیکاب ٦٥×٢٠ جـووت بۆ ناوەوەی هەرێم لە ٥ر٢ ٪ باجـەکـەی ١٥٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٥ ٪ باجەکەی ٣٠٠ دینارە.

تێبینی: حەز دەکەم یەک خاڵ هەیە ئێمە لێرە روونی کەینەوە بەپێکهاتن لەگەڵ وەزارەتا بۆ ڕێژەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ئەوەمان کـردووە وئەوان داواشـیان کـرد ئەو باجە تۆزێ زیاد بکرێت بەپێکهاتن ئەو زیاد کردنەش رووی داوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

٢١- تایەی کۆستر ٦٠٠×١٦ جووت ڕێژەکەی بۆ ناو هەرێم ٤٪ باجەکەی ١٤٠دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژە ٨٪ باج ٢٨٠ دینار.

٢٢- تایەی کوستەری جێب «لان کرۆزەر» ٦٥٠×١٦ ڕێژەکەی بۆ ناو هەرێم لە ٤٪ باج ١٥٠ دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژە لە ٨٪ باج ٣٠٠ دینار.

٢٣- تایەی لاندروڤەر وتۆنی «٧٠٠×١٦» جووت بۆ ناو هەرێم ڕێژە ٤٪ باج ١٦٠ دینار بۆ دەرەوەی هەرێم لە ڕێژەکەی ٨٪ باجەکەی ٣٢٠ دینارە.

٢٤- تایەی شوڤەر پیکاب، لاندکرۆزەر «٧٥٠×١٦» جووت بۆ ناو هەرێم ڕێژە ٤٪ باجی ١٧٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژەکەی لە ٨٪ باجەکەشی ٣٤٠ دینارە.

٢٥- تایەی شوڤەڵ پیکاپ پشتەوە «٨٢٥×١٦» جووت بۆ ناو هەرێم ڕێژەکەی لە ٤٪ باجەکەی ١٨٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژە لە ٨٪ باجەکەی ٣٦٠ دینارە.

٢٦= تایەی شوڤەڵ پیکاب تراکتۆر «٩٠٠×١٦» جووتی بۆ ناو هەرێم ڕێژە لە ٤٪ باج ١٩٠ دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژە لە ٨٪ باجەکەی ٣٨٠ دینارە.

٢٧- تایەی تراکتۆر کشتوکاڵی «١٠٠٠×١٦» جووتی بۆ ناو هەرێم ڕێژە لە ٤٪ باج ٢٠٠ دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ڕێژە لە ٨٪ باجەکەی ٤٠٠ دینارە.

هی پیشە سازی رافیعەی تایبەت «٥٥٠×١٥» جووت بۆ ناو هەرێم ڕێژەکەی لە ٢٪ باجەکە ١٥٠ دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ١٠٪ ڕێژەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بوو بەچی ئەو پیشەسازی رافیعەیە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خشتەکە بەشی/٢ ماددەی: تایەو چووپ دەخوێنینەوە لە ژمارە «٢٩» وە تا «٤٤»ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخشتەکەدا مادەی: تایەو چووپ لە ژمارە «٤٥»ەوە دەخوێنێتەوە تا «٦٧» سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی چووپ لەگەڵ بەشی تایەیە، ئەو بڕگەیەش بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە، بەو پێکهاتنە هاتووە لە

نێوان لیژنەی دارایی وئابووری لەگەڵ وەزارەتی دارایی ئەم ژمارانە بسڕێتەوە تەنها دوو بڕگە بمێنێ. بڕگەیەک باجی چوپ دەکاتە ١٠٪ لە باجی تایە خۆی بەرای ئێمە ئەو لە ١٠٪ زۆر بوو وەکو ٧٪یش کەم بوو، بەڵام برادەرانی وەزارەتی دارایی ووتیان بۆ حساباتی ئێمە ئاسان ترە. خاڵی دووەم، تایەو چۆیی بەکار هێنراو(کۆن) لە ٥٠٪ ی باجی تایبەتی خۆی هەبێت ئەوانی تر هەمووی فت ئەکرێت. ئێستا هەتا «٨٣» ئەوی تر فت ئەکرێت. لە جێگای ئەوە ئەو بڕگەیە دەنووسرێت «بۆ باجی چوپ رەئی وەزارەتی دارایی لە ١٠٪ رای ئێمە لە ٧٪ بوو، لە باجی تایەی تایبەتی خۆی و«٨٤» ئەبێتە بڕگەی دووەم ئەو تێبینیانەی تر فت دەکرێت واتا «٨٤» وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، بەڵام ئەبێتە بڕگەی دووەم ژمارە یەک دەبێتە «٦٨» ئەوەی تر ئەبێتە «٦٩»ی زنجیرەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە تێبینیەکاندا ئەوە جێگیر بکەن، یەکەم، دووەم ئەوەی «٨٤» تایەی کۆنە ئەویش بکەن بە تێبنییەک وتەواو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن مادەیەک دێت رەسمی دیاری دەکرێت، لە بەر ئەوە زنجیرەی بۆ دێنم، ٢/٦٨ باجی چوپ. ئەوەندە لە سەر باجی تایبەتی تایەی خۆی. ئەوی تر (٦٩) تایەو چۆیی کۆن «المستعمل» ٥٠٪ باجی تایەی نوێی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو دوو تێبینییە ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومان لەوەدا نییە کە یاسا تاریفەی گومرگی لە هەموو وولاتێکدا شتێکی زۆر گرنگە جێی خۆیەتی کە بایەخی پێ بدرێت بەتایبەتی کە ئێمە سەرچاوەی هەموو شتێکمان گومرگە. ئەوە بنەما بێت ئێمە وەکو هەر دوو فراکسیۆن رێک کەوتنمان لە سەر کرد ئەوەی وەعدەی تەعریفەی گومرگی ئایا نیسبەتەکان بەنرخ بێت بەرێژە بێت؟. بەرای من تازە ئەم دانیشتنە بەم شێوەیە بوو: یەکەم لە بەر ئەوەی برادەران ئەندامانی پەرلەمان نوسخەیان لە بەر دەستدا نییە. غەرق بوون لە کۆمەڵێک ژمارە دا هەتا گفتوگۆکەیان ئەگەر سەرنج بدەن شتێکی شکلی یە. من وام پێ باشە ئەگەر هەر لەتوانادا نەبێت کە هەر ئەندامەو نوسخەیەکی هەبێت با هەر فراکسیۆنە نوسخەیەکی هەبێت کە دێینە ناو پەرلەمان تێبینی ئەندامانی پەرلەمان لە سەر تێکڕایی شتەکەوە هەبێت، تێبینییەکانی لیژنەی ئابووری رەچاو بکرێت ودەنگی لە سەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وتمان دانیشتنی ئایینده وەزارەتی دارایی نوسخەی تەواومان بۆ لە چاپ دەدا، دوای ئەوە ئەوەی کە لە سەری ڕۆیشتووین تا ئێستا ئەو یاسایە دەبێت برگە، برگە بخوێندرێتەوە. پاشان برادەران ئەگەر چ تێبینیان نەبوو ئەوە دەنگی لە سەر ئەدەن. ئەم خشتەیە بەشێکە لەو خشتەیەی کە تا ئێستا هەمووی نەهاتووە. لاپەڕەشی زۆرە وچارمان نییە، بەدەست ئێمە نییە مەسەلەیەکی یاساییە، پرۆتۆکۆلییە، برادەران با تۆزێک نەفەسی خۆمان درێژ بکەین ولەوە ماندوو نەبین، ئەوە ئیشی ئێمەیە، مادە بە مادە بڕۆین. لەوانەیە برگەیەک یا ماددەیەک وەکو چۆن دوو سێ برگە هەموارکران، هی دیکەیشی هەموار بکرێن، ئەگەر نەخوێندرێتەوە لەوانەیە وابە ئاسانی دەرباز نەبین بە سەریدا، بۆیە وەکو وتم ئوسوڵە ئێمە کە خستمانە پرۆتۆکۆڵی بەرنامەوە ئەبێت مادە بە مادە، بخوێندرێتەوە ولە پرۆتۆکۆڵی ئێمەشدا تۆمار بکرێت.

**بەڕێز حـەسـەن عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی دارایی وئابووری هەیە بەڕاستی دوو ووشەمان لەپێشە « باج ونرخ» بێگومان من ناچمە ناو درێژە پێدانی ناوخشتەکەوە چونکە هەرچەند بچمە ناویەوە ئەوە ووتراوە، بەڵام بۆ «باج ونرخ» چ پێوەرێکیان داناوە؟ یان کە ئەو ڕێژەیان داناوە مانای چییە؟ ئەوە بەگوێرەی عەقلە یا پێوەرێکی هەیە؟ پێم باش بوو ئەگەر پێوەری گومرگی ئێستا بوایە کەوەردەگیرێت چەند وەردەگیرێت ئەوە ببوایە پێوەر زیادەشی بۆ ڕێژکە بچووبا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرەئی من ووشەی (سیارات) وئەوانە هەمووی لابچێت. ماقوول نییە تایەی فلان وفلان. تایە بەقەبارە دەناسرێت. یا ناوی ئەو هەموو ئۆتۆمبیلانە هیچ پێویسیت نییە، ژمارەیان هەیە وهەموو ترۆمبیلەکانیان فت کردووە. دوو: ئەو ترومبێلانەی کە دێنە ژوورەوە فرسەتە بۆ وەزیری دارایی بەڵکو تاپلۆیان دەدەنێ (ادخال گومرگی مؤقت) بەڵکو لەو ئۆتۆمبیلە ژمارە بیانیانە رزگارمان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

دەرەوەی هەرێم یانی ناو حکومەتی ناوەندی و دەوڵەتی تریش ودانانی. باج واتا ڕێگەدان بەچوونە دەرەوەی. بەرای من نابێت بەهیچ جۆرێک ڕێگا بدرێت بە چوونی هیچ جۆرە شتێک کە بەکەڵکی زرێ پۆش وزیلی عەسکەری دێن، چونکە ئەو شمەکانەی کەبەکەڵکی زیلی عەسکەری یا دەبابە دێن لەهەمان کاتدا بەکەڵکی شوڤەڵ دێن. طبعا برا عەسکەریەکان درێژەی ئەوە دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان قسەی کاکەڕەشم هەیە، دەبێت ڕەسمی گومرگ بەگوێرەی قەبارەی تایەکە وەربگیرێت نەک لەسەر جۆری ئۆتۆمبیلەکە، چونکە لەوانەیە تایەی بەرازیلی بۆ کرۆنە دەست بدات و بۆ زۆر ئۆتۆمبیلی تریش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرە قسەکەی زۆر ڕاستە، ئەوکاتە تایەکانی تریش هەرزان دەبن هی قەمارە ولاندکرۆزەرو ئیتر، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڵێ تایەی بەرازیلی خۆی ژمارەیە (١٣و١٢ و٧٥٠ بە ١٤) یە، واتا ژمارەکەیان بووترێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەیان وتبایە تایەی بەرازیلی لەوانەیە بەژمارەکەی نەمان زانی با، بەڵام وەکو پرسیارێک یان پێشنیارێک بۆ وەزارەتی ئابووری، دەڵێین حەقە بۆ ئۆتۆمبیلی بەرازیلی ئاگامان لێ بێت، چونکە ئەو خەڵکە زیاتری دەستیان کورتە ورانەری تەکسی ناو بازاڕن، ئۆتۆمبیلەکانیان بەرازیلینە، تۆزێک ئاگاداری ناوەوە بکرابا لەوانەیە خراپ نەبێت ئەگەر بنووسرێ بەرازیلی، چونکە ئەگەر نەنوسرابا ئێمە بە ئاسانی هەستمان پێ نەدەکرد.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەید حەسەن فەرمووی ئەوە نرخە یان باجە؟ ئەوە باجە، نرخ نییە. وفەرمووی پێوەر چییە بۆ دانانی ئەو ژمارانە؟ ئێمە دابەزینی نرخی دیناری عێراقیمان ڕەچاو کردووە. لە بەر ئەوە وئەوانە هەندێکیان (٥٠) دینار زیاد بووە، هەندێکیان (٣٠) دینار ئەو پەنجا وسیی دینارە ئەگەر قیاس بکەی بەنرخی دیناری عێراقی لەوانەیە ئەوەکەم بێت زیاد نەبێت. حەق بوو زیاتریش زیادمان کردبا، وەزارتی دارایی وئابووری کەناوی ئۆتۆمبیل دێنێ تەنیا بۆ«دەلالە»تە، بۆ ڕسوم، سوپاس.

**بەڕێز دارو شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کە بۆچی ناوی ئۆتۆمبیل هاتووە لەگەڵ ژمارە؟، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ بازاڕی کوردستان. لە بازاڕی کوردستاندا ئەو خەڵکانەی کە بازرگانی تایە ئەکەن بە ئۆتۆمبێلەکان ئەیناسنەوە، ئێمە هەردووکیمان داناوە هەم ئۆتۆمبیلەکە هەم ژمارەکە لەڕووە زانستی کەیەوە، ئەوە ژمارەکە هەیە وبۆ (١٠) جۆر ئۆتۆمبیل ئەبێت. لەڕووی بازرگانیشەوە کە کابرا ووتی تایەی

بەرازیلیم هێناوە خۆی دڵنیا ئەبێت کە تایەی بەرازیلی باجەکەی چەندە لەناو تەعریفەکەدا، بۆ مەسەلەی تایەی بەرازیلی ئێمە بەووردی ئەو مەسەلەیەمان دەرس کردووە، چونکە پێم وایە ئێستا لەگەڵ نرخی بازارا سەیری بکەین ئەو باجە هەر هیچ نییە، چونکە ئێستا جووتی تایە زۆر گرانە لە بازاردا کەم تایە هەیە لە«٢٠٠٠» دینار کەمتر بێت لە بەر ئەوە کەسەیر بکرێت ئێمە جوتێک بە (٣٥٠) دینار لە ١٪ ی کەمتر لێ وەرنەگرین (١٣٠) دیناری لێ وەرئەگرین، لە بەر ئەوە یەکجار کەمە ئەو نیسبەتە ئەوە نییە کار بکاتە سەر نرخی تایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوە ناڵێم، من ئەڵێم بۆ تایەی ئۆتۆمبیلێکی کرۆنەی تایبەتی (١٢٠) دیناری لێ وەردەگیرێت کەچی ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی (١٣٠) دیناری لی وردەگیرێت لە کاتێکدا زۆربەی ئۆتۆمبیلە بەرازیلییەکان تاکسین و خاوەنەکانیان کەم دەرامەتن.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم سەرنج بدەیتە قەبارەی تایەکە، تایەی بەرازیلی قەبارەکەی (١٧٥)ە، بەڵام هی کرۆنا (١٦٥)ە لەبەر ئەوە کەمتری لێ وەردەگیرێ، چونکە لەرووی مادییەوە زیاتری تێچووە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم کرد وەڵامیان نەدامەوە ئێمە بەشداری تازەکردنەوەی سوپای عیراقی دەکەین، چونکە لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە هاتووە دەڵێن ئەو لۆریانە، ئەو زیلانە کە تایەیان نوێ دەکرێنەوە ساڵ بە ساڵ هەمووی لە کوردستانەوە تایەیان بۆ دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ دارایی وەڵامی هەیە بۆ ئەم پرسیارە؟ .. نییە؟ ئێستا بەشی دووەم بەو چەند تێبینییەوە تەواو بوو. کێ لەگەڵ بەشی دووەمدایە لەگەڵ ئەو چەند تێبینییەدا کە جێگیر کراون وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکرای دەنگ وەکو خۆی مایەوە. پاش ئەو دوو هەموارکردنەی کەلە سەری کرا. ئێستا یەک چارەگە سەعات پشوودەدەین دوایە ئەگەڕێینەوە.

## (پاش پشوو)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی هەر دوو کتلە تکایە ئاگاداری ئەندامان بکەنەوە لە پەرلەمان هەر ئەوە نییە بێن پێنج دەقیقە ئامادەبن لە پاشان بچنە دەرەوەو نەیەنەوە، ئەگەر لیژنەیان هەیە قەیدی ناکا، بەڵام برادەران هەن دێن چارەگێک یا نیو سەعات لێرە دادەنیشن وئەچن ئیتر نایەنەوە بەرەئی من ئەوە شتێکی

باش نییه، ئەگەر وابێت ئێمە ئەوانەش لە مەو دوا بەغائب حساب ئەکەین. چونکە ئامادەبوون واتا ئامادەبوونی دانیشتن تا تەواو ئەبێت، ئەگەر لیژنەیەک ئیشی پیویستێ یان ئیش خۆی ئەکات قەیدی نییە. بەڵام ئەوەی چەند دەقیقە دێت دائەنیشێ دوایی دەست بەرز ئەکاتەوە بۆ جگەرەیەک یا پشوێک ئیتر ناگەڕێتەوە. ئەو برادەرانەی کەوا ئەکەن ئێمە ناچار ئەبین ئەو پێنج دەقیقەی سەرەتا حیساب نەکەین بەئامادەبوون. چونکە بەو شێوەیە نابێت، باوەڕ ناکەم ئەو برادەرانە لە لیژنەدابن، حەق نییە هەندێ لە برادەران بێن لێرە دانیشن وهەندێکی تریش بێن خۆیان نیشان دەن وبڕۆن. ئەگەر مۆڵەتی هەیە یا ئیشی لیژنەی هەیە یا بە ئیشی رەسمی دەڕوات قەیناکا، بەڵام گوناهی ئێوە چییە لەسەرەتاوە دائەنیشن و موتابەعەی ئەکەن وخەڵکێکی تریش ئەندامی پەرلەمانیشە پینج دەقە دێت دائەنیشێ وئەڕوات؟ ئەوانەی کە لە لیژنەدا نین، بەرای من ئێستا بە غائب حساب بکرێن، فەرمانبەرێک بانگ بکەن بزانن لە لیژنەکان هەمووی بگەڕێ ئامادەبووانمان ئێستا بۆ جێگیر بکات، چونکە لەراستیدا ئەمە رەوشتێکی ناشیرینە ئەندامی پەرلەمان ئاوەها دەوام بکات.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٣ی تا ژمارە «١٩»ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێ یەم دوایی هات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی سێیەم (پاتری) کۆتایی هات، چەند هەموارکردنێکی بچووکی کەوتە سەر، کێ تێبینی هەیە لە سەر ئەم بەشە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم پرسیارەکەی من فەرامۆش نەکرێت، ئەوە جاری سێی یەمە دووبارەی ئەکەمەوە. ئەو پاتری وتایانەی کە بەکاردێن بۆ زرێ پۆشی عەسکەری، حەق نییە رێگای بدەین بۆ بەغدا بچن، داوا لەوەزیری دارایی دەکەم وەڵامم بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارو شێخ نوری/ وەزیری دارایی وئابووری**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە خۆتان ئەزانن کە پەرلەمان چەندین کەل وپەلی قەدەغە کردووە بۆ دەرەوەی هەرێم وئەوە بەبریاری ئەم ئەنجوومەن بەڕێز قەدەغە کراوە، لەوە بەدەر ئێمە هەر شتێک کە بازرگانی پێ کرابێ

خستومانەتە ئەم لیستەیەوە، لە پاشان هەر شتێکیش ئەنجوومەنی بەڕێز بڕیاری لەسەر قەدەغە کردنی دا بڕیار بڕیاری ئێوەیەو ئێمە ئامادەین بەهەر شێوەیەک بێت جێبەجێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

وەڵامی وەزیری دارایی ئاشکرایە، چونکە ئەو ناتوانێت شتێک قەدەغە بکات کە لە ئێمەوە دەرنەچووبێت. ئەگەر پێشنیارێکی وا هەیە لە کاتی خۆیدا چارە دەکرێت. ئێستا کێ لەگەڵ ئەم بەشەی ئەو خشتەیەدایە کە خوێندرایەوە پاش ئەوەی چەند هەموارکردنێکی هاتە سەر؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەم بەشەش پەسەند کرا، با بچینە سەر بەشی چوار.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

چوارەم شمەکی یەدەگی ئۆتۆمبێل ومەکینەیە. ڕێژەکان زۆر گۆڕانی تێدا بوو بەپێکهاتن لەگەڵ وەزیری دارایی بڕیار وایە بۆ ناو هەرێم هەمووی دەبێتە لە ١٠٪ وە بۆ دەرەوەی هەرێم لە ٢٠٪ پێویست ناکات هەمووی بیخوێنمەوە. نرخیش جێگیر کراوە. ئەم ڕێژانە لە لاپەرە «٧»وە تا لاپەرە «١٩» ئەگرێتەوە لە(١-٢٢)ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـان مـەحـمود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

لەلاپەرە(٢٣-٤٤)ی خوێندەوە.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

لە لاپەر (٤٤-٧٠)ی خوێندەوە.

**بەڕێز پەریخـان مـەحـمود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

لە لاپەڕە(٧١-٩٦)ی خوێندەوە.

**بەڕێز ئەیـاد حـاجی نامق مـەجـید:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بەڕاستی ئەو یاسایانە بەو جۆرە تەواو نابێت. دووەمیش عەمەلی نییە، چونکە خۆی حساب دەکرێت بەپاشکۆیەکی ئەم یاسایە خۆی قانونەکە مادە بە مادە شتە بنچینەییەکان دەنگی لە سەر دراوە، پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر چەندە لیستەکانمان لەلانەبووە، بەڵام لیژنەی پەیوەندیدار ئەگەر هەر شتێکی هونەری هەبێت بڵێ لاریمان لەسەر ئەوە هەیە لە فلان فەسل، تا بۆ خۆی بەسروشتی بڕوات، بەڕاستی ناکرێت وباوەڕ ناکەم لە هیچ پەڕلەمانێک هیچ یاسایێک ئەو مادانە یەک بە یەک بکرێت ئەگر بەڕێزیشتان سەرنج بدەن دانیشتنەکە لە سەر ئەوە نییە، ئەوە لیژنەی هونەری مادام هیچ لاریبان نییە، یا ئەگەر لاریبان هەبێت فەسل بە فەسل با ڕوونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ڕۆژە باسمان کرد، ئێستاش دووجار باسمان کرد، ووتمان مادە بە مادە، دەخوێندرێتەوە. خشتەی تریش بەو شێوەیە پێدا ڕۆیشتوین، ئەوە زۆر ناخۆشە دوای ئەوە لەوانەیە ئەندامێک بۆ یەک برگە زانیاری هەبێت لەوانی تر ئاگادار نەبێت ئەوە ئارەزووی خۆتانە، چارمان نییە ئەوە گەر دوو لاپەڕە بوایە واتان نەئەووت، بەڵام زۆرە، فەسلێکە، منیش لەگەڵتانم. بەلام ئیمەوا ڕۆیشتووین، هەرشتێک بێتە پەرلەمان دەبێت بخوێندرێتەوە وگفتوگۆی لەسەر بکرێت. لە بیرتان چوو لە سەر مۆڵەتی چەک نیوەی دانیشتنەکە ڕۆیشت لە بەر ئەوە ئەمەش خراوەتە بەرنامەمانەوە، ئەمە ئیشی پەرلەمانە دەبێت تەحەمول بکەن لە بەر گرنگی برگەیەک گفتوگۆ گەرم ئەبێت، ئەگەر نەبوو ئەوە باشتر، ئەڕوین وزووتر تەواو ئەبین، جا هیوادارم بەتەحەمول بین ئیشی پەرلەمان ئەمەیە، ئەگەر وابێت پێویست ناکات گفتوگۆ بکرێت بالیژنەکان رای خۆیان بدەن، لێرە هەر دەست بەرز بکەنەوە. حەز دەکەن وای لێ دەکەین، ئەمە بەشێکە لەیاسا، وەکو وتم خشتەکانی تریش گفتوگۆیان لەسەر کرا کەس لاری نەبوو، لەبەر ئەوە دەبێ لە سەر ئەمەش بڕوین، چونکە وا پێکهاتووین، جا تکایە پشووی خۆتان درێژ بکەن، چونکە لەوانەیە بەیەک دوو دانیشتنی تریش تەواو نەبێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو یاسایە ئاکامی ئەو ڕەسمانەیە، شتی گرنگ ئەو ڕەسم وژمارانەیە، لە بەر ئەوە ئەگەر پەسەند بکرێن شتێکی زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر ئەو ژمارانە نەبان پێویستی هەر بە یاسا نە دەکرد، گرنگ ڕەسمەکانن.

٦٧- قایش تایم دانە بۆ ناو هەرێم یەک دینار بۆ دەرەوەی هەرێم دوو دینار.

٩٨- واتەر پەمپ دانە یەک دینار بۆ ناوەوەی هەرێم بۆ دەرەوەی هەرێم سێ دینار.

٩٩- قەپاغی رادێتەر لە تانکی بەنزین دانە بۆ ناو هەرێم دوو دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم پێنج دینارە ... جنبەی گاردن بۆ ناو هەرێم (١٠)دینار بۆ دەرەوەی هەرێم (٥٠) دینارە.

قولاغی ماکینە بۆ ناو هەرێم (٥ )دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم (١٠) دینارە.

گاردنی تەواو بۆ ناو هەرێم (٥٠) دینارە، بۆ دەرەوەی هەرێم (١٠٠)دینارە.

درایم شەفت بۆ ناوەوەی هەرێم (٥٠) دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم (١٠٠) دینارە.

سەنەدرایتی شەفت بۆ ناوەوەی هەرێم (٢٥) دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم (٥٠) دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی لە خالی (١٠٣) وابزانم (درایەتە) یان (دراینە) کاک دارۆ نووسراوە (دراین) بکرێت بە (درایف) ئێمە کامەیان بنووسین بەرای تۆ..؟ هەر دووک؟ باشە بیکەنە درایف باشترە، لە ژمارە«١١١» نووسراوە نیو دینار.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ خۆی نیو دینارە، فاریزەیە ئەگەر بفەرموون لە جێگای نیو دینار ئەیکەینە دینارێک ولە جێگای دینارێکیش ئەیکەینە دوو دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئەوە گرفتی ئێمە نییە، ئەوە گرفتی داراییە، فەرموو: ئەم خشتەیە وەک فەرهەنگێکە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلی هەیە.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوە « بۆ . ناوەوە. بۆ دەرەوە» پێویست ناکات، ژمارەکە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوەش دەبێت.. بۆ ئاسان کردنی ئیش کردنە. سوپاس. ئەو خشتەیە تاکو ئێرە واتە ژمارە «٢١٢» بیانخەینە دەنگدانەوە ئەگەر تێبینی نییە؟.. دیارە کاک جەعفەر، کاک عثمان، ئەو دوو برادەرە تێبینیان هەیە:

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کەل وپەلانەی کە دێنە ناو کوردستانەوە دوو جۆرن گومرگیان بۆ دانراوە. گرمرگێک کە دێتە ناو کوردستان گومرگێک کە دەچنە دەرەوە، هەندێ کەل وپەل یەکسەر ناچێتە دەرەوە دێتە کوردستان، ئینجا ئەچێتە دەرەوە ئایا هەموو مەبلەغەکەی لێ ئەسینرێ یاخود هەر جیاوازییەکەی لێ ئەسینرێ؟ ئەگەر وابێ مەبلەغی ناوەوەی کە دێتە کوردستان جیاوازییەکەی دووقات دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو گوێم لێ بوو لە بارەی ئۆتۆمبیلی بچووکەوە ئەو رەسمەی دانراوە لەسەر (سولف) کەمترە لە( ئارمیچەری سولف)، کە ئارمیچەری سولفەکە بەشێکە لە سولفەکە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من ئەوەیە تکام وایە لەوەزارەتی ئابووری (٢٥٠) فلس (٥٠٠) فلس (٧٥٠) فلس لابەرێ دینار دابندرێ بەراستی ئێستا تاک دیناری وەرناگیرێ نەک ئەو (٢٥٠) فلسە، شتێکی تر وابزانم زۆربەتان پێتان خۆشە تەنیا کاک جوهر نەبێت، گفتوگۆیەکمان بوو لە سەر ئەوە لەرووی زانستییەوە باس بکرێ یان کەلێنێکی یاسایی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی وەکو کاک ئەیاد باسی

کرد، ئنجا ئەگەر برادەرە یاساناسەکان شتێک بکەن، کاک جوهر رای وایە وەرێزم هەیە بۆ رایەکەی، کەوا لە لانی یاساوە ئەبێ مادە بە مادە هەمووی بخوێنرێتەوە، ئەگەر رەئیەکی وا هەبێ کە لەوانەیە ئێمە مادام رەزامەندیمان لە سەر یاسایەکە کرد، تەنها تێبینییەکانی لیژنەی دارایی وەربگیرین. ئەگەر ئەمە هاودژ نەبی لەگەڵ یاسا، حەز دەکەم ئەوەش بیرێکی لێ بکرێتەوە. ببورە کاک جوهر، کە لەگەڵ رایەکەتدا رێک ناکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد، ئەگەر بابەت خشتەکەیە، تکایە بریارمان داوە لە سەری دەرۆین، ئەگەریش بابەت گفتوگۆیەکەیە ئەوا پیایا ئەرۆین. با بابەتەکە تەواو بکەین وەکو هەیە چونکە وەکو ووتمان ئەبێ مادده، مادده بخوێنرێتەوە. پشووتان درێژ بکەن جیاوازی نییە، ئەگەر لاپەرەیەک بوایە دیارە کەس لاری نەدەبوو، بەڵام ئەوە ئیشی ئێمەیە کاک دارۆ فەرموو ئەگەر ئەو تێبینیانە وەڵام بدەیەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو جۆرە باجەی کە ئەبینرێ لەوەوە هاتووە کە ئەم سێ وپەلانە کەل وپەلی ترانزێتیان پێ ناووترێ، ئەمە ئەو کەل وپەلانەن کە بازرگانیان پێ ئەکرێ، دێتە ناوکوردستان لێرە دادەبەزێنرێت دەستێک یا دوو دەست یا سێ دەست ئەکات، چەند کەسێک مامڵەتی پێ دەکەن تا وەکو لەوانەیە لە یەکێک لەوانە ئەیەوێ بیباتە دەرەوەی هەرێم. ئەو کاتە دەبێ باجی دووەم بدات، یان باجی یەکەم بۆ ئەو کەل وپەلەیەی دێتە ناو هەرێمەوە، لە ناو هەرێمدا چ موعامەلەی پێ ئەکرێ کەس حەقی نییە بەسەریەوە، بەڵام کە بەنیازی بردنە دەرەوە بوو ئەو باجە دەست نیشان کراوە بۆ ئەو کەسانە لەبەر ئەوە نییە کە دوو جاری لێ وەردەگیرێ، ئەوەی کە هێناویەتی بۆ ناو هەرێم کەس لێی ناپرسێ، لەوە زیاتری لێ داوا ناکا، بەڵام کە بەتامای بردنە دەرەوە بێ ئەبێ باجێکی زیادە بدات، دەربارەی مەسەلەی سولف وئامێچەر تکام وایە ژمارەکانمان پێ بڵێن لە بەر ئەوەی خشتەکانمان دوورو درێژن تا دەست نیشانی بکەین بزانین ژمارەکەی چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ خشتەکە ئەمە نازانین ژمارەی چەندە دەبێ بیدۆزینەوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە «٥٥» ئارمێچەری سولفە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە(٥٤) سولفی تەواوە (٧٥) دینار بە (١٥٠) دینارە ئارمێچەری سولف (١٥٠) دینارە بە (٢٠٠) دینار لە (٥٤-٥٥) لەم بەشە، بەشی چوارەم لاپەڕە (٩)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(٥٥) ئارمێچەری سولف. (٥٤) (سولفە) نووسراوە سولفی تەواوی قەبارە بچووک؟

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئنجا ئەگەر ڕێگە بدەن لەگەڵ برایانی لیژنەی ئابووری باسێکی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ئارمێچەرە بەشێکە لەو سولفە تەواوە کە نوسراوە، لە ناو سولفەکە دایە، ئەگەر سوتا ویستت سولفەکە نەگۆری تەنها ئارمێچەرەکە ئەگۆری ماقوول نییە هی ئارمێچەرەکە زیاتر بێ لە هی سولفەکە بەتەواوی ئەوەیە مەبەستەکەی من، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو تێبینیە زۆر لە جێی خۆی دایە، ئێستا پارەی ئارمێچەری سولف دێنین بۆ سولفی تەواو یانی ئەوە بەیەک چرکە تەواو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بۆیە ووتم بگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە دەسەلاتمان بدەنێ، پێم وایە لە صفر هەڵەکە کراوە ئەوە«١٥بە ٣٠یە» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوور نییە، خۆی نوسراوە «٣٠» لەراستیدا ئەگەر تەماشای بکەین باشە، با وەزیری دارایی لەگەڵ لیژنە ئەم بابەتە چارە بکەن، سوپاس کاک حمید بۆ ئەم تێبینییە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرنجێکی ترم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە یەکێ لە سوودەکانی خوێندنەوەی ئەم یاسایە بوو.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو تێبینیەی کاک نەژاد دەری بڕی من پێم وانییە ولەگەڵیدا نیم، چونکە یەک دیناری وەرناگیرێ لە بازارا خۆی ئەوە پیلانێکە لە دژی کوردستان بەکاری دەهێنن نابێ ئێمە لەگەڵ ئەوە بڕۆین بەڕێوە ئەوە یەکەم، دووەم ئەو شتانە جیاوازن کە بە دانەن یا بەژمارەی زۆرن، بۆ نموونە (١٠٠) دانە (٢٠٠) دانە لەپاکەتێک دایە ئەی ژمێرن یەک یەک نیو دینار ئەکاتە دەوری (٢٠٠) دینار (١٠٠) دینار ئەوە نییە تۆ یەک برغو دێنی ئەڵێی ها ئەم نیو دینارە یا ربعێ بۆ ئەو بورغووە کە هێناومە مەسەلەکە بۆ ژمارەی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو حاڵەتدا باشتر ئەوەیە کە بووترێ دەرزەنی ئەوەندەیە، پاگلۆزی ئەوەندەیە، مادام ئەوە هەرگیز بەدانە ناهێنرێ یا بەدەرزەنی یا بە پاکەت یا بە گلۆز ئەهێنرێ ئەوکاتە ئەو گرفتەش نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئنجا ئەوە بە پاکەتی هەڵوەشاوە دێت هەزار دانەی پێکەوە کردۆتە ناو کارتۆنێک لە باری وولاتێکدایە، تۆ ناچاری بیژمێری، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ژمارەیە هەڵە نییە کە وروژاندیان، بابەتی سولف وئارمێچەری سولف، چونکە سولف بە خۆی یەکجار (إستیراد) دەکرێ، هەزاران ئارمێچەر (إستیراد) دەکرێ وەدەڕوا، چونکە ئارمێچەر دەسوێ، ئارمێچەر ڕۆژێ هەتا ئێوارێ دەگەرێ (دەسوورێ) ئەوەی لە سولفەکە خراپ دەبێ تەنیا ئارمێچەرەکەیە مادەیەکی بزێوە، لە بەر ئەوە پێویستە باجەکەی زۆر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئنجا ئەوە وتمان جەنابی وەزیر لەگەڵ لیژنەی دارایی با بەسەرچاوە هونەرییەکەی خۆیاندا بچنەوە، ئەوەی بزانن ئەوەی جەنابت فەرمووی یا ئەوەی کە کاک حەمید باسی کرد چۆنە، لەوانەیە شتی وا هەبێ، بەڵام با هەر دوولا ڕێکی بخەن، موخەوەل بن تاوەکو (٢١٢) لە بەشی چوارەم، پاش ئەوەش تێبینیمان هەبوو کەباسیان کرد، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«بەشەکانی یەدەگی ماتۆر سیکلی خوێندەوە بەشی چوارەم (أ).... .... خوێندیەوە»

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابی وەزیر ئەبێ لیستەکان بۆ ئێمەش بنێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە لەگەڵ کاک دارۆ سبەی گفتوگۆیەکی لەسەر دەکەین، هیوادارین کە بەلای کەمیشەوە بەشی یەک، دوو دانیشتن خشتەمان بۆ بنێرێ سوپاسیان دەکەین، ئێستاش بابەشی چوارەمی (أ) بزانین کێ تێبینی لە سەر هەیە؟.. نییە؟... کێ لەگەڵ ئەوەیە بەشی چوارەم (أ) وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ..کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ بەشی چوارەم پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شمەکی یەدەگی پایسکل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس/ چوار-ب- تاکو لاپەرە «١٩» گفتوگۆی لەسەر کراو پەسەند کراو تەواو بوو، ئەگەر چ تێبینی هەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەوەیە بەشی «٤-ب» وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ تاکو لاپەڕە «١٩» پەسەند کرا، بەمە لیستی لای ئێمە تەواو بوو، تا ئێرە ڕای دەگرین بۆ ڕۆژی یەک شەممە سەعات «١٠».

بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات، زۆر سوپاس بۆ هەموولایەک.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **نەوزاد ئەحمەد عەزیز ئاغا** | **جوهر نامق سالم** |
| **سکرتێری ئەنجوومەن** | **جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## یەک شەممە رێكەوتی ٥/١٢/١٩٩٣

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١٢/٥

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٣/١٢/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژماره (٢٠)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالّی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوه ڕاددەی یاسایی دانیشتنەكه چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوه دەست پێكرد.

١- بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری دەرماڵەی خانوو (مخصصات السكن) بۆ مامۆستایانی دەستەی وانەبێژانی زانكۆ وپەیمانگا هونەرییەكان.

٢- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای باج.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكات بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان، دوو خاڵە: خاڵی یەكەم وختی خۆی پێشنیارێكمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوه پێگەیشتووه دەربارەی دەرماڵەی خانوو بۆ مامۆستایانی دەستەی وانەبێژانی زانكۆ و پەیمانگا هونەریەكان، كە لای لیژنەی یاسا تەواو بووه، پێشنیارێک هەیە ئەیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان بۆ ئەوەی بڕیاری كۆتایی لەسەر بدەن. خاڵی دووەمیش تەواوكردنی پرۆژەی یاسای باجە، ئەو خشتەیەی كەلەبەردەمتانە، تازە بابەتیش ئەگەر شتێک هەیە؟.. نییە؟ مادام وایە دێینە سەر خاڵی یكەمی بەرنامەی كار.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسا ئەگەر ماوەمان بدەی بەگوێرەی مادە «٣٩»ی پەیڕەو هەندێ ئیشوكارمان هەیە دەمانەوێ بچین كۆبوونەوه بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە با ئەم بڕیارە تەواو بێت پاش ئەوە قەیناكا، با كاک د.سەلیم مەلۆ ئەم بڕیارە بخوێنێتەوه بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوه.

**بەڕێز د. سەلیم عەلی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم.

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

قرار

استناداً الى احكام الفقرة «١» من المادة (٥٦) من القانون الرقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتاريخ (/ / ) اصدار ما يلي:

١- يستقطع مخصصات السكن البالغة (١٥٠) دينارا عن اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات وهيئة المعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق عند اشغالهم الدور والشقق السكنية ويعتبر ذلك بمثابة بدل ايجار لها.

٢- لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٣- على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم بۆ لیژنەی یاسایە کە ئەو دەقەی داڕشتووە لەگەڵ لیژنەی خوێندنی باڵادا، ئایا ئامانج لەم بڕیارە چییە؟ و پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا ئێستاکە (١٥٠) وەرئەگرن چەند کرێ ئەدەن بەو خانووانەی کەتیایدان؟ واتا لەوەدا قازانجی ئەوانە ئەوە یاخود قازانجی حکوومەتە؟سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو یاسایە تەنها وشەی «فقط» زیاد بکرێت دەربارەی پرسیارەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەم یاسایە نەک لیژنەی خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسا دایان نابێت لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەی یاسا دایناوە مەبەست ئەوە بوو ساڵی ٨٥-٨٦ بووە جگە لە دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بۆ مامۆستایانی زانکۆ دەیان بڕی، ڕێژەی تریشیان لێ دەبڕین وەکو فەرمانگەکان دەبوو بەدوو لێ بڕین، کاتێک مامۆستایەکی زانکۆ لەناو شقەیەک یا خانوویەک یا هەر یەکەیەکی نیشتەجێ بووندا بێ، تەنها دەرماڵەی نیشتەجێ بوون (١٥٠) دیناری لێ ببڕن، ئەوی تری لێ نەبڕن، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مامۆستایانی زانکۆ (١٥٠)دینار داندراوە، ئەگەر لەخانوی حکومەت دانەنیشن ئەو پارەیان دەدرێتێ ئەگەر هاتوو خانووی حکومەتیان درایە ئەو (١٥٠) دینارەیان لێ دەبڕێ وڕێژەی ٥٪یشیان لێی دەبڕێ، واتا دوو جار لێ بڕینی لێ کرا، هەم دەرماڵەی نیشتەجێ بوون کە (١٥٠) دینارە هەم لێ بڕینێکی زیادە ٥٪ی مووچەکەیان، جا گەر بەتەنیا (١٥٠) دینارەکە بێت هیچی تریان لێ نەبڕێت، سوپاس. **بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە هیچ دەقێکی ئاشکرا هەیە کە ٥٪کەیان لێ نەبڕن؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەقەکە ئاشکرایە دەڵێت دەرماڵەی نیشتەجێ بوون کە خۆی (١٥٠) دینارە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەیەی کاک حەسەن وتی ڕاستە (١٥٠) دینارە دەدرێتە ئەو کەسانەی کە خانوویان لەزانکۆ وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوانەی لەناو خانووەکانی زانکۆدان ڕێژەیەکیان لێ وەردەگرن، بەڵام لەبناغەوە وەکو کاک نەژاد فەرمووی شێوازەکەی هەڵەیە ئەو (١٥٠) دینارەیان لێ وەرناگیرێت یان نایان درێتێ ئەو شێوازی «یستقطع» مانای وایە لێیان وەربگیرێت (١٥٠) کەشیان لێ وەربگیرێت، ئەو ڕستەیە وادەگەیەنێت بڵێین (١٥٠) دینارەکە وەرنەگیرێت، ئەوجا ئەوە زۆر ڕوون دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کە زانکۆ ئیش دەکات فەرمانبەر دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی هەیە، ئەوەی خانووی نەبێت لەکاتی خۆیدا ڕێژەیەک لەمووچەی دەبڕا لەجیاتی کرێی ئەو خانووەی کە تێیدایە، ئێستا ئەم قانوونە چارەی ئەوە دەکات بۆ ئەو کەسەی کە خانووی زانکۆی وەرگرتووە (١٥٠) دیناری بڕاوەی لێ وەرنەگرن ئیتر لە مووچەکەی نابڕن ئەوە یەک، و ئەوەی خانوونی نییە و خانوونی زانکۆشی وەرنەگرتووە (١٥٠) دیناری ئەدەنێ، بەڵام ئێستا ئەوەی کەوا لێرە خانووی هەیە وخانووی زانکۆشی وەرنەگرتووە چارەی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە د. حەمە نەجم ئێستا ئەو مامۆستایانەی زانکۆ ئەوانەی لەوخانووانەدان ٥٪ی

مووچەیان ئەدەن یان (١٥٠) دینارەکە ئەدەن؟ یان (١٥٠) دینار وەرئەگرن لە (٥٪)ەکە ئەدەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو حاڵەتەدا ئێستا هەردووکیانی لێ وەرئەگرن. هەم (١٥٠)کەشی نادەنێ و هەم (١٥٠)کەشی لێ ئەبڕن، واتا ڕێژەکەی لێ ئەبڕن و (١٥٠) کەشی لێ وەرئەگرن دووجار باج ئەدات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا دووجار باج ئەدات و زەرەر ئەکات، بەڵام پێم وابێ ئەوەمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ نەهاتووە کەزەرەر بەمامۆستایانی زانکۆ بگەیەنین، وەکو یارمەتی بۆمان هاتبوو، بەڵام شێوازە وەکو جەنابت فەرموت بەراستی ئێستا زیاتر ئەدەن لەوەی کەبیدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان ئەوەیە کە دووجار پارەنەدات لەلایەک (١٥٠) دینارەکەو لەلایەکی تر ٥٪کە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو مامۆستایەکی زانکۆ ئەوەی خانووی خۆی نەبووایە، ملکی خۆی وژنی و ئەولادی (قاصر) یەکێک لەوانە یاسایی نەبوایە (١٥٠) دیناریان دەدا بۆ هاندانی مامۆستای زانکۆ ولە ١٪یان لەمووچەی ئەسڵی خۆی دەربڕی بەو بۆنەیەی چۆتە ناو خانووی حکوومەتەوە ئەنجومەنی وەزیران ئێستا ڕای وایە ئەگەر چووە ناو خانووی حکوومەتی ئەو لە ١٪ ئەبڕێت، تەنها ئەو (١٥٠) دینارەی بۆ سەرف ئەکرێت کە دانراوە وەکو دەرماڵەی سوکنا، ئەوەش پێشنیارێکە کە هاتووە پێشان ٥٪ بوو، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران کردوویەتی بە ١٪ برادەرانی لیژنەی دارایی ڕایان وابوو هیچ ڕێژەیەک نەبڕێت، تەنها (١٥٠) دینارەکە ببڕێت وبەس، (١٥٠) دینار بۆ کابرا سەرف نەکرێت ئەویش دەرماڵەی سوکنایە ئەوەندەیە مامۆستا دەچێتە ناو خانووەکەی نەپارە بۆ خانوو وەردەگرێت ئەو پارەش دەدات بۆ ئەوەی بەرامبەری ئەوە لە خانوونەکەدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاکەرەش وتی بەتەواوی وتی، واتا ئەگەر مامۆستایەک لە زانکۆ لە خانوویەکی حکوومەتدا بێت، بەلاش لەناویدا بێت، هیچی لێ نەبڕێت، ئێستا لەبەر قانوونەکە کە لە خانووی حکوومی نەبێت (١٥٠) دینار وەردەگرێت بەکورتی ئاوایە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەندێک خانووی زانکۆ هەنە غەیری مامۆستای زانکۆ بەکاریان دەهێنن ، ئەی لەوان چەند وەربگیرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باش تێنەگەیشتم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕیارە تەنها پەیوەندی بە خانووەکانی زانکۆوەیە، و پەیوەندی بەخەڵکی ترەوە نییە.

**بەڕێز ئەهلە محەمەد سەعدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

د.حەمە نەجم خاڵێکی وروژاند کە خاڵێکی گرنگە، زۆربەی دەستەی وانەبێژان کە خانووی تایبەتی خۆیان هەیە بەکرێیان داوە و لە خانووی حکوومەت دانیشتوون ئەو دەرماڵەی نیشتەجێ بوونەی کە (١٥٠) دینارە لێیان دەبڕن، کەواتە ڕێی گرت لە ئەندامانی تری دەستەی وانەبێژان کەبینە ناو خانووەکانەوە، دەبوایە ئەوە لەو یاسایە چار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیارەکە پەیوەندی بەوەوە نییە، پەیوەندی بەدەرماڵەی سوکناوە هەیەو تا ئێستا جۆرە دووفاقییەک هەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان کاک جەمیل وتی وشەی (فقط) زیاد بکرێ لە داڕشتنا دیاری بکرێت (١٥٠) یا ٥٪ لێ نەبڕێت، دووەم دەربارەی لێ بڕین (١٥٠) لەوانەیە بۆ خانوو پاش بێت، بەڵام بۆ شوقە بە زیادی ئەبینم پێشنیار دەکەم بۆ شقە (١٠٠) بێت بۆ خانوو (١٥٠) بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەکرەم عزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە ئاڵۆزیەکی تێدا هەیە دەرماڵەی سوکنا لەلایەکەوە ئەڵێت (بمثابة بدل ایجار) کە وتی (بمثابة بدل ایجار) واتا یەک کەرەتە دوو کەرت نییە، دووجار لێیان وەرناگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خوا یارمەتی ئەو کەسە بدات کە ئەم بڕیارە جێبەجێ ئەکات، جارەکەی تریش نزیکەی سەعاتێک زیاتر گفتوگۆمان لەسەر ئەم بابەتە کرد، ئێستا هەمان گفتوگۆ دووبارە ئەبێتەوە، مانای ئەوەیە کە دەبێ ئەم بڕیارە چارەیەکی باشتری بۆ بکرێت و، دەقەکەی ڕۆشنتر بێ.

**بەڕێز فـــــرەنـســـۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

مەبەستی زۆر روونە، جا نازانم یاسا زانەكان چاكیان دانەرشتووە یان نا، زۆر ئاسانە، دیارە زانكۆ (١٥٠) دینار لەجیاتی خانوی زانكۆ بۆ مامۆستاكان سەرف دەكات كە لەناو خانوونین، ئێستا داوامان لێ ئەكەن كە چوونە ناو خانوو ئەو پارەیان بۆ سەرف بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

كاتی خۆی ئەم پرۆژەیە هاتە ناو پەرلەمان هۆیەكی سەرەكی هەبوو، لە ١٪ی مووچەی مامۆستای زانكۆ دەبڕا، بەلام پاش ئەوەی وەزارەتی دارایی هەرێمی كوردستان هەموارێكی كرد لە كابینەی یەكەم لە١٪ـەوە بوو بە ٥٪ ئەو پرۆژەیە لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوە هات كە ئەو لە ٥٪ە لەغو بكرێت، بەلام ئەوە هەمواركرا ئەوەیە هەر مامۆستایەك ئەگەر لەشقەو لە خانووی حكوومی بێت كە سەر بە زانكۆیە، ئەوە (١٥٠) دینار دەرماڵەی سوكنای وەرناگرێت ئەگەر لەخانوودا نەبێت (١٥٠) دینار دەرماڵەی سوكنای بۆ سەرف دەكرێت لەباتی ئەوەی كە چو بێتە ناو خانوویەكی حكومەتییەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

باشە، بۆ لە یاساكەدا ئاماژەتان بەمە نەداوە؟!.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

خۆی لەگەڵ بڕیارەكە كە لەبنەڕەتەوە هاتووە، لە ١٪ی تێدایە (لغیر الشاغلین) واتە ئەوەی لەخانووە لەخانووەكەدا بە لە ١٪ ی لێ دەبڕێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەو پێشنیارەی ئەنجوومەنی وەزیراندا ناوی (١٥٠) دیناری هێناوە بەچ مانایەك؟.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵێ هەر بەو مانایە هاتووە، واتا ئەوەی (١٥٠) دیناری وەرنەگرتووە لە ٥٪ی لە خانووەكەی لێبڕاوە، بەلام ئێستا ئێمە ئەو ٥٪شمان لەغو كرد، بۆ ئەوەی، ئەوەی لەناو خانووەكانە و ئەوەی لەدەرەوەی خانووەكان وەكو یەك بن، چونكە هەردووك هەر دەرماڵەی سوكنایە، ئەوانەی لەناو خانوون (١٥٠) دینارە كە وەرناگرن لە زانكۆ، ئەوانەی لەناو خانوو نەبن (١٥٠) دینارەكە وەردەگرن بەرامبەر بەوەی كەبچی لە دەرەوە خانوویەك بەكرێ بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە وابزانم بەو شێوەیە کەوا کاک فرەنسۆ روونی کردەوە خۆی زۆر روون و ئاشکرایە، بەلام خراپ داڕێژراوە ئەگەر خالی یەکەم بنووسرێت «لا تدفع مخصصات السكن البالغة ١٥٠ ديناراً لاعضاء الهيئة التدريسية» ئەو کاتە زۆر روون و ئاشکرا ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەوەی کە کاک ئەیاد و کاک سەید حەسەن روونیان کردەوە پەیوەندیان بەسەرۆکایەتی زانکۆوە کرد، بەشی ژمێریاری و کادیرەکانی تر، مەبەستیان ئەوەبوو تەنیا ئەو (١٥٠) دینار ناوی بێ. دوای ئەوەش لە پرۆژەکەدا ١٪ هاتبوو، بەلام لێرەی ئەوەی کاک د.کەمال دەڵێت (يستقطع مخصصات سكن) دەبوایە بنووسرێت (لايستقطع)، خۆی کە ئێمە دەڵێین (يستقطع) واتا لە یاسا ئەوانە ناگرێتەوە «لا يشغلها» کەواتە پێویست ناکات، واتا «بحذافيره» هەمووی لێرە زیکر بکرێت و بەبۆچوونی من بڕیارەکە زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە زۆر روون بوو ئێستا، بەلام لێرە دانیشتنەکە هەڵە بوو، من پێشنیاری داڕشتنێک دەکەم، چونکە لەراستیدا پێویستە ئەوانە عەفو بکرێن و، وەکو هاندانێک بۆ زانکۆو ئەوانەی (١٥٠) دیناریان دەدەرێتێ. جا صیغەکە بەو شێوەیە بێت «يعطى اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات وهيئة المعاهد الفنية أجور سكن في الدورالحكومية بهذه الحالة لاتصرف لهم مبلغ ١٥٠ ديناراً التي يصرف لغيرهم من غير الدور الحكومية» شتەکە وا زۆر روونە و جێبەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلیم عەلی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شێوازێکی کۆن هەیە، واتا ئەوە دەخوێنینەوە «بالنسبة لاعضاء الهيئة التدريسية للجامعات وهيئة المعاهد الفنية الذين يشغلون الدور والشقق الحكومية يكفي بحجب المخصصات السكن عنهم دون استقطاع اي مبلغ اخر غير ذلك» ئەوە دەقێکی کۆنە، سوپاس.

**بەڕێز د.حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من باشتر ئەوەیە لە پێشەوە لەوە جەخت بکەین کە هەموو دەستەی وانەبێژان مافی دەرماڵەی سوکنایان هەیە کە (١٥٠) دینارە. بڵێین «لا يمنع مخصصات السكن البالغة ١٥٠ دينار لاعضاء الهيئة التدريسية الشاغلين لتلك الدور» واتا لێرە ئەوەی روون نییە (١٥٠) دینارەکە لە مووچەکەی ببرێت، بەلام ئەبێت بڵێین (١٥٠) دیناری ئەدرێتێ لە پێشا بۆ دەرماڵەی

سوكنا بۆ ئەوانەی كەوا خانوویان وەرنەگرتووە، بەڵام نادرێتە ئەوانەی كە لەخانووەكاندان، ئەبێت جەخت بكەینە سەر ئەو (١٥٠) دنیارەی كە ئەیاندرێتێ ئێستا لە قانوونی پێشوو لە ١٪ لە مووچەكەیان ئەدرێتێ وەكو دەرماڵەی سوكنا، ئەوە ئەبێت دووبارە ببڕێ، جەخت لە سەر ئەم خاڵە نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز كانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێک دەكەم «يحرم اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات والمعاهد الفنية من مخصصات السكن البالغة ١٥٠ دينار عند اشغالهم الدور والشقق السكنية... الخ»، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن كانەبی خضر بلباس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەم دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەر سەرف دەكرێت كە لەخانووی حكومەتیدا نەبێت، ئەمە لێرە لە باتی مووچە نییە تا لەمووچەی ببڕدرێ بڵێین: (لا يصرف) دەبڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەكیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

پێشەكی بۆیە دەستم بەرز نەكردەوە ،چونكە هیچ تێبینییەكم نەبوو، بەڵام ئێستا بۆیە پێم داگرت، چونكە بەراستی نازانم ئەو هەموو شتە چییە ئەیهێننەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە؟ زۆر روونە هیچ گۆڕانی ناوێ، وشەكان رەنگە خۆی تێی نەگەین، وشەی (يستقطع) دانراوە بۆیە بەكاردێت يستقطع بۆ ئەوەی ببردرێت. لەكێ دەبرێت؟ لە ئەوانەی كە لەناو سوكناكاندان كە ئەڵێ (وعند ذلك) جا حەز دەكەم كە بەوە دابێننەوە زۆر باشیان داناوە (عند اشغالهم دور) یانی لە كاتی اشغال كردنی خانووەكەدا، (١٥٠) دینارەكەی كە بۆیان دانراوە وەک دەرماڵە ئەبڕێ، ئەو كاتە كە خانوو وەرناگرن و خانوویان نییە (١٥٠) دینارەكەیان ئەمێنێ، شتێكی زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

زۆربەی زۆری گفتوگۆكان لەسەر وشەی (استقطاع) هاتووە، هەندێک لەبرادەران پێشنیاری ئەوەیان كرد كە (لايستقطع) بێ پێشنیاری وشەی (يحجب) ئەكەم، چونكە پێمان نەداوە تاكو (استقطاعی) بكەین، (تحجب مخصصات سكن) لەجیاتی (يستقطع). «تحجب مخصصات السكن البالغة (١٥٠) ديناراً عن الهيئة التدريسية».

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ئەوەی راستی بێت ئەم یاسایە گرفتێكی تێدایە، تێگەیشتنەكەی ئاسان نییە، بەپێی ئەو دەرماڵەیەی كە دانراوە ئەو (١٥٠) دینارە هەموو كەس ناگرێتەوە، ئەو كەسانەی كە لە

خـانووەکـانی زانکۆ نین ( ١٥٠ ) دینار وەرئەگـرن ئەو کـەسـانەی لە خـانووی زانکۆن ( ١٥٠ ) دیناریان نەبووە، لەبەرئەوە ئەم یاسـایە پێویسـتـە جارێکی تر دابڕێژرێتـەوە بۆ ئەوەی ئەو ( ١٥٠ ) دینارە کـەبەمـەبەسـتی ئەنجـومـەنی وەزیران بووە بدرێتـە دەسـتـەی وانەبێـژان، ئەنجـا دوای ئەوە (استـقطاع) بکرێت وەکـو لەبری کـرێی خـانوو، واتا ببێـتـە کـرێیـەک کـە لێی ئەسـتێننەوە، ئەو کرێیەش بۆیە بەکاردێت چاکردنەوەیەک هەبێ بەو پارەیە ئەکرێت کە لە خۆی وەرئەگیرێتەوە، سێیەم ئەبێ ئەو لە «١٪ و ٥٪»ش لەم یاسایە لابدرێن، سوپاس.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من حەز دەکەم ئەسڵی پرۆژەکە بهێنن بیخەنە بەرچاوی برادەران ئەندامانی پەرلەمـان ئەمەیەک. دووەم ئەوەی بەڕێز سکرتێـری ئەنجـومـەن وتی (یحـجب) (من یحـجب)؟ راسـت نیـیـە، چونکە (حجب) ئەوەیە کە کابرایەک مافێکی هەبێت تۆ لێی (حجب) بکەی ئێمەش شتێکی تر بونیاد دەنێین، بۆیە بەراستی ئەم وشەیە نابێ بەکار بێ، سوپاس.

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــو تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەگـەڵ بۆچوونی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووریم، یاسـاکـە تـەنیـا چارەسـەری ( ١٥٠ ) دینـارەکـەی کردووە، چارەی (استقطاعی) تری نەکردووە نوختەیەکیش دابنێین، نوقتەکەش بۆ (فەقەت) ( ١٥٠ ) دنیارەکەیە بە (فقط)ەکەش چارە ناکرێت، ئەبێ باسی لێ برینەکانی تریش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز کـــەمـــاڵ ئیـــبـــراهیم فـــەرەج شـــاڵی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستاکە چوومە دەرەوە ویستم پەیوەندی بە د.خسرۆ و برادەرانی زانکۆ بکەین، کەسیان لەوێ نین لە کـۆلیـجی ئادابن، من وای بەباش دەزانم جـارێکی تر بەتێـروتەسـەلی شـتـەکـە لەگـەڵـیـاندا ببڕێنینەوە، وابزانم گەر سـەرۆکایەتی رازی بێ یا لیژنەی قـانوونی، یا لیژنەی دارایی و ئابووری داوا بکەن بۆ ئەوەی لەم کێشەیە رزگارمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

خۆی ئەگەر تێبینی ئەسڵی هەموو پرۆژەکە بکەین لەبڕگە دوو، دەقێکی تێدایە دەڵێ: ( لا یعمل بأی نص یتـعـارض واحکام هذا القـرار). واتا لێرەدا ئەگـەر هەر بڕیارێکی پێشوو هەبێت تەواو کاری پێ ناکرێت، کاتی خۆی (استقطاع ) هەبووە ٥٪ یا ١٪ ئەگەر خۆی تەمەشای بڕیارەکە بکەین «یسـتـقطع مخصـصـات السکن» لە ئەسـڵـدا دەرماڵـەیەک هەیە لە زانکۆکاندا پێی دەڵێن دەرماڵەی (سکن) کە ( ١٥٠ ) دینارە. دەدرێتـە مامۆسـتای زانکۆ (استـقطاع) دەکرێ «عـنـد

اشغالهم دور وشقق السكن الحكومية ويعتبر ذلك بمثابة بدل ايجار لها » لێرەدا من پێم وایە بڕیارەکە زۆر روونە، پێویست بە هیچ شی کردنەوەیەک ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لە ئەسڵی مووچەدا ئەو (١٥٠) دینارە هەیە، بۆیە دەبڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی راستی بێت لەگەڵ ئەو روونکردنەوەی کاک ئەیاد دا نیم، چونکە راستە دەقێکی یاسایی وەک ئەو گوتی هەیە.. بەڵام گرفتە سەرەکییەکە لەوەدایە دوو جۆر مامۆستا سوودیان لە خانووەکان کردووە، یەکێکیان کە یەکسەر وەری گرتووە، هیچ جۆرە دەرماڵەیەکی سوکنای نەبووە، ئێستا ئەو ٥ ٪ی لێ دەبرێت، جۆرێکی تریان هەیە لە پێشا خانووی نەبووە لە خانوویەکی تری بەکرێ ژیاوە لەبەر ئەوە (١٥٠) دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئێستا کە گواستویەتییەوە بۆ ناو خانووێکی زانکۆ (١٥٠) دینارەکەی وەکو کرێ بەپێی ئەم دەقە یاساییە لە جیاتی کرێی لێ دەبڕدرێت، بەڵام برادەرەکەی ناچارە ٥ ٪ بدات ئەو جیاوازییە دروست بووە لە نێوان دوو جۆرە مامۆستا کەبەپێی قۆناغی زەمەنی سوودیان لە دەرماڵەکە و رێژەکە کردووە، لە بەرئەوە ئەبێت لەیاساکەدا هەموو جۆرە استقطاعەکانی لەغو بکرێن یا ئەڵێی لەسەر ئەوەندە دەسێندرێت و ئەویش کەچووە خانووی زانکۆوە ئەوە لە بڕی کرێکەی ئەبێت. بەڵام هەر ئەبێت وەکو رفیقەکەی بێت، نابێت دوو جۆر لێ برین بکرێت لەمووچەی مامۆستای هەمان زانکۆدا، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە پێویست بوو لیژنەی یاسا، یاخود سەرۆکایەتی پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی پەیوەست بکردبا بۆ ئەوەی مرۆڤ فکرەیەکی هەبوایە لەسەر پێشنیارەکە، وەکو من لەبیرم بێت باسی رێژەکەی کردووە، واتە تیشک خراوەتە سەر رێژەکە، ئەنجا ئەوە ئەگەر پێشنیاری کاک دارۆ وەربگیرێت هیچ زەرەری تیادا نییە، ئەتوانین بیخەینە بەیانی بۆ بڕیار لەسەردانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئەوە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، لێرە مادده «٣» ئەڵێت: «يستوفى شهرياً بنسبة ٢٪ من رواتب اساتذة الجامعات الذين يشغلون الدور الحكومية والوحدات السكنية شريطة ان لا يكون الاستاذ يمتلك هو او زوجته دارا سكنية ووحدة سكنية في المحافظة المتواجدة فيها الجامعة التي يعمل بها » وابزانم دەقەکە روونە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەمن پرسیارم کرد ئایا پێشنیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران (١٥٠) دینار هاتووە؟ هەندێ برادەران وتیان، کەچی تیا نییە، هەر باسی ڕێژەکە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وابزانم دەقەکە زۆر و ئاشکرایە ئەو ڕێژەیەی کە هاتووە لە مامۆستایان دەگێرنەوە، وەکو بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ وانییە هەموو بەیەکسانی دەگێردرێتەوە و پارەیان نادەنێ (١٥٠) دینارەکەش ڕێژەێکیان لێ دەگێرنەوە، بەڵام دەپرسین لەپەیمانگەکان لەزانکۆ ئەو ٥٪ یا ٣٪ چۆن دەبڕن؟ تا ئیستا بڕیارێکیان نییەکە ئیمە بە بڕیارەکە هەڵی وەشێنینەوە، هەتا بەدکتۆر خسرەومان وت ئەو ڕێژەیە بەچی دەبڕن؟ تا ئێستا یاسایەک نییە، ئەوجا ئیمە کە شتێک بڕیاری لەسەر نەدرابێ، یاسا نەبێ پاڵ بەچی بدەین؟ ئێمە وتوومانە زۆر روونە مامۆستای زانکۆ ئەوەی خانووی نییە (١٥٠) دینار دەرماڵەی بۆ سەرف دەکرێت، ئەگەر خانووی درابێ بۆی سەرف ناکرێت (و یعتبر بمثابە بدل ایجارە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ڕیژەیەی جەنابت باست کرد، هەروا بەکراوەیی بیهێڵینەوە، یان چارەیەکی بۆ دابنێین؟

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام لێرە ناومان هێنا هیچ دەقێک ئیشی پێ ناکرێت (یتعارض مع هذا النص) ئیتر ئەو دەقە پڕ بەپێستیەتی و ئەوانی تر هەموو هەڵبوەشێنەوە، لە هەموو مامۆستایانی پەیمانگە و زانکۆمان پرسی دەقێکیان بۆ نەدۆزینەوە کە ئەو ڕێژەیەی پێ دەبڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی من بزانم دەرماڵەی سوکنا زیاد لە (١٥-٢٠) ساڵە ئەدرێت بە مامۆستایانی زانکۆ لەو ساڵانەی دواییدا زیاد کرا بوو بە (١٥٠) دینار، بەڵام بڕیارێک دەرچوو لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە کە ئەو مامۆستایانەی لە خانووی حکومەت دان ڕێژەیەک لەمووچەکەیان ببڕێت، ٢٪ چەندە؟ نازانم ئینجا جاری وا هەبوو کە حیسابی ڕێژەکەیان دەکرد لە (١٥٠) دینارەکە تێی دەپەڕاند (٤٠-٥٠) دیناری تریشیان لە مووچەکەی ئەبڕی، ئنجا بەرای من ئەو ڕێژەیە لە بەردەمماندایە، زۆر روون نییە ئەگەر دوای بخەین بۆ سبەینێ یا پێویست بوو بچووبایە لای لیژنەی خوێندنی باڵاش، ئێمە نەمانتوانی پەیوەندی بە لایەنەکانی ترەوە بکەین، بەرای من کە بوار

هەبێت ئەمڕۆکە بگەڕێینەوە لیژنەی خوێندنی باڵا لەگەڵ کۆمیتەی دارایی و لەگەڵ یاساشدا دابنیشین بۆ ئەوەی کەشتێکی بۆ دابنێین، چونکە ئەو ڕێژەیە لێرە چار نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی بەڕێزد کاک نەژاد فەرمووی ڕێژەکە کە لەبنەڕەتدا ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردبوو کە لە ٢٪ بێت کە لە ئەسڵدا لە ٥٪ بووە، ئەوەی کە کاک سید حسن ڕوونی کردەوە نەیاتوانی برگەیەکمان بدەنێ، دوا شت وتیان وەزارەتی درایی بریوبەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کرد کە ئەو لە ٥٪ بکرێت بە لە ٢٪ پێشناریکی لیژنەی دارایی هەیە دەڵێ هەر پێویستی بەو ڕێژەیە نییە، هەر بەتەنیا (١٥٠) دینارەکە بەسە، لەبەرئەوەی وەزیری دارایی دەڵێت باسی ئەو ڕێژەیە بکەین با ئەو رستەیە زیاد بکەین ئەوەی (١٥٠) دینارەکە «يستقطع منهم مخصصات سكن بالنسبة للذين يستغلون دور سكنية دون استقطاع اي نسبة اخرى من رواتبهم» مانای ئەوەیە ئەو ڕێژەیە نامێنێ چیان لێ نابڕێت تەنها (١٥٠) دینارەکە و ڕوون دەبێتەوە بەرای من گرفتەکە نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ببورن کاغەزەکەی ئەنجوومەنی وزیران ئەڵێت (بغية رفع الحالة المعاشية و لأساتذة ومدرسي الجامعة والمعاهد في الاقليم نقترح تخفيض نسبة استيفاء بدل ايجار الدور الحكومية التي يشغلونها ونقدم اليكم مشروع قانون المعاد لهذا الغرض يرجى عرضه على المجلس الوطني بغية اقراره) ئەنجا لێرەدا مادە بە مادە ئەوەی کاک جوهر خوێندیەوە لەپاشانا (تسجيل المبالغ) (١٥٠) دیناری هەر تیانییە، ئەم (١٥٠) دیارە بۆی هەیە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاساش لەنێوان خۆیان ئەوەیان کردبێ، بەڵام لە پێشنیارەکە دانییە، لەبەر ئەوە من وابزانم شتێکی باش ئەبێت ئەگەر پاش ئەم گفتوگۆیە، داوا ئەکەم لە لیژنەی یاسا کە زۆر پێ دانەگرن، ئەگەر دوای بخەین بۆ سبەینێ باشتر ئەبێت، ئەگەر کاک جوهریش ڕازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو عەرزم کردن خۆی لە بنەڕەتەوە کە لێ برینەکە لە ٥٪ بوو ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کرد ئەو لە ٥٪ە بکرێتە لە ٢٪ لەسەر ئەو بنەڕەتەی «رفع الغبن»ە، لیژنەی دارایی وئابووری دەڵێن هەر پێویست نییە، ئێمە با یارمەتی مامۆستایەکان بدەین، هیچ ڕێژەیەک لەمووچەکانیان نەبڕێت، تەنیا دەرماڵەی سوکنەیان نەدەینێ، جا بۆیە لە بابەتەکە ئەو (١٥٠) دینارە هات، چونکە دەرماڵەی سوکنە دیاری کراوە بە (١٥٠) دینار، ئەگەر ئێمە وازبێنین بەدەرماڵەی سکنەکە (١٥٠) دینارە، دارایی ڕای وایە کە هیچ شتێک لە مووچەیان نەبڕێت دەنا وەزارەتی دارایی لە

٥ ٪ی سەپاندووە ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢ ٪ داناوە، لیژنەی ئابووری دەڵێن نەخێر هیچ نەبێت واتە لە ٢ ٪ش نەبێت، تەنها دەرماڵەی سوکنەیان نەدرێتێ ئەو لە ٢ ٪وەش زیادەیە لەسەر دەرماڵەی سوکنا، وانییە کە ئەنجوومەنی وەزیران دیەوێت لە ٢ ٪وەکەیان لێ ببرێت مانای ئەوە نییە کە ( ١٥٠ ) دینارکەشیان لێ نابرێت، ( ١٥٠ ) دینارەکەیان هەر لێ دەبردرێت، بەڵام ئەو لە ٢ ٪ وە زیادە، ئێمە دەمانەوێ هیچ نەبێت تەنها ( ١٥٠ ) دنیارەکەیان نەدرێتێ ئەوەیە بابەتەکە سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتەکە بەدوو خەت روون بۆوە، ئەوانەی کە لەدەرەوەی خانووەکانی زانکۆن ( ١٥٠ ) دیناریان دەدرێتێ، ئەوانەی لەناوخانووەکانیشن رێژەیەک لەمووچەکانیان دەبردرێتە ئەویش لە (٥ ٪)ە، بەڵام من پێشنیار دەکەم هەر وەکو کاکەرەشیش باسی کرد، لیژنەی ئابووری کە داوای کردووە لێیان نەبردرێ، لەراستیدا ئەوانەی لە خانووی حکومەتدان با عەفو بکرێن، هیچ رێژەیەکیان لێ وەرنەگیرێت، بۆ چاکردنەوەی باری ماددیان، چونکە پێویستیان بەوە هەیە، ئەوانەی تر کە لەدەرەوەن ( ١٥٠ ) دنیاریان دەدەنێ، با لێرەش بنووسن ( ١٥٠ ) دینار دەدرێتە ئەو کەسانەی کە لەخانووی حکومەتی دانین، ئەو پێشنیارەم کرد ناردیشمە لای جەنابت دەربارەی یەکەم عەفو کردنەو، دەربارەی دووەم ( ١٥٠ ) دنیارەکەیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە نازانم لیژنەی یاسایە یان لیژنەی داراییە شتەکەی نەکردووە، یانی ئامانجەکەی نەپێکاوە، ( ١٥٠ ) دینارەکەی تحصیل حاصلە ئەگەر لە ناوخانوو نەبێت دەیدرێتێ، ئەگەر لەناو خانووی حکومەتی بێ، نایدرێتێ چونکە بە یاسا تحصیل حاصلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا وایە، ئەوەی بچێتە ناو خانووی دانیشتگاوە ئەو ( ١٥٠ ) دنیارەیان لێ دەبرن.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رێژەکە چار نەکراوە، خۆی ئەبێت لیژنە تیشک بخاتە سەر رێژەکەی کە دەبردرێت، ئەوی تر ( ١٥٠ ) دینارەکە (تحصیل حاصل) کراوە، ئەویش شتێکی زۆر رۆتینییە کە هاتە ناو خانوو لێی دەبرێت، جا قانوون هەبێت یا نەبێت واکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خراپ تێگەیشتنێکی ئێمە هەیە بۆ هۆکارە موجەبەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران لە هۆیە موجبەکەدا ئەڵێن: بۆ سوککردنی باری ژیان و چاک کردنەوەی ئابووری مامۆستایان

بڕیارماندا. دیاره لەوەختی خۆی جگە لەو (١٥٠) دیناره لە ٥٪ یشیان بڕیوه، ئێستا ئەوان پێشنیار ئەکەن هەروەکو جەنابت فەرمووت (١٥٠) دینارەکە (تحصیل حاصل) بکرێ بە لە ٢٪ لەجیاتی لە ٥٪ ئەوە هۆی موجەبەکەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة:

بالنظر لتحديد مخصصات سكن مقطوعة جديدة لأساتذة جامعات اقليم كردستان وبما ان هناك اساتذة يشغلون دورا (حكوميا) او (دورا) سكنية وبهدف تخفيف العبء المالي عن استيفاء بدلات الايجار تقرر ان تكون نسبة الاستقطاع ٢٪ (اثنان بالمائة) وهي نسبة ضئيلة تهدف الى دعم اساتذة الجامعة لدورهم المميز في عملهم.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من بیزانم ئەو لە ٥٪ یان لە ٢٪ ی کە لەبرادەران ئەیبڕن ئەوانەی کە لەناو خانووەکاندان ئەوە ئەگرێتەوە، وەبۆ مەسرەفی ئەو خانووانە چونکە پەزێرایی وچاک کردنەوەیان دەوێت، جا زانکۆ بیکات یان حکوومەت، باشە ئەومامۆستایەی کەلەوێ دادەنیشێت ڕێژەیەک بدات هەر نەبێ بۆ چاکردنەوەی پێویستیەکی ئەم خانووە؟ (١٥٠) دینارەکە دەرماڵەی سوکنەیە ڕێژەکە خۆی ئاوایە ئەگەڕێتەوە بۆ بودجەی زانکۆ، بەپێی قانوون ئەبێت ڕێژەیەک ببڕێ بۆ پەزێرایی خانووەکان لەبودجەدا حسابێکی تایبەتییە، سوپاس.

**بەڕێز دارو شێخ نوری/ وزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆیەکان وا ڕۆیشتن لەسەر ڕووداوەکان خەریکە هەمووی ون ئەبێت، دەرماڵەی (١٥٠) دنیار نەدراوە بە هەموو مامۆستایەک، تەنیا بەوانە دراوە کە لە دەرەوەی خانووەکانی زانکۆ بوون، ئەوانەی کە لە دەرەوە نەبوون، لە ناو خانووەکانی زانکۆ بوون پێشتر لە ٥٪ یان لە مووچەکانیان بڕیوە، بەڵام هاوڕێکانیان لە دەرەوە بوون (١٥٠) دیناریان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی یارمەتی بێت بۆ کرێی خانووەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دارۆ وانییە، ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەگەر وابێت گرفتمان نییە، ئەڵێین هەر مامۆستایەک دابمەزرێت کە خۆی خانووی نەبێت یا خێزانەکەی، (١٥٠) دینار دەرماڵەی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتە ناو خانوویەکی حکومەتی کە پرسیارەکە لێرەیە، (١٥٠) دنیارەکەی لێ ئەبڕن، یا (١٥٠) دینارە کە بەتەنها یا ٥٪ کەی کۆن، ئێستاکە ئەنجومەنی وزیران داوا ئەکەن بکرێتە لە ٢٪ جا بەراستی بابەتەکە بەو شێوەیە ئەو (١٥٠) دینارە کەیەکێک دابمەزرێنین بە مامۆستای دانیشتگا

بەپێی یاسایێک هەیە کە (١٥٠) دینار دەرماڵەی سوکنەی پێ ئەدەن، ئەگەر ئەو مەرجەی تێدا بێت، مەرجەکەش تەنها یەک مەرجە، ئەویش ئەوەیە کە خۆی وژنەکەی خانوویان نەبێت لەو پارێزگایەدا کە کاری تێدا دەکەن، واتا یەکێک لەوانە ئەگەر هاتو خانوێکی دانیشتگای وەرگرت، ئایا (١٥٠) دینارەکەی لێ ئەبڕن یا (١٥٠) دینارەکە هەر بەردەوام ئەبێت و هەر تەنها ٥٪ لێ ئەبڕن؟ کە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران داوا ئەکات بیکەن بە لە ٢٪، پرسیارەکە ئەوەیە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جارێکی تر پێشنیارەکەم دووبارە ئەکەمەوە، ئەو مەسەلەیە ڕۆژێک یا دوو ڕۆژ دوابخرێ هیچ زەرەرێک ناگەینێ و حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەکیش دەربارەی لە ٥٪ و لە ٢٪ کە بەپێی یاسایەک کە پێشتر کاری پێ کراوە، هەر فەرمانبەرێکی حکومەتی کە خانووی حکومەتی وەرئەگرێت لە ٢٪ مووچەکەی لێ ئەبڕێت، بۆ مامۆستایانی زانکۆ خۆی بەبڕیارێکی تایبەت کراوە بە لە ٥٪ بۆ ئەوەی یارمەتیان بدرێت، ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە ئەو لە ٥٪ش کەم بکرێتەوە بۆ لە ٢٪، ئەمە لایەنەکەی تریەتی، هەندێک زانیاری پەیدا بکەین باشترین چارەیە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەرانی لیژنەی یاسا قسەی خۆیان کرد، بەرپرسی لیژنەکان بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن وا دیارە لایەنگیری ئێمە ناکات، لەڕاستیدا ماوەیەکی زۆرە ئێمە ئەوەمان پێشکەش کردووە نازانم بۆ تا ئێستا لەسەرۆکایەتی ماوەتەوە؟ شتەکانی کە کردوومانە بێگومان لەسەر بناغەیەکە ڕوونکردنەوەی برادەران کەدایان زۆر ئاشکرایە، منیش لەگەڵ ڕایەکەی شێخ دارۆم کە دوای بخەین، هەرچەندە من بێگومانم کە لەسەر بناغەیەک هاتووە و بابەت ئەوە نییە وەکو جێگری سەرۆک لە ئەنجوومەن وتی وئەنجوومەنی وەزیران ئەیەوێت یارمەتی مامۆستایان بدات، بەپێچەوانەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین و زۆر لە برادەرانی ناو پەرلەمانیش ئەوەیان باس کردووە کە مامۆستایان پێویستیان بەوەیە کە بۆ نموونە یارمەتی بدرێن، لەوانەیە ئەمڕۆ ئێمە لەناو فراکسیۆنیشدا باسمان کردووە کە مامۆستایانی زانکۆ پێویستیان بە یارمەتیدان هەیەو جێی خۆیەتی یارمەتی بدرێن . زۆریش سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم من هەر ئەوەندەم خوێندەوە کە ئەنجومەنی وەزیران باسی ڕێژەکەی کردووە کە ئەم ئاڵۆزیەی تیا بووە، ئەگەر برادەرانی یاسا زۆر پێ دانەگرن، پێشنیارێکم هەیە بۆ دواخستنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە هەڵی ئەگرین بۆ دانیشتنی داهاتوو، لیژنەی خوێندنی باڵا ولیژنەی دارایی بە هاوکاری لیژنەی یاسا پەیوەندیەک بکەن وبۆ سبەی یان سێ شەممە شتێکمان بۆ ئامادە بکەن بۆ دانیشتنی

ئایینده‌ی په‌رله‌مان، ئه‌گه‌ر ئه‌م روونکردنه‌وه‌یه ئه‌م بریاره چاره‌سه‌ر ئه‌کات ده‌راستنێندرێ، ئه‌گه‌ر نا حه‌زده‌که‌ن با هه‌موارکردنه‌که‌ش ئاماده بکه‌ن به‌پێی ئه‌و روونکردنه‌وه‌ی که به ئێمه‌یان داوه، سوپاسیان ئه‌که‌ین وئه‌مه دواده‌خه‌ین.

**به‌رێز عه‌دنان محه‌مه‌د نه‌قشبه‌ندی:**

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن.**

گرفتی ئێمه ئه‌وه‌یه لیژنه‌کانی تریان لێره نین یان سه‌فه‌ریان کردووه، جا ئه‌گه‌ر به‌یانی لیژنه‌ی بالا بێت یا لیژنه‌ی دارایی له‌گه‌ڵمان دابنیشن بۆ ئه‌وه‌ی شته‌که به‌ته‌واویی بێت، چونکه سێ لیژنه دانه‌نیشێ له‌وانه‌یه ناو په‌رله‌مانیش چۆڵ بێت، سوپاس.

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن:**

خاڵی یه‌ک دواده‌خه‌ین بۆ دانیشتنی ئایینده، دێینه سه‌ر خاڵی دووه‌م

**به‌رێز جه‌میل عه‌بدی سندی:**

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن.**

به‌ناوی لیژنه‌ی دارایی به‌خێرهاتنی وه‌زیری دارایی ده‌که‌م و به‌شی پێنجه‌م ده‌خوێنمه‌وه:

**به‌رێز د.که‌مال عه‌بدولکه‌ریم محه‌مه‌د فوئاد:**

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن.**

وه‌کو ئێستا بیستم ئه‌ڵێن هه‌موو په‌ره‌یه‌ک دێر به‌دێر ئه‌خوێنمه‌وه قسه‌ی له‌سه‌ر ئه‌کرێ وابزانم وه‌ختێکی زۆرمان لێ ئه‌کوژێ په‌ره به‌په‌ره هه‌ڵی بده‌ینه‌وه، هه‌ر که‌سێک شتێکی هه‌بوو له‌سه‌ر ئه‌و په‌ره‌یه بیکات، به‌سه‌ری دا تێده‌په‌رین وئه‌و وه‌خته به‌یه‌که‌وه ده‌نگی له‌سه‌ر ده‌ده‌ین و مه‌سه‌له‌که ئه‌برێته‌وه، چونکه به ساڵێکی تریش لێی نابینه‌وه ئه‌گه‌ر به‌و شێوه‌یه برۆین، سوپاس.

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن:**

به‌یه‌ک دوو دانیشتنی تر ته‌واو ئه‌بێت، به‌داخه‌وه ئه‌ندامان نسخه‌کانیان له‌به‌رده‌ستدا نییه، داوامان له وه‌زاره‌تی دارایی کرد که بۆمان چاپ بکه‌ن، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یان ناردووه وابزانم ئه‌وه‌ش ماده‌یه‌کی یاساییه له دانیشتنی رابووردوودا گفتوگۆمان له‌سه‌ر کرد، ئێمه هه‌موو قانوونێک و هه‌موو خشته‌یه‌کیش ئه‌خوێنینه‌وه، به‌ڵام گرفتی ئه‌و خشته‌یه ئه‌وه‌یه که تۆزێک لاپه‌ره‌کانی زۆره.

**به‌رێز د.که‌مال عه‌بدولکه‌ریم محه‌مه‌د فوئاد:**

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن.**

ئینجا ئه‌وه له‌به‌رده‌می براده‌ران هه‌یه، گه‌ر تێبینیان هه‌یه بیڵێن وببرێته‌وه. به‌راستی ئه‌مه زۆر درێژه ئه‌کێشێ. سوپاس.

**به‌رێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌ن:**

جارێ لای هه‌مووان نییه، دوای ئه‌وه ئه‌مه ئیشی ئێمه‌یه‌و، ئه‌بێت بیخوێنینه‌وه و جێگیر بکرێ، رێک که‌وتین که به‌م شێوه‌یه له‌سه‌ری به‌رده‌وام بین.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەردەوام بە لەسەر خوێندنەوەی:

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەشی پێنجەم کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ نییە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕایی بەشی پێنجەم وەکو خۆی مایەوەو دەچینە سەر بەشی شەش.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەشی شەشەمی خوێندەوە تاکو تێبینی. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، بەڵام لە (١٢-١٣) لە ٣٪ ی داناوە، بەرامبەر بە ١٢٪ ،کردوومانە بە لە ٥٪ ئیتر ڕێژەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە..

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوە بەشی شەشەم تەواو بوو کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ نییە؟ کێ لەگەڵە ئەم بەشە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز یەحـــیـــا مـــحـــەمـــەد عـــەبدولکەریم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەم لاپەڕەیە سەرجەم کراوەتەوە ٥٪ بە ١٠٪ پەڕی یەکەم بەشی حەوتەم وەکو پێشنیارێکی لیژنەی ئابووری بەڕێکەوتن لەگەڵیاندا ٥٪ بە١٠٪، جا ڕێژەکە ناخوێنمەوە.. بەشی حەوتەم دەخوێنمەوە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەش حەوت تەواو بوو کێ تێبینی هەیە لەسەر؟ کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنـســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕەخنەم لە کاکە شێخ دارۆ هەیە غەدری لە ئێمە کردووە ڕانکوچۆخەڵی عەفوکردیە لە گومرگ، گومرگی لەسەرجامانە داناوە، چونکە ئێمە دەیبەستین ئەوان نایبەستن، حەق وابوو ئەویش عەفو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەوە تێبینییەکەی کاک فرەنسۆ .. چ تێبینی تر نییە؟..کێ لەگەڵ ئەوەیە بەشی حەوتەم وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەشی حەوت بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا بابەتی هەشتەم دەخوێنمەوە ئەویش دەربارەی عەفوم بکەن «پێڵاوە» لەلاپەرە ١ تاکو ٣ بۆ ناو هەرێم ٥٪ بۆ دەرەوە لە ١٠٪یە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەشی هەشت تەواو بوو، ئایا تێبینی هەیە؟ با ناوەکان بنووسین.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

قسەیەکم هەیە ئەگەر بفەرموون تێبینی بکرێت ئەویش ئەوەیە بەراستی بەژماردنی حاشا لە رووتان کەلاش و پێڵاو وقۆندەرە ، رەنگە ئەوە لە دنیادا لەپەرلەمانی تردا نەبێت، باشە ئەگەر بڵێین پێڵاو هەمـوو جۆرەکانی ئەوەندەی لەسەر وەردەگیرێ، باشتر نییە کە ئەم هەمـوو شتە بەدوای یەکدا ریز بکەین؟ یانی هەرشتە بیگرین مولحەقاتیشی بگرین، بۆ نموونە ئێمە ئێستا دەڵێین گەنم و ساوار ملحەقاتەکانی ئەوانە لەسەدا چەندە؟ بارێژەکانی لەسەر دابنرێ بەراستی ناگەینە ئەنجام، ئەگەر ئێمە هەمـوو شتەکان یانی جوانیش نییە تۆ ئێستا برادەرانی بەڕێز پێڵاویان حساب کرد سەیری دەکەی دەیان جۆر پێڵاویان نیشان کردووە بابڵێین هەر جۆرە پێلاوێ رێژەکەی ئەوەندە بێ، جلی ئافرەتان ئەوەی پێداویستییەکانی داوو دەرمانی ئافرەتان رێژەکەی ئەوەندە بێ، بەمە لەم گرفتە دوورو درێژە رزگارمان دەبێ، ئەگەر بفەرموون تێبینی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــــمـــەد ســـالار عـــــەبدولواحـــــید:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هێندی کەرەستە هەیە وەکو هاندانی بڵێین یاری و وەرزش ، یا هونەرە جوانەکان، بۆ نموونە کاڵەو پێتـاوی یا کـەلوپەلی تەواوکـەری وەرزشـەوان، یاهی هونەرە جـوانەکـان وەکـو بۆیە و فـڵـچـە و رەنگەکـان، ئەگـەر بێتـو چاوپۆشی لێ بکرێ ببـەخشـرێ ئەتوانرێ وەکـو هاندەرێک بێ بۆ ئەوە، چونکە ئێستا دەزانن کـەرستەی وەرزش یا لایەنەکانی تر گـەلێک گرانە، ناتوانرێ دابین بکرێ، ئەگەر بیان بەخشن ئەوە کارێکی رەوایە. سوپاس.

**بەڕێز شـێخ جـەعـفـەر عـەلی عـەبدولعـەزیز:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەسەر ژمارە (٢) بۆ نووسراوە پێڵاوی ژنانەی نەخشین!، (نەخشین) ناوی ئافرەتە، پێشنیار دەکەم ئەم وشەیە لاببرێ بڵێین نەخشێنراو، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـید ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**
**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینییەکی گشتیم هەیە لەسەر ئەو بابەتانە کە ناویان هاتووە وەکو دەڵێ پێڵاوی فەرەنسی و

پێلاوی ژنانەی بیانی، پێویستە ئەم جۆرە کالایانە هەتا بتوانین گومرگیان لەسەر زۆر بێ، ئەوانی کە میللەت بەکاری دێنێ کالەیەکی پەڕۆیە، پێلاوی لاستیکە، ئەوانە ئەگەر ببەخشرێن ئەگەر هەر نەبێ ڕێژەکانیان لەسەر کەم کەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من بەنووسینیش پێش ئەوەی کاک ئەحمەد قسە بکات بۆ کاک دارۆم نووسیبو، منیش پێشنیار دەکەم شتومەکی وەرزشی ببەخشرێن لە گومرگ بۆ هاندانی وەرزش لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەراستیدا ئەو براو خوشکە بەڕێزانەی کە لەو هۆڵەدا، دانیشتوون هەندێک پێیان ناخۆشە بەو درێژییە بێ لیستی ئێمە دروست کراوە ئەوە فلس، فلس و عانە عانە ئەو وڵاتە بەوانە دەژی، دوور نییە تا ساڵی داهاتوو (٤) هەزار مادەی تر بخرێتە سەر ئەم لیستەیە ئەوە ئیشەکەی ئێمەیە دەسەڵات نییە، لەبەرئەوە داوای لێبووردن دەکەین ناتوانین بڵێین هەرچی پێڵاو هەیە برۆ بەو شێوەیە وەربیگرە ئەوە لە داهات کەم دەکاتەوە و کار ئەکەوێتە دەست ئەو فەرمانبەرەی ئیشەکە دەکات، بۆیە ناچارین یەک یەک بچینە سەر مەسەلەکە، پێشنیاری کاک فرەنسۆ بەراستی پشتگیری دەکەم وە بەنووسینیش بۆم نووسی و کەپرسیاری ئاراستەی من کرد بۆ کەرەسەی وەرزشی و هاتنی بۆ ناو هەرێم لەباج ببەخشرێ و چوونە دەرەوەی زیاتر بکرێ لاریم نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەی ئەو بڕگانەی کە پەیوەندیان بەوەرزشەوە هەیە؟.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پرسیم وتم بەنیسبەت ئەو ماددانەی کە زۆر بە (کمالیات) حسێب دەکرێن وەکو پووتی فرەنسی، پێلاوی ئینگلیزی پێویستە گەر سەدا سەدی لێ وەرگیرێ هەر کەمە، چونکە کەسانێکی کەم و دیاری ئەم میللەتە بەکاری دێنێ لەکاتێکدا کە نانێک لای ئێمە حسابی بۆ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شـــــــێخ نـوری/وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من پێم وایە ئەو بەڕێزەی کە پرسیارەکەی ئاراستە کردووین، چاو بەلیستەکەدا بزانێ بخشێنێتەوە چەند جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کەرستانەی خۆجێین کە خەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە بزانە چەندەو، ئەو شتەی کە لە دەرەوەی وڵات دێ بزانە چەندی لێ سەنراوە؟ ئەو بەراوردە ئەگەر وابکەین

ئەوکاتە ئەو پێڵاوەی تر بەرەو گرانی دەڕوا، چونکە هیچی تر کەس ناتوانێ بهێنێتەوە ناو هەرێمەوە، نرخی شتەکانی کەش گران دەبێ، خەڵکێک هەیە خاوەن پارەیە ئەیەوێ پێڵاوی باش لەپێ بکات، ئێمە بۆقەدەغەی بکەین؟ بەڵام بەپێی ئەو لیستەوە، ئەگەر سەیری بکەین جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لەنێوان ئەو شتەی کە نایلۆنە لەچەرمی دەستکرد دروست کراوە، ئەوە خەڵکی هەژار بەکاری دێنێ شتێکی ئەوتۆی نەخراوەتە سەر، بگرە رەمزییە، نیو دیناری خراوەتە سەر یا چارەگە دینارێک. کە ئێستا خۆتان دەزانن ئەو پارەیە بەهای نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانە لەبارەی وەرزشەوە دوان، ئایا چ برگەیەکی تایبەتی هەیەو چ پێشنیار دەکەن؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکە گشتییە، شتومەکی وەرزشی لەگومرگ ببەخشرێن ئەوانەی دێنە ناو کوردستانەوە، سوپاس.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەڕێزتان ئەنجومەن بریار بدات، ئێمە هەر برگەیەک کەشتێکی وەرزشی تێدا بێ بەرێژەیێکی کەم زیادی بکەین بۆ ئەوەی زیاتر لەناو وڵاتدا بێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای وەزارەتی دارایی لەمەڕ ئەم بابەتە بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بۆچوونێکی هەڵە هەیە لەناو ئەنجومەندا وا مەزەندە دەکرێ هەر مادەیەک لەو لیستانەدا ناوەکەی نەهاتبێ، مانای وایە عەفوە لە گومرگ، بەرای من عەفو پێویستە بە دەقێکی ئاشکرا بێت، هەر شتێک لەو لیستە نەهاتبێ ئەو کاتە خەملێنەر بە ئارەزووی خۆی گومرگی لەسەر دادەنێ، قیاسی دەکات لەگەڵ ماددەیەکی تردا مانای ئەوەیە ئەگەر بێتوو پۆتینی وەرزش ناوی نەهاتبێ لەلیستەی خەملێندرا وئەو کاتە لەگەڵ نرخی پێڵاو قیاسی دەکات و گومرگ دادەنێ، مانای وانییە ئەگەر لێرە شتێک نەهاتبێ لەگومرگ بەخشراوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی شتومەکی وەرزشی گەلێ جۆر کاڵەو پێڵاو هەنە، هەموو کاڵەیەک بۆ وەرزشە (١٧-١٨-١٩) لەگەڵ (٣١) نووسراوە بۆ فوت بۆڵ، ئەگەر جەنابتان بفەرموون دەتوانن رێژەکەی کەم بکەن یا چەندی بۆ دادەنێن، چونکە لە یاسادا بێ باشترە، وەکو بەڕێز کاک فەرسەت وتی ئەگەر تیا نەبێ لەوانەیە ئەو کاتە زیاد بنووسێ، ئەم چوار خاڵە تەنیا دەربارەی پێڵاوەو کاڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من کەرستەی وەرزشی سەربەخۆ نەبەخشرێ، چونکە زۆر شتی هاوبەش هەیە بۆ نموونە پێلاوی وەرزشی وەرزشەوانیش لەپێی دەکات و غەیری ئەویش لەپێی دەکا ، فانیلەی وەرزشی، وەرزشەوانیش لەبەری دەکا ، ئەوەی یاریش ناکا لەبەری دەکا ، ئەوە دەرگایەکی زۆر فراوان دەکرێتەوە لە بۆ بازرگانەکان بەناوی وەرزشەوە قازانجی زۆر بەدەست دەهێنن و دارایی حکومەتیش زەرەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەرستەی وەرزشی دیارن هەموو کالەیەک بۆ وەزرش نییە ، گەلێ جۆر فۆتبۆڵ هەیە ، گەلێ جۆر کالەی یاری ڤالی بۆڵ و باسکتبۆڵ و پێلاوی فوتبۆڵ، فانیلەی یاریەکان هەنە هەموو ژمارەیان بۆ داندراوە، من پێم وایە ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری حەز بکا ئەو شتانە نرخیان دابەزێنێ، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدواداچوونێکم هەیە، ڕێزم هەیە بۆ ڕایەکەی کاک شێخ دارۆ، ڕاستە وایە ، بەلام با وەزارەت خۆی ڕێنمایی دەربکا ، بۆ مەسەلەی وەرزش بەڕاستی من وام لا چاکە ئەو شتانەی گومرگیان لەسەر نییە دیاریان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خشتەیە بڕگە بەبڕگە ڕوونکراوەتەوە، ئەمە یاسایە ئەم خشتەیەش بەشێکە لەو یاسایە کە ئێمە ئێستا خەریکین تەواوی بکەین، لەبەرئەوە هەر ماددەیەک هەر بڕگەیەک لەم خشتەیەدا بڕگەیەکی یاساییە ئەبێ بڕیارێکی لەسەر بدەین، بەداخەوە زۆر لە برادەران وادەزانن ئەم خشتەیە پاشکۆیەو هیچ نییە، من جەخت دەکەمەوە ولەگەڵ برادەرانی یاساش باسمان کرد، ئێستاکە جیاوازی نییە لەگەت ماددەیەک و دووی یاساکەدا، لەبەر ئەوە تکایە ئەم بابەتە وا تەماشا نەکەن کە لاپەرەکانی زۆرەو باسی پێلاو دەکەن، باسی شەرواڵ دەکەن، باسی بیجامە دەکرێ، ئەمە سەرچاوەی دارایی ئێمەیە وەکو کاک دارۆ وتی، بەفلس کۆی دەکەینەوەو ئەم دامودەزگایەی پێ بەڕێوە دەبەین، لەبەر ئەوە دەبێ شەرم نەکرێ لەناوەکانی وپشومان درێژ بکەین، دەبی پەرلەمان بیخاتە پرۆتۆکۆلی خۆیەوەو، بڕیارێکی لەسەر بدات، واتا ڕەفزی بکات یا ڕەزامەندی لەسەر دەکا ، کەمی دەکا یا زیادی دەکات، تکا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم تۆزێک لەسەر ئەم خشتەیە ورد بن وەکو وتیشم، ئەگەر دوولاپەڕە بوایە هیچ گرفت نەدەبوو، بەلام گرفتەکە ئەوەیە کە زۆرە، ئیشی ئێمەش ئەوەیە.

**بەڕێز جـــــەلال جـــــوهـر عــــــەزیـز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

منیش پێم وایە ئاسانکاری بۆ جوولانەوەی وەرزشی بکرێ، بەلام بەرای من ئەو ئاسانکارییە زیاتر بۆ بازرگانەکانە لەوەی زیاتر بۆ وەرزش بێ، چونکە بازاڕ کۆنترۆلی لەسەر ناکرێ.

بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.

کلاشی پەڕۆیین، بەرهەمێکی نەتەواویەتی کوردیەو، لەناوچەکەدا لای هیچ گەلێکی تر نموونەی نییە، هەروەها پیشەیەکی دەسکردی خۆمالیشە کە دەبێ پشتیوانی لێ بکرێت و، پتر هان بدرێت و بنێردرێتە دەرەوەی کوردستان، نەک گومرگی گرانی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز شـەوکـەت حـاجی مـوشـیـر ئـەحـمـەد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من بەراستی پشتگیری تەواوی ئەو داخوازیانەی خوشکە فەوزیە دەکەم، حەقە بەڕێز وەزیری دارایی، لیژنەی ئابووری لەبارەی کلاشی پەڕۆینەوە کەوا لە ولاتی کورستاندا دروست دەکرێ و شتێکی زۆر دیاری کراوە وبەرهەمێکی نەتەوایەتی ئێمەیە، ئەویش چۆن رانکوچۆخەل عەفو کراوە حەقە ئەویش عفو بکرێت، چونکە کۆمەلە خەلکێکی هەژار لەسەری ئەژین، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

کەلاشی پەڕۆین (٢٧) برگەیە لەبەشی (٨) ،برگە (٢٧) ئەلێ کلاشی پەڕۆین رێژەکەی لە ٥٪ بۆ ناوەوەی هەرێم و بۆ دەرەوەی هەرێم لە ١٠٪ دینارە، نرخ (٦٠) دینارە بۆ ناوەوەی هەرێم وبۆ دەرەوەی هەرێم (١٢٠) دینارە، زۆر لە برادەران ئەندامانی پەرلەمان ئەلێن کەلاش عفو بکرێت وەکو رانکوچۆغەل رایەکیش هەیە دەلێ، باشتێکی سووک دابنێین، پێشنیارێکیش هەیە ئەلێ بۆ ناوەوەی هەرێم نیو دینارێک بێ وبۆ دەرەوە دینارێک بێ.

**بەڕێز دارۆ شـــــێخ نـوری/ وەزیـری دارایـی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

خۆتان ئەزانن ئەم جۆرە کلاشە هەم لە ناو کوردستانی عێراق بەرهەم دێ هەم لەشوێنی تر، باسی ئەوەمان نەکردووە، کە لە دەرەوەش دێت بەتایبەتی لەئێرانەوە ئەمە بۆیە گومرگی خراوەتە سەر، پێم وایە لەوێ وەک پیشەسازییەک ئەڕوا بەرێوە، مەسەلەکە ئەوە نییە فۆلکلۆرە، بەدیواردا هەلیواسی یا لەمۆزەخانە و شتی وا دابنرێت، هەزاران جووت دێ، بۆیە ئێمە گومرگمان خستۆتە سەری، ئەگەر پێتان باشە کەم بکرێتەوە، باشە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

یانی ئەوەی ناوەوە گومرگی لەسەر نییە، لە هەورامان لەمالەوە کەلاش دروست دەکەن؟.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەوە نییە.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ هەموو عەفو کردنێک دام بەمەرجێک بازاڕیش عەفو بکات، هەر شتێ ئەڵێی کە بکرێ بە دینارێک، بەڵام لە بازاڕیش بەو دینارە بماندەنێ. حەق وایە شتومەکی وەرزشی هەر بەخۆڕایی بدرێ بەوەرزشەوانان، بەڵام بەمەرجێک هەر بۆ وەرزش بێ، بۆ نموونە کەلاشی پەڕۆ لە هەورامان دروست بکەن بێت بدرێ بەوانەی خۆیان لە بازاڕیش بەگوێرەی ئەو نرخە لەسەرەی دانراوە لەسەری دابشکێنن، بەڵام ئەوان گرانتری دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی کەلاشی پەڕۆین تەنها وەک فۆلکلۆر مەبەستم هاندان بوو، کە نرخێکی رەمزی لەسەر دابندرێ کە لە دینارێ دوو دینار زیاتر تێپەڕ نەکات، ئەگەر وەزیری دارایی رازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جامانە لەدەرەوە دێت، زۆربەی لە ئێرانەوە دێت.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پاساوەی کە خوشکان و برایان هێنایانەوە هیچی وانییە، کلاشێک بە هەزار دینارە، ئی هەرە خراپی بە (٣٠٠) دینارە بابەت ئەوە نییە پیشەسازێکی خۆجێی بێ هێزە، بەڵکو پیشەسازییەکی بەهێزەو لەودیوی سنووریشە، ئێمە داهاتی سنوورو داهاتی خۆمان دەزانین دیناری ئێمە بەرامبەر بەئەو چەندە و هەزارانیش دێ هەر پیشەسازییەک لەوێ پەرەی سەندووە وبەهێزبووە و لێرەش یەکێکی زۆر دەوڵەمەند نەبێ کەلاش لەپێ ناکات هەتا ئەوە پێڵاوی چەرمەکەی وای نوسیووە نرخی ئەو کەلاشە لە نرخی پیلاوە چەرمەکە بەرزترە. بۆ کەلاشی وەرزش بەرای من هەر ئەو رێژەیە دابندرێت، چونکە رێژەکەی بابڵێین ٥ر١٪ یان ٢٪ زۆربەی خەڵک ئێستا هەمووی پێلاوی وەرزشی لەپێ دەکەن فانیلەو، تراکسوتی وەرزشی لەبەردەکەن، لە بازاردا وەکو برادەران باسیان کرد کاک رۆستەم مامۆستا جلال، هەندێ برادەری تر با خۆمان تووشی ئەو گرفتانە نەکەین، بەڵام با لیستەی کلاشەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بۆ ناو هەرێم گومرگ لە کوێ وەردەگرن؟ لەسەر سنوور وەریدەگرن، لە سنووری هەرێمیش بەرەوە خوار کلاشەکەی ناوخۆمان هیچی نابەتە ناو گومرگەوە. چۆنە با ئاوا بروات، بۆ شمەکی وەرزشەکەش دابەزێندرێ بۆ ئەوەی کە دێتە ناوەوە، بۆ دەرەوە بەرای من زیاد بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــۆ تۆمـــــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

من خۆم لەگەڵ ئەوەبووم کە پێشنیاری ئەوە بکەم، ڕێژەیەک وەبگیرێ بێ ئەوەی کاک کەریم باسی بکات، ئێمە حەزدەکەین دیاریشی بکەین، بۆ کاک دارۆ و ئەوانی کە ئێمە بەشتومەکی وەزرشیان دەزانین، شتە بنەڕەتییەکان، ئەوانیان بۆ دەستنیشان دەکەین بۆ ئەوەی استغلال نەکرێ وکاڵەی هەمەجۆر بێنن بڵێن ئەوە شتی وەزرشیە، شتەکان ئێمە کە لە کوردستان سوودیان لێ دەکەین، لە ئاسن بگرە تا جلوبەرگ و پێڵاو، ئەوانە دەتوانین بۆیان دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

جا ئەم بەشە حەزدەکەن دەنگی لەسەر نادەین، ئەوەی کاک فرەنسۆ فەرمووی، لەگەڵ تێبنییەکانی تر بۆ دانیشتنی ئایندەی هەڵدەگرین، بزانین چەند برگە هاتووە ڕێژەیەک کە وەزارەتی دارایی لەسەری ڕازی بێ لەگەڵ لیژنەی دارایی ڕێژەیەکی کەم دابنێین لەسەری بۆ ناوەوەی هەرێم، بۆ دەرەوەش، ئەوە گرفتێکی گەورە نییە وەزیری ئابووریش وابزانم داوای لە ئێمە کرد کە سەعات (۱۲) مۆڵەتی بدرێت، لەبەر ئەوە گفتوگۆ لەسەر ئەم خشتەیە دوا دەخەین سبەی کۆبوونەوەی لیژنەکانە، تکامان وایە لیژنەکان دەوام بکەن، چونکە لەوانەیە هەندێ شت هەیە هەم لە فراکسیۆنەکان، هەم لە سەرۆکایەتی چەند تێبنییەک هەیە دەربارەی ئیشوکاری لیژنەکان، سێ شەممەش وەکو ئاگادارن ئەو پرسیارانەی کە بڕیارە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانیان بکەین دەمێننەوە بۆ چوار شەممە، هیوادارین تاوەکو چوارشەممە خشتەکەش بگات، لەگەڵ لیژنەی یاساش دائەنیشین بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر دانیشتنێکی تایبەتی بکرێ بۆ ئەوەی زوو تەواوی بکەین، سوپاستان دەکەین دانیشتنی کۆتایی هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/١٢/١٩٩٣

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/١٢/١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە راددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- ئامادە بوونی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەین، ئەمرۆ سێ شەممەیەو رۆژی لێپرسینەوەی حکومەتە، ئەمرۆ بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی تەشریفیان هێناوە قەول بوو وەزیری کاروباری پێشمەرگەش بگاتە سەرۆکایەتی ئەنجومەن، بەڵام عوزری هێنایەوە، چونکە ئەمرۆ ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەی لای ئەوانیش سەعات(١٠) دەست پێ ئەکات. بەڵام گفتی دا بۆ سبەی یان دووسبەی بێت و ئەو پرسیارانە وەڵام بداتەوە کەپێوەندیان بە ئەوانەوە هەیە، بەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئێستاکە لەژێر دەستماندان ئەوە جارێ دوو وەزیر لێرەنە، هیواداریین وەزیری کاروباری پێشمەرگەش بگات، چونکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاگادار کراوەتەوە، ئەگەر تازە بابەت شتێک نییە ئەوا دەست بەبابەتی خۆمان دەکەین.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حەز دەکەین ئەگەر ماوە بدرێت باسی گیروگرفتی دەزگای پارێزگای کەرکوک بکەین، وەکو دەزگایەکی بەرێوەبەر، هەندێ کێشەی بەرێوەبردن هەیە لەنێوان پارێزگای کەرکووک و سلێمانی کەوا هەست دەکرێن پارێزگای سلێمانی مافی پارێزگای کەرکووک پێشێل دەکات، یا ئەگەر ماوە

بەکاک سیروان یان مامۆستا محەمەد تاهیر بدەین لەسەر ئەو پێشێل کردنە نەختێ قسە بکەن، سوپاس..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تازە بابەتی تر نییە؟ ئەم خاڵەمان هەیە بۆ بەرنامەی ئەمڕۆ ئەوە پێشنیارێکە لەلایەن کاک فرنسۆوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆوە؟ دەست بەرزکرایەوە. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ خرایە ناو بەرنامەی ئەمڕۆ..

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەبەرئەوەی کە ئەوان ئەیان زانی ئەمڕۆ رۆژی حکومەتە نە ئەبوو کۆبوونەوەکەیان بخستایەتە ئەمڕۆ، لەبەر ئەوە من وەک نارەزایی دەربرین ناچم بۆ کۆبوونەوەکەیان،پاشان بۆ ئەو مەسەلەیەی ئێستا لەلایەن کاک فرەنسۆ پێشنیار کرا بەراستی هیچ زانیاریەکمان نییە لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا باسی دەکەین، پاشان بزانین چی بە بەرژەوەند دەزانرێ بریارێک یا راسپاردەیەکی وا وەرئەگرین، ئێمە ئاگاداری برادەرانمان کردووە گوتمان ئەگەر بەلایەنی کەمەوە ساعاتێکیش دوای بخەین، بەڵام وادیاربوو برادەران حەزیان کرد کۆبوونەوەکەیان بەردەوام بێت، مادەم وایە ئێمەش بەردەوام ئەبین لەسەر ئیش و کاری خۆمان.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما حەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەڵوێستم راگەیاند، وتم سەنگەرتان لێ دەگرم کە نەهاتم لەبەر ئەوە پێویست بەهاوکاری کردن ناکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێوە ئاگادارن ماوەیەک لەمەوبەر وەفدێکی دانیمارکی هاتبوو کە لەدهۆک بووم وەفدی دانیمارکی داوای کرد برۆینە سەرسەنگ، چونکە خەستەخانەیەکیان لەوێدا هەیە، ئەوەی راستی بێت من خۆم نەم بیستووە کەدانیمارکیەکان خەستەخانەیەکیان لەسەرسەنگە، کەچوینە ئەوێ پرسیمان دیار بوو قەسری مەلیکی کۆنیان چاک کردۆتەوە، چووینە ژوورەوە پاسەوانێک لەوێ هەبوو وتی: بەڵێ وەرن فەرموون تەماشای خەستەخانە بکەن خەستەخانەکە ئامادەیە، کەچووینە ژوورێ شوێنی

عەمەلیات ئامادە بوو هەمووشتی لێ بوو هەتاکو کەوچک و شتی خواردن و قاپی نەخۆشەکان، دووقاوش بۆ پیاوان بەهەموو پێداویستی یەکەوە، دوو قاوشیش بۆ ژنان و یەکێکیش بۆ منالان، قاوشێکی دیکەش بۆ عەمەلیات بەهەرحالّ(٩٤) قەرێولەی تەواوی لێ بوو کەبەداخەوە نەخۆشی لێ نەبوو، کابرای دانیمارکی وتی ئەم خەستەخانەیە دووشتی پێویستە یەکێک دکتۆرو ئیدارە، دوو نەخۆش ، دووایی پرسیارێکی کەی کرد ووتی باشە ئەگەر ئێوە نەتوانن بەرێوەبردن دابین بکەن بۆ خەستەخانەیەک بۆچی خەستەخانە لە ئێمە داوا دەکەن؟ جامن پرسیارەکەم ئەوەیە لەبەرێز وەزیری تەندروستی ئەوە چەندەها مانگە لەوێ ئەوەم بیستووە، خۆشی چووە وەریگرتووە، هەتاکو ئێستا بۆ نەک تەنها دکتۆرێک لەوێ ئیش ناکا، فەرمانبەرە تەندروستییەکەش ئیش ناکات؟ باوەلاممان بدانەوە، سوپاس.

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستیدا بۆتە رێ ورەسمێک کە ئەوەی پرسیارەکە دەکات هەر ئەو مافی هەیە بەدواداچوون لەسەر پرسیارەکە بکات. هەرچەندە لەپێرەوی ناوخۆدا شتی وانیيە، یەکێک لەگروپی زەرد ، برای بەرێزم کاک دوکتۆر رزگار، هەرچەندە زانیارێکی تێروتەسەلی هەیە، ئینجا نازانم ئەو رێ ورەسمە ئەشکێنن ماوەی پێ دەدەن؟ ئەگەر ئەویش درێژەکەیان بۆ باس بکات بۆ ئەوەی وەلامەکەی بەرێز وەزیری تەندروستی هەمولایەک بگریتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

درێژەدان لەبارەی چیەوە؟

**بەرێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بابەتی ئەو خەستەخانەیەوە کەبەرێز ئەحمەد بامەرنی پرسیاری کرد، هەندێ درێژەی زانیاری تر هەیە ئەگەر ماوەی پێ بدەن، بۆ ئەوەی وەلامەکەی بەرێز وەزیری تەندروستی رێک وپێک تر بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئنجا ئەگەر گرفتەکە هەر ئەوەیە کە خەستەخانەکە دکتۆر و میلاکی نییە، نازانم ئیتر پێویست بە درێژە پێدانی تر ئەکات؟

**بەرێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندرووستی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئامادەم بۆ وەلامی هەر پرسیارێک، بەلام خۆی کێشەکە دیارە ئیتر ئەگەر درێژەدانێکی تری هەیە، من لاریم نییە گوێی لێ بگرم، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**
**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومــــــەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو فرسەتە لەپێشدان بەڕێز وەزیرێ تەندروستی وەڵام بداتەوە، منیش بەرەسمی داوام لێكرابوو لەگەڵ ئەو وەفدە دانیماركییەدا بچم، كەچوومەوێ هەتا گەیشتم. دكتۆر عەبدوللا هەرئەوێ شەوێ ئامادە بوو، ئەو بابەتەی كاك ئەحمەد باسی كرد لەگەڵ باس كردنی دكتۆر عەبدوللا سەرۆكی تەندروستی هاتە لای وی وجەختی كرد كە داواكاری وان تەنیا داواكاری ئازووقەیە گوتیشی لەوانەیە بەو نزیكانەش كادیری تەندروستی بۆ دابمەزرێ و خەستەخانە دەست بەكاربێت، جانازانم وەزیری تەندروستی ئەو زانیارییەی هەیە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز كەمال شاكر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومــــــەن.**

مێژووی خەستەخانەی سەرسەنگ ئەگەڕێتەوە بۆ بەر لەوەی كەوا وەزارەت پێك بێت، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش نەبوو ئەوساو ئەو خەستەخانەیە بەپێك هاتن لەگەڵ ڕێكخراوی K.R.O جێگەی لەوێ هێمای پێدراوە دوای ئەوە ڕێكخراوی دانیماركی دەستی كردووە بەكاری چاك سازی كاخی مەلیك، لەوێ دەبێ ئەو ڕاستی یە بلێین كە ئیشی ئەو ڕێكخراوانە بەداخەوە ئەڵێم هەرچەندە خزمەتێكی باشی كوردستانیشیان كردووە، بەڵام بایەخیان داوە بەلانی خۆ دەرخستن، لەوەی كە سوود بەخش بن، ئەودەزگایەی كە لەو شوێنە یان دانا، ئێمە ئاگامان لێ نەبوو لەكاتێكا ئاگادار بووین ڕێكخراوی دانیماركی هاتبووە دهۆك وهەندێ گرفتیان بۆ دروست كرابوو لەوێ ڕۆیشتنەوە بۆ دانیمارك، كێشەی پارەشی لەسەر هەبوو ئەوەی كەوا لەستوكهولم ئاگاداربووم، لەو مەسەلەیە، نوێنەری تریان نارد بۆئەوەی ئێمە زۆر هەوڵمان دا كەوا ئەو خەستەخانە لەوێ دانەمەزرێت، هەوڵمان دا گوتمان هیچ نەبێ با خەستەخانەی كوتوپڕی (طوارئ) دهۆك دابمەزرێنن، چونكە (طوارئ) لەوە زۆر پێویست ترە كەوا خەستەخانەیەك لەسەرسەنگ بێت ڕازی نەبوون، داوامان لەفەرمانگەی تەندروستی دهۆك كرد كادیرتان هەیە بتوانن ئەو خەستەخانەیە بەكاربێنن؟ كۆبوونەوەیەكی هاوبەش كرا لەنێوان دكتۆرەكان وسەرۆكی تەندروستی دهۆك لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری دهۆكدا، گەیشتنە ئەو ئاكامەی كەوا ئەو خەستەخانەیە ئەخەنە ئیش و كادیری بۆ تەرخان ئەكەن لەسەر ئەو ڕێككەوتنەی كەوا كرابوو، بەڵام تا ئێستا كادیری بۆ دەست نیشان نەكراوە وەئێستا ئەركێكە لەسەر شانی وەزارەتەكەمان دایە. بەڵام بۆ ئاگاداری كاك ئەحمەد خەستەخانەكە هەمووی بەتەواوی نییە وناتەواوی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبوبەكـر حـەسـەن بامـەرنی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پرسیارەكەی من ئەوە نەبوو ئایا (جەراح) ئەتوانێت بچێ یان نا؟ پرسیارەكەی من ئەوەیە هیچ

دکـتـۆرێـک لەوی نیـیـە، واتـا ئەو ناوچەیەی کـەهەر لە(شـیـلادزێ) دەگـرێتەوە تاوەکو ناوچەیەکی فراوان، باشە ئەگەر جەراحێک نەیتوانی بچێ با دکتۆرێکی گشتی بڕواتن، وەک پزیشکی گشتی خەڵک بتـوانێت سوودی لێ بکات، ئێـسـتـا هیچ کـامێـکـیـانی لێ نیـیە کەواتا بۆ چیـیە؟. دووەم وابزانم جەراح بەس هەر لەموحافەزات هەیە، لەهیچ خەستەخانەیەکی قەزاکان جەراح نییە، واتا ڕەدهە هەیە بۆ منداڵان ئەبێت دکتۆرێک سەرپەرشتی منداڵان بکات، دکتۆرێکی هەناو هەبێ، سێ یەمین بەرای من ئەوە دەکـرێت ئەگـەر تۆزێـک وەزارەت خـەمـی ئەوەی خـواردبایە ئەوەیە دهۆک لەناوچەی سەرسەنگ( ٤٠) دەقیقە دوورە بۆ(٣٥ـ ٤٠) دەقیقە دەکتۆر دەیتوانی حەفتەی دووجار ئەگەر حەز بکاتن بچێ لەوێ هەموو عەمەلیاتەکانی خۆی بکات و بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیـم فـەرەج شـالی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من حەزم دەکـرد وشەی توند بەکـار نەهێنین، مـەسـەلەی تاوان و غـەیری تاوان، چونکە زمانی کـوردی دەوڵەمەندە بۆیە بانەختێ خۆمـان مـاندوو بکەین یەکـتری بەزمانێکی باش بدوێنین. ئەوە خەسـتـەخـانەیەکی بەکـارهاتووە. خەسـتـەخـانەیەکی مـەیدانی بووە، تازە نەبووە، ئەگـەر بلێین خەستەخانە واتای ئەوەیە کە باس لەبرینکاری ئەکرێت. ناوەندی تەندروستی کەوا لەسەرسەنگ هەیە چاودێری لایەنی تەندروستی لەوێ ئەکات. ئەگەر نەخۆش پێویستی ناردنە خەسـتـەخانەی هەبوو ئەیکات، بەو شێوەیە خەستەخانەی سەرسەنگ جێی خەستەخانەیەکی برینکاری ناگرێتەوە خەستەخانەیەکی گشتی یە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کـاک ئەحمەد چ قسەیەکت نییە؟ جا کاک صلاح دەربارەی ئەو بابەتە وەکو بۆتە باو ئەو برادەرەی پرسیار ئەکا دەبێ هەر ئەویش بەدواداچوونی لەسەر بکا.

**بەڕێز ئەحـمـەد ئەبو بەکـر حـسـەن بامـەرنی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ببورن لەوانەیە کـوردیەکەم تەواو نەبێت و مەبەستم لە (اجرام) واتا گوناهە بەحەقی ئەو میللەتە کەخەستەخانەیەک لەوێ بێت وهیچ بەکار نەهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. حـەمـەنەجم حـەمـە فـەرەج جـاف:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئایا ئەو پرسیـارەی کـاک ئەحـمـەد راسـتـە؟.. نەخـێـر. دواخـسـتـنی تێـدابووە لەهەمـان کـاتدا گۆشەنیگای وەزیری تەندروستی یش تەواوە ، ئەبێ سەیری توانای وەزارەتی تەندروستی بکەین هەر ئەوە نییـە شت بخرێتە سەر کـاغـەز، چونکە دکـتـۆر ناچێ بۆ ئەوێ ئێـسـتـا گـرفـتی ئێمـە

ئەوەیەدەرچووی کۆلیجی پزیشکی خەڵکی هەولێرە، سلێمانیە نایەوێ بچێت بۆ دهۆک و بەرپرسان هەوڵی بۆ دەدەن کەوا لەوێوە بگوێزرێتەوەو بێتەوە بچێتەوە جێگەی خۆی و نەچێت بۆ دهۆک جا ئەوە خاڵێکی گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرسیارە وابزانم تەواو. ئەچینە سەر پرسیارێکی تر. کاک بەختیار پرسیارێکی هەیە، کە دیسان دەربارەی وەزارەتی کاروباری تەندروستیە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک لامان ئاشکرایە لەکاتی خۆی دا کەپرۆژەی مانگی سووری کوردستان پێشکەش کرا لەلایەن(١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە لەبەر ئەوە بوو کە داواکارییەکی زۆر زۆر پێویست بوو لە زۆر شوێن، بەتایبەتی لەو سەفەرەی کەبەڕێزتان کردتان لەدەرەوە، ئیشارەت بەوە درابوو کەپێویستە ئەم کۆمەڵەیە دروست بکرێت لەراستیدا گفتوگۆی لەسەر کرا، پاش گفتوگۆکردنێکی زۆر لەوەزارەت و لێرەش لە١١/٦ وە بریاری لەسەر دراوە، نازانم وەزارەتی تەندروستی هەتا ئێستا چی کردووە بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا جارێکی تر گەرانێکی ترمان کردووە لەگەڵ یونسێف(K.E.R) خاچی سووری سوێدی و خاچی سووری دانیمارکی، نامەمان ناردیە، بۆ ئەوان کەوا زەمینە ساز بکەین بۆ راگەیاندنی مانگی سووری کوردستان، هەولێش بۆ ئەوە دراوە کەوا شوێنی ئەو دەستەیە کەوا پێک دێت لەکوێ بێت؟ چونکە ئێستا هەنگاوی یەکەم ئەبێت لیژنەیەکی ئامادەکار پێک بێت دەرگا بکاتەوە بۆ هەڵبژاردن ومانگانەدان بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنگرەی یەکەم، بەڵام ئەگەر نەختی بێ پێچ وپەنا باسی ئەوە بکەین گرنگترین خاڵ لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت ئەو رێکخراوە ببێتە رێکخراوێکی سەربەخۆ و بێ لایەن، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم دا بۆ قسەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی، بەبۆچوونی من ئەوە پاساوی ئەو دواکەوتنە ناداتەوە، ئیمرۆ مانگێکە یان مانگەک و رۆژێک بەسەر ئەوەدا تێپەربووە کە بڵاو کرایەتەوە، ئەمن لەبیرمە وەختی خۆی کەلێرە گفتوگۆمان لەسەر کرد بەتەمابووین لەو رۆژە بەکاری بینین

کەگوتمان(من تاريخ إصداره)، واتا من ئەوەم باش لەبیرە لەگفتوگۆکاندا ویستمان ئەوە جێگیر کەین، ئەوە بوو گوتیان نەخێر بالەرۆژی بلاوکردنەوەی دابێت، بەڵێ لەورۆژی بلاوکردنەوەیەوە هەتا ئێستا ئەوە مانگێکە شتێکی بەکردەوە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا تێبینی چیم هەبێت؟ وابزانم کاک بەختیار لەهەموو شتێ ئاگادارە مسەلەکە باش ئەزانین کەوا ئەگەر بەدەستم بوایە دووەم رۆژ کە لەپەرلەمان تەواو بوو لیژنەی ئامادەییمان رادەگەیاند، بەلام من ئەگەر لێدوانێ بدەمە رۆژنامە، فەرموو لەلام دانیشە بزانە تەلەفۆنات و نامەو پالاوتنی کەسان لەکەیەوە دێت؟ هەرچەندە گرفتی شوێنیش گرنگ نییە، خۆ هەر لەدیوانی وەزارەتیش شوێنیان بۆ دەکەینەوە، منیش وتم ئەوە هیچ وەختێ تەگەرە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئێستا بریارێکی واهەیە کە ئەنجومەنی وەزیران رۆژێک تەرخان کات لەم نزیکانە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیواداریـن سبەینێ چوارشەممەیە ئەو مەسەلەیە باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دیسان بلێم لەگەڵ بۆچوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی دانیم، دەبا بەڕێزی ئەو تەوقە بشکێنێ و گوێ نەداتە کەسیش لەهیچ حیزبەکان دا و ئەوە رای منە، بەلام رای زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیشە، سوپاس.

**بەڕێز کەمال شاکر محەمەد/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەڵێن: شیوعیەکان تێکیان دا .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو دەرئەکەوێت ئەم بابەتە باس کراوە و قەولە وەکو جەنابی وەزیر جەختی لەسەر کرد، لەکۆبوونەوەی ئایندەی ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتنێک تەرخان بکرێت بۆ ئەم بابەتە با ئەندامانی پەرلەمان بەدواداچوونی ئەو دانیشتنە بکەن و بزانن ئەنجامەکەی چۆنە؟ یەک دوو پرسیارمان هەیە بۆ وەزیری ناوخۆ یەکێک لەو پرسیارانە لای من هێشتاکە ماوەتەوە.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیارەکەی من تایبەتە بەمەسەلەی چەکداری لەناو شارەکانی کوردستان دا، دیاردەی چەکداری تارادەیەک بەردەوامە لەزۆربەی شارەکانیش، بەراستی مەیدانی چەک فرۆشتن پەیدابووە ئەوەش بوویتە هۆی ئەوە کە ڕۆژانە لەتاقی کردنەوەدا زۆر خەڵک گیانی لەدەست بدات، یاخود بریندار ببێت. بێگومان یاسای چەکیشمان هەیە کەژمارە(١٦)یە لە٢/ ١٠ دەرچووە ئایا وەزارەتی ناوخۆ، چ هەنگاوێکی هاویشتووە بۆ ئەم مەبەستە؟ سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیاردەی چەکداری و چەک فرۆشتن لەراستیدا یەکێکە لەکێشەکانی وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەت لەو ماوەیە بەگشتی چەندین بریارو هەنگاوی بۆ ئەم مەسەلەیە ناوە، بەڵام لەبەر رەوشی تایبەتی کوردستان هەروەکو بەرێزتان ئاگادران وئاگاتان لێیە وەکو پێویست نەتوانداراوە تاکو ئێستا ئەوە بن بڕ بکرێت، بەڵام بەدەرچوونی یاسای چەک و گەیشتنی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئێمە ئەو یاسایەمان بەگشتی (تعمیم) کردووە، ئومێدەوارین بەو زووانە بۆ کۆتایی سەری ساڵ و سەرەتای ساڵی ئاینده ئەو مۆڵەتانە دابەش بکرێت وبتوانین ئەو یاسایە بچەسپێنین، سوپاس.

**بەڕێز مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ قسەکانی وەزیری ناوخۆ، بەڵام مەسەلەی مەیدانەکە بەراستی دەبێت پەلەی لێ بکرێت. دیاردەی چەک داری ئەوە قەیدی نییە و حیسابێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی بۆ چەک فرۆشتن ئێمە رێنماییەکان و فەرمانەکانمان وەک وەزارەتی ناوخۆ بۆ گشت دەزگاکان روون و ئاشکرایە، بۆ ئەوەو زۆر بەتوندی داوامان کردووە ئەم دیاردەیە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵام و بەشداری کردنی لەگفتوگۆکاندا، ئەو چەند پرسیارەی ئەمرۆ ئامادە کرابوون بۆ هەردوو بەرێزان تەواو. ئەو پرسیارانەی ئامادە کرابوو بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە دیارە وەزیر نەگەیشت. هەتاکو ئەم دانیشتنەش بەردەوام بێت، ئەگەر بێت، دیسان بوارمان هەیە، هەندێ پرسیارمان ناردووە وەڵامەکەی تائێستاکە لەئەنجوومەنی وەزیران نەهاتۆتەوە.

**بەڕێز حـــازم ئـەحــــمـــەد مـــەحــمـــود یوســـفی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــــومـــــــەن.**

چونکە پرسیـارەکەی من هەر لە هەمان بابەت بوو ئەمن ئەمـەوێ هەندێک زیاتر لـەسـەر بابەتەکە بڕۆم، چونکە نەک یاسـای چەک بەتـەنیـا یاسـای ئەهلیٰ و یاسـای حـزبـەکـان هـەردووکـیـان ئەوە مـانگەک تێ پەڕیووە بەسـەر بڵاوبونەوەیان لە ڕۆژنامـەی (پەرلەمـاندا) و لەهەردوو یاسـاش دا هاتووە دەسەڵاتی داوە بەوەزیری ناوخۆ کەڕێنمایی دەرکات، بەیان دەرکات بۆجێ بەجێ کردنی ئەم هەردوو یاسایە، بەراستی ئەوە هەتا ئێستـا خـۆم هەسـتم پێ نەکـردووە کـەوەزارەتی ناوخـۆ یەک هەنگاویان نابێ بۆ ئەو مـەسـەلەیە. مەسـەلەی یاسـای حزبەکـان بەتایبـەتی، چونکە باوەڕ ناکـەم ڕێنمایی هیچ دەرچووبێ و ئاگاداریمان لێی نییە، ئەگەر دەریش چووبێ، هەروەها یاسای حزبەکان، کەچی لەهەردوو یاساش دا ئەڵێت لەمێژووی بڵاوبوونەوەی دەبێت جێ بەجێ بکرێت. ئێمە ئەوە سێ چوار مـانگە یاسای چەک گفـتـوگـۆی لەسـەر دەکـرا یاسـای حزبەکـان(٩) مـانگ بـوو دەهاتە پەرلەمـان و دەگـەڕایەوە، من وەکـو یاسـاناسـێک واتێ دەگـەم یاسـاکـە دەرئەچێ ئەو ڕۆژی بڵاو دەبێـتـەوە، دەبێ ئەو ڕۆژە بەیان و ڕێنمـایی دەرچێت و ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت و ئەو ڕۆژە مەفرەزەکان دەرچن، ئیتر ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــــەن.**

یاسـا کە دەرئەچێ کـاتی کـە دەگاتە دەستی ئێمـە لەو کـاتەوە ئەبێت جێ بەجێی بکەین، ئەوەش هەنگاوی هەیە یاسای چەک ئەوە نییە کە قـانون گەیشـتە دەستی ئێمە، ئێمە مەفرەزان دەربکەین بچین ڕێ لەخـەڵک بگرین، شـتـەکـە روونە، وابزانم ئەو برادەرەی کـەیاسـای چەکی خـوێندۆتەوە و گفـتوگۆی لەسەر کردووە ئەبێت ئەمە دەفتەری هەڵگرتنی چەک یان حیازەی چەک، دابەش بکرێت کـاتێ کە ئەوە لەسەرتاسەری کودستان جێ بەجی کرا کە ئەویش ماوەی سێ مـانگ دەست نیشـان کـرابوو ئێمە هەمـان کات کە گەیشـتـۆتە دەستمان داومانە بە پارێزگـاکان، ڕێنمـایشـمان دەرکردووە بڵاویش کـراوەتەوە، بۆی هەیە هەندێ برادەر ئاگـادار نەبن،کە ڕێنمـایی دەرچووە و دراوەتە هەمـوو پارێزگـاکـان بڵاویش کراوەتەوە، بەڵام بەهەمـان دەقـیـقـە بەگـەیشـتـنی یاسـا ناتواندرێت جێ بەجێ بکرێت، ئەبێت لەمـاوەی سێ مـانگ تاپسـوولەی هەڵگرتنی چەک وحـیـازەی چەک دەگـات وپڕ ئەکرێتەوە و دەسەلمێندرێ و ئەو کاتە جێ بەجێ دەکرێت هی حزبەکانیش ئێمە ڕێنمایان دەرکردووە، بڵاویشمان کردۆتەوە، ئەبێت حزبەکان بێن داواکاری خۆیان پێشکەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

وابزانم بەمـە کـۆتایی بەپرسـیـارەکـانی ئەمڕۆ دێنین ودێینە سـەر تازە بابەت. ئەویش خـاڵێک بوو

لەبارەی پارێزگای کەرکووک وهەندێ کێشەی ورد، کاک سیروان کاکەیی وابزانم بڕیار وایە شتێ لەو بابەتە باس بکات.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لای جەنابتان ئاشکرایە پارێزگای کەرکووک پار لەمانگی(١)ە وەدەستی کردووە بە ئیش وکاری خۆی و لەدەربەندیخان دامەزراوە ،من نامەوێ پێشەکییەکی درێژ بۆ ئەم بابەتە باس بکەم کەئەمەوێ بڵێم کە ناوچەی گەرمیان و پارێزگای کەرکووک خاوەن چ قوربانیدانێکی گەورەیەو ئەوە روون و ئاشکرایە لای هەموان کە ئەو قوربانیانەی کەوا لەگەرمیان دراوە قەبارەکەی چەند گەورەیە، پارێزگای کەرکووک لەو رۆژەوە کەدامەزراوە لەراستیدا ئەو کەسایەتییە مەعنەوییەی نەبووە، لەئیش کردندا زۆر جار گیروگرفت و کێشە هاتووتە رێگایەوە ئەوگیروگرفتانەش من بەش بەحاڵی خۆم بەدوولایەن لێکی ئەدەمەوە لایەکیان مەرکەزە، لایەنێکیانیش پارێزگای سلێمانی یە هەندێ شتم لەبەر دەستدان بۆ جەنابتانی عەرز دەکەم زۆر تەداخولات ئەکرێت لەلایەن پارێزگای سولێمانی یەوەو سەروەری پارێزگای کەرکوک پێشێل ئەکرێت لەو شتانەی کەوا پارێزگاری سلێمانی تەصەروفی تیادا ئەکات یا پارێزگای سلێمانی بەشێوەیێکی گشتی و دام ودەزگاکانی پارێزگاری سلێمانی تێپەرکارییەکی زۆر ئەکەن لەسەر پارێزگای کەرکوک. رێکخراوی یۆنسێف کەپار نەوتی دابەش کرد لەناوچەکەدا پارەی ئەو نەوتە کە کۆ کراوەتەوە پارەکانمان هەموو لەبانقێک لەسلێمانی دانا باسی ئەوەم کرد کە ئەو پارەیەی کە هەیە، هی ئێمەیە، هی پارێزگای کەرکووکە، ئەو پارەیە تکام وایە کەتەصەروفی پێوە نەکرێت لە سلێمانی ئێمە بەهاواهەنگی لەگەڵ یۆنسێف دا وبە هاوکاری ئەوانیش لەو پارەیە سوود وەربگرین لەسنووری پارێزگای کەرکووک دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو درێژەپێدانە وردە وابزانم پێویست ناکات. بچۆرە سەر بابەتە سەرەکییەکە، گیروگرفتەکان بڵێ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە یەکێک لەوانە بوو کەئێمە وناوچەکە لێی بێ بەری بووین، واتا وەکو نمونەیێکی بچووک ئەیهێنمەوە. خاڵی تر مەسەلەی گواستنەوەی فەرمانبەران لەسەر سنوری پارێزگای ئێمەوە بۆ سنوری پارێزگای سولێمانی، وێنەیەک ئەدرێ بەئێمە ئەوە بۆ ئاگاداریتان من گواستمەوە، ئەوە دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێ وەکو ئەوەی کەوا پارێزگای کەرکووک وجودی نەبێت یان لیژنە دروست

ئەبێت لەسلێمانی. مەسەلەی لیژنە بۆکاروباری کشتوکاڵ و ئەو جۆرە شتانە، داوای قائمقامەکانی سنوری پارێزگای کەرکووکیش دەکات، لەوێ کۆبوونەوە بکرێت لەژێر چاوەدێری خۆیان یان ئەو کەرستانەی کە هەنە لەناوچەکە ئی فەرمانگەی ئاوە، کارەبایە ئەو جۆرە شتانەیە، ئەوانە بار ئەکرین و دەگوێزرێنەوە بۆ سلێمانی بەبیانووی ئەوەی چاک بکرێتەوە کەچی ئیتر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ سنوری پارێزگای کەرکوک. ئەمانەو ئی تریش. من نموونەیەکم هەیە لەسەر مەسەلەی بابڵێین هاوکاری کردن لەمەرکەزەوە یەک خاڵ ئەهێنمەوە وەکو بەڵگە، مەسەلەی وەرگرتنی دانەوێڵە لەجوتیارەکان کەپار پارێزگای دهۆک بەهیچ شێوەیەک نەپرسی پێ کرا نەبانگ کرا بۆ لیژنەو نەلیژنەیەکیش بۆی دروست کرا، لەسلێمانی یەوە لیژنەیەکی لاوەکی هات لەدەربەندیخان دانیشتن، ئەویش ئێمە زیاتر خۆمان هاوکاری لیژنەکەمان بۆ کۆکردنەوەی بڕێک گەنم لەدەوروبەری(٢٠٠) تەن دابوو، سنوری چەمچەماڵ هەمووی پشتگوێ خرابوو، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک سیروان ئاماژەی پێ کردن، لەراستیدا هەر ئەوە مەبەستی ئەو ئەندامانەشە کەوا سەربە ناوچەی گەرمیانن و گرفتی زۆر و کێشەی زۆر لەوێ دا هەیە زیاتر لەهەموو ناوچەکانی تر، ئەگەر بوارم بدەن(٥) دەقیقەیەک وەکو نموونە هەندێکیان عەرز بکەم بۆ تاکید لەسەر ئەو بابەتە، پارێزگای کەرکووک لەکوردستانی ئازاد تەنیا رەمزییە. توانای پارێزگاری نەدراوەتێ ونیەتی نەلەخۆی دا وەکو دائیرەکان، نە لەوەزارەتی ناوەخۆو ئەنجوومەنی وەزیرانیش دا، لەلایەن رێکخراوە خێرخوازەکانیشەوە گرنگی پێ نەدراوە، چونکە بارەگایان تیا دانەناوە، بۆیە ئەو پارێزگایە ناتوانێت خزمەتگوزاری پێشکەش بکات بەناوچەکە، بۆنموونە ئاوارەکانی گەرمیان و کەرکووک ئاوارەتر بەرچاو ئەکەون تائێستا چارەشیان نەکراوە، شاری ئاوارەشیان بۆ پێک بهێنرێت بەلای کەمیەوە، ئێستاش هەر ئاوارەی شارەکانن، جێگای توانج و تەشەری خەڵکی بێ ئینسافیشن، زۆر کەس پێیان ئەڵێن میسرین. دووەم جگە لە بارەگای پارێزگاکەی کەرکووک فەرمانگەکانی تری بەرە مزیش نینە، تەنیا بارەگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووک بۆ ماوەیەک دیاری کرا، لەرووی ئیدارەشەوە پارێزگای کەرکووک بەمێژووی ٩٩٣/١٠/٢٨ بەژمارە(١٥٧٥) نوسراوێکی بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە پێداویستی بەرگری میللی کرکووک جێ بەجێ بکەن، وەزارەت بەنووسراوی(٦٥٨٦) لە١٦/١١/٩٩٣ دا رووبەرووی پارێزگای سلێمانی کردەوە ئەوانیش نەیان کرد، چونکی گوایە بودجە بۆ کەرکوک دانەنراوە.

- قەزای کەلار بەو قەڵەباڵغییەوە ئێستگەی کارەبایان تائێستا نییە، نازانن روو بکەنە کوێ بیان دربێتێ، نەپارێزگای کەرکووک توانای هەیە و نەئی سلێمانیش، کەوا بێ بەدەنگیانەوە.
- لەرووی بنکە تەندروست یەکانەوە، زۆرمان گوێ لێ بووە کەوا کێشە زۆرە، زۆربەیان دکتۆریان

نییـه ، وەکـو صـمـوود. پێ باز، مـەیدان و خـانەقین ئەو دەرمـانـانـەیش کـەخـێـرخـوازان هێنـاویانە لەدەرمـان خـانـەکـانی بنکە دەست نـاکـەوێت، بـازار چەندەهـا دەرمـانخـانەی تیـادانراوە دەرمـانـەکـانی مـانگی سـووری تورکی لەوێ بەهاوولاتیـانی ئەفرۆشن بەنرخـێکی بەرز کـەبەهـاوولاتیـان تەحـەمـول ناکرێت .

- ناوچەی گەرمیـان هەر لەمەرکەزی پارێزگـای کـەرکوکـەوە کـەدربەندیخـانە تـاخـەتی سوری بەرەنگاری لە هەمووشـتێکی خێرخـوازان ورێکخراوەکـانیش بێ بەرین، نەسلێـمـانین نەکـەرکوکین، لـەمـانگی رەمـەزانی پار شـاری دەربەندیخـان کـەمـەرکـەزی پارێزگـایە ، کـەمی خـواردنی دیوە لەگـەڵ ئەوەشـا دەربەندیخـان بەهۆی ئەوەوە کـەمـەرکـەزی پارێزگـایە ئێـسـتـا هەڵاوسـانێـکی دانیـشـتـوانی لەرادە بەدەری تێدایە.

- لەئاب و ئەیلوولی ئەمسـاڵ پێناسی (احوال مەدەنی) خـەڵکیان چنیەوە گوایە بۆ ئامار ئەی بەن بۆ سلێـمـانی و لەمـەولا مـوبایەعـات وەک خـۆی ئەدرێت لەمـانگی (٩٩٣/١١) لیـسـتـێکی چوارگۆشەیی(١٢) مـانگی رژێمیـان بەناسنامـەکـانەوە داوە بەماڵان خـەڵک هەڵی گرتووە وەکو دوعا.

- بویە بەنـاوی خەڵکی گـەرمیـان و کـەرکـوکـەوە لەبرێتی هاوەڵان و نوێنەرانی ئەو نـاوچەیە هەردوو لیست داوا ئەکەین چارەی ئەو خەڵکە بکرێت، پارێزگای کەرکوک لەپارێزگای سلێمانی بپچرێت وپەیوەندی یان نەمێنێ، ناوچەکە زۆر گرنگە، بەڵام زۆر پشتگوێ خراوە مافی خۆیەتی گرنگی پێ بدرێت لەهەمـوو روویەکەوە، ئاوەدان کردنەوە، ئیـدارات، ئابووری،دابین کـردنی خواردەمـەنی بۆ خەڵکەکەی، ئیـتر هیـوامان سەرکەوتنە. زۆر سوپاسـمان هەیە بۆ سەرۆکـایەتی و بۆ ئەندامـانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز حەسن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشگیری لەقسەی کاک سیروان و مامۆستا ئەکەم نموونەیەکی پچوکتان بۆ ئەهێنمەوە کە کارەباکەشیان لە (تەکییە) دزیوین، موحەویلەیەکی گەورەی لێ بوو لەباتی ببیەن بۆ کەلار داینێن، بەناوی چاککردنەوە هێنایان بۆ لەسلێمانی، نازانم چۆنیان سوڕگوم کرد؟ بەڵام شتێکیان پێ بلێم، پێویست ناکات بچمە ناو درێژە پێدانەوە، ئێمە بە خزمەتکار ئەزانن خۆشیان بەکوێخا ، واتا پارێزگـاری سلێـمـانی هەرماوە باجی زەوییـەکـانیـشـمـان لێ بسێنێ کـەپیـاتێ ئەپەرین، واتا حەز دەکـەی(٢٠٠) نموونەتان بۆ ئەهێنـمـەوە کـە ئەڵێن سـەر بە مـیـرین .ئەڵێن(تی ئێن تی) دەهێنن راستە ئێمە کەم و کوڕیمان تێدایە، ئاوارەی کەرکووک تیایەتی جاسوسە خراپە، بەڵام ئەو هەمـوو قارەمانەش کەئێستاکە لای کفری وکەلارو نەوجوول و ئەوانە لەژێر تۆپ وتەیارە لەسەنگەردان حەقە حیسابێکیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد ئەمین عـەبدولحـەکـیم:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئەندامـان سـوپاس بۆ ئەو دەرفـەتە، بەڕاستی برادەران باسی گەلێ مـەسـەلەی مـوعـاناتی ناوچەی گەرمـیـانیـان کـرد کەبەداخەوە گەرمیـان ئەو گەرمیـانەیە چۆن ئەڵێ( هم الذين جاهدوا باموالهم وانفسهم) بەڕاستی ئەوان بەسەرو ماڵ تێدا چوو ون، نەک هەرماڵ نە هەر سەر، ماڵیـان پێکەوە چووە کـەانفـال کـران هەم سـەریان ڕۆیی و هەم مـاڵیـان ڕۆیی. بەڵام ئێـسـتـا لەباتی ئەوەی هەرچی هێـزمـان هەیە کۆی کەینەوە تواناکانمان یەک خەین بۆ ئەوەی گەرمیـان ئاوەدان کەینەوە بەکـوێرایی چاوی دوژمنانەوە، شوێنە ئەنفالەکان ئاوەدان کەینەوە، بەداخەوە هیچ کـارێکی بۆ ناکەین، برادەران هەندێ شـتـیـان باس کـرد بۆ ئەو مـەسـلانەی کەوا ئێـسـتـا پێـویستن، بەڵام من هەندێ شـتی تری دەخەمـە سەرو هەندێ زانیاری خۆشم هەیە، چونکە بۆ گەلێ ئیش بەکـارە، چووم یەک لەوانە ئەوەی زۆر پێـویست بێت تا ئێـسـتـا سـتافی پارێزگای کـەرکوک تەواو نەکراوە، بەڕێوەبەرییەکـان نین، ئەو شـتانەی کـەزۆر پێـویستن. بەڕاستی پارێزگای کـەرکوک ئەتوانم بڵێم وەکـو پارێزگایەکی وەهمی هیچ شـتـێکی بەتەواوی نییـە، بەداخـەوە کـەمـتـرین یارمـەتی دەدرێـن، دووەم ناتەواوی قـوتابخـانەکـان بەڕاسـتی گـرنگـی هەر نییـە، بۆ نموونە قـوتابخـانەی پیـشـەسـازی چەمـچەمـاڵ ئـەم جـارە هاتوون بەتەمابوونە پێـتاک کـۆبکەنەوە، عەفوم بکەن ئەگەر بڵێم من بەش بەحاڵی خۆم بەشدار بوومە لەو یارمـەتیـیـە کـە بۆیان کـۆکـراوەتەوە، لەئەنجـامی ئەم شـەڕانەی دوایی کـە بەداخـەوە لەناو شـاری چەمچەماڵ بووە هیچ فەرمـانگەیەک گلـۆپێکیان نەمـاوە کە قـوتابیان بتوان لەبەری بخوێنن،ئینجا ئەوە لەلایەک لەلایەکی تریشـەوە چەند کـارەساتێک ڕووی کـردۆتە گـەرمـیـان کـە بەداخەوە لەئاکامی ئەوەیە کە پەنجەی ڕژێم وپیـاو خـراپان، تابووری پێنجەم زۆر لەوێ لەکـار دایە، ئەو شـتـە ناکـۆکـانە دەبێ کـەچەندین خەڵکی بەسـتەزمانی تێدا چووە، ژنی تیـادا کوژراوە منالّی تیـادا کـوژراوە مـاڵی تیـادا وێران بووە، بەڵام تا ئێـسـتـا لیـژنەیەک دروست نەکـراوە بۆ ئەوەی قـەرەبووی ئەو خـەڵکـە بدرێتەوەو، دەمەوێ چارەسەری ئەمانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. عـیـزەدین مـسـتـەفـا ڕەسـول:**

**بـەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لەگـەڵ هەمـوو باوەڕ بەپاکی و دڵسـۆزی پارێزگـاری سلێمـانی، کـە یەکـێکە لەنموونە هەرە پاک ودڵسۆزەکان لەناو دەزگاکانی حکومەتی کوردستانی ئێستاماندا، من ئاگاداری ئەو درێژەپێدانانە نیم کـەبرایان باسیان کرد تابڵێم بەنامە بەرگری لەپارێزگاری سلێمانی بکەم و لەگەڵ زۆربەی ئەو داخوازیانە کـەخرانە ڕوو بەتایبەتی مامۆستا مەلا حەمە طاهر کەبەڕاستی زۆر جار وەک دەنگێکی ڕاستـەقینەی خەڵـک و لێ قەومـاو وزەحـمـەت کـێشـانی ناوچەکەی خۆی هەندێ شـتمـان دەخاتە بەردەم، بەڵام من شـتـێک دەبینم وەک پێشـنیـارێک بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، وادەزانم تەگـەرەیەک

هەیە لەو دابەش کردنی پارێزگاکانمان دا، ئەو نەخشەی بەڕێوەبردنە کەجاران حکومەتەکانی عێراق کردوویانە، مەرج نییە شتێکی پیرۆز بێت ئێمە راستە شاری کەرکوک ئاواتی هەموو کوردێکە شوێنێکی پیرۆزە، مافی کوردە ئەمانە وایە، بەڵام دەوروبەرەکەی، نەخشە إداریەکە مەرج نییە زۆژێک چەمچەماڵ لەسەر ئەم لایە، رۆژێک بخرێتە سەر ئەو لا وابزانم چاوێک بە نەخشە إداری یەکانمان دا بخشێنینەوە، ئەگەر گەرمیان هەر خۆی داوا لەحکومەت کرا دەربەندیخان و کەلار وکفری خانەقینش، ئەو بەشەی خانەقین کە ئێستا بەدەست رژێمەوەیە دوابیش هەردێتەوە لای ئێمە ئەوە پارێزگایەک بۆ بەناوی گەرمیانەوە بێ، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە وەک پێشنیارێک کەچاوێکی پێدا بخشێنیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــەلال جـــوهـر عـــــەزیـز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

ئەو کێـشـەی سنووری پارێزگـای کـەرکـووک بەرای من ئێـسـتـا نیـیـە لەسـەردەمی بەرەی کوردستانییەوە ئەو گرفتە هەبووە، ئێستا من پشتگیری بەشێکی چاکی ئەو قسانەی کاک سیروان دەکەم، بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کەسایەتی مەعنەوی پارێزگای کەرکووک لە مەرکەزەوەیە لە سولەیمانی نییە، واتا ئەگەر مەرکەز گرنگی چاک بە پارێزگای کەرکووک بدات رەنگە ئەو کاتە پارێزگاری سلێمانی نەتوانێ شتێک بکات کەرێگا لەکاروبارەکانی پارێزگای کەرکوک بگرێ. لەسەردەمی بەرەی کوردستانی دا رەنگە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان خۆی ماوەیەک بەرپرسیـار بووە لەوێ بە درێژایی ئەو ماوەیە ئێـمـە زانیـاریمان هەیە رۆژ هەیە لەو. پارێزگـایانە، لەهەولێـر لەسولێـمـانی لەدهۆک بەملیۆن دینار سەرف ئەکرێت و سەرف کـراوە بەدرێژایی تەمەنی بەرەی کوردستانی یەک دوو ملیۆن سەرف کراوە، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین سنووری پارێزگای کەرکوک لەگەڵ دوژمن لەدەربەندیخانەوە بگرە هەتا دەگاتە تەق تەق و ئاڵتون کۆپری و ئەو ناوچانە سنورێکی دوورو درێژە، تەنیا بۆ دابین کردنی پێویستیەکانی جبهە لەگەڵ دوژمن هەمووماین دەزانین چ توانایەک پێویستە بۆ ئەو ناوچانە، سوپاس.

**بەڕێز حـــســـەن حـــمـــیـــد رەحــیم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

من ناڵێم پارێزگاری سلێمانی دزە هەموو کەس دەزانی وەکو دەروێشە، دەڵێی ئەسحابەیە، بەڵام غەدرمان لێ دەکەن، غەدر چۆنە؟ مامۆستا مەلامحەمەدئامین گوتی فەردەیەک برنج دەچێتە ناو چەمـچـەماڵ لەرێگا گومرگی دەکەن، کـابرابەک دووکیلو شەکری پێ یە دایدەگرن، ئەو رۆژە بەتەمابوون خۆنیشاندان بکەن، ئێمە گوتمان قەی ناکا ئێمە دەچینە لای پارێزگار، غەدرەکە ئەوهایە بەووردی مامۆستا جەلال گۆتی لەدهۆکەوە شتمان بۆ دێ ناگاتە کەرکووک، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنسبەت منەوە بەبۆنەیەکی باشی دەزانم بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەیە، لەبەر ئەوەی پارێزگاکان بەگشتی لەرووی بەڕێوەبردنەوە بەندن بەوەزارەتی ناوخۆوە. من شتێکم نییە بیخەمە سەر ئەو درێژە پێدانانەوە، کاک سیروان ومەلامحەمەد تاهیر وکاک جەلال وبرادەران کە ئاماژەیان بۆ کرد، موعاناتی خەڵکی کەرکووک وگەرمیان زۆر زۆرە گەیشتە ئەو وەزعە پێویستە ساڵی(٩٩٤) ببێتە ساڵی گرنگی دان بە خەڵکی کەرکووک و گەرمیان و ئەوە دەبێ بخرێتە نەخشەی وەزارتی ناوخۆ و هەروەها نەخشەی ئەنجوومەنی وەزیران و گرنگییەکی تایبەتی بێ لەلایەن پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کەرکوک و گەرمیانی یەکان زۆر ئازار زەدە بوون، ئەو معاناتانەش بێ چارە کردن، بە سلبی دەکەوێتەوە، وخۆتان باش دەزانن پێشی چەند هەفتەیەک خۆنیشاندانێکی گەورە لەلایەن ئاوارەکانی کەرکووکەوە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیران کرا، ئنجا لەبەر ئەوەی بەرای من مەسەلەی دانانی نەخشەیەک وگرنگی دان لەلایەنی ئێمەوە بۆ ئەو بابەتە زۆر زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی فرسەتێکی باش بوو بابەتی پارێزگاری سلێمانی و کەرکووک هاتە پێشەوە، دیارە کێشەیەکی گەورە هەیە، هەموولایەک باسیان کردووە لە نێوان کێشەکەشدا هەندێ بکێش، بکێشیش هەیە، لەنێوان هەردوو پارێزگا. لەنێوان ئەو بکێش بکێشەشدا خەڵکێکی زۆر سەرگەردان و بێزاربوون وەکو خەڵکی ئەوبەری ئاوی تانجەرۆ لەدەشتی شارەزوور، نزیکەی(٧٠) هەزار کەسی تێدا دەژی کەپارێزگای کەرکوک بەهی خۆی دەزانێ، پارێزگای سلێمانی دەڵێ عائیدی ئێمەیە، سەر بە هیچ کامیشیان نییە وهیچیان لێیان ناپرسنەوە، هەتا گومرک هەبوو لەسەر (پردی قەرەگۆڕ) هەر دووکیان گومرگیان دانا لەوێ، ئێستاکە گومرگەکە نەما لەوێ هەتا پاسەوانی (پردی قەرەگۆڕ)یش نەماوە لەم رۆژانە کۆمەڵێک دز رۆیشتن (پردی قەرەگۆڕ) ببرنەوە کە لەسەر ئاوی تانجەرۆیە هەندێ خەڵکی عەشایر گرتبوونیان وکەرەستەکانیان لێ سەندبوون، دەبێ ئەمە چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رەنگە ئەم کێشەیە هەبێ لە نێوان پارێزگای سلێمانی و کەرکووکدا، بەلام ئەو برادەرانە، بەرای من دەبوایە بۆ ئەو کێشەیە بەشەخصی لەگەڵ هەردوو پارێزگار دانیشتبانایە لەوێ بەتێرو تەسەلی باسیان کردبایە کە ئەم چۆنەو چۆن چارەسەر دەبێ؟ ئنجا پاشان هەر ئەوان وایان بکردایە لە

هەردوو پارێزگا و نوێنەرانی پەرلەمانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کۆببنەوە. چونکە ئەو شتانە بەکردەوە دەکرێ بەنەزەری دەتوانین شت بلێین وبەس، ئایا بەکردەوە دەکرێ؟ دەبوایە لەگەڵ ئەوانە کۆبوونەوەیان کردبا ئنجا بهاتبایە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانیش بە تێرو تەسەلی لێی بکۆڵیباوە، ئینجا بهاتبایە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلە پارێزگار نییە.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نا، ئاخر مەبەستم ئەوەیە شتەکە وا هاتۆتەوە. بەڵێ بەهەر حاڵ، پارێزگاری سلێمانی هاوکاری پارێزگای کەرکووک ئەکات بۆ چارەسەرکردن کێشەکانی نەک تەنگ وچەڵەمە دروست کردن، رێک خراوە بیانییەکان بەهۆی ئەوەوە دێن بۆ سلێمانی و لەوێوە یارمەتی کەرکوکیش ئەدەن. پارێزگاری سلێمانی زۆر شتی کردووە، لەبەر ئەوە ئەبێت ئێمە نەختێ ویژدانمان هەبێت نەختێک بزانین چۆن قسەکان ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە مەسەلەکە نەخرێتە قالبی پارێزگاری کەرکوک یان پارێزگاری سلێمانی، گیروگرفتەکە لە لانی ئیدارییەوەیە، گیروگرفت دەربارەی پارێزگای کەرکووکیش هەیە، پارێزگای کەرکووک گرفتی لەگەڵ مەرکەزیشدا هەیە، کەباسی باخی بەختیاریش ئەکەن مەسەلە هەر ئەوە نییە هەندێک باج وەرئەگرن لەو شتانەی کە بۆ چەمچەماڵ یان بۆ دەربەندیخان یان بەرەو خوار ئەڕوات، ئێستاکە ئێوە ئەزانن گومرگ یەک گرتووە ئەگەر شت بچێتە خوارەوە گومرگی چەمچەماڵ هەیە، گومرگی کفری هەیە، بەڵام گرفتەکە خاڵی باخی بەختیارییە، هەرشتێ لە باخی بەختیاری بەرەوخوار بڕوات گومرگی لێ وەرئەگیرێت.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر چوینە ناو درێژە پێدانەوە هەر چیەکیش بلێین لەدەردو ئازاری کەرکووک و ئاوارەیی و قوربانیدان وبێ وەزعی خەڵکی کەرکوک هەر تەواو نابێت، تکای من لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ لەچەند خاڵێکا کۆ ئەبێتەوە، یەکەمیان بەڕێوەبردنە تا ئێستا بەڕێوەبەریەتی وبەش ولقەکانی دەزگاکانی کەرکوک نەیان توانیوە دروستی بکەن و دروست نەبووە ونەیانتوانیوە دەوری خۆیان ببینن. دووەم پشتگوێ خستنی وەزعی پارێزگای کەرکووک لەلایەن بەڕێز پارێزگاری سلێمانییەوە

هەیە، ئەمە تکایەکە کە ئەم وەزعە نەمێنێ، بتوانێ وەکو خۆی دەورببینێ وەکو لقێک، نەوەکو ئەوەی کەوا پارێزکاری سلێمانی بەشی کەرکوکیش بنێرێ.
٣) هەوڵدان بۆ دروست بوونی لقەکان، لقی رێکخراوەکان لەکەرکووک، بەشەکەی لەسلێمانی لەهەولێرەوە بۆی بچێ.
٤) وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد دروست کردنەوەی دێهاتەکانی گەرمیان ئەویش بەهەموومان بە حکومەت و، بە پەرلەمان و خەڵکەکەوە ، باساڵی(١٩٩٤) ببێتە ساڵی دروست کردنەوەی گەرمیانی وێران بوو، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەپار لیژنەیەکیان لێرە دامەزراند(لیژنەی ئاوارەکانی کەرکوک) بەڕێزتان بڕیارتان لەسەر ئەوەدا و هەشت کەس لەو لیژنەیە دانران چوار لەکتلەی زەردو چوار لەکتلەی سەوز ئێمە بۆ ماوەی حەفتەیەک گەڕاین بەناو هەموو کوردستاندا وەزعی ئەو ئاوارانە، وەزعی ئەو کەرکوکیانە، هەموویانمان کردە راپۆرتێکی زۆر تێرو تەسەل و لێرە لەم هۆڵەدا ئەو راپۆرتەمان خوێندەوە، بەڵام بەداخەوە لێرە هیچ گرنگییەک بەراپۆرتەکەمان نەدرا، ئەوە بوو پەیوەندیمان بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە کرد، لەوێش ئەو شتانەمان خستەڕوو، بەڵام بۆ کەرکووک هیچ شتێک لەسەر ئەو راپۆرتە نەکرا، هەر ئەوەش بوو پاش ماوەیەک هەمان لیژنە داوامان لێکرا کە بڕۆین بۆ قوشتەپە ئێمەش بڕیارمان دا کە نەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس گەلاوێژ خان، ئەو راپۆرتە راستە لێرە خوێنرایەوەو راسپاردرا کە بدرێ بەئەنجوومەنی وەزیران، ئێمەش ئەو راپۆرتەمان نارد بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، لێرە دووشت هەیە، یەکێک ئەوەیە کە ئەبێت لیژنەی ئاوارەکان خۆیان موتابعەی ئەو راپۆرتە بکەن، لەلایەکی تر زۆر لەپرسیارەکان کە ئاراستەی وەزیرەکانی ئەکەن زۆریان دووبارە ئەبنەوە، پێش چەند رۆژێک دیسان کۆمەڵێک پرسیار هاتبوو هەندێک لەو پرسیارانە پەیوەندییان بە ئاوارەکانەوە هەبوو، مانای وایە ئەو راپۆرتە وەکو گەلاوێژ خان ئەڵێت زۆربەی خاڵەکانی دیارە جێ بەجێ نەکراون و، دەبێ لیژنەی ئاوارەکانی ناو پەرلەمان موتابعەی ئەو راپۆرتە بکەن و وەکو ئەندامانی پەرلەمانیش بەگشتی و تایبەتی لەگرفتەکانی خەڵکی کەرکووک و گەرمیان بتۆژنەوە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ مەسەلەی ئەو تەقینەوەیە و ئەو لیژنەیە، برادەران ئاگادارن بەیەکەوە ئێمە نەک جارێک دەتوانین

بلێین زیاتر لەدە جار سەردانی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و پسپۆڕانی ئەو ڕاپۆرتەمان کردووە، لەڕاستیدا هیچ بایەخێک نەدرا، ڕێکخراوەکانمان کۆکردەوە ودانیشتنمان لەگەڵیاندا کرد، سەردانمان کردن، چووینەوە خزمەت سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دانیشتنی تایبەتیمان لەگەڵا کردن، ئەوە نەچووینەوە لەخۆمان بێزار بووین، لەدواییدا ئومێد بڕ بووین و بۆ خۆمان بێ دەنگ بووین وبڕیاریشمان دابوو بۆ بابەتی قوشتەپە خۆمان تێکەڵ نەکەین و نەچین، چونکە ئاکامێکی وامان نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بێ ئومێدی باش نییە، واهەست ئەکەین ئیتر ئیشی ئەندامان بەدواداچوون وچاودێری کردنی ئەو بابەتەیە. فەرموو مامۆستا عەلی.

**بەڕێز عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران باسی زۆر شتیان کرد، بەڵام حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەوا دەوری پارێزگای کەرکووک خۆی چییە لەمەسەلەکەدا؟ بەڕاستی برادەران وەکو بلێی پارێزگای کەرکووک هەر وجودی نەبێت، وجودی هەیە، بەڵام هەبوونەکەی بچووکە بەهۆی ئەو کەم وکوڕیانە کەپەیوەندییان بە ناوەندەوە هەیە نەک بەپارێزگای کەرکووکەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا زۆر بەدرێژی باسی لێ وەکرا، من بێگومان لەگەڵ ئەو برادەرانەدام کەباسیان کرد بەبۆچوونی من زۆر لەو کێشانەن هەر لە پارێزگای کەرکووکدا نین لەزۆر جێگەی دیکەشدا هەنە، بەڵام بێگومان کەرکووک دۆخێکی تایبەتی هەیە، و دەبێت بەچاوێکی تایبەتیش سەیر بکرێت، بەڵام بەبۆچوونی من خاڵێکی بنەڕەتی هەیە کە لەلانی یاساییەوە ئێمە کاتی خۆی کەپارێزگای کەرکووکمان داناوە سنووری ئیداریمان بۆ دەست نیشان نەکردووە کە ئەبێت بەقانوون بێت، وإتا تەنیا پارێزگاکەمان پێک هێناوە لەسەر بنەمایەکی کۆن، ئەو بۆ چوونەی کاک د.عیزەدین و تارادەیەکیش ئەوەی کاک شەوکەت هەتا رادەیەک ڕاستن و بەڕای من بەتەنیا سنووری ئیدارەی دیاری کات بەرپرسی یەتیش دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان کێشەی کەرکووک لە کێشەی هەموو ناوچەکانی تر ئاڵۆز ترە، هۆیەکانیشی ڕوون و ئاشکران بەشی زۆری دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان لەشوێنەکانی خۆیان هەڵکەنراون، لەبەر ئەوە چارەسەرکردنی کێشەکانیان زەحمەتترە وەک لەکێشەی ئەوانی تر کە هەر لەناو کوردستان

دەربەدەرکراوون، ئێستا وورده وورده ئەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، کێشەی کەرکووک ئێمە ئەگەر تێی بڕوانین دوو جۆرە، جۆرێکیان چارەسەر کردنی بەدەست خۆمانە ئەویش ئەوەیە کەوا بەهاریکاری لەنێوان هەردوو پارێزگاری سلێمانی و کەرکووکداو هەروەها بەیاریدەی وەزارەتی ناوخۆ وئەنجوومەنی وەزیران ئەتوانرێت چارەسەر بکرێت و ئەوەندەی پەیوەندی بەپەرلەمانەوە هەیە، ئەو پێشنیازە کەوا مامۆستا عەدنان نەقشبەندیی کردی کەبتوانرێت سنورەکان دیاری بکرێن بەپێی یاسایەک تاوەکو پارێزگاری کەرکووک بزانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەر ئەو لیژنەیەی پار دامەزرا، ئەوەی کەوا گەلاوێژ خان ئاماژەی بۆ کرد، ئەوانە باجارێکی تر تەکلیف بکرێنەوە بۆ ئەوەی بچن بۆلای پارێزگای کەرکووک و هەروەها هی سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆ تابزانین ئەو کێشانەی کەوا لەسنوری دەسەلاتی ئێمەدا نین چۆن جێبەجێیان بکەین وهەنگاو بنێین؟ سوپاس.

**بەڕێز یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی/وەزیر ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کەبرایان لەسەر گیروگرفتەکانی ناوخۆ دوان هەندێکی ڕاستن، وەزارەتەکانی تر پەیوەندن بەئێمەوە، لەکۆنگرەی پارێزگارەکان لەوەزارەتی ناوەخۆ لەخاڵەکانی نێوان پارێزگاکان گفتوگۆیان لەسەر کرا بریار درا هەردوو پارێزگا موخەول بن لیژنەیەکی ڕێک و پێک لەژێر سەرپەرشتی ئەوان دابنێن ماوەیەکی کورت پێشنیارێک، پرۆژەیەک مان پێش کەش بکەن لەدەست نیشان کردنی سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکووک کەبەداخەوە هەتاکو ئێستا بەدەستمان نەگەیشتووە، بەلای منەوە گرفتە سەرەکی یەکە ئەوەیە.

هی دووەم ئەم وورده گرفتانەی کەهەش بوون دیسان داوامان کرد لەهەردوو پارێزگار کەپێکەوە دابنیشن ئەگەرچی هەبێت زوو بە زوو پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن گیروگرفت لەنێوانیان نەهێڵن، هەندێ کەم و کووری کە هەیە لەوانەیە لەهەمووپارێزگاکانی تریش دا هەبێت ئەم مەسەلەیەش لای هەموومان روونە مەسەلە باری ئابووری بووە، بەڵام پارێزگای کەرکووک کەوەکو کەسایەتییەکی ئیداری و مەعنەوی ئەوانەی پێ نەدراوە بەلای منەوە وەنییە، تاکو ئێستاش ئێمە ئەوە چەندین جارەو بۆ چەند مانگ دامەزراندن ڕاگیراوە. بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران پارێزگای کەرکووک هەمیشە کراوەتەوە، هەرچی داواکاریان بووە بەپێی توانا ئێمە ناڵێین هەمووشتیان بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی لەتوانادا بووە بۆیان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر باسی ئەم خاڵە کرا، وابزانم وەڵامەکەشی روونە. پێشنیارەکە .ئەوەیە کە ئەم بابەتەی لێرە باس کرا لەلایەن لیژنەیەکی ناو پەرلەمانەوە لێی بکۆڵدرێتەوە. ئیتر ئەو لیژنە خۆی بەبەرژەوەندی بزانێت پێش نووسینی ئەو ڕاپۆرتە سەردانی هەردوو پارێزگا و سەردانی ناوچەکە بکات لەخۆیەوە ئەو ڕاپۆرتەی خۆی پێشکەش کات بۆ پەرلەمان، پاشان بابزانین چ بریارێکی لەسەر ئەدەن. چەن

باسی کەم و کووری بکەین هەر کەمە، بەڵام وادیارە لەبەر ئەوەی پارێزگایەکی نوێ یە شتەکانی تۆزێک بەرچاوە، زیاتر باسی سنوورتان کرد وابزانم وەختی خۆی ئەو شارانەی کە ئەکەونە ژێر دەسەڵاتی پارێزگای کەرکووک روونە، قەزای چەمچەماڵە، دەربەندیخانە، کەلارە، کفرییە، خانەقینە ئەمە(٥) قەزا کەئێستاکە لەژێر دەستی خۆمانە حدودی ئەوقەزایانەش وابزانم بەنەخشە دیارکراون، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە، زیاتر لایەنگیری ئەوەین کەلیژنەیەک پێک بێت نوێنەرانی گەرمیان و کەرکووک نوێنەری لیژنەی ناوخۆشیان لەگەڵا بێت، ئەگەر ئەوە بەباش ئەزانن دوایی ئێمە لەگەڵ هەردوو فراکسیۆن قسە ئەکەین بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی خۆیان دەست نیشان بکەن تاکو دەست بکەین پەئیش.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەراستی دا من نازانم بابەتی ئەو لیژنەیە چی یە؟ چی ئەتوانێت بکات؟ چونکە ئەو خوشک و برادەرانەی کە لە لیژنەکەدا بوون ئێستا باسیان کرد راپۆرتێکی زۆر دوورودرێژیان باس کردووە لەوانەیە وەکو گوێم لێ بوو گەلاوێژ خان گوتی زۆر لەو خاڵانەی کەئێستا باس کران لەهەمان راپۆرت تائێستا هیچی بۆ نەکراوە،من نازانم ئەگەر بمانەوێ هەر لیژنەیەک بنێرن، واتا ئێمە باموتابەعەی ئەوە بکەین ئەوە چی کراوەیان بۆ نەکراوەو؟ ئەوە رای تایبەتی خۆمە حەزدەکەم کار نەکاتە سەر رای برادەران ئەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقی عەبدوڵلا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پار ئێمە لیژنەیەک بووین چوین بۆ گەرمیان دەربارەی شمەکی خۆراکی ولایەنی ئابووری بەیەکەوە راپۆر تێکی تێرو تەسەلمان پێشکەش بەجەنابتان کردو، هەتا لەناو هۆڵی بەرلەمان نەخوێندرایەوە وهەلگیرا، هەر بۆ هەلگرتن بوو بەس، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی لیژنەی ئاوارەکان، وەکو گەلاوێژخانیش باسی کرد ئێمە پێش ئەوەی دست بەئیش وکارەکانمان بکەین، پار مانگی(١٠) بوو چووین بۆ سەردانی بەڕێز د. فوئاد مەعصوم کە ئەو کاتە سەرۆکی کابینەی یەکەم بوو، وتمان ئێمە لیژنەیەکین بەو مەبەستە ئەچین بۆ لێکۆڵینەوە لەباری ئاوارەکانی کەرکووک و گەرمیان، تاچ رادەیەک وەکو حکومەت ئەتوانن یارمەتیمان بدەن؟ ووتی بچن دەست بەکار بن ئێمە لە(٤) ملیۆنەوە بۆ(٥) ملیۆن دینار ئەتوانین هاوکاریتان

بکەین، ئێمە کەوتینە گەڕان بەناو ئاوارەکان هەر لەسیروان وزەمەقییەوە بیگرە تا سنووری دیانە، گفتێکی زۆرمان دا بە ئاوارەکانی گەرمیان کە کۆیان ئەکەینەوە و ئەوەیان بۆ ئەکەین و ئەمەیان بۆ ئەکەین، راپۆرتمان پێشکەش کردو، کەوتینە دوای راپۆرتەکەش، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ئنجا من لەو باوەڕەدام کەئەگەر جارێکی کەش هەستین و گفت بدەینە خەڵک هیچمان بۆ نەکرێت، ئەوسا ئیتر زمانمان نا بێت لەگەڵ خەڵک قسە بکەین، من داوای دامەزراندنی کابینەی دووەمیش وەکو پرسیارێک ئاراستەم کرد، بەڵام وەڵامی نەبوو، نازانم پرسیارەکەم چی لێ هات، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیورن ئەگەر تێبینیتان کردبێت لە گفتوگۆ کردنی بابەتەکەدا مەسەلەی ئاوارەکان نییە، ئەو برایە کاک سیروان کەبابەتەکەی وروژاند لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان پارێزگاری سلێمانی و کەرکووک، وەزعی پارێزگاری کەرکووک کە کیانێکی تەواوی بۆ دانەنراوە، سەربەخۆییەکی تەواوی نییە لەوە هەندێ کێشە پەیدا ئەبێت مەسەلەی گومرگی باخی بەختیاری و وەزعی نارەوای ئابووری وەکو مامۆستا مەلا تاهیر باسی کردو، پەروەردە، کەواتە بابەتەکە هەر بابەتی ئاوارەکان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانە دیارە ئەیانەوێت قسە بکەن دیسان، تکایە ئەگەر هەر وەڵامە وبۆ لیژنەی ئاوارەیە گرفتێک نییە.

**بەڕێز د. فایەق محەمەد گوڵپی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەک پێشنیارم هەیە ئەگەر لیژنەکان دروست کران لەشێوەی دروست کردنی لیژنەکە، پێشنیار دەکەم نەک تەنها نوێنەری لیژنەی ناوخۆ ونوێنەری لیژنەی ئاوارەکانی تێدا بێت، بەڵکو نوێنەرانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان لەو لیژنەیە دابێت بۆ ئەوەی ئەندامانی تری پەرلەمان لە پارێزگاکانی تر لەشوێنەکانی تر بەچاوی خۆیان معاناتی پارێزگای کەرکووک و خەڵکەکە ببینن لیژنەکەش بەهێزتر دەبێت کێشەکەش زووتر چارەسەر دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە با گفتوگۆ کردن لەسەر لیژنەکە بێت، چونکە وابزانم بابەتەکەمان باس کرد.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو پێشنیارەی کاک عەدنان نەقشبەندیی ئەکەم کەووتی بابگەڕێینەوە بۆ

راپۆرتەکەی پێشومان، ئەوەندەش ئەڵێم ئەگەر کەم و کووری یەکی تێدابوو ئێمە تەواوی بکەین ئەو لیژنەیەی کەدروست ئەبێت بەسەر ئاوارەکانەوە بگەرێت یان بچێتە ناوچەکانی گەرمیان، چونکە ئەو کارەیان کردووە و ئێستا چاوەرێی ئەنجام دەکەین، واتا شتێک دووبارە نەکەنەوە کەساڵی پار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من زۆر سوپاسی بەڕێز د.کەمال ئەکەم کەهەمیشە رایە باشەکانی جێگای ریزو سوپاسی ئێمە نە، لەراستیدامن دیمەوە سەری، چونکە بابەتەکە زۆر بەبلاوی باس کرا، لەبەر ئەوە دیاری نەکرا ماموستا مەلا تاهیر کەباسی کرد لەراستیدا ئەوەندە موعاناتی ناوچەکە زۆرە و جێ ی تەقدیرە باسی زۆر شتی کرد، لەبەر ئەوە بابەتەکەی برادەران زۆر شتی تێ کەوت کاک سیروان کاکەیی ش کەقسەی کرد، چونکە ماوەیەکی کەمە هاتۆتە ناو پەرلەمانەوە وەکو بریکاری پارێزگاری کەرکووک قسەی کرد، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان قسەی نەکرد و ئەوەش جێی خۆیەتی، چونکە لەوێ ئەویش موعاناتی هەبووە بێگومان منِ دووبارە دەگەرێمەوە سەر قسەکەی خۆم وبۆ وەڵامی ئەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن قسەی لەسەرکرد من لەگەڵ ئەوەم (١) لەناو لیژنە دووشتی سەرەکی باس کرا یەک چوونە ناویەکی پسپۆرایەتییەکان یان دەست خستنە ناو کاری یەکتری لەنێوان پارێزگارەکان، (٢) ئەو وەزعەی کەجەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی نموونەی هێنا کەبانق نییە یان فلان شت نی یە، بەبۆچوونی من چ پارێزگاری سلێمانی یان کەرکووک دەسەڵاتی خۆی لەو یاسایە وەردەگری کەهەیەتی، واتا یاسایێک نییە دەسەڵات بدات بە پارێزگاری سلێمانی یان پارێزگاری کەرکووک ، ئەگەر کەم وکووڕی هەبێ حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر میللەت و بەرامبەر بەئێمەش کەشتەکان جێ بەجێ بکات، ئێمە لەناو پەرلەمان لیژنەی ناوخۆمان هەیە هەر چونێک بێت لیژنەکە بەرپرسیارە لەو شتانە با چارەمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جاچی بکەین؟ وابزانم کاری ئەندامانی پەرلەمان دیارە، ئێستا مەسەلە لیژنەکەیەو وابزانم بۆ هەردوو فراکسیۆن ئەوە روونە.. کاک ماموستا مەلا محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانەی لەلیژنەکە دا بوون باسیان کرد، لیژنەکە شتێکی نەهێشتۆتەوە وەکاک عەدنانیش باسی ئەوەی کرد، کەبەراستی ئەوەی بچێ بەشتی تازەوە نایەتەوە، ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکە هەموو

معاناتی خەڵکەکەیان لەلای خۆیاندا تۆمار کردووە، ئەزانن چی هەیەو چی نییە، پێویست بەوە ناکات ئێمە لیژنەیەک دروست بکەین ودیسان بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک نەژاد باشی بۆچوو کە مەسەلە گرفتی پارێزگای کەرکوکە نەک ئاوارەکان، بەڵام واخەریکە گرفتەکە گەورەتر دەبێ گرفتی ئاوارەکان و شتی کۆنیش هەڵیان دایەوە، بەرای من لیژنەیەک لەپەرلەمانتارانی کەرکووک پێک بهێندرێ رەنگە بەشێک لەگرفتەکە چارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوەم لیژنەیەکی تایبەتی پێک بێت و لەبەر ئەوەی کێشەکانی کەرکووک هەر هینی ئاوارەکان نییە کۆمەڵێک گیروگرفتیان هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کەساڵی ١٩٩٤ بکرێتە ساڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی پارێزگای کەرکووک، داوا دەکەم لیژنەیێکی تایبەتی بێت و زۆر ئەتوانێ یارمەتی پەرلەمان وحکومەت و وەزارەتی ناوخۆ بەتایبەتی بدات، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان من درێژەی نادەمێ، بەڵام ئەسلی پرسیارەکە لەسەر بەیەکداچوونی دەسەڵاتەکانی پارێزگای کەرکووک و سلێمانی یە و ئەوەش لیژنەی بۆ دابنێین بۆ نرخ، بۆ لیژنەی ناوخۆ دانەنێین؟ لیژنەی پەرلەمانی بۆی هەیە ئەمە نەکاتن چەند کەسیان بچن بەکارەکە هەستن ئەگەر ئەوان نایکەن لیژنەکە بۆ چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جەخت لەسەر ئەو بۆچونەی کاک عەبدولخالق ئەکەمەوە کەوا لیژنەی ئاوارەکان پار بەدەوری خۆی هەڵساوە، واتا ئەو دەستەیەی گەنمی دابەش کرد جێی خۆی بوو، ئەمساڵ ئەو لیژنەی کەدروست ئەبێت لیژنەیەکی پسپۆڕ بێت وەکو کاک سەید حەسەن وتی بائەوەی ناوەخۆی تێدا بێت پێم باشە ئێمەش وەکو برادەران هەموو هەست ئەکەن گرفت لەنێوان پارێزگارەکاندا نییە گرفتی لەنێوان پارێزگایە، واتا پارێزگای کەرکوک نازانی بەشی خۆی لەکوێ وەرئەگرێ وەکێ ئیدارەی ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

بەراستی ئەگەر مۆڵەتم بدەن من شتێکی نیزامیم هەیە، ئێستاکە رۆژانی سێ شەممە، واتا دیاردەیەکی زۆر غەریب دەبینم وەزیری تایبەتمەند کەپرسیارەکانی ئاراستە دەکرێت ئەو پێشنیارەی کەهەیە جارێ تەواو نەبووە هەریەک لەوەزیرەکان هەر یەکسەر هەڵدەستن و لێرە نامێنن، ئەو وەزیرانەی کەلێرە ئامادە دەبن من پێم باشە لێرە هەموویان بمێنینەوە تادانیشتنەکە تەواو دەبێت ئێستا ئەوشتانە کەلێرە باسی کرا کێ ئەوانی لێ ئاگادار دەکاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

کاک ئەیاد، جارێ ئەمە پرسیار نەبوو بۆ وەزیر، بەڵام رۆژی سێ شەممان تەنها وەزیر لەسەریەتی بەرەسمی وەکو نیزامیش ئەو سوئالانە وەڵام بداتەوە کەپێی ئەگات، واتا ئەو دوو وەزیرەی کە هاتبوون ئەمرۆ هەریەک وابزانم دوو پرسیاریان بەرکەوتبو هەردووکیشیان وەڵام دایەوە، داوامان لەوەزیری ناوخۆ کرد تەنها تۆزێک رابوەستێ بۆ ئەوەی گوێ لەو گیروگرفتە بگرێت، چونکە هەندێکی پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، ئەوە بوو گوێی گرت و مۆڵەتی وەرگرت کەبڕوات. کە پرسیاریش کرا و وەزیر وەڵامی دایەوە ئیتر وەزیر دەربەست نییە چی تر بمێنێتەوە ئەگەر شتێکی گرنگ نەبوو، لەبەر ئەوە واهەست دەکەم ئەو بابەتە پەیوەندی بەوەزیرەوە نەبوو.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مــــەجــــیـــد:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

واتا مەسەلەکە لای بەڕێز یونس رۆژبەیانی نییە، ئێمە تێبینی دەکەین هەموو وەزیرەکان وان. واتا کەپرسیارەکە هێشتا بەشێکی ماوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن:**

کاک ئەیاد، کەپرسیارەکە تەواو بوو، وەڵام درایەوە، ئەوان داوا ئەکەن هەڵسن، ئەگەر شتێک نییە، چونکە دەوامیان هەیە وناچارن بڕۆنەوە بۆ دەوامی خۆیان. ئەگەر پێویست بوو رادەوەستن، واتا زۆر جار رایان ئەگرین و ئەڵێین بابەتەکە تەواو نەبووە، بۆ نموونە لەوەزیری تەندروستی، دووپرسار کرابوو کە وەڵامی دانەوە ئیتر لێرە چی بکات؟ ناچارە بڕواتەوە، ئەوەی کەئێستا باسمان کرد ئەمە تازە بابەت بوو، تەنیا بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو بابەتە چییە، پوختەکەشی ئەوەیە کە ئێستا هەموو لایەک هەستی پێ دەکەن، ئەبێت لیژنەیەک پێک بێت، بۆ ئەو لیژنەیەش خراپ نییە، ئەگەر تەرکیز لەسەر برادەرانی کەرکوک و گەرمیان و لیژنەی ناوخۆ بکرێت، ئەگەر هەردوو فراکسیۆنیش ئەگەر ناوەکانمان پێ بدەن سوپاسیان دەکەین، وەکو پێشنیارێکیش بۆ ئەو لیژنەیەی کە دروست ئەبێت، راپۆرتی لیژنەی ئاوارەکان ئەوەی کەباس کرا ئەوە ببی بەوەرقەیەکی کار ولەژێر

دەستیان بێت، تا پیابچینەوە چ کراوە وچی نەکراوەو، چی ئەکرێت جگە لەوەی کەئێستاکە باس کرا.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راکەی من وبەڕێز کاک د.کەمال روون بوو. گوتمان ئێمە ئەگەر مەسەلە لیژنە بێت ئەوە گرفتە خۆم لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا نیم، ئەگەر لیژنەی ناوخۆ بیکات باپشت بەبرادەرانی گەرمیان ببەستێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێنەری لیژنەی ناوخۆ نایکات، با نوێنەری لیژنەی ناوخۆشی تێدا هەبێت، چونکە ئەو مەسەلەیە زۆری سەر بە لیژنەی ناوخۆ نییە، گیروگرفتێکە ئەو خەڵکە هەیەتی، عایدی ئەندامانی پەرلەمانە، لەوێ ئەوان زیاتر لەهەموو کەسێک رۆژانە پەیوەندییان بەو خەڵکەوە هەیە وکێشەکە ئەزانن چییە، لەبەر ئەوە کاتی خۆی راپۆرتێک ئامادە کراوە و ئەو راپۆرتە زیاتر پەیوەندی بەئاوارەکانەوە هەبووە وخاڵێکی زۆر گرنگە، کە لە ناوچەی کەرکوک زیاتر لە(٣٠٠ ـ ٤٠٠) هەزار ئاوارەمان هەیە، جگە لەوە هەندێ کێشە هەیە کەپەیوەندی بەخودی کێشەی ئیداری و ناوخۆوە هەیە بۆیە دەبێ نوێنەری لیژنەی ناوخۆشی تێدا هەبێ، پێکەوە بەڵکو راپۆرتێکی تەواویان بۆ ئامادە بکەین و، بابیخەینە گفتوگۆ کردنەوە، پاشان چ بڕیارێکی لەسەر ئەدەن ئەوە جێ بەجێ ئەکرێت.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە گرنگ ئەوەیە لیژنەیەک هەبێت کەیەکەم کاری دەست پێ بکا کەوا لەمەسەلەکان بکۆڵێتەوە، بپرسێ بزانێ بۆچی ئەوانەی پار جێ بەجێ نەکراون؟ بیروڕای ئێمە ئەبێت لەپاوێزگارەکانەوە دەست پێ بکات لەوەزارەتی ناوخۆوە دەست پێ بکات، ئەمانە ئەگەر هەروەها بەدەستی خالی یەو بچنەوە ناو ئاوارەکان دیسان لێیان بپرسنەوە و بزانن وەزعیان چۆنە و چۆن نییە، وابزانم جێگای باوەڕ پێکردن نابن ئەبێ جارێک بچن بزانن بۆچی ئەو مەسەلانە جێ بەجێ نەکراون لەبەرچی یە؟ ئنجا راپۆرتێک لەسەر ئەوە دەنوسن بۆ ئێمە، وبەدوایەوە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، پێشنیارەکەش بەو شێوەیەیە، راپۆرتی لیژنەی ئاوارەکانی ناو پەرلەمان ببێت بە بەرنامەی کارو لەژێر دەستیان بێت، پیابچنەوە وبزانن چ راپەڕێندراوەو چ جێبەجێ نەکراوە، ئەوەی جێبەجێ

نەكراوە برۆن موتابعەی بكەن و برۆن بۆ پارێزگاكە، بۆ كەركووك و بچن بۆ سلێمانی، ئیشیان ئەوەیە كە چارەسەری ئەو گیروگرفتە بكەن كەئێستا پاش دروست بوونی ئەم دوو پارێزگایە پەیدا بووە. كێ لەگەڵ ئەەیە ئەو لیژنەیە بەو شێوەیە بێت؟ دەست بەرزكرایەوە.. كێ لەگەڵ نییە؟ دەست بەرزكرایەوە ... بەزۆربەی دەنگ ئەو لیژنەیە پێكهات. جا هیوادارم ناوی نوێنەرانی هەردوو فراكسیۆنمان پێ بدەن لەگەڵ لیژنەی ناوخۆش بۆ ئەوەی بەزووترین كات دەست بكەن بەئیش وكاریان، تا ئەوەی پێویستیشە لەلایەن سەرۆكایەتییەوە ئێمە ئاسان كاریی بۆ بكەین وبەمەش دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو ئەبێت. سوپاستان دەكەین.

سبەی سەعات(١٠) ئەگەرێینەوە بۆ تەعریفەی گومرگی، بەڵام ئەگەر كاك د.كەمال وكاك عەدنان كەرم بكەن و بۆ چەند دەقیقەیەك تەماشایەكی بكەنەوە لەگەڵ لیژنەی ئابووریدا.. سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆكی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)

## یەک شەممە رێکەوتی ١٢/١٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- پالاوتنی بەڕێز شالاو عەلی عەبدوللا لەجێگەی بەڕێز د.خەسرۆ گول محەمەد، لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە.***

***٢- پالاوتنی بەڕێز عیدۆ بابەشێخ لەجێگای د.خەسرۆ گول محەمەد لە لیژنەی کشتوکال وئاودێریدا.***

***٣- بەرچاوخستنی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە چوونی وەفدی پەرلەمان بۆ کۆنفراسی برۆکسل.***

***٤- بەرچاوخستن وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای باجی گومرگ.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان... دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی ئیمرۆشمان چوار خالە:

خالی یەکەم: بەڕێز کاک شالاو عەلی عەبدوللا لەجێگەی بەڕێز کاک د.خەسرۆ گول محەمەد بۆ ئەندامەتی پەرلەمان لەلایەن کتلەی سەوزەوە پێشنیار کراوە.

خالی دووەم: بەڕێز کاک عیدۆ بابە شێخ دێتە جێگای کاک د.خەسرۆ گول محەمەد لە لیژنەی کشتوکال وئاودێریدا.

خالی سێ یەم: ئەو لیژنە پەرلەمانییەی کە سەفەریان کرد بۆ کۆنفراسی برۆکسل ڕاپۆرتێکیان ئامادە کرد بوو، ئەو ڕاپۆرتە ئەمڕۆ عەرزی بەڕێزتان ئەکرێ.

خالی چوارەم: باجی گومرگ، هیوادارم ئەو پێشنیارەی کەپێش ئێستا کرا لەسەر ئەو بنەمایە بڕۆین.

دوایی وەکو جاران تازە بابەت ئەگەر شتێک هەیە با فراکسیۆنەکان بفەرموون پێشنیاری بکەن.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دووتازە بابەتمان هەیە: یەکیان لەبارەی کوردەکانی کەرکووک وموصل وناوچەکانی ترە، کە بەخێزانەوە دێن . لەو بارەوە حەز دەکەین هەندێ زانیاری پێشکەش بەپەرلەمانی بەڕێز بکەین. تازە بابەتێکی تر لەبارەی زەوی شەهیدانەوە لەلایەن کاک قادر عزیزەوە پێشکەشتان دەکرێ، خاڵی یەکەم مامۆستا جوهر پێشکەشی پەرلەمانی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەهەردوو تازە بابەتی فراکسیۆنی سەوز دەکەم، پێشنیاریش دەکەین نەک هەردوو برادەر، بەڵکو ڕێگا بدرێ بەئەندامانی پەرلەمان راو بۆ چوونەکانی خۆشیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووپێشنیاز هەیە، یەکەم: ئەو کوردانەی دەردەکرێن لەکەرکووک وشارەکانی تر کە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی بەغدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بیکەین بەبەرنامەی ئەمڕۆمان؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا بابخرێتە بەرنامەی ئەمڕۆمانەوە.

دووەم: ئەو زەوییەی کەتەرخان کراوە بۆ شەهیدان، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئەمڕۆ باس بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ هەر دوو پێشنیاز خرانە بەرنامەی ئەمڕۆوە.

کاک د.خەسرۆ کارکەناری خۆی ناردووە بۆ پەرلەمان، (فوق العادە) لە١٢/٧پێشنیار کراوە، لەجیاتی کاک د.خەسرۆ گوڵ محەمەد، کاک شاڵاو عەلی عەبدوڵلا پێشنیاز کراوە کەبچێتە جێگای ئەوەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ کاک شاڵاو هاتە جێگای د.خەسرۆ گوڵ محەمەد. پیرۆزبایی لێ دەکەین. ئێستاش کاک شاڵاو بابفەرمێ سوێند بخوات.

**بەڕێز شاڵاو عەلی عەبدوڵلا:**

سوێند بەخوای مەزن دەخۆم بەدڵسۆزییەوە پارێزگاریی لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا رەچاو کراوەکان بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەخێرهاتنی کاک شاڵاو دەکەین وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و هیوادارین سەرکەوتوو بێت.

دووەم: پێشنیار کراوە کە بەڕێز کاک عیدۆ بابەشێخ بچێتە جێگای کاک د.خەسرۆ گوڵ محەمەد لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەویش لەلایەن فراکسیۆنی سەوزەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ کاک عیدۆ بابە شێخ پەسند کرا کە بچێتە جێگای کاک د.خەسرۆ گوڵ محەمەد.

خاڵی سێ یەم: جەنابی وەزیری دارایی لەوانەیە دوای کەمێکی تر بگاتە ئێرە، لەبەر ئەوە تۆزێ

دوا دەکەوین، بەڵام بەرنامەی ترمان هەیە، یەک دوو خاڵمان هەیە، کە دەتوانین پاشە وپێشی بکەین.
خاڵی چوارەم: چەند برادەرێکمان سەفەریان کرد بۆ برۆکسل، با ئەو برادەرانە کەرەم بکەن ئەو راپۆرتە بخوێننەوە کە لەو بارەیەوە ئامادەیان کردووە، پاشان ئەگەر چ تێبینییەیەک هەبوو دێینەوە سەری ئێستا با کاک نەبەز، خوشکە پەریخان، نەهلە خان فەرموون باهەر پێنج برادەر بێنە پێشەوە، چونکە لەوانەیە پرسیار هەبن، کاک سەرکیس کاک د.قاسم ئێوەش بفەرموون:

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەرێز
لەدوای سڵاو رێز..
وا لە خوارەوە کورتە راپۆرتێک سەبارەت بەسەردانەکەمان بۆ دەرەوەی وولات بەمەبەستی بەشداری کردنمان لەکۆنفرانسی برۆکسل ئاراستەی بەرێزتان ئەکەین. کەپێشتریش هەر یەک لەئێمە لەکاتی گەرانەوە بۆ وولات جگە لەپێشکەش کردنی راپۆرتی لیژنەکانی کۆنفرانس لەسەر بوارەکانی تری کاری کۆنفرانس باس وگفتوگۆمان کردووە ولە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنیشەوە ئاگاداری خەڵکی کوردستانمان کردووە. هیوادارین جێگای رەزامەندی بەرێزتان بێت.
ئامادە کردنی کۆنفرانس:
لەسەر پێشنیاری کۆمەڵەی هۆڵەندی-کوردستانیN.K.S وبەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی کوردستانی -فلامی K.F.C وبەپشتگیری کۆمەڵەی ئەوروپیE.C ویارمەتی کۆمەڵەی کنیسەکانی هۆڵەندا«D.I.A»کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ بەردەوامی یارمەتی وکۆمەک وفریاکەوتنی کوردستانی عێراق لەرۆژانی ١٠ـ ١٢/ ١٠/١٩٩٣لەشاری برۆکسل پایتەختی بلجیکا بەسترا لەژێر دروشمی «لە پێناو یارمەتی وپشتگیری بەردەوامی گەلی کوردستانی عێراق»دا.
وەفدی کوردستانی:
ئەندامانی وەفدی کوردستانی عێراق کەلەم کۆنفرانسە دا بەشداریان کرد بریتی بوون لەم بەرێزانەی خوارەوە:

١-د. رۆژ نوری شاوەیس/جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکی وەفد
٢-محەمەد توفیق رەحیم/وەزیری هاوکاری ویارمەتی مرۆڤایەتی.
٣-مأمون نور بریفکانی/وەزیری ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان.
٤-کافیە سلێمان عەبدوڵلا/وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار.
٥-یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال ونیشتەجێ کردن.
٦-نەهلە محەمەد سەعدوڵلا/ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.

٧-پەریخان مەحمود عەبدولقادر/ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.
٨-د.قاسم محەمەد قاسم/ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.
٩-د.نەبەز عەبدولرزاق/ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.
١٠-سەرکیس ئاغا جان/ ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان.
١١-د.پیرۆت ئەحمەد
١٢-شۆڕش
١٣- شێرزاد
١٤-ڕێبەر

بەشدار بوانی کۆنفرانس:

لەم کۆنفرانسەدا بەتێکڕایی نزیکەی سەد کەس ئامادە بوون، لەوانە مەدام دانیال میتران سەرۆکی ڕێکخراوی فرانس لیبەرتی و روبرت هوستون نوێنەری بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی وخاتوو«هایدرم ئالمروک» ی وەزیری داد لە ویلایەتی نیندرساکسونی ئەلمانیا وچەندین ئەندامی پەرلەمان وسەرۆک ولێپرسراوی ڕێکخراوە جیهانیەکان لەبلجیکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، ئەلمانیا، ئەمەریکا، فەرەنسا، سوید، دانیمارک، نەرویج، ئیسپانیا ولێپرسراوی نوسینگەی فریاکەوتنی کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتووی عێراق INCوکۆمەڵێک لەبرایانی پارتی ویەکێتی لەئەوروپا.

وتارەکانی کۆنفرانس:

وتاری بەڕێز خاتوو دانیال میتران
وتاری بەڕێز روبرت هوستون نوێنەری بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا.
وتاری بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی وەفدی کوردستان بۆ کۆنفرانس.
وتاری بەڕێزان سەرۆک ولێپرسراوانی ڕێکخراوە جیهانیەکان.
وتاری بەڕێز وەزیری دادی هەرێمی «نیندر ساکسونی» ئەلمانی خاتوو«هایدرم ئالمروک»

لیژنەکانی کۆنفرانس:

ئەمەو لەم کۆنفرانسە دا شەش لیژنە پێک هێنرا کە بریتی بوو لە:
١-لیژنەی کشتوکاڵ بەسەرپەرشتی بەڕێزان جەمال فوئاد وشۆڕش ئیبراهیم عەبدوڵلا.
لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی دێهات ، تەندروستی ،ئاو، بەسەرپەرشتی بەڕێزان مەئمون بریفکانی و بونی نورمەن.
٣-لیژنەی گواستنەوە وگەیاندن بەسەرپەرشتی بەڕێزان کافیە سلێمان وئیبراهیم شێخ نوری.
٤-لیژنەی پیشەسازی بچووک وبازرگانی ، بەسەرپەرشتی بەڕێزان د.رزگار محەمەد قاسم ومستەفا جاف.

٥-لیژنەی گەشەپێدانی باری کۆمەڵایەتی بەسەرپەرشتی بەرێزان پەریخان مەحمود ومارک ڤاندومیلی.

٦-لیژنەی پەروەدە وفێرکردن، بەسەرپەرشتی بەرێزان د.نەبەز عەبدولرەزاق ود.خەسرۆ شالی ئەندامانی وەفدی کوردستانی عێراق وسەرۆک ونوێنەرانی ڕێکخراوەکانی دیکەی کورد وبیانی وتار ورونکردنەوەکانی خۆیان لەناو لیژنە پێک هاتووەکانی دیاری کراو خستەروو.

دواکاری کۆنفرانس:

لەدوا رۆژی کۆنفرانس راپۆرتی لیژنەکان خوێندرانەوە وگفتوگۆیان لەسەر کرا هەروەها ئەم خاڵانەی خوارەوەش کەوتنە ژێر گفتوگۆ کردن ولێکۆڵینەوە:

١-دانانی سکرتاریەتی هەمیشەیی لەئەوروپا بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ (N.G.O) جیهانی یەکان.

٢-دەرکردنی یاسایەک لەلایەن پەرلەمانەوە سەبارەت بەکارکردنی(N.G.O) کوردی یەکان.

٣-دەرکردنی یاسا وئامۆژگاری لەلایەن حکوومەتی هەرێم بۆ رێکخستنی(N.G.O) جیهانییەکان لەکوردستاندا.

دوابریارەکانی کۆنفرانس:

پاشان کۆنفرانسەکە ئەم بریارانەی خوارەوەی راسپارد:

١-دان نان بەشەرعیەتی دام ودەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢-پێویستە سەرەکیەکانی مانەوەی پاراستنی دوەلی بۆکورد.

٣-لابردنی ئابلووقەی ئابووری لەسەر کوردستانی عێراق.

٤-دانانی بەشێک لەپارەی بلۆک کراوی عێراق بۆ شتومەکی پێویستی کوردستان.

٥-رێکخستن ودابین کردنی رێگای رێکخراوە ئەوروپییەکان.

٦-دامەزراندنی دەستەیەک بۆ نەخشەکێشان وئاودانکردنەوە.

دیدارێکی دوو قۆلی لەگەڵ پەرلەمانی بلجیکا:

دوایی کۆتایی پێ هاتنی کاری کۆنفرانس لەبەیانی ١٣/١٠/١٩٩٣ وەفدەکەمان سەردانی پەرلەمانی بەلجیکای کرد، تیایدا لەگەڵ هەندێک لەئەندامانی کۆبۆوە کە بریتی بوون لە«جیف ئول بیرک»، «میشیل میرتنز»، «ڤان رون پیبی» وبەئامادە بوونی لیژنەی کوردستان وفلامی «مارک ناندومی لی». پێشەکی بەرێز کاک د.رۆژ ووتەیەکی بەناوی وەفدەکە پێشکەش کرد تیادا باسی بارودۆخی کوردستان کرا بەتایبەتی لەرووی ئابووری ورامیارییەوە کە تیایدا هاتبوو کەپێویستە پەرلەمان وحکوومەتی بەلجیکا کار بکەنە سەر نەتەوەیەکگرتووەکان تاکو عێراق بریاری ٦٨٨ جێ بەجێ بکات وئابلووقەی دوولایەنی کوردستان هەڵبگیرێ. پاشان ئەندامانی پەرلەمانی بەلجیکی چەند پرسیارێک یان ئاراستەی وەفدەکە کرد ولەلایەن بەرێزان د.رۆژ ومەحەمەد توفیق وەڵام

درانەوە ئینجا چەند پێشنیارێک کرا بۆ پەرلەمانی بەلجیکی کەچەند پرۆژەیەک پێشکەش بکات بۆ حکوومەتی بەلجیکا بۆ هەڵگرتنی ئابلوقە وهەروەها حکوومەتی تورکیا زیاتر رێگا بدات بە هاتنی یارمەتیەکان بۆ کوردستان ومەسەلەی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ومەسەلەی سەردانی وەفدێکی پەرلەمانی بەلجیکی بۆکوردستان. لەهەمان رۆژدا سەرۆکایەتی وەفدی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکایان کرد وبەڵێنی وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا وەرگیرا بەکردنەوەی مەکتەبی حکومەتی هەرێم لە برۆکسل.

دیدارێکی دوو قۆڵی لەگەڵ پەرلەمانی هۆڵندا:

لە ١٤/١٠/١٩٩٣ وەفدەکەمان سەردانی پەرلەمانی هۆڵەندای کرد وچاویان کەوت بەچەند ئەندامێکی پەرلەمان کەبریتی بوون لە:

«ئایز ڤان ڤیلمن»، «جیرت ڤاک»وە«ئەلڤارو پینتو» کە نووسەرە لەپەرلەمانی هۆڵەندا لەم دانیشتنەش دا باسی وەزعی کارەبا، سوتەمەنی، هەڵگرتنی ئابلووقەی ئابووری لەسەر کوردستان، هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێم وگەلێ بابەتی تر کرا.

دوای ئەمەش سەرۆکایەتی وەفدی کوردستانی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندایان کرد.

سیمینارێک لەئامستردام:

لەشەوی ١٤ـ ١٥/١٠/١٩٩٣لەشاری ئامستردام سیمینارێک ساز کرا کە تیایدا جگە لەوەفدی کوردستانی خاتوو«هانیکا گیلدر بلون» سیناتور لەحزبیD66و«ئایز ڤان ڤیلمەن» ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندی لەحزبی دیموکراتی مەسیحی و«ئیلدر» رۆژنامەنووس ئامادە بوون.

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان دانیشتووی هۆڵەندا ئامادەی ئەم سیمینارە ببوون ودەستەی سەرۆکایەتی سیمینارەکە کە لە بەڕێزان د.رۆژ ومحەمەد توفیق وبەڕێزانی ناوبراو لەسەرەوە پێک هاتبوو وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.

ئەم سیمینارە چەندین کات ژمێری خایاند وتیایدا هەموو لایەنەکانی رامیاری وئابووری وهتد.. کوردستان خرانە بەر باس ولێکۆڵینەوە.

**ئیمزا**

د.نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا پەریخان مەحمود عەبدولقادر

سەرکیس ئاغا جان د.قاسم محەمەد قاسم.

**سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین ئەوە ئەو راپۆرتە بوو کە ئەندامانی پەرلەمان لەبارەی ئەو کۆنفرانسەی کەلە

برۆكسل دا گيرا، پێشكەشيان كرد جا ئەگەر چ تێبينيەك هەيە لەسەر ئەم بابەتە. بانـاوەكان بنووسين.

**بەڕێز د. كەمال عەبدولكەريم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بێگومان چوونى وەفدى پەرلەمان وحكومەت وڕێكخراوەكان، بەشدارى كردنيان لەم كۆنفراسە بەلاى كەمەوە لەرووى ڕاگەياندن وپاشان دوان لەسەر بەرژەوەندى ئەو داخوازيانەى كەوا لە بەرژەوەندى كۆمەلانى خەڵكى كوردستاندانە خۆى شتێكى زۆر باشە. بەلام حەزم دەكرد ئەندامانى بەڕێز بەكورتى لەم بارەيەوە ئاگادارمان بكەن، لەرووى عەمەليەوە، واتە بەكردەوە ئەنجامى بەستنى ئەم كۆنفرانسە وبەشدار بوونى ئەو وەفدەى لێرەوە چوو بوون چى بوو؟ بەكورتى ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، ئايا دەسكەوتێكمان هەبوو لەم بەشدار بوونەدا يان نەء؟ سوپاس.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندى دێرەشەوى:**

**هێژا سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕاستى ئەوەى دەردەكەوێ ئەو وەفدە شتێكى تازە بوو ئامانج وقازانجى پەرلەمان وحكومەتى كوردستان بوو، بەلام ئەگەر كۆنگرەيەكى بچووك هێندە ئەندامى پەرلەمان و وەزيران بۆى چوو ون، ئايا ئەگەر كۆنگرەيەكى مەزن بێ ماناى دەبێ هەموو كوردستان بچن؟ ئەمە هەمووى نابێتە سوكايەتى بۆ پەرلەمان وحكومەتى هەرێمى كوردستان؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەريم بەرزنجى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنەوەى خوشك وبرايانى خۆشەويست دەكەم، بێگومان ئەو كۆبوونەوانە لەناو كوردستان بێ ، لەدەرەوەى بێ سوودێكى يەكجار زۆرى هەيە، چونكە دنيا هەر ئەوەندە نييە، ئەوەى لەپێش چاوى ئێمەدا ديارە، دەبێ دنياى گەلانى لێ تێ بگەينين، بەلام من لەخوشك وبرايان دوو پرسيارم هەيە، هەرچەندە يەكێكيان ڕۆيشتووە، كاك د.كەمال ئەنجامەكەى دەويست ڕۆيشتووە، بەلام ئەمە لەهەموو ئەو كۆڕو كۆبوونەوانە برِيارى لەسەر ئەدرێ، هەموو بڕيارى ماقوول وشياو، ئايا هيچ ليژنەيكى بەدواداچوون رەچاوكراوە، كە بەدواى ئەو بڕيارانە دابچێت؟ يا دوايى ئەوان هەر زوو لەبير دەكرێن ئەمە يەك. كوردێكى يەكجار زۆرمان لەدەرەوە هەيە، بەجياوازى ئاستيياندا، تەبعەن زۆربەى خەڵكى تر وەكو دەوڵەتى ميسر ئێستا بەپەنابەرەكانى خۆى دەژێ، ئايا هەوڵێك نەدراوە بەرێكوپێكى يارمەتيەك لەو كوردانە وەرگيرێ مانگانە بچێتە بانق وحيسابێك بەڵكو بۆ حكومەتى كوردستان بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەم پرسيارە، ئەم بابەتە لەدەرەوەى راپۆرتەكەيە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وەفدێک دەچێتە دەرەوە بۆ یەک شت ناچێت، چونکە ئەگەر بەیەک ئیش بچێ بەدوو ڕۆژ دەبێ بێتەوە، ئەوانە پەیوەنی وچاوپێکەوتن دەکەن لەسوودی کوردا، ئایا ئەو کوردانەی دەرەوە ڕێک بخەن باش نییە؟ بەڵکو وەک یارمەتی هەریەکە بەشێکی کەمی مووچەکەی یان تەرخان بکەن بۆ حکومەتی کوردستان وژیانی هەژارانی ئێمە ڕاست دەبێتەوە، ئایا چ کراوە لەو بارەیەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پرسیارەکان بۆ ناو ڕاپۆرتەکە وئامانجی ئەم کۆنفرانسە ئاراستە بن، چونکە ئەم کۆنفراسە بۆ ئەوە نەگیراوە کورد پارە کۆ بکاتەوە وبینێرێ، ئەوە مەیدانێکی ترە، با پرسیارەکە دیاری کراو بێ. کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا پرسیارەکەی من وکاک د.کەمال فوئاد پرسی هەمان پرسیارە لەژێر ناوی تەقیمی ئەو خوشک وبرایانەی کەچوون وئامادە بوون لەم کۆنفراسەدا، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحەمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چم بۆ نەماوەتەوە، بەڵام پرسیارەکە وا لێ دەکەم ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکە دان ئایا نوسخەیەکی هاتووە بۆ پەرلەمان بدرێتە لیژنەی پەیوەندیدار لێرە لەپەرلەمان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بەدوایدا بچن یانەء؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕاسپاردە وبڕیارانە هی ئەو کۆنفراسە هەموو لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە وەرگیراوە، کاک نەژاد خۆی سەرپەرشتی کرد ودراوە بەهەموو لیژنەکان وسەرۆکایەتی هەردوو فراکسیۆن نوسخەیان بۆ ڕۆیشتووە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە هەر ئەوە بوو، ئایا ئەو بڕیارانە لەرووی عەمەلیەوە هەتا ئێستا شتێکی دیار بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرسیاری کاک د.کەمال وکاک شێخ عەدنان وبرادەرانی تر کە ئامانجەکانی کۆنفراسی چ

بێ؟ وەکو راپۆرت کە گوێتان لێ بوو هەموو شت کە لەوێ هاتبوو ئێمە خستمانە سەرکاغەز تەسلیمی دەستەی سەرۆکایەتیمان کرد و خوێندمانەوە، بەبۆچوونی من شتێکی گرنگ کە لەوێ هاتەکردن یەک راسپاردە بوو کە ئەبێ رێکخراوە خێرخوازەکان لەکوردستان ئیش بکەن، هاواهەنگی وهاوکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبێ ئەمە بە شتێکی بنەڕتییەوە دەزانین، وەکو وەزارەتی مرۆڤایەتی ئەو شتانەی موتابعە کردووە لەکاغەزدا هەیە، شتێکی تر کە چاوپێکەوتن کرا لەگەڵ پەرلەمانی هۆڵەندی وحکومەتی هۆڵەندە ولەگەڵ حکومەت وپەرلەمانی بەلجیکیدا، هەر دوو چاوپێکەوتنمان کرد لەبرۆکسل وامستردام وپشتگیریان کردو شتێکمان روونکردەوە بەکاغەز پێشکەشمان کرد کە ئەوانیش گفتیاندا کە هەوڵبدەن بۆ نوسینگەو بۆ شێوە قونسولییەت لەدەوڵەتدا، ئەمە وەکو ئەوەی کە کردمان جگە لەئامانجی کۆنگرە، نەک تەنها لەکۆنگرەدا کرا بەڵکو لەکۆنفراس دا کرا راسپاردە کرا لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا هاواهەنگی بکەن بەڵکو لەدیداری لاوەکییدا ئەمانە هەموو باس کرا وئەوەی تریش موتابەعە کران، ئایا جێ بەجێی دەکەن؟ وەکو ئەنجوومەنی وەزیران کە لەسەری بێ جێ بەجێی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران وهەڤالان زیاتر داوای خالی عەمەلی دەکەن، یەک لەو شتانەی کە وەفدەکە بیکات رەزامەندی کردنەوەی نوسینگەی حکومەتی هەرێم لەبرۆکسل، دواییش خالێکی تر نوێنەری بازاری هاوبەشی ئاورووپا (رۆبرت) لە ووتەکەیدا بەراستی جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئێمە ناتوانین ئێوە بناسین، بەڵام ئێمە دەتوانین یارمەتیتان بدەین لەرێگەی رێکخراوەکانی«NG0»وە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لەو کۆنفراسە زۆر گرنگ بوو ،دان نان بەشەرعیەتی حکومەت وپەرلەمانی کوردستان بوو، ئەوەی کەتێ گەیشتم کە پار هەمان کۆنفراس بەسترا لەهۆڵەندە نەیان توانیوە لەکۆنفراسەکە هەر باسی حکومەت وپەرلەمان بکەن، بەڵام ئێستا لەهەموو لیژنەکان لە کۆنفراسەکەدا جەخت کرا کە ئەو رێکخراوانەی NG0ی جیهانی وخۆجێیی هاواهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بکات ولەسەر ئەو پلانە بڕوات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دیاری دەکات، بۆیە یەک لەو راسپاردەکان ئەوە بوو پێویستە پەرلەمان یاسایەک دەربکات بۆ رێکخستنی ئیشەکانی (NGO) کانی کوردستانی ورێنمایی دەربکا بۆ ئیش کردنی رێکخراوە جیهانیەکان، ئەمە یەک لەخاڵە هەرە گرنگەکانە کە جەختی لەسەر کرا، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم ئەو بابەتە کۆتایی پێ هات ئەگەر چ تێبینی دیکە هەیە؟ بەڕێز د.فایق فەرموو:

**بەڕێز د.فـایق مـحـەمـەد گـولـپی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خوشک وبرایانی بەڕێز من دوو تێبینیم هەبوو: یەکەمیان دەربارەی دواکەوتنی خوێندنەوەی راپۆرتەکە لەلایەن لیژنەکەوە بەڵام ئەمەیان سەرۆکایەتی ئەگرێتەوە، تەبیعی کاتێ وەفدەکە چووە دەرەوە وگەڕایەوە جەماوەرێکی زۆر پرسیاری لەئێمە دەکرد دەربارەی چوونی ئەو وەفدەو، گەڕانەوەیان، ئێمە نەمان دەزانی چۆن وەڵامیان بدەینەوە، پرسیارەکەم سەرۆکایەتی دەگرێتەوە نەک لیژنەکە، تێبینی دووەم دەربارەی وەفدەکە پێویستییەکانی تەندروستی کوردستان لەو کۆنفراسەدا ئەوەی من هەستم پێ کرد گرنگییەکی پێ نەدراوە، هەم لەخوێندنەوەی راپۆرتەکە ئاماژە بەپێویستیەکانی تەندروستی کوردستان نەکراوە هەم کاک د.نەبەز کە خۆی پزیشکە نەشی وتووە لیژنەی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز د. نەبەز عـەبدولرەزاق عـەبدولحـەکـیم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پرسیارەکەی د.فایق دەربارەی دواکەوتنی راپۆرت پەیوەندی بەسەرۆکایەتییەوە هەیە، بەڵام تێبینی دووەم لیژنەیەک نەبوو بەناوی لیژنەی تەندروستی لەوێ (وێرک شۆپ) بوو وێرک شوپەکان ئەو لیژنە کە تەندروستی تیادا بوو ناوی لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی دێهات وتەندروستی وئاو ئاوەڕۆکان بوو، واتا لیژنەیەکی گشتی بوو لیژنەیەکی تایبەتی نەبوو بڵێی ئەوە لیژنەی تەندروستییە، تا راستەوخۆ بچمە ناو ئەو لیژنەیە دواییش وەزیری ئاوەدان کردنەوە وئەندامانی پەرلەمان وئاوەدانکردنەوەی زۆرتیدا بوو یانی بەڕێزان مەئموون بریفکانی، بۆنی نور، ئەو دووە سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیان کرد، بەڵام وەکو داواکردن لەلانی تەندروستی لە راپۆرتەکەی کاک د.رۆژ کە خوێندیەوە یەک لەو خاڵانەی کەجەختی لەسەر کرد تەندروستی بوو ئەمەش لەوێندەر بەدوو قۆڵی لەکۆنفراس داوای ئەوشتەکراوە، بەڵام لیژنەیەک نەبووە بەناوی تەندروستییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێزان بۆ خستنەسەر قسەکانی کاک د.نەبەز، ئەو وتی دەربارەی کۆنگرە دروشمێکمان هەڵگرت بەناوی «ضرورە مواصلە الدعم لشعب کوردستان العراق» ئەو پشتگیریانە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە چ تەندروستی بێ چ ئابووری بێ وئەو شتانەی کە کران لەهەر شەش لیژنەکان لەکۆنفراس دا وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئاماژەی بۆ کرد فۆتۆکۆپی کران ودابەش کران بەسەر لیژنەکاندا و، باشە ئەگەر برادەران زەحمەت بکێشن وسەرێکی لێ بدەن کەبزانن درێژەکەی چی بووەو چ کراوە وهەموو باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناوی سەرۆکایەتی هات، لەڕاستیدا حەز دەکەین دوو بابەت بۆ برادەران روون بکەینەوە، کە لیژنەی پەرلەمانی یەک کەس بن یان (١٠٠) کەس بن دەعوەت دەکرێن یا داوایان لێ دەکرێ بچن بۆ جێگایەک، کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر ئەدا هەق نییە دوای گەڕانەوەیان رەخنە بگیرێ کە ئەوەندە خەڵک رۆیشتووە، ئەمان توانی لەناو پەرلەماندا بڵێین یەک کەس بڕوات ولاری بوونی خۆمان تۆمار بکردایە، بەڵام کە بەرەزامەندی پەرلەمان بوو ودەنگی لەسەر درا، هەق نییە ئێستاکە رەخنەی خۆمان تۆمار بکەین و بڵێین وەفدێکی پێک هاتوو لە ئەوەندە کەسە بۆچی رۆیشتووە؟ ئەوە بەرنامەیەکە بڕیاری لەسەر دراوە وئێمە وەکو پەرلەمانیش ئەو بەرنامەیەمان پەسەند کرد، لێرە باس کراو ئاڵوگۆڕی بۆچوونیش کرا لەسەر ئەو بابەتە. ئێمە پێمان وتن ووامان بەبەرژەوەند زانی کەراپۆرتێک ئامادە بکەن وراپۆرتیان ئامادە کرد بۆ ئەو بابەتە وراپۆرتەکە لە ٢٩/١١گەیشتە کاروباری ئەنجوومەن لەهەمان رۆژدا کاک نەژاد تەماشای کرد وهەواڵەی ئێمەی کرد ئێمەش لەهەمان رۆژدا سەیرمان کرد ودرا بە هەردوو فراکسیۆن وبرادەرانی تریش وابزانم وەریان گرت، ئەمرۆ لەبەرنامەی ئێمەدا جێگیر بوو وخرایە بەرنامەوە، بەپێی ئەو ئیشوکارەی کە هەمانە لەلایەکی تر وادەزانم نەوەزیرەکان ونەئەندامانی پەرلەمانیش ئەوانەی کە بەشداری ئەو وەفدەیان کردووە کەمتەرخەمییان کردووە لەتەلەفزیۆن ورۆژنامەکانی کوردستاندا کەم یا زۆر باسی ئەو بابەتەیان کردووەو خەڵکیان ئاگادار کردووە کە ئەرکییان لەو کۆنفراسەدا چی بووە یاچی نەبووە. لە ئەوروپاش ئەرکی خۆیان بەچاکی راپەڕاندووە، ئێستا ئەم خاڵەشمان تەواو کرد.

دێینەوە سەرخاڵی تر، سوپاستان دەکەین. تاکو کاک دارۆ دەگات ئێمە دەتوانین ئەم دوو خاڵە پێش بخەین ئەو دووخاڵە کە تازەبابەتن، یەکێکیان مەسەلەی ئەو کوردانەیە کە لە کەرکووک وناوچەکانی تری ژێر دەستی رژێم دەرکراون، ئەکەن باباسی ئەو بابەتە بکەین.

**بەڕێز جەلال جوهر عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان دیارە لای بەشێکی برادەران روونە کە ماوەیەکە رژێمی عێراق دیسان دەستی داوەتە گواستنەوەی خەڵک لەناوچەکانی ولەشاری کەرکووک وناوشاری موصلدا بەتایبەتی، جا تا ئەو رادەیەی کە زانیاریمان هەیە، لەم نزیکانە بەدەیان ماڵیان راگوێزتووە، هاتوونەتە شارەکانی سنووری سلێمانی وهەولێر وئەولای دهۆک، بەڕاستی ئاگادار نیم لەناو شاریش دا تا ئەو رادەیەی ئێمە ئاگادارین دەیان وسەدان ماڵیان ئاندارکردووە بۆ ئەو مەبەستە بەشێکی دەنێرن بۆ باشوور وناوەڕاست، بەشێکیان ئەوانەی کە ئارەزویان بێ دەیان نێرن بۆ کوردستان ئەوانی کە دەیان نێرن بۆ کوردستان، شتێکی زۆر کەمیان پێ ئەدەن، بەڵام هەرگیز شتی کارەبایان پێ نادەن، کەچی بۆ باشوور وناوەڕاست بەتایبەتی بۆ رەمادی مۆڵەتیان دەدەن هەموو شتەکانیان ببەن،

تەنانەت تاوەکو بازگە دەیان بەن، هەرلەم رۆژانەدا نزیکەی (٥) کەسیان کوشتووە ئێمە زانیاری چاکمان هەیە رەنگە ئێوە ئاگادار بن لەنزیکەی (٢٠) رۆژ بەر لەئێستاوە زیاتر لە(٢٠) کەسیان لەخەڵکی سەربازی خانەنشین وپیاو ماقوولی ناو شاری کەرکووک وخەڵکی جیاجیایان گرتووە، تا ئێستا بێ سەروشوێنن، تاوەکو ئەمڕۆ دەنگوباسیان نییە، جاپێشنیازم ئەوەیە ئەگەر ئێمە بۆ رای گشتی جیهانی ئاگادار بکەین کە گوشارێک بکەنە سەر حکومەتی عێراقی مامەڵەی گواستنەوەی وشتی وا رابگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەلال، ئەوانی دیکەش کە دەیانەوێ قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن، با ناوەکانیان بنووسن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کاک د.کەمال پێشنیاری کرد وکاک جەلال قسەی لەسەر کرد واقعێکە رۆژنامەکان زۆریان وەکو هەواڵ بەوێنەوە نووسیویانە، من بەڕاستی دەمەوێ ئەوشتە گرنگی زۆری پێ بدرێ، داوا بکەین لەدەزگاکانی دەوڵەتی کە ئەم بابەتە بورووژێندرێ وهەروەها داوا بکرێ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیINC دەوری خۆی ببینێ چونکە ئەوشتە پەیوەندی بەعێراقەوە هەیە کە ئێمە پارچەیەکین لەعێراق، ئەمە پێشێلکارییەکی ئاشکرایە بۆ بڕیاری ژمارە (٦٨٨) کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە بۆ پشتگیری وسەلامەتی گەلی کورد وشتێکی روون وئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەڕاستی من پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاک جەلال وبەدواداچوونەکەی عەدنان نەقشبەندیی دەکەم، لەبەر ئەوە مەسەلەکە شتێکی خەتەرناکە بەرامبەر بەکوردستان، حکومەتی عێراق تەبلیغی (٣) هەزار خێزانی کوردی دەرکردووە لەکەرکووکە لەموصل(٦٠٠) خێزان، خۆتان دەزانن لەنیو ملیۆن زیاتر کوردمان هەیە لەبەغدا، ئەم مەسەلەیە ئەگەر دەنگی بۆ هەڵنەبرین دەبێتە شتێکی زۆر خراپ بەنیسبەت کوردستانەوە، وابزانم بواری باشی تیا هەیە، تا تەنیا بەیانی دەربکرێن، یان یادداشتنامەیەک پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاک عەبدولخالق وکاک جەلال ئەکەم و وەک من بیزانم جگە لەوەی

که ئەو خێزانانە ڕاگوێز دەکەن و لەکەرکووک دەریان دەکەن، هەندێکیانیشیان گرتووە، مرۆی بەتەمەن وخانەنشینیان بەشەو بردووە بۆ بەندیخانەکان وبەیانی لاشەکانیان لەسەر جادەکان فڕێ دراوە هەر بەناویش (١٣-١٤) ناو لای منەو ئەوانە پێشمەرگەش نەبوونە، هەر مرۆی ئاسایی بوون و، ڕژێم بۆ چاوترسانی خەڵکەکە ئەمەیان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ڕووداوانەی برادەران ڕوونیان کردەوە، هەمووی ڕاستن، ئەوانەی کە دێنە کوردستان وکۆچیان پێ دەکرێ لێرە چەند گیروگرفتێ تووشیان دەبێ لەبارەی ڕێگاوجێگاو ئەو شتانەوە، بەڵام شتێکی سەرەکی هەیە ئەو خێزانانە منالیان هەیە هەموو لەقوتابخانەن ،کەدێنە ئێرە ڕووو دەکەنە هەر قوتابخانەیەک قوتابییەکان وەرناگیرێن، تائێستا چەندان کەس پەیوەندی یان بە منەوە کردووە لەومالانەی کە دێن، یەکسەر داوای بەڵگەنامەیان لێ دەکەن ئەوانیش تازە لەوێوە دەرکراون ناتوانن بڕۆن بەڵگەنامە بێنن، ئەو گرفتە ئێمە خۆمان ئەتوانین لێرە چاری بکەین ورووبەڕووی حکومەتی بکەینەوە تاوەکو بڕیارێکی پێ وەرگیرێ تاوەکو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برادەران زۆر تیشکیان خستە سەر کەرکووک، چونکە خەڵکی ئەو ناوانەن، ئێمەش لە دهۆکەوە هاتووین ئەوە دوو شەوە لەسەر یەک بەدەیان خێزان سواری لۆری ئەکەن وئەیان نێرن بۆ دهۆک لەبارێکی زۆر ناخۆش دان وەکو وەرقەیەکی گوشار بەسەرماندا دێن، ئنجا داوا دەکەین لەحکومەت یارمەتیان بدات چ نەبێ هی ئابووری ئازووقەکەیان بداتێ خۆنیشاندانێک بکەین بۆ بەردەرگای (UN) و هەروەها (mcc) و داوا دەکەم ئەو خێزانانە کۆبکرێنەوەو بچنە بەردەرگای (mcc) وەکو گوشار لە (mcc) بکەن تاوەکو چارەسەرێکیان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیوادارم قسەم پێ نەبڕن ئەو زانیاریانەی کە برادەران باسیان کرد شتی تر لەو بارەیەوە زۆرە، ماڵ بەماڵ ئەگەڕێن لەکەرکووک ئەگەر کەسێکیان لەکەرکووک نەبێ ئیتر لەهەر شوێنێ بێ ئەوکەسە خانووەکەی ڕەنگ ئەکەن بەبۆیەی سوور، دەریان دەکەنە دەرەوە ئەو پێشنیارانە هەمووی لەجێی خۆیانن، بەڵام ئێمە ئەگەر ڕیزی خۆمان پتەو بکەین، یەکگرتووبین، وازلە خۆ خۆری بێنین، شتی گەورەترمان پێ ئەکرێ، ئەوکاتە ئەتوانین زۆر شت بکەین بەرامبەر بەحکومەتی بەغدا، سوپاس.

**بەڕێز د. قـــاسم مــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەكو برادەران ئاماژەیان كرد ئەگەر دەكرێ وەكو سیاسەتێك نەك بۆ كەركووك یا موصل یادهۆك ، بەڵكو بۆ سـەراپای كـوردسـتـان، حكومـەت اجـرائات وەربگرێ وئامـانجـیش لەوە دیارە وەكـو ئەزمەیەكی كۆمەڵایەتی بوو بۆ پەرلەمان وحكومەتی كوردستان ئەمەش سیاسەتێكی كۆنی رژێمی عێـراقە، نەك بەعس هەر لەشۆڕشی ئەیلولەوە تاوەكـو ئەمرۆ ئەم سیـاسـەتە بەردەوامـە، خێـزانی كوردی دەرئەكەن، هەروەها وەكو دەستگەی راگەیاندن كە بڵاوی كردۆتەوە كە سەدان پەنابەری كورد لەئێرانن، لەوانەیە ئەمە رێك كەوتنی هەردوو لابێ بۆ گوشار خستنە سەر پەرلەمـان وحكومـەتی ئێمە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم یەكەم/ پیتاك كۆبكرێتەوە هەرچەند رمزی بێت بۆ ئەوانە وەكـو پشتگیرییەكی مەعنەوی وئابووری.

دووەم/ ئەمـە سێ ساڵە كـوردسـتـان ئازاد كـراوە و وەختـی خـۆی لێبـوردن هـات بۆ ئەو كـوردانە و هەندێ خیـانەتیـان كرد لەگـەڵ حكومـەت وتاوەكـو ئێـسـتـا هەندێ دارو دەسـتـە بۆ جێبـەجێ كـردنی سیـاسەتی رژێم دژی كورد هەنە! پێشنیـار دەكەم ئەومـاڵ وسامـان وزەویانەی ئەوانە كە تائێـسـتـا لەژێر دەسـتی رژێم مـاونەتەوە وبوونەتە داردەست بۆ حكومـەت مـاڵ ودارایی ئەوان لەسـەر هەژاران ودەربەدەران دا دابەش بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز محـمـمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یـەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەرچەندە قسەكان كران بەڵام من پێشنیار دەكەم ئاگاداری (un) بكرێت ونارەزایی دەربڕێ كەوا حكومەتی بەعس بەم كردەوانە هەڵدەستێ وكۆڕ ببەستری ورێ پێوان رێك بخرێت لە بۆ بارەگای (un) وپێشێل كردنی مافی مرۆڤ نابێ بێ دەنگی لێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز مـەزهەر عـەلی مـسـتـەفـا كـاكی هیـرانی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەرچەندە برادەران زۆرباسیان كـرد، بەڵام دیارە ئەو هەڵوێسـتـەی رژێم بەردەوامـە، بۆیە پێویسـتـە بەڕاستی لەگـەڵ حكوومـەت دا بەرنامـەیەكی تایبـەتی دابنرێ بۆ اسـتیـعـاب كـردنی ئەو خـەڵكە، چونكە دیارە وردە وردە خـەڵكـەكـە زیاد دەبن، ئینجـا جـێگـەیەكی تایبـەتیـان بۆ تەرخـان بكرێ ویارمەتیش بدرێن لەهەموو لایەنێكەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـمـمـەد ئەمین عـەبدولكـەریم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خوشك وبرایانی بەڕێز بەڕاستی ئەمە كـارێك نییـە چاوەڕوان نەكرێ لەرژێمی بەعس وهەرهی

ئێستا نییەو ورابوردووش هەر وا بووە، بەڵام شتی گرنگ هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئەمە دەرفەتێکی باشە وەکو برادەران باسیان کرد بەڕاستی چەند هەڵێکی وا هاتۆتە ڕێمان، یەک لەوانە مەسەلەی (٢٥) دیناربییەکە بوو، ڕاستە ئیشی بۆ کرا، بەڵام ئەبوایە زیاتر بکرایە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ گومان برادەران هیچیان بۆمن نەهێشتەوە، ئەو خەڵکەی کە دەردەکرێن ودێنە شارەکانی کوردستان زۆر سەر لێ شێواوون لە هەر پارێزگاییەکی ئێمە لیژنەیەک هەبێ یا کەسێکی دیاری کراو هەبێ، ئەو کەسە دیاری کراوە کارە ئیدارییەکە بێ، یاکارە ئابوورییەکە بێ، بۆیان ئەنجام بدات بەپێی توانا سەر گەردان نەسوڕێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من نیازم نەبوو قسە بکەم، بەڵام من زۆر چاوەڕوانم کرد شتێک لەمێشکم دا هەبوو برادەرێک قسەکە بکات ودەری ببڕێ هیچ کەسێک بۆی نەچوو، من لەگەڵ ئەوەم هەرچی بکرێ حکومەت هەرچی بکات بۆ دابین کردنی جێگا وڕێگا وپێداویستەکانی ژیان بۆ ئەو خەڵکە هەر کەمە، من لەگەڵ ئەوەم کە هەرچی بکرێ، بەڵام داوا لە دەزگاکانی ئاسایش وحکومەت دەکەم ئەبێ ووریا بن ڕژێم هیچ دوور نییە لەگەڵ ئەو خێزانانە چەند خێزانێکی خۆی بنێرێ(TNT) وشمەکی تەقینەوەمان بۆ بنێرێ، بەو سۆزەوە سەیری شتەکە بکەین لەوانەیە تووشی زەرەر بین، سەرنجی لێپرسراوان بۆ ئەوە رادەکێشم، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەزانم ڕێکخراوی(un) سێ چوارێک هەنە کەگرنگی بەکاری ئاوارەکان دەدەن، بەتایبەتی دەورێکی بینیوە بۆ ئەوانەی لەئێران گەڕاونەتەوە، من بەباشی دەزانم هەر بۆ دەرەوە وەک وەرەقەی گوشار دژی عێراق کە وەزارەتی مرۆڤایەتی یا وەزارەتی تایبەتمەند بەزووترین کات پەیوەندی لەگەڵ(un) بکات، ئەوانە کۆبکەنەوە چ ئەوانەی لەکەرکوک دێن یا لە موسڵ دێن ئەگەر ئەوانە کۆبکەنەوە لەجێگایەک ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند دەبێت بۆ دابینکردنی ژیانی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید ڕەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو هەموو شتانەم، بەڵام دوو پێشنیارم هەیە یەکیان ئەوەیە لەگەڵ ئەو (استیعاب)

کردنه دکتۆریان بۆ دابنرێ، ئنجا چ بۆ ئەوانەی لەرووی تەندروستییەوە خراپ بن یا لەبەر گواستنەوەی نەخۆشی بۆ ئێمە، ئەمە یەک و دووەم حەق وایە ئەوانەی کەدێن رێک هەموویان کۆبکەنەوە بیان بەنە حەوشی (un)لەوێ دایان نێن بڵێن ئێمە لێرە ناجوڵێین وەک نارەزایی دەربڕینێک بڵێن ئاوها مافی مرۆڤ دەپارێزن؟ ئەمە مافی مرۆڤە ئەوەتا بەسەڵت وقوڵتی هێناویانینە دەرەوە بەبێ خواردن بەبێ جل وبەرگ ئەوەش جۆرێکە لەنارەزایی دەربڕین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم پوختەی هەموو ئەو پێشنیارانەی کەوا کران ئەو قسانە لێرەدا پێشکەش کران با بەوە کۆتایی پێ بهێنین کە ئەو کارە بەرەو رووی یەکێک لە لیژنەکانی ناو پەرلەمان بکەین، لیژنەیەکی کاتی دروست بکەین بۆ دوو ئەرکی سەرەکی یەکەمیان ئەوانەی کە لەسنووری دەسەڵاتی خۆمان دایە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان وکارمەندانی کوردستان کە ئەو ئەرکانەیان بەرەو روو دەبنەوە، ئەویش بۆ پێشوازی کردن لەوانە ودامەزراندنیان ودرێژ کردنی دەستی یارمەتی بەهەموو شێوەیەک، دووەم بۆ ئەوەی کەوا رای گشتی جیهانی لەو بارە ئاگادار بکەینەوە وداوایان لێ بکەین کە فشار بکەنە سەرحکومەتی عێراق بۆ ئەوەی واز لەوکارە بهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وامان بەباش زانی کە ئەو پێشنیارانە بەو شێوەیە بن، کاک دکتۆریش شتێکی زیاد کرد کە ئەمانەن:

یەکەم: لیژنەی پەیوەندی لەگەڵ لیژنەی کاروباری مرۆڤایەتی، پەیوەندی و هاواهەنگی بکەن، بۆ ئەوەی سەردانی ئەو رێکخراوانە بکەن کەپەیوەندیدارن بەو بابەتەوە.

دووەم: هەروەها چ زانیاریش هەیە دەربارەی ئەم بابەتە کۆی بکەنەوە، خراپ نییە ئەنجا لیژنەی کاروباری مرۆڤایەتی لەوانەیە زانیاریان لەو بارەیەوە زیاتر هەبێت، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان چ زانیاریان هەیە با بیدەن بەبرادەران لەسەر ئەم بابەتە. واتا دەربارەی ئەو رووداوە پاش ئەوەی ئەو زانیاریانەیان لەبرادەرانی ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەی پەیوەندییەکان پێ ئەگات.

سێیەم: هەمان لیژنە لەگەڵ لیژنەی کاروباری مرۆڤایەتی دەبێ لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتیش دابنیشن بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت بۆ هەر ناوچەیەک، لیژنەیەک یا لایەنێک پێک بێت بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵکەی کە دێت وبریارێک بدات کە لەکوێ ئەبن بۆ ئەوەی بتوانن لەرێگای ئەو رێکخراوانەوە کە کاک ئەحمەد فەرمووی دابینیان بکەین، رێکوپێکە ولەجێی خۆی دایە کە هەندێ خەڵکی ئاوارە لەجێگایەک کۆ بکرێنەوە هەموو رووت وقووت ودەرکراو ئەمە هەر خۆی لەخۆیدا کێشەیەک ئەبێت، دەبێ لەو بابەتەوە قسە لەگەڵ حکومەتدا بکەین.

چوارەم: ئەگەر لەگەڵ(INC) یش قسە بکرێت خراپ نییە، ئەوە کاک د.کەمال لێرەیە پاشان

ئەگەر هەمان لیژنە بێت یاخود چەند برادەرێکی تر دەست نیشان بکەین، کاک نەژاد خۆی ئەگەر لەگەڵ (INC) قسە بکات، ئەگەر بکرێ هەندێ یارمەتی وشت بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکەن زۆر باشە.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک دوو روون کردنەوەم هەیە لەبارەی(INC)یەوە ئەوەندەی پەیوەندی بە راگەیاندنەوە هەیە، بلاوکراوەکانیانە، بەتایبەتی رۆژنامەی (المؤتمر) وهەروەها لەوانەیە کە لەدەرەوە بلاویان دەکەنەوە وبلاویان کردۆتەوە، ئەوەیان کردووە کە ماوەیەکە رژێم دەستی کردووە بەدەرکردنی کوردەکان لەموصل وکەرکووک، بۆ مەسەلەی باروبووش، بۆ ئەو ئاوارە کراوانە، بێ گومان ئێمە پەیوەندییان لەگەڵدا دەکەین(INC) دەتوانێت تاچ رادەیەک یارمەتیان بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەم ئەم خاڵەش تەواو. دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، لە لاپەڕە «١٢». ئێستا دەست ئەکەین بەخاڵی چوارەم، تەواوکردنی گفتوگۆی یاسای باجی گومرگ، وەکو ئەزانن بەشی خەوتمان تەواو کرد ئەگەر بەڕێز پەریخان وکاک جەمیل کەرەم بکەن، وابزانم لیژنەی ئابووری پێشنیارێکیان هەیە بۆ ئەم بابەتە، حەزمان دەکرد گوێمان لێ بێت پێش ئەوەی دەستی پێ بکەین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە هەر لاپەرەیەک، ئەگەر کەمیش بێت مادە بەمادە لێگۆڕینەکانی بخوێنینەوە واتا فەسل بەفەسل دەنگی لەسەر بدرێ دووەم/ بەشی چوارەم بەنهێنی بێ چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنازەکە ئەوەیە کەبەش بەش تەنها ئەو گۆڕانکارییەی کە لیژنەی ئابووری لەسەری هەیەتی هەر ئەوە بخوێندرێتەوە وباس بکرێت. ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە بەشی چواردە بەنهێنیێ بێت.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە لەوە، پێم باشە ئەگەر ئەوەشی تیا نەبێت، هەر تێپەرین بەسەری دا، دوو سێ بەش بەیەکەوە بخەینە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەش بەش باشترە ئەگەر هەرگۆڕانکارییەکیش هەبوو ئەوە لیژنەی ئابووری دەیخاتە روو.

**بەڕێز فـــــرەنســـۆ تۆمـــا هەریری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

پێشنیارێکێ لیژنەی ئەوقاف هەبوو ئەگەر بکرێ، ئەوەی سەبارەت بەمەشروبات وخواردنەوە هاتووە ئەگەر بکرێت بەیاسا نەبێت بدرێتە وەزارەتی دارایی هەمان ئیشەکە بکات، بەڵام داواکاری شەرعیمان ئەوەیە کە دەنگی لەسەر نەدرێت نەخرێنە ناو پێڕەوەوە، نازانم لیژنەی ئابووری وەزارەتی دارایی وئابووری هیچ لاریان لەسەر ئەوە هەیە کەوا بکرێ یان گرفتە؟ دیارە لیژنەی ئەوقاف کەسیان لەمن باشتر نەدۆزیوەتەوە کەبەرگرییان لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

لەنێو بەشی «١٤»دا هەندێ مادە هەنە لیژنەی ئابووری پێشناری کردووە کە لە دانیشتنێکی داخراودا باس بکرێن، جا کە هاتینە سەر ئەو بەشە ئەوکاتە باسی دەکەین.

**بەڕێز جـــــەمـــیل عـــەبدی سندی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

هەشت تەواو بوو، بەڵام تەنیا یەک تێبینی هەبوو لەسەر وەرزش کە کەم بکرێتەوە، لەم بەشە تەنیا (٨/٣١) سی ویەک لەسەر هەشت، راسپاردەیە بۆ پێڵاوی کاڵە، بەڵام ئەوە تەحویل دەبێت بۆ بەشی پانزە ودەنگی لەسەر دەدەین، چونکە هەموویان خوێندبۆوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

دەنگمان لەسەر نەدا، جگە لەوگۆڕینەی کە بەشی دارایی وئابووری باسی کرد، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەشی هەشت وەکو خۆی بمێنێتەوە؟..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ بەشی هەشتەم وەکو خۆی مایەوە. دێینەوە سەر بەشی (٩)، ئەگەر زەحمەت نەبێت بڵێین ئەم بەشە لەسەر چییە؟.

**بەڕێز پەریخـــان مـــحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ناوماڵ وپێویستیەکانی، فەسلی (٩)یەم لەیەکەوە تابیست ودووی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــیل عـــەبدی سندی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

بەشی (٩) زۆرە ئەوە گـۆڕانکاری لاپەرەی یەکەم بوو، ئێستا لاپەرە(٣٠) هەر بەشی نۆیەم لە(٢٣ــ ٤٨)ی خوێندەوە، لاپەرە(٣١)لە (٤٩-٧٤) لاپەرەی(٣٣، ٣٤) هەتا ژمارە(١٣١) دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ببورە کاک جەمیل وەکو من ئاگادارم کە رێک کەوتنێک لەگەڵ وەزارەتی داراییدا هەیە، کە ئەگەر

لیژنەی دارایی زیادی کردووە ئەوە ئیتر پێویستی نەکردووە بەخوێندنەوە، چونکە وەزارەتی دارایی رازییە، ئەگەر کەمتان کردۆتەوە بیخوێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

بۆ تێبینی بەڕێز مامۆستا نەژاد بڕوا ناکەم یەک خاڵمان کەم کردبێتەوە نزیکەی هەموومان زیاد کردووە، کەمان نەکردووە، چونکە دیناری عێراقی لەم ماوەی ئەو شەش مانگەدا لەدابەزیندا بوو هیچ بەهاێکمان نەهێناوەتە خوارێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

بەشی(٩) تەواو بوو، چەند گۆڕانکارییەکی کەوتۆتە سەرێ بەڕێکەوتنی هەردوو لا، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە ؟ کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخـــان مــحــمــود عــەبدولقـــادر:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

بەشی(١٠) ئامێری کارەبای ناوماڵی خوێندەوە لە(١ـ١٠)، سوپاس.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

وابزانم ئێستا کاک نەژاد پێشنیارێکی کرد پەسند کرا، وتی تەنها لەحاڵەتی کەم کردنەوە باس بکرێ، وەکو دەرئەکەوێ هەمووی زیاد کراوە جا کاک جەمیل سندی هەمان شتکەی دووبارە کردەوە و گوتی لیژنەکەی ئێمەش ڕێککەوتین لەسەری، جا بۆچی کاتی پێوە بکوژین؟ سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

ئەوە رای لیـــژنەکـــەیە لەگـــەڵ وەزارەتی دارایی کـــە هەردوو لا لـەســـەری کـــۆکن ئەوە وا خـــۆیان ئەیخوێننەوە.

**بەڕێز د.کـەمـال عـەبدولکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

وتیـان گـۆڕانکارییـەکە پێـچـەوانە بێت کـەم بـکرێت نەک زیاد، پێویست بەخوێندنەوە ناکـات، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســــۆ تۆمـــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

منیش دەڵێم ئەوەی لیژنەی دارایی وئابووری وەزارەتی دارایی لەسەری کۆک بن ئێمەش رازین، لەبەر ئەوە ئەو زەحمەتەی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پێویست ناکات هەر یەکسەر دەنگی لەسەر بدەین. هەمووی بەیەکجار لەسەر خشتەکە دەنگ بدەن ئەوە عائیدی ئێوەیە، ئەگەر کەس لاری نییە، ئێستا ئەیخەینە دەنگ دانەوە بۆ ئەوەی چی تر گفتوگۆی لەسەر نەکەین ولەسەری نەڕۆین، من نازانم ئێمە بۆچی ئەوەندە پشومان کورت بێت لەگەڵ یاسادا؟ ئەمە باش نییە، هەرلەبەر ئەوەی مادەکانی تۆزێک درێژن، ئەمە ڕەوا نییە، ئەمە برگەیەکی یاساییە مافی لیژنەی یاسایە ئەم بابەتانە بورووژێنێ نەک سەرۆکایەتی، بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە بۆ مەسەلەی یاسا بەبۆچوونی من گرنگی وناگرنگی نییە، قانون هەر قانوونە، بۆیە دەیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆبوونەوەی سەرۆکایەتی دا ئەوە باس کرا لەگەڵ هەردوو فراکسیۆنەکان، کە پێک هاتنێک بکرێ بۆ ئەوەی کە مادە بەمادە ئەگەر گۆڕانکاری هەبوو لەوەزارەتی دارایی کەرێک کەوتنی لەسەرنییە لەنێوان ئەوان ولیژنەی دارایی بخوێندرێتەوە وگفتوگۆی لەسەر بکرێت، یان ئەوەی کە هەردوولا ڕێک کەوتنیان لەسەرە دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا دووشتی لێک جیاوازن، بودجە شتێکە کە دیاری کراوە وباس کراوە، پێش وەخت لەسەری رازین، زیادەش وکو کەمی وایە، بۆ زیاد بکرێ؟ لیژنەی دارایی وئابووری بۆ دەبێ لەوێ دانیشێ؟ دروست نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی ئێمەش هەرئەوەیە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانیاندا بودجە، بۆ ساڵێکە بەڵام ئەمە بۆکاتێکی بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بۆ پەرلەمان باش نییە ئەبێ لە پەرلەمان لەسەر مادە بەمادە رابوەستین، چونکە لەوانەیە مادەیەک زیاتر پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە بێت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەیەکم لەسەر رایەکەی کاک جەمیل هەیە، لەسەر چی بودجە هی ساڵێکەو ئەمە، هی جارێکە؟ میزانیەیە ئەگەر بەو ڕێگایە بڕۆیشتیبایین دەبوایە بەند بە بەندی بخوێندرایەوە نەک

تەنها ئەوەی کەجیاوازی لیژنەی دارایی هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، ئەگەر مەسەلەی یاساییە ئەوەش نا یاسایی بوو نەک ئێستا ئێمە ئەو وورده کارییە بخوێنینەوە، کە بودجە گرنگترین شتە لەهەرێمدا، بێنین رێک بکەوین بڵێین تەنیا ئەوەی کە وەزارەتی دارایی رێک نەکەوتووە لەگەڵ لیژنەی دارایدا ئەوە بخوێندرێتەوە، پاساوەکەی کاک جەمیل لەگەڵ رێزمدا لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئەڵێت ئەمە بۆ ساڵێکە وئەوەی تر بۆ رۆژێکە ئەمەیەک، دووەم ئەگەر گفتوگۆی ئەوە بکرێت کەلیژنەی دارایی لەسەرچی فتیلە زیاد ئەکات یان ئەوە کەم دەکات؟ من وابزانم هەرخۆم لەتوانامدا هەیە هەموو دانیشتنێک بەچوار سەعات نەبڕێتەوە، چونکە ئەبێت هەموو یەکێک لەوشتانە بۆمان روون بکەنەوە کەبۆچی زیادیان کردووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار ئەکەم بەش بەش بیخوێنینەوە (٢٦) بەشە ئێستا ئێمە (٩) بەشمان تەواو کردووە لەبەشی نۆیەم داین، ئەنجا لەبەشی دەیەمەوە لەئەندامانی پەرلەمان بپرسن ئەگەر سەرنجێ، تێبینیەکیان هەیە بڵێین ئەگەر نەبوو دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیوادارم نەیکەین بەپێشینەیەکی یاسایی وەکو بودجە کەئێستا بێین بەرگری لێ بکەین وبڵێین پێشینەیەکی وامان هەیە، چونکە وەختی خۆی بودجەمان وا گفتوگۆ لەسەر کردووە.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە لێرە نەبووم، بەڵام وابزانم ڕا لەسەر هەمووشتێک بچوک بێت، کەم بێت ڕای پەرلەمانە ڕای لیژنەی دارایی ڕای وەزارەتی داراییە، ڕایەکی راوێژکارییە ،لێرە تەنانەت لیژنەی قانونیش ڕایەکانیان ڕای راوێژکردنە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ببێت بەپێشینەیەک کە بەو جۆرە ڕەنگە خاڵی تریشمان هەبن کە شتەکەمان هەموومان خوێندبێتەوە، ئەگەر یەکێک لاری بێت و بڵێت نەم خوێندۆتەوە ئەخرێتە گفتوگۆ کردنەوە، بەڵام کەهەمومان لەسەر شتێک رازی بووین ئەمە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر هەموو لاپەرەکان هەموارمان نییە، ئەمجارە تەنها ڕێژە دەگۆڕین بەلاپەرە دەزانیت، بەرێک کەوت لاپەرە هەیە گۆڕانکاری زۆرە، ئەوەی پەریخان خوێندیەوە گۆڕانکاری زۆر بوو، زۆر لاپەرە هەیە یەک گۆڕانیشیان تێدا نییە ڕایش ڕای جەنابتان وئەندامانە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

لەراستیدا نازانم چۆنە، زۆر گفتوگۆمان لەسەر کرد، هەموارکردنمان زۆر ماوە، بێگومان وەزارەتی داراییش رازییە، ئەندامانی پەرلەمانیش رازین لەسەر ئەو زیادانە، من پرسیارێک ئەکەم ئەو زیادیانە کەبەشێکی خوێندراوەتەوە وبەشێکی ماوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێت؟ گرفتەکە ئەوەیە، ئەبێت؟ یا نابێت؟ ئێوە ئەیزانن.

**بەڕێز کـەمـال ئیـبـراهیم فـەرەج:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بازیادیەکانمان بۆ روون بکەنەوە، ئەو بەشەی کاک د.کەمال فەرمووی ئێمە هیچمان لا نییە. بابزانین ئەو زیادیانە بۆ ئەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەو زیادیانەی کراون بۆ ئەو شتانەی دەرەوەی هەرێم زیاتر بۆ شتی«کەمالی»یە تەلەفزیۆنی رەش وسپی بۆ ناو هەرێم(١٠)دینارمان دانابوو بۆ دەرەوەی هەرێم (١٠٠) دینار بۆ ناو هەرێم نەمانگۆڕیوە بۆ دەرەوەی هەرێم کردمان بە (١٥٠) دینار چونکە(١٠٠) دیناری ئێستا هیچ نییە، بەهای دیناری تەواو ئێستا لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی دارایی کەپێش چەند مانگێک دایناوە (١٠٠) دەبێتە(١٥٠)دینار تا(١٦٠)دینار، تەلەفزیۆنی رەنگین بچوک بۆ ناوەوە (٥٠) دینار بوو بۆ دەرەوە (٢٥٠)دینار بوو، گەر سەیری بەهای تەلەفزیۆنی بچوک بکەین(٥٠) دینار هەر هیچ نییە، ئێستا لەبەر ئەوە بۆ ناو هەرێم کردمانە(١٠٠) دینار بۆ دەرەوەی هەرێم(٣٥٠) دینار، نرخی تەلەفزیۆنی رەنگین لە بازاڕ (٥) یان (٦) هەزارە، لەبەر ئەوە بۆ دەرەوە کردمان بە (٣٥٠) دینار وئێستا کەمە زۆرنییە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مـەحـمـود عـەبدولقـادر:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەلاپەرە(١١) تا(٣٦)ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆچی لیترە زیاد نەکراوە؟ (٣٦) بۆ (ست البیت)، سوپاس.

**بەڕێز جـەمـیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هەر وەکو ووتم ئەو نرخەی وەزارەتی دارایی دایناوە ئی نزیکەی (٧) مانگ لەمەوپێشە، بەهای

دینار بەرامبەر دۆلار حیساب بکەی ئەبێتە (١٦٥) دینار لەگەڵ ئەوەشدا (١٥٠) دینارمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە بۆ زەرەرتان لەخەزینەی دەوڵەتی داوە؟ کە خۆ ئەبوایە (١٦٥) دینار بوایە نەک (١٥) دینارتان زەرەر لە گەنجینە بدابایە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرجار ژمێریار لەوانەیە نزیکی ژمارەیەکی عەشری بکەوێت حسابکاری داراییدا، ئەویش نزیکەی (١٠٠)تا (٢٠٠) دینار زیاتر دەدات ئەوە لەژمێرکاری داراییدا شتێکی ئاساییە، راش رای ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوە لە(٣٨)تا(٤٤)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەشی (١٠) تەواو دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییەی لەسەری کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی (١١) کەلوپەلی ناوماڵ گۆڕانکاری ئەم بەشە زۆر کەمە وشەی ئێرانی،تورکی نامێنێ، چونکە سابوون هەر سابوونە، چونکە لە ناو کارتۆنایە رێژەکە لە٥٪ کەمان کرد بۆ ناوەوە بووە ٢٪ چونکە سابوون پێویستە وهیچ گۆڕانی ترمان نەکردووە لێرە لاپەرەی دوای(٣٨) تازنجیرەی(٣٥) رێژەکەی لە٥٪ بۆناوەوە، بۆ دەرەوە لە١٠٪. لە(٣٦ـ ٤٦)دەخوێنینەوە(٤٥)یش بۆ دەرەوە لە١٠٪ (٤٦)یش بۆ دەرەوە لە١٠٪ئەمە بەشی(١١)تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەو گۆڕانکارییە بەشی(١١) کێ لەگەڵیدایە؟ کێ لەگەڵیدا نییە؟..بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی (١٢) بەشی وەرزشییە لەکۆبوونەوەی رابوردوودا بۆ ناو هەرێم رێژەکانیمان کەم کردبۆوە بە

له ١٪ ، بەڵام بۆ دەرەوەی هەرێم وەکو خۆی مایەوە تەنها یەک مادە نەبێت ئیتر بەشی (١٢) له(١)ەوە تاکو (٢١) پەسەند کراوەو بەشی(١٢) تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی (١٢)ش تەواو.

**بەڕێز محسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو پێڕەوێکدا باسی ئەوە کراوە کەسنوورێک بۆ قومار دابنرێ، ئەگەر ئێستا ئێمە هەروا بەو زەقییە بڵێین کاغەزی قومارو وهێنانەکەی، ئەی چۆن دەتوانین بەیانی سنوری بۆ دابنێین؟ لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ رەئیەکەی کاک نەژاد دام کە دەبێت لێرە چاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پاشان با وەزارەتی دارایی بیکات بەیاری، لەجیاتی قومار، خۆشی هەر یاری یە.

**بەڕێز مەلا محەمەد ئەمین عەبدولحەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مامۆستا شێخ موحسن باسی مەسەلەکەی کرد، بەڵام بەڕاستی من رەئیەکی تایبەتیم هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئەو شتانەی کە بەڕاستی زەرەری کۆمەڵایەتیمان پێ ئەگەیەنن، فەسادی لێ دروست ئەبێت، سوودی نییە لەبنەڕەتەوە هەر نەهێنرێت، ئەگەر بهێنرێت پێویستە باجێکی وای لەسەر دابنرێ کە قورس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەم یەک دوو تەعدیلە کێ لەگەڵ ئەوە دایە بەشی(١٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە..؟ کێ لەگەڵ دا نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی (١٣) جۆرەها خۆراک وخواردەمەنی لە(١) تا(٤)دەخوێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک نەژاد پرسیارێکی هەیە دەڵێت ڕۆن وشەکر هەر کیلۆیەک (٦٠٠) فلس ئەخرێتە سەری وەکو گومرگ وایە؟ سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک تەن (١٠٠٠) کیلۆیە مانای کیلۆی (٦٠٠) فلسە، واتا (٦٠٠) دینار بۆ یەک تەن، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مــەحــمــود عــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی بەشی (١٣)لەژمارە (٨) تا (٢٣)ی خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

باشە کاک جەمیل کیلۆیەک گوێزی ئاسایی ئەکاتە سێ یەکی بەکاکڵ؟ سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نەخێر بۆی نییە وابێت، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/جێگری سەرۆک:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەی بۆچی نرخەکەی وا داندراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆری دەوێت تا ئەو گوێزانە دەشکێنن مەسرەفی زۆر دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز پەریخـــان مــەحــمــود عــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی،(٢٣)تا(٢٧) ئەخوێنینەوە ـ تەواو، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەشی (١٣)خۆراک وخواردەمەنی لاپەرە(٤٢)دەربارەی نرخ وڕێژەی گۆڕانکاری تێدا نییە، دوو بڕگـە ئەبێت لەجـیـاتی وشـەی ئێـرانی وتورکی دوو بڕگـە پلە یەک، پلە دوو دادەندرێت مادە(٣١)تەنها شـیرنەمەنی دەبێت: چوکلێت ،جۆرەها نوقل و(٣٢) شـیـرنەمـەنی بنێـشت، پەقـلاوە، نەسـتـەلە، جۆرەها لوقم دەبێت هیچ گـۆڕانکاری ناکـەوێـتە سـەریان، بەڵام (٥١) بۆ دەرەوەی هەرێم١٠٪، (٧٥٠) دینار، چونکە هـیـچی نەنووسی بوو(٥٠) دەبێـتـە لە١٠٪بە (٧٥٠) دینار (٥١)فت، دەبێت چونکە ئەو مادەیە دووبارەیە.

(٣٦)یش کـێکی ئێرانی نامێنێ، کـێک لەگـەڵ پسکیت دەبێت لەگـەڵ(٣٢-٣٤) کـەپسکیـتـە کـێکیش لەگـەڵ ئەو دەبێت، ئەو لاپەرەیە تەواو لاپەڕەی (٤٣) ژمـارە(٥٥) دیسـان دووبارەیە، لیـمـوندۆزی دووبارەیە ئەو لاپەرە بۆ دەرەوە هەمـووی دەبێـتـە٥٪ ئەوی تر(٦٠-٦١)هەنگوین بەکیلۆیە، هەڵەی چاپ ڕویداوە، نووسراوە کیسە، ئەوەش نابێت دەبێت بەکیلۆ بێت، پەنیری ژاژی

بۆ دەرەوە دەبێتە یەک دینار هیچی نەنووسیوە(٦٨) بۆ دەرەوە، خورمای پاکەت ئەویش هیچی نەنووسیوە ئەویش لە٥ ٪ بەرامبەر دینارێک، (٧١) دۆشاو و روون نییە بۆ ناو هەرێم(١/٢٥٠) بۆ دەرەوە (٢/٥٠٠)بۆ روون کردنەوە دۆشاوی (عسل) (دبس) بەشی (١٣)ش تەواو بوو هیوامان وایە بەشی چوارده بەنهێنی بێ، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە هەق وایە بپرسن کێ پرسیاری هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە دەخوێندرێنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی حکومەت بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ پشتگیری مادە خۆراکییە بنەڕەتییەکان بکات، ئەگەر بکرێت ئەو شمەکە بنەڕەتییە خۆراکییانە کەدێنە ناو کوردستانەوە باجی لەسەر نەبێت، کە ئەڕواتە دەرەوە لەکوردستان باجی لەسەر بێت وابزانم خزمەتگوزارییەکی زۆر باشە بەو خەڵکەی ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر پشتگیری قسەی هێرۆ خان ئەکەم بەراستی هیوادارم رێگا نەدرێت بڕوات بۆ دەرەوە، چونکە ئێستا لەو قۆناغەی ئێمەدا ئەوەی کەوا لەم کاتەدا پێویستە میللەتی کورد پێویستی پێیەتی وخواردنی سەرەکییە، هەر لەبونیادەوە نەنێردرێت بۆ دەرەوە، نەوەک هەر باجی لەسەر دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتێکدا هەر وەفدێک دەگاتە کوردستان حکومەتمان یەکەم داوای ئەوەیە دەڵێین باری ئابووریمان زۆر کزو لاوازە پێویستیمان بەئازووقە ودانەوێڵە هەیە، ئایا ماقوولە ئێمە رێگا بدەین بەبردنی ئازووقە ودانەوێڵە بۆ دەرەوەی هەرێم؟ باشە (خارج) چیمان پێ دەڵێت؟ لەکاتێکدا بڕیاری پەرلەمانیش هەیە بۆ قەدەغە کردنی ئەم جۆرە شتانە بۆ ناو رژێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیارێکی پەرلەمان هەیە بۆ قەدەغە کردنی ناردنە دەرەوەی ئەم جۆرە شتانە، خۆ پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە؟.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلێمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من شمەکی خۆراکی دابەش بکرێت بە دوو بەش، ئەوەی لەدەرەوە دێت بۆ لەکارکردنی لەکوردستان چاوپۆشی لێ بکرێ هیچ گومرگی لەسەر نەبێت، ئەوەی کە دەچێتە دەرەوە ترانزێتەکەی لێ بستێنن، دەربارەی بەرهەمەکانی ناوخۆیی، برنجە، نیسکە، گەنمە، ئەوانە یەکجاری نەیەڵن بچنە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایە ئەگەر خواردەمەنی بۆ ناو کوردستان بێت، وەکو ئەو خوشک وبرایانە باسیان کرد باجی لەسەر نەبێت ئەگەر بۆ دەرەوە بێت ئەوە زیاتر بێت، چونکە قازانج ئەگەیەنێ بەو کاسبکارانەی کە لەکوردستاندا هەن، سوپاس.

**بەڕێز شێخ دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەگەر سەیری ئەو نرخانە بکرێ کە داندراون وەک باج لەسەر ئەو کەل وپەلانەی کە دێن بۆ ناو هەرێم، چونکە ئێمە باجێکمان نییە لەسەر بەرهەمی گەنمی خۆمان، یان لەسەر مادەیەکی تر، ئەوەی لەدەرەوەی هەرێم دێت نرخێکی بۆ داندراوە کە (٧٥) دینارە بۆ هەر تەنێک، کیلۆی دەکا (٧٥) فلس، چوونە دەرەوەش بە بڕیاری پەرلەمانە بەهیچ جۆرێک بواریان نادەین بچنە دەرەوە، ئەو شێوە (ترانزێت)ەی کە کاتی خۆی باسمان کرد لەهەندێ شوێنی کوردستاندا روودەدات بۆ ئەوەیە، تەنانەت لەسەر ئەوەش حەز دەکەم بەڕێزان ئاگادار بن کە ئەوەش نرخێکی رەمزییە لەچاو نرخی ئەو کەل وپەلانەی بازارەکانی دەوروپشتمان، بۆ نموونە (٥٠٠)دینار بۆ تەنێک گەنم هەر هیچ نییە لەچاو ئەو نرخەی کە لەبازارەکانی عێراقدا پێی دەفرۆشن، یان (٦٠٠) دینار بۆ تەنێک شەکر یان چای، ئێوە بزانن کیلۆیەک چای بەچەند، دەفرۆشێت؟ لەدیوی عێراقدا ئەوەی ئەچێتە سەری ناکاتە چەند دینارێک لەکیلۆیەکدا چەند سەد فلسێک ئەکات تەنانەت بیرمان لەوەش کردۆتەوە بۆ خواردەمەنی بۆ پێویستەکانی خەڵک، لە ئەو دیو سنوورەکانی کوردستانیشدا ئێمە کارێکی وائەکەین کار بکەینە سەر نرخ بەشێوەیەک بێت خەڵکی فەقیر وهەژار بتوانن بیکڕن، لەبەر ئەوە تکا ئەکەم ئەو مەسەلەیە باوای لێ نەیەت، ئێمەش هەموومان هەستمان لەگەڵ خەڵکە، لەگەڵ ئەوەیە کەنرخ بەرز نەبێتەوە لەبازارەکاندا وئەوەمان دەرس کردووە کە بەهیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر نرخ وئێمە قسەمان لەگەڵ بازرگانەکاندا کردووە پێمان وتوون ئەوە لابەرین ئێوە چەند دێنە خوارەوە؟ ووتویانە ئێمە ناتوانین(٧٥) دینار لەسەر تەنێک بێینە خوارەوە. ئەگەر ئێمە بتوانین لەسەر کیلۆیەک دینارێک بێینە خوارەوە، سوپاستان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەشی(١٣) پاش ئەو روونکردنەوانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟..
بەزۆربەی دەنگ بەشی (١٣)ش پەسەند کرا.
لەبەر ئەوەی بەشی(١٤)یەم پێشنیاز هەیە کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تر، لەبەر ئەوە سبەی دوو شەممە رۆژی لیژنەکانە، سێ شەممەش رۆژی حکومەتە ودەبێ هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە پێشنیارێک لەلیژنەی ئابوورییەوە هەیە کە سبەی دوای نیوەڕۆکەی سەعات «٣» دابنیشین و بەش بەش تەواوی بکەین سوپاستان دەکەم، دانیشتنی ئەمڕۆشمان لێرەدا کۆتایی هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

**دووشەممە رێکەوتی ١٣/١٢/١٩٩٣**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٣

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٣ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەرنامەی کار:**

**١- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای باجی گومرگ.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە....دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، بەرنامەی ئەمڕۆمان بریتی یە لەدووخاڵ، یەکەمیان باسی باجی گومرگە کە بەردەوام دەبین لەسەری، دووەمیشیان ئەو پێشنیارە بوو کە بوو بەبڕیارێک سەبارەت بە مەسەلەی دابەش کردنی زەوی بەسەر خێزانی شەهیدان دا. تازە بابەتیش ئەگەر شتێک هەیە بفەرموون؟

**بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاکەحمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با تازە بابەت نەبێت، چونکە ئێمە دوای نیوەڕۆ بۆ ئیش ئەمێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر خاتری کاک شێخ عەبدولکەریم تازە بابەتێکم هەیە بۆ بەیانی نەک بۆ ئێستا، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وایە، بەبۆچوونی من خاڵی دووەم پێش بخەین، چونکە خاڵی یەکەم لەوەیە تەواوی نەکەین، بۆیە دەڵێم با خاڵی دووەم تەواو کەین دوایی دێینەوە سەر خاڵی یەکەم.

**بەڕێز شێخ عەبدولکەریم کاکەحمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

درێژەی ئەم بابەتە لای کاک قادرە، جا نازانم تەشریفی هێناوە، یان نا؟ کەوا بێت ئەمەش دوا بخەین چونکە درێژەکە لای ئەوە، هەڵی بگرین، تاخوشک وبرایانی ئەنجوومەن بەدرێژی قسەی لەسەر بکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، بەڵام دوایی نەڵێین بۆتە کۆنە بابەت، مادام وایە با کاک جمیل وپەریخان بفەرموون.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک شێخ دارۆ وەزیری دارایی ناتوانێ بێت، منی کردۆتە وەکیلی خۆی، سوپاس

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەشی/١٤ لیژنەی ئابووری لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی دانیشتن ئەو گۆڕانکارییە بەدڵی هەردوولایە وئەم خشتەیە بخەنە دەنگ دانەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆرباشە ئەو تێبنییانەی کە وەختی خۆی بۆمان هاتوون رەچاوکراوە، بۆیە ئەخرێتە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەشی چواردە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا. ئێستاش ئەچینە سەر بەشی (١٥).

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی بەشی (١٥) کەرەسەی بیناسازی کەمترین نیسبەت (٨٪)ـە بۆ دەرەوە، بۆ ناوەوەی هەرێم دەستکاریان نەکردووە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وەزارەتی دارایی رازییە بەم گۆڕانکارییە وکەسیش لاری نییە، بۆیە ئیتر پێویست ناکات بیخوێننەوە.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لاپەرە (٤٧) پێویستی ناکات، پەڕەی دووەم بەشی دووەم هەندێ گۆڕانکاری تیا کراوە بۆ بۆ دەرەوەی هەرێم لە (٥٠) دینار کراوە بە (١٠٠) دینار تەنی بەردی مەڕمەڕ لە (٤٠) دینارەوە

کراوە بە (٧٥) دینار بۆ دەرەوەی هەرێم، (٥٣) بەردی مەرمەڕ/ دیسان لە (٤٠) دینارەوە کراوە بە (٧٥) دینار بۆ دەرەوەی هەرێم (٥٥) بۆ دەرەوەی هەرێم (٣٠) دینار کراوە بە (٥٠) دینار (٥٦) بۆ دەرەوەی هەرێم (٢٠) دینار کراوە بە (٣٠) دینار (٥٧) بۆ دەرەوەی هەرێم (٣٠) دینار کراوە بە (٥٠) دینار (٦٢) دەقیقەکی کاشی مەرمەڕ لەهەموو جۆرێک لەبەرهەمی تورکی وئیرانی ئێمە ئەو ئێرانیە وتورکیەمان لابردووە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/ ١٥ تەواو بوو، هەندێ گۆڕانکاریشی تێدا کراو، ڕای دارایی وەرگیراوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەشی (١٥)پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/ ١٦ پێداویستی شێ وەک وپیشەسازی، ئەم لاپەڕەیە تا لاپەڕەی (٥٣) بۆ دەرەوە بوو بە (٨٪) بەڵام نیسبەی ناوەوە دەستکاریمان نەکردووە، لاپەڕە (٤٩) زنجیرەی «٦» بۆ دەرەوە کراوە بە «٥٠٠» دینار (١٣) (مەرەز) هەموو ڕەنگێک بۆ ناو هەرێم کردوومانە بە (٥٠٠) دینار بۆ دەرەوە کردوومانە بە (١٥٠٠) دینار، ئەم لاپەڕەیە تەواو، لاپەڕە (٥٠) زنجیرە (٢٦) بۆناو هەرێم لە (٢٪) بۆ دەرەوە لە (١٠٪) وەزارەت ئەوەی لەبیر چووە، (٣٤) دینەمۆ بەهەموو جۆرێک (مولدە) بۆ دەرەوەی هەرێم (٢٠٪) کە ئەوان هیچیان دانە نابوو. ژمارە (٤٠) ماتۆر (محرک) سینگل فیس بچووک بۆ دەرەوەی هەرێم «١٠» دۆلار لەجێگای «١٢٥» دۆلار، لاپەڕە (٥١) تسلسلی (٥٥) اسپرتۆ بۆ ناو هەرێم یەک دینار بۆ دەرەوە دوودینار. زنجیرە (٧٣) هەڵەیەکی چاپ هەبوو بۆ ناو هەرێم «١٠» دینارە بۆ دەرەوەی هەرێم «٢٠» دینارە (٧٥) پێکهاتەی دەباغ کردنی چەرم بۆ دەرەوە «١٠» دینارە بۆ ناوەوە «٢٠» دینارە، لاپەڕەی ئەو دیو (٨٦) بۆناو هەرێم روون نییە ئەوە نیو دینارە بۆ دەرەوە دینارێکە، ئەو کیسانە تایبەتن بە چیمەنتۆ،(٨٧) هەڵەیان نووسیوە، پێویستە فت بکرێت (٨٨) صودا الکاویە بوو بە (٣٠) دۆلار بەڵام ڕێژەکەی لە (٢٠٪). لاپەڕە (٥٣)زنجیرەی (٨٩) بۆ دەرەوە لە ١٥٪. بەشی ١٦ ئەمەبوو گۆڕانکارییەکان تەواو بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/ ١٦ تەواو بوو، گۆڕانکارییەکان هەمووی بۆ زیاد کردن بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان محمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/ ١٧ کەرەستەی دامەزراندنی کارەبا لەبەشی (١٧) دا کەمترین ڕێژە بۆ دەرەوە لە (٦٪) زنجیرەی (١٣) گۆڕیوتانە بۆناوەوە (١٠٠) فلس بۆ دەرەوە (٣٠٠ )فلس، (١٩) ٥٠ فلس بە

(١٠٠) فلس، (٢٠) ١٠٠ فلس (٢١) دینارێک بەپێنج دینار (٢٥) ٥٠٠ فلس بە ١/٥٠٠ دینار (٢٨)لوولەی کانزایی ژێر خاک ڕێژەکەی بۆ دەرەوەی هەرێم لە (١٠٪) و (٥) دینار (٢٩) لوولەی ژێر خاکی پلاستیک بۆ دەرەوە کردوومانە بەدوو دینار (٣١) بۆ ناوەوە دینارێکە بۆ دەرەوە (٣) دینارە ئەم بەشە تەواو، سوپاس

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر تەماشای ئەو ڕێژانە دەکەین زۆر کەمەن بۆری یەکی ژێر زەوی وابزانم ستاندەر درێژی شەش مەترە دوو دینار بۆ دەرەوەی هەرێم ئەگەر گومرگی بێتە سەر ئەو بۆرییە هەشبێتن لەکوردستانی ناهێلن، من پێم وایە ڕێژەکان زۆر کەمەن بەتایبەتی لەشمەکەکارەباییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت کوردستانەوە خۆی شمەکی کارەبا بەرهەم ناهێنێ ئەوانەی کە هەنە هەمووی ئیستـرادە وترانزێتە، لەبەر ئەوەی کە ئەڕوات ئەبێت بۆ هاندانی ترانزێت بێت، عادەتەن باجی ترانزێت زۆر کەمە ئەوەندەیە تاتێبەر بوونە کە بەخاکەکەیدا تێ دەپەڕێ لەوە زیاتر نەبێت وزۆر جار ترانزێت بۆ ئەوەیە کە بۆ هانی هەندێ چالاکی ئابووری بکرێ لەولاتەکەتدا، لەبەر ئەوە بەرەئی من ئەوە کەم نیە کەئەڕوات چونکە خۆمان نیمانە، ئەوانە بەشێوەێ دێن ترانزێت وئێمە بابێین قەدەغەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.سەلاح الدین وەڵامی کاک ئەیادی دایەوە بەڵام ئەو بۆری یە (٦) مەتر نییە ئی ژێر زەوەی یە (١٦٠) سمە، ئەوە جیاوازە لەگەڵ بۆریەی ئاو کە ئەو(٦) مەترە ئەمە بۆری ژێر زەوی تایبەتە (١٦٠) سمە لەگەڵ ڕێزم دا، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

درێژیەکەی گرفت نییە ئەگەر (٦) مەتر یا (١٠٠) سم بێ گرفت دروست ناکات، داوای لێ بوردن ئەکەم کە سەهووم کردبێ لەدرێژیەکەی، بەڵام ئەگەر تەماشا دەکەن چۆن ئێستا لەدەرەوە ئەو شمەکانە نایەن، چونکە ئێمە ئابلوقەی ئابووری دەوڵەتان دراوین، ئەگەر بتوانین شمەکی کارەبایی بێنین دەتوانین هەندێ شت کە زۆر پێویستمان پێیەتی بیهێنین تا کارگەکان بخەینەوە گەڕ، سوپاس

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزو حورمەتم بۆ کاک ئەیاد راستە ئابلووقەی دەوڵەتی هەیە، بەڵام لەوانەیە شارەزایی خاڵی دوەلی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئامرازی کارەبایی دێت لەو تأسیساتە ولەوانەیە بازاری هەولێر پربێت لەو شتانە هەتا (موەلداتی ثری فیس)ی تورکیا، ئنجا ئەو بازرگانە چۆن تورکیا اقناع دەکات؟ گرنگ ئەوەیە ئەو شمەکە کارەبایە تورکیانە دێن، وەخاڵێکی تر هەیە، هەتا نەتەوە یەکگرتووەکان شتی خەستەخانە، یان شتی کارەبایی زۆر پێویست بێت لەرێگای ئیبراهیم خەلیلەوە دێن، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە داوا ئەکا شمەکی کارەبایی کەبەتایبەتی ئەچێت بۆ دەرەوە نیسبەتی گومرگی زیاد بکرێت، ئەوە پێشنیارێکە گویشتان لەوەڵامەکەی بوو، ئەگەر کاک ئەیاد دڵنیا نییە بەوە، ئەوا ناچارین بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەرێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو شمەکانەی کارەباکە لەکوردستان هەنە پێویستە نەیەلن برۆنە دەرەوە، ئێمە ئێستا ئەو بەشە کارەبایەی هەر رۆژە دەدرێتە ناوچەیەک و رۆژانە سۆکیتەکان فرێ دەدات تەحەمول ناکات، باشە ئێمە کە کەل ولەپەلی یەدەگمان نەبێت چۆن چارەی ئەو گرفتە دەکەین؟ با ئێمە هەموو شتێک لەبەر چاوی خۆمانا دابنێین بەبێ زیاد کردنی دووبادی گومرگ بۆ دەرەوە، بەهەموو جۆرێک ئەو شمەکانە بەرەو دەرەوەی کوردستان دەرون، هەرچەندە بریارێکی پەرلەمانیش هەیە کەنابێت ئەو شمەکانە برۆن، سوپاس.

**بەرێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووسێ خاڵ هەنە دەمەوێت روونیان بکەمەوە، یەکەمیان برای بەرێزمان کاک ئەیاد ئەو پێشنیارەی کردووە ئەبێت ئێمە لەبەرچاومان بێت داهاتی کوردستان لەگومرگدایە، ئێمە لەزۆربەی کەل وپەلەکانا ناتوانین دەست لەگومرگ هەڵگرین، دووەم ئەبێ بیرلە هاندانی بازرگانی بکەینەوە ئەوە زۆر گرنگە، سێ یەمیش کە ئەڵێین بۆزەنگێک (٥) دینارە بەراستی لۆریەک حیسابی بکە لەوانەیە (١٠٠٠) جەرەسی تیابێ چەندەها بۆری تیا بێت تا ئێمە ئەڵێین یەک لۆری یاخود یەک جەرەس حسابی زۆر بکەین، دەتۆ حیسابی بکە (٥) دینار زەربی چەند دەکری ئەوە نرخێکی زۆر دەردەچێت، ئەگەر زیاد بکرێ ئەو کابرایە استیرادی ناکات ونای هێنێت، جا ئێمە لیژنەکەمان لەسەر ئەو ژمارەیە پێک هاتووە وپێویستی ناکات، سوپاس

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواو لەبۆچوونی کاک ایاد ئەکەم ئەگەر ئێستا حالی حازر تەعریفەی گومرگی دابنرێت بۆ دەرەوەی ولات کەل وپەلی کارەبا تەعریفەی لەسەر دابنرێت، هەر ئێستا ئەو بنایەی کەلە کۆمەڵگاکاندا چۆڵ بوون دەچن لەبنەڕەتەوە دەری دەهێنن بۆ ئەوەی کەوا شمەکە کارەبایەکەی ئاودیو بکەن، واتا حەق وایە لەحەقلی ئەوەی کە ئەڵێ کەلوپەلی کارەبا بۆ دەرەوە، حەق وایە دابنرێت لەبەشی تەعریفەکە کەوا نەڕوات بۆ دەرەوە وای لێنەیێ کەوا (اباحە) بکرێت شمەکی کارەباییمان بچێتە دەرەوە، ولاتی ئێمە زۆر پێویستی بەوەیە کەوا شمەکی کارەبا لەدەرەوە بێنی، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا، لەڕاستیدا ئەو شتەی کە ئێستا باسی ئەکەن، واتا ئەو شمەکە کارەباییانە بۆ دەرەوەی کوردستان ئەڕۆن، کەوا زۆربەی زۆریان تۆمار کراون، ئەوانە ئەڕۆن بۆ دەرەوە پێش ئێستاش هەر ڕۆیشتوون و، ئێستاش ئەڕوات، ئەوەی جەنابت ئەفەرمووێ شتێکی ترە، پێشنیارەکە ئەوەیە بەحەقیقەت، ئەوەی ئەچێتە دەرەوە گومرگەکەی زیاد بکرێت.

**بەڕێز د. سەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە ئەو شمەکە کارەبایانەی کە دەڕۆن بۆ دەرەوەی هەرێم. ئەمانە ئەو سکرابە نییە کەوا لە کۆمەڵگاکان لێدەکرێتەوە یا لەماڵەکان دەردێن و دەدزرێن، یاخود لەناو عێراق دا هەبێ وبڕوات ئەوانە یا لەخالی ئیبراهیم خەلیلەوە دێت وەکو ترانزێت ئەڕوات یاخود لە ئیرانەوە دێت و بە ترانزێت ئەڕوات، ئێمە ئەبێت جیاوازی لەنێوان دووشت دا بکەین، تەعریفەی ترانزێت وتەعریفەی گومرگ، سوپاس

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدوایی دا قسە دەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ولاتەی ئێمە لەڕەوشێکی بەدەر دادەژین وهەلاوسان (تضخم) هەیە و، بی ئیشی زۆرە، پەرلەمان وحکومەت بەرپرسیارن لە بەدی هێنانی ئیش ونان بۆ میللەتەکە، لەبەر هەندێ پێویستە ئاسانکاری لە جولانەوەی بازرگانی وئابوریدا بکەین ئەو ڕەسمانە بسەپێنین بەبۆچوونی من

رەسمێكی خراپ نییە دەبێ هانبدرێ جۆرە داهاتێك بۆ حكومەتی ئێمە پەیدا دەكا چ بەدراوی گران چ بەعومەلەی ناوخۆ، سوپاس

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

من بەتەواوی پشتگیری بۆچوونی د.سەلاح دەكەم ئەوە كوردستان بەراستی بنكەی ئەو كالایە نییە، بەڵكو ئەوە ترانزێتە، لەبەر ئەوە دەبێ هانی بدەین وئەوە مانای ئەوە نییە كەبێنین خانوو شتی وا لەكوردستان هەڵتەكێنین و ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی بكەین، سوپاس

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدوڵلا حـەیدەری:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

قسەكانی من د.سەلاح وكاك حازم كردیان. سوپاس

**بەڕێز ئەحـمـەد تاهیـر نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

لەگەڵ بۆچوونی كاك ئەیاد دام بەراستی ئەو شتومەكە كارەبارییەی كەلە دەرەوە دێ ئەگەر عەفوش نەكرێ كەم بكرێتەوە لە (٢٪) نیسبەتێكی زۆر كەمی لەسەر دابنرێ، بەڵام بۆچوونە دەرەوە باجێكی دووجا یا سێ جای لەسەر دابنرێ كەوا نەچێتە دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عـیـزەدین مـسـتـەفـا ڕەسـول:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

دیارە ترانسێت شتێكی جیاوازە، ئێمە ڕێی ترانسێت بگرین زیانمان لێ ئەكەوێت، بەڵام ترانسێتەكە ئەو شتانە نەبێ كە بۆ سوپای عێراقی ئەچێ وسوپای عێراقی پێ بەهێز دەبێ ئەوە یەك، دووەمین پاش ئەو یاسایە لیستەكمان هەبێ كە ئەو شتانەی كە چوونە دەرەوەی زیانی هەیە بۆ ئابووری كوردستان هەر چەندە لەتەعریفەش دانرا بێ قەدەغە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز شـالاو عـەلی عـەبدوڵلا:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

بەراستی تەعریفەی ترانسێت شتێكی زۆر جیاوازە لە ئی گومرگ، ترانستێت شتێكە لەماوەیەكی دیاری كراودا وبۆ شی نییە لەوڵاتەكە بەكاربێ، ئەبێ شوێنی ئەو لایەنەی كە ئەیدرێتێ هەتا شوێنی ئەو لایەنەی كەلێشی ئەروا تەعریفە بكرێ، نیشانە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز شێخ عەبدولكەریم كاكە حمە عەبدولكەریم:**

**بەڕێـز سـەرۆكی ئەنجـومـەن.**

وەكو ئەندامی لیژنەی دارایی قسە دەكەم باجی گومرگ ڕەنگە لەگەڵ ترانسێت جیا بێ، بەڵام واقعی ئێستا لەكوردستانی ئێمەدا وانییە، لە ئیبراهیم خەلیل جار جار ئۆتۆمبیل تێ پەڕێ بۆ

موسڵ ڕێک بڕوا بەترانسێت، بەڵام ئەوەی تر لەسنووری ئێران لە (١٢ ـ ١٣) شوێندا بازگە هەیە ئەوانە هەموو بەکەروبارو ئێستر دێن، سوپاس.

**بەڕێز فـــرەنســـــۆتۆمـــــا هـــەریری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

من پێم وایە ئەو شتانە ئەبێ بۆکەسانی شارەزاو پسپۆر بەجێ بهێڵدرێن، نموونەیەک هەیە پێم وایە کاک دارۆ باسی کرد، ماوەیەک لەمەوپێش گوایە جۆی (بیرە) لەتورکیا وەدەهات لەڕێگای ابراهیم خلیل گومرگیان زیاد کردبوو بۆ ئەوەی داهاتی کوردستان زیاد بێ، لەو گومرگە بازرگانەکان کە ئەو موعامەلەیان دەکرد ڕێگایەکی تریان پەیدا کرد، بەڕێگایەکی تر هێنایانە عێراق ئێستا چەند خەریکن داخی بەزێنن بۆ ئەوەی بێ، تازە ڕۆیشت ونابێ، لەبەر ئەوە وپێویستە ئەو شتە بەجێ بهێڵین بۆ پسپۆران، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حـــاجی نامق مـــەجـــیـــد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

یانی مەسەلەکە دەبێـەمەوە بارێکی تر، بەراستی ئەمە حکومەتی بەعس یەک ساڵ وچەندە، کارەبای لەکوردستان بڕیوە ،وانزیکەی ساڵێکە لەشاری دهۆکی بڕیوە، خەستەخانەکان بێ کارەبان ومەکتەبەکانیش ئێمە شمەکی کارەبایان بۆ بنێرین وەڵلا چیە؟ ترانسیتی وەردەگرین، بەراستی ئەوەم پێ راست نییە، لەوانەیە لەزۆر شتی تر من گفتوگۆی لەسەر نەکەم، بەڵام مەسەلەی کارەبایە یانی ئەو ترانسیتە دێ بەرەو کوێ دەڕوا؟ بەرەو باشوور دەڕوا یاخوا ڕۆژی بەعس هەروا تاریک بێ، بەراستی ناڵێم میللەتی عێراق چونکە ئەوانیش دووچاری درەندەیەکی وەکو ڕژێمی بەعس هاتوون، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـــمەد ئەبو بەکـر حـسەن بامـەڕنی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن.**

من حەز دەکەم ڕای لیژنەی ئابووری وەربگرن وگفتوگۆی لەسەر نەکرێ. بەڵام نووسەرێک وتارێکی نووسی وە ئەڵێ میللەتێک لەسەر خاڵێکی گومرگی دەژی، ڕەنگە ئەو وتارە لەڕۆژنامەی (حیاە)دایە ئەگەر بەدەستمان کەوت بەیانی ئەی هێنمە ئێرە، بەداخەوە ئێستا حکومەتی ئێمە(١٦٠) هەزار کارمەندەی هەیەکەهەموو مانگانە پارەیان پێ ئەدەین، لەسەر ئەو گومرگە ئەژین، ئەگەر ئێمە ووتمان کەلوپەلی کارەبای ترانزێتمان ناوێ لیژنەی ئەوقاف ووتی بیرە وخەنزیر وئەوانە پێویست ناکات، هەرچی خواردەمەنییە با بێت بڵێین گومرگ وەرناگرین تاکو شتەکان گران نەبێ، ئەو حکومەتە یانی ئەوە خۆمان بەخۆمان دائەنێین دەڵێین باشە دوای مانگێکی تر مووچەکە نادەین، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــــومــــــەن:**

ئەو برادەرانە، زیاتر ئەوانەی گەرمیان ئاگادارن و وەختی خۆی شتی کارەبایی وتایە زۆر ئەهات

وەئەڕۆیی بۆ خوارەوە، بەلاّم ماوەیەکە کە ڕێگای قصر شیرینی نێوان بەغدا وتاران کراوەتەوە، تایەش وابزانم ئێستا وەکو جاران ناڕوات. ئەوەی برادەران دەیلێین دەورووبەرو کون وقوژبن زۆرە ئێمەش هەمانە ونیمانە ئەو دەرووەیە کەشتی پێ دێ وپێی ئەژین، جا هیوادارم وانەکرێ ئەو سەرچاوەی داراییەمان زەرەرمەندبێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە وەک خۆی بمێنێتەوە؟ بەشی(١٧) کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ بەشی (١٧) پەسەند کرا.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

بەشی/ ١٨ کەرەستەی دامەزراندنی تەندروستی. لەبەشی (١٨) هیچ گۆڕانێکمان لەناودا نەکردووە نەلەناوەوەی هەرێم ونەلەدەرەوەی هەرێمدا، تەنها دوو هەڵەی چاپی تیایە لە (١٤) هەموو جۆرە (صمونە، عکس، تقسیم، واشەر) بۆ ناو هەرێم (١٠٠) فلس نەک (١٠٠) دینار بۆدەرەوە (٢٥٠) فلس و (١٦) بۆ دەرەوە (١٠) دینارە نەک (١١٠) ئەوەش هەڵەی چاپە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن:**

بەشی/ ١٨ وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەک خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــوومــــــەن.**

پێداویستی ئامێری دەست (العدد اليدوية) کەمترین ڕێژە بۆدەرەوە کردوومانە بە لە (٦٪) لەخاڵی یەکەم دا بۆ دەرەوە کردوومانە بە (٥٠) دینار لە دووەم بووە بە (١٥) دینار، چوارەم (٦٠) دینار بۆدەرەوە، شەشەمیان مەکینەی تۆرنەی ئاو بۆ دەرەوە (٦٠) دینار. حەوتەم مەکینەی تۆرنە بۆ دەرەوە کراوە بە (٣٠)دینار. هەشتەم بۆ دەرەوە کراوە بە (٤٠) دینار نۆیەم بۆ دەرەوە کراوە بە (٨)دینار. دەیەم بۆ دەرەوە کراوە بە (٨)دینار، یانزە بووە بە (٣) دینار دوانزە بووە بە (٥) دینار، سیانزە بووە بە (٦٠) دینار چواردە بوو بە (١٥٠) دینار. پانزە بوو بە (٦٠٠) دینار شانزە بوو (٣٠٠)، حەڤدە بوو بەدینارێک ونیو، هەژدە بوو بە(٢) دینار، نۆزدە بۆ دەرەوە (١٥٠) دینار، بیست (٧٥)دینار، بیست ویەک (١٠٠) دینار، بیست ودوو (٦٠) دینار بیست وسێ (٧٥) دینار بیست وچوار (٢٠٠) دینار. بیست وپێنج (١٥٠) دینار، بیست و شەش (٢٥) دینار، بیست وحەوت (٨)دینار، بیست وهەشت (٣) دینار. بیست نۆ (١٥) دینار، سیی (٦٠) دینار سیی ویەک (١٠٠) دینار، سیی ودوو (١٥٠) دینار، سیی وسێ (١٠) دینار، سیی وچوار (٣) دینار، اخیر شت سیی وحەوت (٥٠) دینار. ئەوسیی وهەشت وسیی ونۆ وچل ئەوانە ئەوە زیادن، سوپاس.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

بەشی/ ٢٠ دوو لاپەڕەیە (٥٩ ـ ٦٠) کەرستەی یەدەکی سەلاجە، مجمدە، تەباخ، سەعات. خوێنرایەوە.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

بیست هەموارکراوەو کەمترین ڕێژە (١٠٪) دانراوە لەسەر ئەو بنەمایە نرخ بۆ دەرەوە زیادی کردووە چ تێبینی لەسەر ئەمە هەیە؟ کێ لەگەڵە؟ وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز پەریخـــان مـــەحـــمـــود عـــەبدولقـــادر:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

بەشی/ ٢١ پێداویستی کشت وکاڵی وسامانی ئاژەڵ و گۆران کاریەکان لێرە زۆر کەمن یەک پەینی کیمیاوی ڕێژەی بۆ دەرەوە کراوە بە لە (٢٠٪) نرخەکەی بووە (٣٠٠) دینار، (٢٠) ڕێژەکە بۆ ناوەوەی هەرێم لە (٨٪) ونرخەکەی (١٠٠) دینارە بۆناوەوە، حەوت ڕێژەکەی بۆ دەرەوە لە (٨٪) بووە بە لە (١٠٪) هەشت ئەویش ئەبێ بە لە (١٠٪)، بیست ویەک بۆدەرەوە ڕێژەکەی کراوە بە لە (٤٪) نرخەکەی (٢) دینارە، بیست ودوو بۆ دەرەوە ڕێژەکەی بووە بە لە (٥٪) ونرخەکەی (٧٥٠) فلسە، سیی ودوو بۆ دەرەوە دەست کاری نرخەکەی کراوە بووە بەدینارێک بۆ ناوەوە (٢٥٠) فلسە. سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن:**

بەشی/ ٢١ چەند گۆڕانکاریەکی بەسەردا هات هەمووشی بۆ زیاد کردنە، چ تێبینی هەیە لەسەر بەشی (٢١)؟ نییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ بەشی (٢١) وەکو خۆی مایەوە پاش ئەو گۆڕانکارییانە.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجــــومـــــەن.**

بەشی/ ٢٢ قرطاسیە وپێداویستی قوتابخانەو نووسینگە چوار لاپەڕەیە (٦٣ـ ٦٤، ٦٥ـ ٦٦، لاپەرە ٦٣) یەک گۆڕانی تیایە، سێ یەم بۆ دەرەوە قەلەم جاف (١٢) دانە (١٠) دینار لەجێگای شەش دینار، لاپەرە (٦٤) سێ چوار فایل مانیلا (١٠٠) دانە بۆ دەرەوە (٣) دینار فایل مقوی (٨) دینار بۆ دەرەوە، لاپەرە (٦٥) بۆ دەرەوە ٥دینارە، پەنجا بۆدەرەوە (١٠) دینارە شەست وچوار لەچاپ دوو خیاڵمان لەبیر چووە بۆ دەرەوە لە (١٠٪) شەست وچوار بۆ ناو هەرێم لە (١٪) کەمان کردووە بۆ دەرەوە دەستمان لێ نەداوە بۆ ناوەوە لە (١٪) بەرامبەر بە (١٠٠) دینار لاپەرە (٦٦) حەفتاویەک تەباشیر قوتو (١٤٤) دانە بۆ ناو هەرێم بەڕێژەی لە (١٪) لەجێگای لە (٢٪) حەفتاوچوار بۆ ناو هەرێم کەمان کردەوە بۆ (٥٠٠) دینار لەجیاتی (١٠٠٠)

دینار حەفتاو شەش زۆر روون نییە لەطبع نیو دینار بە دیناریکە، هەشتاو دوو، بۆ دەرەوە لە (١٠٪)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٢ چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمودعەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٣، جۆرەها ئامێری موزیقە گۆڕان کاری تەنها لەخاڵی حەڤدەیە، بۆ دەرەوەی هەرێم کراوە بە(٣٠) دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٣ یەک لاپەڕەیە، یەک گۆڕانکاریشی تێدا کراوە کە بۆ دەرەوە زیاد کراوە، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٤ پێداویستی ئەزمونگەری هیچ گۆڕانکاری تیا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٤ یەک لاپەڕەیە هیچ گۆڕانکاری تێدا نەکراوە کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکوخۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٥ ئامێرو کارگەی بەرهەم هێنەر، چوار بۆ دەرەوە بووە بە لە(١٠٪) کارگەی دروست کردنی روون، هەشت بۆدەرەوە لە (١٠٪) یانزە ودوانزە دەزگای چاپە مەنی(الة طابعة) فۆتۆکۆپی وئامێری روونووس کردن هەردوو بۆ دەرەوە لە (١٠٠٪) دوانزە بۆناو هەرێم لە (١٪) یانزە وشانزە ماکینەی دروست کردنی سۆندە لە (١٠٠٪) شانزە تۆرنە،فرتیزە، رەندە، جامعەی نەجاری ئەویش لە (١٠٠٪) نۆزدە (١٠٠٠) دینار لەجیاتی (٥٠٠) دینار لاپەرە (٧٠) بیست وچوار لە (١٠٪) بۆ دەرەوە بیست وپێنج بەردی ئاش بۆ دەرەوە لە (٢٠٠٪) بیست وشەش بۆ دەرەوە لە (١٠٪) بەرامبەر ٥دینار بیست وحەوت بۆ دەرەوە لە (١٠٪) بەرامبەر (١٠٠٠) دینار. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٥ چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ بەشی (٢٥) بەو گۆڕانکارییانەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٦ کۆمەڵی ئۆتۆمبیلە و زۆر جۆری تیایە ئێمە کردوومانە بەسێ چوار بەش بۆ ناوەوەی هەرێم و(استیراد) هیچ دەستکاریمان لەو ژمارانە نەکردووە،بەدۆلار، بەڵام حەقلێکی تر یان دروست کردووە بەناوی (تصدیر)، ناردنە دەرەوەشمان نییە، چونکە هیچ گارگە ئۆتۆمبیل دروستکردنمان نییە، هەر لاپەرەیەک هەندێ تێبینیان نووسیوە، بەڵام بۆ مۆدیلی یەکەم ١٩٨٠ پێویستە ئێمە بنووسین (الموديلات القديمه) ١٩٨٠ بۆدوا مودیلی ١٩٩٤ دەتوانین بنووسین مودیلی (٩٤) بەسەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو چەند لاپەڕەیەی بەشی (٢٦) تاکو لاپەرەی (٧٥) وای لەسەر پێکهاتوون کەبەشی (تصدیر)ی لێ هەڵگرن لەگەڵ بەشی دارایی، چ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٧ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ویەک نەفەری وپاسی مەزن لەجێگای مودێلی ١٩٨٠ مۆدیلەکانی تادەگاتە ١٩٨٠ خشتەکە وای لێ دێ دەستمان لەدۆلار نەداوە، وەکو خۆی ماوە، تصدیر هەڵوەشاوەتەوە، تەنیا لێرە هەیە (٢٧/٥ـ ٢٧/٦) پاس کە کەمتر لە (٤٢) نەفەر هەڵدەگرن، هەمان لە مۆدیلە کۆنەکان تا ساڵی١٩٩٠، وپێنجەم پاسی (٤٢) نەفەری وشەی «زیاتر»مان خستۆتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(٧٥ )پاشی ئەو گۆڕانکارییە چ تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٨ ئامێری کشت وکاڵ ورێگاوبان، گۆڕان کاریەکان یەک بووە بە (١٠) هەزار دینار کەممان کردۆتەوە دوو/٧ هەزار دینار، سێ/٥ هەزار دینار ٤:٧هەزار دینار، ٥: (٥٠٠)دینار (١٥٠٠) دینار زیادەمان هەیە رافعەی بچوک وکۆمپرێسەر تێبینیەکانی دوایی، ئێمە فتمان کردوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٨ تەواو بوو، ئەوەی تراکتۆریش گومرگیان کردۆتە نزیکەی نیوەی ئەوەی کەتەخویل

کراون، چ تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵ بەشی(٢٨)ە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی/٢٩ پێداویستی جۆراوجۆر. سێ یەمیان شقارتە بەکارتۆن ئەو وشەی ئێران لادەبەین، ڕێژەی بۆ دەرەوە لە ٧٪ خالی حەوت ڕێژەی بۆ ناو هەرێم لە (٥٪) بۆ دەرەوە (١٠٪) خالی هەشت نیسبەکەی بۆ ناو هەرێم لە (٤٪) نرخەکە ٢دینار، بۆ دەرەوە (٥) دینار، نۆیەمیش گۆڕاوە بۆ تفەنگی ڕاو ساچمە لابراوە جارێکی تر کراوە بە تفەنگ(٢٨) لە (٢٪) کراوە بە (١٪)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی/٢٩ ئەو گۆڕانکاریەی تێدا کرا، ئایا کەس تێبینی تری هەیە؟ کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئەمە تەعریفەی گومرگی تەواو بوو، ئێستا ماوەتەوە بەسەر یەکەوە بیخەینە دەنگ دانەوە بنەمای باجی گومرگی وەکو یاسا وملحقات تەواو بوو، ئێستا کێ لەگەڵ ئەو یاسایە و خشتەکەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ یاسای باجی گومرگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین بۆ تەحەمولتان، هیوادارین وەزارەتی دارایی وئابووریش لەسەر ئەم یاسایە کاری خۆی وەکو پێویست بکات.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرشتی هونەرکارییە ئەگەر لیژنەی دارایی تا ئێستا زۆر ماندوو بوون بەراستی ئەو ماندوو بوونەش بکەن بەنموونە لەهەندێ لیستدا تێبینی دەکەین (٤٧،٤٨،٤٩) ئەو ژمارانە هیچی لەبەرامبەر دانیە، هەر لیستێک با هەرشتێک تێبنی یەک بنووسن، بەشی (٢٩) تەنها (٤٧) برگەیە لەو بابەتە هەر بۆ تاکید کردنە، سوپاس

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش شتێکم هەیە بۆ گفتوگۆکردن نییە، ئەندامانی پەرلەمان پابەندن کەبەیانیان وئێواران دەوام بکەن، بەڵام بۆ ئیش وکارەکانی پەرلەمان پابەند نین، بۆیە داوا دەکەم ئەو وەختانە کە دوادەکەون ئۆڤەر تایمان بدەنێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ئەوە لەمێژە حیساب کراوە ، کارمەندەکانی پەرلەمان تۆزێک لە

فەرمانگەکانی تر زیاتر دەوام دەکەن، پابەندیشن بەدەوام، لەبەر ئەوە لەسەرۆکایەتی زۆرجار هەولمانداوە ئەوە رەچاو بکەین وسوپاستان دەکەین کە تێبینی ئەوە دەکەن، ئەوە زیاتر هانی سەرۆکایەتی دەدات کە زیاتر چاومان لێیان بێ، سوپاس.

**بەرێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتایبەتی بۆ دانیشتنە، من ئەڵێم غایب بنووسری ئەوەی نەهاتووە لەکاک نەژادەوە دەست پێ بکات. سوپاس

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ تێبینی کاک ئەیاد دەڵێم لیژنەی دارایی وئابووری زۆر بەدڵسۆزی کاری خۆی دەکات تاکو هیچ خەلەل لەژمارەکاندا نەبن، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، لەراستیدا ماندوو بوون، بەلاّم ئەم ئیشەش پێویستە، سبەی سەعات (١٠) رۆژی دیداری حکومەتە. دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای باجی گومرگیی
# هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری دارایی وئابووریی هەرێم.

٤- باجی گومرگی: ئەو پارەیەی لەلیستەکانی کەلوپەلەکاندا دیاری کراوە وڕێژەی باجە گوومرگی یەکانیان وئەو بنەما تێبینی یانەی سەبارەت بەو کەلوپەلانەی دێنە هەرێمەوە ولێ ی دەردەچن نووسراون.

٥- جۆری کەل وپەل: ئەو کەل وپەلانەی لە لیستەکانی باجی گومرگیی پابەندی ئەم یاسایەدا ناوبراون.

**ماددەی دووەم:**

باجی(ڕۆیشتوو یاهاتوو/الصادر والوارد)ی گومرگی بەپێی ئەو بڕانە(مقادیر) وەردەگیرێن کەلە لیستەکانی پاشکۆی ئەم یاسایەدا دیاری کراون.

**ماددەی سێ یەم:**

ئەوکۆت وبەربەستانەی بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق یا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم خراونەتە سەرهەندێ کەلوپەلی هێنراویا نێردراو هەر لە کارپێکرندا دەمێننەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت بۆی هەیە کارو کرداری پێویست لەبابەتی پارێزگاری(حمایە)یا بەرامبەرێتێ (المقابلە بالمثل) بکا ئەگەر بەرژەوەندیی هەرێم بەهۆی کارەساتێکەوە کەلەیەکێ لە وڵاتە بیانی یەکاندا ڕوودەدا بکەوێتە بەر مەترسی:

أ - بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەسم وباجی قورس لە سەر کەلوپەلەکانی هەرێم یا قەدەغەکردنْ یا سنووردانان بۆ هەندێ کەلوپەلی هێنراو یانێردراو.

ب- بۆ مەبەستی نزم بوونەوەی نرخی پارەی ئەو وڵاتە بەشێوەیەک کەببێتە هۆی لەنگی لەپێشبرکێ ی بازرگانیی ئاساییدا تا ئەو ڕادەیەی بازرگانی هەرێم بخاتە مەترسی یەوە. بۆیە دەشێ پەیرەوی ئەوتۆ دەربکرێن کە کەلوپەلەکانی هەریەکێ لەو وڵاتانە بخاتە ژێر ڕکێفی

زیادکردنی باجە گومرگی یەکانەوە بەمەرجێ ئەو زیادکردنە لەدوو هەندەی ئەو باجە پتر نەبێ کە لەلیستە پاشکۆکانی ئەم یاسایەدا دیاری کراون.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر زیاد کردن یا کەم کردنەوە یا هێشتنەوە کەبەپێی حوکمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە دەکرێن دەشێ بە پەیرەو نەهێلرێن یابگۆردرێن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر بارودۆخێکی وەها هاتە پێشەوە کەحکومەتی هەرێم وا بەپێویست بزانێ بۆ بەتەنگەوە هاتنی بەرژەوەندی یە ئابووریەکانیی هەرێم سنوور بۆ هێنانی کەلوپەلێک دابنێ یا رێکی بخا ئیتر ئەگەر سەبارەت بەکۆی کەلوپەلەکە یا بەکۆی نرخی هێنانیان بێ لە هەموو سەرچاوەکانەوە یا لەهەر سەرچاوەیەکەوە ئەوا دەشێ پەیرەو دەربکرێ بۆ دیاریکردنی رادەی هەرەبەرزی کەلوپەلەکان یا نرخی ئەوەی دەتوانرێ بهێنرێ بەشێوەیەکی گشتی یا بەتایبەتی لەو وولاتە یا لەو وولاتانەوە بەپێی ئەو پەیرەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

فەرمانگەو دام ودەزگاکانی حکوومەتی و حزبەکان وکۆمەڵەکان ملکەچی ئەو باجە گومرگی یانە دەبن کەلەم یاسایەدا هەن.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییی پێویست بۆ ئاسانیی جێبەجێ ی کردنی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٤

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٤

***کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

**بەرنامەی کار:**

***١- ئامادەبوونی ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.***

***٢- تازە بابەت.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆربەی زۆری پرسیارەکانی ئەمجارەمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە کە نزیکەی «١٠» پرسیارێک دەبێ، پرسیارەکان بەشێکیان ئەگەڕێتەوە بۆ مانگی «١٠» و «١١»، دوو پرسیارەکان پەیوەندی بە وەزارەتی «پ.م» وە هەیە، دوو پرسیاریش بۆ وەزارەتی پیشەسازییە، بەرەئی من مادەم وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری پیشەسازیش لێرەن، خراپ نییە ئەگەر یەک دوو پرسیار هەیە ئاراستەیان بکەین و ئەو پرسیارەکانی دیکەیش هەڵگرین بۆ دەرفەتێکی تر، جاکاک د.کەمال فەرموو ئەگەر شتێکی تازە هەیە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم باشتر وایە ئەو وەزیرانەی کە لێرەن پرسیاریان بەرەورو کراوەتەوە ئەو پرسیارانە بکرێت، پرسیارەکانی تر هەڵبگیرێت وە ئەگەر وەزیری داراییش پرسیاری هەیە بەرامبەر بەوە خۆ دوور نییە ئەتوانین بنێرین بەدوایاو ئەگەر بتوانین ئەمڕۆ ئەوەی لەو بەرنامەیەدا نووسراوە بەتایبەتی ئەو مەسەلەی کە دوێنێ پێویست بوو باس بکرێ لەبارەی دابەش کردنی زەوی بەسەر خێزانی شەهیداندا ئەتوانین ئەویش باس بکەین، کە ئەویش کاک قادر عزیز لەو بارەوە دەیەوێ چەند

روونکردنەوەیەک پێشکەش بکات، ئەتوانین کۆبوونەوەکان بەو جۆرە بکەین و ئەو پرسیارانەی دەمێنێتەوە پێویستە کە ڕۆژێکی تری بۆ دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش وای بە بەرژەوەند دەزانم لەسەر بەرنامەکە بڕۆین و، ئەوەی پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی تر، بۆ ڕۆژی چوارشەممە دوای نیوەڕۆ، یان بۆیەک شەممەی ئایندە، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆیان هەیە، باشە بادەست بکەین بەکاروباری پێشمەرگە، کاک سیروان کاکەیی پرسیاری هەبوو ئەگەر لێرە نییە؟ کاک شێخ جعفر پرسیارێکی هەبوو با بفەرمووێت.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دوو پرسیارم بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگەی بەڕێز هەیە پرسیاری یەکەم خێزانی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان شیاو ترین کەسن بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/٦/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا مانگانەی (٢٥٠) دینار سەرف بکرێ بۆ خێزانی شەهیدان وەبۆ بڕیاری ژمارە «٣٢» لە ١٩٩٣/٦/٢٠ دەرچوو. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارە؟ کە تا ئێستا ئەو مووچەیە نەگەیشتۆتە دەست خێزانی سەربەرزی شەهیدان کە نزیکەی شەش مانگ لەسەر ئەو بڕیارە تێدەپەڕێ، جا پرسیارەکەی تریش ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشتر وایە هەردووکی بکەی بە یەک، کاک قاسمیش هەر هەمان پرسیاری هەیە، مادام وا دەڵێ با ئەم بابەتە تەواو بکەین، بەڵێ ئەوی تۆش هەمان پرسیارە پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە. فەرموو با پرسیاری دووەم تەواو بێت ئینجا دێینە سەر یەکەم.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی مووچەی شەهیدان راستە خێزانی شەهیدەکانمان فەرزە لەسەرمان و ئەبێ ژیانێکی سەربەرزانە و باش بۆ خێزان و منداڵیان دابین بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر هەر لایەکی سیاسی بۆخۆی لیژنەی تایبەتی هەبووە یارمەتی شەهیدەکانیان داوە، ئێمە لەلایەن وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە داوامان کرد لە ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەدا ئەم پێشنیارە بخرێتە بەردەم

پەرلەمان بۆ ئەوەی مووچەی خێزانی شەهیدان بدەین، لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو پێشنیارە بەرز کرایەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی ولێرەوە بریاری لەسەردرا. بریار لەسەر ئەوە درا کە ئێمە وەک وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هەستاین بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی بۆ کاروباری خێزانی شەهیدان لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ هەرپارێزگایەک، دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک لیژنەیەکی تایبەتیمان دامەزراندووە بارەگامان بۆ کردوونەتەوە لە (ئامرییەی موقع) لەناو شارەکاندا بۆ ئەوەی بە ئاسانی خێزانی شەهیدەکان بتوانن سەردانی ئەو کۆمیتانە بکەن و ئێستا داوای لیستی هەموو شەهیدەکانمان کردووە لە هەموو لایەنێک لیستەکان هاتوون، بەلام ئەو لیستانەی کە لەولایەنە سیاسیانەوە هاتوون هەیە ئەندامی حزبی بووە نەک پێشمەرگە بووبێ ولە سەنگەردا شەهید بووبێ، ئەو ئەندامە حیزبیە کە پیاوێکی تێکۆشەر بووەو لە ریزی حیزبەکەی دا کاری کردووە بەهۆی مەرگی خواوە ئەمری خوای کردووە بۆیە مافی هەیە، کە ئەمری خوای کردووە ئەرکێ حزبی جێ بەجێ کردووە مافی ئەوەشی هەیە یارمەتی بدرێ بە خێزانەکەی، بۆیە لایەنێکە لە رووی قانونیەوە بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە نییە مووچەی ئەو ئەندامانە بدەن، بەڵکو ئەوە ئەکەوێتە سەر ئەستۆی لایەنە سیاسیەکەی خۆی، لەبەر ئەوە ئەو لیستەی بۆ ئێمە هاتبوو لەلایەن حزبەکانەوە زۆر لەو بابەتەو شتانەی تیابوو، بۆیە ئێمە خەریک بووین لیستەکەمان ئامادەکرد، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی خێزانی شەهیدان بەرێکەوتن بەرەو دهۆک بۆ ئەوەی دەست بکەن بە مووچەدانیان، ئێمە دوو مووچەمان وەرگرتووە هەردووک لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بریاری لەسەر درا بوو، وەزارەتی دارایی دوو مووچەی بۆ ئێمە ناردووە، هەوڵ دەدەین لە مانگەکانی ئایندەدا بەپێی توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ مانگ دوو مووچەیان بەدەینێ بۆ ئەوەی پێشووش بۆیان پربکەینەوەو ئێستا خەریکی دابەش کردنی مووچەین بەسەر خێزانی شەهیدەکانماندا، وە بەیاری خوا هەوڵ دەدەین سەرکەتوو بین، و خزمەتی باشی ئەو خێزانانە بکەین وەک پێویست، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٢دا لە یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە لەمادە سێ دا پێناسەی شەهید هاتووە[ البیشمەرگە الذي استشهد اثناء الثورة ومن جرائها ولم يكن له يد بذلك] لەسەر ئەویشەوە، تەعریفی پێشمەرگەی کردووە دەڵێ« كل من التحق بالثورة وناضل سياسيا او عسكريا لتحقيق اهدافها ولم ينحرف عن اهداف الثورة ولم يتعاون مع اعداء الحركة التحريرية الكوردستانية » و هیوادارین ئەو کەسانە کە یاسا دەیانگرێتەوە یا ئەو پارە بەسەریان دابەش دەکرێ بەگوێرەی ئەم یاسایە بێ، ئەو لیستەی پێشمەرگانە پاکژ بێ ئەوەی ئەو دوو برگەیە

نەیگرێتەوە ئەو مووچەیەی نەدرێتێ و قانونەکەشی (٦) مانگی بەسەردا تێپەڕی، لە ماوەیەکدا ئەگەر بتوانێ مانگی دوو یارمەتیان بۆ سەرف بکرێ تا ئەو (٦) مانگە سەرف دەکرێ ئەوە شتێکی چاکە و لە هەمان کاتیشدا ئەوە نابێت ببێ بە جێگری یاسای خانەنشینی، چونکە لە بڕیارەکەی پەرلەماندا دەڵێ (بمنح عوائل شهداء الحركة التحررية الكوردستانية مبلغا قدره «٢٥٠» دينارا شهرياً لحين تشريع قانون خاص بمنحهم الحقوق التقاعدية) ئەوەش دەست پێشخەری لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەبار فرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ زۆر ڕاستە ئێمەش هەوڵ دەدەین بەپێی ئەو مادەیە، بەپێی ئەو دەستنیشان کردنی پێشمەرگەو شەهید، بەپێی ئەوە هەوڵ دەدەین، لەبەر ئەو مادەیە دواکەوتین، بۆ ئەوەی بتوانین وەکو ئەو هەڤاڵە فەرمووی بەرێکوپێکی بدرێ بەوانەی کە زۆر موستەحەقن و شەهیدی ڕاستەقینەی هەموو مللەتەکەمانن، بۆیەش با هەڤاڵان بزانن لە وەزارەتەوە وتمان ڕاستە لیستەکان لەوێوە دێن، لەلایەنەکانەوە دێن، بێگومان ئەمە ئەرکی سەرشانمانە، شەهید شەهیدی میللەتە یارمەتی ئەدرێ و ئیتر لەسەرئەوە لادەچێ کە ئەمە شەهیدی لایەنێکە یائی ترە، قەرزاری ئەو شەهیدانەین و دەبێ خزمەتیان بکەین بەپێی ئەو بڕیارە ئێمە ئیشەکەمان جێ بەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز وەزیری پێشمەرگە وتی بێگومان شەهید سەروەری هەموومانە، ئەمڕۆ ئەو دەستکەوتە کە میللەت بە دەستی هێناوە ئەمڕۆ ئەو کوردستانە بەری خوێنی شەهیدانەو هەزاران پێشمەرگەو شەهید خزمەتیان بە کورد کردووە وەکو برادەر باسی کرد، مانگی شەش پرۆژەی بڕیارەکە هات بۆ هەر خێزانی شەهیدێک پاداشت تەرخان بکرێ و مانگی شەش پەرلەمان ڕاستاندی و هەیڤا هەشت لە پەخشنامەی (پەرلەمان) بڵاوبۆوە، واتا لێرە دوو پرسیار هەنە:

یەک: ئایا بۆ لە هەیڤا شەش؟ ئایا چارەنووسی سێ هەیڤا لە هەیڤا هەشت تاکو هەیڤا یانزە چییە؟.

پرسیاری دوو: پتر بۆ یاساناسانە، ئایا پاش بڕیاری پەرلەمان کە بەرزترین دەسەڵاتی دادەورییە لەوڵاتی ئێمەدا پێویستی دەکرد بڕیار دەرکا بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابەش کردنی یاداشت یا بڕیاری پەرلەمانی دەبێتە یادداشت و جێ بەجێ دەکرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەی یەکەم وەڵامی درایەوە. فەرموو کاک جبار.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من روونم کردەوە، ئێمە ئێستا ئەو مانگە لەبەرئەوەی لیستەکە بەباشی رێک نەخراوە هەندێ ناوی زیادەی تیایە، بۆیە ئەم مانگە یەک مووچە دەدەین بێگومان ئەنکێتیشمان چاپ کردووە کە مووچەی پێ دەدەین، هەمو ئەنکێت پر دەکەنەوە پاشان ئەچین لەقەزاو ناحیەکان لە لیژنەی ناوچە وکۆمیتەی رێکخستن و لایەنەکان تۆژینەوە دەکەین بۆ ئەوەی لیستەکان رێک وپێک بن، مانگی ئایندە دوو مووچەیان ئەدەینێ و بەوشێوەیە هەوڵ دەدەین ئەو مانگانەی تریش بیان دەینێ، ئەم مانگە یەک مووچەیە، بەڵام مانگی ئایینده دوو مووچە دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکی ترم ماوە پێشمەرگەی کوردستان رۆڵی سەروەری هەبووە لەبەدی هێنانی ئەو رۆژەی کە هاتۆتە دی لە کوردستان دا، تائێستا کۆمەڵێک کە ژمارەیان زۆر نییە ئەگەر بەباشی سەرژمێری بکرێت ئەو پێشمەرگە قارەمانانە کە ماوەیەکی زۆر خەباتیان کردووە، تەمەنی جوانیان لە پێشمەرگایەتی سەرف کردووە، لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دامەزراوون بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە، پرسیارەکە ئەوەیە: وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی بەڕێز چ بەرنامەیەکی بەدەستەوەیە بۆ ئەو پێشمەرگە نەبەزانە دەربارەی دابین کردنی ژیانیان؟ سوپاس.

**بەڕێز جەبار فەرمان/ وەزیری پێشمەرگە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو مەسەلەیە هەمووتان دەزانن کە ئێمە ئەو سوپا یەکگرتووەی کە دامەزراوە لەسەر بنەمای پێکهاتەی سوپا، وەکو سوپایێکی نیزامی دانراوە، بەڵام لە پرکردنەوەی، لەدانانی پلەکان، بەرپرسیاریەتییە بۆ ئەوەی ئەو پەنجا بە پەنجایە بپارێزرێ خەڵکی زۆر کەوتونە ناو تەشکیلەکەوە، مەسەلە فەرماندەی (لیوا) هەیە لە یاسای سوپادا جێگری نییە، ئەبێ مقدمی لیوا هەبێ، ئەو برایانەی لێرە ئەفسەرن شارەزان لەو مەسەلەیەدا، بۆ نموونە فەرماندەی لیوا هەیە جێگری لیوا هەیە لەبەرئەوە زۆر پێویستمان هەیە ئێمە دەرگای خانەنشینی بکەینەوە، ئەم شتە بەشێکی بۆ رازی کردنی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانە کە هەموو ژیانیان لە خەبات ولە سەنگەردا بەسەر بردووە، بۆیە یەک، وەک رێزلێنان پلەیەکیان پێ دەبەخشرێ بەناوی فەرماندەی لیوا و فەرماندەی فەوج و بەو شێوەیە ئەگەر پێیان نەبەخشرێ رەنگە دڵگران بن، وحەقێکی ئاسایی خۆیانە ژمارەی پلەدار لەناو ریزی سوپای یەکگرتووی کوردستان دا زۆر زۆرە ئێمە ئێستا پرۆژەیەکمان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی یاسایێکی خانەشینی بنووسینەوە، پرۆژەیەکی ئەم مەسەلەیە بخەینە بەردەم، بەتایبەتی هەردوو

لایەنی سەرەکی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی لەوە هاوبەشن کە هەردوو مەکتەبی سیاسی بڕیاری لەسەربدەن و دەستی ئێمە بکەنەوە، ئێمە خۆشمان ئامادەکردووە کە بەڕێوەبەرایەتییەکمان داناوە بۆ بەڕێوەبردنی پێشمەرگە، ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە هەڵدەستێ بەوەی هەرچی ئەو پێشمەرگانەی زیادن بەتایبەتی تەمەنیان گەورەیە، نەخوێندەوارن، بەڵام پیاوی تێکۆشەر و قارەمان و سەنگەر بووینە، ئەمانە ئەخەینە کاری بەڕێوەبردنەوە، هەروەها ئەوانەی لەناو ئەو سوپایەدا جێیان نەبۆتەوە لە دەرەوە ماونەتەوە، لەوێوە دەست دەکەین بەدابینکردنی مووچەیێکی مانگانە بۆ هەریەکەیان، ئەوانەش خانە خانەیان دەکەین بە گوێرەی تێکۆشانیان و بەگوێرەی بەرپرسییەتی لەجێی خۆیدا لەنا حزبەکەی خۆیدا، جا لەبەرئەوە چاوەڕوانی ئەوەین لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا هەردوو مەکتەبی سیاسی بڕیار بدەن ئەو پێکهاتەیە ئاڵ وگۆڕێکی بەسەر دابێ و هەموو بەڕێزان ئەزانن ئەو پێکهاتەیە لەناو بەرەی کوردستانی بڕیاری لەسەردراوە، کە بەو شێوەیە دامەزرێ و ژمارەکانی دیاری کراون، لەبەر ئەوە لەدەسەڵاتی کاروباری پێشمەرگەیە کەدەستکاری ئەو مەسەلەیە بکات و دەبێ بڕیارێکی سیاسی لە سەر بدرێ، بزانێ لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ئەو بڕیارە بن بەیاری خوا بەو زووانە ئەو کۆبوونەوەیە ئەگیرێ و ئێمە زەمینەمان بۆ خۆش کردووە لەلایەن هەردوو حیزبی سەرەکی وەکو وەزارەت قسەمان لەگەڵ هەردوو لایەن کردووە رازین لەسەر ئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا بڕیاری لەسەر بدرێ و ئەو کاتە بێگومان هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە تەمەنیان گەورەیە لەناو سوپادا خانەنیشن دەکرێن و هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە دەرەوەی سوپادان ئەوانەش هەمووی ئەخەینەوە ناو کاروباری ئەو بەڕێوەبەرایەتی یەوە، بۆ ئەوەی مووچەی مانگانە و پلەیان بۆ دیاری بکرێ، تا ئەو کاتەی یاسای رێز لێنانی پێشمەرگەشمان دەبێ کە ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرانە رێزیان لێ بندرێ لە کاتێک دا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای ماددی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەعفەر تەعقیبێکی هەیە.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسی وەزیری کاروباری پێشمەرگە دەکەم بۆ روون کردنەوەکەی، بەڵام بەپێی مادە (٢) یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٩)ساڵی ١٩٩٢ ئەبێ ئەو پێشمەرگە بەڕێزانە بگەڕێنەوە بۆ خزمەت، پاشان خانەنیشین بکرێن و هیوادارین سەرژمێریەکیان بکرێ پێش قانونەکە ئەگەر خانەنشین بکرێن شتێکیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

من ئەگەر لەجێی برای بەڕێز کاک جەبار وەزیری کاروباری پێشمەرگە بام وەلامی ئەو پرسیارەم نەدەداوە. شێوەی ئەبێ پرسیارەکە رووبەرووی هەردوو حزب بکرێ، با مەکتەبی سیاسی خۆی بلێ فلان پێشمەرگە، چونکە باسی هەموو دەزگاکانی کرد نەک هەر وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز جـەعـفـەر شێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

پرسیارەکە زۆر لەجێی خۆیەتی و پەیوەندی بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە هەیە، چونکە وەزارەتەکەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پێوەیە، ئیشوکارێکی حکوومی کە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە ئەبێ لەرێی ئەو وەزارەتەوە بێ ئیتر ئەگەر مەکتەبە سیاسییەکان بوار ئەدەن ئەوە شتێکی ترە، بەلام وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە خۆی ئەتوانێ سەرژمێری بکات داوا بکات بە هۆی سەرکردایەتی مەنتیقەکانەوە بزانێ ئەوپێشمەرگانە چەندن؟ سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن:**

ئێستاش دێینەوە سەر ئەوەی پرسیارێک یان دووانمان هەیە کە ئاراستەی وەزیری پیشەسازی و وزە (کاک امین)یان بکەین.

**بەڕێز جـــــەلال شــــەفــــیق عـــــەلی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی وەزیری پیشەسازی بکەم ئایا هۆی چییە کە تا ئێستا توتن لە جوتیاران نەکراوە؟ ئەگەر نیازیان هەیە، ئایا کەی بەم کارە هەلدەستن؟ چونکە هەردواکەوتنێک لە کرینی توتن دەبێتە هۆی چەند کێشەیەک ئاکامەکەی دەبێتە هۆی زەرەر بۆ ئابووری کوردستان. دووەم ئایا هۆی چییە ئەو کارگانەی کە پەیوەندیان بە بەرهەمی تووتن هەیە وەک کارگەکانی جگەرەی هەولێرو سلێمانی کارگەی پوختە کردنی توتن لە سلێمانی تکایە بۆمان روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن:**

سوپاست دەکەین، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومـــــــەن.**

لەبارەی پرسیاری یەکەم کە هۆی وەرنەگرتنی تووتن چی بووە. بەراستی سالی پار بری تووتن وانەبوو کەوا گرنگی پێ بدرێ وبرێکی زۆر کەم بوو، لەبەرئەوە رێگامانـدا بە کشتکاران کەوا خۆیان تووتنەکەیان بفرۆشن، لەبارەی تووتنەوە حەز دەکەم خالێک هەیە روونی بکەمەوە، ئێمە وەختێک پابەندبین بە وەرگرتنی تووتن کەوا مۆلەتمان دابە جووتیاران تووتن بکەن لەو ناوچانەی

کە تووتنەکانیان بە کەڵکی بەکارهێنان دێن بۆ جگەرە، واتا ئێستا لە کۆگاکانمان بڕێکی زۆر توتنمان هەیە ناچار بووین لەم ڕۆژانەی پێشوودا کە ڕابگەیەنین ئەوە کە بەشێک لەم تووتنانە بفرۆشین، چونکە لە پێویستی خۆمان زیاترە و ئەگەر زیاد بمێنێتەوە لەوانەیە تووشی زیان ببین، لەلایەکی ترەوە جوتیاران بەراستی ئەم بڕە تووتنەی کە ئەمساڵ کراوە بڕێکی ئەوتۆ نەبوون و بەشێکی زۆریش لەم ناوچانە کراوە کە تووتنەکەی بەکەڵکی جگەرە نایەت، جا ئێمەش ئەگەر هات و تووتنە خراپەکانمان وەرگرت دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاستی جگەرەمان بێتە خوارەوە لە کاتێکدا کە پێویستمان پێی نییە.

دووەم: ئێستا جۆری نرخی ئەو جگەرەیە وادروست دەکرێت لەم جۆرە تووتنانەیە کەلام وابێ دکتۆر خۆشی ئەزانێ کە بۆ جگەرە ناشێت، چونکە کە تووتنێک بۆ جگەرە بەکاردێت پێویستە گەڵا بێت وەبەشێوەی شریت وشک بکرێتەوە بەشێوەیەکی تایبەتی دابگیرێت، ئەگینا ڕێژەی لەکارکەوتووی زۆر دەبێت ئێستا ئەو تووتنانەی کەلە کوردستان دا دەکرێن بەشی زۆری لەشیش ئەدرێت واتە بەشی زۆری بۆ قاچاغە، واتە بۆ جگەرەی کوردییە بۆ ئەو کەسانەی توانای کڕینی پاکەتیان نییە لە بازاردا بە نرخێکی باش ئەیکڕن، ئەمەش لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە بەراستی ئەو نرخەی کە جووتیار پێی دەفرۆشرێ لەبازاری ڕەشدا نرخێکی بەرزە و ئێمە نابێ بەتەنها سەیری ئەوە بکەین کە خۆمان تووتنەکەیان لێ وەرگرین. ئەبێ پرسێکی سووکی جووتیارەکانیش بکەین، بەرای من ئەو کێشەیەش وەکو کێشەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی لێ نەکەین با وازیان لێ بێنن جوتیارەکان خۆیان تەسویقی بکەن لەبارەی کارگەکانەوە، کارگەی تووتن پاک کردن دوو ئامانجی بنەڕەتی هەیە، ئامانجی یەکەم ئەوەیە خێرا تووتنەکە بخەملێندرێ دووەم جیاکردنەوەی گەڵاکانە، ئێمە ئەگەر تووتنی تازە وەرنەگرین ئەو کارگەیە بڕوا ناکەم بتوانین ئیشی پێ بکەین و بەچی ئیشی پێ بکەین؟ کەلوپەلی خاوی نییە ئەو تووتنانە کەلەسەرەتاوە وەردەگیرێن دەبێ تخویلی خێرایی پێ بکەین، لەم کارگانەش بەکاری دێنێت یان کارگەی پاککردنەوەی تووتن بۆ ئەوەیە کە پلەکانی لەیەکتر جیا بکەینەوە. لەبارەی تووتنەوە حەزدەکەم پەرلەمانی بەڕێز و ئەنجوومەنی وەزیران بزانن کە ئەوەی کێشەی تووتن لە کوردستاندا کێشەیەکی گەورەیە ئێمە دەوری (٤٠) هەزار تووتنەوانمان هەیە لەوانەیە لەدوا ڕۆژدا بگەینە ئەوەی کە هانیان بدەین بۆ تووتن کردن، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو بڕە تووتنەی کە لە پارەوە بەرهەممان هێناوە ڕێگای فرۆشتنی لێ گیرا بوو، جگەرە ی بیانی لەبابەتی خراپ و ستۆک بەنرخی هەرزان ئەهاتە کوردستان و ڕەسمێکی گومرگی زۆر کەمی لەسەر دانرا، بووە هۆی ئەوەی جگەرەی خۆمان بمێنێتەوە و نەفرۆشرێ، تا ناچار بووین کە نامەیەکمان نووسی بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران کە تیایدا باسی ئەو کێشەیەمان کرد کە پیشەسازی نیشتمانیی پێویستە بپارێزرێ و یاسای تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی ئەوە، ئەمە لە

بارەی ئەو پرسیارانەی کە کاک د.فەرمووی وەڵامەکەی بوو ئەگەر هەر بەدواداچوونێک هەبێت با بفەرمووێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر فەرمووی، وتی بوار بدەین بە تووتنەوان خۆیان تووتن بفرۆشن، داوای وەڵامێک دەکەم ئایا فرۆشتنی تووتن لە هەرێمی کوردستاندا ئەبێ بە بازرگانییەکی سەربەخۆیی یان وەک جاران حکوومەتی هەرێم ئەیکرێ؟ بۆچوونی ئێمە ئەوەیە ئەگەر حکوومەت چی تر تووتن لە جوتیار نەکرێ و جوتیار بە ئارەزووی خۆی بازرگانی بە تووتن بکات وابزانم ئەم پرسیارانەی من وەڵامی نییە.

بۆ بابەتی کارگەکان ئێمە تووتن ئەکرین لە تووتنەوان، کارگەی پوخت کردنی و کارگەی تەخمیر ئیش ناکات، چونکە ئەو دوو کارگەیە بۆ ئەوە کراوە کە ئێمە تووتن لەوان بکرین، من لەگەڵ وەزعی هاتنی ئەو کەل وپەلە خاوانەدام کەوا هەمووی«فیلتەرە» هینی « بوبلین» هەیە ئەو شتانە زۆر زەحمەتە، بەڵام وابزانم رێگای قاچاغ هەیە کە بیهێنی و کارگەکانی بۆ بکەینەوە لەوانەیە هەفتەی دوو رۆژیش ئیش بکات وابزانم صدام حسین توانی شتی ئێرانی بە قاچاغ لەو وڵاتانە بێنێت، ئێمە ناتوانین ئەو شمەکانە بێنین؟ من مەبەستم لە چییە؟ لە کرینی تووتن لە تووتنەوان ئەگەر بێت ئێمە وایان لێ بکەین، گەڕانەوەیان بۆ ژێر رکێفی حکوومەتی هەرێم زۆر زەحمەتە هەرچەندە کێشەیەکی تر پەدا دەبێت، من لە هاوینی رابردوو بەڕێز مامۆستا جمال عبدول پارێزگاری سلێمانی لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری مکافحەی سلێمانی پەیوەندییان پێ کردین، بەیەکەوە چووین دوو کێڵگەمان دیت کێڵگەیەکیان لە شوێنێکی زۆر نهێنی چاندرا بوو، بەڵام خۆش بەختانە وادیارە ئەوەی تۆیەکەی هێنابوو نەیزانی بوو کامەی تۆی تلیاکەو تۆی تووتنی نێرگلە دەرچوو ئەمە لەدوا رۆژ ئەگەر زیاد بکات ئەبێتە هۆی تلقیحی ئەو تۆیانە کەئێستا لە کوردستان هەنە جگە لەوەش خۆتان دەزانن کە لە هەندێ شوێنا بووە بە هۆی ئەوەی کەوا کێڵگەی تلیاک بڵاو بۆتەوە وابزانم ئەمە شتێکی زۆر زەرەرمەندە بۆ میللەتەکەمان لەبەرئەوە تکا دەکەم، جارێکی تریش تکا دەکەم کەوا کارێکی وا بکرێ بۆ هەموو ساڵ هەرچەندە ناوێرین برێکی زۆریش بکرین، بەڵام وەک چەند لیژنەیەک لە رانیە و لە هەڵەبجە ولە پشدەر و لەو ناوچانە لیژنەیەک لە دهۆک یەک لە رەواندوز ئەم برە تووتنانەی کەوا هەیە بۆ ئەوەی هەست بکەن کەوا حکومەتی هەرێم ئاگای لێیانە، منیش لەگەڵ ئەوەم کە وەزیری پیشەسازی فەرمووی ئەگەر ئەوە لەدەرەوە بفرۆشێ بە قازانج باوەک گەنمەکەی لێ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی حکومەتەکانی داروسێوە لە ساڵی چلەوە ئینحسارد روست بووە، دیارە دروست بوونی ئینحسار و کڕینی تووتن لەلایەنی حکوومەتەکانی دراوسێیەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتییە، ئەویش ئەمەیە، ئەو بەرهەمە ئەگەر هەمووی بگاتە حکومەت بۆ ئەوەی کە سوودی لێ وەربگرێت بۆ کارگەکان هەروەها بۆ ناحیەی بازرگانی بەکار بێت ئێمە وەکو لەسەرەتاوە وتم ئەو بڕە تووتنەی کە هەمانە ئێستا لە کۆگاکانی خۆماندایە لە پێویستی بۆ ساڵ و ساڵ ونیویش زیاترە، لەبەر ئەوە ناچار بووین ئەو بڕە تووتنەی عەمارەکانی خۆمان کەهەمانە بفرۆشین بۆ ئەوەی تووشی تەلەف نەبێ، ئێستا رامانگەیاند کە بەمەزات توانیمان بەشێکی بفرۆشین، جا لێرە حساب دروست بووە لەبەرئەوە بوو کە بازرگانی تووتن ببەستی بە حکومەت، چونکە حکوومەت خۆی پێویستی بەم تووتنە هەبووە، ئێستا ئێمە بەشێوەیەکی پێویست کارگەکەمان پێویستی پێ هەبوایە دیسان هەمان ئیشمان دەکرد ومۆڵەتمان دەدا بە کشتکاران، لەبارەی ناوچە شاخاویەکانەوە ئەڵێ بەراستی ئەو زانیارییەی کە بە ئێمە گەیشتووە لەلایەن فەمانگەی ئینحیسارەوە، ناوچە شاخاوییەکان توتنەکانیان باشە سوودی لێ وەردەگیرێ بۆ جگەرە، بەڵام تووتنەکانیان کەمەو ئەگەر بەشێوەی داو وشک کراباوە نەک شیش، وەک گوتم بەشیش بەکەڵکی جگەرە نایەت و نرخیشی لەبازاری رەشدا زیاتر دەبێت. لەبارەی هێنانی کەرەستە لە کارگەکانەوە ئێمە هەموو هەفتەیەک لە رۆژنامەکان (اعلان) بۆ مەوادی کارگەکانی جگەرە ئەکەین، بەڵام بەداخەوە قاچاخچیەکانیش ئەو کەرستانە نایەنن تاوەکو لەگەڵ چاوپێکەوتنمان لەگەڵ هەندێ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان وڵاتان داوای ئەوەمان لێ کردن کەوا بتوانن هەندێ کەرستەی خاو بۆ کارگەکەمان کارگەی جگەرە بێنن، بەراستی هەموویان لەگەڵ ئەوەن کە جگەرە لەو پیشەسازییانە نییە کە ئێمە گرنگی پێ بدەین، بەهیچ جۆرێک رێگامان نادەن کەوا ماددەکان لەوێوە بێنین،لەسەرەتاوە وتم ئەگەر تووتن نەبێ ناتوانین کارگەکان ئیش پێ بکەین ئیتر ئەگەر تووتنی خراپت وەرگرت مەسروفێکی زۆری تیادەکەی و بەنرخێکی باش نافرۆشیتەوە هەروەک خۆی لە بازار (١٢) یان (١٣) دینار بکات، من بێم پاکیشی بکەمەوە (٧)یان (٨)دینار ناکات، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم وەزعە ئابوورییە تەحەمولی ئەوە دەکات کە بۆ هەر کیلۆیەک تووتن شەش حەوت دینار زەرەر بکات؟ ئەگەر رەوایە لاریمان نییە بیکەین. لەبارەی مادەی کارگەکانەوە بەراستی وەک گوتم ئێمە قاچاغچیشمان بانگ کردوون لەگەڵیشیان پێک هاتووین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک.

لەبارەی تووتنی نیرگەلەوە کاک د. باسی کرد، حەز دەکەم کە دکتۆر خۆی شارەزای کشتوکاڵە و

دکتۆرێکی کشتوکاڵییەو شارەزایی هەیە کە تووتنی نێرگەلە لای ئێمە ناکرێ، ئەوە لە ئەرزێکی لماوی دەبێ، لەوانەیە خۆشی شارەزایە کە (کەربەلا) بەناوبانگە بە تووتنی نێرگەلە، واتا لە باشوور دەکرێ لە باکوور ناچێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز جەبار فرمان/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر پرسیارێک هەبێ دەنا مۆڵەتم بدەن بڕۆم بەلای ئیشوکارمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر وابزانم تەواو. لەبارەی پێشمەرگەوە جەنابت ئازادیت سوپاس، فەرموو کاک جەلال.

**بەڕێز جەلال شەفیق عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک امین جەنابی باسی توتنی نێرگەلەی کرد، من ئەڵێم ئەوەی هێناویەتی نەیزانیوە تووتنی نێرگەلەیە وای زانیوە شتی ترە، تووتنی نێرگەلە هەر ئەڵێ لە کەربەلا دەچێندرێ، من خۆم چوار ساڵ تاقیم کردۆتەوە لە بەکرەجۆ، واتا تووتنی نیرگەلە لە کوردستانیش دەبێ، بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە مەبەستم ئەوەیە تووتنی نێرگەلە لەگەڵ ئی خۆمانە وەک رەش و سپی یە، ئەگەر ماوە هەبێ بمێنێتەوە لە دوایی جۆرەکانیان تیکەڵ دەبێ، دووهەم بۆ بابەتی تەلقیحەکە من ئەڵێم ئەگەر بێتو ئەوان تووتن بکرن و تەلقیحی بکەن کارگەکانی جگەرەی بەغدا زۆر مەمنوون دەبن، چونکە زۆر باشترە لەو توتنە ئاساییەی کە ئێستا لەبازار بە نرخێکی زیاتر ئەیکرن جگە لەوە ماوەیەکی زۆرە تووتنەکە ماوەتەوە لە کارگەکانە ئێستا وەزارەتی پیشەسازی خەریکە بیفرۆشێ، تەبعەن کە تووتن مایەوە بەرەو خراپی ئەڕوات، جا ئەگەر نەیکرن چی ئەکات بۆ ساڵێکی تر یان دووساڵی تر ئەبێ چی بکات تا ئەو کارگە جگەرانە ئیش پێ بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبارەی ئەو تووتنانەی کە گوتمان بەشێکی لە پێویستیمان زیادە دەیفرۆشین نەک ئەوەی لە کارگەکەمان هەیە، لەبارەی تووتن وەرگرتنیشەوە نەم وتووە و ناشی ڵێم کە ئێمە تووتن هەر وەرناگرین بەڵکو کە گەیشتینە بارێکی سروشتی کە بتوانین بەپێی مۆڵەت ودەستمان بڕوا لە ناوچەکانداو ناوچە خراپەکاندا قەدەغە بکەین لە تووتن چاندن و ناوچە باشەکانیش و ناوەنجییەکانیش توتنیان تیا بکرێ، بەشانازیەوە تووتن وەردەگرین لام وابێ هیچ لاری بوونێک نییە لەم رووەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حەسەن حەمید پرسیارێکی هەبوو وابزانم ئەویش هەر پەیوەندی بە تووتنی ناوچەی کرکووک و (تەق تەق)ە وە هەبوو خۆی لێرە نییە دوای دەخەین بۆ وەختێکی تر، بەمە ئەو چەند پرسیارەی کە هەبوو تەواو بوو، بەڵام یەک بابەت هەیە، دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لەناوچەی دهۆک کە چەند پرسیارێک هەبوو لەراستیدا بە پەرۆشەوە بوون بۆ کارەبای دهۆک، ئەوا جەنابی وەزیری پیشەسازی لێرەیە برادەران ئەگەر پرسیاریان هەیە لەم بارەیەوە با ئاراستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزەی بکەن ئەگەر چی لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆشدا نییە، وەزیری ووزە و پیشەسازیش ئامادەیە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەو برادەرانە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە مەسەلەی کارەبای دهۆک ئەگەر گرنگی زۆری پێ نەدرێ وهەوڵێکی زۆری بۆ نەخرێتە کار، هەر پرسیار لەوەزیری وزە بکەین ئەویش وەڵام بداتەوە هیچ نەکرێت وەزعیان خراپتر دەبێ، لەبەر ئەوە حەقە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران رێک بکەون ورۆژێک دابنێنین ئەوانی کە پێویستە ئامادە بن هەموویان بێنە ئێرە بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بەدوورو درێژی وتێرتەسەلی باسی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوەی ئێمە پرسیار نییە، ئەوەی ئێمە بابەتێکە کە خەریکە لە بیربچێ، برادەرانی ئێمە هەر لە پەرلەمان و لە حکومەت و لەحزبەکان خەریکە لەبیریان بچێ، کە دوێنێ باسمان کرد، رۆژێک دێت دەڵێین ئەوە ئەمری واقیعە قەیدی چییە با بادینان کارەبای نەبێ، بەراستی ئێمە کە نوێنەری ئەو خەڵکەی بادینانین هەست دەکەین کە پشتگوێ دەخرێین، نازانم راستە هەندێ شت هەیە لەدەست ئێمەدا نییە، راستە ئێمە ئێستا هیچ داوایەک نە لەپەرلەمان نە لە حکومەت نە لە وەزیری پیشەسازی ناکەین، بەڵام رێک کەوتنێک بووە لەگەڵ حکومەتی تورکی ئایا حکومەتی ئێمە یان کەسێک لەئێمە بەدوای ئەو بابەتە کەوتووە؟ بەڵام بەبۆچوونی من ئێمە لەدەسەڵاتماندا هەیە برێکی چاک تەرخان بکەین هەندێک مولدە بکڕین و پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوەکان بکەین بەتایبەتی لەگەڵ (UN) هەتا بتوانین ناوچەکان یەک خەین بۆ وزەی کارەبا، بەراستی منیش قەناعەت ناکەم وەزیری پیشەسازی بڵێ (٤) ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ ناوچەی دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی ئێمە هەرسێ کتلەکەمان لە ناوچەی دهۆک کێشەی کارەبا زیندوو بکەینەوە. ئێمە وا هەست دەکەین ماوەیەکە دەستگای ڕاگەیاندن چ لەناو ئێمەدا چ لە کوردستان چ لەدەرەوە بێت گرنگی وا نادات بەو بابەتە باسی ناکات وەکو بووبێتە ئەمری واقع، ڕژێمی بەغدا لە (٨/٥ )وە کارەبای لە دهۆک بری، دەبوایە زیاد لە (٤) ملیۆن دیناری سەرف بکرایە بۆ ئەم ناوچەیە، چونکە خەڵکی ئەم شارە بە ئەرکی خۆیان هەڵساوون، دەبێ مافیان بۆ دابین بکرێ، باسی مەسەلەی کارەبای خەلیفان بە سەرسەنگ بگەیەنن ئەوە (٣-٤) مانگە هەر قسەیە، باشە حکومەت چ هەنگاوێکی باشی هاوێشت بۆ ئەم مەسەلەیە؟ من ئەبینم دەستگای ڕاگەیاندن هەمووی بەدەستی حزبەکانەوەیە ئەمە ماوەیەکە هیچ باسی کێشەی کارەبای دهۆک ناکرێ و هەست دەکەین ئەمە بووە بە ئەمری واقع جگە لە مەسەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان و (M.C.C) ئەوانەش بەدەوری خۆیان هەڵسن و گوشارێک بخەنە سەر حکومەتی عێراق دەبێ بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش بەکاربێت کەئاسایش وحەوانەوە بۆ هاولاتیانی عێراق دابین بکا، کەوا شاری دهۆکیش یەکێک لەوانەیە، داوا دەکەین لە دەستەی سەرۆکایەتی کە پێشتر یادداشتێکی پێشکەش بە (M.C.C) ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، با جارێکی تر یاداشتێکی تر بەناوی ئێمەوە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایش بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبو بەکر بامەڕنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە، برادەران زۆر باسی وەزعی بادینان دەکەن و خەڵکەکەی چۆنە من داوایەکم هەیە لەپێش هەموویان لە کاک ئەمین و هەتا مکتەبی سیاسی هەردوو حزب نەک« ١٣٠» ڕۆژ بێ کارەبا بژین. با« ١٣٠» سەعات بێ کارەبا بن، با بزانن ئەو میللەتە لە چ ئاستەنگییەکدایە؟ پرسیاری من (یەکەم): ئەوەیە لەوەزیری پیشەسازی دەپرسم، ئایا هیچ ئومێدەک ماوە کە کارەبای تورکیا بێت یان نا؟ وە ئایا ئەوە بڕیاری تورکیایە یان نا؟ چونکە بۆ خەڵکی دەگەڕێتەوە کە دەڵێن تورکیا بڕیارەکەی نادات.

(دووەم): ئەوەیە بە تقدیری وەزارەتی پیشەسازی لێرە تاکو چەند مانگێکی دیکە دەتوانی کارەبای هەولێر ببەستێ بە کارەبای دهۆک؟ بەڕاستی خەڵک بێ ئومێد بوون پێویستە وادەیەک بەخەڵکەکە بدەن بڵێن با ساڵێک یا دوای ئەوەندە مانگە کارەبات بۆ دێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برادەران زۆر ماون لەسەرئەم بابەتە قسە بکەن هەمووشی مەسەلەی کارەبای دهۆکە، جا تکامان وایە کە بەکورتی باسی بکەن، چونکە ناوەڕۆکەکەی هەمووی یەک بابەتە، ئەوەی باس کراوە دووبارەی مەکەنەوە.

**بەڕێز د. قـاسم مـحـەمـەد قـاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

خەڵکی دهۆک بەتەمای پەناگیری بوون بەمەبەستی ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەننە سازمانی میللەتانی جیهانی ومیللەتە خێرخوازەکان تا ئەو مەینەتییەیان لەسەر هەڵبگرن، من وەک هاونیشتمانییەکی دانیشتووی دهۆک ئەگەر هاوکاری هەبێ پەناگیری بەکارێکی باش دەزانم. دەنگۆی ئەوە هەیە کە (١٠) یان (٢٠) میگاوات رۆژانە کارەبای تورکانمان لەبۆ بێ، بەڵام وابزانم ئەو برە بەش ناکات، کارەبا وەرگرتنیش لەتورکان زەرەری خۆی هەیە، چونکە ئەوانە چاویان بڕیوەتە وڵاتەکەی ئێمە، جا باشتر وایە ئێمە پشت بەخۆمان ببەستین وکارەبای خۆمان چاکترە هەر چەندە دواش بکەوێ و، نەڵێین لەفلان رۆژ کارەبا دێتەوە، جا داخوازی لەپەرلەمان وحکومەت دەکەین، کە زیاتر گرنگی بەو بابەتە بدەن، چونکە ئەمە چارەسەرییە، بڕوا ناکەم کارەبا هێنان لەدەرەوە چارەی گرفتی ئێمە بکات، سوپاس.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـیـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەپێویستی ئەزانین دەبوو رۆژانی سێ شەممە حکومەت تێکرا بەشداری بکردایە، چونکە ئەو گیروگرفتانەی کەباس دەکرێ هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، تایبەتمەندی تیانییە تەنیا وەزارەتێ بێ، هیوادارین بتوانێ بڕیاری ئەو کۆمەکە بکرێ بۆ سەرفرازی ئەو ناوچەیە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی دێرەشـەوی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من هەست دەکەم ناوچەی بادینان پشتگوێ خراوە وخەمساردی هەیە بۆ ئەم بابەتە، تەنانەت برادەرانی ناو پەرلەمانیش کە ئەم بابەتە دێتە گۆڕێ خۆیان بەشتێکی ترەوە خەریک دەکەن یان دەچنە دەرەوە، وەک بڵێی ژیانی یەک ملیۆن خەڵک بەهای نەبێ لەلای ئەوانە، پرسیاری من لەحکومەت و وەزارەت وهەموان ئەوەیە، ئایا لەماوەی چەند مانگی پێشوودا چی کراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بۆ مەسەلەی گرنگی دان، وابزانم هەموو لایەک بەچاوێکی پڕ بایەخەوە تەماشای وەزعەکە دەکەن، ئەندامی پەرلەمان ئەگەر پێویستییەکی هەبێ ناچارە بچێتە دەرەوە، راستە هەن هەڵساون چوونەتە دەرەوە بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە گرنگی نادرێ بە بابەتەکە، کە مەوزووعێک باس دەکرێ هەندێ لەو برادەرانە ناوی خۆیان دەنووسن، ئەوانەی دیکە موتابەعەی گفتوگۆکردنی بابەتەکە دەکەن. ئەوانەشی کە کارێکی پێویستیان هەبووە چونەتە دەرەوە، ئێمە ناتوانین بەرهەڵستیان

بکەین سەیدا، دڵنیاشم کە ئەندامانی پەرلەمان گرنگی بە بابەتەکە دەدەن ئەگەر وەنەبا گفتوگۆی لەسەر نەدەکرا.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە بودجەی ساڵی ۱۹۹۳ پەسەند کرا (۲۰) ملیۆن دیناز وەک یەدەگ بۆ پێشهاتی کوتوپڕی تەرخانکرا، ئێمە دەبێژین چ کارەساتی تر لەساڵی ۱۹۹۳ روویانداوە وەک کارەساتی برینی کارەبای دهۆک؟ ئەگەر ئەو (۲۰) ملیۆنە تەرخان بکرابا بۆ کارەبای دهۆک باش بوو، ئێمە دەبینین غەم ساردی دەکرێ بۆ کارەبای دهۆک، دەبێ وەزیری پیشەسازی داخوازی ئەو (۲۰) ملیۆن دینارە بکات بۆ ئەو بابەتەو زیادی بکات بۆ لێک گرێدانی کارەبای دووکان و دەربندیخان لەگەڵ پارێزگای دهۆک، وەوەزیری شارەوانی غەمخۆری بابەتی ئاو بێ، جارێکی تر سەرۆکایەتی پەرلەمان یادداشت پێشکەشی بە (UN و MCC) بکات و هەموو دەزگا خێرخوازو مرۆڤایەتییەکان ئاگادار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو هەموو هەڤاڵانە دەکەم کە ئەو قسانەیان کرد، چونکە قسەی رەوا بوون، من سوپاسی پەرلەمان دەکەم وەختی خۆی وەفدی پەرلەمان یادداشتی رووبەرووی (UN و MCC) و هەموو دەستگەکانی راگەیاندن کرد و هەموو برادەران کە وەختی خۆی برە پارەیەکیان بەخشی بۆ جەماوەری دهۆک خۆپیشاندانیان کرد ئێمە داوا دەکەین ئەو هاوکارییە زیاتر بێ لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و برادەرانی ئەندام بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە، وابزانم وەکو کاک جەمیل وتی کە وەزعی حکومەت زۆر باشە. هەوڵ بدرێ هێلی کارەبا یا مولیدەی باش بکرن بۆ قۆناغی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆر قسە کران، منیش حەز دەکەم جەخت لەسەر چەند خاڵێک بکەم، کە وەزعمان زۆر ناخۆشە وقوتابیان باری دەروونیان باش نییە، پێویستە هەندێک داینەمۆ بۆ قوتابیانی بەشی ناوخۆکان تەرخان بکرێ وحکومەتی کوردستان بایەخی زیاتریان پێ بدا، ئەگەر نا، رادەی سەرکەوتن زۆر دادەبەزێ قوتابیانیش لەدەورووبەری تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵدان، پێشنیار دەکەم کە نوێنەرێک لەسلێمانی ویەک لەهەولێر ویەکێکیش لەگەرمیانەوە یادداشتێک بە (UN و MCC) بدەن، تابزانن کە میللەتی کورد هەموویان یەک پارچەنە، سوپاس.

**بەڕێز شمائل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران بابەتەکەیان بەتێروتەسەلی خستە رووهەڵوێستیان دیاری کرد، ئەم بابەتە جگە لەپچڕانی

تەزووی کارەبا زۆر کاری ناهەمواری تریشی بەدواوەیە، وەک پاراستنی ماڵ وخێزان وژیانی گشتی، لەتەک ئەو گوشارەی کە رژێم دەیکاتە سەر ناوچەکە، کەوا دەکا کە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێ کە بابەتەکە وەک جۆرە رووبەروو بوونەوەیەک وەربگرین، من لەناوچەیەکی بێ کارەبا دەژیم و دەتوانم دینەمۆیەک پەیدا بکەم، بەڵام شەرم دەکەم پەیدای بکەم وبەکاری بێنم، هەر ئەوە بوو کە ویستم لەم بابەتەدا قسەی لەسەر بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.سەلاحەدین محەمەد حسێن حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لایەنگیری هەموو ئەو قسانەم کە کران، بەڵام من یەک بۆچوونم هەیە، وابۆ ساڵێک و سێ مانگ ئەچێ هەتا ئێستا دەزگای نەخشەکێشانمان نییە تا ئێستا نازانین کاروبارەکانی خۆمان بەشێوەیەکی زانستی رێک بخەین من بۆ ئەو مەبەستە واتە نزیکەی (١٣٠) رۆژە باسیان کردووە یا (١٢٠) رۆژە ئایا چیمان کردووە وەکو لێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکەین، کە کارەبای دەربەندیخان بەسلێمانییەوە ببەستینەوە، سلێمانی پێویستی بەکارەبای دووکان نەمێنێ بۆ ئەوەی کارەبای دوکان بەرین بۆ دهۆک، ئەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی رێک هەیە (NGO)ی ئەو دەوڵەتانەی کە دێن ئێمە دەڵێین کارەبامان نەماوە هەر قسەنییە شتی زانستیمان لێ داوا دەکەن لێکۆڵینەوە ئەڵێم، ئێستاش وابە نزیکترین کات بودجە دائەنرێ پرسیارەکەم ئەوەیە عەجەبا وەزارەتی پیشەسازی پرۆژەیەکی لە بودجەی ئاییندە داناوە؟ وەکو بەڕێزان باسیان کرد پاش شەش مانگی تر یاساڵێکی تر ئێمە بتوانین چارەسەرێکی ئەو کارەبایە بکەین کە چەندی تێ ئەچێ؟ لە بودجەی ١٩٩٤ دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەو مەسەلەیە؟ کە بەراستی ئێمە ئەگەر لە ئێستاوە هەنگاو نەنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەبایە بەدەستی خۆمان، نەک لەژێر رەحمەتی دراوسێکانمان بێن کارەبامان بدەنێ، هەر وەختی سویچەکەیان کوژاندەوە تەواو ئیتر کارەبامان نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام من کاتی خۆی پێشنیارێکم هەبوو ئێستاکەش دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە بۆ پشتگیری کردن لە برایانی خۆمان لە بادینان پێشنیارەکەی خۆم نوێ دەکەمەوە کە (٢٤) سعات کارەبا لە هەرێمی کوردستان ببرێ بۆ پشتگیری کردن لەو رۆژە تاریکانەی کە برادەرانمان لە بادینان تیایا دەژین، بەڵام ئەگەر موەلیدەو شتی وای پێ نەکرێ وەکو پشتگیریەکی معنوی پێم وایە ئەوەندە دەکرێ، چونکە پاش ئەوەی ساڵێک و سێ مانگ تێپەڕی وەزیری پیشەسازی لێدوانێکی دا گوتی کە ٨٪ی پرۆژەی کارەبای سلێمانی ودهۆک تەواو بووە، جا دەبێ بۆ دهۆک چەندی بوێ؟.. سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر یەکگرتوو بین، رێزمان پتەوبێ ویەک بگرین، واز لە حزبایەتی تەسک و بچووک بێنن

هەموو شتێ دەتوانین بکەین، ئەتوانین بەرامبەر بە حکوومەتی بەغدا بوەستین، تا ئێستا ئێمە لە زۆر مەسەلە نالێم لە هەموویان نەخشەیەکمان نییە ئەگەر حکوومەت وای کرد چی بکەین؟ ئێمە بە هێزترین ئەگەر یەکگرتووبین لە حکوومەتی بەغدا خەڵکمان لەگەڵە، دنیامان لەگەڵە جیهانمان لەگەڵە، تا ئێستا نەخشەیەکی وامان نەبووە، پێشتر دەبوایە بیر بکەینەوە ئەگەر کارەبا لە دهۆگ ببڕێ ئێمە چی بکەین؟ لەیەکەم رۆژی دروست بوونی حکوومەتەوە چونکە دیارە ئەو دەیبڕێ ئەوەی دیالی چی لێ بکەین بی ببڕین؟ ئەگەر بڕیمان زیانی چییە؟. پاش ئەوەی کە حکومەت شتەکە ئەکات ئەو کاتە دێتەوە سەر حسابکردن، کەواتە کاتی ئەوەیە یەکگرتوو بین باس لەمانە بکەین ئەم باسانە رەنگە کارەبای دهۆک نالێم نرخی نییە نرخێکی گەورەی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەک (شووشە شکاوە و وا رەز ئەسووتێ) لەگەڵ ئەوەشدا من لەگەڵ ئەوەم کە هەموو کوردێک دەبێ ئێستا مەسەلەی یەکگرتن و تەبایی پێش هەموو شتێک بخا، ئەو کاتە زۆر بەئاسانی ئەم مەسەلەیە چارە دەکرێ، (رەبی مووی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ، هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عیدۆ..

**بەڕێز عیدۆ بابەشێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی بێمە پەرلەمان لە رۆژنامەوانی ئیشم ئەکرد، پرسیاری خەڵکی هەر ئەوە بوو کارەبا چی لێ هات؟ واتا خەڵکی بادینان لەکارەبا زیاتر پرسیاری شتی تر ناکات، بەرپرس وەڵەمەندەکان مولیدەیان هەیە وبێ کارەبانین، جا داوا دەکەم گوشارێک لەدەرەوە یا راگەیاندنی دەرەوە کاری خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەعید عەلی خان سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێویستە ئێمە جدی نەبین لەگەڵ حکومەتی تورکیا، چونکە حکوومەتی تورکی ئێستا عەقدی لەگەڵ فەنییەکانی دهۆک بەستووە، سەرپێچییەکی وای تیایە لە عەقدەکە دەڵێ نابێت لەگەڵ حکومەتی کوردستان ئێمە باسی بکەین، پێویستە لەگەڵ فەنییەکانی دهۆک بێ!، ئەمە یەک، وشەی حکومەتی نابێ تیادا بێ، خاڵی دووەم دەڵێن بەرۆژ لە (١٠) میگاوات زیاتر ناتوانین بدەین لە (٧)ی بەیانی تا سعات (١١)ی شەو لە ١١ی شەو تا (٧)ی بەیانی ئینجا ئەبێتە (٢٠) میگاوات بۆیە بە رۆژ وەختێ کە خەڵکی پێویستی بەکارەبایە (١٠) میگاواتە بەشەو کە پێویستیان پێ نییە (٢٠) میگاواتە. خاڵی سێیەم لە عقدەکەی کە جێ بەجێ دەکرێ لە مانگی

(١١)ەوە ئیمرۆ ١٢/١٤ تائیستا هیچ جێ بەجێ نەبووە، من لێرە پرسیارێک رووبەرووی جەنابی وەزیر دەکەم ئێمە زیاتر پشت بەخۆمان ببەستین، چونکە ناتوانین گوشار لەبەغدا بکەین بەو شێوەیە ناتوانین گوشاریش لە تورکیا بکەین ئەوە تەنیا وریاکردنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەخنەیەکم هەیە لە حکومەت بەگشتی بەتایبەتی وەزارەتی پیشەسازی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەن ئەو گرنگییەی کە پێویست بوو نەدرایە ئەو وەزعەی دهۆک، پێویستە گرنگی بدرێ، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبوایە لێرە بن وبەتایبەتی ئیمرۆ کە سێ شەممەیە و دەبایە کە دەیانبیست ئەو کێشەیە باس دەکرێ ئەوانیش بەشداریان کردبا، هەرنەبا بەچاکی هەستیان بە معاناتەکە ئەکرد، جا ئەوان بەتەواوی هەوڵێکی خێرایان بۆ دەدا. دەربارەی ئەم وەزعە نازانم لەمێژە پرسیارێکم ڕەوان کردووە وەزیریش نەهاتووە وەڵاممان بداتەوە، ئەوە گرنگی پێدانێکی زیاتری دەوێ پێویستە گرنگی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

داوا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بۆ خەڵکی روون بکەنەوە چییان کردووە؟ ئایا چ هەنگاوێکیان هاویشتووە و لەبەرنامەی داهاتوویاندا چ بەرنامەیان هەیە بۆ دابین کردنی کارەبا لەبۆ ناوچەی دهۆک؟ ئەوا لەو بلندگۆیەوە داوا لە هێژا یان کاک مسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی دەکەم هەرچەندە من دەزانم تا ئێستا کەم تەرخەمیان نەکردووە، بەڵام جارێکی تریش بەبیریان دێنینەوە کە ئەوانیش دەسەلات و توانای خۆیان بەکار بێنن بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ پارێزگای دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەم بارەیەوە زۆر قسە کرا، بەڵام بە کورتی هەموو پرسیارەکە بریتی بوو لەوەی کە لەجەنابی وەزیری پیشەسازی و ووزە بپرسێ هەتا وەکو ئێستا چی کراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێ کارەبایی دهۆک، ئەگەر ئەو هەوڵ و کۆششانە دراوە هەتا ئێستا سەرنەکەوتوون بۆچی؟ لەوبارەیەوە من زۆر پشتیوانی لەو بیروراو بۆچوونە دەکەم کە پێویستە لەو مەسەلەیە پشت بە خۆمان ببەستین ئەگەر هات و ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەدەرەوەش ئەدرێن سەری گرت ئەوا باشە. با هەوڵ بدەین بزانین خۆمان چیمان پێ ئەکرێ وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانێ لەو بارەیە چی بکات، ئایا لە توانامان دا هەیە جێ بەجێ ی بکەین؟ و ئەگەر لە تواناماندا هەیە چەند کاتی پێ ئەوێ؟ ئەو مەسەلانە هەمووی روون بکرێنەوە، لەو بارەیەوە پێویست نەبوو پرسیارەکان

دوورو درێژ بکرێنەوە پرسیارەکان راستەوخۆ بکرایە و جەنابی وەزیریش ئەو مەسەلەی بۆ روون بکردینایەوە کە ئەو کێشەیە بۆچی تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز شالاو علی عبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رووی پرسیارەکەم لەوەزیری پیشەسازیەو هەروەها وەلامێکی کاک د.سەلاحەدین حەفیدیشە ئەویش ئەوەیە لە مانگی چوار کە کاک ئەمین مەولود نەخۆش بوو کاک د.ئیدریس هادی وەکیلی وەزارەت بوو، واتە وەزیر بوو بە وەکالەت ئەو پرۆژەیەکی هەبوو پێشکەشی کرد، ئەویش بەستنی هێڵی دەربەندیخان بەدووکانەوە بوو، هەروەها بەستنی هێلی بێخمە بەشێلادزێوە، چونکە (ضغط العالي) هەتا بێخمە گەیشتووە، لەوێشەوە هەتا شێلادزێ هاتووە وە بۆ ئەو مەبەستە (٥٠٠) هەزار دۆلار داندرا دوای ئەوە بوو بە (٧٠٠) هەزار دۆلار، گەیشتە ئەوەی لەگەڵ د.ئیدریس بچین بی هێنین کە پێشنیار کرابوو بۆ ئەو بابەتە کە هەتا کارەبای دهۆک ئەوسا باسی برینیشی نەبوو پێشنیار کرابوو و بەس، بەراستی بابەتەکە لەلایەن کاک ئەمین مەولود خۆی رەفز کرا، و منیش حەز دەکەم بزانم بۆچی رەفز کرا؟ سوپاس.

**بەڕێز کمال ئیبراهیم فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بەڕێز کاک ئەمین لێرەیە من پرسیارێکم ئاراستەی کردبوو لەسەر کارەبای دەربەندیخان کە بۆچی تا ئێستاکە نەگەیشتۆتە سلێمانی و هۆیەکەی چی یە؟ و من هەربەم بۆنەیەوە روون کردنەوەیەک لەسەر قسەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆ ئەکەم کە ئەڵێ بەرنامەو ئەوانە دانێن بزانین وەزارەتەکان چیان جێ بەجێ کردووە و چی جێ بەجێ نەکراوە ئەوە زۆر راستە، بەڵام ئێمە بەم شێوەی ئێستا حکوومەتمان هەیە دام ودەزگاکانمان هەیە هیچ شتێک ناتوانین جێ بەجێ بکەین، چونکە لەسەر مەبدەئی پەنجا بەپەنجاکە، بەراستی کێشەیەکی زۆر هەیە و خەڵکی کوردستان هەموو بێزاری لەسەر ئەوە دەردەبڕن، پرسیارێک ئاڕاستەی بەڕێزان کاک مسعود و مام جلال دەکەم کە هاتنە ئێرە کاک مسعود بەناوی مام جلال قسەی کرد وتی ئێمە دژی مەبدەئی پەنجا بە پەنجاین، ئەوە چەند مانگە بۆ نەکرا؟ بۆ ناکرێ؟ بەراستی رۆژ بەرۆژ کێشەی کوردستان زیاد دەکات هەر لە کارەبا و لە ئاسایشەوە تامەسەلەی دارایی، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە ئاستی بەرپرسیەتی دابین، بەیەک دەنگ گوشار بکەنە سەر حزبەکان و بەراستی واز لەو بۆچوونانە بهێنن بۆ ئەوەی بەتەبایی و رێک وپێکی ئیشەکانمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کەقسەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد ئەم بابەتە تەواو، ئێستاش کاک امین وەزیری پیشەسازی و وزە با بفەرمووێ..

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، چونکە برادەران کارەبا و ئاو تێکەڵ دەکەن، بەداخەوە وەزارەتی ئێمە پەیوەندی ئەوتۆی بە ئاوەوە نییە هەرچەندە کێشەکەی ئاو خرایە سەرشانی ئێمە، ئێمە خۆمان تەحەمولی ئەوەمان کرد چارەمان کرد کێشەی ئاو پەیوەندی بەشارەوانییەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوە کە زانیمان کێشەکە گەورەیە و کەس نەچوو بەدەنگیەوە ناچار بووین خستمانە سەرشانی خۆمان و پەیوەندیمان کرد بە نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان یەک و حکومەتی خۆشمان دوو، داوای دروست کردنی لیژنەیەکمان کرد بۆ کرینی چەند داینەمۆیەک و بۆ ئەو مەبەستە (٤) ملیۆن دینار وەکو دەڵێن تەرخان کرا، بەڵام بەداخەوە لەبازاڕدا ئەوەندە مولیدەمان دەست کەوت کە نێردراوە بۆ ئەوێ و هەفتانە دوو جار لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ ئەبووینەوە لەم رووەوە، جا لەبەرئەوە تکام لە برادەران ئەوەیە، کە ئەوە بزانن کە کێشەی ئاو کێشەی وەزارەتی پیشەسازی نییە هەرچەندە ئێمە کردووشمانە ئەمەیەک، دووەمین بەراستی کێشەی کارەبای دهۆک وەکو ئەڵێن پشتگوێ نەخراوە، ئێمە شەوو رۆژ خەریکی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەین و ئەتوانن لەولاوە پرسیار بکەن حەفتەی دوو سێ جار لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کۆ دەبینەوە، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی ئامادەکردنی پرۆژەوە ئەنوسین کە ئەڵێن نییە ئێستا پرۆژەیەکی تەواو ئامادەیە بە هەوڵی خۆمان بە هەوڵی کاربەدەستانی وەزارەتی پیشەسازی، بەستنی کارەبای دۆکان بەبادینانەوە ئامادەیە، هەر برادەرێکی ئەندام دەیەوێ ئەتوانێ بێ بیبینێ، ئەوەندە دینارەیان داناوە بۆ مولیدە کرین بە قسە ئاسانە، بەڵام ئێمە ئایا (٤٠٠) ملیۆن دینار هەیە بیدەین بە مولیدە؟ ئێمە (٤) ملیۆنەکەمان بەتەواوەتی وەرنەگرتووە، نازانم چۆن داوای هەندێ شت بکەین کەوا نەتوانین بیکەین، لەپاشان لەبارەی ئەو پرسیارەوە کەبرادەران کردیان ئێمە لەگەڵ جەماعەتی M.C.Cو لەگەڵ جەماعەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەکو وتم هەفتانە کۆبوونەوەمان هەیە و کێشەکەیان لەگەڵدا باس دەکەین و من بەشانازیەوە دەڵێم تەنها من بووم یەکەم کەس کە داوام کرد گوشار بکرێتە سەر حکومەتی عێراقی و لەپاشان گوشارێکی زۆرم بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ئینجا توانیمان ئەو شتانە بکەین و گوشارەکە بەکار بهێنین و خۆم بچم بۆ لای نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای ئەویان لێ بکەم گوشار لەسەر حکومەتی عێراق بکەن بۆ ئەوەی کارەبا بگەڕێننەوە بۆ ناوچەی دهۆک، لەبارەی تورکیا بەراستی وەکو برادەران وتیان یادداشتنامەیەک لەلایەن شارەزایانی ئێمە و ئەوان واتە شارەزایانی تورکیا لە ئەنقەرە ئیمزا کراوە لە ١١/٣ بەپێی ئەو یادداشتنامەیە بەڵێنیان داینێ کەلەسەرەتای مانگی (١١) کارەبامان بدەنێ دوای ئەوەی کە چەند رۆژێکی پێچوو نەبوو، خۆم چووم بۆ لای نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە زاخۆ، قسەم لەگەڵیاندا کرد، دووجار تا ئیستا لەگەڵیان کۆبووینەتەوە، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە کە یادداشتەکەمان بەرزکردۆتەوە بۆ حکومەتی تورکی وئەوە دەستەڵاتی

حکومـەتی تورکـییـە، بۆچی ئەوەندە کەممان ئەداتێ؟ ئەوەش رایەکی حکومـەتی تورکی خـۆیەتی وئەڵێـن توانای هونەریان ئەوەندەیە، لە هەر رۆژێکدا لە هەر سـەعـاتێک پێمـان بڵـێین کـارەباکـە وەرگرن وەری ئەگرین، بەڵام بەداخەوە نەیان داینێ و لەسەردانی یەکەمیان بیانوویان ئەوە بوو وتیا هەندێ کـێشـەی سـیـاسی هەیە لەبەرئەوە جـارێ لەوانەیە تۆزێ دوا بکەوێ، و جـاری وا هەیە لە هەفـتـەیەک دوو سێ جار ئەکاتە سەر برادەرانی M.C.C و داوایان لێ ئەکەن کـارەباکـە ببـەستێ تائێـستـا وەڵامـیـان نەداینەوە، لەدەسـەڵاتی ئێـمـەدا نییـە لـەبارەی د. صـلاحەوە کـە پرسی پرۆژەی دەربەنیـخـان: ئەوە بەراسـتـی من حـەزم دەکـرد تکای برایانەشم لەبرادەرانی پەرلەمـان ئەوەیە کـە کێشەیەک باس دەکرێ کە پرسیـارێک دەکرێ هیچ نەبێ هەندێ زانیاری لەو بارەیەوە کۆ بکرێتەوە یاخود سەردانێکی ناوچەکە بکرێ، من جاری پێشوو لەبەردەمی بەرێزتان وتم پرۆژەی دەربەندیخان بەشانازیەوە زۆر بەرێک وپێکی رۆیشتووە، ئەو ناوچە شاخاویە کە دوو مـانگ تەنها (مین)مـان لێ پاک کردەوە بەیارمەتی رێکخراوی مـارک، ئەمە یەکێ لە برادەرانی پەرلەمـان حەز دەکا سـەری لە پرۆژەکـەی بدایە ببدیتبـایە بزانێ چی کـراوە، نەک هەر بڵێ پێـویسـتـە توانا سـەرف بکـەین وزانیـاری کۆبکەینەوە ئـامار کۆبکەینەوە، لەبارەی دراسەوە هەروەکو وتم لێکۆڵینەوە ئامـادەکراوە لەباری بەسـتنی کـارەبای دوکـان بە نـاوچەی بادینانەوە، بەڵام وەکـو بزانم و دەزانن ئەوە یەکێ لەو پرۆژانەیە کـەئەبێ حکومـەت بیـخـاتە بەرنامـەی خۆیەوە، چ لەسـاڵی داهاتوو یـا لە بەرنامـەیەکی تردابێ کەوا پێویستە بەدی بهێنرێ لەبارەی وتنی کاک شاڵاوەوە کە خۆی ئەزانی من گەرامەوە لە نەخۆشیەکەم لیژنەیەک دروست کرابوو، مانگی دوانزە و یەک بوو، پرۆژەکە بەراستی پشتی بەست بە هەندێ شت کـە هەندێ کـەم وکـووڕی هونەری تیـابوو، ئێـمە بۆئەم مـەبەسـتە لیژنەیەکی باڵامـان دروست کرد لیژنەی باڵاکەش لەبابەتەکەی کۆڵییەوە، ئەگەر کەموکوڕی لەپرۆژەکەدا بێ دەستیان کرد بەچاک کردنی، بەڵام کاک شاڵاو خۆی دەزانێ هاتن داوایان لێ کردین کە ئەو پرۆژەیە بەو دوو کـەسـە رایپـەڕێنن، لاری بوونی ئێـمـە لەرووی هونەریەوە زۆر نەبوو، بەڵکو لەرووی جێ بەجێ نەکـردنی پرۆژەکە بوو، وتمان نادرێ بەکـەس هەتاکو کـاک شـاڵاو خـۆی پێی وتین (٣٠٠) هەزار دۆلار هەیە دوایی وتی (٥٠٠) هەزار دۆلار هەیە، وتمان لە کـوێ یە و لای کـێـیـە؟ بۆ ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەین ئەو پرۆژەی پێ راپەڕێنین، بروا بکەن تا ئێستاش نەم بیستووە لای کێیە، بەراسـتـی من لەگـەڵ ئەوەدانیم کـە کـەسێ بڵـێین ئەگـەر ئەم پرۆژەیە ئەو نەیکرد نابێ بکرێ وتمان جارێ دەدەین،. اعلانەکە کێ بە باشترین مەرج وکەمترین نرخ کردی، هەینێ پرۆژەکە بەلای منەوە جێ بەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بـەرێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، وتمان بابەتەکە بەتێروتەسەلی باس کرا، بەڵام دوو بەدواداچوونی بچووک هەیە لە لایەن بەرێزان کاک حازم و کاک شاڵاوەوە.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بە کورتی دەڵێم: یەکەم من حەز دەکەم برادەران بزانن کە هیچ کێشەی ئاو لەناوچەکەدا نییە، بەڵام پەیوەندی بەکارەباوە هەیە، ئەگەر کارەبا هەبێ ئاوەکە پرۆژەکە هەمووی تەواوە ئەمە یەک. دووەم، کڕینی داینەمۆ. بەڕێز وەزیری پیشەسازی ئەڵێ هەندێک هەبوو کڕیمان، بەڵام تەواو نەبوو، مولدە لە کوردستان نەما؟ ئەگەر ئەوەش وایە بەرای ئێمە دەتوانین داینەمۆ لە تورکیا بکڕن بەبۆچوونی من ئەو هەوڵەش نەدراوە کە مولیدە لە تورکیا بکڕن و (UN) ڕازی نەبووە، ئەگەر ڕازی نەبووە ئەوە بابەتێکی ترە، سێیەم کە ئەڵێین پرسیار ئەکەین هەر لە ئەندامانی پەرلەمان هەر لە حکوومەت لە هەمووان ئایا (٤) ملیۆن دینار بەسە بۆ ئەم کێشەیەو چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە؟ حکوومەتی ئێمە ڕاستە خۆمان چاک ئەزانین وەزعمان چییە بەباشیش ئەزانین چییە، ئایا حکوومەتی ئێمە ناتوانێ لەچوار ملیۆن دینار زیاتر تەرخان بکات؟ لەوانەیە (٢٠) ملیۆن دیناری بووێ، بەڵام نازانم ولێم ببورن بەڕێز وەزیری پیشەسازی هەوڵی دا کەوەڵامی پرسیارەکان بە ڕاستەوخۆ نەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز شاڵاو عەلی عەبدوڵلا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕایەکەی کاک ئەمین حەزدەکەم هەندێ شت ڕوون بکەمەوە، چونکە خۆم یەکێ بووم لەو کەسانەی کە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بووم، وابزانم ئەتوانم بڵێم بۆ جاری یەکەمە کە دژی ڕایەکەی کاک کەمال شاڵی فیفتی فیفتی شوکر لەو شوێنەدا بەکار نەهات، وەکو کاک ئیدریس وەزیری گەیاندن ئەوسا وەزیری پیشەسازی بوو کاک ئەمین نەخۆش بوو پرۆژەکە پرۆژەی کاک د.ئیدریس بوو پێی هەڵسا بوو، وداوای ئەوەیان کرد کە (٥٠٠) هەزار دۆلاری پێویستە ئێمە لە ڕێکخراوێکەوە (٥٠٠) هەزار دۆلارمان پێک هێنا، ئەوسا من خۆم لێپرسراوی یەکێک لەو ڕێکخراوە خێرخوازانە بووم، پارەکەشمان بۆ دابین کرد، دوای ئەوە ڕێکخراوەکەی خۆشمان توانیمان گوشار بکەینە سەر هەندێ پرۆژەی ناوەوەی وڵاتمان کەم بکەینەوە، ئەوسا کە (٢٠٠) هەزار دۆلاریشی بۆ تەرخان بکەین، چووین بەبەڕێز وەزیری پیشەسازیمان وت ئەوسا د.ادریس بوو کە پرۆژەکەی ئەو جێ بەجێ بکەین و هەندێ شایەدم هەیە کە کاک د.ادریس بۆ خۆی یەکێکە لەوانە کە شایەدیم بۆ ئەدا و کاغەزیکێشم لایە کە حیلە شەرعیمان کرد بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پیشەسازی بەوکارە هەڵدەستێ نەک ڕێکخراوێکی خێرخواز، چونکە بۆخۆشم ڕام وانەبوو کەوا ڕێکخراوێکی خێرخواز بەو کارە گەورەیە هەڵبستێ، ئەمانوویست ببێتە فخرێک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەراستی ڕەفزەکەی کاک ئەمین حەزدەکەم بە بێ پەناوپێچ و بەراشکاوی لێرەدا بیڵێم، وتی حکومەتی عێراق بەو کارە ئیستیفزاز دەبێ، من بەش بەحاڵی خۆم

نەکەسم ناسیوە نەکەسیشم هێناوە بۆ مەسەلەیەک مەرجم دانابێ ئەگەر کاک د.ئیدریس هێنابیتی من ئاگام لێ نەبووە، بڕواش ناکەم ئەو شتی وای هەبوو بێ و من وەڵامیشم نەدایەوە لەراستیدا بەویژدانەوە دەڵێم کاک د.ئیدریس وەڵامی بابەتەکەی دایەوە و حەزدەکەم هەمووشتان لەوەمەسەلەیە ئاگادار بن، سوپاس.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەسەرەتای دەست پێ کردنی دانیشتنەکەدا وتم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەبوایە لێرە بێ، لەنێوقسەکانیدا بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزە فەرمووی (٤) ملیۆنە، ئەویش بەتەواوی وەرنەگیراوە، ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێرە بوایە پێم وایە وەڵامێکی دەبوو بۆ ئەم قسەیە کە ئایا راستە لەم چوار ملیۆنە زیاتر سەرف نابێ و بۆچی ئەویش تا ئێستا وەرنەگیراوە؟ من قەناعەتم هەیە ئەگەر ئیش بڕوا، حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی و ئابووری تا ئێستا لاری نەبووە کە (٢٠) ملیۆن سەرف بکات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لەبارەی وەڵامەکەی کاک شالاوەو بەراستی من دیسان دەڵێم ناوی هیچ رێکخراوێک لە ئارادا نەبوو، بەڵکو دوو کەس هاتوون یەکێکیان دەرچووی پەیمانگەی نەوتە ئەوی تریان دەرچووی پیشەسازییە، وتیان ئێمە پرۆژەیەک جێ بەجێ دەکەین و پرۆژەکە ئێمە ئامادەمان کردووە، لەبەرئەوە ناوی هیچ رێکخراوێک بە ئێمە نەوتراوە، بەناوی هیچ کەسێکیش نەبووە، بەراستی ئەو وشەیەش کە بڵێ استفزازی حکوومەتی عێراق دەکەین، دەکەین لەمن ناوەشێتەوە ئەوە دوو، لەبارەی ئەوەی کاک فرەنسۆ کە دەڵێ چوار ملیۆنە، کە ئەویش سەرف نەکراوە وەکو وتم داینەمۆ لەبازاردا نییە، داینەمۆ بەو وزەیە کە بۆ پرۆژەی ئاو بەکاربهێنرێ دووسێیەکمان تاقی کردەوە بەکەڵک نەهاتن، نەمانتوانی بیانکڕین وەکو وتم ناردمان لە سلێمانی لەو ئامێرە مولیدەیەکمان پەیدا کردووە پاشان نەتەوە یەکگرتووەکان داینەمۆیەکی تری بۆ ناردین و حەزدەکەم دیسان ئەوە روون بکەمەوە کە لەم رۆژانەدا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وتین کۆمەڵێک داینەمۆی بچووکیان هێناوە بۆ پرۆژە ئاوە بچووکەکان وخۆیان دابەشی دەکەن بۆ سەر پرۆژەکانی ئاو، بەڵام ئێمە بمانەوێ کە لەتورکیاوە بهێنن بەراستی نەتەوە یەکگرتووەکان وتی ئێمە کڕیومانە، تەنها گرفتەکەمان ناردنی ئەو داینەمۆیانەیە، بەراستی هەندێکیان گەیشتووە و ئەوان دابەشی دەکەن بەسەر پرۆژە بچووکەکانی ئاودا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەم بابەتە تەواو بوو، هیوادارم کێشەی کارەبای دهۆک بایەخی پێ بدرێت و ئەو پێشنیارانەی کە کران، هەوڵ بدەین جێ بەجێیان بکەین و ئەو برادەرانەی کە بابەتەکەیان باس کرد هیواداریـن

بەردەوام بن لەسەری و، راگەیاندنیش دەبێ گرنگیەکی تایبەتی بە بابەتەکە بدات، تەنها یەک خاڵ ئەمێنێتەوە، بۆ ئەمڕۆ ئەو بەرنامەیەی کەدامان نابوو تەواو تەنها خاڵی دابەشکردنی زەوی بەسەر خێزانی شەهیدان دا نەبێ، بە بەرژەوەندمان زانی وەزیری کشتوکاڵیش لێرەبێ، ئەگەر بکرێ بتوانین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئامادەبن ئەوسا باسی بکەین، چونکە ئەو بابەتە بەشێک لە دەسەلاتی ئەوان دەبێ بە ئاگاداری ئەوان باس بکرێ، ئینجا ئەگەر بکرێ بیخەینە سبەی سەعات (١٠)و بەتێروتەسەلی باسی بکرێ. بەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو دەبێ سوپاستان دەکەین.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا
سکرتێری ئەنجومەن

نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا
جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)

## چوارشەممە رێکەوتی ١٥/١٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٥

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا و، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی خولی ئاسایی دووەمی، سالی (١٩٩٣)ی خۆی بەست، سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکەچەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- گفتوگۆ کردن لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی زەوی وزار بەسەر خێزانی شەهیداندا.**

**٢- بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری دیاریکردنی کرێی خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگە هونەرییەکان.**

**٣- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، وەکو ئەزانن بەرنامەی ئەمڕۆمان خالی یەکەم بابەتی دابەش کردنی زەویە بەسەر خێزانی شەهیداندا و، قەول بوو وەزیری کشتوکال لێرە ئامادە بێت، بەلام کاک قادر عەزیز ئامادە نییە، لەبەر ئەوە دەست ئەکەین بەخالی دووەم، کە بەرچاوخستنی پرۆژەی بڕیاری دیاریکردنی کرێی خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆ وپەیمانگا هونەرییەکانە، وابزانم پێش ئێستاش گفتوگۆمان لەسەر کرد، بەلام دوامان خست بۆ ئەم دانیشتنە بۆ ئەوەی ئەو شێوازەی کە خرابووە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە کە لە دانیشتنی پێش ئێستا لەلەسەری پێک هاتین، لیژنەی یاسا ئەگەر ئامادەن با یەک دووەکیان بفەرموونە ئێرە بابزانین چیان ئامادە کردووە؟ هیوادارم زوو ئەو ئیشە تەواوکەین. و بڕۆینەوە سەرخالی یەکەمان، لیژنەی یاسا ئایا هیچ گۆڕانکاریتان خستە سەر پرۆژەکە؟ ئەوەی ئێستاکە لای ئێمەیە گۆڕاوە ئەوە دوا پرۆژەیە کەلاتانە، ئەو شێوازەیە کە لیژنەی یاسا ئامادەیان کردبوو پاش ئەو گفتوگۆیەی کە پێش ئێستا کردمان لەسەر ناوەرۆکی ئەم بابەتەی کەپەیوەندی بەو بڕیارەوە هەیە، جا با لیژنەی یاسا بفەرموون دەست پێ بکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئێستا من تەماشای ئەکەم، ئەمە کەم وکووڕی تیایە باسی (١٥٠) دینارەکەی تیانییە، ئەگەر بۆمانی ڕوون بکەنەوە بۆچی ئەوە فڕێ دراوە؟ وسەرباری ئەوە من پێشنیارێکیشم هەیە پێشکەشی کەم، بەڵام پاش ئەوەی بزانین بیروڕای ئەو کۆمیتەیەی کە پسپۆڕە لەو بارەیەوە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر، بابیخوێنێتەوە، پاشان کەدەرگای گفتوگۆ کرایەوە ئەو کاتە تێبینییەکانت جێگیر دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسون من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٣ مايلي:

١- يعفى اعضاء الهيئة التدريسية لجامعات والمعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق عن النسبة المؤية التي تستقطع من رواتبهم لقاء اشغالهم الدور و الشقق السكنية الحكومية.

٢- لايعمل بأى نص يتعارض واحكام هذاالقرار.

٣- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٤- ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

ئەگەر ئیجازەش بدەن بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەی بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز کردی، ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باتەواوی کەین دوایی دێینەوە سەر ئەوە، ئێستا ئەمە ئەو دەقەیە کە دوا شت لیژنەی یاسا لەئەنجامی گفتوگۆی دانیشتنی پێش ئێستا پێی گەیشتن دایڕشتووە، قەولیش بوو لەگەڵ لیژنەی یاسادا دانیشین ئەو بابەتە باس بکەین، جا ئەوانەی کەتێبینییان هەیە لەسەر ئەم دەقە با ناویان بنووسن، بۆ گفتوگۆ کردن. بەڵێ، بەڕێزان کاک د.کەمال فوئاد، کاک بەختیار، کاک د.قاسم، کاک جەمیل، کاک عیدۆ، ئایا کەسی تر هەیە؟.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارەکەم دووبارە ئەکەمەوە، جارێ وەکو ئەوەی کە نووسراوە زۆر باشە کە عەفو کردنی لە سەدی پێنجە، یان سەدی دووە کە هەموو مانگێ لێیان وەردەگیرا ئەوە بەو شێوەیەی کەنووسراوە باشە، بەڵام ئەو مەسەلەی (١٥٠) دینارەکەیان چی لێ کرد؟ چونکە لەو بارەیەوە من پێشنیارێکی نوێم هەیە بخرێتە سەر قانونەکەوە حەز دەکەم بزانم بۆچی ئەو مەسەلەیە فت کراوە؟ وەکو ئەزانن جاران هەموو مامۆستایەک (١٥٠) دینار دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی وەردەگرت، ئەوانە نەبێت کەوا خۆیان لەخانووی حکومەتیدان، ئینجا بۆچی ئەوەی تێدا باس نەکراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە جاران رێژەکە کەمتر بوو، بەڵام حکومەتی بەغدا لەم دواییەدا هەموو مامۆستایەک لەخانووی حکومەتا بێت یان نەبێت مانگی (٣٠٠) دیناری نیشتەجێ بوونی بۆ زیاد کردن، لێرە (٣٠٠)دینارەکەی ئەوان کرا بە (١٥٠) دینار فەرقی پارەکەش هەیە لێرە ولەوێ، بەڵام ئەو (١٥٠) کەشیان نەئەدرایە وکرێی خانوەکەشیان بەو نیسبەتە کەم کرایەوە، جا ئەوە بەزیاد زانراوە لە لای لیژنەی یاساوە کە ئەو باسە بکرێت بلێ (١٥٠) نەدرێت بەوان، چونکە بریار هەیە کەبیان درێتێ، ئەگەر بەباشی ئەزانن بخرێتە ناو بریارەکەوە بەشێوەیەک کە دۆخە واقیعیەکەی ئێستا هەروا بمێنێتەوە وبخرێتە ناویاساوە هیچ زیانێکی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئینجا ئەوەیان پێویستە لەمەیابنووسرێ یان لەشوێنێکی ترا نووسرا بێت کە ئەوانەی لەخانووی حکومەتی دان لە مامۆستایانی زانکۆ دەرماڵەیەک وەرئەگرن ودەرماڵەی (١٥٠) دینارەکەش کەمە بۆ رەوشی ئێستا، ئەوەی خانووی حکومەتی نییە ناتوانێت بە (١٥٠) دینار لەدەرەوە خانوو بگرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو دەقە کە دانرا ئەو پارەیە زیاد بکرێت، (١٥٠) دینارەکە بکرێت بە (٥٠٠) دینار بۆ ئەوەی ئەوانە بتوانن لەدەرەوەی زانکۆ خانوو بگرن، وهەروەها گوشاریش لەسەر ئەو خانووە کەمانە کەم بێتەوە کە ئێستا لەبەردەستی زانکۆ دایە کەتەرخان کراوون بۆ مامۆستایان، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئەگەر بم بووری د.کەمال ئەم بریارە لەسەر پێشنیارێک هاتووە لەئەنجوومەنی وەزیرانەوە کە

ئەڵێ بۆ ئەوەی باری ئابووری مامۆستایان سووک بکرێت (٥٪) یان لێ وەردەگیرا بکرێ بە لەسەدا (٢/٥)، نیوەکەش نەمێنێ بۆ یارمەتی دان، ئەو ڕێژەی لەسەدایە، هەرهیچیان لێ وەرنەگیرێ بۆ ئەوانەی کە لەخانووی حکومەتی دان، ئینجا ئەگەر ئەو پێشنیارەی کە کاک د.کمال ئەڵێت پێویستی بە بڕیار بێت ئەوە چەند ئەندامێک پێشکەش ئەکەن بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو بڕیارەی کرێی خانووە هەر لەکۆنەوە لەزانستگای بەغدا نەبوو، درا بەو زانستگایانە وەکو سلێمانی وبەسرە کە خەڵک نەئەچوون، بۆهاندانی مامۆستایان کە بچن وپلەیەکی زیادیان دانێ، کرێی خانوویان دانێ، من لام وایە کە ئەو دەقە لەقانونا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی وئابووری دەخوازێ کە یاسایەکە ڕوونتربێ وشتی نادیاری تێدا نەبێ، ئەو دەقەی کە هاتووە کەم وکوری تێدا هەیە دەمانەوێ ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (استقطاع مخصصات السكن عنهم في هذة الحالة) چونکە ئەگەر تیا نەبێت دەمێنێتەوە سەر (اجتهاد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیجتیهادی چی کاک جمیل؟ دەقەکە ڕوونە (يعفى اعضاء الهيئة التدريسية للجامعات والمعاهد الفنية في اقليم كوردستان العراق من النسبة المئوية التي تستقطع من رواتبهم لقاء اشغالهم الدور والشقق السكنية الحكومية) (يعفى اعضاء الهيئة التدريسية لقاء اشغالهم..) واتا سێ مەرجی تێدایە، یەکێ: ئەبێ عەفویان بکەین، دوو: لە نسبەکە عەفو دەکرێ. سێیەم: مامۆستا ئەبێت لە یەکێک لەو خانوانە دابێ کەسەر بەحکومەتن، وابزانم هیچ گرفتێک لەدەقەکەدا نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە دەربارەی ڕێژە زۆر زۆر ڕوونە، بەڵام دەربارەی دەرماڵەی ئاکنجی بوون چی لێ دەکەی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیوەندی بەدەرماڵەی نیشتەجێ بوون وئەو ڕێژە زیادەیە کە لێیان دەبڕن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی بڕیارەکە دوو لەتە:

لەتێکیان بۆ ئەوانەیە کە لەخانووی زانکۆ یا کە لەخانووی حکومەتدا نین، پێویستە بەقانونێک چارە بکرێت، ئەمە تەنیا ئێستا بابەتەکە بابەتی ڕێژەی سەدییە، چونکە ئەم (١٥٠)دینارە، یان

ئەو (٣٠٠)دینارەی کە برادەران باسیان کرد ئەوە لە قانونی خزمەتگوزاری زانکۆدا روونە، ئەو بابەتە چارە کراوە، ئەوەی کەبەڕێز د.عیزەدین باسی کرد دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بابەتی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران نەسەپاندراوە، بەبڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەپێندراوە، بە حوکمی یاسا، چونکە دەرماڵەی سکن لەنێوان ئەو دەرماڵانەدایە و سروشتێکی تایبەتی هەیە، ئەبێت بەقانون بسەپێندرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بیانەوێت ئەو درەماڵەیە هەموار بکەن، یان ئەبێت ئەنجوومەنی وەزیران بە پێشنیارێکی یاسایی بنێرێت دەرماڵەی سوکنا زیاد بکەین یان وەکو ئەوەی بەڕێز کاک نەژاد ئاماژەی بۆکرد (١٠) ئەندام پرۆژە پێشکەش بکەن، ئەو بابەتە روونە تەنیا رێژەی سەدییە کە ئەوەی بڕیار درایە لەو رێژەیە ببەخشرێن ئەویتر چارەسەری دەرماڵەی سوکنا ئەوەی بچێتە خانوو نایدرێتێ، شتێکی سروشتییە لە یاسای خۆیاندا جێگیر کراوە پێویست نییە باسی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە روونە، وادەزەنم ئەویتر پێشنیارێکی ترە وبابەتێکی ترە، لەدەرەوەی ئەو بابەتەیە.

**بەڕێز د.قاسم محمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ هەر ئاسانکاریەکم کە بکرێ، نەک تەنیا بۆ ماموستا بەڵکو بۆ هەر فەرمانبەرێک ئاسانکاری بکرێت، بەڵام من لێرە تێبینییەکم هەیە (النسبه المئویه) ژمارەیەک بنووسرێ باشترە بۆ نموونە لە (٢٪) یان لە (٥٪) بنووسرێ ئەمەیەک، دووە وشەی (فقط) زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە روونە، (النسبة المئوية)دەڵێین لە مووچەکەی رێژەیەکی سەدی کە دیاری دەکرێ عەفو بکرێ وابزانم ئیتر هەندەی ناوێ.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو دەقە زۆر روونە ئێمە بەلیژنەی خوێندنی باڵا لەسەری پێک هاتووین، هەر چەندە د.عیزەدین لێرە دانیشتییە، بەڵام لەکۆبوونەوەکە ئامادە نەبوو ولیژنەی یاسا ولیژنەی ئابووریش هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو ماموستایانەی لەخانووی حکومەتی دادەنیشن عەفو بکرێن، دەبارەی بابەتی (١٥٠) دینارەکە ئێستا لەئەنجوومەنی زانکۆ خۆیان خەریکن لێکۆڵینەوەیەک ئامادە دەکەن، بەنیسبەت ئەوانەی لەدەرەوەی خانووی حکومەتینە چیان لێ بکرێ؟ ئەوانیش پلەیان هەیە پلەی پرۆفیسۆرە، یاریدەدەری پرۆفیسۆرە، پێویستە هەر یەکەو بەپێی پلەی خۆی شتێکی بۆ دابین بکرێ ئەوە خەریکن دەرسی دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕیارەکە روونە وڕێژەیەکی سەدی دەبڕین، دەیدەین یان نایدەین؟ عەفو دەکرێن یان عەفو ناکرێن؟ جا ئەگەر پێشنیارێکی تر هەبێ ئەوە بەرای من دەبێ بە بابەتێکی تر چار بکرێ.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا ولیژنەی دارایی وئابووری پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیاری کردووە لە (٥٪) بکرێتە لە (٢,٥٪) ئەوان باشتر وەزعی حکومەت، وەزعی دارایی کوردستانیان دەرس کردووە لەسەر رۆشنایی وەزعی دارایی خۆیان ئەو پێشنیارەیان کردووە، نازانم وەک بڵێی(خەنجەر لەکایە) یەکسەر ئێمە لەو (٢.٥٪)ە عەفویان بکەین، حەز دەکەم بزانم لەسەر چ بونیادێک بووە، بارودۆخی داراییان دەرس کردووە؟ رای وەزارەتی دارایی یان وەرگرتووە؟ رای پسپۆرانییان وەرگرتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین رای وەزارەتی دارایی چییە، فەرموو کاک دارا.

**بەڕێز دارۆ شـێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاگادارن لە دانیشتنی پێشوو من لەو کاتە لێرە بووم منیش یەکێک بووم لەوانە پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەو مەسەلەیە بڕیاری لەسەر نەدرێ، دوا بخرێ وئێوەی بەڕێز رازی بوون و، باسی ئەوەشتان کرد قسەیەک لەگەڵ وەزارەتی داراییش بکرێ، بەڵام بەداخەوە، ئەو قسەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی نەکراو ئێستاکە هاتووینە تەوە سەر هەمان شێوەی ئەوەی پێشوو تەنیا (١٥٠) دینارەکە لەدەقەکە دەرکرا وهیچی تر نا، سوپاس.

**بەڕێز حـازم ئەحـمـەد مـەحـمـود یوسـفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیران کە هاتبوو ئەڵێ رێژەی سەدی بکەنە لە (٢.٥٪) بەڵام بەراستی لەناو لیژنەی یاساو لەناو لیژنەی خوێندنی باڵاو لیژنەی دارایی هەرسێ لیژنەکان کۆک بوون، وتیان ئێمە ئەو پرۆژەیە بەو شێوەیە دەبەین کە لە (٢٪) عەفو بکرێن، ئیتر لەوێ ئەوە دەسەڵاتی پەرلەمانە پەرلەمان بڕیار دەدات کە اعفا بکرێن، لەسەر ئەوە ئەگەر لە (٢٪) یان عەفو نەکەن، ئەوە بابەتێکی ترە، بەڵام مەسەلەی (١٥٠) دینارەکە ئەوە یاسا ئەڵێ هەر کەسەک مامۆستای زانکۆ بێ و لەدەرەوەی خانووی حکومەتی بێ ئەوە (١٥٠) دیناری دەدرێتێ، ئەوەی کە دەچێتە ناو خانوو ئەو (١٥٠) دینارە بە قانونەکە چارە کراوە ونایدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز کاک ڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵێکی زۆر بنەڕەتی هەیە کەباسی (١٥٠) دینارە کەمان نەکرد چونکە (١٥٠) کە ئەسلا نەماوە چونکە ئێمە نەمان سەپاندووە بەڵکو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەپێندراوە، دوایی ئەوە هەموار بووە بویتە (٣٠٠)دینار ئەمە گەر بمان گۆتبا (یعفی) تەنیا (یکتفی بقطع ١٥٠) دینار مانای وایە دەبایە (١٥٠)دینارە کەی بۆ سەرف کەن چونکە لە بنەڕەتەوە (٣٠٠)ە خۆی نیزامەکە لای ئەوان ئەوهایە، ئەوەی بچێتە خانوو دەرماڵەی سکن وەرناگرێ پێویست ناکا باسی بابەتەکە بکەین، وئێستاش رایەکە ماوەتەوە بۆ پەرلەمان، دوایی خانووەکانیش هەمووی حساب کەین خانووی زانکۆ هەمووی (٥٠) یان (١٠٠) خانوو دەرناچێت، واتا داهاتی وەزارەتی دارایی هەمووی بەگوێرەی ئەو لە (٢٪)ە ناگاتە (٢) یان (٣) هەزار دیناری ساڵانە، ئەوە شتێکی مەعنەوییە بیرمان لەوە کردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن سێ دانیشتنمان لەسەر ئەو یاسایە کردووە، هەردوای دەخەین وبابەتەکە بە نادیاری ماوەتەوە، ئەگەر برایان لەبیریانە دانیشتنەکەی پێش ئەوە وتمان نادیارە، دوا دانیشتن دیسان هەروا نادیار مایەوە، مەسەلەکەش ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیازی کردووە ڕێژەکەش زیادە بۆ باری ژیانی مامۆستایانمان چونکە گرانییە، داوایان کردووە دابگیرێت، بکرێت بە (٢.٥٪) دامان بە لیژنە، هات (١٥٠) دینارەکەیان خستە ناو بابەتەکەوە، پێش ئێستاش باس کرا کە، پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، ئەمە قانونێکە وئەدرێت بەوانەی کە ناچنە خانووی حکومەت یان خانوو بەکرێ دەگرن وەکو دەرماڵەی سوکنایە، ئەوەی بچێتە خانووی دانیشگا ئەو (١٥٠) دینارە نایگرێتەوە، کەچی ئێستا دیسان جارێکی تر هاتونەتەوە سەر مەسەلەکە، وتمان لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی ئابووری وخوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەتی دارایی لێتۆژینەوەیەک بکەن و ئەم نادیارییەمان بۆ هەڵگرن، ئینجا لە (٢.٥)ە کەش وازیان هێناوە وکردوویانە بە هیچ، ڕێژەکەیان هەموو هەڵگرتووە بێ ئەوەی رای وەزارەتی داراییش وەربگرن، وەختی خۆی ئێمە بەئامادەبوونی وەزیری دارایی وتمان بەیەکەوە بگەنە ئەنجامێک، ئەوە وەزیری دارایی لێرەیە ئەڵێ رای منیان لەسەر ئەو بابەتە وەرنەگرتووە، لەڕاستیدا حەق نییە ئێمە لە پەرلەمان شتێکی وابکەین کەمەسەلەیەکی داراییە، ئێمە نابێ نەزانین رای لایەنێکی پسپۆڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە چییە، چونکە دەبێ ئەوان ئاگایان لێ بێت با دینارێکیش بێت، مەسەلە زۆر وکەمی نییە. مەسەلە مەسەلەی دەست ڕۆیشتنە.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی لەسەر رای خۆی پێ دادەگرێ با بۆ ئەندامانی پەرلەمانی روون بکاتەوە بۆچی ئەو لە (٢,٥ ٪ )ـە پێویستە؟، ئەو وەختە رەچاودەکرێت پەرلەمان یان رازی دەبێ یاخود رەفزی دەکات، ئەمەیە ئەوەی ئێستا ئەتوانین لێرە باسی بکەین چونکە بڕیار نییە، دوایی بڕیاری لەسەر ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دارۆ فەرموو ئەوە پێشنیارەکەی ئێوە لەئەنجومەنی وەزیران کەهاتووە وابزانم بە ٢,٥ ٪ هاتووە جا ئێستاکە هەڵگیراوە.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کراوە بە سەدی هیچ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەدی هیچ؟ جا راتان بدەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە وگرفتەکە چار بکەین.

**بەڕێز دارۆ شێخ نوری/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەکە رێژەیەکی دیاری کراو لە مووچەیەک ببڕێت دیارە ئەگەر رێژەکە بەرز بێت کار دەکاتە سەر ئاستی ژیان وئەیهێنێتە خوارەوە کاتی خۆی کە لە ٥ ٪ بوۆە ئەبێ حسابی ئەوە بکەین مووچەیەکی ناوەنجی مامۆستایەکی زانکۆ چەند بووە؟ لە (٥ ٪ ) کردوویەتی چەند؟ کە ئەکرێتە (٢,٥ ٪ ) ئەکاتە چەند؟ چەند کاری لێ دەکات؟ ئەمە لانی کەم کردنەوەکەی، کە بۆچی کراوە؟ بێگومان ئەوە بووە کە یارمەتیەک بدرێن، بەڵام مانەوەی رێژەیەک ئەگەر چی کەمیش بێت لە ١ ٪ بێت، دوو بێت جۆرێک لە پابەندی بەرامبەر بەو موڵکانەی حکومەت کەتیادا دانیشتوون، ئەگەر وانەبێت هیچ کەسێک نەهەست پابەند بوون وراگرتنی ئەو پابەندییە ئەکات، نەئەوەیە کە ئەبێت ممتەلەکاتی حکومەت بنرخێندرێت، هەرچەند نرخێکی رەمزیش بێت، پێشنیار دەکەین ئەم رێژەیە بگۆرێ لە (٥ ٪ ) بۆ لە (٢ ٪ )، لیژنەی یاسا بۆ رایەکەی خۆی ئەکات بەپرۆژە؟ ئەبێت پرۆژەکەی حکومەت پێشکەش بکات وبڵێ رای قانونیش وایە، کەئەمە هەڵەیە ئێمە پێمان باشە ئەم رێژەیە بەشێوەیەکی کەبگۆرێت بۆ ئەوەی هەردوو حاڵەت بکەوێتە دەنگ دانەوە، نەک تەنیا رای لیژنەیەک لە لیژنەکانی پەرلەمان، بۆیە ئێمە داوا ئەکەین کە ئەو مەسەلەیە وەکو پرۆژەکەی

حکومەتیش بخرێتەروو، ئەگەر لەرووی یاساییەوە، لەرووی دارشتنەوە هەڵەیەکی تێدایە لیژنەی یاسا چاکی ئەکات، بەڵام لەرووی ئەوەی ڕێژە بگۆڕێ، ئەوە پێم وایە مافی ئەوەیان نەبێت، (١٠) کەس لە ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەکی تازە پیشکەش بکەن، یاخود ئەبێت ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار بکرێتەوە بڵێ ئێمە پێمان باشە ئەو ڕێژەیە لەپێشنیارەکەتاندا بگۆڕێ، ئینجا ئەم دووانە هیچی نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەبێت پرۆژەکەش وەکو خۆی پێشکەش پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی بزانین پەرلەمان بریاری چی لەسەر ئەدات؟ سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا حەقی ئەوەمان هەیە هەموو وەزارەتێک ئاگادار بکەین بەڵام دەبوایە لیژنەی دارایی پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی بکات، تۆ بڵێی ئێوە لاریتان هەبێ لەسەر یاساکە یان لاریتان نییە؟ هەر لەئێستاوە رای دەگەیەنین ئێمە غەدرمان لەو مامۆستایە کردووە، دەرماڵەی سوکنامان تەواو نەدایتێ، ئەوە کە بەڕێز وەزیری دارایی باسی دەکات یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی دەوڵەت هەیە هەموو ڕێژەکانی دانایە، کەسێک لەخانووی دەوڵەت دانەنیشێ دەرماڵەی دەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا دوو پێشنیازمان هەیە، پێشنیازی یەکەم کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ودەڵێ بکرێت بە ٢/٥ ٪ پێشنیارێکی تریش هەیە کە ئەو ڕێژەیە نەمێنێ وعەفو بکرێت، پێشنیارەکەی حکومەت ئەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە لە ٢/٥ ٪ بێت؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ لە ٢/٥ ٪ جێگیرکرا. ئەو بابەتە تەواو بوو، تەنها ماوە دەقەکە دابڕێژنەوە، سوپاستان دەکەین لیژنەی یاسا با بچین بۆ سەر خاڵی دووەم.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بریاری لەسەر درا بەشێوەیەکی کە ئێستا باس کرا لە ٢ ٪ یان لێ ببرێت بۆ دەرماڵەی نیشتەجێ بوون ئەوانەی لەخانووەکانی حکومەت دان، ئەوە بەو شێوەیە ئەیکەین وەکو کاک نەژاد پێشنیازی کرد (١٠) کەس پرۆژەیەک پێشکەش ئەکەن وئەیخەنە بەردەمی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیەش روون ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە هەر کاتێک ئامادە بوو تەماشای دەکەین، ئێستا دێینەوە سەر خاڵی یەکەمان، چونکە کاک

قادر گەیشت و، ئەگەر مۆڵەت بدات پێش ئێستا پێشنیازێک هەبوو کە بابەتی دابەش کردنی زەوی بوو بەسەر خێزانی شەهیدانا. بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لێرەیە، جا کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر عەزیز جەبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتەکەی من ناوی (دابەش کردنی زەوی وزارە بەسەر شەهیدان)دا، لەراستیدا زیاتر مەبدەئی فەرق وجیاوازی کردنە لە نێوان شەهیدان، ئەوە لێرە لە دابەش کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا کراوە لەهەولێر وئەوەی ئێمە زانیاریمان هەبێت لەسولێمانیش کراوە وئێستا پێشنیازێک هەیە کە زەوی بۆ سوکنا دابەش بکرێت بۆ کەس وکاری شەهیدان وئەگەر واپرۆات بەراستی لەو دابەش کردنەشدا جیاوازی دەکرێت، لەبەر ئەوە پێشنیازەکەی من ئەوەیە کە لەپەرلەمانی کوردستان دا دەقێک یان تەشریعێک دەربچێ کەشەهیدان لەمافەکانیاندا دا یەکسانن وهیچ لایەنێک، یان کەسێک بۆی نەبێ جیاوازی لەو مافەدا بکات، چونکە مەسەلەی شەهید مەسەلەیەکی حەساسە، ئەوە دەبێت لە کرداری تریشدا رەنگ بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوای لێبووردن ئەکەین، لەدانیشتنەکانی پێشووی رۆژانی حکومەت نەمان توانی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی هاوبەشی حکومەت ومەکتەبی سیاسی هەردووحیزبی سەرەکی هەبوو. لەسەر پرسیارەکەی بەڕێز کاک قادر عەزیز خۆی هەر لەبەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە کەبایەخی زۆر بدرێت بەکەسوکاری شەهیدان وئەو خەڵکانەی کەسووتەمەنی شۆڕش بووینە، لەرێزی پێشەوە بن لە امتیازات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانداتێ، لەسەر ئەو بنەمایە وەزارەتی شارەوانییەکان کۆنفراسێکی کردەوە بۆ ئەوەی زەوی وزار لە قەزاو ناحیەکان ولەشاروشارۆچکەکان و لەشارە گەورەکاندا تەرخان بکەن کەدابەش بکرێن بەسەر کەسوکاری شەهیداندا وکۆنترۆلیش بکرێ بۆ ئەوەی کە لەناو شاردا بەیەکسانی زەوی دابەش بکرێت، هەروەها بەنیسبەت یارمەتی شەهیدان کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کراوە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر درا، ئەوەش ئێستاکە دەستەیەکی بۆ دانراوە لە وەزارەتی پێشمەرگایەتی کەیارمەتی دابەش بکەن بەسەر کەسوکاری شەهیدان بەبێ جیاوازی، ئەو کەسانەی

که دەسەلمێندرێ شەهیدن وەشەهیدی کوردستانن، وەک کاک قادر باسی کرد، بەڕاستی کاک قادر خۆی لەکابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری کشتوکاڵ بوو، ئایا لەساڵی رابووردوو چۆن دابەش کرا؟ زەوی وزار بەسەرکێ دابەش کرا؟ کێ زەوی کشتوکاڵی وەرگرتیە؟ زەوی کشتوکاڵی لە کوردستان کەم هەیە، خەڵکانێک هەنە ئێستاکە زەویەکانیان کەوتیتە ژێر دەسەلاتی رژێمەوە، یان سەربازگەکانی لێیە ئەوانە ئێستا بێ بەشن لە زەوی وزار. ئەوجا ئەگەر لێرەدا گرفتێک هەبێ ئەوە وەزیری کشتوکاڵ جەنابی مۆڵەتدارە وبەسەفەر چووە، کە گەڕایەوە لە کۆبوونەوەیێکی تردا دەکرێت قسەی لێ بکرێت وگفتوگۆی بکەین، یان ئەگەر زۆر بەپێویستی دەزانن لاریمان نییە داوای وەکیل وەزیر بکەین کە بێت ئەو شتانە روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز قادر عەزیز جەبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی پێشنیارەکەی من دیاری کراوە واتا ئەوەی من باسم کرد مەسەلە جیاوازی کردنە لە نێوان شەهیدانی کوردستان، لەهەولێر ئەوە کراوە، لەسلێمانی هەمان شت کراوە، بەلام لەم دواییەدا راگیراوە، ئێمە وەکو گوتم مەترسی هەیە لەمەسەلەی ئەو برە زەوییەی کە بۆ زەوی و زاری سوکنا بوون تەرخان دەکرێت یان کراوە لە وەزارەتی شارەوانی، لەوێش هەمان مبدأ پیرەو بکرێت لێرە پێنج هەزار دۆنم تەرخان کراوە بۆ شەهیدان وپێنج هەزار دۆنم تەنها دراوە بەشەهیدانی هەردوو حزبەکە، لەکاتێکدا ئێمەیان داوا کرد، ئێمەش سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵمان کرد، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ مۆڵەتدار بوو، برادەرانی ئێمە چوونە لای بەڕێز بریکاری وەزارەت وەلامی بریکاری وەزیر ئەوە بوو کە ئەوە لەسەرووی ئێمەوە کراوەو بەراستی نەی گوت ئەوە حکومەت کردوویەتی، گوتی هەردوو حزبەکە کردویانە وئێمە لە ئێوە نارازی ترین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئامۆژگاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەن وئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەبوو کەبەبێ جیاوازی بیدەنە هەموو کەس وکاری شەهیدەکان، بەلام راستییەک هەیە حەز دەکەم جەنابتانیش بیزانن وهەموو خەڵکی کوردستانیش دەیزانێ کە زۆربەی شەهیدە نەمرەکان لەو دوولایەنەنە، مەسەلەن لایەنەکانی تر لە دەرەوەی ئەو دووحزبەنە کەفەرمانێک هەبێت لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، کە ئەوانیش بێ بەش نەکرێن وەکو باسم کرد جەنابی وەزیری کشتوکاڵ لە مۆڵەتەکەی بگەڕێتەوە یان داوای وەکیل وەزیر بکەین ئەو شتانە روون بکاتەوە، ئێمە خۆشمان لەسەرۆکایەتی لەو مەسەلەیە دەتۆژینەوە بزانین چۆن بووە وچۆن نەبووە، چونکە ئێمە وەکو باسم کرد

لەبەرنامەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانا هەموو شتەکانمان ئەوە بوو کە لەرێزی پێشەوە بایەخ بدرێت بەکەسوکاری شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەڕێز وەزیری کاروباری پێشمەرگە باسی ئەوەی کرد کەبەشی شەهیدان لەوەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا دامەزراوە، هەروەها سەرکردایەتی ناوچە، بۆیە پێویستە ئەو گرفتانە رووبەرووی ئەو بەشانە بکرێتەوە وهەوڵ بدرێت ئەو بەشانە ببن بە دەزگای شەهید وهەموو ئیشوکاری شەهیدان بکەن بەگوێرەی یاسای ژمارە (٩) لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز ئەکەی گوێ بگری، یان یەکە یەکە وەڵام دەدەیتەوە؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەقسەکانی بەڕێز کاک قادر دەکەم کە شەهید هەموو شەهیدی کوردستانە، هیچ جیاوازی نییە باوەڕ ئەکەم بەیاری خوا جیاوازیش هەر ناکرێت ومن پشتگیری لەقسەکانی کاک عەبدوڵلا دەکەم کە دەبوایە یەکێ لەوەزارەتی کشتوکاڵ لێرە بوایە، ئێستا ئێمە هەروەکو لیژنەی کشتوکاڵ زانیاریەکی زۆرمان لەسەر ئەو بابەتە وچۆنیەتی دابەش کردنیدا هەیە، ئیتر نازانم ئەگەر پەرلەمان پێی باش بێت وئەنجومەنی وەزیرانیش بەدرێژی باسی ئەو بابەتە بکەن. خۆی وەزارەتی کشتوکاڵیش وابزانم دەستی لەو کارە کێشاوەتەوە وداویەتی بەکۆمیتەی شەهیدانی برادەرانی پارتی ویەکیەتی من لەگەڵ ئەوەم کە برادەرانی زەحمەت کێشان وەریان نەگرتووە. بەڵام برادەرانی حیزبی شیوعیش یەکی بیست دۆنم زەویان لە ناوچەی عەنکاوە وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەمال پرسیارەکە چی یە؟.

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی پرسیارەکە، لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەو زەویانە دابەش کراون، بێگومان رێگەکە رێگەیەکی یاسایی نیە، رێگەیەکی زۆر پەسند نییە بەلای منەوە، چونکە دەست تێوەردانێکی زۆری تێدا

کراوە، هەق بوو بەنەوعێکی کە دابەش بکرایە ورای لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانیش وەرگیرابا، چونکە ئێمە بۆچوونمان هەیە لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولکەریم کاکەحمە عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بابەتی شەهید ئێمە وەکو پەرلەمان لەماوەی ساڵ ونیوێکی خۆمانا کارێکی ئەوتۆمان ئەنجام نەداوە کەبایەخ بەشەهیدەکان وبەژیانی خێزانەکانیان بدات، هەتا ئێستا من هەست دەکەم تەشریعێک لەم پەرلەمانەی ئێمەوە بۆ شەهیدان بزرە، تەنیا کابینەی یەکەم وکابینەی دووەم چەند هەنگاوێکیان ناوە، بەتایبەتی ئێستا کەگفتوگۆی لەسەر دەکەین، وەکو سەرۆکی وەزیران فەرمووی هەم زەوی کشتوکاڵی ئەدرێت بەخێزانی شەهیدان هەم عاردی خانوویان دەدرێتێ، بەڵام بۆ زەوی کشتوکاڵی نازانم ئەو زەویەی کە دەدرێت بەخێزانی شەهیدان لە کوێ یە؟ دووەمیان بۆ زەوی خانوو ئومێدەوارین ئەوە بەلێکۆڵینەوەیەک بکرێت، ئاماری شەهیدەکانی تیا دابێت، شوێنەکانیان، شوێنی دانیشتنیان دیسانەوە ئەویش گرفت دروست ئەکات، من دڵنیاشم ئەو لیستانەی کەلایەنەکان دەی کەن دیارە تائێستا چۆنە، چونکە دەستگایەکمان نەبو ئەو دەستگایەی کەدروستیش نەکرا بۆ مەسەلەی شەهیدان بەراستی خەتای ئەو پەرلەمانەی خۆمان بوو، من وەختی خۆی پێشنیارم کرد دەزگایەک دروست بکەین بۆ شەهیدان کەخستمانە دەنگەوە لەکۆی (٧٩) کەس ئەو رۆژە سێ دەنگی هێنا، جا تکا ئەکەم هەم تەشریعێک هەبێت بۆ ئەم بابەتە هەم جەنابی سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆک وەزیران لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلیان هەبێت بۆ ئەو تەشریعە وئەو حاڵەتی زەوی کشتوکاڵییەش تکایە جارێکی تر دووبارە نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی یاساییەوە گتفوگۆ لەسەر بابەتەکە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بەکورتی....

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی یاساوە ئەو کارەی وەزارەتی کشتوکاڵ کە کردوویەتی بەدابەش کردنی زەوی کەبەو شێوەیەی ئێستا دابەش کراوە سەد دەرسەد بەپێچەوانەی یاسایە، هیچ یاسایەک نییە ئەوە چار

بکات، ئەوەی ئێستا پێی دابەش کراوە، بابەتی شەهید دەبێ بایەخی پێ بدرێ، بەڵام دەبێت ئەو کەسە جوتیار بێت، واتا تەنیا خێزانێک نییە، خێزانێکی شەهید ئەتۆ زەوی پێ بدەی، کابرایەکی تر بچێ زەویەکەی بۆ بکات، ئەوە چییە دەستکەوتی بۆ دێنێت، دەبێ ئەو خێزانە جوتیار بێت، ئەوەی شێخ عەبدولکەریم فەرمووی پێویستە تەشریعێکی تایبەتی هەبێت، دیاری بکەی کێ وارثی شەهیدە بۆ ئەوەی معامەلەی لەگەڵدا بکەی لەسەر وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود لەسەر ئەو زەویانەی کە لەسەری تاپۆ دەکرێت، بەیانی کە ئەو عاردانە دابەش دەکرێت، دووەم ئەوە قانونێک هەبوو زەویمان پێ بەکرێ دەدا ئەو یاسایەمان لەپەرلەمان تەجمید کردووە کەیاسای ژمارە (٣٥) بوو، مانای وایە دەبێت بگەڕێتەوە سەر قانونی چاککردنی زەوی، بەڵام ئەو مەبدەئەی ئێستا بەکار هاتووە راستە عەرد دراوەتە (٢٥٠٠)خێزان ئەو لایەنەی واریداتەکەی ئەگەر بەرێکو پێکی هات ئەویش بە سەر خێزانی شەهیدان دابەش بکرێت، پێویست بوو هەر لایەنێک چەند کەسێکی لەو خێزانی شەهیدانە پاڵاوتبا بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ راستەوخۆ عەقدیان لەگەڵ بکرێت عەقدێکی رەسمی بۆ ئەوەی ئەو کەسە ببێتە جێگای باوەڕ لەوەزارەتی چاککردنی کشتوکاڵ، ئیتر ئەو بابەتی حزبایەتی لەمەسەلەکەدا دەردەچێ، لەبەر ئەوە ئومێد دەکەم هەرچی دیاری دەکەن لە زەوییەکانی چاککردنی کشتوکاڵ بەیاسا بیان دەنێ بەمەبدەئی تەعاقد ودابەشکردن و بۆ ئەوە هەوڵەدەدەین زۆر لەقانونەکان دەربچن، سوپاس.

**بەڕێز عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری کاکەرەش دەکەم، ئێمە دوو مەسەلەی لێک جیاوازمان تێکەڵاو کردووە، یەکیان مەسەلەی شەهیدانە کە ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە شەهید ئەوەی بۆیان بکرێت یا پێیان بدرێت پاداشتیان بدرێتێ، خانەنشینی یان بۆ ببڕێتەوە بەیەکسانی، هەموومان لەگەڵ ئەو مەسەلەیەداین ئەوەیش بەپێی یاسایەکی تایبەتی.

مەسەلەی دووەم مەسەلەی کشتوکاڵییە، دیارە مەسەلەی کشتوکاڵیش وەکو کاکەرەش باسی کرد مەسەلەی قانونییە، بەیاسا نەبێت چارەسەر ناکرێت، زەویش دەبێ بدرێتە ئەو کەسانەی کەبەراستی جوتیارن، مەرجی جوتیاریان تێدایە، مەسەلەکە لەسەر سەربازگەی هەولێرە، تا ئێستا بریارێکی روونمان نییە، سیاسەتێکی روونمان نییە کە چی لەو زەوییە دەکەین؟ کاتی خۆی بەتایبەتی ئەوە تەرخان کراوە بۆ فەیلەق بۆ وەزارەتی بەرگری، لەبەر ئەوە ئەو بۆشاییە هەیە، پار بەشێوەیەک دابەش کراوە، ئەمساڵ بەشێوەیەکی تر، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لیژنەیەک لەلایەنی تایبەتمەند دروست ببێت لەوەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی دارایی،

وەزارەتی شارەوانی ویەکیەتی جوتیارانی کوردستان کە ئەو حاڵەتانە،مەسەلەی ئەو زەویانە، بەتایبەتی سەربازگەی هەولێر دەرس بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بابەتەکە روونە، مەسەلەی ئەو زەویەیە کە بەسەر خێزانی شەهیداندا دابەش دەکرێ، بابەتەکە ئێستاکە گفتوگۆ کردنی زەوی سەربازی نییە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەنیم کە شتەکان تێکەڵاو بن، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئێمە لەژیانا فەرق و جیاواز یەکی زۆر ئەبینین ففتی ففتیش بەداخەوە لەگشت شوێنێک دەکرێ، بەڵام بەلانی کەمەوە ئەوانە ناکە مردون، ئەوانەی شەهیدن، با ئەوەیان بەسەردا پیادە نەکرێ، ئەمە کارێکی حساسە وباشیش نییە بکەوێتە دەمی خێزانە شەهیدەکانمان چونکە خزمەتمان ناکات، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو بابەتە بەئامادە بوونی ئەنجوومەنی وەزیران چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ دوو پرسیاری دیاری کراو بکەم مافی پێشمەرگە بەڕێزەوە لەسەر سەری هەموو مرۆڤێکی کوردە، بەڵام ئەو زەویانە کە بۆ سوکنا بن ئەمە ئاسانە ئەوەی کە کشتوکاڵی بێت، ببری ئەخەمەوە، بەنیسبەت کشتوکاڵەوە تائێستا یاسایکی چارەسەری زەوی لەکوردستاندا دانەنراوە، وەکو سەرپشکی یەک بدرێ بە پێشمەرگە هەقە یاسایک دەرچێت بۆ چارەسەری کێشەی زەویوزار لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچی بکرێ کەمە، بەڵام ئەبێ بەیاسا بکرێ، بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا کەسوکاری شەهیدان تووشی سەر ئێشە نەبن، دوو، من لەگەڵ کاک قادر و کاک عەبدولخالقم، شەهید هەر شەهیدە حەقە هەر شتێک دابەش دەکرێ ئایا پارەیە، موڵکە، ئەرزە، ئازووقەیە، شتە هیچ شەهیدێک لەبیر نەکرێ بەپێی ژمارەی شەهیدەکان بۆیان دابنرێ، بەڵام لەگەڵ یەک قسەی کاک قادر عەزیزدا نیم کە بەدەمی بریکاری وەزیری کشتوکاڵ وئاودێرییەوە قسەی کرد، هەر دووحزب ئاگایان لەو دابەش کردنە نییە وەکو حزب، ئەگەر بریکاری وەزارەت خۆی بەنوێنەری پارتی دەزانێ لەوەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری وەزیریش بەنوێنەری یەکیەتی دەزانێ، خۆیان کردبێتیان وادا دەنێین، کە

هەردوو حزب كردوويانه ئەمە راستە كەئەوان كردبێتيان، بەڵام هەردووحزب كۆبوونەوەيان نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەريم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بێگومان لەبارەی زەويوزاری كشتوكاڵيەوە ياسايەک هەيە، ياسا چارەی كێشەكە دەكات، بەڵام هەر كاتێ خێزانی شەهيد جوتياری هەبوو لەگەڵ خێزانێكی تر كە شەهيد نەبێ ئەوە پێش دەخەن يا پێشی ناخەن ئەوە ئەركێكە دەيكەن ولەشەهيد جياوازی نەكرێ ئەوە بەديهی،ە وابزانم كەس نەيووتووە جياوازی بكرێ لەبارەی ئەو هەموو كێشانەی هەنە، ئەگەر ياسايەكی بەتەنيا بەشەهيدانەوە هەبێ، پێناسەيەک هەبێ بڵێين شەهيد كێيە؟ ئەو گفتوگۆيانە نامێنێ، بۆ ئاگاداريتان لەكابينەی يەكەمی وەزارەتی ئێمەدا پێشنيازێک كرا پرۆژەيەک كرا (قانون تكريم شهداء الپشمەرگە)، لەليژنەی ياسا ئەو پرۆژەيە داڕێژرا وهەر لەو پرۆژەيە دەستگايەک دامەزرايە ناوی (مؤسسە شهداء كوردستان) بەعەرەبی بوو، بەڵام دوای تەواو كردنی پرۆژەكە ليژنەی ياسا چويتە لای بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ئايا تەبەعەی دارايی حكومەتی ئێمە بيكا يان نەء؟ پەيوەندی بە وەزيری دارايی و بەوەزارەتەوە كرد، ووتيان نابێ ئەو پرۆژەيە جێ بەجێ بكەين، ئەمە كابينەی يەک وخۆشحاڵم كە ئێستا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزيران وجێگرەكەی و وەزيری داراييش لێرەنە ئايا ئێستا حكومەتی ئێمە گەيشتووتە ئەو قۆناغەی كەبتوانێ ئەو پرۆژەيە پيادە بكەن كە(قانون تكريم شهداء الپشمەرگە)يە ودامەزراوێک دابنرێ بەناوی (مؤسسة شهداء الپشمەرگە) وقانونەكەی بەدەقی خۆی ئامادەيە وجێبەجێ بكرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەدواداچوونێكی گچكە هەيە، لەوەڵامی بەڕێز كاک سيد حەسەندا كاتی خۆی ئەو پرۆژەيە هاتە ئێرە لە ئەنجوومەنی وەزيرانەوە، ليژنەی ياسا لەگەڵ وەزيری پێشمەرگە تەواويان كرد، بەڵام ئەوە بوو پرۆژەكە لەلايەن ئەنجوومەنی وەزيرانەوە كێشرايەوە، ئێستاش نۆرەی ئەنجوومەنی وەزيرانە كەقسەی خۆيان بكەن با بفەرموون.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەيس/ جێگری سەرۆک وەزيران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

حەقی هەر حزبێكە كەبەشەهيدی خۆی بنازێ وخەباتی هەر حزبێک بەژمارەی شەهيدی ديارە، ئەوانە شتێک نييە كەپێويست بێ گفتوگۆی لەسەر بكەين، خێزانی شەهيدان بەرامبەر بەقانون يەكەن و جياوازيان نييە، كە ياسا دەرچوو، ئەو كاتە بەپێی ياسا جياوازی دەبێ لەنێوان شەهيدی

هەر حزبێ، ئەوی تر ناکرێ ئەو کاتە شەهیدانی هەموو حزبەکان، شەهیدانی کوردستان بەمافی خۆیان دەگەن، خێزانی شەهیدان شایستەن کە ئەو شتانەیان بەرکەوێ، بابەتەکە پرسیارەکە لەسەر سەربازگەی هەولێر بوو، لەپرسیارەکان وقسەکاندا باسی چەند شوێنێکی تر کرا لەهەمان کاتدا چەند پێشنیارێکیش پێشکەش کران، هەندێ لە پرسیارەکان بەجێن، ئەبێ دەرس بکرێن وجێبەجێ کردنیان کاتی دەوێ، چارەسەری بۆ مەسەلەی ئەو ئەرزەی کە ماوەتەوە، ئەوە قانونێکی گشتی بۆ دابین بکەین، بەپێی ئەویاسایە بتوانین رەفتار بکەین، تا ئێستا ئەوەمان بەدەستەوە نییە وەکو هەرێمی کوردستان، بەنیسبەت شەهیدان وپێشمەرگە وکارمەندو خانەنشینان ئێمە پێشنیارمان خستۆتە پەرلەمان کە زەویان بەسەردا دابەش بکەین، پەرلەمان بریاری ئەوەی دا ئەمە بابەتێکی جیایە، بابەتی زەوی ئەو سەربازگەیە یا ئیتر، بۆ زانیاریتان تائێستا ئەو زەویانە بەپێی بریار سەر بە وەزارەتی داراییە، وبەزەوی وزاریشی اعتبار ناکرێ، ئەو زەویەی کە هەیە و پار سەردەمی کابینەی یەکەم دابەش کرا، نایشارمەوە بەشێوەیەکی نادادوەرانە دابەش کرا، عەردەکە بەکار نەهات، رەئی ئێمە وابوو ئەمساڵ باشتر دابەش بکرێ وقازانجی لێ بکرێ وباشترین شت بەبۆچوونی ئێمە ئەوەبوو رێنماییەک بدەین بە وەزارەتی کشتوکاڵ کەدابەشی بکات بەسەر ئەو خێزانە شەهیدانەی کە جووتیارن، کەکشتوکاڵ دەکەن، بۆ ئەوەی دەسکەوتێکی زیادە بێ بۆیان وبەتایبەتی رەچاوی ئەوانەش بکەن کە پەنەبەرن یا خەڵکی دوورپشتن، بۆ مەسەلەی سەربازگە کە اجرائەکە وەزارەتی کشتوکاڵ چۆن جێ بەجێی کردووە بە رای من چاکترین شێوە ئەوەیە وەزارەتی کشتوکاڵ خۆی بێتە ئێرە وەڵامی بداتەوە چۆن ئەو زەویە دابەش کراوەو لەسەر چ بنەمایەک بووە؟ بێگومان مەبدەئەکە ئەوەی من دەتوانم بڵێم دابەش کردنییەتی بەسەر خێزانی شەهیدان هەرچەند کەم وکورتیشی تیا ببێ، سوپاس.

**بەرێز عەبدوڵڵا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی لەجەنابتان شاراوە نییە کێشەی زەویوزار کێشەیەکی زۆر قووڵە هەر لەو رۆژەوەی کە رژێمی بەعس دەست بەکار بووە حوکمی بەدەست بووە لەکوردستان سیاسەتێکی تایبەتمەندی گرتووەتە بەر، لەبۆ ئەوەی لەنێوان میللەتی ئێمەدا دوو بەرەکی بنێتەوە، چەندین یاسای داناوە بۆ لەمەسەلەی زەوی وزار، وئێستاکە ئێمە خۆمان حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ چەندین پسپۆر وشارەزامان تەرخان کردووە، ئاگادارمان کردوونە کە پرۆژەیەک ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە کێشەی زەویوزار لەکوردستان چارەسەر بکات، ئەو پرۆژەیە ئێستاکە لەسەر تەواو

بوونە، بەڵام بەراستی بارودۆخی ئێستای کوردستان پێمان وایە زۆر لەبار نییە کە ئێستا ئەو پرۆژەیە بێنین لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدەین، گرفتیان بۆ پەیدا دەکات، ئەو زەویوزارەی کە بەسەر کەسوکاری شەهیداندا دابەش کراوە، هەروەک کاک قادر باسی کرد خۆشی دیارە داویان کردووە کەلیستێ بنێرن وبیدەنە هەموو کەسوکاری شەهیدان، زەویەکەش خۆی ئەوەندە نییە کەهەموو شەهیدانی کوردستان بەریان بکەوێت هەتا برادەران زۆریان باسیان کرد کەگوایا دابەش کراوە، بەسەر شەهیدەکانی ئەو دوولایەنە ئەو دوو هێزە سەرەکییەدا، من پرسیار دەکەم شەهیدەکانی ئەو دوولایەنە هەر (٥) هەزار شەهیدن؟ یانی ئەوانیش لەوانەیە لە (١٥٪) یا لە (٢٠٪) یان بە بەریان کەوتبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو یەکسانی نەبوو بێ ئەوە ئێمە لەگەڵ یەکسانێن وشەهید هەر شەهیدە هیچ دەقێک یان ڕێنماییەک نییە نە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، نە لەوەزارەتی کشتوکاڵەوە نە لەلایەن هیچ کەس ولایەنێکەوە ئەوە بکرێ بڵێین شەهیدەکان تەنیا شەهیدانی ئەو دووحزبەن، شەهیدی کوردستان شەهیدی هەموو میللەتەکەمانە، هەموو کەسێکیش دەگرێتەوە و، کاتێ وەزیری کشتوکاڵ گەڕایەوە، خۆیی وجێگرەکەی بێن زیاتر ڕوونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم وەڵام و ڕوونکردنەوانە، وابزانم ئەو بابەتە کۆتایی پێ هات، هیوادارم کاک قادر وئەو برایانەی کە گرنگیان بەم خاڵە دابوو ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەدڵیان بێ وجێگای ڕەزامەندی هەموو لایەکتان بێ، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر برای بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکەی پێیان باش بێ، ئێمە قسەمان زۆر لەسەر کارەبای دهۆک کرد، ئینجاپێم باش بوو هەردووکیشیان لێرەبان بۆ ئەوەی بزانین چ کراوەو، چی دەکرێ، چ هەوڵێک دراوە بۆ کارەبای دهۆک؟ ئەمەش داوایەکی بەپەلەیە ئەگەر ئەوان پێیان باش بێ حەز دەکەم قسەی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ئێستا جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی کارەبا حەزی دەکرد چەند ڕوونکردنەوەیەک بکا، ئەگەر کاک عەبدوڵڵا ئامادەیە با بفەرمێ.

**بەڕێز عەبدوڵلا رەسول عەلی/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی کارەبای دهۆک، دهۆکیش گرنگی خۆی هەیە، بەراستی لەرووی جوگرافی وسیاسی یەوە کە دەروازەی هاتوچۆی کوردستانە خەڵکی بێگانە دێنە کوردستان وسەردانی دەکەن، ئێمە وەکو سەرکردایەتی ئەنجومەنی وەزیران زۆر هەوڵمان داوە تاکو ئێستا کە زیاتر لە (٤) یادداشتمان داوە جگە لەوەی کە زیاتر لە (١٠) جار بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵ نوێنەری خۆمان کردووە، نوێنەری حکومەتی کوردستان لەواشنتۆن کەپەیوەندی بەلایەنە بەرزەکانەوە بکات، هەروەها پەیوەندی بەئەنجوومەنی ئاسایش ونەتەوەیەک گرتووەکانەوە بکات کە لەمەو دوا کارەبای دهۆک بدرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەفدمان ناردوە بۆ تورکیا قسە لەگەڵ حکومەتی تورکیا دا بکات تا وەکو کارەباکەمان بدەنێ کە گفتیان دابوو چوونەوە، هاتنەوە، خەبەری خۆشیان هێنا کە گوایا کارەبای دهۆک لەو رۆژانە دەبەسترێ ولەلایێکی تریشەوە لەوانەیە موخالەفە بووبێ، هەندێ خەڵک ویستیان مناوەرە بکەن، شت بکەن، لەبۆ گەرانەوەی کارمەندان وگەرانەوەی کارەبای دهۆک، ئەوەشمان قبوڵ کرد، کە کارەبای دهۆک بگەرێتەوە، بەلام ئەوانە تاکو ئێستا هیچ بەرهەمێکیان نەبووە، هەروەها دەربارەی نەتەوەیەک گرتووەکان گفتیان دابوو کەچەند داینەمۆی گەورە بێنن بۆ دهۆک کەئیش پێ بکەن ئەو هەولانەی کە داومانە هەموویان لەئاستی دەرەوە بوون کە بکرێن وراستەوخۆ کارەباکە بگەرێتەوە، ئێمە خۆمان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ بەرێز وەزیری پیشەسازی باسی کرد گوایا ئێمە (٤)ملیۆن دینارمان تەرخان کردووە، نەخێر (٥) ملیۆنمان تەرخان کردووە، ئەوەش کتابەکانە کە (٥) ملیۆن تەرخان کراوە بۆکارەبای دهۆک، جگە لەوەش بەوەزارەتی پیشەسازیمان گوتووە هەرچی لەدەستتان دێ بیکەن، ئەوانیش توانا وداهاتی خۆیان هەیە وبودجەی تایبەتی خۆیان هەیە و پارەی تایبەتی خۆیان لەبەر دەست دایە، لەسەر پارە پەکمان نەخستوونە وهیچ نەمانویستووە بڵێین لەبێ پارەیی نامانەوێ کارەبای دهۆک چاک بکەین، گرفتی ئاوی دهۆک بەهۆی ئەومووەلیدانەوە چارەسەر کراوە، بەلام بڵێ گرفتی کارەباکە بەگشتی چارەسەر نەکراوە، وئەمەش پێمان خۆشە ئەگەر پسپۆر وشارەزایەک هەبێ، یان برایان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر ئەوان رێگایەکی باشتر بدۆزنەوە یا دەزانن ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند توانای تێ بچێ کە هەمانە لەگەنجینەی حکومەتی کوردستان بۆ دابین کردنی کارەبای دهۆک لاریمان نییە، پێمان وایە ئەو کارەبایەی کەرژێمی عێراق بریویەتی ئەوە تەحەددایە بۆ هاوپەیمانان و (m.c.c)، بۆنموونە بۆچی لەئاکرێ ولەشێخانی نەبریوە تەنیا لەدهۆک وزاخۆی بریوە؟ ئەو قسەشمان بەوانیش گوتووە هەرچی نوێنەری نەتەوەیەگرتوەکان و

ڕێکخراوەکانیش هاتوون خۆمان ڕاستەوخۆ وەکو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، من وکاک ڕۆژ قسەمان لەگەڵدا کردوون، وهەمان وەزیری پەیوەندییەکانیش کە لە زۆر کۆبوونەوەکان وتمان تەرکیز لەسەر کارەبای دهۆک بکات، هەروەها وەزیری پیشەسازیش کە دوێنێ لەبۆ جەنابتانی ڕاڤە کرد ئێستاکە ئێمە پێمان خۆشە ئەگەر لەپەرلەمان یا برایان ئەندامانی پەرلەمان چ ڕێگایەکی تر بەباش دەزانن دەستنیشانی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس. وابزانم ڕوون کردنەوەکەی دوێنێ و گفتوگۆکان وئەو ڕوونکردنەوانەی ئێستای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم کێشەیە ڕوونە وئەو برادەرانەی گروپی ناوچەکانی دهۆک ئەو بابەتەیان وروژاند، ئەگەر هەر پێشنیارێک یان شتێکیان هەیە پاشان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا باسی بکەن، بۆیە لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆ دێنین، سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، هەروەها وەزیری دارایی وئابووری وهیوادارین سەرکەوتووبن.

| | | |
|---|---|---|
| **فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**<br>**سکرتێری ئەنجوومەن** | **نەزاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**<br>**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن** | **جوهر نامق سالم**<br>**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٦)

دووشەممە رێكەوتی ٢٠/١٢/١٩٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خۆای بەخشندەو میهرەباندانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامەی ئەمڕۆمان پرۆژەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەویش پەیوەندی بە یاسای ژمارە «٢» هەیە، ئەم هەموارکردنە چەند پرۆژەیەکی خستۆتە سەر ئەم مادەیە بۆ ممارسەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لەو یاسایەدا هاتووە بۆ ئەو دەستەیە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە بەرز کراوەتەوە بۆمان، ئێستاش سکرتێری پەرلەمان بۆمانی ئەخوێنێتەوە، پاشان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دەست پێ دەکات فەرموو کاک فەرسەت...

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

# یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢دەستەیەک دادەمەزرێ، پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)و، ئەم دەستەلات و ئەرکانەی کە لەیاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێبەجێ دەکات تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی کوردی تەواو دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

دەستەی ناوبراو لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایە، لەو دوو پاڵێوراوانە پێک دێت کە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لەو هەڵبژاردنەی کە بەپێی یاسای ژمارە«٢»ی ساڵی ١٩٩٢ لەرۆژی ١٩/٥/١٩٩٢دا کراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەریەک لەو دوو حزبەی کە دوو پاڵێوراوەکە تێی دان.

**ماددەی سێیەم:**

بڕیارەکانی دەستە بەتێکڕای دەنگ وەردەگیرێن و بەئیمزای ئەو دوو پاڵێوراوە دەردەچن، کە لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و، لەکاتێک دا کە یەکێک لەو دوو پاڵێوراوانە لە دەرەوەی هەرێم بوون، ئیمزای ئەو ئەندامانەی ئامادە دەبن بەسەو، ئامادە نەبوونی کارناکاتە سەر نیصابی کۆبوونەوەی دەستەکە.

**ماددەی چوارەم:**

لەکاتێک دا کە هەردوو پاڵێوراو بەیەکەوە لە دەرەوەی هەرێم بوون، بڕیارەکان بەرێککەوتنی ئەو ئەندامانەی کە دەمێننەوە وەردەگیرێن و بەئیمزای سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەردەچن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری ئەمانە دەدا:

١ـ ناونانی ئەو پاڵێوراوانەی کە لەماددە «٢»ی ئەم یاسایە ئەنجام دەدا ئەمەش لەبەر رۆشنانی ئەنجامی هاڵبژاردنی رۆژی ١٩/٥/١٩٩٢ دەبێ.

٢ـ ناوی ئەو ئەندامانەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی بۆ ئەندامێتی دەستەکە، دەستنیشان دەکات کە لەلایەن هەردوو حزبەوە پاڵێوراون.

٣ـ روو لەئەندامانی دەستە دەنێت تاکو بەپێی ئەم یاسایەو یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی هەریەکەیان ئەو کارو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە پێیان سپێردراوە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەندامانی دەستە بەر لەدەست بەکار بوونیان و بەکارهێنانی ئەو دەستەلاتانەی کە پێیان سپێردراوە، سوێندیی یاسایی بەپێی ماددە «٩»ی یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەخۆن.

**ماددەی حەوتەم:**

هەموو بڕیار و کارێک کە بەپێی دەستەلاتەکانی کە لەیاسای ژمارەی «٢»ی ساڵی ١٩٩٢دا هاتبێ تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە شەرعین وجێبەجێ دەکرێن.

**ساددەی هەشتەم:**

هەر دەقێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاسایە نەگونجێ کاری پێ ناکرێ

**ماددەی نوویەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاو بوونەوەی لەرۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە، ئەنجامی وتوێژێکی دوورو درێژەو چەند دانیشتنێک لە سەر ئەم بابەتە کرا. جا پرۆژەکە خوێندرایەوە، ئەگەر تێبینی لەسەر هەیە؟ با ناوتان بنووسین. هیوادارین ئاگاتان لەکاتیش بێ... ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەنها (١٠) کەسن، فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ببورە، رەنگە قسەکەی منت گوێ لێ بووبێ، حەز ناکەم من لە هیچ جێگایەک مافی کەس بخۆم وەتا لە عیادەی دکتۆرەکانیش بم وەکو نەخۆشێک، جا حەزم نەکردووە حەقی کەس بخۆم. بم بوورن ئەگەر ماوەم بدەن بەناوی لیژنەی یاسا قسە بکەم. ئەوەی بەرچاوە، میللەتی کورد هەمووی نەک حزبەکان، هەموو کەسێک لەگەڵ یەک بوونە وهەموو کەسیش ئەو دروشمەی هەیە ئیشکردنیش سەلماندوویەتی ئێمە لەگەڵ یەک بووین وپیرۆزبایی هەردوولا دەکەین لەسەر ئەو ڕێک کەوتنە استراتیجیەی کە کراوە. ئومێدەوارین کە زۆر باش بێت، بەلاّم چەند تێبینیەکمان هەیە، یەک، ئەو دوو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کە لە هەردوولاوە پالێوراوون ودەنێردرێن. بەحەقیقەت من وادەزانم لەگەڵ هەیبەتی پەرلەمان، ناگونجێت، چونکە ئەوە لەدەرەوەی دامەزراوە رەسمییەکانە لەهەڵبژاردنێکی «ئەشریعی»ی میللەتەکەمانەوە هاتووە، ئەوە خاڵێک، خاڵی دووەم ئێمە زۆربەی حزبەکان جەخت لە سەر فرەحزبی دەکەین، من تەماشا دەکەم لێرە فرەحزبی هەرنییە، حەز دەکەم ئەوە بەرچاو بخەم، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ماوەمان تەواو پێ نەدرا، ماوەکە زۆر کەم بوو تا دەرسی ئەم بابەتە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من هەندێ تێبینیم هەنە لە سەر پرۆژەی ئەو یاسایە: جارێ لە پێشا زۆر ریزم هەیە بۆ کاک مەسعود ومام جەلال، هەروەها بۆ مەکتەبە سیاسیەکان. مەسەلەکە بەنیسبەت منەوە دوو لایەنی تیایە، لایەنی یاسایی وهەروەها لایەنی سیاسی، من ئەوە بەدەرچوون دەبینم لە یاسا، لە دەستوریش لەیاسای ژمارە یەک ودوو ئەو دەقانە نەهاتوون، ئەوە دەستەیەکی تازەیە بەنیسبەت ئێمەوە، بەرای من پاشەکشەیەکە بۆ دیموکراتیەت لە کوردستاندا. لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا، من لەگەڵ ئەو یاسایەنە نیم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران قسەیان بۆ من نەهێشتەوە، تەنیا دانانی ئەو هەشت کەسە بە هەردوو سەرۆکەوە کە هەڵبژاردرابوون لەهەڵبژاردندا بۆ سەرۆکایەتی ئێمە قەیدی نییە، ئەوە هەموو پاساوی یاسایی هەیە، بەڵام تێکەڵ کردنی دەسەڵاتی یاسادانان وراپەراندن بەیەکەوە، لەمەیان نازانم ئیتر پێچەوانەی لەگەڵ یاسادا زۆرە وهاتنی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەر هەمان شت پێچەوانەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی ئەمویست قسە بکەم، بەڵام ئێستا وەکو تەعلیقێک ئەڵێم من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا لەگەڵ رەئی (کاک عەدنان)م پرۆژەکە شێوەی یاسایی خۆی وەرنەگرت، نەهاتە لیژنەی یاسا بۆ پەرلەمان، تا لیژنەی یاسا پێی دا بچێتەوە ودای بڕێژێت، من کۆکم لەگەڵ برای بەڕێزم کاک عەدنان، بەڵام بەراستی ئەگەر بێن سەیری پرۆژەکە بکەین، بۆی هەیە یەک دوو تێبینیم لەسەر هەبێ، بەبۆچوونی من رەنگە تێکەڵاویەک لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندن دا کرابێ، ئەو وەختەش دەبێتە تێکەڵکردنی دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندن، بەڵام ئەوەی کاک عبدالخالق ئەڵێ لێم ببورن لەگەڵ بۆ چوونی ئەو دانیم، ئەمە هیچ پێشێلی یەکی دیموکراسی ویاسای تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من یاسایی صرفە، مرۆڤ کە دەیەوێ شتێک بەشێوەیەکی یاسایی دابڕێژێ پێویستە مبدئێک لە پرنسیبی یاسایی لە بەر چاو بێ، بەشداری کردنی چەند ئەندامێک لە مەکتەب سیاسییەک، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ حکومی سەردەمی بەرەی نیشتمانیی و ئەم یاسایە بە هەموو شتێک دەچێ تەنیا بە یاسا ناچێت، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش بەناوی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاساوە قسەی کرد، منیش پرسیار دەکەم رۆڵی بەرە لەو حاڵەدا چییە؟ بەنیسبەت منەوە ئەم یاسایەمان بەسەردا دابەش نەکراوە، ئەم خاڵە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی زۆربەی ئەو قسانەی کە دەمویست بیکەم کران، بەڵام من لێرەدا هەندێ بابەت هەیە بەبیری بەڕێزتان دێنمەوە، ئێمە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەریدا پرۆژەی وەزارەتی داد هات باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر هات و وەزیری داد دادوەر بوو دەتوانێ ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزا، بەڵام بە تێکڕا ئەو مەسەلەیە رەفز کرا، چونکە لە بەر ئەوە تێکەڵاویەک هەبوو لە نێوان سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندن ودەسەڵاتی دادوەریدا. باشە ئێمە لێرەدا دێینەوە لەو پرۆژەیەدا بەدەستی خۆمان تێکەڵاویەک دروست دەکەین لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندندا، ئەوە ئاشکرایە دەستەی سەرۆکایەتی یاخود سەرۆکایەتی هەرێم، یاخود سەرکردایەتی هەر وڵاتێک اعتبار دەکرێ بە بەرزترین دەسەڵاتی راپەڕاندن لەو وڵاتەدا، یاخود لەو هەرێمەدا، من پێم وایە ئەو دەستەیەی سەرۆکایەتی پێکهاتەکەی هەر چۆن بێ، بەڵام نابێ سەرۆک پەرلەمان بچێتە ناو ستافی ئەو دەستەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم جارە من لە دەروونەوە بەرامبەر کێشەیەک ئەوەستم لە نێوان شێوازی سیاسی وشێوازی وشەی پاکی کوردیدا، ووشە پاکەکە هەمیشە بەریگەی یەکگرتن ویەکێتی دا رۆیشت، لە بەر ئەوە ناتوانم تەنیا لەوەدا لەگەڵ برام عبدالخالق زەنگەنەدا جیا بین لەگەڵ «نەئە» کەدا، ناتوانم لەگەڵ «نەء» دابم بۆ هەر هەنگاوێک کە بەرێگەی یەکێتی دا بڕوا. ساڵی ١٩٨٨ بەیاننامەی دروست بوونی بەرەی کوردستانی دەرچوو، تێکۆشەرێکی کۆن لە بەغدا پرسی، جا بەراستیانە؟ ووتم بەراستیش نەبێ یەک بن باشترە لەوەی بەراستی یەکتری بکوژن، تا دوێنی بەراستی یەکتریان ئەکوشت، ئەمڕۆ بە هەر شتێک بێ یەکن، لە بەر ئەوە هەر هەنگاوێک کە بەرێگەی یەکگرتندا بێ زۆر چاکترە لە هەنگاوێک کە بەرێگەی دوو بەرەکیدا بێ، بەڵام ئەنجامەکە من وائەزانم ئەگەر هەردوو رابەرەکەی بی یا هەر کەسی تریان خُرا بێتە سەر وەکو یەکە، چونکە دەنگەکان بەرامبەریەکن، من هیوام ئەوە بوو کە هیچ نەبێ کەسێک، یاسێ کەسی کەی بێ لایەن یا لە حزبە سیاسیەکانی تری نیشتمان پەروەرەکانمان یا لە کەسایەتی گەورەی کوردمان لە دەرەوەی ئەو دوو حزبە، تیا بوونایە وابزانم کارەکە چاکتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز کەمال جەلال غەریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکەی من زۆر ئاسانە، پەیوەندی بە لانی زمانەوانییەوە هەیە، لە بەر ئەوەی ئەوە یاسایێکی زۆرگرنگە، تکا دەکەم لە لانی ڕێزمانەوە چاوێکی پیابخشێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سیروان محەمەد نەورۆلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەش بە حەلی خۆم پشتگیری ئەو کۆمیتەیە دەکەم، بەلاّم بە مەرجێک ئەوانەی مەکتەبی سیاسی نەیەنە ناوەوە وداوا کارم ئەوەیە ئەو دلخوشیە کەوا بە نەتەوەکەمان دراوە. ئیتر جارێکی تر نەتەوەکەمان وەکو گیسکی هەیاسی خاسی لێ نەکرێ، تا سەرێ وپێشنیاریش دەکەم بۆی هەیە تا سەر نەبێ، بۆ ئەو مەسەلەیە خۆمان ئامادەکەین کە خوانەخواستە ئەگەر ئەم کیشەیە تێک چوو وهەر یەکە بەرەو لایەنەکەی خۆی، تەواو وەکو جاران کە رووی داوە ئامارێکی رێک وپێک بکرێ، خۆ ئامادە بکرێ بۆ هەڵبژاردنێکی رێک وپێک، ئەوەی کە زۆربەی دەنگی هێنا حکومەت دروست بکات، بە مەرجێک ئەوەی کە مایەوە پەیمان بدا بە نەتەوەکەمان کە هیچ سەری لێ تێک نەداو گیروگرفتی بۆ دروست نەکات، بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵنیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەبێ کەمێک واقعی بین لیستی سەوزو لیستی زەرد هەریەکی (١٠٠) نوێنەری هەبوو بۆ ئەم پەرلەمانە لە ناو ئەو (١٠٠) ئەندامانەی هەردوو لیستەوە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب ئێمەی هەلبژاردووە ئێمەی ناردووە بۆ ئێرە ئەوە یەک، دوو، تەنیا پالێوراوانی ئەو دوو حزبە مابوون بۆ پرکردنەوەی شوێنی ئەم دەستەیەی کە ئێستا پێک دێ، ئەوان خۆیان بەبەرژەوەندی دەزانن داوا بکەن بە تەنیا پری بکەنەوە یان چەند هەڤالێکی تر چەند برادەرێکی تر لەگەڵیان دا کار بکەن. ئەگەر گرفتەکە ناو هێنانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەر دوو لایە من وبرام کاک کەمال ئامادەین هەر ئێستا ناوی هەر دوو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆمان بدەین. سێ یەم کاک عەبدولخالق دەڵێ: دەستووری نییە، جارێ ئەوە حەق نییە بووتری، چونکە ئێمە جارێ دەستورمان نییە، ئەوە یاساییە، دەیکەینە قانون، کە کردمانە یاسا دەقی خۆی دەگرێ هەندێ برادەر دەڵێن تێکەڵکردنی دەسەلاتەکانە، من ئەوە بە تێکەلاوکردنی دەسەلاتەکانیش نازانم،

سەرۆکی پەرلەمان کە لە ناو دەستەکەدایە وەکو ئەندامێکی دەستەکە ئیش دەکات، دەسەلات ئێمەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەدەرچوو بوو لە ٥٠ ٪ زۆرتریان نەهێنابوو، لە بەر ئەوە بۆ شاییەک هەبوو ئەبوایە ئەو بۆشاییە پر بکرابایەوە. زۆر ڕێگا هەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ولە سەر ئەوە زۆر لێکۆڵینەوەو باس وگفتوگۆ کراوە لە نێوان هەر دوو مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەو لێکۆڵینەوەو وتووێژەو ئەبێ لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کرابێ وکۆتایی هاتبێ، بەڵکو ئەتوانم بڵێم هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی پەرلەمانەوە ئەو وتووێژە بەردەوامە، واتە سالۆنیوێکی زیاتر پێ چووە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەی رابووردوو دا وەکو لێرە کە سەرۆکی فراکسیۆنی کەسکم، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانم ولە وکۆبوونەوانە ئامادە بووم کە باسی ئەم یاسایەکرا، ئێمە پاش ئەوەی هەموو لایەنەکانمان بەرەو ئەو ئەنجامەی ئێستا چووین ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەو بیرو باوەڕەدا بوین کە ئەم یاسایەی ئێستا دای دەنێین وباسی دەکەین، مانای ئەوە نییە کە کەم وکوری تێدا نییە، مانای وا نییە کە هیچ خەوشی نییە، مانای ئەوە نییە کەوا هەمیشەی یە، ئەمە چارەسەرێکە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

براینە ئەگەر تەماشا بکەین لە پاش هەڵبژاردنی رابەر، کە هیچ یەکێ لەو بەرێزانە دەنگی پێویستیان وەرنەگرت بۆ ئەوەی ببن بەرابەر لە بەر بارودۆخی کوردستان ئەم هەڵبژاردنە دواخرا وەکو برامان د. کەمال وتی بۆشاییەکی دەسەلات دروست بوو لە ناو هەرێمدا کێ بە کاری یاسایی ژمارە (٢) هەلبستێ؟ بە داخەوە ئەو گفتوگۆیانەی کران وئەکران ناکۆکیەکی خستبووە ناوەوە کە هەموو ناکۆیەک بەراستی لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە بەپێچەوانەوە کە هەموو تەباییەک لە بەرژەندی میللەتەکەمانە، ئنجا لەو ڕووەوە بەو ئەنجامە گەیشتین لەلایەن هەردوو هێزی سەرەکی یەوە، وابزانم شتێکی زۆر پیرۆز وروحی تەبایی پتەو ئەکات لەنێوان هێزەکانی میللەتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەو برادەرانەی کە ناوی خۆیان نووسی بوو هەموو قسەی خۆیان کرد، ئێستاش

مۆڵەت بدەن من تێبینییەکم هەیە. لەراستیدا ئەوە زۆر قسەی لەسەر کراوە بەتایبەتی لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، هەر لە سەرەتای ئەم ئەزموونەشەوەو پێشنیارێ هەبوو لە هەر دوو مەکتەبی سیاسییەوە کە هەردوو ئەو بەڕێزانە کە زۆربەی دەنگیان هێناوە، ئەوان بەو ئەرکە هەڵسن، زۆری لەسەر رۆیشتین، هەر دوو لایەن زۆر هەوڵماندا، بەڵام ئەو شێوەیە پەسند نەبوو، دوایی را هەبوو کە بکرێ بە چوار کەس، هەتا بۆ ئەوەش رەشنووسی پرۆژێەک ئامادە بوو لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، پاش گفتوگۆکردنی ئەو بابەتەو بەتایبەتی لە ماوەی ئەو دوو سێ مانگەی دواییدا قەناعەت بەم پرۆژەیە هات کە ئێستا ئێوە دەی بینن وئەمەش لەراستیدا ئەگەر مرۆڤ تۆزێ بەمەوزوعیەوە تەماشای بکات تێکەڵاوکردنی رای هەردوو گروپی نێو پەرلەمانە لە نێوان دوو پرۆژەی ئامادەکراودا، کە من بەش بە حالی خۆم زۆر لە سەر ئەم بابەتە قسەم کردووە، وابزانم هەر دوو مەکتەبی سیاسی وبرادەرانیش ئاگاداری ئەو بابەتەن، مەزەندە دەکەم هەرچی بێ، یەک بابەتی گرنگ هەیە، ئەویش ئەم سەرکردایەتیە هاوبەشەیە، ئەم دەستەیە بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە «٢»ەوەو لە پرۆژەکەدا ئەمە روونە، یاسای ژمارە «٢»یش خاڵەکانی روونن وئەو دەسەڵاتەشی کە تیایەتی روونە ودیارە رەوشی میللەتی ئێمە لەم قۆناغەدا وا دەخوازی کە ئەم دەستەی سەرۆکایەتییە هەبێت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادە بە مادە گفتوگۆی لە سەر دەکەین ودەنگی لە سەر ئەدەین، ونەک بڵێین بە خێرایی، بەڵام هەرچی گفتوگۆ هەبوو کرا، لە بەر ئەوە تەنها دەنگی لەسەر ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة/١ استثناء من احكام القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ تشكل هيئة تسمى هيئة (رئاسة اقليم كوردستان العراق) تمارس الصلاحيات والمهام الواردة في القانون المذكور اعلاه لحين استكمال المرحلة الثانية من انتخاب قائد الحركة التحررية الكردية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة/٢ تتكون الهيئة الواردة ذكرها في المادة الاولى من هذا القانون من المرشحين اللذين

حازا على اكثرية اصوات المقترعين في الانتخابات التي اجريت وفق القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ بتاريخ ١٩٩٢/٥/١٩ ورئيسي المجلس الوطني لكردستان العراق ومجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وعضوين من المكتب السياسي لكل من الحزبين المنتمي اليهما المرشحين.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیە وەکو خۆی بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الثالثة: تتخذ القرارات بالاجماع وتصدر بتوقيع المرشحين الوارد ذكرهما في المادة الثانية من هذا القانون وفي حالة غياب احدهما خارج الاقليم يكتفى بتوقيع الحاضر منهما، ولا اثر لغيابه على نصاب اجتماع الهيئة.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الرابعة: في حالة غياب المرشحين معا خارج الاقليم تتخذ القرارات باتفاق اعضاء الهيئة المتبقين و بتوقيع رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق ومجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الخامسة: (يتولي المجلس الوطني لكوردستان العراق بقرار

١- تسمية المرشحين الوارد ذكرهما في المادة الثانية من هذا القانون على ضوء نتائج انتخابات يوم ١٩٩٢/٥/١٩.

٢- تسمية اعضاء المكتبين السياسيين المرشحين لعضوية الهيئة بعد ترشيحهم من قبل قيادة الحزبين المنتميين لهما.

٣- تكليف اعضاء الهيئة بمهامهم بموجب هذا القانون والقانون رقم/٢ لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة السادسة: يؤدي اعضاء الهيئة اليمين القانونية بموجب المادة/٩ من القانون رقم/ ٢ لسنة

١٩٩٢ امام المجلس الوطني لكوردستان العراق قبل ممارستهم المهام والصلاحيات المناطة بهم.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٧ تعتبر جميع القرارات والاجراءات الصادرة بموجب الصلاحيات الواردة في هذا القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ حتى صدور هذا القانون شرعية ونافذة.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٧، کێ لەگەڵە..؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٨ لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٨ ،کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٩ ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٩، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

بەمە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەموو یاسایەکە وەکو خوێندرایەوە پەسەند بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، بەمە «قانونی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان» لەلایەن پەرلەمانەوە ئەمڕۆ ڕەزامەندی لەسەرکرا هیواداربن ببێ بەسەرەتایەک بۆ پتەو کردنی گیانی تەبایی وهاوکاری لە نێوان ئەو دوو هێزە سەرەکیەی کە ئێستا حالی حازر حوکمڕانی کوردستان دەکەن وزۆربەی پەرلەمانی لێ پێک هاتووە، هیواداربن کە ئەم شتانە تەنها نووسین نەبێ، هەنگاوی بەکردەوەی بۆ بنرێ، چونکە بەراستی گەلەکەمان چاوەڕوانی تەبایی وئەو هاوکاریەیە زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ ئەوەی لە مەولا لەگەڵ بوونەکەو، دژبوونەکەی کاک عبدالخالق بەهێزتر بێ پێشنیاز دەکەم جاری داهاتوو لە سەر کورسییەکە رابوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆشمان دێنین، سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەرەنسۆ ئەگەر چی تر نییە، بۆ ئەم بابەتە کە کاک فرەنسۆ گوتی، کاتی خۆی پێشنیارێکمان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هاتبوو باسی (٩٠) هەزار خانەنشین ئەکرا کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی بڕیارێکیان لەبارەوە بدات، ئێمەش پێشنیازەکەمان ناردەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پڕۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکەن لەسەر ئەم بابەتە، بەتایبەتیش مەبەستمان بوو بزانین کە تواناى دارایی هەرێم چەندە و چەند پارەی تێدەچێ؟، ئەوان خەریکن ئێستا لێی دەکۆڵنەوە، قەولە ئەو لێکۆڵینەوەیەش تەواو بوو وەکو پڕۆژەیەک بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی، کە گەڕایەوە ئەو کاتە ڕێگای ئاسایی خۆی وەرئەگرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ئەوە دەزانم. بۆیە داوام کرد لە ڕووی ئەوان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری بێ، چونکە واخەریکە پەرلەمان بەرەو پشووداني خۆی دەڕوات، ئێمە حەز دەکەین نەختەک پەلەی تیدا بکرێت بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت پێش ئەوەی پشووی پەرلەماندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەختی لەسەر دەکەین لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و. ئێستایش دێینەوە سەر خاڵی یەکەم با پرسیارەکان لەوەزیری پەروەردە بکەین، کە یەک دوو پرسیارمان بۆی هەیە، پرسیارێک لەلایەن کاک رجب شعبانەوەیە کە، لێرەیە، کاک ڕەجب با بفەرموێت. گەلاوێژخان وابزانم ئەویش پرسیارێکی هەیە کاک عثمان دزەیی وکاک بەختیار حەیدەریش هەر یەکەو پرسیارێکیان هەیەو خۆیشیان لێرەن، با بفەرموون.

**بەڕێز ڕەجب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارا من ئەو کێشەی قوتابخانەی ئاکرێیە پار (٣٩) قوتابخانە داخرا بوون لە بەر نەبوونی میلاک، ئەمسال بوینە (٥٢) قوتابخانە لە پارەوە لە دانیشتنی (٢٩)ی مانگی شەشەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ جێگری فەرموویان ئێمە مامۆستایانی نوێ دادەمەزرێنین لە ئاکرێ ودەرماڵەیان دەدەینێ بۆ هاندانیان، بەڵام هەتا ئێستا تەنها یەک مامۆستا هاتووە، لەبەر باری ئابووری، کرێی ئۆتۆمبێل زۆر بوو کە نەفەری لە ئاکرێ بۆ دهۆک (٨٠) دینارە لەدهۆکەوە بۆ هەولێر (١٠٠) دینارە ئێمە داوامان کرد کە خولێکی پەروەردەیی بکرێتەوە بۆ دەرچوانی پەیمانگەکان ودەرچووانی ئامادەیی کشتوکاڵ وپیشەسازی وبازرگانی وئەدەبی وزانستی. بەڕێزان: ناوچەی ئێمە ناوچەیەکی خێڵەکییە وگرفتی عەشیرەتگەری زۆرە وناوچەیەکی بەر فراوانە، نابێت (٥٢) قوتابخانە هەتا ئێستا دابخرێن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەش ئێمە قوتابییەکان بێ بەری دەکەین لە بچووکترین ماف کە زانستە. ئی سێ هەمیش ئەوەیە لە بەرنامەی حکومەتا

هاتووه دەڵێ (نعمل على فتح المدارس في المناطق التي تتم اعمارها ومع توفير المسلتزمات الضرورية)، وهەتا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەوە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک رەجب، عادەتیش وایە هەر پرسیارێک ئەکرێ وەڵام ئەدرێتەوە و،جا ئێستاکە چی تێبینی هەیە بۆ وەڵامی کاک رەجب بفەرموو:

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی ئاکرێ کێشەیەکە لە پارەوە دەستی پێ کردووە، لە سەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک بۆ «٣٥٠» مامۆستا «٣٥٠» پلەمان لە ئەنجومەنی وەزیران وەرگرت بەشێوەیکی تایبەتی کە لە پلانی ئێمە دانەبوو، بەڵام لە بەر ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی هاتە پێشەوە، داوامان لە ئەنەنجوومەنی وەزیران کرد وئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی خۆیان نیشاندا بۆ دامەزرانی «٣٥٠» مامۆستا بۆ قوتابخەنەکانی ئاکرێ، ئێمە ئەو «٣٥٠»پلەیەمان دایە پەروەردەی گشتی دهۆک خۆی بەپێی ئوسول کە پلە ئەدرێتە ئەوان مامۆستایان یانی دەرچوانی کۆلیژی پەروەردە وکۆلیژەکانی تر وهەروەها دەرچوانی پەیمانگەی مامۆستایان وسێ مانگەی پێ گەیاندنی مامۆستایانمان بۆ ئەنێرن، بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە خۆیان دەیکەن ئێمەش پاشان رەزامەندی لەسەر داواکەیان ئەکەین، بەڵام بەداخەوە پەروەردەی دهۆک نەیتوانی ئەو میلاکە پڕ بکاتەوە پاش ئەوەی کە پەروەردەی دهۆک نەیتوانی ئەو میلاکە پڕ بکاتەوە ئێمە رێگەیەکی ترمان گرت داوامان لە هەموو ئەو هەرێمانە کرد کە ئەیانەوێت بەشێوەیەکی بەدەر (استثنائی) بەبێ ئەوەی کەوا بچنە ناو ریزەوە بەبێ ئەوەی کە بچنە ناو ئەو تاقی کردنەوانەوە هەر کەسێک بیەوێ لە ئاکرێ لە سنوری ئاکرێ دابمەزرێت ئێمە دایان ئەمەزرێنین، بەم جۆرە ئێمە ژمارەیێکی زۆر لەوانەیە ئەو ژمارەیەی هەمووی پڕ نەکردەوە، بەڵام ئەوەندەی توانیمان ٥٠-٦٠ مامۆستامان دامەزراند لە ئاکرێ، ئەوانەش کە خەڵکی ناوچەی بادینانین زیاتر خەڵکی ناوچەی هەولێر یان هی دەوروبەری کەرکووک وهی ئەو شوێنانەن کە چوونەتە ئەوێ، کێشەی ئاکرێ کێشەیەکە وابە ئاسانی چارەسەر ناکرێت. بەڕێز مامۆستا رەجەب داوای ئەوەیان کرد کە خولێکیان بۆ بکەینەوە و چارەسەری بکەین. پێشەکی داوای ئەوەیان کرد دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی وبازرگانی وکشتوکاڵ دابمەزرێنین بە مامۆستا، بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەرروەردە کە لەم هۆڵەدا لە پەرلەمان دا پەسند کراوە بڕیاری لە سەر دراوە کە مامۆستا دەبێت تەیار بێت، لە بەر ئەوە دەبێت خولێکی بۆ بکرێتەوە، بەپێی ئەو رێنماییانەی کە ئێمەش هەمانە دەرچوانی ئامادەیی پیشەسازی و بازرگانی وکشتوکاڵ مافی ئەوەیان نییە کە ببن بە مامۆستا، یان خولیان بۆ بکرێتەوە، بەو شێوەیە، ئێمە پاش ئەوەی کەزانیمان کێشەکە ئاڵۆزە وابە ئاسانی بە ئێمە چارەسەر ناکرێت. بەداخەوە مامۆستا ئامادە نین بڕۆن بۆ ناوچەی ئاکرێ، ئێمە پێشنیارێکی ترمان کرد بۆ ئەوەی ئەم

کێشەیە چارەسەر بکرێت وئەوە بوو وتمان خولێک ئەکەینەوە، یان سەرەتا بەناوی رابەری لادێ (مرشد ریفی)، کاتی خۆی لە سەردەمی پێشوودا رابەری لادێ (مرشد ریفی) هەبوون ئەوانەی کە دەرچووی سێی ناوەندی بوون یان شەشی ئامادەیی، بەو ناوە ئێمە سەر لە نوێ ئەو شێوازە زیندو ئەکەینەوەو، ئەم هەولانەشمان هەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەلام یەک تێبینی هەیە هەتاکو ئێستاکە ئەو پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەهاتووە بۆ پەرلەمان، جا ئەگەر ئەمرۆ یان سبەی سۆراغێکی بکەن بۆ ئەوەی بزانن بابەتەکە بەچی گەیشتووە؟ چونکە تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئێرە، ئەگەر پەلەشە هەقە ئەنجوومەنی وەزیران لە نێوان ئەم مانگەدا شتێکمان بۆ بکەن.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ئێستاش داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئێوە ئەوەمان بۆ پەسند بکەن، من بەش بەحالی خۆم داوا ئەکەم ئەو پێشنیازەی من پەسند بکرێت، دەربارەی رابەری لادێ(مرشد ریفی) رەزامەندی لەسەر ئەوە بکەن یەکسەر دایان بمەرزێنین بۆ ئەوەی ئەو گرفتە هیچ نەبێت بەشێوەیەکی کاتی چارە سەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس با پرۆژەکە بگاتە ئێرە تا بزانین چ پێشنیارێکیان کردووە دەربارەی ئەو بابەتە، بەلام هەربۆ ئاگاداری ئەو پرۆژەیە هەتا ئێستاکە نەهاتووە.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرمووی (٦٠) مامۆستامان داناوە کە لە دەرەوەی ناوچەی ئاکرێ وەهاتوون بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی لەوانەیە هەر «٥٠» مامۆستای ناوەندی ودوا ناوەندی هاتوونە، بەلام هەمووی دەرچووی بەشی کۆمەلناسی وزانستی دەروونین، ئەم وانانە نە لەناوەندی ونەلە دواناوەندیدا نینە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش کە جەنابی دەفەرمووێ کە مرشدی ریفی دەرچووی شەشی سەرەتایی یان سێ ناوەندییە، ئەمە هیچ کەسێک نایەتن کە دەرچووی پەیمانگە بێت، یان لەدوای شەشی وێژەیی یان زانستی «٢» سالیان خوێند بێت یان دەرچووی شەشی زانستی یان وێژەیی یان پیشەیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک رەجب، وابزانم ئەوان لارییان نییە بۆ ئەو ژمارەیە، ئەمێنێتەوە ئەو پرۆژەیە کە هات لە سەر ناوەکە ئەو کاتە بۆی هەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوە ئێستاکە جێگای باس نییە، بەلام پەروەردە پرۆژەیەکیان هەیە بۆ ئەو ژمارەیە، هیوادارین ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە

زوو بگاتە ئێرەو، لێرە باسی لەسەر بکرێت، ئەوکاتە لیژنەی پەروەردەمان هەیە ولیژنەی یاسامان هەیە وئەندامانی پەرلەمان بڕیارێک ئەدەن، لە ئەنجامدا کە ناوی لێ بنێن چی؟. بەرای ئێمە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر ئەخایەنێ.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لای هەموومان ئاشکرایە ڕۆژانە چەندین خێزان لە کەرکووک دەرئەکرێن وکۆچیان پێ دەکرێ، وئاوارەدەبن وئەمانەش کە دێنە ئێرە سەرەرای ئەوەی کە بێ بەش دەبن لە زۆر امتیازات وزۆر شت، بێگومان ئەمانە منالّیان هەیە لە هەموو قوناغە جیا جیاکانی خوێندن دا، کە دێنە ئێرە لە هیچ قوتابخانەیەک وەرناگیرێن، کە وەریش بگیرێن وەرەقەیەکی قبولّیان ئەدەنێ ئەلّێن تا بەلّگەنامە نەهێنی ئێمە نا هێلّین دەوام بکەیت، ئەویش بە هیچ جۆرێک ناتوانێت بڕواتەوە کەرکووک بڕوانامەکە بێنیت، ئەوەی ئاگاداریش بێ کە جاران پێڕەوێک هەبوو هەر منالّێک هەر خوێندکارێک بگوێزرابایەوە بۆ قوتابخانەیەک چاوپۆشی لێ ئەکرا تایەکەم ڕۆژی تاقی کردنەوەی ناوەندی سالّ ئەگەر بڕوانامەکەی نەهێنابایە نەدەبوایە تاقی کردنەوە ئەنجام بدا، بەلاّم نازانم بۆ ئەم خێزانانەی کە تازە ئاوارە ئەبن ودەرئەکرێن، ئایا شتێکی تایبەتی کراوە بۆ ئەمانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە؟ پرسیارەکەی من ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئەوانەی کە تازە دەرکراوون؟

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلّێ ئەوانەی کە تازە دەرکراوون وکۆچیان پێ کراوە لە کەرکووکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداری بەڕێز وەزیری پەروەردە، ماوەیەکە حکومەتی عێراق زۆر لە خێزانی کوردی لە کەرکووک ولە شارەکانی تری کە لە بن دەستی حکومەتدان دەرکردووەو روویان کردووەتە ئێرە، پرسیارەکەی خوشکە گەلاوێژ دەربارەی ئەو خەلّکەیە کە تازە هاتوونەتە ئێرە.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو خێزانانەی کە تازە دەرکراوون بەداخەوە لەو ماوەیەی کە من لێرە نەبووم ئەو شتە رووی داوە. من بەش بە حالی خۆم وای بە پەسند دەزانم ئەوانەی کەدێن بەبێ بەلّگە، هەلّبەتە بەلگەیان نییە، بەلاّم ئێمە لەو پۆلانەی کە خۆیان دەیلّێن دایاندەنێین، من وا پێشنیاز ئەکەم هەر ئەو بڕیارەش بەیاری خواوە دەرئەهێنین کە لە پۆلەکانی کە خۆیان ئەلّێن لە چ پۆلێکن لەوێ ئێمە دایان ئەنێین وبۆ خۆیان با بخوێن، هەلّبەتە لەوانەیە پێویست بەوەش بێت کەوا ئێمە تاقیان

کەینەوە، چونکە لەو حالەتەدا لەوانەیە گرفتێک دروست بێت، چونکە بۆی هەیە یەکێک پۆلی پێنج بێت بڵێ من پۆلی شەشم، یان پۆلی چوار بێت بڵێ من پۆلی پێنجم، ئەبێت ئێمە تاقی کردنەوەیەکی بچوکیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە تاقی بکرێنەوە شتێکی چاکە، بەڵام پێشنیارێکیشم هەیە ئیتر نازانم لە رووی یاساییەوە ئەم شتە باشە یان باش نییە، من بەراستی نایزانم، من ئەڵێم بۆ نموونە باوکیمنالەکە کەدێ و ئەڵێ لە فلانە پۆلە بەڵێننامەیەکی لێ وەربگیرێت کە ئەم قوتابیە لە فلان پۆلە، ئەمە بۆ داهاتوو، خۆ ئەم وەزعە هەر وانابێت ئەگەر پێچەوانەی ئەوە دەرچوو با بەرپرسییەتی یاسایی چییە بەرامبەری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس گەلاوێژ خان، وابزانم جەنابی وەزیر رازییە لەسەر ئەم پێشنیارە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەتوانین سوود لە تاقی کردنەوەی وڵاتانی تر وەربگرین. لە وڵاتانی تر بێگومان پلەی ئامادەیی نەک خوێندنی زانستگا هەر منداڵێک وەیا قوتابیەک بچێتە ئەو وڵاتانە بەڵگەنامەی پێ نەبێ لە پێش هەموو شتێکا سەیر ئەکەی بزانن تەمەنی چەندە، بەپێی ی ئەو تەمەنە ئەزانن کە ئەبێت لە چ پۆلێکدا بێت، ئەنجا تاقی ئەکەنەوە وبەپێی ئەوە لەو پۆلە دای ئەنێن، کە مامۆستاکان بەراستی ئەزانن. ئنجا ئێمە ئەتوانین سوود لەوە وەربگرین خۆمان ئەوەندە نەبەستینەوە بە یاسا شڕەکانی حکومەتی بەغداوە، بەراستی خۆمان لەو بارەیەوە بڕیارێک بدەین، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان قسەی کاک د. کەمال کردی من زیاترم نییە، بەڵام ئێمە لە ئێران تاقی کردنەوەمان هەیە، ئەو ئاوارانەی ئێمە دەهاتنە ئێران تاقیان دەکردنەوەو لە پۆلێکیان دادەنان، کە دەستەی وانەبێژان بڕیاری دا لە پۆلی سێ یەم دابنرێت سەری ساڵ تاقیکردنەوەی دەداو دەچۆ پۆلی چوارەم، پێم وایە ئەمە لە هەموو دنیا دا پەیرەو دەکرێ وشتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وابزانم هەر بەم شێوەیە پێشنیارم کرد کە هەرواش لەلای ئێمە پەیرەو کراوە، بەڵام تەنها گرفتی دوایی دەمێنێتەوە کەوەرگرتنی بڕوانامەیە بەتایبەتی هی شەشی ئامادەیی یان «سێ ی ناوەندی» ئەمانە دوو گرفتن ئەگینا ئەوەکانی تر هیچ گرفتێکی تیدا نابێت، سوپاس.

**بەڕێز عــوســـمــان حـــســـەن دزەیی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی مانگرتنی پەیمانگەی مامۆستایانی ناوەندییە، لە (٩)ی مانگەوە تائێستا پەیمانگای مامۆستایانی ناوەندی دەوامی نەکردووە ، قوتابییەکان دەوام دەکەن، بەڵام ناچنە ژووری، لەبەر ئەوەی بە بەڕێوەبەری پەیمانگە ڕازی نین. بەڕێوەبەری پەیمانگە بویتە کێشەیەکی گەورە لە پەیمانگای مامۆستایانی ناوەندی، لام وایە خوێندن لە پەیمانگایەک وەکو پەیمانگای ناوەندی لە بۆ دەرچوونی مامۆستایان لە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان نابێت لەسەر بەڕێوەبەرێک ببێتە کێشەو تا ئێستاش ئەو بەڕێوەبەرە لانەچێ، کە من بۆ خۆم پار بریکاری وەزیر بووم بە بەڕێز د. ناسحم گۆت ئەگەر من بم (حاجی محی الدین) ناکەم بە مامۆستای سەرەتایی، چۆن دەبێ ببێتە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ناوەندی (١٠٠٠) قوتابی بدرێتە دەست؟ کێشەکەش تا ئێستا نەبڕاوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غـەفـور رەمـەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

دەربارەی کێشەی پەیمانگەی ناوەندی مامۆستایانی هەولێر، ئێمە پار کە (حاجی محی الدین)مان دانا بەپێچەوانەی تێبینییەکانی بەڕێز مامۆستا عوسمان، مرۆڤێکی شیاومان داناوە وەکو مرۆێکی سیاسی یا سەر بەلایەنێکی سیاسی تەماشامان نەکرد، بەپێچەوانەوە وەکو مرۆیەک کە ئەتوانێت ئەمرۆ ئەو دەورە پیرۆزە لەوێ ببینێت وئەو بەڕێوەبەرەی پێشوو وابزانم پێویست ناکات من باسی رابوردووی یان چۆنیەتی هەڵس وکەوتی بەڕێوەبەرەکەی پێشوو بکەم، لە بەر ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئەمرۆی ئێمەی کوردستاندا نە دەگونجا بۆیە بڕیارمان دا ئەومان لادا، مامۆستا حاجیمان لە جیاتی دانا. مامۆستا حاجی پار رۆڵی خۆی لە پەیمانگاکەدا بینی، مامۆستا لەلایەن پارتی ویەکیەتییەوە کە دوو حزبن کە زۆربەی زۆریان لەو پەرلەمانەن، واتا پەرلەمان پێک دێنن وهەروەها ئەو ڕێکخراوە پیشەییەی قوتابیان کەوا سەر بە هەردوو لیستن، وەکو یەکیەتی قوتابیان ولاوانی دیموکراتی کوردستان وکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان هەر دووکیان نوێنەری هەر دوو حزبەکەن سوپاسیان بۆ حاجی محی الدین نارد، لەبەر ئەوە مامۆستا حاجی محی الدین کە دەوری پیرۆزی هەبووە لە چەسپاندنی نیزام و بەڕێوەبردنی پەیمانگە، ئێمە کە بە بەڵگە ئەو شتانەمان هەیە، بەڵام ئەمرۆ کێشەیەک پەیدا بووە کە کێشەیەکی سیاسییە، وابزانم نامەی مامۆستا حاجی بۆ پەرلەمان هاتووە کە چۆن لە لایەنێکی سیاسییە بانگ کراوە، وهەرەشەی لێکراوە، هەندێ سوکایەتیان پێ کردووە، ئەمە تەشەنەی سەند تاکو گەیشتە ئەوەی کەوا نازانم بڵێم خۆشبەختانە لە غیابی من ئەو شتە رووی دا، یان هەر بەداخەوە کە رووی داوە کە من لێرە نەبووم، ئەو کێشەیە تەشەنەی کردووە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کەوا کۆمەڵێک لە قوتابیانی سەر بەلایەنێکی سیاسی نەک هەموو قوتابیان، ئەوانە دەوام ناکەن، بەڵام دوێنێ وپێرێ ئەو دەوام نەکردنە کەم بۆتەوە،

ئەمرۆکە تەلەفۆنیان بۆ من کرد ووتیان ژمارەیەکی یەکجار زۆر هاتونەتەوەو وەزعەکە بەرەو باشی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز عوسمان حسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە دەڵێ پارتی ویەکیەتی کۆک بوون لە سەر دانانی حاجی محی الدین، ئەمن نوێنەری یەکیەتی بووم لە وەزارەت رازی نەبووم، رۆژی یەکەم پێم گوت حاجی دەست نادات، کەوا بوو لایەنێک رازی نەبووە، تەنیا لایەنێک رازی بووە، (١٢) پەیمانگە لە کوردستاندا هەیە(٤)ی لە دهۆک (٤) لە هەولێر (٤) یش لە سلێمانی ئەگەر مەسەلەی فیفتی، فیفتی یەکەش بێت ئەگەر مەسەلەی مبدئی شارەکەش بێت حاجی محی الدین یان ناوێت، حاجی محی الدین کۆسپێکی گەورەی لە پێش پەروەردە نەک لە پێش لایەنێکی سیاسی داناوە، حاجی محی الدین تێپەڕکاری زۆرە لە سەر مامۆستایان و لەسەر قوتابیان، قسەی ناشرین وپروپووچ دەکات، «٩» پەیمانگەی مامۆستایان نۆ پەیمانگە لە کوردستان بەڕێوەبەرەکانیان پارتینە، سێ پەیمانگە بەڕێوەبەرەکانیان یەکێتینە، ئەوە مەبدەئی شارەکە وئەو رازی بونەی یەکیەتی وپارتی لە سەر پەیمانگەکان چۆنە؟ ئەو سێ پەیمانگەی کە بەڕێوەبەرەکانیان یەکیەتینە، (٣) یاردەدەری پارتیان هەنە، ئەو (٩ ) پەیمانگەی کە بەڕێوەبەرەکانیان پارتینە یەک یاریدەدەریان یەکیەتی نینە، ئەوە کوا ئەو رازی بوونەی یەکیەتی لە سەر پەیمانگەکان کە لە کوردستاندا هەنە؟ حاجی محی الدین پیاوێکە دەست نادات، بۆیە ئەو کێشەیەی حاجی محی الدین دروستی کردووە بەداخەوە وەزیری پەروەردە لێرە ئەو ستایشەی حاجی محی الدین دەکات، حاجی محی الدین خۆی ئەندامی کۆمیتەی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان بوو، خۆم بەرپرسی بوومە خۆم نەم ویستووە حاجی محی الدین ببێتە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ناوەندی مامۆستایان، وەزیری پەروەردە لە کوێ حاجی محی الدین دەناسێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم گووتم ئێمە بەناوی سیاسی حاجی محی الدین مان دانەناوە، کە فەرمانی وەزاریمان دەرکرد من نەم ووت رەزامەندی پارتی ویەکێتی لە سەر بووە، چونکە زۆر کەسمان داناو بەبێ رەزامەندی پارتی ویەکیەتی دامان ناون وبەتایبەتی ئەو بەڕێوەبەرە، وابزانم دوێنێ بەڕێزان مام جلال وکاک مەسعودیش جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە مەرج نییە ئەو هەموو بەڕێوەبەرانەش بە ففتی ففتی دامەزرێنین، بەنیسبەت ئەوەش کە پارتی ویەکیەتی لێی رازی بوینە بۆ دامەزراندنی، من ئەوەم گووت، بەڵام ئەوەشم گووت کە حاجی محی الدین دەوری خۆی بینیوە پارتی ویەکێتی بە بەڵگە هەنە کە پشتگیری لە حاجی محی الدین دەکەن، پیرۆز بایی لێ دەکەن کە ئەو دەورە پیرۆزەی بینیوە وئەگەر (حاجی محی الدین)یش کەوەکو بەڕێز مامۆستا عوسمان باسی دەکات ئەگەر ئەو

هەموو کەم کورتییەی هەیە، فەرموون لیژنەیێکی لێ تۆژینەوەی بۆ دروست دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە راستە، کارێکی باشە ببورن برادەران، چونکە پرسیار کردن بۆ ئەوانەیە کە پرسیاریان هەبووە.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشترین شێوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم کێشەیە چییە؟ بەڵکو مامۆستایانیش دەوام ناکەن، زۆربەی هەرە زۆریان واتا نەک لە ٥٠٪ لە ٧٠٪ بەرەوژوور لەوێ دەوام ناکەن وتا ئێستا لە (٩)ی مانگەوە هیچ کەسێک دەوامی نەکردووە، جا حاجی لەسەر حەقە یا خوێندکاران ومامۆستایان؟ ئەوە با لێرە بڕیاری لەسەر نەدەین لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەزووترین کات لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیەو چیان بەباش زانی لەو بارەیەوە بڕیاری لەسەر بدەن، ئنجا ئەوکاتە بڕیار ئەدەن (حاجی) بێنێتەوە یان نەمێنێتەوە، بەو شێوەیە ئەتوانین چارەسەری مەسەلەکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیارەی بەڕێز مامۆستا (د. کمال)م پێ پەسندە کە ئەو کێشەیە پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە وەکو خۆشم باسم کرد لیژنەیەکی لێتۆژینەوە دروست بکرێت، ئێوە بزانن ئەو کێشەیە چۆن ئەبێت، بەڵام هەر بۆ چاکردنەوەی یان راست کردنەوەی زانیارییەکانی مامۆستا د. کەمال زۆربەی زۆری مامۆستایان نەک دەوام ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆربەی زۆری دەوام ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتەکە روونە، با لیژنەیەک لەوەزارەت لەو بابەتە بکۆڵنەوە، ئێوەش وەکو لیژنەی پەروەردە مافێکی رەوای خۆتانە موتابعەی ئەو کێشەیە بکەن، هەر کاتێ هەستتان کرد کە کێشەکە وەکو پێویست چارەسەر ناکرێ، دیسان وجارێکی تریش مافێکی ئەوەتان هەیە کە ئەو پرسیارانە ئاراستەی وەزارەت بکەن.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن د. ناصح دەڵێت زۆربەی زۆری قوتابیان دەوام دەکەن، زۆربەی زۆری هەندێ خوێندکارانیش هەنە دەوام دەکەن، بڕوا بکەن لە ٧٠٪ی قوتابیان دەوام ناکەن لە ٧٠٪ی مامۆستایانیش دەوام ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەکو گووتمان بابەتێکە تا ئێستا ئامارێکمان بۆ نەکردووە، نازانین ئەوە رایە، یا ئەو بابەتە

وەكو پێشنیار كراوە، بەڵام وەكو وەزیری پەروەردە لە سەرتاوە گوتی با لەبابەتەكە بكۆڵدرێتەوە تاكو چارەسەرێكی بۆ بكرێت.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكم هەیەو، تكا لەو لایەنانە ئەكەم كە بوونەتە هۆ، یان ئەو قوتابیانەی كە سەر بەوانن دەوام بكەن مادەم ئێستا ئێوە هەمووتان رازین كە لیژنەیەكی لێتۆژینەوە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەزامەندیان نەكردووە، مەسەلەكە ئەوەیە كە خۆتان پێشنیارتان كرد، پێشنیارەكەی ئێوە چییە؟

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ پێشنیارەكەی ئێمە ئەوەیە، پێویستە ئەو قوتابیانەی كە دەوام ناكەن، چونكە هۆیەكەی ئەوەیە تووشی گرفت ئەبن پێویستە ئەو قوتابیانە دەوام بكەن، چونكە ئەو كێشەیە هیچ پەیوەندی بە قوتابیانەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ من قسەكەم ئەوەیە ئەوە ئیشی پەرلەمان نییە كە بەلایەنێك بڵێ قوتابی دەوام بكات یان مامۆستایان دەوام بكەن، ئەوە هەوڵی وەزارەتی پەروەردەیە، ئنجا ئەگەر لە ٧٠٪ یە، لە ٣٠٪ یە، لە ٢٠٪ دەوام ناكەن لێرە ئەوە پەسەند كرا كە وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەكی لێ تۆژینەوە دابنێت بۆ ئەو بابەتە ئیداریە، وەكو كاك جوهر ووتی لیژنەی پەروەردەی ئێرەش ئەتوانن بەدوای دابچن و ئەوە بكەن وبابەتەكە وابزانم كوتایی پێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم بابەتەكە بەو شێوەیە كۆتایی پێ هات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مادام ئەو كێشەیە هەبوو پێویستی بەوە نەدەكرد كە پەرلەمان بریار بدات، لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێك بێت، ئەبوایە تا ئێستا كار كرابا، لیژنەكە دروست بكرابا ولێكۆڵینەوەیان بكردبا، ئێستا ئەنجامەكەی درابا، بە ئێوە بگوترایە ئەمەیە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم بابەتەكە روونە، ئەوە ئیشی پەروەردەیە، بەڵام وەكو گوتمان مافی ئەندامانی پەرلەمانی ئێمەشەكە هەر پرسیارێك بكەن لە ناو ئەو چوار چێوەیەی كە ئەم بابەتەی تیادا خراوەتە روو،

ئەگەر بابەتەکەش گەیشتە رادەیەکی وا پێویستی بکات کە پەرلەمان خۆی تێکەڵ بکات، وابزانم ئەوە بابەتێکی ترە.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم دەربارەی ئەو قوتابییانەیە کە کاتی خۆی حکومەتی ئیتالیا زەمالەی پێ دابوون لەسەر ئەو بنەمایەی کە (٤٠) زەمالە هاتبوو بۆ هەرێمی کوردستان کە بنێردرێن بۆ ئەوەی خوێندنیان لە ئیتالیا تەواو بکەن بەپێی ئارەزووی خۆیان، لە کاتی خۆی نزیکەی (٥٤) قوتابی مقابلە کران «٤٠» لەوانە هەڵبژاردران. پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەو داواکارییانە هەتا ئێستا چییان لێ هاتەوە؟ ڕۆیشتن یان نە ڕۆیشتن؟ ئەگەر نەڕۆیشتوون هۆی نەرۆیشتنیان چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زەمالانە کەوا پار ساڵ لەلایەن ئیتالیاوە بۆ قوتابیانی کوردستان تەرخان کرا بوون، بەڕێز کاک د. کەمال ئەو پەیوەندی بە ئێمە کرد، فەرمووی کە کۆمەڵێک قوتابی وەرگیراون ژمارەکەی بەتەواوی دیاری نەکرد، گوتی لەنێوان (٤٠) زیاتر، کەمتر وەردەگرن، ئەوە بوو بەتەواوی ئەگەر لە یادتان بێ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بە مانشتێکی گەورە باسی ئەوە کرا کە زەمالە لە ئیتالیا وەرگیرا، پاش ئەوەی کاک د. کەمال پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا کرد ئێمە لیژنەیەکمان دروست کرد کە پێک هاتبوو لە من وبەڕێزی کاک د. کەمال ونوێنەری زانکۆی سەلاح ددین وداوامان لەو قوتابییانە کرد کەوا بەپلەی یەکەم، بەپلەی زۆرباش دەرچوون بەپێی نمرە بێن موقابەلەیان لەگەڵدا بکەین، (٥٤) قوتابی هاتن ئەو قوتابیانە کەمترین نمرەیان لە (٩٥) کەمتر نەبوو، بەڵکو هەموویان لە (٩٥) زیاتریان هەبوو، ئێمە مقابلەمان لەگەڵدا کردن، لە ناو ئەوانەدا ئەوەی دەیان ویست بچن، ئامادە بوون بۆ خوێندن (٤٠) ناومان هەڵبژارد ئەو (٤٠) ناوەمان هەڵبژارد ئەو ٤٠ ناوە هەموشیان هی بەشی زانستی بوون هی وێژەیی بەداخەوە تیادا نەبوون، ئەو (٤٠) ناوەمان هەڵبژارد و کردمان بە لیستەیەک ناردمان تەسلیمی دەستی (کاک د. کمال)مان کرد کە ئەو بەو دەورە هەڵبستێت وجێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوە دواکەوت و وەڵامی نەهاتەوە وەڵامەکەی درەنگ هاتەوە، ئێمە یەک شانسی ترمان دایە قوتابییەکان بۆ ئەوەی من بەراستی دڵنیا نەبووم کە لە ١٠٠٪ ئەو زەمالانە ئەگەنە جێ، ئەو قوتابیانە نەتوانن بگەنە ئیتالیا وخوێندنی خۆیان تەواو کەن ،بۆیە من مافی ئەوەم لێ نەسەندنەوە کە لە زانکۆکانی کوردستانا بخوێنن، یەکسەر جێی ئەوانیشمان دابین کرد هەر یەکە بەپێی ئارەزووی خۆی چووە ئەو کۆلیجەی کەوا ویستی، زۆربەی زۆریان چوونە کۆلیجی پزیشکی وئەندازیاری، بۆیە لەوێ خوێندنەکەیان دابین بوو، بەڵام کە ئیشەکە درەنگ وەڵامەکەی هاتەوە ئەوە بوو جارێکی تر لەگەڵ کاک د. کەمال کۆبووینەوە، سەر لە نوێ بانگی ئەو قوتابیانەمان کرد کە د. کەمال فەرمووی

پێویستە بیان نێرین ووتمان تازە درەنگ بووە، بەڵام بۆساڵی خوێندنی داهاتوو دیسانەوەش کە لیژنەکەمان بانگی ئەو قوتابیانەیان کرد ئەوانەی ئارەزوو دەکەن لیستەیەکی ترمان دروست کردەوە پێکەوە ناردمان دیسانەوە تەسلیمی (د. کمال)مان کرد ئەو لیستەیە کە ئەو بۆ شاییانەی کەواهەن، کی ناروا پڕیان بکەینەوە، بەڵام وادیار بوو لەوێ دان بەو لیستەیە دانەهێندرا، چونکە لیستەکان دەستکاری وئاڵ وگۆڕکرابوون، من نازانم تاچەندێک ئاڵوگۆڕ کراون، بەڵام ئەمە ئەو نامەیەیە ببوورن کە ئەیخوێنمەوە، بەڵام من حەز دەکەم ئەگەر بە پەسندی ئەزانن و بڵاو نەکرێتەوە، چونکە ناوی د. کەمالی تێدا هەیە لەلایەن نوێنەری کۆمەڵگای کورد لە ایطالیا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان نوری بارزانی، نوێنەری یەکێەتی نیشتمانیی کوردستان ئازاد فەخرەدین، ئەم نامەیە هاتووە، بەم شێوەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری پەروەردەی کوردستان، (بەناوی خۆمان وکۆمەڵگای کوردەوە لە ئیتالیا سلاوێکی بەوەفای کوردانەتان پێشکەش دەکەین وەک دەزانن قوتابیان وکۆمەڵگای کورد لە ئیتالیا هەرگیز میللەت وخاکی پیرۆزی کوردستانی لە بیر نەکردووە، بەپێی هەستی نەتەوایەتی خۆی دەستی یارمەتی وئەرکی سەر شانی بردووە بەڕێوە، لە مانەش ئەم لیژنەیە پێک هاتووە لە کومەڵگای کورد وپارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتمانیی کوردستان. بەڕێزان هەر وەک دەزانن کارێکی هێندە ئاسان نییە وەرگرتنی«٤٠» زەمالەی خوێندن، لەدێر زەمانەوە چەندین لە خوێندکار دۆستانی کورد لێرە بوون پێوەی ماندووبون وهەتا توانرا ورەزامەندی لەوەزارەتی دەرەوەی ئیتالیاوە وەربگیرێت. کاری هەڵبژاردنی قوتابیان کە دەبێت لە کوردستانەوە بێت و ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی کوردستانە هەتا ئێستا سێ لیستەی قوتابیمان پێ گەیشتووە لە ڕێگەی د. کەمال فوئادەوە، لە بەر ئەوەی ئەم ئەرکە وا دەزانین سەر بە وەزارەکەتانە لەبەر ئەوەی وەزارەتی ئیتالیا داوامان لێ دەکات کەوا کاری داواکردن دەبێت بە نووسراوێکی ڕەسمی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان بێت، نەتوانراوە وەکو خۆی ببرێتە پێشەوە، تکایە بەڕێزتان بە زووترین کاتی ممکن جارێکی دی لیستەی ناوەکان لەگەڵ نووسراوێکی داواکاری ئاراستەکراو بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا بۆمان بنێرن، هەرچی لیستە ناوێک تەصدیق نەکرێت لە بەڕێزتانەوە، واتا ئیمزاو مۆری وەزارەتی پەروەردەی پێوە نەبێت پشت گوی دەخرێت. سەرکەوتنتان ئاواتمانە.).

لیژنەی زەمالە دراسی: ١- نوێنەری کۆمەڵگای کورد لە ئیتالیا دارا شێخ رشید

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان نوری بارزانی

٣- یەکیەتی نیشتمانی کورستان ئازاد فخر الدین

ئەم نامەیە دەرنگ بە ئێمە گەیشتووە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو نامەیە بە ئێمە بگات بەڕێز کاک احمد بامرنی ڕۆژێکیان پەیوەندی بەوەزارەتی پەروەردە کرد کە داوای کرد ئێمە ئەو بەڵگانەی کەوا لە وەزارەت هەیە تەسلیمی ئەوانی بکەین، تەسلیمی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی بکەین بۆ ئەوەی بنێردرێت هاوکاری بکرێن، ئێمەش بەراستی گوتمان ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە هەڤالانی یەکیەتی

کوردستانەوە نییە پەیوەندی بەوەزارەتی پەروەردەوە هەیە، وتیان ئێمە پەساپۆرتمان بۆ ئامادە کردوون، ووتمان پەساپۆرت وشتەکانیان هەموو بێنن ئێمە لێرە با پێکەوە لەگەڵ ئێوە دابنیشین، هەموو شتەکان جێبەجێ دەکەین، ئەگینا ئێمە بەڵگەی کەس نادەینە دەست هیچ لایەنێکی سیاسیەوە، کێشەکە بەم جۆرە ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە بەدرێژی باسی ئەو بابەتەی کرد لێرەدا یەک دوو تێبینیم هەیە، ئەو قوتابیانە پێویست بوو لە مانگی (٩)ی ١٩٩٢ەوە لە ئیتالیا بن، هەتا ئێستاوا دیارە نەڕۆیشتینە، سەرەرای ئەوەی دیارە دەست کاری لیستەکانیشیان کردیە. بەڕێز وەزیری پەروەردە دەڵێ وەک لیژنە دانیشتین دەستکاری لیستەکانمان کرد لەسەر چ بناغەیەک دەست کاری لیستە دەکرێ؟ ئەوانە بەپێی پلەی زانستی لە ٩٥٪ پلەکانیان زیاتر بووە، (٥٤) کەس بووینە، لەبنەرەتەوە ئەو (٥٤) کەسە موقابەلە کراون «٤٠»یان لێ هەلبژاردراوە ئەو «٤٠»ە بۆ دەستکاری بکرێ؟ پێویستە هەر ئەو چلە بن دوای هەوڵی د. کەمال، دیارە کەوا هاوکاری کردووە لەو بابەتە، بەلام لە هەمان کاتدا پێویست بوو وەزارەتی پەروەردە لەو کارە هەر خۆی پێی هەڵستێ، نەک زیاتر مۆرکی سیاسی وەربگرێ، چونکە شتێکی زانستییەو، کارێکی بەڕێوەبردنی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو چل زەمالەیە لە مانگی (٩) نەگەیشت بەڵکو درەنگ تر ئەو ناوانە بە ئێمە گوتران لەلایەن بەڕێز د. کمال، لە سەرەتاشدا نەگوترا ئەمە بۆ وەزارەتی پەروەردەیە، یان بەناوی وەزارەتی پەروەردەی کوردستانەوە وەرگیراوە، بەڵکو بەڕێزی وتی لەلایەن یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانەوەیە، ئەگەر دێتەوە یادتان تەماشای کوردستانی نوێ بکەن کە ئەڵێ یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان وەری گرتووە. دووەم کە ئێمە جاری یەکەم چل ناوەکەمان ناردو بێ ئەنجام بوو نەگەیشت، دوایی درەنگ بوو، ئێمە نەهاتووین لیستەکان ئالوگۆر بکەین دەست کاریان بکەین، بەڵکو سەر لە نوێ ئەو قوتابیانەمان بانگ کردنەوە ئەوانەی کە نەیان ویست برۆن. ئێمە ناچار بووین چەند ناوێکی تر بەپێی لیستەکانی کە هەمانە بەپێی ئەو ناوانەی تر لە جێی ئەوان دابنێین، نەک ئێمە ئالوگۆڕو دەست کاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەم لە بیرچوو ئەوەی من زانیاریم هەبێ هەشت قوتابی رۆیشتوون بۆ ئیتالیا لەسەر حیسابی ئەو زەمالانە گوتوویانە ئێمە لە نێوان ئەو (٤٠) زەمالانەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەسمی لەلایەن ئێمەوە هیچ کەسێک بەناوی وەزارەتی پەروەردەوە نەرۆیشتووە، بۆ ئەو (٤٠) زەمالەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم بڵێم بەداخەوە هەندێک بیرورا گەلاڵە دەکرێ لە سەر زانیارییەک کە هیچ بناغەی نییە، من حەز دەکەم لە وبارەیەوە بڵێم پاش ئەوەی کە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو (٤٠) خاوەن وێنەوە ئەوەی پێویست بوو لەو بارەیەوە کردمان وئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مانگی تەمووزی ساڵی رابوردوو، ساڵی ١٩٩٢ بڕیار بوو لە ماوەی چەند مانگێدا وەڵام بێتەوە وئەو خوێندکارانە بەرێ بکەون لە مانگی ١٠و١١ دەدا وەکو خۆیان دایان نابوو، لەم کاتە لە ئیتالیادا گۆڕانکارییەک هاتە پێشەوە، وابزانم هەمووتان لێی ئاگادارن و، ئەو گۆڕانکارییانە بووە هۆی ئەوەی کەوا ئەو مەسەلەیە هەمووی هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک بەڕێز د. کەمال فەرمووی من نازانم ئەگەر ئەو هەشت کەسە رۆیشتبن یا کەسی تر رۆیشتبی، لە راستیدا منیش لە زاخۆ یەکێکم بینی گووتی من دەچم بۆ ئیتالیا زەمالەم وەرگرتووە، بەڵام ئەو کەسە بە حیاتی نەهاتوتە لای من، ناوی لەلای من نییە، بە لیستی وەزارەتی پەروەردە نەرۆیشتووە، ئنجا ئەگەر لەوێ زەمالەیان بۆ وەرگرتبێ من ئاگام لەم مەسەلەیە نییە. من یەک تێبنییم هەیە. یەک گلەیی برایانەم لە کاک د. کمال هەیە کەوا بزانم ئەمە فاکسی ئەوە لە ٩٣/٦/٤ ناردوویەتی بۆ هەڤالی خۆشەویست بەڕێز کاک ئەحمەد بامەرنی دەربارەی زەمالەتەکانەوە ودەربارەی ناوەکان ولیستەکانەوە سەر لە نوێ بۆ ئەوەی گیروگرفتەکان زوو چارەسەر بکرێن، من بەش بە حاڵی خۆم گلەییەکم لێیە ئەوەیە ئێمە هەر سێکمان ئەندامی لیژنەکە بووین لەگەڵ یەک، بەڕێز دەبوایە ئەو فاکسەی بۆ وەزارەتی پەروەردە ناردبایە نەک بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد بامەرنی، چونکە کاک ئەحمەد بامەرنی هیچ پەیوەندیەکی بەو زەمالانەوە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم نامەکە بخوێنینەوە، من لەوێ نووسیومە پێوەندی بکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو مەسەلەیە بزانین کێ ئەڕوات کێ ناڕوات؟، وام نووسیوە لە نامەکەدا وپاشان خۆی بەراستی ئەو مەسەلەیە وەختێک وەرگیراوە کە حکومەتی کوردستان نەبوو، وەکو روونم کردەوە بەهۆی رێکخراوە کوردی وکوردستانیەکانەوە لە ئیتالیا وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبنییم دەربارەی ناوەرۆکی نامەکەی کاک د. کمال نەبوو، گوتم دەبوایە ئەم نامەیە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە بکرابایە، چونکە کاک ئەحمەد بامەرنی هیچ پەیوەندی یەکی نییە بەم کێشەیەوە، بەڵام کاک احمد بامرنی لێرە داوای ئەوەی کرد کە هەموو بەڵگەنامەکان تەسلیمی ئەو بکەین، لێرە گرفتەکەی دروست کرد، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی ئەو پرسیارەم کە کرد وئێستا ئەو بەدواداچوونانەی کە دەیکەم، مەبەستم هیچ شتێکی سیاسی نییە، تەنها شتێکی قانونی یە وەشتێکی واقعییە روو داوەکەی کە هەیە بەراستی وشکایەتیشی لەسەر هەیە، ئێستا من دوو خاڵ روون دەکەمەوە ئەو شتەی کە باسی دەکەم (٨) قوتابییە کە، ئەوە لەگەڵ رێزم بۆ قسەی د. کەمال، هەڵبەست نییە شتەکە دروست نەکراوە لەلایەن منەوە یان لەلایەن برادەرێکی ترەوە، ئەوە بەڵگەم لەدەستە بۆی هەیە بتوانم دوایی بەڵگەکانیش بە بەڕێز د. کەمال بدەم، بەڵام من پرسیارم کرد گوتم ئەو (٨) کەسەی کە رۆیشتن ئایا لە ناو ئەو کۆمەڵەن یان خەڵکی ترن؟ رەنگە وەکی گوتی خەڵکی تربن، بۆ خۆیان چووبن یان وەکو زەمالە وەرگیرابن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەمە ئەم بابەتە کۆتای پێ هات.

ئێستاش وەزیری شارەوانی لێرەیە، چەند پرسیارێک هەیە، کاک د. نەبەزیش پرسیارێکی هەیە کاک ئەیادیش پرسیارێکی هەیە دەربارەی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان، کە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، جا ئەوە کافییەخان خۆی لێرەیە، حەز دەکەن خۆتان پرسیارەکە ئاراستەی بەڕێزی بکەن.. فەرموون.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە جێ بەجێکردنی ئەم باسە لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا فەرموو، تۆ پرسیارەکە بکە، لە تۆوە دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئاشکرایە من لە ناو دەقی پرسیارەکە نووسیومە ئێمە زۆر جار جەخت لە سەر کۆمەڵە یاساو وبڕیارەکانی پەرلەمان دەکەین کە مۆرک وبنچینەکانی دیموکراسی لەو یاسایانەدا بەتەواوی بەدی

دەکرێن. بەداخەوە یەکێک لەو یاسایانە کە زۆر ئاماژەی بۆناکرێ یاسای بەڕێوەبەریەتی شارەوانییەکانە، بەراستی یاسای بەڕێوەبەریەتی شارەوانییەکان شتێکی نوێی هێنایە ناو کوردستانەوە وەدەوری خۆی دەبینێ و، دەورێکی بالاش لە دیموکراتیزە کردنی دەستگەکانی حکومەتی کوردستان دەبینێ من پرسیارەکەم ئەوەیە: کە هۆی دوا کەوتنی ئەو هەڵبژاردنە چی بوو؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەیاد ئەگەر پرسیارەکە دیاری بکەیت، چونکە ئەوە بابەتێکی ترە، پرسیارەکەت بەتەواوەتی بڵێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە ئەوەیە، هۆی چی بووە کە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تا ئێستا نەکراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەنجام نەدانی، هەلبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە، ئەوە پێش هەموو شتێک دەبێ سەر ژمێریەکی گشتی هەبێ لە کوردستاندا کە نەکراوە، بۆ هەلبژاردنەکەش ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی هەمیشە ئامادەین وپێشمان باشەو زۆر کێشەی ئێمە چارە دەکات، بەلام ئەو بریارە وابزانم هەموو بەڕێزیشتان دەزانن کە بریارێکی ساسییەو بڕیاری هەلبژاردن لە کوێ ئەدرێ؟ ئاگادارن وەلامەکەش لای بەڕێزتانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر ڕێزم هەیە بۆ وەلامەکەی بەڕێز وەزیری شارەوانی، سوپاس.

ئێمە چەند یاسایەکمان یەک بەدوای یەکدا کە دەرچووە، بۆ نموونە یاسای چەکە، یاسای حزبەکانە هی کۆمەڵەکانە، ماوەیەکی یاسایی تیادایە، یانی پێم باش بوو، حەق بوو وەزارەتی شارەوانی داوای ئەو ماوەیەی بکردبایە، وە لە ساڵێک، شەش مانگ، کەمتر یا زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەشێوەی کاتی داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئەو ئەنجومەنەی دائەنرێ، ئەنجومەنی شارەوانیەکان، چەند مەرجێک هەیە بۆمان داناوە ئەم مەرجانەی تیا بێ، ئەویش زیاتر مەرجی پسپۆڕیەتی و شارەوانییە، بۆ ئەوەی بتوانن لە سەر پێشنیارەکانی شارەوانی بڕیار بدەن و بۆ دیاری کردنی کاتیش، بەراستی هەموو کاتێ ئێمە بەتەمای ئەوە بووین کە لە نزیکترین کاتدا ئەو هەڵبژاردنە بکرێ وئێستاش نەچووە بچێ، باکاتێکی بۆ دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا ئەوەی کافیە خان باسی کرد ئەو هەڵبژاردنە پەیوەندی بە سەرژمێرێکی سەرتاسەری کوردستانەوە هەیە، وابزانم لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە هەیە، کە کاتی خۆی قەول بوو ئەندامێکی پەرلەمانیشی تێدا بێ، بەڵام ئێمە بە پەسندمان نەزانی، چونکە ئەمە ئیشی خۆیانە، ئەوانیش وەزعەکەی خۆیان دەرس کردووە وئەو رۆژەش جارێکی تر باس کرایەوەو، وادەزانم بۆچوونێکی وا هەبوو کە ئەو بابەتە پەلەی لێ بکرێ.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیازی ئەوە دەکەم بۆ ئەوەی ئەو یاسایە حساب نەکرێ بە یاسایێکی لەکارکەوتوو، وەزارەتی شارەوانی بەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەگەر داوای برگەیەک بکاتن لە یاسایەکە بۆ ئەوەی ماوەیەکیان بدەینێ تا ئەو سەر ژمێریە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، وابزانم کافیەخان خۆشی هەر لە ورایە دایە کە شتێکی وا بکات، ئێستاش دێینە سەر پرسیاری دووەم کە لەلایەن کاک ابراهیم سەعیدەوە کراوە، فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر ناتەواوییەک لە وەزارەتێک هەبێت ئەبێ ئێمە ئاماژەی بۆ بکەین، بەڵکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، پرسیارەکەی من پەیوەندی بەوەزارەتی شارەوانییەکانەوە هەیە کە ئەوەیە، لە سەر دیاردەی بەرز بوونەوەی نرخی ئوتیل و چێشتخانەکانە. ئوتێلێ کە ئێمە پار لێی بووین لە (٢٠) دینار بەرز بۆوە تاکو گەیشتە (٤٠ ـ٤٥) دینار بەبێ ئەوەی کەوا گۆڕینێک لە خزمەتگوزاری ئوتێلەکە ببێ، وەکو گۆڕینی کەل وپەلەکانی یان تەلەفزیۆن بخەنە ناو ژوورەکان، یا سلاجە وتەلەفزیۆن، هەروەها کرێی کرێکارەکان بە هیچ جۆرێک زیاد نەبووە وکرێی ئەو ئوتێل زیاد نەبووە، هەر شتەکە بەتەنیا کارێکی یەک لایەنە، هەندێ چێشتخانەش کە ماوەیەک نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە نرخی هەندێ چێشتخانە زیاد دەبن، بەڵام کە نرخی دۆلار دابەزیەوە نرخی خواردنی ئەو چێشتخانانە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە پێویستە ئەمە چارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی دیاری کردنی نرخ، ئەوە چێشتخانە وئوتێل و، بازار هەمووی ئازادە وئێمە نەمان توانیوە وا بکەین کە خواردن نرخێکی دیاری کراوی هەبێ، هەموو شتێ ئازادە، ئەوانیش بە ئازادی ئەیکەن وئەوان هەموو کەرتی تایبەتین، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لەسەر بەختی ئەو کەسانە بێ، ئەڵێین بەخوا ئەوانە هیچ بەختیان نییە، وابزانم ڕۆژ بەرۆژ نرخەکە هەر زیاد دەبێ با ڕاددەیەکی بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ابراهیم پێشنیاری کرد من لەگەڵیام ،بەڵام ئەوە بەگشتی وبە هەموومان ئەکرێ، ئەگینا تەنیا بەدیاری کراوی نرخی چێشتخانە لە شوێنە گەشت وگوزاریەکاندا کە ئەوانیش کەرتی تایبەتین بۆ ئەو شتانە، یان بڵێین بە شێوەیەکی گشتی چارە سەرێکی بۆ دانێین کە ئەویش بە هەموو لایەک ئەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە بەرز کردنەوەی نرخەکانە، وەکو وەزیرە خانم وەڵامی دایەوە، بەڵام یەک شتی تر هەیە کە ئەوان دەزانن کۆنترۆڵی بکەن، ئەویش راگرتنی پاک وتەمیزییە لە چێشتخانەکان وئوتێلەکاندا، ئنجا هەر چەندە من خاوەن پرسیار نەبووم تکایەکم هەیە لەوەزیری شارەوانی کە مشورێکی ئەو لایانانە بخوات کە لە مەولا هەوڵبدەن ئەو ئوتێلانە وئەو چێشتخانانە بەشێوەیەکی وابن هیچ نەبێ لەگەڵ ئەو نرخەی کەدای دەنێین بگونجێ، بەتایبەتی لەرووی پاک وتەمیزیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی پاک وخاوێنی ئەرکێکی دروستە، خۆشیان ئەوە دەکەن، بەڵام یەک تێبینی، کە وەزیری شارەوانی جەختی کرد گووتی کەرتی تایبەتییە، ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان بە سەریانەوە نییە لەوانەیە بۆ خواردەمەنی چێشتخانەکان ئەگەر چێشتخانەیەک نرخی خواردەمەنی بە (١٠) دینار بوو چێشتخانەیەکی تر بە (١٥) دینار بوو، ئەوە خەڵک ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو خواردنە، ئەوە راستە، بەڵام وابزانم لەو وڵاتانەی کە بازاڕی ئازادیان هەیە، بۆ ئۆتێلەکان بەتایبەتی ستاندەردێک هەیە کە بۆ خەوتن دیاری کراوە ولەسەری ئەڕۆن، پلە یەکە، پلە دووە، پلە سێیە، بەڵام بۆ نرخی چێشتخانە لەوانەیە ئەوەندە گرفتەکە گرنگ نەبێ، چونکە شت گرانە خۆیان دیاری دەکەن، بەڵام بۆ ژووری خەوتن بەپێی ئەو ستاندەردەیە.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەفتەی پێشوو پرسیارەکەم رووبەرووی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کرد، برگەی دووەم کە جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرمووی پەیوەندی بە شارەوانییەکانەوە هەیە، ئەویش ڕێکخستنی پایتەختی هەرێمی

کوردستانه، ناو شارەکه بەجۆرێک وەک شارێکی پێشکەوتوو وەک شارێکی شارستانی دیار بێ، ئەو دیاردەیە ئەو قەڵەباڵغییەی ناو شار رێک بخرێت، وابزانم کە وەزارەتی شارەوانییەکان تا ئەو دوایی یە توانی تا رادەیەک رێکی بخات، بەڵام چارەیەکی بنەڕەتی بۆ دانەندرا، لە پاش ئەوەی کە وەکو زانیمان لەنگە فرۆشەکان جێگایان بۆ تەرخان کرا عەربانچیەکانی تر جێگایان گرتنەوە، نەک هەر ئەو جادە سەرەکییە بەڵکو جادە سەرەکییەکانی تریش، هەروەها وەک دەبینین تا نیوەی جادە خەڵک ڕیز بووە شت دەفرۆشن بەتایبەتی لەنگە فرۆش، کە ئەوەش وابزانم دیار دەیەکی زۆر ناشیرینە بۆ شارێکی وەک هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە ئەو وەختە جەنابی وەزیر لێرە نەبوو بێ، کافیە خان فەرموو.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

-دەربارەی ئەو دیاردەیەی کە خاتوو نەهلە باسی کرد بەراستی من لەسەرەتاوە تائێستا ئەو کێشەیەی کە پەیوەندی بەوەزارەتی ترەوە هەیە قەت نەم ویستووە باسی بکەم، بەڵام وابزانم رامان ئەکێشن بۆ ئەوە، ئێمە پەیوەندیمان بە چەند وەزارەتێکی ترەوە هەیە، من ئامادەم لەوەی کە پەیوەندییان بەوەزارەتی ئێمەوە هەبێ هەنگاوی بۆنەنرا بێت، گلەیی بکەن بەنسبەت رێکخستنی جادەکانەوە، ئێمە لەسەرمانە، رێکیان بخەینەوە، بەڵام ئەگەر بەقسەیان نەکردین کتاب بکەین بۆ پۆلیس، بۆ ئاسایش، بۆ دەسەڵاتی راپەڕاندن بۆ چارەسەری، چونکە هیچ چاودێرێکی شارەوانی بۆی نییە هیچ بکات لەگەڵ هیچ کەسێک لەوە زیاتر کە وەرقەیەک بداتە دەستی بڵێ ئەوەی تۆ سەر پێچییە، یا لێرە لاچۆ پێش ئەوەی بڕۆم حسابمان کردبوو (١٣٨) کتابمان کردووە طبعا نەک لە وەزارەتەوە، تەنیا لە شارەوانی هەولێرەوە کە کراوە«٥» پۆلیس دابین کرابوون بۆ شارەوانی هەولێر، پێنجەکەشیان بەپەلە لێ سەندینەوە کە لەگەڵیاندا نەبن، لە بەر ئەوە مرور ئەبێ بەنیسبەت خۆیەوە ئیشی خۆی بکات وپۆلیس و، ئاسایش ئەبێ ئیشی خۆیان بکەن، ئەوەی شارەوانی لەسەری پێویستە کردوویەتی. بۆ چارەسەری گرفتی ئەو کۆشک وئەو عەرەبانەو ئەو شتانە کە لەسەر جادەکان دان ئێمە زیا لە ملیون دینارمان خەرج کرد تەنیا بۆ ئەوەی ئەو شوێنەیان بۆ تەخت بکەین، چاکی بکەین ورێک بخرێ وژمارەی بۆ دابندرێ، کۆنە فرۆشەکان بچن لەناویا ئیش بکەن ولیژنەی تایبەتیش پێک هات هەر لە خۆیان بۆ دابەش کردنی زەوییەکە بەسەریاندا، کە ئەوە وابزانم ئەگەر بێتە سەر حیساب ئەو پارەی کە سەرفی دەکەین بۆ ئەوە سەرپێچیشە، چونکە ئەو چارەسەرییە بەشێوەیەکی کاتییە، سوپاس.

**بەڕێز نەهلە محەمەد سەعدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەوەی کافیەخان فەرمووی پاش ئەوەی عەرەبانەی ئەو جێگایانەی کە کۆنەیان

دەفرۆشت،گواستنیانەوە تا هەفتەیەک چاودێریان کردن، ئەو ناوە چۆڵ بوو، بەلاَم بەردەوام نەبوون لەو چاودێری کردنەدا، چارەکە بە بەردەوامی نییە، ماوەیەکی پێ دەچێ عەینی وەکو خۆی لێ دێتەوە، هیوادارم چارەیەکی بنبڕی بۆ بدۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. نەبەزیش پرسیارێکی هەیە.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولرەزاق حەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لەوەزیری شارەوانییەکان دوو لقە، لقی یەکەمیان دابەش کردنی زەوی لە شاری کۆیە، تا ئێستاش خەڵکی کۆیە لەڕێگای کۆمەڵەکانی هەرەوەزی یەوە زەویان بەسەردابەش دەکرێ، لە هەولێر زەویان دەردرێتێ، کە ئەمەش کاتی خۆی بۆ چۆڵ کردنی شاری کۆیە بەکاردەهێندرا، تا ئێستا کۆیە بە شاری (محضور اداری) دانراوە لە ساڵی ١٩٧٢وەوە تا ئێستا پارچە زەویەکی لێ دابەش نەکراوە، ئەوە لقی یەکەم، لقی دووەم دابەش کردنی زەوی بە سەردکتورە پسپۆڕەکان (٢٤) دکتۆری پسپۆڕ هەیە لە هەولێرێ تا ئێستا زەویان وەرنەگرتووە کە ئەمانەش بە خاوەنی لێهاتویی دەژمێردرێن، کاتی خۆی لەسەردەمی رژێمدا دکتوری پسپۆڕ بێجگە لە هێنانەوەی ئۆتۆمبیلێک لەدەرەوە پارچە زەویەکی ئەدرایە، بەلاَم ئەمە تا ئێستا جێبەجێ نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت شارۆچکەی کۆیە وچەند شارۆچکەی تریشمان لە کوردستاندا داخراو (مغلق) بووە، کە بە هیچ جۆرێک نەیان هێشتووە زیاد بکات، لە بەر ئەوە زەویشی هەرنەما، یا زەویان بەسەر خەڵکی ئەو شوێنە دابەش نەکردووە، بەڵکو هەوڵیان داوە کە دووریان بکەنەوە، لە شوێنەکانی تر زەوی یان بدرێتێ، ئێمە لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵمان دا کە ئەو شارانە بەتایبەتی ئەوانەی کە داخراون وابکەین بکرێنەوە ورەنگرێژی بنەرەتیان بۆ دروست بکەین، بۆ ئەوەی فراوان بکرێنەوە، زەوی بۆ پەیدا کەین بۆ ئەوەی دابەش بکرێ وئەوەشمان بۆ شاروچکەی کۆیە کردووە ورەنگرێژە بنەرەتییەکەی تەواو بووە، جاریش دراوە کە ماوەکەی دوو مانگە، دوو مانگەکەش تەواو بووە، ئێستا چاوەڕێی ئەوەین کە رەنگرێژی بەدرێژی بۆ بکرێ وئەو ئیفرازە دەست پێ بکات، زەویان بەسەردا دابەش بکەین، بەلاَم ئەوەی رێگرە لە بەردەم ئەم ئیشانەدا چەند شتێکن یەکەمیان ئێمە لەسەرەتاوە کادیری هونەری تەواومان نەبووە، ئامێری مەسحمان نەبووە، جاری وا هەیە لەیەکێ لەقەزایەکان خواستومانەتەوە چاوەڕێمان کردووە بینێرن بۆ قەزایەکی تر، ئەگینا نەماندەتوانی لە هەر قەزایەک، ناحیەیێک، شارێک، تیپێکی تایبەتی وبە ئامێری تایبەتی خۆیەوە بەمعماری خۆیەوە دابین کەین، بەلاَم لەبەر ئەوەی کەم بووە ئیشەکان یەک

لەدوای یەک کراون، ئەمەش دیارە ماڵی زۆری دەوێ، هەر لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی زۆری کراوە، یەک لەوانە کە کۆیەیە تەواو بووە، بەڵام گرفتێکی تریش کە دێتە ڕێگامان، گرفتی سڕینەوە، یانی ئەو زەویانەی کە دەچێتە سنووری شارەوانییەوە، دوای ئەوەی ڕەنگرێژی بنەڕەتی بۆ دەکەین پێویستی بە اطفا کردنە، اطفاش پێویستی بە قەرەبوکردنەوەیە، پێویستی بە پارەیە، پارەش نییە، لەبەر ئەوە پێشنیازی ئێمە بۆ چارەی ئەو گرفتە ئەوەیە خۆی بڕیاری (٢٢٢) هەیە اطفا لەگەڵ بڕیاری (٨١٧) هەموارکردنێکمان لەو بڕیارەدا کردووە، پێشکەشمان کردووە بە ئەنجوومەنی وەزیران لەوێشەوە بۆ پەرلەمان، هیوادارین کە بڕیارێکی باشی لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کافیە خان بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، تەعقیبێک لەلایەن د. نەبەزەوە هەیە کە دوا قسەیەتی.

**بەڕێز د. نەبەز عەبدولڕەزاق حەکیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی یەک تەعقیبی بچوکم هەیە ئەویش ئەوەیە، ئێمە دەڵێین شاری کۆیە، کەچی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەڵێ شارۆچکەی کۆیە، سوپاس.

**بەڕێز کافیە سلێمان/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت ئەوە داوای لێ بووردن دەکەم ڕەنگە زۆر جار لە خۆشەویستی ئەکرێ بە شارۆچکە، بەڵام بەبێ مەبەست بوو، شارەگەورەکەی کۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەحەقیقەت من لەو باوەڕەدام کە کافیە خان لە خۆشەویستی ئەڵێ شارۆچکەی کۆیە، مەسەلە ئەوە نییە، سوپاس بۆ ئەو وەڵامانە، بەمە ئەو پرسیارانەی کە ئەمڕۆ لامان بوو تەواو. سوپاسی کافیەخان دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، پێش ئەوەشی بچینە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی ئەمڕۆمان پشووەکی کورت وەرئەگرین.

**(پاش پشوو)**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستا خاڵی دووەم دەست پێدەکەین کە پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی وهاوکاریە، لیژنەی یاسا کەرەم بکەن، با بفەرموون.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو لیژنەی یاسا دەستمان لە یاسایەکە نەدایە، بەڵکو هەندێ شتی (موحد) هەیە، وەکو پێناسەکردنی وەزیر، یاخود پێناس کردنی بریکاری وەزیر، ئەمانە وەکو خۆی وەکو یاسایەکانی تر

هیناومانننه خوارێ وەکو لیژنەی یاسا، راپۆرتی تایبەتی خۆمان هەیە و دابەش کراوە، پرۆژەکەش وەکو پێشەکی هاتبوو ئەویش لاتانە، ئێمە دەسکاریەکی وامان لێ نەکردووە، هەندێ پاش وپێش ورێکخستنی یاساییمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای پەخشندەو میهرەبانەوە، بەناوی گەلەوە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەپێ حوکمی برگە (١) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە«١» ساڵی ١٩٩٢ لە سەر پێشنیاری وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران وئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢١/١٢/١٩٩٣دا بڕیاری یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٩٣، یاسای وەزارەتی یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

مادە/١ مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار پەسند ئەکەن، خۆیان بڕیار نادەن. لەبەر ئەوە بەرای من دەبێ ئەم دەقە چارەسەر بکرێت، چونکە لێرە، لەپەرلەمان بڕیار ئەدرێ.

**بەڕێز حەسەن عبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەدێری دووەمدا بڕیارێک هاتووە بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران وپەسند کردنی ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە لە دارشتندا هیچ گرفتێکی وا دروست ناکات، دیارە هەڵەیەک لە مەسەلەی دەربڕینەکەی هەیە.

یاسای ژمارە «٢٠» ساڵی ١٩٩٣ یاسای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراق

مادە/١ مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- وەزارەت: وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٤- وەزیر: وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٥-بریکار: بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە (١) چ تێبینی هەیە؟ کاک د. عیزەدین.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارێکم هەیە، نازانم مافی ئەوەمان هەیە دەست کاری هەندێ شت بکەین یا حەقمان نییە؟ کاتی خۆی کە ناوی وەزارەتەکان دانرا لە بارودۆخێکی تردا بووین هێشتا فیدرالیمان جاڕ نەدابوو، هێشتا جۆرە هیوایەک هەبوو جۆرە ڕێک کەوتنێک، دیارە ئەمان ویست ناوی لێ بنێین وەزارەتی دەرەوە، ڕەنگە لە حکومەتێکی فیدرالی دەرەوەی نەبێ، بەڵام لە بیرمە مامۆستا محەمەدی مەلا قادر پێشنیارێکی کرد کە ناوی بنێن وەزارەتی پەیوەندی. ئەم ناوە چونکە زۆر درێژە وئێمەش ترسی ئەوەمان بوو ناوی نەنێین دەرەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوە پێمان نەڵێن بەرگریتان هەیە، دەرەوەتان هەیە، لە بەر ئەوە نازانم ئەگەر جێی گفتوگۆ کردنبێ هەر وەزارەتەکە ناوی بکەین بە وەزارەتی پەیوەندی ڕەنگە باشتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وا هاتووە ولەسەر ئەو بنەمایە ئەڕۆین، ئەگەر پێویست بکا ئنجا دە ستکاری دەکەین، ئەمە جێگەی ئەوە نییە، ئێستا مادە/١، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی دووەم/ وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە، بەرپرسیاری یەکەمە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی، بۆ سەرپەرشتی کردنی بەجێ هێنانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەن، د. کەمال پرسیاری هەبوو.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە لەسەرەتادا نووسراوە بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلەوە، ئەوە نازانم ئەو «وە»ی بۆچی چۆتە سەر؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەکو وتمان، با وەکو یاسایەکانی تر دابڕێژرێتەوە. ئێستا بابێینەوە سەر مادە «٢».

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/٢ وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەر پرسیاری یەکەمە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و

سەرپەرشتیکردنی بەجێ هێنانی یاساو پەیرەو ورێنماییەکان تیایدا، لەویشەوە بریار وفەرمان ورێنمایەکان دەردەچن لە چوار چێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودامودەزگاو دەسەلاتەکانی وگشت کاروبارە ئیداری وهونەری ودارایییەکان لە سنووری ئەم یاسایەدا وبۆشی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی خۆی بە بریکای وەزارەت یا بەرێوبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێک لەوەزارەتدا بەلایەوە پەسەند بێ پسپێرێ ولە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەر پرسیارە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی (٢)، کەس تێبینی لەسەر هەیە؟ فەرموو کاک فرەنسۆ:

**بەرێز کاک فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر پرسیارێک لە کاک حسێن دەکەم نازانم زۆر دەڵێین دامودەزگا، دام لە کورت کردنەوەی دامەزراوەکانەوە هاتووە بۆ هەر دەزگاکان نەبێ دامودەزگا چییە؟ نازانم لە زۆر شوێن ئەم وشەیە دێ، سوپاس.

**بەرێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دامودەزگا زیاتر بۆ تشکیلات بەکارم هێناوە دەزگا بۆ (مؤسسەیە)، فلان دەزگا فلان مؤسسە. بەڵام دامودەزگا دامەکەم خستووتە پاڵ بۆ (تەشکیلات) بەکارم هێناوە، خۆی لە بنەرتیەوە عەرەبییەکە چۆن چارەسەر دەکرێ ئنجا منیش کوردیەکە چارە دەکەم، سوپاس.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ روون کردنەوەی ئەو وشەیە کە فەرمووی خۆی داودەزگایە، لە داودەزگای کارو ئیشەوە هاتووە وەکو بلێین هەڵگەراوەتەوەو بۆتە دام ودەزگا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، چ تێبینی لەسەر ئەو مادە یەنییە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ ئەم مادەیەش وەکو خۆی مایەوە.

**بەرێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/٣ بریکاری وەزارەت لە سەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزاتدا یاریدەی وەزیر دەدا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کە وەزیر پێیان دەسپیرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی /٣، تێبینی لەسەر هەیە؟ ئەمەش بۆ زانیاری دەقێکە لەیاسای هەموو وەزارەتەکانا هەیە،

ئێستا کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی چوارەم/ وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤایەتی وسیاسییەکان ودەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٢- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پشتگیری دارایی ومەعنەوی وسیاسی بۆ هەرێم.

٣- وەرگرتنی (زەمالات) لەوولاتانی دۆست.

٤- هەماهەنگی کردن لە نێوان ڕێکخراوە جیهانیەکان وئەنجوومەنی وزەیراندا.

٥- ڕێکخستن وبەشداری کردن لە گۆنگرە وکۆڕو کۆبوونەوەی جیهانییەکاندا.

٦- ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ جالیەی کوردستانی وڕێکخراوەکانیاندا لەدەرەوەی هەرێم بەمەبەستی هاوکاری کردن.

٧- ڕێکخستنی هاتوو چۆ بۆ ناوەوە ودەرەوەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە «٤»، چی تێبینی لەسەر هەیە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ٥ وەزارەت لەم دەزگایانەی خوارەوە پێک دێ:

١- نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکار.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: کە ئەویش ئەوانەی پێوە دەبەسترێتەوە .

أ- بەڕێوەبەری ژمێریاری.

ب- بەڕێوەبەری کارگیری وخۆیەتی.

٤-بەڕێوەبەرایەتیووردبوونەوە «التدقیق».

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان کە ئەمیش ئەوانەی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن (تنسیق) وئامادە کردنی پرۆژە ومتابعە.

٦- بەڕێوەبەرایەتێ کاروباری یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟....

**بەڕێز کەمال ئیبراهیم فەرەج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وایەباش دەزانم ئەو ووردبوونەوە بکرێ بە(لێوورد بوونەوە) بۆ (تەدقیق) و لێ ووردبوونەوە زیاتر مانای تەدقیق ئەگەینێت وەک لەووردبوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووە کە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەبێ بروانامەیان چی بێ، بەڵام لەوەزارەتی مرۆڤایەتی ئاماژە بەوە نەکراوە کە بەڕێوەبەری گشتی دیوان یان ئی ژمێریاری بروانامەیان چی بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بنەما لە هەموو وەزارەتەکاندا بەڕێوەبەری گشتی ئەبێ بروانامەیەکی دانیشتگای هەبێ، لە هەموو وەزارەتەکان ئەوەمان جێگیر کردووە، لێرەش دەبێ جێگیر بکرێ وبڕگەیەک بۆ ئەم مەبەستە زیاد بکرێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد عبدولقادر/ وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئێمە هەموومان دەزانین جالیەکی کوردی زۆر هەیە لە پەنا بەرانی کورد لەدەرەوە بەشێوەیەکی بەر بلاوو، ئەوانە زۆر خەڵکی دەولەمەندیان تێدایە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕێک وپێک هاوکاری ئەو برادەرانەی دەرەوە، ئەو کوردانەی دەرەوە ڕێک نەخراوە کە چۆن ئەتوانن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاوکاری بکەن ئەو وەزعە نالەبارەی کە ئێستا لە کوردستانا هەیە، من وام بەلاوە چاکە کە بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێ بە مەبەستی ئەوەی سەر ژمێری گشتی لەدەرەوە بکەن وئەوەندەی دەکرێ پەیوەندییان پێوە بکرێ بۆ ئەوەی یارمەتیان لێ وەرگرین بۆ کوردستان، دووەم هەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هاتو چووی دەرەوە ڕێک بخات، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد توفیق/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسەلەیە کە پەیوەندی بە جالیەی کوردییەوە هەیە لە دەرەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانیاندا، بێگومان ئەوانە خۆیان ئازادن لەوەی کە چۆن کاری خۆیان ڕێک دەخەن، بەڵام لەو شوێنانەی کە حکومەتی هەرێم نووسینگەی هەبێ ئەوە تەنسیق هەیە لەگەڵیاناو بەرێک وپێکی پێکەوە ئیش دەکەن، بەڵام هەر وەکو گووتم هەندێ لەو جالیانە فراوانترن لەوەی کە تەنیا جالیەی هەرێمی کوردستانی عێراق بن، کارێکی تریشی تێدایە لە بەر ئەوە ناکرێت زۆر بە دیاری کراوی باسی ئەو بابەتانە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیر خۆی لێرەیە ئەگەر پێویستی بە روونکردنەوەیەک کرد ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەین، پرۆژە، پرۆژەی وەزارەتە، ئەگەر شتێکی یاسایشمان پێویست بوو داوای روونکردنەوە دەکەین. مەسەلەی کاروباری گشتیش روونەو وەڵام دراوەتەو،ە ئەگەر تەعقیب لەسەر بابەتەکەش هەیە فەرموون؟.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکا دەکەم ئێمە ئەگەر قسەکەمان کرد قانونی نەبوو ئەوە پەرلەمان با رەدمان لێ بداتەوە، ماقووڵ نییە ئێمە بەو گرژییەوە ئیش بکەین، ئەگەر قسەکەم نەکردیە چۆنت زانی یاسایی یە یاخود یاسایی نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نەم گوتووە یاسایی نییە، دەڵێم وەزیر وەڵامی دەداتەوە.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەم هەبوو دەڵێم لەمادەی (٩) بۆ هەموو وەزارەتەکەمان داخل کردووە هی هۆبەو بەشەکان دابنێ کەی پێویست بوو خۆی دایدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە گرژی نییە، تکا دەکەم باسی ئەوە مەکەن، پرسیارەکە ئاراستەی وەزیر کرا، وەزیر وەڵامی دایەوە، خاوەن پرسیار بەدواداچوونی نییەو تەواو بوو، کەی هاتینە سەر مادە (٩)یش ئەوکاتە دەخوێندرێتەوە، خاوەن پرسیاریش کە تەعقیبێکی هەیە ئامادەین بۆ وەڵام دانەوە ئەوەی پرسیاری کردووە وەڵامەکەی بەدڵ نەبوو لەوێ رائەوەستێ ئەگەر پێویستی بە روونکردنەوەیەکی یاساییە روونی بکەنەوە، سێ پرسیار هەبوو جەنابی وەزیر وەڵامی دانەوە، ئێستا مادە «٥»، کێ لەگەڵە وەکو خۆ بمێنێ؟ پاش ئەو هەموارکردنەی دەربارەی بەڕێوەبەری گشتی کرا؟... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم/ ئەرک وتایبەتکاریەکانی دامودەزگاکانی وەزارەت بە پەیڕەوێک دیاری دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە/٦، ئایا تێبینی هەیە؟... د.عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز د. عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی گشتیم هەیە، بەڵام لەم مادەیە دەی لێم. جارێ یەکەم ئاواتی من وگەلێ برادەر

هاتووته دی که ئەم یاسایه بەکوردی ئەخوێندرێتەوه وهەنگاوێکی پیرۆزه، کوردیەکە هێشتا جێی خۆی نەگرتووه هیوام وایه پێش چاپ کردن گەلێ تێبینیم لەسەر ڕێنووس وله سەر وشەکانیش هەیه، هیوام وایه لەگەڵ برای بەڕێز کاک حسین پێکەوه دابنیشین، قەناعەت بەیەک بکەین که دەستکاریەکی داڕشتنەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەمە رەنگە زاراوه وشتەکان هی من بێ، بەڵام نایەته خەیالم که به عەرەبی هاتبێ، من وەرم گێڕاوه ڕەنگە کاک ئەحمەد خۆیان سوودیان له زاراوەی من کردبێ خۆیان دایان ڕشتووه، خراپ نییه ڕێک وپێکه، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەرگیز ئێمە دەستکاری یاساکەمان نەکردووه، تەبیعی لامان پەسند بوو، چونکه پێکەوه گفتوگۆمان لەسەر کرد دەستکاریمان نەکردووه، لەلانی زمانەوه وەکو خۆی دارشترایەوه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر چ تێبینی له بارەی داڕشتنەوه هەبوو بیدەن به لیژنەی یاسا. ماده/٦، کێ لەگەڵ ئەوەیه وەکو خۆی بمێنێتەوه؟ کێ لەگەڵ نییه؟.. به تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوه.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/٧ وەزارەت لێپرسراوه له کردنەوەو سەرپەرشتی کردنی نووسینگەی «مکاتب»ی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم له دەرەوه به ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده/٧، کێ تێبینی لەسەری هەیه؟... کێ لەگەڵ ئەوەیه وەکو خۆی بمێنێ؟ .. کێ لەگەڵ نییه؟ به تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوه.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/٨ وەزیر بۆی هەیه کۆمیتەی کاتی وهەمیشەیی دروست بکات بۆ کارێکی دیاری کراو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماده/٨، کێ لەگەڵه وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییه؟ به تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوه.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ٩ وەزیر بۆی هەیە بەپێی پێویست لە چوارچێوەی دامودەزگاکانیدا بەش وهۆبەی(اقسام وشعب)ی نوێ پێک بێنێ یا لە یەکیان بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/٩، تێبینی نییە... کێ لەگەڵ ئەوەیە مادە«٩» وەکو خۆی بمێنێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ١٠ کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ١٠، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادەی/ ١١ دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادە/ ١١، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز حسێن عارف عەبدولرەحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادە/ ١٢ ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی ڕەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادەی/ ١٢، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو خۆی مایەوە. فەرموو کاک عدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا شتێکە پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەیە، زۆر جار ئێمە لەسەرۆکایەتیەوە جەختمان لە سەر کراوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ کە دوو پرۆژە پیشکەش بکەین، پرۆژەی ئەسلی لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا، ئێمە کاتی خۆی ڕاڤەمان کرد گوتمان لە بەر ئەوەی کارەکان بەپەلە بوون ولیژنەی یاسا هەست بەلێپرسراویەتی دەکەن، لە بەر ئەوە شتەکە بەپەلە بوو یا کوردایەتی وای دەخواست، ئێمە ئێستا بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دوو پرۆژەمان پێشکەش کرد، کە چی لە سەرۆکایەتیەوە

سەرنجیان راکێشاین بۆ ئەوەی وەک بلێی بابەتەکە بەو شێوەیە دوو پرۆژەیە، پرۆژی وەزارەت، ئەوەی تر راپۆرتی لیژنەی یاسا،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکە عەدنان، بەڵام سەرنجیان رانەکێشاین، بەحەقیقەت بابە روونی قسە بکرێ، حەق نییە بەو شێوەیە بێن، سەرنجی لیژنەی یاسامان رانەکێشا. گوتیان دوو وەرەقە هەیە، دوو پرۆژە هەیە، یەکیان پرۆژەی وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتییە، ئەوەی تر هی لیژنەی یاسایە، ووتمان ئەمەی کاروباری مرۆڤایەتی وەرەقەیەکی درێژ ترو سپیترە، ئەوی تر کورت ترو ئەسمەر ترە، گوتمان ئەمەیان شتێکی باشتان کردووە، ئەوەی هات وەکو پرۆژەیەک لەوەیە هەندێ کەمو کوڕی هەبێ چ لە لایەنی زمانی داڕشتنەوە، چ لە لایەنی داڕشتنی یاساییەکەیدا، هەموو جارێک ئێمە لە سەر ئەوە رویشتووین و توومانە کە شتێکی باشتان کردووە، پرۆژەکەی کاروباری مرۆڤایەتی دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا، هیوادارین لەمەو لا بەو شێوەیە ئیش بکەین، ئێستا کێ لەگەڵە ئەم یاسایەیە کە بەگشتی وەکو خۆی پاش ئەو هەموارکردنانەی کە کران پەسەند بکرێ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟ ..بەزۆربەی دەنگ.. ئەم یاسایە پەسند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە وەزارەتی مرۆڤایەتی دەکەم کەوا بە ئاسانی لێرە پرۆژەکەیان باسی لێ کرا. پیرۆز باییبان لێ دەکەین کە ئەمە یەکەم یاسایە پاش دروستکردنی ئەو دەستە سەرۆکایەتییەی هەرێمی کوردستان بڕیار، بە ئیمزای ئەوان بلاو دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ هەمووان، دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات....

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- وەزارەت: وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٤- وەزیر: وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

٥- بریکار: بریکاری وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی وهاوکاری هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

وەزیر سەرۆکی بالای وەزارەتە بەرپرسیاری یەکەمە لەجێبەجێ کردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی یاساو پەیرەو ورێنماییەکان تیایدا لەویشەوە بریار وفەرمان ورێنماییەکان دەردەچن لەچوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت ودام و دەزگا ودەسەلاتەکانی وگشت کاروبارە ئیداری وهونەری ودارایییەکان لەسنووری ئەم یاسایەدا وبۆیشی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی خۆی بەبریکاری وەزارەت یابە بەرێوەبەرە گشتی یەکان یا هەر یەکێک لە وەزارەتدا بەلایەوە پەسند بێ بسپێرێ و لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بەو مانایەی ئەندامێکی هاوبەشێتی بەرپرسیارە.

**ماددەی سێ یەم:**

بریکاری وەزارەت لەسەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا یاریدەی وەزیر دەدا وئەو ئەرکانە بەجێ دێنێ کەوەزیر پێ یان دەسپێرێ.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ:

١- پەیوەندی کردن لەگەڵ رێکخراوە مرۆڤایەتی وسیاسی یەکان ودەزگاکانی

راگەیاندن.

٢- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پشتگیریی دارایی ومەعنەوی وسیاسی بۆ هەرێم.

٣- وەرگرتنی (زمالات) لەووڵاتانی دۆست.

٤- تەنسیق کردن لەنێوان رێکخراوە جیهانی یەکان وئەنجومەنی وەزیراندا.

٥- رێکخستن وبەشداری کردن لەکۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوە جیهانی یەکاندا.

٦- رێکخستنی پەیوەندیی لەگەڵ جالیەی کوردستانی ورێکخراوەکانیان لە دەرەوەی هەرێم بەمەبەستی هاوکاری کردن.

٧- رێکخستنی هاتووچۆ بۆ ناوەوە ودەرەوەی هەرێم.

**ماددە پێنجەم:**

وەزارەت لەم دەزگایانەی خوارەوە پێک دێت:

١-نووسینگەی وەزیر.

٢- نووسینگەی بریکار.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبا دەبێ باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ.

أ - بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری(الحسابات).

ب- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی(الادارە والذاتیە).

٤- بەڕێوەبەرایەتی ووردبوونەوە(التدقیق).

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندی یەکان: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبا دەبێ باوەڕنامەی سەرەتایی زانکۆی هەبێ.

أ - بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی رێکخستن(تنسیق)و ئامادەکردنی پرۆژە ومتابعە.

٦- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا.

**ماددەی شەشەم:**

ئەرک وتایبەتکاری یەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بە پەیرەوێک دیاری دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزارەت لێپرساوە لەکردنەوە وسەرپەرشتی کردنی نوسینگەی(مکاتب)ی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لەدەرەوە بەموافقەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە کۆمیتەی کاتی وهەمیشەیی دروست بکات بۆ کارێکی دیاری کراو.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە بەپێ پێویست لەچوارچێوەی دام ودەزگاکانیدا بەش وهۆبەی(اقسام وشعب)ی نوێ پێک بێنێ یا لەیەکیان بدا.

**ماددەی دەیەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کەلەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**